هونەری سیخوڕی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

٧

دەزگەی شاراوەی ئاژانسی هەواڵگری
ناوەندی ئەمریکی (سی. ئای. ئەی)

بە درێژایی 34 ساڵ وەک سیخوڕێکی ئەفسانەیی بوو،
سەرۆکی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان بوو لە ناوەندی
سی ئای ئەی، هەماهەنگی وەزارەتی دەرەوەی
ئەمریکی بوو بۆ کاروباری نەهێشتنی تیرۆر

هێنری کرامبتۆن
وەرگێڕانی:
ڕەسووڵ عەزیز محەمەد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

AWER
Nawandi Awer

ناوەندی رۆشنبیریی ئاوێر

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: حەسەن بورەیی
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاریز حەسەن
ڕاوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا

هەولێر بست بازرگا بشت مزگەوتی مەحموود عەلاف
07505114142 - 07507476644
Nawendi Awer:: ناوەندی ئاوێر
Nawendi.awer@yahoo.com

هینری ا. کرامبتۆن

هونەری سیخوڕی

دەزگەی شاراوەی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی (سی. ئای. ئەی)

بەدرێژایی ٢٤ ساڵ وەك سیخوڕێكی ئەفسانەیی بوو، سەرۆكی ئۆپراسیۆنە نهێنییەكان بوو لە نێوەندی سی ئای ئەی، هەماهەنگی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكی بوو بۆ كاروباری نەهێشتنی تیرۆر.

وەرگێڕانی

رەسووڵ عەزیز محەمەد

AWER
ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

هونەری سیخوڕی

دەزگەی شاراوەی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی (سی. ئای. ئەی)

- بـابەت| هەواڵگری
- نووسینی| هینری ا.کرامبتۆن
- وەرگێڕانی بۆ کوردی | ڕەسووڵ عەزیز محەمەد
- نەخشەسازی ناوەوە| موحەمەد حوسێن خەتی
- چاپ| یەکەم - ٢٠٢١
- تیراژ| ١٠٠٠ دانە
- نرخ| ١٠.٠٠٠ دینار

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (   ) ی ساڵی (٢٠٢١)ی وەرگرتووە

© مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی ئاوێر.
بێ ڕەزامەندی ناوەندی ئاوێر یان ئاماژەکردن بە ناوەندی ئاوێر
کەس مافی دووبارەچاپکردنەوەو بەکارهێنانی نییە لە بوارەکانی
ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

ناوەڕۆك

پێشەکیی وەرگێڕ	٧
پێشەکی	٩
بەشی یەکەم: خەون	٢٩
بەشی دووەم: ڕاهێنان	٤٣
بەشی سێیەم :تەجنیدکردن، سەربازگیری	٦٥
بەشی چوارەم: کۆکردنەوەی زانیاری	١٠٥
بەشی پێنجەم: پەیوەندیکردن	١٢٥
بەشی شەشەم: دژەتیرۆر	١٤٩
بەشی حەوتەم: نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی	١٥٧
بەشی هەشتەم: بنکەی دژەتیرۆر	١٨١
بەشی نۆیەم: ستراتیژیەتی ئەفغانستان	٢٤٩
بەشی دەیەم: ئۆپۆاسیۆنەکان لە ئەفغانستان	٣١٩
بەشی یانزدەیەم: دوورتر لە ئەفغانستان	٣٩٩
بەشی دوانزدەیەم: تافل	٤١٣
بەشی سێزدەیەم: ئەمریکا	٤٥١
بەشی چواردەیەم: سیاسەت	٤٦٣
کۆتایی	٤٦٧

پێشەکیی وەرگێڕ

لە نێوەندی ئەم کتێبەدا زۆر بابەت ئاشکرا دەکرێ، سەبارەت بە چۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، لە لایەن دەزگە سیخوڕی و هەواڵگرییەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو راپۆرتانەی بۆ دەستبەسەرداگرتنی شوێنێك یان نەیار و یاخیبوویەك.

ئەو سیخوڕەی لێرەدا باس لە خۆی و کارەکانی دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە، هەر جوولەیەکی بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەی بووە، هەردەم ویستوویەتی نەیار و دوژمنان زەفەر بە وڵاتەکەیان نەبەن، نەوەك تیرۆریستان بە ئارەزووی خۆیان بیکەن بە مۆڵگەیەك بۆ داپڵۆسین و کوشتن و بڕین.

لە لایەکی دیکەوە لە هەنگاوی یەکەمەوە باس لە داگیرکردنی ئەفغانستان دەکات، ئەوەش دەخاتە روو، هەواڵگری و سیخوڕی چ کاریگەریەکی هەبووە لە دەستنیشانکردنی هەموو شتێك لەو وڵاتەدا، چۆن توانیویانە خەڵکی ئەو وڵاتە لە دۆخێکەوە ببەن بۆ دۆخێکی دیکە، زیاتریش مکوڕە لەسەر ئەوەی سیخوڕی و هەواڵگری هۆیەکە بۆ ئەوەی بەرچاومان روونتر بێ تا بزاندرێ جەنگ و شەڕ لە دژی کێدا بەرپا دەکرێ.

نووسەری ئەم کتێبە خۆی سیخوڕێ ، پیشەگەر بووە، بۆیە هەموو هەنگاوەکانی سیخوڕبوون و هەواڵگری و کۆکـ ـەوەی زانیارییەکان و چۆنیەتی شیکردنەوەی باس دەکات، هەر لە منداڵیشەوە وەك خولیایەك ویستوویەتی ببێتە

سیخوڕ، زۆر شوێن و وڵات و کیشوەر گەڕاوە، لە کاری سیخوڕیدا زۆر بابەتی بۆ روون بۆتەوە، هەموو خاڵێکی ژیانی وەک باس دەکات، لە خزمەت وڵاتەکەیدا بووە.

وەرگێڕ: رەسووڵ عەزیز محەمەد

٥-١١-٢٠٢٠

هەولێر- کوردستان

پێشەکی

لە هاوینی ٢٠٠٢ دەستم بە ڕاپەڕاندنی کارێکی نوێ کرد، ئێستا کاتی گۆڕانکارییە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی بیست ساڵ کارم کرد لە نێو دەزگەی شاراوەی (سی، ئای. ئەی)، ئەمەش دوای ئەو دە مانگە دێ، کە هەڵمەتی سەربازی ئەمریکی لە ئەفغانستان دەستی پێ کرد.

کارەکە جۆرێك بوو لەو کارانەی، کە دەرچوونە لە خود و دەروونی خۆت، چونکە، بەبێ هەلیکۆپتەری "ئێم ئەی ١٧" نە فرۆکەی "برید ئاتۆری" بێ فرۆکەوان، یاخود تفەنگی "ئێم ٤" و دەمانچەی "گلۆت"ی ١٩ ملم، هەروا بەبێ ئەو گولەبەندانەی داپۆشرابوو بە سیرامیك، بەبێ دەرزییەکانی زانین و دۆزینەوەی درۆ، بەبێ خۆشاردنەوە بوو، واتە هیچ بنەمایەکی پیشەکەی تیادا نەبوو، پێویستیشی بەوە نەدەکرد چاودێری هیچ کام لە هاوڕێیەکانم بکەم، بە هیچ شێوەیەك بوونی تیرۆریستەکان بە گرنگ نازانم تا هێرش بکەمە سەریان، کەچی کارەکە تەنیا تێکەڵبوونە بە کلتورێك، لە لای من زۆر نامۆیە، هەروەها دەبێ شێوازەکانم ڕێك بخەم و کەسایەتییەکی جیا بۆ خۆم دروست بکەم.

جارێکی دیکە وەك قوتابییەك گەڕامەوە بۆ زانکۆ.

سی ئای ئەی مۆڵەتێکی ئەکادیمی لە کۆلیژی (پۆڵ هـ نیتزە)ی پێ بەخشیم، کە سەر بە ئەکادیمیای نێودەوڵەتیی پێشکەوتوو بوو لە زانکۆی جونز هوبکینز، ئەم کارەش سەرکێشی تیادا بوو، بەڵام زۆر هێمنتر بوو، واتە ئەزموونێکی مۆدیرنانە بوو، ئەمە و لە ساڵێکی ئەکادیمیای تەواو، چوومە نێوەندی قوڵایی

کتێبەکانی هزری سیاسی و ستراتیژیی سەربازی چین و مێژوو و سیاسەتی دەرەوە و تیرۆر و فەلسەفە، بۆیە زۆرم لەم زانست و خوێندنەوانە بینی.

سەرسوڕماو بووم، کاتێك لە نێوەندی ڕێبەری بەرنامەکانی بەهاری ۲۰۰۳دا گەڕام، بەرامبەر بە کارێکی پێشبینینەکراو بووم: کاتێك لەوانەکانی هەواڵگری ناونیشانێك بۆ لای خۆی ڕاکێشام، ناونیشانەکە بە ناوی "هونەری هەواڵگری و پیشەگەرییەکەی"، لە لایەکی دیکەوە، گەڕانەکانم سەبارەت بەو بابەتانە بوو، کە دکتۆرە جینفەر سیمس وانەکانی دانابوو، ئەو ژیانی پیشەیی جێگەی سەرسوڕمان بوو، چ لە نێوەندی ئەکادیمیا یان حکومەت، جگە لەوەی خەسڵەتێکی بەهێزیش هەبوو وەك توێژەر.

بۆیە من وەك پیشەگەرێکی کۆن لە نێوەندی هەواڵگری سی ئای ئەی، هانی دام لەنێو وانەکانیدا بەتەواوی گوێڕاگر بم، ئەوە جگە لەوەی هەستم بەوە کرد، خوێندنەکە پڕ لەخۆشی دەبێ.

بەڕاستی وانەکان جێگەی تێڕامان بوون، لەوێدا باسمان لەوە کرد، کە جۆرج واشنتنۆن کاری کردووە، وەك یەکێك لە گەورە پیاوانی سیخوڕی ئەمریکی، لەو کاتەی توانیویەتی بە تەکتیکەکانی هەموو پیاوانی سیخوڕی بجوولێنێت، لەو کاتەی بەهایەکی ستراتیژی داوەتە کاری هەواڵگری، هەروا وانەی تواناکانم خوێند لە شەڕی ناوخۆیی ئەمریکی، لەوێدا زانیمان، کە سەرۆك لینکۆلن زۆربەی ڕۆژەکانی لە ژووری تیلیگرافی کۆشکی سپی بەسەر بردووە، لە پاشاندا ئەو ژوورەی گۆڕیووە بە بنکەی هەواڵگری و سەرکردایەتی، هەر لەوێدا بەردەوامبووین لە خوێندنی وانەکانی گەیاندنی بێتەل و فرۆکە و ڕادار و مانگەدەستکردەکان،

هینری ا.کرامبتۆن

جگە لەوەی بەشێکی تایبەت بە تەکنیکی ئەو باسانە، لەو کاتەی لە سەدەی بیستەمدا چۆن کاری هەواڵگری بەرەو پێشەوە چووە.

تێبینی ئەوەمان کرد چۆن زۆربەی سەرکردە سیاسییەکان، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی دادەڕێژن و لەپاشاندا شەڕ هەڵدەگیرسێنن، کەچی لەدواتردا شکست دەهێنن، ئەمەش پێچەوانەی واشنتن و لینکۆلنە لە چۆنیەتی تێگەیشتنیان لە هەواڵگری یان چۆن ڕێز لەو کارە بگرن، لە کاتێکدا بەشێك لەشکستەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاتی گۆڕانکاری جیۆسیاسی و ئەو زانیارییە هەڵانەی دەخرێتە ڕوو، لەو کاتەی کە زانیارییەکان کۆدەکرێتەوە و لەپاشاندا شیکردنەوەی بۆ دەکرێ، بەتایبەت کاتێ ڕوانینی حکومەت و کۆمەڵگە و پیشەگەرانی هەواڵگری و خەیاڵی کارتۆنی بەپێی پێشبینییەکان دەخرێتە ڕوو، زۆرجار باسەکانی عەقڵانی نین، بۆیە پێویستە ئەفسەر و بریکارەکان لە ڕێڕەوی مێژووی ئەمریکادا وەك نەتەوە بیربکەنەوە، ئەگەر وانەبێ ئەوا هەموو تواناکانم بەهەدەر دەڕوا و کاری هەموو دروستکەرانی سیاسەت و هاووڵاتییان بەهەدەر دەڕوا، لەو کاتەی ئێمە خزمەتیان دەکەین.

وانە و خوێندنەکە جۆشوخرۆشی پێ دەبەخشین، بەڵام ئاسان نەبوو، لێرەدا دکتۆرە سیمس داوای کرد زیاتر بیر بکەینەوە ئەمەش لە سەرووی وانەکان بوو، زۆر جار درکپێکردنەکانم ئاڵۆز دەبوون، بەتایبەت سەبارەت بەوەی چەند دەزانم، یان ئەو شتانەی نایزانم، سەرەڕایی ئەوەی شارەزایم لە کاری سیخوڕی بۆ چەند ساڵێك دەگەڕێتەوە، بەڵام هەر دەبوایە زیاتر بخوێنم و بزانم نەوەك کاتێك لە بابەتێك نەزانم ڕووبەڕووی کارەساتم بکاتەوە.

بۆیە لە نێوەندی وانە ئەکادیمییەکاندا هەوڵم دا درك و تێگەیشتنەکانم فراوان بکەم، بە شێوەیەك رۆشنبیرییەکی زیاتر لە کاری هەواڵگری بەدەست بێنم. لە سەرەتادا واتە لەو بیست ساڵەی کاری هەواڵگریم دەکرد، تەنیا جەختم لە کاری هەواڵگری نەدەکردەوە، هەردەم وانە و بیرکردنەوە و رامان لە شتەکان وای دەکرد بتوانم جیهان زۆر بەخێرایی وەرچەرخان بەخۆیەوە ببینم، وەکچۆن ئەو بابەتانەی پەیوەستە بە ململانێ و ترسناکی و هەرەوەزیکردن لەگەڵ یەکتردا، لە نێو ئەوانەدا بابەتێکی هاوبەش یەکتر دەگرنەوە، کە بەهای هەواڵگری بەرەو زیادبوون دەڕۆیشت، نموونەی ئەمەش هەڵمەتی ئێمە بەرەو ئەفغانستان لە نێوان ساڵانی ۲۰۰۱-۲۰۰۲ دا بوو، بەمەش تەوەرەکانی جیۆسیاسی وەرچەرخانی بەخۆیەوە بینی، دیارە هەموو ئەمانەش پەیوەستە پێشکەوتنی خێرایی تەکنەلۆژیا، لێرەوەش رۆڵی هەواڵگری زیاتر بەرەو پێشەوە چوو، لە کاتێکدا جیهان جۆرێك لە سەربەخۆیی و ئاڵۆزی بەخۆیەوە بینووە، لە لایەکی دیکەوە تێگەیشتنمان بۆ هەواڵگری ناگاتە ئەو پێویستیانەی وڵاتەکانمان پێویستی پێیەتی، ئەمەش بەپێی رێڕەوی مێژووی ئەمریکا.

لە پاش ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی جەنگی ساردیان بردەوە، لە تشرینی دووەمی ۱۹۸۹ دیوارە ئاسنینەکەش رووخا، بەشێك لە بەرپرس و سەرکردە بەرێزەکان گومانیان هەبوو، چیتر پێویستیان بە هەواڵگرییەکی بەهێز و دەزگایەکی شاردراوە هەبێ، بەتایبەت بۆچوونی دانیال پاتریك موینهانی سیناتۆر، بۆیە گونگرس لە نەوەدەکان بە هۆی هاوکاریکردنی ئاشتی زۆرێك لە بودجەی هەواڵگرییەکانیان برد، لە کاتێکدا بودجەش تووشی دارمان دەبۆوە، بۆیە زۆربەی ئۆپراسیۆنەکان تەنیا لە نێوەندی رەفەکان دانرا، تۆری سیخورەکان هێدی هێدی نەدەما، هەروا سی ئای ئەی بەشێك لە وێستگەکانی لە هەموو وڵاتانی

جیهان داخست، لێرەوە سەركردەكانمان پێشبینی ئەوەیان دەكرد، هیچ ترسناكییەك لە نێوەندی جیۆسیاسیدا نەماوە.

لێرەوە بەشێك لە سەركردەكانی سی ئای ئەی پرسیاریان سەبارەت لە كارە تەماوییەكانیان دەكرد، بەشێكیان زۆر بەشەرمەزارییەوە دەستیان لەكار كێشایەوە، لە كاتێكدا بەشێك لەو سیخوڕانە باوەڕیان بەوە هێنا، كە جیهانی نوێ هیچ جۆرە دوژمنێكی تیادا نییە، لەمەوەش میلتۆن بیردن وەك سەركردەی بەشی دەزگەی شاراوەی سی ئای ئەی رای گەیاند، كە رووسیا وەك پێشتر هەڕەشەیەك نییە تا سیخوڕی بەسەردا بكرێ، ئەم قسەیەشی وای كرد زۆرێك لە كارە سیخوڕییەكانی رووسیا بچێتە نێو تۆڕەكانی سیخوڕی ئەمریكی، بۆیە وای لە ئەلدریج ئایمس لە سی ئای ئەی و رۆبەرت هانس لە ئیف بی ئای كرد چەندین زانیاری ئاشكرا بكەن، ئەم ناپاكانەش زیانێكی گەورەیان بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا گەیاند، كاتێك چەندین زانیاریان بەخشی بووە رووسەكان، ئەمەش وای كرد بەشێك لە سیخورەكانی سی ئای ئەی لە رووسیا لەسێدارە بدرێن، بۆیە سیخوڕی راستییەكە ناكرێ خۆت لێی لابدەیت، سەرەڕایی ئەوەی ئەمریكا و رووسیا و چین دەتوانن رێكبكەون و هەردوو لا سوود لەیەكتر وەربگرن، بەڵام هەردوو لا دژ بەیەكن لە بواری سیخوڕیدا، لەگەڵ ئەوەی ئەو دوو دەوڵەتە مەزنە هاوبەشی سەرەكین لە دیبلۆماسی و زانست و بازرگانیدا، بەڵام هەردووكیان دوو دژی سیخوڕین لە بەرامبەر ئەمریكا، لە راستیدا دەتوانین بڵێین رووسیا و چین لە سەدەی بیست و یەكەمدا و بەتایبەتی لە دەی دووەم زۆرێك لە كارمەندانی هەواڵگریان لە نێوەندی ئەمریكادا چاندووە واتە زیاتر لەوەی لە جەنگی ساردا هەیانبوو.

کەچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پاش جەنگی ساردا وەك نەتەوە زیاتر بەرەو خۆشگوزەرانی هەنگاوی نا، واتە ماوەیەك ئاسوودە بوون بەرامبەر ئەو جیهانە خەیاڵییەی، کە هەردەم وەك هەڕەشە و دوژمن خۆی دەنواند، بۆیە سیاسەتمەداران پێیان وایە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیرەکانە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە ئەمەش بەپێی هزری سیاسیی لیبرالی و بازاڕی ئازادا، بەمەش ژیان بەرەو کوالیتییەکی بەرزتر هەنگاوی نا.

زۆری نەبرد قاعیدە لە نێوەندی ئەمریکادا هێرشێکی گەورەی هێنا کایەوە بەتایبەت لە١١ی سیبتێمبەری ٢٠١١دا، لە پاشاندا ئوسامە بنلادن و رفێنرەکان هەموویان کوژران، لەپاش ئەوەی ٢٩٧٧ کەس لەو باڵەخانەیە کوژران، بەڵام زۆربەی قوربانییەکان ئەمریکی بوون جگە لە هەندێك هاووڵاتیانی وڵاتانی دیکەش وەك مەسیحی و جوو و مووسڵمان و هیندۆس و چەندانی دیکە، هەردوو تاوەری بازرگانی جیهانیان لە نیۆریوك رووخاند، لاشەی مرۆڤەکان لە نێوەندی شوێنە کاولبووەکانی شار ونبوو، هەتا هەندێك لە قوربانییەکان لەبەرزی باڵەخانەکانەوە خۆیان فڕێ دا، هەر ئەو ساتە پنتاگۆن رووخا، کە بارەگای مەزنترین سووپا بوو لە جیهان، راستە ئەمە لە دەرەوەی واشنتنی پایتەختدا بوو، بەڵام لە شوێنی رووداوەکەدا قووڵاییەکی گەورەی لەنێو شاردا دروست کرد و لە هەموو لایەکەوە دووکەڵی رەش بەرچاوانی گرتبوو، ئەوە جگە لەوەی زۆرێك لە سەربازانی ئەمریکی کوژران و بریندار بوون و لەرێرەوەکاندا دەبیندران.

سەرنشینە پاڵەوانەکانی گەشتی ٩٣ی کۆمپانیای یۆنایتد تاکە بەرگریکار بوون بەرامبەر بە دوژمن و توانیان سەربکەون بەسەر رفێنەران، فڕۆکەکە تەقییەوە لەو کاتەی نەیانتوانی بەسەر فڕۆکەکەدا زاڵ بن بۆیە لە دێهاتەکانی شانکسفێلی بنسلڤانیا کەوتە خوارەوە. ئەو سەرنشینانەی لەنێو فڕۆکەکەدا بوون بە هۆی

هینری ا.کرامبتۆن

مۆبایلەکانیان توانیان زۆرێك لە زانیاری کۆبکەنەوە، چونکە لەو کاتەدا ڕووبەڕووی ترسناکییەکی گەورە بوونەوە، ئەمە وەك زانیاری هێرشێکی بەهێز بوو، ژمارەی سەرنشینەکان سی و سێ کەس بوو لەتەك حەوت کەس لەئەفسەرانی فڕۆکەکە، هەر هەموویان مردن، بێگومان ئەوان توانیان سەدان گیانی سەرکردە سیاسییەکانی واشنتۆنی پایتەخت ڕزگار بکەن.

ئەمریکا و جیهان تووشی شۆك بوون، کاتێك تێگەیشتن هێرشەکە لەپای چی بووە ئەمە دوژمنە؟ بەڵام بۆچی؟ بۆیە دەبێ پرسیار بکرێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چی کردووە بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی؟ دەبێ بەرپەرچدانەوەکە چۆن بێ؟

ئەم ڕۆژە کارەساتبارە هەستێکی داڕووخانی لەنێو هزری هەموو کەسێك هێناکایەوە، لێرەدا هاووڵاتیان پرسیاری ئەوەیان دەکرد، ئایا ڕووبەڕووی هێرشێکی دیکە دەبنەوە، بۆیە گفتوگۆی پرسیارەکان لەنێوەندی هاووڵاتیاندا دووبارە سەری هەڵدایەوە سەبارەت بە جەنگ و ئاسایش لەپێش هەموویاندا ڕۆڵی هەواڵگری دووبارە هاتەوە بەرباسان، ئەمە و گۆنگرس لەپاش ١١-٩ ڕۆڵی هەواڵگری توند کردەوە، لەمەوەش هەستی سەرکردە سیاسییەکان وا خۆی نیشان دەدا، کە لەپاش ١١-٩ هەواڵگری جگە لە شکستی سیاسی شکستی هەواڵگری بەخۆیەوە بینووە، لەپێشتریشدا هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو تا ئەو کارانە ئەکیف بکەنەوە.

لەپێشتردا لێژنەی کۆنگرس و بڕیاردەرانی سیاسەت و زۆرێك لەوانی دیکە ڕێکەوتن تا بودجەکان کەم بکەنەوە بەتایبەتی بودجەی هەواڵگری، بۆیە ئەوان

هەڵە بوون، بەڵام هەواڵگری لە ئێستادا زۆر گرنگە، تا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆرێك لەزانیارییەکان بەدەست بێنێ.

لە سەردەمی پاش ۱۱-۹ بودجەکانی هەواڵگری و بیرۆکراتییەکان بەتەواوی تەقییەوە ئەمەش لە نێوەندی ئاڵۆزی و پەرەسەندندا، بەمەش بودجەی هەواڵگری لە چەند ملیارێکەوە بوو بە ۷۵ ملیار دۆلار، هەر لەساڵی ۲۰۱۱ لە شەوورۆژێکدا سیاسەتی ئەمریکی بەرگریان لە هەواڵگری دەکرد، بۆیە چەندین لیژنە پێك هات و زۆرێك لە دۆلارەکانی باجیان کۆکردەوە و چەندین بنەما و سیستەمیان دانا بۆ بنکە سەرەکییەکانی واشنتن وەك نووسینگەی بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی و بنکەی نیشتنمانی بۆ نەهێشتنی تیرۆر لەتەك دانانی ئاسایشی ناوخۆیی.

هەردوو ئیدارەی کۆماری و دیموکراتی لەو نێوەندەدا دەیانویست سی ئای ئەی بۆ لای خۆیان رابکێشن تا دەسکەوتی سیاسی زیاتر بەدەست بێنن، هەردوو لا دەیانویست کارەکان زۆر زیاتر بکرێ لە لایەن ئاژانسەوە، هەروا بەشێك لە تیمەکەی جۆرج دەبلیو بۆش دەیانویست جۆرێك لە دەستپاکی لەم بابەتە بخەنە روو، بۆیە فالیری بلایم کە کارمەندی سی ئای ئەی بوو، پاش چەند رەخنەیەکی باڵیۆز جۆ ویلسۆن هاوسەری بەرامبەر بە کۆشکی سپی کرایەوە، پرسیارەکە لەوەدایە چۆن یەکێك لە شاراوە پیرۆزەکان ئاشکرا دەکەن، هەموو ئەمانە لەپێناو دەسکەوتی سیاسی بوو، لە کاتێکدا ژیانی ئەفسەرێکی سی ئای ئەی دەخەیتە مەترسییەوە، کە ژیانیان بۆ سیخوڕی بەکار هێناوە لەپێناو ئەمریکا، بۆیە سکۆتر لیبی راوێژکاری کۆشکی سپی دادگایی کرا، چونکە ئامادە نەبوو هیچ هاوکاریەك بکات، سەبارەت بە پرۆسەی ئاشکرابوون.

کاتێك ئەو جۆرە متمانەیە بەرەو شکست دەڕوا، سەرۆك بۆش و تیمەکەی سی ئای ئەی و هەواڵگرییەکانیان لەباوەش گرت بەتایبەت لە رووی خزمەتگوزارییەکانی، بەتایبەت ئەو کاتەی هاوشانبوو لەتەك پێشبینیە سیاسییەکان، لەمەوەش جۆرێ پەیوەندییەکی پتەوی لەتەك بەڕێوەبەری سی ئای ئەی بەستا، زۆر جار سەرۆك بۆش لە کاتی مۆڵەتەکان چەندین پرسیاری دەکرد سەبارەت بە ساڵانی ۲۰۰۱-۲۰۰۲ بەتایبەت ئەو کاتەی لە کامپ دیڤید دەبووین، زیاتر باسی لە ژووری ئۆپراسیۆنەکان دەکرد و هانی دەدایین زیاتر لە ئەفغانستاندا بەربڵاو بین، هەر لەوێدا پشتگیری تەواوی دەخستە روو، بەڵام چۆن بە رێگەی ئاشکرا هێرش بکرێتە سەر ئەفسەرێکی سی ئای ئەی، کە هەردەم بەشاراوەیی کاری دەکرد؟

کاتێك سەرۆك ئۆباما لەکانوونی دووەمی ۲۰۰۹ دەسەڵاتی گرتە دەست، وەزارەتی داد هەڕەشەی زیندانیکردنی لە ئەفسەرێکی سی ئای ئەی کرد، چونکە لە سەردەمی ئیدارەی پێشتر چەند فەرمانێکی یاساییان جێبەجێکردووە، پرسیارەکە لەوەیە ئایا سیاسەتی پێشتر تاوانبار بکرێ کاتێك سی ئای ئەی سزا دەدەیت؟ یان هەڕەشە لە ئەفسەرێکی سی ئای ئەی دەکرێ تەنیا لەپێناو دەسکەوتێکی سیاسی؟

بۆ ماوەی دوو ساڵ مایکل هایدن جێگری بەڕێوەبەری سی ئای ئەی رووبەڕووی لێپرسینەوە دەکرد، ئەو سەرکردەیەکی دەستپاك و ئازا بوو، ئەو کاتە وازیان لێ هێنا کاتێك شکستیان هێنا تا بەڵگەیەکی سەرپێچی رووبەڕووی بکەنەوە، هیچ رووناکییەکی سیاسیان بۆ دەسکەوت بەدەست نەهێنا.

هونەری سیخوڕی

سەرۆك ئۆباما هەموو لێكۆڵینەوەكانی بڵاوكردەوە لەو كاتەی كە ئیدارەكەی ڕەزامەندیان دەربڕی، ئەمە سەرەڕایی ناڕەزایی بەڕێوەبەری سی ئـای ئـەی دژ بـە مایكل هایدن، ئەو لە ژیان ماوە، بۆیە ئەوە دەردەكـەوێ، كـە ئیـدارەی ئۆبامـا دەیویست ماستاو بكـات بـۆ چـەند ئەنـدامێكی دیموكراتـەكان ئەمـەش لەسـەر حیسابی سی ئای ئەی و ئەفسەرەكانی.

هەر لەو كاتەدا چەندین پارێزەریان زیاد كرد بۆ بەرگریكردن لـە گیراوەكـانی زیندانی گۆنتانامۆ، وەك پارێزەری تیرۆرستەكان، ناو و وێنەی ئەفسەرانی سی ئای ئەیان كۆكردبۆوە، بەڵام وەزارەتـی دادی ئیـدارەی ئۆبامـا هیچـی نـەكرد، نـەیان دەتوانی كارێكی وابكەن، لە كاتێكدا بەڕێوەچوونی كارەكانی دژ بە قاعیدە بوو تا كۆتایی، بۆیە بەرامبەر بەو ئەفسەرانە نەیاندەزانی چی بكەن.

لە لایەكی دیكەوە سەرۆك ئۆباما كارەكانی گۆڕی و بەرەو لای سی ئای ئەی هەنگاوی نا تا لە چەند مانگی داهاتوو چەند ئەنجامێك لە باشووری ئاسیا دیاری بكەن، وەك چۆن سەرۆك بۆش لە پێشتردا رای گەیاندبوو، تیرۆرستەكان راو بكەن و لە هەر كوێیەك بن بیانكوژن، یەكە یەكە پەیوەندی بە كارمەندانی هەواڵگری كرد و دڵخۆشی دەربڕی سەبارەت بە سەركەوتنی كارەكانیان، بەو شێوەیە متمانەی بـە سی ئای ئەی كردەوە، ئەم متمانەیەش هۆیەك بوو تا سی ئای ئەی ئوسامە بنلادن بدۆزێتەوە، بەو شێوەیە سەرۆك وەك فەرماندەی گشتی خۆی نیشـان دا، بۆیـە لـە ئایاری ٢٠١١ بەئازایانە فەرمانی بۆ سی ئای ئەی و هێزی دەریـایی دەركـرد تـا ئۆپراسیۆنێك بۆ شوێنی خۆشاردنەوەی ئوسامە بنلادن لەپاكستان بكەن.

هاوپەیمانە ئەورووپییەكان لە سەردەمی ١١-٩ چوونە ناو جەنگێكی سیاسی دژ بە هەواڵگری و تۆمەتەكانیش دژ بە ئەفسەرەكانی سی ئای ئـەی بـوو، بـەبێ

گوێدانە ئەوەی ئەفسەری هەواڵگرییەکانیان دەستیان تێکەڵ کردووە لە ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکان، کە دواتردا کۆتاییەکی ناخۆشی نواند، بۆ ئەمەش ئیتاڵیا لەپێشەوەی ئەواندا بوو، بۆیە سی ئای ئەی هەردەم پرسیاری ئەوەی دەکرد تا چەند هاوبەشە هەواڵگرییە بیانییەکانی جێگەی متمانەن، هەروا چۆن باوەڕ و متمانەیان بە هەواڵگری ئەمریکی هەیە، ئایا دەکرێ لۆمەی زۆرێك لەو دەزگایانە بکرێ بە هۆی دزەکردنی زانیارییەکان و دڵەڕاوکێی گەورە ئەفسەرەکان، لە کاتێکدا هەر یەك ڕۆڵێکیان دەگێڕا لە نێوەندی دەسەڵاتە ئاڵۆزکاوەکانیان؟ بە هۆی ئەمەوە نووسینگەی نوێی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکی تیمێکی دامەزراند کە پێکهاتبوو لە ئەفسەرانی پرۆتۆکۆڵ بۆ بەدواداچوون لە هەموو کاروبارەکانی ئەو بیانیانەی سەردان دەکەن، ئەم نووسینگەیەش لە نێوەندی هەواڵگری نیشتمانی خۆی لە سێ هەزار ئەندام و گرێبەست دەنواند، زۆربەیان گەڕانەکانیان بۆ سەرکەوتنی ئەو ئۆپراسیۆنەیە.

هەستی هاووڵاتیانی ئەمریکی بە شێوەیەکی فراوان و جۆراوجۆر بوون، لە مەوەش سەرسوڕمانیان دەبڕی سەبارەت بە کارەکانی سی ئای ئەی، بەتایبەتی ئەو کاتەی هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە ڕۆڵی پێشەنگیان بینیووە دژ بە قاعیدە، هاوکات جۆنی مایك یەکەم ئەمریکی بوو لەپاش ١١-٩ بکوژرێ لەپێناو نیشتمانەکەی، ئەم پاڵەوانە ڕوماڵێکی زۆر باشی بۆ کرا لەنێوەندی ڕۆژنامەگەری ئەمریکیدا.

ئێمە لە سی ئای ئەی هەستمان بە زیانێکی گەورە کرد، چونکە مایك لەو ئەفسەرانە بوو هەردەم جێگەی ڕێز و شانازی و ئازایەتی بوو.

کەچی لە پاش دوو ساڵ دووبارە هەندێك لە سەرۆکەکان گومانیان لـە ڕۆڵـی هەواڵگری کردەوە، ئەمەش وای کرد ببێتە جێگەی نیگەرانی لە نێوەندی هەندێك لە فەرمانگەکانمان، بەتایبەتیش کاتێـك تـەکنیکی لێپرسـینەوەیان بـەکاردەهێنا لەمەڕ کاروباری سیخوڕی لەنێوەندی وڵاتدا، کەموکورتییەکانیان دیـاری دەکـرد، لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ئازادی مەدەنی.

بەو شـێوەیە دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و گاڵتـەجاری لـە هـەموو ڕوویەکـەوە هەواڵگرییان ناشیرین دەکرد، بەشێوەیەك پاڵەوانەکانیان وا نیشان دەدا کە بابـەتی پڕوپووچن.

لێرەوە زۆربەی سەرکردە سیاسییەکان و پیاوانی یاسـا پرسـیارە گەورەکـەیان دەکرد، بەوەی ئایا ئێمە لە جەنگداین دژ بە قاعیدە؟ لـەم کاتـەدا چـۆن مامەڵـە لەگەڵ دوژمن بکەین؟ ئایا ئەوانە تاوانبارن و دەبێ ڕووبەڕووی دادگـایی مـەدەنی ببەنەوە؟ یان ئەو دوژمنانە بخەینە نێو گروتووخانـەکانی گۆنتانـامۆ؟ بۆچـی ڕازی دەبن فرۆکە بێفرۆکەوانەکان بفڕن لە لایەن سـی ئـای ئەیـەوە تـا سـەرکردەیەکی دیارنەکراوی دوژمن بکوژن، لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی خێزانێکی بەدبەخت هەموویان بکوژرێن، ئایا دەکرێ دوژمنێکی زیندانیکراو لە کـاتی لێپرسـینەوەدا لێ نەگەڕێن خەوی لێ بکەوێ؟

بۆچی سی ئای ئەی لە سەرووی هـەموو ئـەو ململانێیەدایـە؟ ئەمـە تـەنیا کۆکردنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو کارێکە بەشاراوەیی لەسـەر ئاسـتی جیهانیـدا، بۆچی ئەمە کارە شاراوانە دەکرێ؟ ئایا کەرەستەی دیکە نییە بەکاربهێندرێ؟

بەشداریم لە هەندێك لەو ململانێیـە سیاسـیانە کـرد، بەتایبـەتیش ئـەوەی پەیوەست بوو بە ئەفغانستان لەپێش و لـەپاش ١١-٩، لـەزۆر گۆڕەپانـدا کـارم

دەکرد هەتا لەنێوەندی واشننی پایتەختیشدا، زۆر جار لە کورسی پێشەوە بووم و سەیرم دەکرد، بەجۆشەوە بووم لە کاری هەواڵگری ئەمریکی و سیاسەتی دەرەوە، هەموو ئەمانەش بۆ پاراستنی نەتەوەکەمان بوو، بەڵام زۆرجار کارەکان بەرەو خراپی دەڕۆیشتن. وەك داگیرکردنی عێراق، لەپاشاندا سۆزی نێودەوڵەتی دارما، چونکە لەپش هێرشی ١١-٩ سەرکەوتنمان بەدەست هێنا بەتایبەت لە ئەفغانستان ئەمە هەستێکی باش بوو.

لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەمانە لەنێوەندی ساسی و بەرپرس و سەرکردەکان تێگەیشتنێکی لاوازیان هەبوو بەرامبەر بە هەواڵگری، بەتایبەتیش کاتێك لە لایەن بەشێك لە سیاسی و رۆژنامەنووسی هەڵپەرست یاری بەبابەتەکان دەکرا، پرسیارەکە لەوەدا بوو ئەگەر هەواڵگری رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پاراستنی نەتەوەکەمان، دەبێ گرنگییەکی زیاتری پێ بدرێ، ئەگەر هاووڵاتییان ویستیان لەو نهێنییە تێ بگەن، چ رێگەیەکی باش هەیە؟

ئەمە تووشی هەڵەمان دەکات، چونکە زۆر جار سەرکردەکانی هەواڵگری گرنگی بە جەماوەر نادەن، بەتایبەت بە هۆی کارە نهێنییەکەی سی ئای ئەی، زۆر جاریش سیاسییەکان نایانەوێ ئەو هەڵوێستە بزانن نەوەك جیا بێ لەبۆچوونەکانیان، لەراستیدا سیاسییەکان دەیانەوێ هەواڵگری تا بۆ خۆیان بەکاری بێنن، زۆرجاریش تهێنییەکان پێویستن بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە سەرچاوە و شێوازەکان، بەبێ ئەوەی بەقووڵی لە هەواڵگری تێ بگەن.

ئەم بابەتەم لەگەڵ دۆرە سمیس باس کرد، هەروا لەگەڵیدا سەبارەت بە رەوشت و ئاکاری هەواڵگری لەگەڵیدا کرد، لەوێدا هاوڕێیەکی خۆم پێ ناساند کە ناوی برۆتۆن گریر بوو، ئەو سیخوڕێکی خانەنشینکراو بوو لەتەك ئەوەی کاسۆلیکییەکی

باوەڕدار بوو، دکتورە سمیس سەبارەت بەم بابەتە زۆرێـك لـە رەوەشـت و ئاکـاری سیخوڕی پێ ڕاگەیاندین ئەمەش گفتوگۆیەکی گرنگ بوو.

من و دکتۆرە سمیس لەسەر ئەوە رێکەوتین کە هەواڵگری پێویستی بە زۆرێك لەخاڵ و سەرچاوە هەیە، زیاتریش جەختی کردەوە کـە گفتوگۆکـان دینـامیکی و بەرپێزەوە بێ، هەروا هانی داین بۆ رێکخستن و نووسینەوەی دەقێك سـەبارەت بـە هەواڵگری، ئێمە بیرمان لەوە نەکردبۆوە، بۆیە برتۆنی رازی کرد تا هاوکاری بکات لـە نووسـینەوەیدا، لەوێـدا رازی بـوو سـەبارەت بـە دوو بـەش کـە بەشـەکانی "هــەواڵگری و جــەنگ: ئەفغانســتان ٢٠٠١-٢٠٠٢" و بەشــی "هــەواڵگری نیشتمانی و ئاسایش"، ئەمەش دوو بەش بوو لە کتێبی "گۆڕانکـاری هـەواڵگری ئەمریکی"، کە خانەی زانکۆی جۆرجتاون لەساڵی ٢٠٠٥ چاپی کرد.

ئەم کتێبە بەسوودە بۆ ئەوانەی گرنگی بە لێکۆڵینەوەکانی هـەواڵگری دەدەن لەرووی ئەکادیمییەوە، لەگەڵ ئەوەی کتێبێکی بچووکە، بەڵام شانازی بەوە دەکـەم کە بەشدارم تیایدا.

لەپاش ٢٠٠٣، کە مۆڵەتی ئـەکادیمیم تـەواو کـرد گەڕامـەوە بـۆ دەزگـەی شاراوە، لە ماوەی دوو ساڵدا سەرۆکی بەشی سەرچاوەکانی نیشـتمانی بـوو، کـە یەکێك لەپێکهاتە هەستیارەکانی سی ئای ئـەی بـوو، ئـەم بەشـەش لـە هـەموو ویلایەتەکانی ئـەمریکا بـەربڵاوە، ئـەم بەشـە لەگـەڵ دەزگـای رزگـاری یاسـا و هاووڵاتییان و دەزگا گشتی و تایبەتییـەکان لەکاردایـە بـۆ سـەرکەوتنی دەزگـەی شـاراوە، لەوێـدا تێگەیشـتنێکی نـوێم سـەبارەت بـە وڵاتەکـەم زانـی، لەوێـدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ نیەتی پاکی سی ئای ئـەیم زانـی سـەبارەت بـە ناوەنـدی کەرتی تایبەتی نەتەوەکەمان، هەروا وەك سەرۆکی بەشـی کەرەسـتەی نیشـتمانی

لەکاردابوومە، لەوێدا بوونی تەکنەلۆژیا و جیهانگەرایی وەك قازانج و زیان بۆ دەرکەوت، ئەمەش وای کرد بگەمە لای هەموو بەڕێوەبەرانی کەرتە تایبەتییەکان و زانینی پسپۆڕییان لە هەموو جیهاندا، هاوکات پەیوەستبوونی گشتی و تایبەت بووە جێگەی سەرسوڕمان لە لای من، بۆ وەدەستهێنانی زانیارییەکانی هەواڵگری.

کەچی ڕێگرییەکان زۆرجاران دەبێتە هۆی نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و بەرپرسیاریەتی تا گفتوگۆ سەبارەت بە هەواڵگری بکەین، بەتایبەتی کاتێك ڕۆڵی هەواڵگری لە سروشتی خۆی دەگۆڕێ بۆ ترسناکی، زۆرێك لەدەنگەکان بەرزبۆوە، بەڵام زۆرجار دەنگی ئەوانەن کە شتێکی وا نازانن لەمبارەیەوە، کە هەندێکیان هۆکاری سیاسین یان دەنگی سیخوڕە کۆنەکانن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانی نوێ، کە بە هیچ شێوەیەك ناگونجێ لەگەڵ ئاوات و باوەڕە ئایدۆلۆژییەکانیان یان پێشبینییە پیشەگەرییەکانیان.

وەك ئەفسەرێك لە دەزگەی سیخوڕی و شاراوە، درکم بەوە کرد ئەمە بەرپرسیاریەتی من نییە، بۆیە خۆم بەدوور خست لەم پشتگیرییە ئاشکرایە، بەڵام توانیوومە پەیڕەوەکانی کلتووری سی ئای ئەی فراوان بکەم، بە نووسینی دوو بەش لە دەقێکی ئەکادیمی.

دۆخەکان لەساڵی ٢٠٠٥ گۆڕا پێشبینیم نەدەکرد ڕۆڵێکی گشتی بگێڕم، لەپاش ئەوەی کۆندیزا رایسی وەزیری دەرەوە داوای لێ کردم وەك هەماهەنگی گشتی لەکاردابم بۆ بنبڕکردنی تیرۆر، ئەمەش بە پلەی باڵیۆزی گەڕان، ئەم دامەزراندنە لەسەرۆکایەتییەوە بوو، ئەنجوومەنی پیرانیش ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی، لەوێدا درکم بەوە کرد، ڕادەیەك لە ژیانمدا دانراوە تا ژیانم هەمووی وەك سیخوڕێك نەبێ.

بەو شێوەیە لە جیهانی شاراوە بەرەو شانۆی دیبلۆماسییەتی گشتی جیهانی هەنگاوم نا، بەو پێیەی نوێنەری سەرۆك و وەزیری دەرەوەم لە كاری سیاسەتی بنبڕكردنی تیرۆر. واتە ژیانێكی نوێ لە سیخوڕییەوە بۆ دیبلۆماسییەت، لە كاری شاراوە بۆ چاوپێكەوتنە تەلەفزیۆنییەكان، لە ناوی خوازراوەوە بۆ نازناوێكی بەڕێز، جگە لەوەی پێشتر زانیاریی هەواڵگریم كۆ دەكردەوە بەڵام ئێستا بەكاریدەهێنام، لە ئەفسەرێكی ئۆپراسیۆنەكان بۆ راوێژكار و بڕیاردەری سیاسی، كاتێك بۆ یەكەمجار سەرۆك بۆشم بینی لە وەزارەتی دەرەوە لە رایسی پرسی: هیچ ریگرییەكی دیبلۆماسی ناكەم؟ ئایا ئەمە سەردەكەوێ؟

لە نەهێشتن و بنبڕكردنی تیرۆردا لەگەڵ زۆرێك لە ئاژانس و بەش كارم كردووە، زانیاری تەواوم هەیە سەبارەت بەپەیڕەوی كاری ئاژانسەكان، بۆیە چوونم بۆ ناو سیاسەت قورس نەبوو، لە كاتێكدا قووڵبوونەوەم لە دژی تیرۆر و پەیوەندیم لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتان سوودێكی زۆری بۆم هەبوو، بۆ ماوەی هەژدە مانگ لەگەڵ كۆندەلیزا رایسی وەزیری دەرەوە كارم كرد، لەم وڵات بۆ ئەو وڵات كارم لەگەڵ باڵیۆز و سەركردە سەربازییەكان و هاوبەشە دەرەكییەكان دەكرد، لەراستیدا گۆڕینی كارەكەم كەمێك گرفتی بۆ نامەوە، بەڵام هەوڵم دا فێر ببم، بەڵام تەنگوچەڵەمەیەكی گەورە هاتە پێشم، چونكە دركم بەوە كرد ئەم كارە كارێكی زۆر گەورەیە، زیاتر لەسەد چاوپێكەوتنی رۆژنامەگەریم لەگەڵدا سازدراوە لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەمەو گوێگری ناوخۆ و بیانی زۆریان حەز بەوە بوو بێنە ناو گفتوگۆكانم، كاتێك باسم لە سیاسەتی دژ بەتیرۆر دەكرد لە كاتێكدا باسی رۆڵی هەواڵگریم دەكرد، كە دەتوانێ پشتگیری بكات، هاوكات زۆرێك لە بەرپرسە ئەمریكییەكان بەئاگاییەوە گوێیان لە قسەكانم دەگرت.

لەم کارەکەمدا گرنگی رۆشنبیری و گفتوگۆی بەرپرسیارانە خاڵێکی گرنگە، هەوڵەکانم هەمووی بۆ ئەوە بوو تا نوێنەرایەتی وڵاتەکەم بکەم، بەتایبەتی لەنێوەندی گفتوگۆ کراوەکان لەگەڵ جەماوەردا لە بەریووت و بۆگۆتا و بەرلین.

دواتر لە ساڵی ٢٠٠٧ وازم لە کاری حکوومی هێنا، ئەمەش بە پشتگیری ئەو ئافرەتەی خێزانمە و چەندین ساڵ تێپەڕیووە بەسەر زەماوەندەکەمان، بۆیە لە کەرتی تایبەت دەستم بەکار کرد، تا بتوانم قیستەکانی زانکۆ بۆ منداڵەکانم دابین بکەم، هەروا زۆر بەنەرمی لەگەڵ خێزانەکەمدا بژیم، لەپاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر بیرم لە دوژمن دەکردەوە، بۆیە خانەنشینبوونم باشترین بژاردە بوو دوای ئەوەی بۆ ماوەی بیست ساڵ لە خزمەتی حکومەتدا بووم.

هەردەم لەنێو هەستمدا شانازی بەوە دەکەم، وەك ئەفسەرێکی ئۆپراسیۆنەکانی سی ئای ئەی کارم کردووە، لەوێدا کاری پیشەگەریم دەکرد، لەراستیشدا کارێکی مەزن بوو وەك شێوازێکی ژیان، ئەوە جگە لە ئەزموونەکانم لە دژەتیرۆر و ئەکادیمیا و بەشی کەرەستەی نیشتمانی و دیبلۆماسیەتی گشتیدا، کە دەبوایە زیاتر خۆم رۆشنبیرتر بکەم، بەتایبەت لەوکاتەی وەچەرخانی گەورە لە ململانێی جیوسیاسی لەئارادا بوو، ئەمەش کاری هەواڵگری و پیشەگەرانی بوو.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە چۆن ئەفسەرێکی پێشووی سی ئای ئەی بە رۆشنبیریانە توانیویەتی بێدەنگ بێ، لە لایەکی دیکەوە تێگەیشتن و درکپێکردنەکانی فراوان بکات، ئەمەش بۆ پشتگیری هەواڵگری بەکاربێنێ؟ هەوڵ دەدەم هاوسەنگییەکی شەرفمەندانە لەنێوان سیخوڕێکی خانەنشینکراو و بەرپرسیاریەتییەکی گشتی بۆ هاووڵاتییەکی چالاك بخەمە روو.

لەپاش خانەنشینم نەمویست کتێبێك لەو بارەیەوە دابنێم، بەڵام ئەندرۆ وایلی و سکۆت مۆریز وەك دوو ئەدیب رازییان کردم، لە سەرەتادا سکۆت

لەدەزگاکانی ڕاگەیاند سەبارەت بەمن دوا، لەمەوەش پەیوەندی بە هاوڕێ بیل هارلو کرد، لەپێشتریشدا هارلۆ بەشێوەیەکی لەبار وەك ئەفسەر لە سی ئای ئەی کاری کردووە بەتایبەتی لە سەردەمی جۆرج تنیتی بەڕێوەبەر، ئەمە و سکۆ و ئەندرۆ داوایان لێ کردم سەردانیان بکەم بۆ نووسینگەکەیان لە نیۆریوك، تا بەشدار بم لە هەندێك بابەت، کە من دەیزانم.

لە سەرەتادا پشتمان بەست بە چەندین کەس، کە ڕۆمان دەنووسن، تا بابەتەکان بەقووڵی باسی لێوە بکەین، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستە بە هەوالگری و جەنگ و سیاسەت، لەنێوەندی ڕۆمانەکانیشدا بەشدار بم، لەتەك ئەوانەی لەژێر فەرمانی مندا کاریان کردووە، هەروا ئەو کەسانەی لە کۆتاییدا پەیوەندییان بە سیخوڕی کردووە و کاری شاراوە دەکەن، یاخود چۆن بتوانین کەسانێك بۆ لای خۆمان ڕابکێشین تا کارمان لەگەڵدا بکەن.

بەشی یەکەمی ئەو کتێبە باس لەبنەماکانی کار دەکات، تیایدا چۆن زانیاری هەواڵگری کۆدەکرێتەوە، کە بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ کارم تیایدا کردوە، لە لایەکی دیکەوە زیاتر گرنگیم بە کاری شاراوە داوە، ئەمەش ڕوویەکی نادیاری هەواڵگرییە و هەردەم گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێ، هاوکات کاری شاراوە زیاتر پەیوەستە بە پیشە و یادەوەرییەکانم، واتە هەڵمەتی ئەفغانستان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٢، وەك نموونەی یەکەم، هەروەها لە زۆربەی کارەکانی ڕۆڵی سەرکردەم گێڕاوە، بەشی دووەم زیاتر لێکۆڵینەوەم کردووە سەبارەت بە هەواڵگری کامڵ لەتەك کاری شاراوە و جەنگ و سیاسەت، ئەم هەڵمەتەش گرنگی بۆ داهاتوو هەبووە، لەگەڵ ئەوەیدا زۆر ئاڵۆزکاو بووە، چونکە دوژمن و هاوپەیمانەکان و زۆر یاریزان لەو گۆڕەپانەدا یارییان کردووە، لەلایەکی دیکەوە گفتوگۆمان سەبارەت بە زۆر بابەتی قەدەغەکراو کرد، جگە لەو کەسایەتیانەی کە ڕۆڵی درامیان بینیووە،

بەتایبەتیش ئەوانەی بۆ ماوەی چەندین ساڵێك لە باشووری ئاسـیا مانـەوە، واتـە لەو شوێنانەی کە ناوچەی هەستیارن لەمەڕ ئاسایشی نەتەوەیی ئـەمریکی، بۆیـە دەبێ لە سەرکەوتن و هەڵەکانمان فێر ببین.

ئەم دەقەی لەبەردەستدایە جیهانێکی نوێیە لە ترسناکییەکان، لەتـەك ڕۆڵـی هەواڵگرییەکان و کاری شاراوە لەم ژینگەیەی، کە تیایداین، ئەمەش دۆزینـەوەی بنەما ستراتیژیی و دینامییە ئاڵۆزەکانە، کە لەنێوەندی هەواڵگری و سیاسەتدایە، لەم نێوەندەشـدا بـاس لـە پەیوەسـتبوونی ململانـێ و هـەواڵگری و دەسـەڵات و کۆمەڵگە دەکات.

هیوام وایە تیشکم خستبێە سەر هەندێك وانەی هـەواڵگری، کـە لەنێوەنـدی ژیانی پیشەیمدا فێری بوومە، لەتەك خستنە رووی ئەزموونی چەندین کەسی دیکە لەمبارەیەوە، تـا بتـوانین بـەهای هـەواڵگری بخەینـە روو لـە پاراسـتنی دەزگـە لیبرالییەکان تا بەرەو کۆمەڵگەیەکی جیهانی هـەنگاو بنـێن، هـەموو ئەمانـەش بەهای ئەفسەرەکانی هەواڵگرییە بۆ نەتەوەکەمان.

ناونیشانی کتێبەکی سڵاو و ڕێزلێنانە بۆ ئەڵان داڵاسی بەڕێوەبەری سی ئـای ئەیە، کە لەساڵی ١٩٦١ کتێبێکی نووسی سەبارەت بـە "پیشـەی هـەواڵگری و ستراتیژیەتی چینی –سەن تزو، کە لە سـەدەی پێنجـەمی پـێش زایـن کتێبێکـی نووسی سەبارەت بە "هونەری جەنگ"، ئەمەو داڵـاس هـەر لـەدێڕی یەکەمـەوە پشتی بەستووە بە بەکیبی سەن-تزو، هاوکات لێـرەوە سوپاسـی هـەموو ئەوانـە دەکەم، کە ڕێنماییان کردووەم.

سەن تزو زیاتر مکوڕە، کە زانینی هونەری جەنگ زۆر پێویستە بۆ دەوڵەت، باسیش لەوە دەکاتەوە هەموو ئۆپراسیۆنەکان پێویستی بە فرتوفێڵە، ئەگەر دوژمن

تۆی ناسی پێویست ناکات نیگەران بیت لە ئەنجامی شەڕ و جەنگەکە، لێرەوەش بەهای هەواڵگری بەدەردەکەوێ.

ئەوەی لەدێریندا لە چین راست بوو ئێستاش هەر راستە، ئەمە و جەنگ و هەواڵگری ئێستا بە جۆشوخرۆشترە لە جاران نەك بۆ دەوڵەتان، بەڵکو بۆ هەموو یاریزانەکانی نێودەوڵەتی و هاووڵاتییان، چونکە ئێستا لەنێوەندی ململانێیەکدین خەسڵەتەکانی تایبەتن.

ئێستا جیهانی هەواڵگری لە وەرچەرخانێکی گەورەدایە لەو نێوەندە مێژووییەدا، بۆیە کۆمەڵگە هەواڵگرییەکانی زۆر کارایانە تێدەکۆشن بۆ ململانێ و هاوکاری نوێ، ئەمەش بە هۆی بەرژەوەندییە گۆڕاوەکانە بەتایبەت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هاوکات کۆمەڵگەکان پێشبینیەکانیان لەیەکتر جیاوازە لەبارەی هەواڵگرییەوە، ئەمەو رێز و رۆمانسییەت و زانین و نەزانین و ترس لەنێو هەستی نیشتمانەکەماندایە، کاتێك بیر لە سیخوڕەکان دەکەینەوە، وەکچۆن کۆندەلیزارایس لە کۆنگریسدا گوتی : "ئێمە جۆرێك لە ترس و هەستەوەریمان هەیە بەرامبەر بە هەواڵگری"، بۆیە نەتەوەکان دەیانەوێ تێ بگەن لە ئاژانسەکانی هەواڵگری و پیشەگەرانی سیخوڕی، تاوەکو پشتگیری بکەن.

رۆڵی هەواڵگری پەرەدەسێنێ لەگەڵ سروشتی جەنگەکاند، تەنیا حکومەت نا، بەڵکو هاووڵاتییانیش دەبێ زیاتر درك بە هەواڵگری بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بپارێزین، ئەمەش بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی دیموکراتی لیبرالییە لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەمەش وای کرد تا خزمەت بە وڵاتەکەم بکەم، هەردەمیش رێزم بۆ ئەو سوێندە هەبووە کە بۆ دەستوور داومە، هەر ئەمەش بوو وای کرد ئەم کتێبە دابنێم، هیوام وایە ئەو فێری بوومە بۆتانم گۆازتبێتەوە.

بەشی یەکەم

خەون

"ئەگەر توانیت درك بەشتێك بکەیت، ئەوا بەدەستی دەهێنیت، ئەگەر خەونت پێوەبینی، ئەوا دەتوانیت ببی بەو".

ولیام ئارسور وارد

هونەری سیخوڕی

ئەو کاتەی کوڕێژگەیەکی بچووك بووم، خەونم بەوە بینی ببمە سیخوڕ، کاتێك تەمەنم دە یان یانزدە ساڵی بووم، ناونیشانی نووسینگەی سی ئای ئەیم زانی، بۆیە نامەیەکم بە دەستخەتی خۆم لەلاپەڕەیەکدا نووسی و تیایدا باسم لە خزمەتکردن کردبوو، لە ماوەی دوو هەفتەدا سی ئای ئەی وەڵامیان دامەوە، پاش ئەوەی لە قوتابخانەدا بۆ ماڵ گەڕامەوە نامەیەکی مۆرکراو چاوەڕوانی دەکردم، دایکم لە ژووری خەوتنەکەم لەسەر مێزی نووسیندا بۆمی دانابوو، نامەکە لەیەك لاپەڕەی چاپکراو پێکهاتبوو، لەسەرووی لاپەڕەکە دورشمی سی ئای ئەی بوو، کە هەڵۆیەك بەدەوریدا چەندین ئەستێرەی لەسەر نەخشێندرابوو، ئەوەی وەڵامی دابوومەوە، زۆر بەسۆزەوە سوپاسی کردم و هانی دام لە تەمەنێکی بەرزتردا داوەکەم دووبارە بکەمەوە.

بەیرم دێ کاتێك نامەکەم گرتە دەست، بەکارێکی زۆر مەزنم زانی؟ سی ئای ئەی بەراستی بوونی هەیە، لەوانەشە ڕۆژێك لە ڕۆژان وەرم بگرن.

ئێستاش دوای چل ساڵ، نامەکەم لەلا نەماوە، بەڵام شانازی بەو یادگاریە و چەندین یادگاری دیکە دەکەم، لەپاش ئەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە دەزگای شاراوەی سەر سی ئای ئەی بووم، کارەکە زیاتر لەوەیە، کە بیر لە کار و ژیان بکەیتەوە، ئەمە مکوڕبوونە لەسەر هیوایەك، هەموو ڕۆژەکانم خوش دەویست کە لە سی ئای ئەی بووم، بە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکانەوە، هەتا هەلم بۆ ڕەخسا کارە ڕۆمانسییە مندالکارییەکانی خۆشم ئەنجام بدەم.

لە کۆتایی تشرینی دووەمی ٢٠٠١، لەو کاتەی هێزەکانی ئەفغانی و ئەمریکی ڕاوی تالیبان و قاعدەیان دەدا لە ئەفغانستان، جەنەڕال تۆمی فرانکس

کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا، لە راستیدا هەموو کۆبوونەوەکان لەگەڵ ئەودا باش بوو، لە کاتێکی دیاریکراوی سارد و لەسەر پلیکانە چەمەنتۆیەکەی فرۆکەخانەی سەربازیدا جەنەڕاڵ تۆمی فرانکس دەستی لەسەر شانم دانا، بە دەنگە گڕەکەی، کە کێشانی جگەرە تێکی داوە بە شێوە تێساسیەکەی گوتی "هانك دەزانم چی دەکەی! تۆ لەنێو خەونەکانت دای!".

لە وەڵامدا گوتم "تەواوە جەنەڕاڵ"، لەوێدا چەندین پرسیارم لە خۆم کرد ئایا ئەو راست دەکا، یان وەك من کاتێك تەنیا کوڕیژگەیەك بووە هەمان بۆچوونی رۆمانسی هەبووە؟ وا وێنام کرد ئەویش بە هەمان شێوە بووە، یاخود کارێکی کردووە نزیك لەمە، ئەو بە هەستەکانی درکی بەوە کردووە، من خەون بە چییەوە دەبینم، لەو شەوەدا سەیری جەنەڕاڵم کرد ئەو گەورەتر و دڵڕەقترە لەو مرۆڤانەی کە لەنێو دەریادا سەوڵ لێ دەدەن، هەر لەو شەوەدا بیرم لە ئەرکەکانم دەکردەوە لە سی ئای ئەی.

هەموو ئەمانە گیانی لەپێش چەند دەیەکدا سەرکێشی و خزمەتکردنی خستە کەلەمەوە، چونکە ئالنگارییەکانی پاشتر زۆر دڵڕەقانە بوو، هیچ کاتێك خەونم بە ناخۆشی و تووڕەیی کارەسات ۱۱-۹ نەدەکردەوە، کاتێك چەندین پیاو و کارمەندانی بیانی و ئەفسەرانی سی ئای ئەی لەنێوچوون و لەپێشتردا لەژێر فەرمانی مندا کاریان کردبوو، ئەو کات لەنێوەندی جەنگدا بووین لە ئەفغانستاندا، بەتایبەت لە هەڵمەتی سی ئای ئەی، جگە لەوەی لەپێشتردا تیمی یەکەمان لەناو ئەفغانستاندا دانا، لە پاش چەند رۆژێك لە رووداوی ۱۱-۹ نزیکەی سەد ئەفسەر لە هەموو لایەکی وڵاتدا بڵاوەی کرد، واتە لە هەموو گۆشەیەکی وڵاتدا تا کاربکەن لەگەڵ میلشیاتە خێڵەکییەکان، تا زانیاری کۆبکەنەوە و بەشدار بن لە ئۆپراسیۆنی جەنگ و کوشتن، بەشێك لە پیاوانمان

چوونە ناو سووپای تایبەتی ئەمریکی و خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگ، هەردەمیش فرۆکە بێ فرۆکەوانەکانی "بریداتۆر" لەسەر سەریان بوو تا بیان پارێزن، چونکە ئێمە هاتووین تۆڵەی نیشتمانەکەمان بکەینەوە، هەر کاتێك سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان داواکاری و ڕێنمایی هەبوایە، ئێمە هەزارانمان لە دوژمن دەکوشت.

خەونم زۆر دەبینی بەوەی خزمەت بە وڵاتەکەم بگەیەنم، لە سەردەمێکدا ڕووبەڕووی دڕندەترین دوژمن دەبینەوە.

کاتێك منداڵ بووم، دایکم مامۆستا بوو و دەیبردمە کێتبخانەی وارن جۆرجیا، سەیری کتێبەکانی جەنگم دەکرد وەك منداڵێك، هەردەم دایکم هانی دەدام تا خۆم شتەکان بدۆزمەوە، بۆیە ئەو کتێبخانەیە بوو بە شوێنی من، ئەمەو کێبخانەکە لە سێ نهۆمی بەردین پێکهاتبوو، کتێیەکان لەسەر ڕەفەکاندا تا بنمێچەکە چوو بوو، هەردەم دەمویست ئەو کتێبانە بخوێنمەوە، کە چەندین ساڵە نەخوێندراوەتەوە و تۆز ناونیشانەکانی ون کردووە، ئەم شوێنە تاکە داڵدە بوو بۆ زانینی زانیارییە ترسناکەکان، بۆیە ئەو شوێنەم خۆش ویست.

هەروەها کتێبخانە بچووکەکەی من لەنێو ڕەفەکانی چەندین پاڵەوانی ئەمریکی لەخۆی گرتبوو، هاوکات جۆرج واشنتن و نتائیل گرین و فرانس ماریۆن کە نازناوی ریوی زەلکاوەکەی پێ بەخشرابوو، لەلای من خۆشەویست بوون، زۆربەی جەنگەکانیان دژ بە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بووە زۆر خەسڵەتی ئاسایی و لاسایکردنەوەی بەخۆیەوە نەبینووە، بۆیە دەبوایە زانیارییەکی تایبەتت هەبێ و بە لەسەرخۆبوونەوە بڕوانیە باسەکان، بەتایبەت کاریزما بوونیان لەسەرکردایەتی کردندا، لەوێدا فێربووم بەبێ هەواڵگری و کاری شاراوەی سیخوڕی ئەو سەرکردە و جەنگاوەرانە نەدەگەیشتنە ئامانجەکانیان.

جۆرج واشنتن لـەنیو هەموویانـدا وەك سـەركردەیەكی جیـا زۆر گرنگـی بـە سیخوڕی داوە، هەردەم جەختی لەوە كردۆتەوە، كار لەسەر پیشەگەری هـەواڵگری بكرێتەوە و بزاندرێ بەهای كارەكانی چەندە، چەندین جۆر هەواڵگری بـەكارهێناوە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و شیكردنەوەی و دژایـەتیكردنی سـیخوڕانی دیكـە، كـە بەچەندین فرتوفێڵ و پروپاگەندە دەیانەوێ كارەكان لەكەدار بكـەن، لەوێـدا زانـیم بنجـامین فرانكلینــی رۆشــنبیر و قەڵــەو، ســیخوڕێكی بـەتوانا بـووە لەنێوەنـدی هەواڵگریدا، هەروا تۆڕێكی سیخوڕی لەنێوەندی ئەورووپادا بەڕێوەبردووە.

زۆر سەرسامی فرانسیس ماریۆن بووم، لەوانەیـە زیـاتر ئـەوم بـە پێشـەنگ زانیبێ، ئەمەش بە هۆی هەموو ئەو هێرشانەی كـە بەشـاراوەیی كردویـەتی، لـە كاتێكدا تواناكانی لە پارتیزانی دژ بـە بەریتانییـەكان، بەتایبـەتیش لـە زەوییـە نزمــەكانی كارۆلینـایی باشـوور، تــەنیاش دوژمنەكــەی نەناســییەوە، بــەڵكو ژینگەكەشی زانیـووە، ئـەوە یەكێكـە لـە پاڵەوانـە سـەرەتاییەكانی نـا نیزامـی ئەمریكا، تا ئێستاش بـیر لـە ئۆپراسـیۆنەكانی ریـویی زەلكاوەكـان دەكەمـەوە، بەتایبەتی ئەو كاتەی بە ئۆتۆمبیلەكەم لەسەر پردی زێی "بی دی"ی كارۆلینـایی باشوور دەپەڕمەوە هەردەم بیری لێ دەكەمەوە.

كاتێك هـەراش بـووم هـەردەم بەرۆمانسـیەتەوە دەمڕوانییـە باسوخواسـتی جەنگاوەرەكان، ئەمەشم بەكردەیی ئەنجام دەدا بەتایبەتی لەپشـت ماڵەوەمانـدا و لەناو كێڵگەكاندا، خەندەق و رەبیەم هەڵدەكۆڵی و دروستم دەكرد، هێرشم دەكـردە سەر درەختەكان، بەدوای دوژمنە خەیاڵییـەكان دەچـووم و هـەردەم تەقـەم لێیـان دەكرد، وابزانم هاوسێیەكانم وا بیریان دەكردەوە من شێت بوو بووم.

زۆر بابەم سەبارەت بە ئادگار رایس بۆرۆ و کۆنان ئای هوارد خوێندەوە، هەردەم ئەم خوێندنەوانە بوو بووە بەشێك لەیارییەکانم، هەروا خۆشیم بینی لە هونەری وێنەگرتنی فرانك فرازیتا، کە لەنێوەندی رۆمانە خەیاڵەکاندا دانرابوو، کاتێك کەسەکان قۆڵ و باسکیان ئەستوور و بەهێز بوون، زۆر جاریش باس و قۆڵیان نەخشێندرابوو بە ئافرەتی نیمچە رووت و دوور لە عەقڵ.

لە خوێندنی سەرەتایدا هیچ خۆشییەکم نەدەبینی لە ماتماتیك و زانست، بەڵام وانەکانی کۆمەڵایەتیم خۆش دەویست بەتایبەت جوگرافیا و مێژوو، بەروونی لەبیرمە کاتێك خاتوو لانگونی مامۆستامان باسی لە داگیرکارییەکانی ئاشووری دەکرد لەمیزیۆپۆتامیا دەکرد، بۆیە دەتوانم بڵێم لە ۲۰۰٦ بەهیلیکۆپتەری "سی ئاتش-٤٧" و گۆڕەپانی جەنگ ببڕم، بەتایبەتی هێزێکی تایبەتی ئەمریکی لەگەڵمدایە، بەو پێیەی باڵیۆز و هەماهەنگی دژ بە تیرۆر بووم، بۆیە جارێکی دیکە لەناوچەیەك بووم جەنگ تیایدا بەرپا بوو، ئەو ناوچەیەش ناوی عێراق بوو.

وەك دەزانن هەر لەمنداڵییەوە ئارەزووم چووبووە سەر خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی تایبەت بوو بە هەواڵگری، بۆیە لەگەڵ تەمەنم هەڵدەکشا و زیاتریش ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە، کە باس لە هەواڵگری و جەنگی نوێ دەکات، بەبیرم دێ هێڵی سوور و ئەستووری جایس جۆنسم خوێندەوە کە سەبارەت بەجەنگی گوادلکانال بوو، بەجۆشوخرۆشێکی مرۆڤانە بەدواداچوونم لەنێوەندی لاپەڕەکان دەکرد بەتایبەت کاتێك کارە پاڵەوانییەکانم دەخوێندەوە، هاوکات رۆمانی "بەتەنیا دەمرین" خوێندەوە، کە زیاتر باسی راکردن بوو لە جەنگی دووەمی جیهاندا، لەوێدا باس لەجانی کۆمندانی نەرویجی دەکات، لەو کاتەی پێیەکانی لەناو بەفردا بەتەواوی لەکار کەوتن، ئێش و ئازارێکی زۆری بینی و پێیەکانی بریندار بوو و رووبەڕووی مردن دەبۆوە، زۆر کتێبی دیکەشم خوێندۆتەوە سەبارەت

هینری ا.کرامبتۆن

بە نووسینگەی کارگوزارییە ستراتیژییەکان (ئاو.ئاس.ئاس) کە ڕێگەخۆشکەر بوو لە سەردەمی جەنگدا تا هێزی تایبەتی سی ئای ئەی دروست بێ، هەروا کتێبی "دزەکانی مێریل"ی بۆرمام خوێندەوە، لە هەمووی گرنگتر دەستم بەخوێندنەوەی "پیشەگەری هەواڵگری"کرد، کە لە نووسینی ئالان دالاسە، تا ئێستا ئەو کتێبەم لەلایە، کە لە بڵاوکراوەکانی خانەی "سیگنت"ە و لەساڵی ١٩٦٥ چاپکراو، ئێستا لاپەڕەکانی کەمێك زەرد و گەچراو بوونە.

هەروا شۆن کۆنریم بینی کە ڕۆڵی جیمس بۆندی بینووە لە فیلمی "ئۆپراسیۆنی زریان"، لە ناوەڕاستی هۆڵی سینەما نۆکسی وارنتۆنی جۆرجیا دانیشتم، سەیری هەموو کەسایەتییە نەخۆشەکانم کرد، لەتەك ئەوەی بەشێکیان خزمەتێکی سەیری دەسەڵات دەکەن، شێوەیەکی خۆپەرستانە بۆ خزمەتی حکومەت، ئەمەش بەشێك لە هزرەکانی ڕێککردەوە، هەروا کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتیش نەبووە، چونکە لە کۆتاییدا ئەو بەریتانییە، لە کاتێکدا درکم بەوە کرد، کە ڕەگوریشەم دەگەڕێتەوە بۆ جۆرجیا، هەروا هیچ کاتێك نەگەیشتوومەتە ئەو شیکبوونە کۆزمۆپۆلیتییە، لەوانەشە حەزم بە خواردنەوە و جلوبەرگی گرانبەهان نەبوو بێ، بەڵام مکوڕ بووم تا بگەم بەو شتانە.

لەگەڵ خانەوادەکەم لە تۆڕی هەواڵەکاندا رووماڵی تەواوی جەنگی ڤێتنامم بینی، هەروا باسی چەند گەنجێکی ناوچەکەمان کرد، کە لەوێدا دەجەنگن، بەشێکیان نەگەڕانەوە، ئەوانە زۆربەیان گەنجانی کێڵگە و دارستانەکانی هەرێمی وارنی جۆرجیا بوون، ئەوان نەگەڕانەوە، بۆیە مۆنیمێنتێك بە ناوی ١٥٤ کەس لەگۆڕەپانێکدا هەیە لەنزیك دادگادا، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە بۆ هەرێمێکی بچووك.

زۆرجار باوکم لەگەڵ خۆیدا دەیبردم بۆ راوکردن، باوکم رووپێو و وێنەکێشی نەخشە و پاسەوانی دارستان بوو، زۆرجار چەندین گۆڕی لەبیرکراومان دەبینی، بەشێك لەزەوییەکانی نێو دارستان بۆ گۆڕ بەجێ هێڵدرابوو بۆ مردووانی خانەوادەیەك، بەشێك لەکێڵەکانی ئەو گۆڕانە شکا بوو و هەندێکیان بە هۆی قەوزە و گەڵا سەوزەکان ون بووبوون و زۆر بەزەحمەت دەتوانی ناو و رێککەوتی مردووەکە بخوێنیتەوە، هەندێك لەو گۆڕانە گۆڕی سەربازەکان بوون، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان بوون لەلام و بەجێگەی پیرۆزم دادەنا لە قووڵایی دارستاندا.

خانەوادەکەمان مێژووییەکی دوورودرێژیان هەیە لەراژە و خزمەتی سەربازیدا، باوکم بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەفسەر بووە لە تیمی ۱۰۱، هەروا هەر چوار برای لەجەنگی دووەمی جیهاندا سەرباز بوونە، جگە لەوەی باپیرانمان خزمەتیان کردووە لەنێوەندی سوپای کۆنفیدرالیدا، باپیرە گەورەم ولیام کرامبتۆن لە ۱۸٦۳ لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا بۆتە سەربازی خۆبەخش، باس لەوە دەکەن کەسێکی باڵا بەرز بووە و رووخسار و قژی کەمێك رەش بووە، باپیرە گەورەم نەخوێندەوار بووە، تەنیا زانیوویەتی لە هێمای X واژوو بکات.

کەچی یەکەم باپیرەم تا ناوەندی خوێندویەتی و دەریشچووە، ئەمەی هەمووی بەشێوەی نامە تەواو کردووە ئەو کاتەی تەمەنی سی و هەشت ساڵان بوو، ئەو لەخانەوادەی کرامبتۆن دووەم کەس بووە لە زانکۆدا دەرچووە.

کەسوکارەکەم زیاتر هانیان دام بخوێنم. دایکم خوێندنی تەواو کرد، دایکم وەك قوتابییەکی بەتوانا و مکوڕ بوو لەسەر خوێندن دوای ئەوەی پەیمانگەی تەواو کرد لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا یەکسەر لە قوتابخانەیەکی سەرەتایدا دەستی بە

مامۆستایەتی کرد، باوکم لە زانکۆی جۆرجیا دەیخوێند ئەویش هەلی خوێندنی بۆ دابین کردم.

خۆشەویستیم بۆ زانست هەبوو بۆیە لە قوتابخانەیەکی فەرمی دانرام ئەو قوتابخانەیە پۆلەکانی خوێندنی پێشکەوتوو نەبوو و بەرنامەی ڕێزلێنانیان نەبوو بۆ قوتابیان، بەڵام مامۆستایەکانی زۆر باش بوو، وەك قوتابییەکی زیرەك لە پۆلەکەمدا یەکسەر منیان بردە پۆلی حەوتەم، کاتێك لە پۆلی هەشتەمدا بووم یەکەم توێژینەوەم نووسی کە باسی لە جەنگی شەش ڕۆژەکە دەکرد لە ساڵی ١٩٦٧ کە تیایدا ئیسرائیل سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر هاوسێ عەرەبەکاندا هێنا، شەڕەکە زۆری نەخایاند، بەڵام لەپێش شەڕەکەدا ئامادەکردنێکی زۆر هەبوو لە رووی هەواڵگرییەوە، ئەمەشم بۆ ئەوە نووسی چونکە هەردەم خەیاڵم لەلای خزمەتی نیشتمان بوو، زیاتریش جەختم لە سەرکێشییەکان کرد،کاتێك لەماڵ چوومە دەر ئەو کات تەمەنم شانزدە ساڵان بوو و تەنیا سەد دۆلار لە گیرفانم دابوو، لەتەك لیسێکی سەربازی تایبەتی باوکم، لەپاشانیشدا باوکم بەپارە هاوکاری کردم، دایکیشم تەنیا ماچێکی کردم تا ئێستا ئەو ماچەی دایکم لەبیرناچی، چونکە منی زۆر خۆش دەویست، بەڵام کاتی ماڵئاوایی دەست پێ کرد، چونکە لەدەرەوەی ژووری پۆلەکەدا جیهانێکی دیکە هەیە، بەتایبەت لەپشت جۆرجیای درختی کاژەکاندا.

بەرەو رۆژئاوا رۆیشتم لەگەڵ تیمێکی رووپێوی زەوی لە ئەلەباما کارێکم دۆزیەوە، بەڵام دوای چەند هەفتەیەك وازم لەکارەکەم هێنا، چونکە لە کارگەی رستن کارێکم دۆزییەوە، لەوێدا خریلە گەورەکانم دەگوازتەوە، لە دەوامی ئێواراندا کارم دەکرد تا بتوانم بەرۆژ بچمە قوتابخانە، لە ساڵی دواتردا ئەلەبامام جێ

هێشت، لەپاش ئەوەی چل کاتژمێر لەو کارگەیە کارم دەکرد و هاوکات دەمخوێند، کاتێك جێم هێشت سەرامایەکی بچووکم هەبوو لەتەك بڕوانامەی ناوەندی.

بەردەوامبووم لە گەشتەکەم بەرەو ڕۆژئاوا، لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا یەکەم گەشتم بۆ دەرەوە کرد، گەشتەکەش بۆ ناوچەی خواریوی مەکسیك بوو، بەپیادە پردەکەی ئال باسۆی تەکساسم بڕی بەرەو مەکسیك، لەپاشاندا چەند جارێکی دیکە چوومەوە مەکسیك.

پەیوەندیم بە پەیمانگەی سانت جۆن لە سانتا کرد، لەوێدا زیاتر ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە، کە زیاتر مەزن بوون، زۆریشی نەبرد زیاتر هەلی خوێندنم بۆ ڕەخسا لە زانکۆی نیومەکسیکۆ لە بوکرك، لەوێدا بۆ ماوەی چوار ساڵ بەجۆشوخرۆشەوە خوێندم زیاتریش بابەتەکان زانستی سیاسەت و مێژوو و ئەنترۆپۆلۆجیا و جوگرافیا، لەوێدا لەتەك زۆرێك لەخوێندکارە کچەکان بووم و بەفرەخلیسەکەم لە ناوس کرد و هەموو جۆرە هونەرە جەنگ فێر بووم و یاری ڕەکبیم کرد لەسەر ئەو گۆڕەپانانەی خۆر چیمەنەکەی وشك کردبۆوە بەتایبەت لە باشووری ڕۆژئاوادا.

لەپاش دەرچوونم لە زانکۆ بەرەو پشت دەریایەکان ڕۆیشتم، کە پێم وابوو گرنگی بە جۆگرافیای جیهانی و سیاسەتی نێودەوڵەتی دەدەم، تا زیاتر ڕوانینەکانم قووڵتر بێ، کارەکانم وای کرد بچمە نیوزلەندا و ئوسترالیا و ئەندونیسیا و سەنگاپوورە (بەڵام هەموو ئەو پیاوانەی قژیان درێژ بوو لە کۆتایدا دەبێ بگەڕێنەوە خاڵی پشکنینی گومرگ و کۆچ). هەروا سەردانی مالیزیا و تایلەند و یەکێتیی سۆفیەت و نەرویج و دانیمارك و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئینگلتەرام کرد، بەپەنای خودا توانیم خۆم بپارێزم لە خاڵی پشکنین و یاسا دوای ئەوەی چەندین سەرپێچیم کردبوو لەگۆڕینەوەی دراو لە بازاڕی ڕەشدا، ئەمەش تێکدانی ئاسایشی

گشتییه، ئەم سەردانانە بۆ من ساڵێك بوو وەك پێناسەیەك وابوو بۆ سەرکێشییەکی جیهانی.

کاتێك گەڕامەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەمەنم بیست و دوو ساڵ بوو، جارێکی دیکە داواکاریم پێشکەش کردەوە بۆ پەیوەندیکردن بە سی ئای ئەی، جارێکی دیکە نامەیەکی ڕەتکردنەوەم بۆ هاتەوە، لە نامەکەدا دەرکەوت زۆر کەموکوڕیم هەیە، هاوکات سی ئای ئەی پێی ڕاگەیاندم کە بەردەوام بم تا زیاتر پسپۆڕیی بەدەست بێنم و ئاگاداری باسەکانی نێودەوڵەتی بم و زمانێکی بیانی فێر ببم، زمانێك بێ بەسوودتر بێ لە زمانی بازاڕی سەرەتایی ئیسپانی و یان ئوسترالییەکی گشتی.

وەك قوتابییەك قەرزێکم وەرگرت، لەمەوەش بەرەو واشنتنی پایتەخت ڕۆیشتم، لەوێدا کارێکی نیودەوامیم دۆزییەوە و ناوی خۆم لە کۆلیژی حزێندنی باڵای زانکۆی ئەمریکی تۆمار کرد، زۆر ڕەزامەند نەبووك لە خوێندنەکەم بۆیە مکوڕ بووم تا ببمە سیخوڕ، بۆیە دوای دوو مانگ ناونیشانی نووسینگەی وەرگرتنی لۆکاڵی سی ئای ئەی لە ڕۆسلینی فێرجینام وەرگرت.

چوومە نووسینگەکە بەبێ ئەوەی کاتێکی پێشترم بۆ دانرابێ و لە هۆڵی چاوەڕوانی دانیشتم، لەکۆتاییدا کارمەندێکی پێشوازی بەخێرهاتنی کردم، لەتەك ئەودا هەموو بۆچوونەکانم بۆی روونکردەوە، کە دەمەوێ پەیوەندی بکەم بە دەزگای سی ئای ئەی شاراوە، ئەو داوای کرد چاوەڕێ بکەم، لەم کاتەدا جێی هێشتم، کەسێك لەو شوێنەدا نەما، لەوێدا پرسیارم لە خۆم کرد، کە ئایا ئێستا چاودێریم دەکەن یان وێنەم دەگیرێ، وەك ئەوە وابوو قژم لە شوێنی خۆیدا ڕەق بێ.

هونەری سیخوڕی

لەپاشاندا گەنجێکی ڕێکوپێک تەمەن سی ساڵە بەخێرهاتنی کردم، لە سەرەتادا بە ناوێکی ناشیرین خۆی بە من ناساند و وا خۆی پێناسە کرد، کە ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکانی سی ئای ئەیە، تازە لە دەرەوە گەڕاوەتەوە بە مەبەستی کارێك، لەپاش دوو پرسیار لە هۆڵی پێشوازیدا ویستی نیەتی من بزانێ، بەخۆشحاڵییەوە گوتی چاوپێکەوتنت لەگەڵدا دەکەم، لەوێوە چووینە نووسینگەیەکی بچووك، چاوپێکەوتنەکە نزیکەی یەك کاتژمێری خایاند هەر لەوێدا سیفی خۆم پێدا لەرووی پیشەییەوە لەتەك راپۆرتێك سەبارەت بەوانەکانم لە پەیمانگە و چۆنیەتی پەیوەندی پێوەکردنم، چاوپێکەوتنێکی خۆش بوو، هەموو راستییەکانم پێ گوت، زیاتر باسی سەرکێشییەکانم کرد لەدەرەوەی وڵاتدا، بەڵام پرسیاری ئەوەی لێ کردم، کە ئایا هیچ یاسایەکی ئەمریکیم پێشێل کردووە، لەوێدا دانم بەوە نا کە شەرم کردووە لەگەڵ پاسەوانەکانی راو، ئەو کات کوڕێژگەیەك بووم بۆیە چەند جارێك بەتوندی قسەی ناخۆشیان پێ گوتم، هەروا بەشداریم کردووە لە پێشبڕکێیەکانی ئۆتۆمبیلی پۆنتیاك لە جۆری جی تی ئاوی مۆدیلی ١٩٦٩، کە مەکینەیەکی بەهێزی هەبووە، هەروا بەشداریم لە پێشبڕکێی ئۆتۆمبیل کردووە لەجادەکان بەبێ ئەوەی پۆلیس بتوانێ بمگرێ، هەروا چەکم بەکارهێناوە لەدەرەوە شاردا، بەڵام زۆربەی شەڕەکانم هەر بەدەست بوو، بەڵام هیچ جارێك دەستگیر نەکراوم هەروا بەهیچ شتێك تۆمەتبار نەکراوم، زۆرجاریش هەبوو بەرووتی رام کردووە، بەڵام هیچ کاتێك نەگیراوم، لەدواتردا پرسیاری ئەوەی لێ کردم، ئایا هیچ جارێك تلیاکت تاقیکردۆتەوە، لە وەڵامدا گوتم: نەخێر، لەتەك ئەوەی زۆر رقم لە خواردنەوەی مەیە، لەوانەیە پرسیاری هەموو کارە خراپەکانی کردووم، لەو کاتەی بەئاگام.

هینری ا.كرامبتۆن

پرسیاری ئەوەی لێ کردم بۆچی دەمەوێ پەیوەندی بە سی ئای ئەیەوە دەکەم، لە وەڵامدا گوتم: نیشتمانەکەی خۆم خۆش دەوێ و دەمەوێ خزمەتی بکەم، ئەمەش باشترین رێگەیە بۆ بەشداریکردن، هەروا پێم گوت لەوکاتەی منداڵ بوومە نامەم بۆ سی ئای ئەی ناردووە و ویستوومە ببمە ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکان، ئەمە خەونی منە.

بە رێزەوە قسەی لەگەڵمدا دەکرد، نە هانی دەدام نە هیچ وەڵامێکی دەدایەوە، کاتێك رۆیشتم بیرم دەکردەوە، کە چاوپێکەوتنەکە زۆر باشترە لە نامەیەکی رەتکردنەوە، هەرنا لەگەڵ ئەفسەرێکی سی ئای ئەی راستەقینەدا قسەم کردووە، لەپاشاندا یەکسەر بیرم لەوە کردەوە لەوانەیە بەچەند ساڵێکی خوێندی باڵا تەواو دەکەم، بەڵام مۆڵەتەکەم دەپچڕێنم و زمانێکی بیانی فێر دەبم، لەوانەیە بچمە مەکسیك و فێری ئیسپانی ببم، لەوانەیە بگەڕێمەوە بۆ باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، لەوانەشە پەیوەندی بە سوپاوە دەکەم، لەگەڵ ئەوەی حەزم بەوە نییە جلوبەرگی فەرمی بپۆشم لەلای من زۆر ناشیرینە و کارێکی رۆتینییە، هەروا بیرم لەوە دەکردەوە تەمەنی سی و پێنج ساڵی دادەمەزرێندرێ بۆ ئەفسەری ئۆپراسیۆنی سی ئای ئەی، لەم تەمەندا زۆر دوورە، بۆیە دەبێ کەمێك بەنێو ساڵدا چووبم.

هەر ئەو شەوە سی ئای ئەی تەلەفۆنیان بۆ کردم تا لەهەفتەی داهاتوو جارێکی دیکە بۆ چاوپێکەوتن بچمەوە.

کاتێك ئەو تەلەفۆنە کرا و دوا داخستنی تەلەفۆنەکە لە خۆشیدا نەمدەزانی چی بکەم و لەنێو ژوورەکەدا دەسوڕامەوە، ئێستا دوای ئەو چەندین ساڵە هەلێك هاتووە تا لە ئامادەباشیدا بم.

لەپاش نۆ مانگ لە چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە و ملکەچبوون بۆ ئامێری پشکنینی درۆ، پەیوەندیم بە دەزگای شاراوەی سی ئای ئەی کرد وەك ئەفسەرێکی ئۆپراسیۆنی راهێندراو، ئەو کات تەمەنم بیست و سێ ساڵ بوو.

بەشی دووەم

راهێنان

وادانراوە شارەزایی و کارایی لەلای زۆربەی کەساکاندا، جۆرێکە لە ئازایەتی: هەروا سوکرات پێی وابووە، کە ئازایەتی جۆرێکی زانینە.

ئەرستۆ: رەوەشتی نیکۆماخی...

هونەری سیخوڕی

لە پۆلی ڕاهێنانەکانی سی ئای ئەی تەمەنم لە هەمووان بچووکتر بوو، یان کەمتر شارەزا بووم، پێشتر نەچووبوومە سەربازی، هیچ زمانێکی بیانیم نەدەزانی، هەروا بڕوانامەی خوێندنی باڵام نەبوو، هیچ جۆرە تەکنیك و پیشەیەکیشم نەدەزانی.

لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا کاری دەستیم کردبوو، ئەویش ڕاگرتنی ساتورێك بوو بۆ کردنەوەی ڕێگاکان بەرامبەر هێڵی رووپێو، ئەمەش لەو کاتانەی ڕێگەکان زۆر جەنجاڵ بوون، لەلایەکی دیکەوە چەندین شوێنم هەڵکەندووە لەتەك جادە قیرکراوە گەرمەکاندا و ڕاکێشانی دار بۆ شوێنی باڵەخانەکان، لەلایەکی دی هەوڵم داوە بەپیشەیی یاری روکبی بکەم لە پاڵەوانییەتی ئوستورالیدا، بەڵام شکستم هێنا، هەروا لە چوار کیشوەردا شەڕم کردووە ئەمەش وای کرد زۆر جار ئێسکوپرووسکم بشکێ و ددانم بشکێ، بەڵام هیچ کات تۆمارێکی تاوانباریم بۆ نەنووسراوە، پێدەچێ سی ئای ئەی ئەمەی بەهەند وەرگرتبێ.

لەلایەکی دیکەوە توانیوومە نەخشەکان بخوێنمەوە و ڕێگەی خۆم لەنێو جەنگەڵەکان بدۆزمەوە و رزگارم بێ لەنێوەندی خاکی بیانیدا، هاوکات مامەڵەم لەگەڵ چەك کردووە و هەردەم لە کارەکانمدا هەوڵم داوە، لەمەش گرنگتر هەردەم هەوڵم داوە فێر ببم تا رووبەڕووی ترسناکییەکان ببمەوە و بتوانم خزمەتی وڵاتەکەم بکەن لە شوێنە دوورەکاندا.

خولی ڕاهێنانەکەی سی ئای ئەی لە سی هاووڵاتی ئەمریکی پێکهاتبوو، ئەوان تا ئەم دوایەش قوتابی و سەرباز و بزنسمان و پۆلیس و پارێزەر و بیرۆکراتی بوون، هەموومان دوای مانگێ دەروازەکانمان بڕی لەپاش ئەوەی بەدواداچوونی

تەواویان بۆ باکگراوەندەکانمان کردبوو، زانینی هەموو ئەمانەش بە هۆی تاقیکردنەوە و چاوپێکەوتنەکان بوو، لەدواتردا بووین بە راهێنراوی دەزگای شاراوەی سەر بە سی ئای ئەی بەتایبەت باڵی سیخوڕی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێمە کارمان بۆ بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندی دەکرد، ئەویش کاری بۆ سەرۆك دەکرد، دوای هەژدە مانگ لە راهێنان چەند پرسیارێك لەلام گەڵاڵە بوو، کە دەرئەنجامی ئەم هەموو راهێنانە چی بوو یان کێ هەڵدەبژێرن تا لەودیوو دەریاکانەوە دادەنرێ؟ من زۆر متمانەم بەخۆم بوو لەنێوەندی هەموو ئەوانەی، کە بەساڵاچوو بوون، لە کاتێکدا ئەوان شارەزایی و رۆشنبیرییەکی زۆر باشتریان هەبوو، بەڵام متمانەم بەخۆم بوو، چونکە ئازایانە دەمویست بابەتەکان فێر ببم و شتە شاراوەکان بدۆزمەوە، بەو پێیەی زیاتر کەسێکی سەرکێش بووم، بیرم لە هەموو شتێك دەکردەوە، بەڵام بیرم لەوە نەدەکردەوە کە شکست دەهێنم، هەروا بە هیچ شێوەیەك ئەوانەی لە پۆلدا لەگەڵمدا بوون وەك من ئازا و پاڵەوان بن دژ بە ناپاکی و تاوانکاری.

یەکێك لەوانە ئیدوارد لی هوارد بوو، کە لەپاشاندا وەرگەڕا بۆ لای یەکێتیی سۆفیەت و ئابڕووی زۆرێك لە سیخوڕە بیانییەکانی برد، کە زۆر دڵسۆزی سی ئای ئەی برد، زۆربەی ئەوانەش رووسی بوون، ئەمەو لەپاش دەستگیرکردنیان، دادگایی کران، دوای کەلەبچەکردنیان لەپشتەوە گولەیەکیان لە سەریان دا، هەروا ناوی زۆرکەسیان ئاشکرا کرد لەوانە یەکێکیان من بوو، کە زۆر بەجوانی هەڵسەنگاندنی بۆ هەمووان کردبوو، من لەپاش چەندە ساڵێك لەبەڵگەنامەیەکی نهێنی کەی جی بی زانیم، کە کەوتبووە دەست دەزگای ئاسایشی دەرەوە و هەموو سەرچاوەکانی پێ دام، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی لەبیر چوو بێ، بەڵام بەڵگەنامەکەی کەی جی بی زۆر بەدرەنگەوە بەدەستم گەیشت، بەتایبەت ئەو کاتەی لەدانیشتنێکی

ئێوارانەدا و لە دواتر لەکۆڵانێکی تەسکدا کەسێکم دیت، لـە پاشـاندا هـەر ئـەو ئێوارەیە ئۆتۆمبیلەکەی خۆم گـۆڕی، چـونکە لـە بەڵگەنامەکـەدا هـاتبوو، مـن کەسێکی زۆر ترسناکم دژ بە کـەی جی بـی و دەزگـای ئاسایشـی بیـانی، بۆیـە پێویستە هەردەم من لەژێر چاودێریدا بم، لەلای من شـتێکی نـوێ نـەبوو، بـەڵام کەمێك تووشی دڵەڕاوکێ بووم، کاتێك ناوم لەلیستی کەی جی بی بوو، بۆیە لـەو ساتەدا زۆر بەهێمنی بیرم کردەوە.

هاوپۆلێکی دیکەم بەناوی ستیف کابس، کەسێکی باڵا بەرزی سەر رووتاوە و هەردەم چـاویلکەی لەچـاودا بـوو و لەپێشتریشـدا یـاریزانی تـۆپی پـێ بـوو لـە پەیمانگەدا، ئەو زانستی نەخۆشییەکانی لە پزیشکی شەرعی خوێندبوو، هەروا بـۆ ماوەی پێـنج لـە مـارێنزدا خزمـەتی کردبـوو، سـتیف هـەر لـە سـەرەتادا وەك سەرکردەیەك دیار بوو لەکارەکانیـدا و ئۆپراسـیۆنەکانی سـی ئـای ئـەی لـەرووی مەیدانییەوە لە سەردەمی جەنگدا بەڕێوە دەبرد، هاوکات کەسێك بوو دەیویسـت قەزافی واز لە بەرنامەی چەکی ئـەتۆمی لـە لیبیـا بهێنـێ، لـە پاشـاندا پلـەی هەڵدەکشێ بۆ سەرووی دەزگـای سـیخوڕ، کاتێـك گەڕایـەوە بکـرێ بـە جێگـری بەڕێوەبەری سی ئای ئەی، تا ئێستاش ستیف یەکێکە لە هاوڕێیەکانم و کەسـێکە نهێنییەکانم ئاشکرا ناکات.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتا لەدوای راهێنان دەرئەنجانەکانی تیمـی پزیشـکی و تەندروستی دەروونی دەرچوو تیایدا هەموو پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندمان بۆکرا تـا دابمەزرێندرێن لە ئاژانسەکە، ئەمەو من و ستیف لـەرووە دەروونییـەوە زۆر بـاش بووین، ستیف وەك کەسێك لەرووی دەروونییەوە دەستنیشانکرا کە نموونەیەکە بـۆ ئەفسەرێك تیایدا دەتوانێ هەموو ئەوانەی لەگەڵییـدان بیـانجوولێنێ و کەسـێکی

کراوەیـە و شـیکردنەوەکانی توونـدە و هەسـتێکی سـەقامگیری هەیـە کاتێـك ڕووبەڕووی ترسناکی دەبێتەوە، هاوکات کەسێکە ڕێز لەسەرکردایەتی خۆی دەنێ.

کەچی من هەمان ئەو وێنەیە نەبووم، بەڵکو کەسێك لەنێو خشتەی پزیشکی دەروونیدا وەك کەسێك بووم لەنێوخۆمدا خۆم دەخۆمەوە، بەڵام کەسێکە زیرەکە و لەو کەسانەیە کە نیمچە یاخیبووە، کەسێکم پێکهاتەکەم جێگەی سەرسـوڕمانە، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ڕقی لە دەسەڵاتە بەڵام بەشـاراوەیی، هـەروەها کەسـێکە دڵسۆزە بەرامبەر ئەوانـەی کـە خزمـەتیان دەکـا، هـەروا نمرەکـانم لـە سـنووری زانستیدایە، بۆیە وایاندانابوو نمرەکانم تەنیا ئەگەر پیشەیەکە لەخۆی بوەشێتەوە.

هەردەم بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ دۆسییەی ئەدوارد هوارد چی تیادا بـوو بێ.

لەلایەکی دیکەوە لە هۆڵی وانەکاندا، کە چەند نووسینگەیەکی ئاسایی بوو، لە یەکێك لە شارۆچـکەکانی ڤێرجینـا بـوو، هاوکـات ڕاهێنـەرەکانیش کەسـانی ئاسایی بوون، بەڵام هیچکامیانم بەبیر نایەنەوە، کەچی زۆربەی لیسـتەکانم لـەبیرە کە پڕمان دەکردوە، لەتەك ئەو وانانەی بەشـێوەیەی وێنـەی بـوون سـەبارەت بـە سیستەمی چەکە بیانییە، کە لەتەك نموونە ئەمریکییەکان دانرابوو.

وێنەی چـەکەکان لەیەکدەچـوون، چـونکە سـیخوڕە بیانییـەکان بەشـێك لـە نەخشەکانی ئەمریکیان دزی بوو، لێرەوە وانەبێژ چەندین حاڵەتی سـیخوڕی بـاس کرد، کە دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامدراوە. لەتەك هەموو ئەو شتانەی جێگەی نیگەرانین بەتایبەتی ئەو زیانانەی هـیچ شـیکردنەوەیەکیان نییـە کەچی نهێنیی گەورە بۆتە جێگەی بەرژەوەندی هێزە دەرەکییەکان، ئـەم بابەتـەش بەردەوام وەك بابەتێکی بەجۆشوخرۆش لەنێوەنـدی مـاوەی ڕاهێنـان و لـە ژیـانی

پیشەگەریدا جێگەی بایەخ بوو، ئەمەش پێویستی بە پۆلینکردن و شیکردنەوەی هەواڵگری هەبوو تا لە سەرچاوەکەیەوە زانیاریت دەسکەوێ، هەموو ئەو باس و شیکردنەوانە سەرەتایەك بوو بە ئاسایش و دژە سیخوڕی لەلام وەك بنەمایەك بۆ کلتوورێکی سیخوڕی.

ئەم ڕاهێنانە هۆیەك بوو بۆ ئەوەی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لەکار دابین بەتایبەتی لە بەشەکانی جوگرافی و کارکردن لەنێو دەزگای شاراوە، کەناونرابوو بە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆپراسیۆنەکان، ئەمەش هۆیەك بوو تا بەخێرایی کار لە بەشەکانی دیکە بکەین، بۆ ئەمەش چەند جارێك گەشتم بەرەو باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا کرد، بەراستیش ئەو شوێنەم خۆش ویست، بۆیە داوام کرد لەو بەشەدا کار بکەم.

بەو پێیەی ئێمە وەك راهێنەر شتێکی وا نازانین سەبارەت بەو کارەی پێمان سپێردراوە، بەڵام زیاتر وەك پۆستەبەری نووسینگە بووین، ئەمەش هەلێکی باش بوو تا تیشك بخەینە سەر ئۆپراسیۆنە کردەییەکان، تا فێری سیخوڕی راستەقینە ببین، کە لە بارەگای سەرکردایەتی کار دەکەن، لەپاش کارەکەیان لەمەیداندا.

لە هەفتەی یەکەمدا کارێکی کاتیم دەستکەوت لەیەکێك لە نووسینگەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، سەرەتایەك بوو لەو ئۆپراسیۆنانەی کە پەیوەستە بە ژیان و مردن، یەکێك لەو کەسانەی بەرپرس بوون ئەفسەرێکی رەقەکار بوو، بەڵام خۆی پیاوێکی باش بوو، ماوەیەکی زۆر لە جەنگی ڤێتنامدا کاری کردبوو، ئەو چەندین دۆسیەی خستە بەردەمم و داوای کرد بیخوێنمەوە و هەڵسەنگاندنی خۆمی بۆ بکەم، دەویست پارەی بەشێك لە سیخوڕە بیانییەکان لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، کە ماوەیەك نەمانتوانی پەیوەندیان پێوە بکەین، دۆسییەکان باسی

چەندین کاری پاڵەوانیەتیان دەکرد، کە بە هیچ شێوەیەك نەیاندەزانی بەزەیی چییە، یەکێك لەو دۆسیانە دانەیەکی نووسراو بوو بۆ پەیوەندییەکانی بێتەل لەلایەن سیخوڕێکی بیانییەوە، کە نەفرەتی لە کارەکەی دەکرد لەنێوەندی سی ئای ئەی، بە شێوەیەك ئەو لە شوێنێکی زۆر دوور بوو، بەتایبەت ئەو کاتەی تیمی چاوخشاندنەکانی رووبەڕووی هێرشێکی دوژمن بووبوونەوە، هیچ کام لەو سیخوڕانەی کاریان لەگەڵدا دەکرد، نەیاندەزانی لەنێو خێزانەکەیدا چ کەسێك ماوە لەژیانیدا، بۆیە پێشنیارم کرد حیسابەکەی دابخرێ و پارەکەی بگەڕێندرێتەوە بۆ گەنجینەی ئەمریکی.

بەبیرم دێ کاتێك لەنێوەندی ئۆپراسیۆنێکی کاتیدا دابووم، لەپاشانیشدا ئاشکرا بوو، ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨١ لە رۆژنامەی واشنتن پۆست مانشێتی گەورەم بینی سەبارەت بەبوونی تیمێکی بەدواداچوونی سی ئای ئەی لە لاوس، کە بەدوای دیلەکانی جەنگی ڤێتنام دەگەڕێ، کەچی گێڕانەوەی راستەقینەی ئەم باسە رێکخستنەکانی لوجیستی بوو لە بارەگای سەرکردایەتیدا، دواتر زانیم تیمەکە تا ئەو کاتە لەلاوس بوون کە ماوەیەکی دوورودرێژە تا دەگەنە سنووری تایلەند، بەڵام چۆن ئەم باسانە ئاشکرا بوون؟ یان بۆچی رۆژنامەیەکی ئەمریکی ئەم باسانە چاپ دەکات؟

لە کاری کاتیی دووەمدا گوازرامەوە بۆ بەشی ئەفریقیا بەشێوەیەك شتێکی وام نەدەزانی سەبارەت بەو کیشوەرە، لە کاتێکدا سیخورە مەیدانییەکان هۆیەك بوون تا لەو کارە بەشدار بم، ئەوان کۆمەڵەیەکی تێکەڵاو بوون لەوانەی کەسانی سەرەڕۆ بوون، بەو پێیەی دەزگای شاراوەی بەشی ئەفریقیا ئەفسەرەکانی زیاتر یاخیبوونیان پێوە دیار بوون، زۆرێك لەوانە پێیان وابوو ناتوانم خۆم لەگەڵ ئەوانەدا بگونجێنم بەشێوەیەك ژینگەی کارکردن زۆر پێشکەوتوو بوو.

بە بڕیاری یەکێك لە سەرۆکەکانی بەشێك، کە پیاوێکی زۆر زل بوو، جۆرێك لەکاریزماشی پێوە دیار بوو، ئەو یەکێك لەو ئەفسەرە سەرەتاییانەی نیمچە سەربازی بوون لە سی ئای ئەی، کە لەسەرەتای شەستەکاندا لە لاوس بووە و لەگەڵ همونگ کاری کردووە، لەپاشاندا سەرکردایەتی وێستگەی وڵاتە ئەفریقییەکانی گرتۆتە دەست بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی بە فەرەنسی قسە دەکەن، ئەو هەردەم دەویست سەرکەوتوو بین بەتایبەتی لەرووی پەیوەندی و گەیاندنەوە، هەردەم دەستپێشخەرییەکانی دەگەیشتە داهێنان بۆیە دوودڵ نەبوو لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی لەلایەن راهێنراوەکان بەتایبەتی ئەو گەنجانەی وەك منن.

لە نووسینگەکەی دانیشت و رووبەرێکی گەورەی داگیر کردبوو، وەك ئەوەی ژوورەکە بچووك ببێتەوە، ئەو فێری کردم چۆن مامەڵە لەتەك تیمی پەیوەندییەکانی بیانی بکەم، کە دەنێردرێتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاتێك بۆ راهێنان دەچن بۆ ئەوەی زانیاریان هەبێ لەسەر پیشەکە، ئەمەش پەیوەندییەکی هەواڵگری نوێیە و یەکەم جارە سەردانی ئەمریکا دەکەن، لەپاش ماوەیەکی کەم لەجێیەجێکردنی راهێنانەکە سەرۆکی وڵات سەردانیان دەکات، بەشێوەیەك ئەمە کارێکی گەورەیە بۆ ئەم لقەی هەواڵگری و سیخوڕی.

پرسیاری ئەوەم لێ کرد کێ سەرپەرشتی ئەو سەردانە دەکات؟ کامە ئەفسەر بەرپرسی ئەمەیە، ئەمەو سەرۆکی لقەکەمان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە گوتی " تۆ".

لە شوێنی خۆمدا تاسام، بڕوام بەوە کرد، کە عەقڵی خۆی لەدەست داوە، چونکە من راهێنانم نەکردووە و هیچ شتێك سەبارەت بە ئەفریقیا نازانم، هەروا

پەیوەندیم نییە بەو دەوڵەتەوە، تەنیاش چەند مانگێکە من پەیوەندیم بەم ئاژانسەوە کردووە، بەڵام لەپاشاندا گفتوگۆیەکی زۆرم دەکرد سەبارەت بەو لقە.

سەرۆکی لقەکەم چاودێری دەکردم تا شتێك بڵێم، لەوانەیە ویستوویەتی بترسم تا ڕەزامەند نەبم، بەڵام یەکسەر ڕووداوێکی منداڵیم هاتەوە یاد کاتێك یاری تۆپی پێمان دەکرد، ئەو کات تەمەنم حەوت تا هەشت ساڵان بوو، ڕاهێنەرەکەم مایك هودجز داوای لێ کردم لە هێڵی بەرگرییەوە بگەڕێمەوە بۆ هێڵی یەکەم، مایك لێم تووڕە بوو، چونکە بڕوام بە بڕیارەکەی نەدەکرد، بۆیە ترسام گەڕامەوە هێڵی یەکەم، بۆیە تا وەرزەکەش تەواو بوو لەوێدا یاریم کرد، لەگەڵ چەند نموونەیەکی دیکە لەوانەیە شایەنی ئەوە بێ بەبیرم بێتەوە.

بۆیە بە سەرۆکلقەکەم گوت "بەڵێ بەڵێ، سوپاس، هیچ گرفتێك نییە"، وەڵامەکەم بەشێوەیەك بوو هەموو هێزێکم کۆکردەوە تا متمانە بەخۆم بکەم.

هاوکات دەمویست ریشم درێژ بێ، فرانکۆ یەکەم ناوی خوازراوی بۆ دانام، لەپاشاندا ئەوانەم بینی، کە کارم لەگەڵدا دەکەن و بەرنامەیەکم دانا، جگە لەوەی چاوم بە بە ڕاهێنەرەکانی پەیوەندی بیانییەکان کرد تا هاوشانیان بێ لەهەموو جوولەیەکیان.

بە ماوەی چوار هەفتە کارەکانی خۆم ڕێکخست، بەڵام نەمتوانی کارایی ڕاهێنانەکە هەڵبسەنگێنم لەڕووی کاری سیاسییەوە، چونکە هیچ خاڵێکم نەخوێندبوو سەبارەت بەو سەرچاوانە، بەڵام وەك هاوکارێکی نەزان تەنیا ئەرکەکانم جێبەجێ دەکرد.

تەنیا شتێکی سەیرم بەبیرماوە لە ماوەی پشوودان، لەو کاتەی ڕاهێنانمان تەواوکردبوو، بەڵام کاتەکە درەنگ بوو، لەپاش ئەوەی یەکێك لەو قوتابیانەی

سەردانیان کردبووین، داوای کرد بەتەنیا قسە بکەین، بۆیە چووینە ژوورێکی بچووك دوور لەوانی دیکە؟

قوتابییەکە ئاماژە بەنێو هەردوو رانی دا و بەچرپەیەك گوتی " ئەندامەکەم ئازارم دەدا".

پرسیارم لێکرد: " ئەندامەکەت".

دووبارەی کردەوە : " ئەندامی نێرینەم".

"چییەتی"

بەهێواشی گوتی "نازانم"، بۆیە دەبێ چاوەڕێ بکەین.

"نا نا ئەمە رووناداتت"، زۆر بەرێزەوە وەڵامم دایەوە و گوتم " من تەنیا دەست لە ئەندامی خۆم دەدەم، با پزیشکێك بهێنین".

ئەمەو لە بەیانی رۆژی دواتردا پزیشکی سی ئای ئەی پشکنینی بۆ قوتابییەکە کرد، لەپاش چەند خولەکێك ژوورەکەی جێ هێشت، پزیشکەکە قوتوویەکی حەبی پێم دا و گوتی " دەرزیەکم لێ دا، ئاگادار بە بەپێی رەچێتەکە حەب بخوات".

پرسیاری ئەوەم لێ کرد: "ئایا تووشی نەخۆشییەکی خراپ بۆتەوە؟".

"لەوانەیە تووشی خراپترین نەخۆشی فرێدان بۆتەوە، بەهیچ شێوەیەك شتی وام نەبینووە"، بۆیە دەستی لەسەر شانم دانا و بەخێرایی بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی رۆیشت.

زۆری نەبرد چوومە لای نەخۆشە بیانییەکە.

بڕوام بەوە نەدەکرد ئەمەش بەشێك بێ لە کارەکانم، هەروا هیچ جۆرە شیکردنەوە و کتێب و فیلمم لەو بارەیەوە نەبینی بوو بەتایبەتی کاتێك باس لە جیمس بۆند دەکرێ.

قوتووە حەبەکەم دا بە هاوکارە بیانییەکەم و زۆر بەهێمنی و بەزمانێکی سادە قسەم بۆ کرد "پێویستە هەموو ڕۆژێك ئەو حەبانە بخوێت" و قوتووە حەبەکەم جولاند "دەنا ئەندامەکەت لێ دەبێتەوە".

"بەلێ بەلێ، سوپاس، سوپاس" دەستی بۆ قوتووی حەبەکە برد.

کارکردنم لە بەشی ئەفریقیا زۆر بەرپرسیاریەتی خستە سەر شانم، زۆرێك لەئالنگارییەکان فێر بووم، لەتەك ئەوەی بووم بە هاوڕێی ئەو قوتابییەی نەخۆش کەوت، کارکردنم لەوێدا بووە هۆی ئەوەی زۆر شت بزانم سەبارەت بەو کیشوەرە، بۆ ئەمەش زۆرێك لە ئەفسەری ڕووس و چینی و کوبی هەتا کۆریەکانیشم بەکارهێنا بۆ خزمەتی ئەو لقە، تا کارگەیشتە ئەوەی بەرپرسانی ئەفریقی و یاخیبووەکانیشم بۆ لای خۆم ڕاکێشا تا بەهەموو شێوەیەك زانیاری کۆبکەمەوە، چونکە ئەم بەشەی ئێمە باوەشی کردبۆوە بۆ هەموو بابەتێکی جوگرافی، لەمەوەش زۆرێك لە ئەفسەرەکان کاری مەزنیان کرد، زیاتریش کارەکانیان بەرێکوپێکی بوو، بەلام زۆر بەکەمی داهێنیان لە کارەکانیان دەکرد.

لەلایەکی دیکەوە لەپێشتردا ئەفسەرەکانی ئەفریقیا بەشێوەیەکی گشتی کارەکانیان لەنێوەندی ژینگەیەکی نەگونجاودا بوو، ئەم بەشە کەسایەتیی گەورەی تیادا بوو وەك ولیام "بوانا" کە کەسێکی زل و خاوەن لەشێکی پتەو بوو، لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوانەی لەم بەشەدا کاریان دەکرد کەسانی بوێر بوون، هەردەم

حەزیان بەترسناکییەکان دەکرد، بۆیە هەردەم دەمویست لەگەڵیان بم و شتیان لێ فێر ببم.

لەگەڵ هاوڕێیانی خولەکەم لەپاش کارە کاتییەکانم لە بەشی ئەفریقیا، گوازراینەوە بۆ "کێڵگە" (بارەگای ڕاهێنانی نهێنی سەر بە سی ئای ئەی) تا چەند مانگێك ڕاهێنانێکی چڕ سەبارەت بە پیشەکەمان بکەین.

زۆربەی ڕاهێنەرەکانی "کێڵگە" تەنیا دوانیان نەبێ، ئالوودەی مەی بووبوون، هیچ ڕێگەیەك نەبوو بۆ چارەسەرکردنیان، بەڵام زۆر گرنگ بوو ئەفسەری وەك گاری شرۆنی تیادا بوو، کە شارەزایی باشووری ئاسیا بوو، کە لەپاش ١١-٩ سەرکردایەتی تیمی شکێنەری کۆدە دەکات لەنێو ئەفغانستاندا، زۆرێك لەوانەی لەوێدا بوون سەرۆکی وێستگەکان بوون و هەندێکیان وەك هونەرمەندێکی شارەزا خزمەتیان کردبوو لەو ناوچانەی کە قەدەغەکراو بوو، بە هۆی زیرەکیان توانیبوویان ژیانی زۆرێك لە ئەفسەر و سیخوڕەکان بپارێزن، ئەو ڕاهێنەرانە لە یەکێتیی سۆفیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ئاسیای کۆمۆنیست کاریان کردبوو، هەموو ئەوانە لە دێرینەکانی ڤێتنام بوون، پسپۆڕی نیمەچە سەربازی بوونە، هاوکات ئەزموونی زۆر نوێیان ئەنجام دابوو بەتایبەتی لە ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی، هەندێکیان کارایەکی بەرزیان هەبوو لەلوجیستی و تەکنیکی، کەسانێك بوون چەندین زمانیان دەزانی، بەشێکی کەمیان کەسانی بیانیان لەخۆگرتبوو بۆ سیخوڕی ئەمەش بۆ هەموو بەشەکانی دەزگا دەکرێ وابێ، بەڵام ئەو چەند کەسە بیانییە بەهای گەورەیان هەیە.

ئەو ڕاهێنەرانە لەنێوەندی ڕاهێنانەکانیان ئێمەیان بە هەموو بنەماکانی کار سیخوڕی فراوان ئاشنا کرد، لە هەموو ڕوویەکەوە باسیان لە پیشەگەرییەکەمان

کرد، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بەو نامانەیە کە کۆدیان لەگەڵدایە لەتەك سندووقەکانی نامە و چۆنیەتیی چاودێریکردن، بەپیادە و بە ئۆتۆمبێل راهێنانمان کرد، سەردانی زۆر شوێنی شارستانیەتمان کرد، تا لەنێوەندی شار و شارۆچکە جەنجاڵەکان چۆن کارەکانمان ئەنجام بدەین.

لەوێدا بۆم دەرکەوت، کە کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری بە هۆی چەندین سەرچاوەوە دەکرێ وەك ئەو وێنانەی لە ئاسمانەوە گیرابێ، بەڵام تواندرابێ هێمایە هەواییەکان رێگری لێ کرابێ و بتوانیت بچیتە نێوەندی تەلەفۆنەکان و گوێگر بیت و بتوانیت لە شوێنە نهێنییەکان کارەکانت بکەیت، جگە لەو سەرچاوەی هەردەم بەکراوەیی زانیاریت پێ دەدەن.

لە کاتێکدا ناوەرۆکی هەواڵگری سیخوڕیکردنی کەسەکانە، ئاسانترین بنەمای تێگەیشتنە لە چوارچێوەی شێوازەکان چ لەرووی کەسێکەوە دڕندەوە تا کەسێکی خۆشەویست و بەبەها، کاریگەرییەکانیش بە هۆی تارماییە هەڵچووەکانە، هەر تەنیاش کاری سیخوڕی تەنیا پەیوەست نییە بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بەڵکو پەیوەستە بە کەرەستەکانی پیشەوە، ئەمەش دەبێتە پشتگیرییەك بۆ سیاسەتی دەرەکی.

کارەکانی من لە سیخوڕی یەکسانی تیادا نەبوو، بۆیە پزیشکەکانی سی ئای ئەی بەرادەیەك لەسەر هەقن، ئەمەو کارایم تەکنیکیم زۆر بەرزە، بەڵام لەرووی زانینی زانستیم تا ئێستا سەرەتایم.

جگە لەوەی ئەو زمانە بیانیانەی دەیزانم زۆر خراپە، هیچ بەختێکم نییە، تەنیا ئەوە نەبێ من ئەمریکیم، زۆر بەزوویی هەستم بەوە کرد توانایەکی زۆرم نییە لە زمانەکان و ناتوانم بەتەواوی خۆم بگونجێنم لەگەڵ کلتوورەکانی دیکە،

زۆریش هەوڵم نەدا خۆم سەرقاڵ بکەم بە زمانەکانی دیکە، بەڵکو تەنیا ڕۆشنبیریی گوندەکانی جۆرجیام گواستەوە بۆ هەموو گۆی زەوی، چونکە هیچ بژاردەیەکی دیکەم نەبوو، بەڵام چۆنیەتیی قسەکردن و دەنگم گۆڕی تا بەرپرسانی ئەورووپی و یاخیبووەکانی ئەفریقیا و سەرکردەکانی جەنگ لە ئاسیا و دیبلۆماسییەکانی ئەمریکای لاتینی لە ئینگلیزییەکەم تێ بگەن.

زۆر بەکەمیش حەزم بەوەبوو لە شوێنە قەدەغەکراوەکاندا ئۆپراسیۆن ئەنجام بدەم، لەگەڵ ئەوەی چەندین جار گەشتم کردووە بەسیفەتی بازرگانی و ئەو ناوچانەی تیایدا بوومە ناوچە قەدەغەکراوەکان بووە، بیرکردنەوەم تا ڕادەیەك باش بوو بەتایبەتی لە خوێندنەوەی نەخشەکان بۆیە زۆر بەئاسانی دەمتوانی نەخشەکان بخوێنمەوە، هەر لەو کاتەی لە "کێڵگە" بووم هەوڵم دا زۆر باش بم، هەردەم بەدوای دارشتنە ئاشکرا و ونبووەکاندا دەگەڕام، چونکە لەوانە ئینگلیزییەکاندا هەردەم من خەوم دەهات.

بەردەوامبوون یەکێکە لە کارە گرنگەکان بەتایبەتی لە پرۆسەی ڕاپۆرتە بەکلاکەرەوەکان، ئەمەش بنەمایەکی ڕاستەقینەی سیخوڕییە، ئەمەو لەژیانی پیشەیدا هەزاران ڕاپۆرت و بروسکەی کردەیی و نامەی دیبلۆماسیم ناردووە.

ڕاهێنەرانی "کێڵگە" هەردەم جەختیان لەوە دەکردەوە کە زۆربەی کڕیار و کەسەکان دەبێ ببنە بەرهەمێك بۆ هەواڵگری، هاوکات کڕیاری یەکەم سەرۆکە، لەدوای ئەویشدا زۆرێك لە باڵیۆز و سەرکردە سەربازییەکان و یاساناسان و ئەفسەرانی چەسپاندنی یاسا و دیبلۆماسییەکان و شرۆڤەکارانیش کڕیارن، چونکە هەر هەموو ئەوانە پێویستیان بە هەواڵگرییە بۆ وەرگرتنی بڕیارە سیاسییەکان و دانانی پلانی کردەیی لە هەر بوارێکدا.

ئەو ئەفسەرانەی بەکردەیی لەکاردان بۆ هەواڵگری، هەموو شتەکان بەشێوەی راپۆرت بەرز دەکەنەوە، هاوکات هەموو ئەوانە ناونیشان و رێککەوتی وەرگرتنی زانیارییەکان دەنووسن، بەمەرجێك زانیارییەکانی سیخوڕ راستگۆیانە بێ، زۆر بەکەمی ئەوانەی لە سی ئای ئەی دان ناسنامەی سەرچاوەکە نازانن، لە کاتێکدا کڕیارەکانی راپۆرتەکانی هەواڵگری پێویستیان بەناو نییە، بەڵام پێویستیان بەجۆر و راستگۆیی زانیارییەکان هەیە، دێڕی ناوەند پەیوەستە بەناوی سەرچاوە، لە کاتێکدا ناسنامەکەی پارێزراوە، ئەمەش پەیوەستە بەراستگۆیی زانیارییەکان لەسەرچاوەوە.

هەروا راهێنەرەکان فێری ئەوەیان کردین چۆن بروسکەکان بنووسین، ئەمەش هاوپێچی راپۆرتەکانی هەواڵگری فەرمییە، ئەو بروسکانەش هەموو رووەکانی کاری تیادا روونکراوەتەوە، بەمەش ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکان دەتوانێ پشت بەهەموو ناوەڕۆکەکان ببەستێ، واتە چۆن سەرچاوە زانیارییەکانی دەستکەوتووە، تەنیاش چەند کەسێکی ناو سی ئای ئەی دەتوانن ئەو بروسکانە بخوێننەوە.

هاوکات راهێنەرەکان لەنێوەندی باسەکەیان جەختیان لەوە کردەوە، کە ئەم نامانە چەندین وەڵامی کردەیی لەخۆ دەگرێ: وەك ئایا سەرچاوەکە بە هۆی کارەکەیەوە توانیویەتی ئەو زانیاریانەی دەستبکەوێ؟ ئەگەر وانە بوو، چ دۆخێك وای کردووە ئەم زانیاریانەی دەست بکەوێ؟ چۆن کەسی سیخوڕ توانیویەتی بگاتە ئەو زانیاریانە؟ ئەی سزای کارەکانی چی دەبێ؟ ئایا متمانە بە سەرچاوەکانی دەکا؟ بۆچی؟ ئایا بەردەوام دەگاتە ئەو زانیاریانە؟ چ ئەجندایەك هەیە تا بگاتە ئەو زانیاریانە، ئایا بەپێی پێویستی ئەفسەری کردەیی و رێنمایەکانیەتی؟ ئایا سیخوڕ و کەسی متمانەپێکراو یاخود سەرچاوە لاوەکییەکان، تەنیا ویستویەتی

کاریگەری خۆی نیشان بدا و تەنیاش بۆ سەیرکردن نەبێ؟ هۆکاری ئەم دۆخە چییە؟

ڕاهێنەرانی "کێلگە" هەردەم چەندین ڕاهێنانیان دووبارە پێ دەکردینەوە، تا بتوانین جیاکاری لەنێوان هەوالگریی و پشتگیری بە ڕاستییەکان و تەخمین و بۆچوونەکان بکەین، ویان لێ کردین جیاکاری لەنێوان هەوالگری لە زانیارییە کردەییەکان بکەین، لەیەکێك لە وانەکانی ڕاهێنان سێ ڕاهێنەر سێ ڕۆمانی جۆراوجۆریان پێ دام، ڕۆمانەکان جیا بوون بەڵام هەمان زانیاری تیادا بوو، مەبەستیش لەمە بوو بۆ نووسینی ڕاپۆرتێکی هەوالگری دەبێ لەسێ سەرچاوە زانیاری وەربگری، هەرسێکیان هەمان ڕاستی دووبارە بێتەوە تیایدا، بێگومان بەپێی بروسکەیەکی کردەیی، لە کاتێکدا ڕاهێنەرەکانم کارەکانی منیان شیکردەوە، بەتەنیا بەتەنیا جێیان هێشتم تا ڕوانینەکانم بچێتە نێوەندی تارماییەکان، ئەمەش وەك گەنجینەیەکی هەوالگری سەیر دەکرێ.

ئەمجۆرە ڕاهێنانە ڕۆژانە بوون، وەك ئەوە بوو ڕاهێنانێك بکەیت و زەخیرەیەکی زۆرت لەلا بێ لەڕووی هەست و کۆمەڵایەتی و دەروونی، ئەمەش وەك سەربازگەیکی ئەدەبی توند و نامۆ وابوو، هەموو ئەمانە جۆرێك لە خۆشی و لە ئاوێتەبوونی دەنواند.

وانەی سیخوڕیکردن لەلای من شتێکی شاکار بوو، لە کاتێکدا لەهونەری تەجنیدکردن بەشێوەیەکی ڕەمەکی و دوور لە وردبینی، ئەمەو یەکێك لەڕاهێنەرەکان باسی لەوە کرد کاتێك یەکێك چەندین کەس بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ تا بەپێی پلانەکانی بجولێەوە و کاری بۆ بکا ئەوا کاتێك هەشتا لەسەدا باسەکە تەنیا لەگۆڕەپانی دەرەوەدا بڵاوە پێ دەکرێن، لەوێوە دەزاندرێ کامە

ئەفسەر توانیویەتی سەرکەوتوو بێ، بە مەرجێك نوێنەرەکانت بەشێوەیەکی فراوان کەسایەتی تیادا بێ، زۆرێك لەئێمە زۆر گرنگیان بە پزیشکە دەروونییەکان نەدەدا بەتایبەتی لەرووی چۆنیەتیی سەپاندن و کەسایەتی، بەڵکو هەر قوتابییەك بەپێی تواناکانی هەوڵێکی زۆری دەدا تا نەریتی باش لەخۆ بگرێ و هەمان رێگەی سیخورەکانی بگریتەوە، بەردەوام دەبێ فێر ببێ، جەختیش لەوە بکرێتەوە هەموو گەورەپیاوانی کۆکەرەوەی زانیاری دەبێ بەردەوام کارایان بەهێزتر بکەن، چونکە ئەوان هەردەم لەحاڵەتی تاقیکردنەوە و خۆگونجاندان بە هۆی جیاوازی مەبەست و ژینگەکان.

راهێنەرەکان پێکهاتەی پرۆسەی تەجنیدکردنێن بە وشەی "ماتا"گۆڕی بوو، کەمانای "پارە" و ئایدلۆژیا و تێخزان و پشتگیرییە، کەچی من بیرم لەشتێکی دیکە کردەوە بە ناوی تۆڵەسەندنەوە، ئەمەش تەواوکەری پشتگرییە، بەڵام دەکرێ هەریەکێکمان ناوی لێ بنێین، لەپاشاندا و لە ژیانی پیشەیدا فێری زۆر شت دەبم وەك دژیتیرۆر و جەنگ و پراکتیککردنی رقلێبوونەوە، هەموو ئەمانە ئالۆزکاوێکی جوولەدارن.

ئەفسەر لە هەموو پرۆسەی سەربازگیریدا(تەجنید) چەند پێکهاتەیەکی هاندان دەدۆزێتەوە و کاری پێ دەکا، هەر ئەفسەرێکی ئۆپراسیۆنێك کۆمەڵە کاراییەکیان هەیە، هەندێکیان تەنیا رەنگەکان بڵاودەکاتەوە لەسەر کوتاڵەکاندا، کەچی هەندێکی دیکە زۆر وردی چینەکان لەسەر چینەکان دادەنێ، بەشێکی دیکەیان پەیوەندی لەگەڵ ئەوانە دەبەستێ، کە لەوانەیە ببێتە کەسێك زانیاری بۆ کۆدەکاتەوە، ناشزانی چی کۆدەکاتەوە، بەشێکی دیکە پشت بەچەندین توێژینەوەی دەروونی دەبەستن بۆ رەنگکردن بەپێی ئامادەکراوەکەی بەردەستی.

ئەفسەری ئۆپراسیۆنی سەرکەوتوو دەبێ درك بەوە بكات، بەشی هەرەگەورەی کارەکانی تەجنیدکردنی سیخوڕەکانە لەدەوربەریدا، چونکە پێویستە بزانیت کێ دەست نیشان دەکەی، هەروا ئەفسەر نابێ بەخێرایی پرۆسەکان هەڵبـژێرێ، دەبـێ لەوە تێ بگا ئەوەی هاوکاریت دەکا، ئەویش پێداویستی خۆی هەیـە، لەکۆتاییـدا دەبێ کێ ئامانجە تا تێ بگات پێویستی بە خزمەتی هەواڵگرییە.

کارەکە زۆر ئاستەنگی هەیـە، چـونکە بـاری کوتـاڵی جیوسیاسـی هـەردەم وەرچەرخان بەخۆیەوە دەبینێ، هەندێکجار ئەو کوتاڵە یـان ئـەو قوماشـە دەدڕێ، هەردەم ئەفسەر و سیخوڕەکان دەیانەوێ زانیاری تـەواو بـدەنن بـەڵام هـیچ کـات نموونەیی نابن، وەك ئەوەیـە دەیـەوێ وێنەیـەك بگـرێ، هـەروا دەیـەوێ خـۆی و سیخوڕەکەی هەردەم رزگاریان بێ، تا رێخۆشکەر بن بۆ ئەوانـەی کردەکـە ئـەنجام دەدەن و پەیامێك بدەن بە سیاسییەکان.

هەر دەم دەمویست زیاتر فێر ببم وەك برسـییەك وابـووم بـۆ زانیـاری زیـاتر وەرگرتن لەسەر هەواڵگری و پێشکەشکردنی کارەکانم، تا لەناوەڕاستی وانـەکان و لە کۆتایی راهێنانەکان بەباشی دەربکەوم، تا کـارێکم لـەدەرەوەی وڵاتـدا بدەنـە دەست.

بەشی ئەفریقیا رازی بوو لەسەر داواکارییەکـەم، کـاری مـن وەك ئەفسـەری ئۆپراسـیۆنەکان بـوو، تـا ئێسـتاش وەك راهێنراوێکـی کـاتی وام: پۆسـتەبەری نووسینگە، لەوانەیە لە "کێڵگە" دەربچم، بەڵام شارەزایی مەیـدانیم کەمـە، تـا ئێستا تەنیا وەك نووسەرێکی راپۆرتەکان وام، بەڵام زۆر دڵخۆش بووم کاتێـك لـە چاوەڕوانی خولێکی نیمچـە سـەربازی دام، تـا لـەدواتردا رامسـپێرن بـۆ کارێـك لەدەرەوەی وڵاتدا.

رۆژێکیان لەو کاتەی لە چاوەڕوانیدا بووم، گەنجێکی باڵابەرز لە بەرامبەر نووسینگەکەمدا تێ پەڕی، لەناکاوێکدا ئاوڕێکی دایەوە و گوتی "تۆ کێی؟ چی دەکەی".

لە وەڵامدا گوتم "من ئەفسەری نووسینگەم"، لە دڵی خۆمدا گوتم ئەو کوڕە رەزاگرانە کێیە، کە تەنیا چەند ساڵێك لەمن گەورەترە، لەو کاتەدا هەستم بەوە کرد زۆر متمانەی بەخۆیەتی، لەوانەشە ئەمە ئەفسەرێکی مەیدانی بێ.

ئەو وەك ئەوەی بیرکردنەوەکەم بخوێنێتەوە و گوتی" من جێگری سەرۆکی ئەم وێستگەیەم، تۆ پشتگیری لە وێستگەکەی من دەکەی، ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە تۆ چ کارێك دەکەی؟".

"بەڵێ من بەدواداچوون بۆ کاری سەرکردەکان دەکەم، وەڵامی پرسیارەکانی دیکەشت دەدەمەوە، من ئێستا لە کێلگە تەواو بوومە، چاوەڕێم فەرمان و کارەکانم دەکەم".

بەتوڕەیی سەیری کردم، بۆیە کورسییەکی راکێشا و پەڕەیەکی راکێشا، وێنەی بەیانی کێشا، سەبارەت بە کارکردن لەوێستگەکە، ناوی چەندین سیخوڕ نووسی و باسێکی دوورودرێژی کرد سەبارەت بە هونەرەکانی پیشە، هەروا باسی تۆڕی سیخوڕە باشەکان کرد، لەتەك ئەو ئالنگاریانەی تووشی دەبینەوە لەناو وێستگەکەدا، هەروا بەکورتی باسی پەیوەندییەکانی وێستگەی کرد لەگەڵ کەسانی ئەو ناوچەیە، هەروا ئەوەی شی کردەوە، کە وێستگە چۆن بەشێوەیەکی فراوان خزمەت بە سیاسییەکانی ئەمریکا دەکات، هاوکات زۆر بەروونی وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە، ئەمەو لە بیست و پێنج خولەکدا بەرامبەر بەو رۆژانەی دەخوێندەوە فێر بووم.

لەپاش ئەم بابەتانە کە خۆم داوام لێ نەکرد، گوتی " کاری تۆ لەم بارەگایە زۆر گرنگە، ئێمە پشت بەتۆ دەبەستین".

لە وەڵامدا گوتم "سوپاست دەکەم، قوربان".

بەهەمان شێوەی دەرکەوتنی ڕۆیشت، ئەو کەسێك بوو بەڕوون و ئاشکرایی قسەی دەکرد، لەگەڵ ئەوەی ناچار نەبوو واز لەکارەکانی بێنێ و بێ هانی کەسێك بدات تا ئێستا تەنیا خامێکە.

بەڵام ئەمە کاری سەرکردە باشەکانە، بیرم لەوە کردەوە ڕۆژێك لەڕۆژان کاری لەگەڵدا دەکەم.

ئەمە یەکەم چاوپێکەوتن بوو لەگەڵ کۆفر بلاك، هەردوو پێکەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئەفریقیا بووین، هەر یەك لەلای خۆیەوە پلەی بەرز دەبۆوە، بۆ ماوەی دوو دەیە، لەپاشاندا ئەو دەبێتە سەرۆکی بنکەی دژەتیرۆر و منیش بووم بەجێگری، بەو شێوەیە دەبێتە هاوڕێم بۆ هەتا هەتایی.

لەپاش چەند هەفتەیەك سەرکردەیەکی مەیدانی لە ئەفریقیا بەدەرکەوت و هاتە ژوورە بچووکەکەم، ئەو کورتەباڵا بوو. ئەو ڕستەکانی زۆر بەخێرایی دەردەبڕی، ئەو گوتی سەرۆکی وێستگەیەکی بچووك بوو، بەڵام کاری سەرەکی کاری شاراوەییە بەڵام بەپارەیەکی باش، هەروا گوتی وێستگەکەیان پێویستی بە کەرەستە و زانیاری زیاترە، زیاتریش ئامانجەکانیان جیهانی سێیەمە، بەجۆشوخرۆشەوە گوتی زۆرێك لەرووسی و چینی و لیبی و کۆبییەکان چاوەڕێی ئەوەن بەکاریان بێنین وەك سیخوڕ.

لەلایەکی دیکەوە گوتی " سەیری دۆسیەی تۆم کردووە، تۆ گەنجێکی و خێزانت پێك نەهێناوە، لە کێلگەدا کارێکی باشت کردووە، بەتایبەتی لە سیناریۆیەکانی سەربازگیری تەجنیدی سیخوڕەکان".

"بەڵێ قوربان زۆر خۆشیم لەو کارانە بینی".

ئەو پێی وابوو لە مەیدان و گۆڕەپاندا خۆشییەکی زیاتر دەبینی، "داوام وایە پەیوەندی بە وێستگەکەمان بکەی، کاری رووماڵکردنی بەدرێژایی رۆژ بەردەوامە، بەڵام کۆبوونەکانت لەگەڵ سیخوڕەکان تەنیا بەشەو دەبێ، ئێستاش وەڵامم دەوێ".

"هەر کاتێك تۆ کارت بەمن بێ من دێم".

"مانگی داهاتوو".

"بەڵام قوربان، لەوکاتەدا دەبێ دەست بە راهێنانی نیمچەسەربازی بکەم، من زۆر شارەزایی سەربازی نیم، ئەمەش بەسوودە بۆ من".

"تۆ پێویستیت پێی نییە، هیچ جەنگێك نییە تۆ بچیتە ناوی، ئێمە کار لەبواری سیخوڕیدا دەکەین".

دەمویست بچمە خولی نیمچەسەربازی، بەڵام ئارەزووشم لە مەیداندا زیاتر بوو، هیچ کاتێك بیرم لەوە نەکردۆتەوە لەساڵی ٢٠٠١ خۆم سەرکردایەتی جەنگی سی ئای ئەی دەکەم لەئەفغانستاندا، کە گەورەترین پرۆسەی شاراوەی نیمچەسەربازی بوو لەدوای ڤێتنامدا.

"مانگی داهاتوو، لەوێ دەبم، سوپاس قوربان".

بەو شێوەیە وازم لەخولی نیمچەسەربازی هێنا، هاوکات یەکەم کەس بووم لە هاوڕێیانی خولەکەمدا بچمە مەیدان.

تەنیا بە وانەکانی "کێلگە" نەوەستام، بۆ ئەوەی زیاتر زانیاریم هەبێ لەسەر بنەماکانی سیخوڕیدا، هاوکات چەندین خاڵی لاوازی و بەهێزی خۆم دۆزیەوە بەو پێیەی ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکان بووم، هەروەها لەرووی زمان و کاری پیشەیی مەیدانی و کارایم لە نووسین لەو کاتەدا گونجاو بوو و بەرەبەرەش باشتر دەبووم.

لەلایەکی دیکەوە زۆر بەجوانی داهێنانم لە کاری سیخوڕیدا دەکرد وەك: چۆنیەتی پەیوەندیکرن بە سیخورە بیانییەکان، چونکە ئەو کاتەی من گەیشتمە ئەفریقیا تەمەنم بیست و پێنج ساڵان بوو، هەر زووبەزوویی هێڵە سەرەکییەکانی سیخوڕیکردن و کەسانی باوەڕپێکراوم دۆزیەوە، هەر بەزوویی توانیم لەبواری سیخوڕیدا راو بکەم بۆ خزمەتی ئەمریکا، هەر زوو زانیم ئەمە خەونی منە.

بۆیە بۆ ماوەیەکی دە ساڵان لە ئەفریقیا خزمەت دەکەم، لەوانەیە بگەمەوە هاوسەرەکەم، لەپاشاندا منداڵەکان پەروەردە بکەین، تا لە ئەفریقیا بووم بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو ببمە خاوەن هاوسەر، بێگومان بیرم لەوە نەکردۆتەوە، تا بەشێوەی ئەفریقییەکان خێزانەکەم خۆش بوێ، بەڵێ ئەمە پێشبینیکراو نییە، چونکە لە بنەڕەتدا بۆ کارێك هاتووم، کە ناوی: سیخوڕیکردنە.

بەشی سێیەم

سەربازگیری (تەجنید)

"ئەو پیاوەم خۆش ناوێ، دەبێ زانیاری زیاترم دەست کەوێ".

ئەبراهام لینکولن وای گوتووە.

هاواری کرد "دەبییە هۆی کوشتنی پیاوەکەم، هەروا دەبییە هـۆی کوشـتنی هەمووومان".

پیاوەکەی لەپشـتەوەی کورسـی ئۆتـۆمبێلی سـیدانە بچـووکەکە بـەهێمنی دانیشت، ئەویش لە کورسی پێشەوە دانیشت، وبستم بەرامبەر یەك دابنیشین بۆیە دەسـتێکی بـە کورسـییەکەوە گـرت و دەسـتەکەی دیکـە لەسـەر تـابلۆی نـاو ئۆتۆمبیلەکە بوو، دەنگی لەنێوەنـدی مەکینـەی ئۆتۆمبێلەکـە ئینگلیزییەکـەی دانەپۆشت و ون نەکرد، کاتێك بەسەر جادە تەڕ و پڕ کەندوکۆسپەکانم دەڕۆیشـتم، نەمدەزانی چۆن وەڵـامی ئـەو دۆخـە بدەمـەوە، کـە تیایـدا دەگـری، لەلایـەکی دیکـەوەش ئاگـاداری خـۆم بـووم نـەوەك سـەربازە هـەرزەکانی ئـەفریقی خـاڵی پشکنینان دانابێ.

لەپێش هەفتەیەکدا پیاوەکەیم سەربازگیر کردبوو وەك سیخوڕێك تـا کـار بـۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات، ئەویش وەك مـن بیانییـە، بـەڵام لـەو شـوێنە هەژارنشـینەدا نیشـتەجێ بـووە، کـە نـاونراوە دەوڵـەت، بـەپێی ئامۆژگارییەکانم هەنگاوی نەهاوێشتبوو، بۆیە بە هاوسـەکەرەکەی را گەیانـدبوو، لە کاتێکدا ئەو ئافرەتێکی جوان و بەهێز بـوو، شـایەنی ئەوەیـە رێـزی بگریـت، بەتایبـەتی پیـاو و منـداڵانی خـۆی خـۆش دەوێ، سـەرەڕای ئـەوەی رقـی لەحکومەتەکەی دەبۆوە، بەڵام پێی وانییە پیاوەکەی ببێتە سـیخوڕ و سەرچـاوەی زانیارییـەکان بـۆم، چـونکە ئـەو خاتوونـە خانەوادەکـەی رووبـەڕووی ترسـناکی ناکاتەوە، لەوەش تێ نەدەگەیشت چۆن دەتوانم ئـەو ترسـناکییە کـەم بکەمـەوە، هاوکات نایەوێ گوێی لە هیچ بێ.

هەولّم دا بۆی شی بکەمەوە، کە پێویستیم بە یارمەتی ئەوە، هاوکات هەولّم دا بنەماکانی ئەو پیشەیەی بۆ روون بکەمەوە، تا هەموو لایەك بەتەندروست بیننەوە، ویستم بۆ لای خۆم رای بکێشم، بەو شەوە بۆ ماوەی کاتژمێرێك گفتوگۆم لەگەڵدا کرد، بەڵام پرۆسەکەم شکستی هێنا.

لەپاشان لەنزیك ئۆتۆمبیلەکەی خۆیدا دابەزاند، هەروا جارێکی دیکە هەولّم دا وەك ئەگەرێك نەوەك رێگریەك هەبێ، هەر لەمێشکی خۆمدا بروسکەیەکم دارشت، ئەو بروسکەیەی بۆ رۆژی دواتر دەینێرم بۆ بارەگای سەرکردایەتی، کە لەپێشتردا سوودم لێ بینیوە بۆ تەجنیدکردنی سیخوڕی دیکە، لەو کاتەی بارەگا بەجۆشەوە وەڵامیان دامەوە کە باشترین کارم کردووە یان لەوانەیە باشترین کار بێ.

لە رۆژی دواتردا بروسکەکەم نووسی و پاشەکشەم بەو پرۆسەی تەجنیدکردنە هێنا، لەگەڵ ئەوەی ئەمە دۆخێکی زۆر نالەبار بوو بۆ من، بە لەدەستدانی سەرچاوەیەکی پێشبینکراوی مەزن.

لەدوای چەند مانگێك ئەو شوێنەم جێ هێشت تا بچمە وڵاتێکی دیکە، دەمویست ماڵئاوایی لەو کەسە بکەم، واتە ئەو سەرچاوە پێشبینکراوە، هاوکات لە کاتی توڕەبوونی ژنەکەیەوە هیچ گفتوگۆیەکمان نەکردووە.

پەیوەندیمان باش بوو، سەرەڕایی چەند جارێك یەکترمان بینی بەتایبەت لە قۆناغەکانی هەڵسەنگاندنی پێشکەوتووی پرۆسەی بەسیخوڕیکردن، بەجۆشوخرۆشەوە باسی خۆشەویستی خانەوادەکەی و وڵاتەکەی کرد، هەروا باسی ترس و دڵەڕاوکییەکانم کرد، کە چۆن لەو حکومەت دەترسێ و رقی لێ دەبێتەوە، رۆژ بەرۆژیش بێزاری خۆی دەنوێنێ، هیچ کات نەیدەزانی چ کارێك بکات، بەڵام

ئاماژەی پێدا کە پێویستە کارێك بکات، چونکە ناتوانێ بەو شێوە زەلیلبوونە بەردەوام بێ، لە کاتێکدا ناتوانێ لە رژێمێکی گوناهبار خۆش بێ، کە خزمەتی دەکات.

هەروا ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە حکومەتی ئەمریکی بێ ئومێد بووە لە تێگەیشتن لە حکومەتەکەی، ئاماژەم بەوەدا ڕۆژێك لە ڕۆژان هاوکاریت دەکرێ بۆ ڕزگاربوونی گەلەکەی، بۆیە هەڵگرانەوە تاکە ئامانجە، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی بە هاوکاریکردنی بەهێزەکانە، ئەو کەسانەی دژ بە حکومەتی خۆیانن، ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بووە جێگەی متمانە ئەوا دەتوانێ نیشتەجێی ویلایەتە یەکگرتووەکان بێ، هیچ کاتێك داوای پارەی نەکرد و منیش ئەوەم نەخستە ڕوو، پێی وابوو لەدواتردا باس لەمە دەکرێ.

بڕوام بەوە بوو ئەو سەرچاوەیەکی باش دەبێ، چونکە کەسێکی ئازا بوو و تێڕوانینەکانی جێگەی سەرنج بوون، ئەو تەنیا دەیویست سیخوڕی بکات لەپێناو هۆکارێکی ڕاستدا: کە بەشداریکردنە لەپێناو وڵات و گەل و خێزانەکەیدا، منیش بۆ ئەوەی هەڵەکانی ئەو حکومەتە دیکتاتۆرییە ڕاست بکەمەوە، هاوکات هاوسۆزیم هەبوو لەگەڵ هەموو ئەوانەی سەربازگیریم کردبوو، لە هەموو گرنگتریش ڕێزم لێ دەگرت، هەردەم جێگەی متمانەکردن بوو، بۆیە دەمویست ماڵئاوایی لێ بکەم.

بەپێ بەرەو ماڵیان ڕۆیشتم تازە ڕۆژهەڵاتبوو، لەدوورەوە گوێم لێ بوو کەڵەشێرەکان دەیان قوقاند، لەو کاتەشدا دەنگی ئۆتۆمبێل لەوناوە نەدەهات، پێشتر سەردانیم نەکردبوو، چونکە لە شوێنە نهێنییەکان یەکترمان بینی بوو،

هەروا چاوپێكەوتنەكانمان پێشتر رێكخرابوو، جگە لە چاوپێكەوتنی یەكەم و دووەم، هیچ كاتێ تەلەفۆنم بۆ نەكردووە.

لەو بەیانییە گەرمە شێدارەدا شوێنەواری هیچ كەسێكم پێشبینی نەكردبوو، كاتێك باسی ئەوەم بۆ كرد، كە لەم وڵاتە نامێنم بۆیە ویستم ماڵئاوایت لێ بكەم، ئەو زۆر ئاسوودە بوو، چاوپێكەوتنەكە چەند خولەكێكی خایاند و لەپاشاندا بۆ ماوەیەك لەگەڵمدا رێی كرد دوای ئەوەی لە پلیكانەكە هاتە خوارەوە، كەچی ژنەكەی لە بەلەكۆنەكەدا سەیری دەكردین و چاوی بڕیبووە من ئەمەش لەدووری ١٥ مەتر.

تەوقەم لەگەڵدا كرد، بەڵام دەستی بەرنەدام و پشتی لە ژنەكەی كرد و بەچرپە پێی گوتم دەبێ شتێك بكەم، بزیەكم بۆ كرد و بەچرپە پێم گوت: سبەی ئێوارە لە كاتژمێر ١٨:٣٠ هەروەها ناونیشانەكەم پێ دا، لەپاشاندا سەرم بۆ خێزانەكەی دانواند، كە وەك پاسەوانێك تا ئەو كاتە لەسەر بەلەكۆنەكەدا بوو، كاتێكیش لە گەڕەكەكە چوومە دەرەوە رێگەیەكی دیكەم گرتە بەر.

لە ئێوارەی رۆژی دواتردا لە هەمان شوێن یەكترمان بینی، كە پێشتر لەسەر رێككەوتبووین، بۆ ماوەی نیو كاتژمێر بە تۆتۆمبێلەكە دەسوڕاینەوە، هەردەمیش جەختم لەوە دەكردەوە كە كەس چاودێریمان ناكات.

لێم پرسی : "تۆ مكوڕی دەتەوێ كارێك بكەی؟".

"بێگومان پێویستە كارێك بكەم، من بەو جۆرە ناتوانم بژیم، من پشتگیری لە حكومەتەكەم دەكەم، ئەویش بەو جۆرە دڕندەییە مامەڵە لەگەڵ گەلەكەم دەكات، نامەوێ بەدزی ژنەكەمەوە هیچ كارێك بكەم، بەڵام رۆژێك لەرۆژان تێ دەگات".

"ئەو دەزانێ من دەڕۆم ئەمەش دوا چاوپێکەوتنمانە، بۆیە پێویستە بە ئەفسەرێکی دیکە بتناسێنم، پێویستە ئێستا بچینە لای".

سیخوڕە نوێیەکە پرسیاری ئەوەی کرد "کێیە، ئایا ئەو باشە؟".

"دەتوانین مەرجی لەسەر بکەین، ئەو لەدێرینەکانی ڤێتنامە و سەرۆکمە، هەروا ئەو هاوڕێیەکی مەزنە، حەز بەوە دەکات کار لەگەڵ تۆدا بکات".

ئەوەی شیاوی باسە پرۆسەی بەسیخوڕیکردن کارێکی قورسە، هەروا گواستنەوەی بۆ ئەفسەرێکی دیکە، کارێکی ناخۆشە، بۆیە سیخوڕی باش ئەوەیە دەبێ ئەوەی پێ رابگەیەنێ کە پەیوەندییەکانی بە سی ئای ئەی تەنیا وەك تاکێکە، نەك وەك ئەفسەرێك، هەروا گواستنەوەی سیخوڕێك بۆ یەکێك دیکە دیدێکی دیکە بۆ حاڵەتەکە دروست دەکات.

لە شوێنەکە نزیکبووینەوە، کە لە رێگەیەکی خۆڵاویی بوو تا دەگاتە خانوویەکی بچووك، کە دەڕوانێتە سەر جۆگەلەیەکی بچووك، هاوڕێیەکەم لەدەرەوەدا چاوەڕێی کرد، لە شوێنێك راوەستا تا سەرچاوە نوێیەکەمان هەموو شتێك ببینێ ئەو کاتەی ئۆتۆمبیلەکەم رادەگرت لەلایەکدا.

هاوڕێیە باڵا بەرزەکەم بەهێمنی لە ئۆتۆمبیلەکە نزیك بۆوە کاتێك لە ئۆتۆمبیلەکە دەهاتینە خوارەوە، لەو کاتەدا بەیەکتریم ناساندن و بوارێکمدا بەهەردووکیان.

هەردووکیان تەوقەیان لەگەڵ یەکدا کرد، هەردوو لایان بزەیان بۆ یەکتر کرد لەدواتردا دەستیان بە گفتوگۆیەکی بەجۆش کرد.

بیرم لەوە کردەوە کارەکە زۆر ناخایەنێ، من لـەو کاتـەدا چـاودێری هـەردوو لایان دەکەم تا پەیوەندییەکی بەهێز بهێننە ئاراوە، چونکە خودی پرۆسەکە ئەمەی پێویستە و هەردوو لاش ئەمە دەزانن.

تەنیا دوو جار زۆر بەکورتی قسەم کـرد، چـاودێریم دەکـردن، لـەدواتردا بـۆ ماوەیەکی کەم لێیان گەڕام، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بوو، لەمەوەش توانیان باسـی زۆر شت بکەن، بۆیە پێویست نەبوو بەشدار بم.

هاوڕێ سیخوڕەکەم جارێکی دیکە نەبینیەوە، نەمـدەزانی چارەنووسـی چـی بووە، تەنیا لەم ساڵانەی دوایدا زانیم خانەنشین بووە، ئەو بەشێوەیەکی بەرهەمدار کاری بۆ سی ئای ئەی کردبوو، هەروا ژنەکەی پشتی گرتبوو، لە هەموو شتێکدا، هەواڵگری زۆر شتی بۆ دابین کردبـوو، هـیچ کاتێـك ئاشـكرا نـەبووە، بۆیـە زۆر بەهێمنی و سانایی خانەنشـین بـوو، وەك کەسـێکی دەوڵەمەنـد، بۆیـە سـیخوڕە بەشەرەفەکانی وەك ئەو لە شەڕی سارددا، لە جەنگەکەدا سەرکەوتوو بوون.

پارە

بە باڵابەرزەکە و قژە چڕ و ڕەشە شانەکراوەکەی، بۆ ماوەی چـەند خولـەکێك لەناو مەیخانەکەدا دەیڕوانییـە هـەموو شـتێك، وەك یـەکێك بـەدوای کەسـێکدا بگەڕێ، بەڵام وام دانا بەدوای کەسێکی دیاریکراودا ناگەڕێ.

بەخەندەیەکەوە سەیری کردم و ددانە سپییەکانی دیار بوون دوای ئەوەی خـۆم پێ ناساند و گوتی "کچانی ئێرە چۆنن؟".

لە وەڵامدا گوتم : "نازانم لەوانەیە مەرجت لەگەڵدا بکەم باش نییە".

هەردوو برۆ رەشەکەی بەرەو سەرەوە و خوارەوە چوون و هەروا زیاتر ددانە سپییەکانی بەدەرکەوتن، لەپاشاندا سەیرێکی ئەو مەیخانە پیسەی کرد.

لە دڵی خۆمدا گوتم : ئەی بێقیمەت.

دوای دانیشتن چەندین سەرنجمان بەیەکتر دا سەبارەت بەو حاڵەتە کومەڵایەتییە ناخۆشەی تێی کەوتووین، دانیشتنەکە زۆری نەکێشا، ئەو دەی خواردەوە، بەڵام من نەم خواردەوە، بەڵام من پارەی پەرداغە ویسکییەکانم دا، چونکە ئەو دیبلۆماسییەکی بیانی بوو، هەردەم پرسیاری ئەوەم لەخۆم دەکرد، ئایا دەشێ ئەمە ببێتە سیخوڕ.

چاوپێکەوتنەکانمان بەردەوام بوو، لە هەمان مەیخانە، زۆرجار دەیویست سۆزانییەکی دەست کەوێ، گوێم لە هەموو گلەییەکانی دەگرت، کە پەیوەست بوو بەمووچە کەمەکەی، یان باسی ئاستی ئەو ئافرەتانەی دەکرد کە لەو وڵاتەدا بینیوویەتی، بە ماوەی چەند هەفتەیەك هەموو زانیارییەکم سەبارەت بە ژیانی زانی، هەوڵم دا بزانم تا چەند دەتوانێ زانیارییە نهێنییەکانی دەست دەکەوێ، ئەمەش زۆر ئاسانە، چونکە کەسێکی زۆربلێیە، هەروا کەسێکی تەماحکار و خۆپەرستە، داوای پارەی دەکرد ئەگەر هەر شتێکی بکردبوایە، هیچ گرنگییەکی بە ئایدۆلۆژیا و بە بنەما نێودەوڵەتییەکان نەدەدا، هەروا هیچ گرنگی بەبۆچوونی کەسانی دیکە نەدەدا، بۆیە پێویست نەبوو رووبەڕووی هیچ جۆرە کارێکی ئابڕووبەری بکەیتەوە، وەك خۆی رۆڵی دەگێڕا، بەڵام توانایەکی وای نەبوو، جێگەی باس نەبوو، ئەوەندە توانای هەبوو، تەنیا لەبەر ئەوە سەرسام بووم پێی کە کەسێکی روون و ئاشکرا بوو.

زۆری دەگوت و گلەیی دەکرد " ئایا تۆ کەسێکی گونجاوی؟ ئایا تۆ کەسێکی گونجاوی لە باڵیۆزخانە ئەمریکییەکەت؟ لەوانەیە باشترە قسە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بکەم؟ بەڵێ؟ نەخێر؟ " هەردوو دەستی لەبن هەنگڵی نا سەری بەرزکردەوە، لەو کاتەدا زۆر بێقیمەت دیار بوو.

لە وەڵامدا گوتم: " نەخێر، من کەسێکی گونجاوم، تەنیا دەمانەوێ جەخت لەوەبکەینەوە تا چەند ئەو کارە لەلای ئێمە و تۆدا سەرکەوتوو دەبێ".

"کارتان بۆ دەکەم، بەڵام پارەم پێ دەدەن، نهێنیتان پێشکەش دەکەم، هەر بەو سانایییە"، خەندەیەکی کرد و هەردوو شانی خۆی جوولاند و گوتی" لەوانەتە تۆ کەسی داواکراو بیت، لەوانەشە وا نەبێ، لەوانەیە کەسێکی دیکە باشتر بێ".

لێم پرسی : "چەندت دەوێ".

لە وەڵامدا گوتی "مانگانە هەزار دۆلار".

"داوای سێسەد دۆلار دەکەم و لە هەفتەی داهاتوو وەڵامت دەدەمەوە".

لێوەکانی لەرزین، لەوانەیە هەراسان بوو بێ، وەك کەسێکی بچووك، لەم کاتەدا چاوی بەنێو مەیخانەکەدا گێڕا، کە نیمچەبەتاڵ بوو، لەپێش ئەوەی لەگۆشەیەکی هێمندا دانیشین، لەگەڵ ئەوەی کاتی ئەوە نەبوو سۆزانییەك لەگەڵ خۆیدا بباتەوە.

دەم ویست بڵێم دەڕۆم، تا لەماڵەوە کتێبێك بخوێنمەوە سەبارەت بە پاڵەوانێکی راستەقینە، تا بەجۆشوخرۆشەوە بچمە ناو پرۆسەکە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسێکی وا بێزارکەر قورسە، لەگەڵ ئەوەی پلەی وەرگرتنی نهێنی بۆ هەواڵگرییەی پێشبینیکراو بەرز بوو.

لە کۆتایدا کاندیدکراوەکەم لە وەڵامی خستنە رووەکەم گوتی "ئەمە بەسە، بەڵام لە هەفتەی داهاتوودا دەتبینم".

کاتێك دەم ویست بچمە دەرەوە دوو گەنجی باڵابەرزی لوبنانی دەهاتنە ناو مەیخانەکە، بیرم لەوە کردەوە لەوانەیە ئەمانە دوو جەنگاوەری حزبی ئەڵلا بن لە بەیرووتەوە یان دەشتاییەکانی بیقاع هاتبن بۆ گەشت و پشوودان، پێم باش بوو یەکێك لەوانە تەجنید بکەم وەك سیخوڕ، پرسیارم لە خۆم کرد، ئایا سیخوڕی پێشبینیکراو دەتوانێ لێیان نزیك ببێتەوە، لەوانەیە من نەتوانم لێیان نزیك بکەومەوە.

لەپاش هەفتەیەك رازی بوو لەسەر مووچەکە، پاش ئەوەی زۆر گلەیی و گازاندەی کرد، پێداگری لەسەر ئەوەش کرد زۆر بەرێکوپێکی کارەکانی بکات، لەپاشاندا بۆ ماوەیەکی کەم گەڕایەوە وڵات تا ئەفسەرێکی ناوخۆیی سی ئای ئەی ببینێ، تا زیاتر جەخت لەوە بکەینەوە، کە سەرچاوە نوێیەکەمان دەتوانێ زانیاری زیاترمان پێ ببەخشێ، لەپاش لێکۆڵینەوە بڕیارەکە هات و تیایدا هاتبوو: سیخوڕەکەمان بەرادەیەکی کەم دەتوانێ بگاتە زانیارییەکان، چونکە هاوڕێیەکانی لە کاردا نهێنی پێ نادەن، بە کەسێکی گاڵتەجاڕی دەزانن.

لەپاش هاتنەوەی کارێکی دەرەکی ئەنجام دا، رادەی زانیارییەکانی کەم و بێ بەها بوو، بەڵام ئەمە شتێکی نامۆ نییە بۆ بەرپرسەکانی دەرەوە، دەبێ کاری بچووکیان پێ بسپێردرێت، بەڵام گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی باشترە، چونکە لەوانەیە زانیاری زیاتر و بەهادارتری دەست کەوێ، واتە لە رێگەی بەڵگەنامە و پەیوەندییە کەسییەکانی.

لەو حاڵەتدا من هیچ ئـەنجامێکم دەسـت نەکـەوت، چـونکە ئـەم سـیخوڕە زانیارییەکانی پڕوپووچن و هیچ توانایەکی وای نییـە تـا پیشـەگەر بـێ، چـونکە یەکێك لەو کاریانە دەبێ پەیوەندییەکی پتەوی تایبەتی هەبێ، بیرمان لەوە کردەوە بیخەینە خولێك تا وەلامی بۆ سی ئای ئەی هەبێ، بـۆ ئەمـەش لـە پرۆسـەیەکی ئەزموونیدا تاقیمان کردەوە، بەتایبەت بۆ ماوەیەکی کـورت سـەردانی وڵاتەکـەی کردەوە.

لە کۆتاییدا گواستمەوە بۆ ئەفسەرێکی دیکە، بەڵام هیچ بیرۆکەیەکم نییە کە تاچەند کارایە تا وەك سیخوڕ بمینێتەوە، بۆیە گومـانم لێـی دەکـرد، چـونکە زۆر خۆپەرست بوو، ترسیشم لەوە هەبوو لە هەر شوێنێکدا دەتوانن بەکرێی بگرن.

لەلایەکی دیکەوە زۆربەی سیخوڕە باشەکانی کە لەگەڵ سی ئای ئەی مامەڵە دەکەن، لەو شوێنانە بوون کـە گۆشـەگیر بـوون، زۆرجـاریش هاوکارییـەکی کـەم لەحکومەتەکانیان وەردەگرن، ئەم یارمەتیدانـە جێگـەی شـەرمەزارییە، هـەردەم دەرمانم بۆ ژنێکی نەخۆش دابـین دەکـرد، تـا لـەدواتردا خـۆم ئامـادە بکـەم تـا تەجنیدی بکەم، لەوانەیـە پـاش ئـەو مانگـە بـێ، هـەروا لەبۆنەیـەکی دیکـەدا ڤیدیویەکی ئابڕووبەرم وەرگرت، کە ئامانجمان بوو تەجنیدی بکـەین، دواتـر ئـەو ڤیـدیۆ و گۆڤـارە سیکسـیانەمان لـە وێسـتگەیەك بـۆی دانـا، ئەمـەش وەك فریاکـەوتنێکی خۆمـان، بەدرێـژایی ئـەو رۆژگـارە چـاوم نەکـەوت بـە هـیچ دیبلۆماسییەکی کۆریای باکوور، بۆیە داوای شتی پڕوپووچی ئابڕووبەری نەدەکرد، هاوکات هیچ پارەیەك تەرخان نەکرابوو لە لایەن پێـدەرانی بـاجی ئـەمریکی، تـا کۆرییەکان وا لێ بکەین تا کارێکی سیکسی بکـەن؟ بـەڵام گرفـت نییـە ئەگـەر سەرچاوەیەکی کۆریای باکوور یارمەتی سی ئای ئـەی بـدات، بەتایبـەتی تـا تـێ بگەین هەرەشەی ئەتۆمی کۆریا تا چەندە، جگە لەوەی زۆربەی مووچەکەیان دەدا

بە کاری خراپ؟ ئەوانەش دەتوانن نهێنییەکانت بۆ بخەنە روو، لە کاتێکدا زانیارییەکان بەهایان هەبێ، بەتایبەت نیشانە پێشبینیکراوەکانی کەسانی نێو خزبی ائەللا، چونکە زۆر بەدگمەن ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکان وەڵامیان هەیە بۆ ئەم رووە رەوشتیانە کاتێك سیخوڕێك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، زۆرجار سیخوڕەکە تاقی دەکاتەوە، بەمەش خۆی و سی ئای ئەی تووشی ترسناکی ماددی و سیاسەت و رەوشتزڕاندن دەکات.

ئایا کەسێکی خۆپەرست و نەزان و بێڕەوشت پێویست دەکات ئەم هەموو هەوڵەی بۆ بدەیت و لەپاشاندا تووشی ترسناکی و بەهەدەردانی پارەیەکی زۆرت دەکا، زۆر جار ئەو ئەفسەرەی کەسێك تەجنید دەکات ئەو شتانە نازانێ.

ئایدلۆژیا

چەکدارە چەتە گەنجەکانی ئەفریقیا، هیچ کاتێك بەختی ئەوەیان نەبووە، تا لە کاتێکی دیاریکراودا بجەنگن، یاخود پەیوەندی پێوە بکرێ، لەو پاسەوانە ناوخۆییەی نزیك باڵیۆزخانەی ئەمریکی بۆوە، ئەوەی سەردانی دەکرد، ناسنامەکەی دەرهێنا و پشکنینی بۆ کرا و چووە ناو باڵەخانەی باڵیۆزخانە، چووە نێوە کۆشکی پاسەوانیەتی کە دژە گولەیە، لەم کاتەدا پاسەوانی سەر بە مارێنز ئەوی بینی، سەردانیکەرەکە گوتی دەمەوێ پەیامێکی سیاسی هەستیار بگەیەنم، بۆیە جارێکی دیکە چەند لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە ناسنامە و چاوەڕوانییەکی کورت بۆوە، لەپاش ئەوەی رووپێوکرا بە ئامێری پشکنین تا بزاندرێ هیچ جۆرە کانزایەك یان ئاسنێکی پێیە، لەپاشاندا بەهاوشانی بردرا بۆ ژوورێکی بچووکی کۆبوونەوە، ئێمە لەوێدا چاوەڕوانمان دەکرد.

جێگری باڵیۆز داوای لێ کردم لەگەڵیدا بم سەبارەت بە هەر ماددەیەکی هەواڵگری، هاوکات هیوام وابوو سەرچاوەیەکی دیکەی نهێنینم دەست کەوێ، ئەوە جگە لەوەی لەماوەی پێشتردا زانیاری وردم سەبارەت بەوانە وەرگرتووە، کە خودی خۆیان دێن، ئەوانە زۆربەیان درۆزنن، هەندێکیان جێگەی گاڵتەجاڕین و هەندێکی دیکەیان پێویستە هاوکاریان بکەین، زۆر بەکەمی کەسانیان تیادایە خۆبەخشی راستەقینە بێ، دەیانەوێ هاوکاریمان بکەن لەبڕی پارە یان وەرگرتنی فیزەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام هەموویان بە بێ هیوایی رۆیشتن، تەنیا بەشێکی کەمیان جێگەی ئەوەیە هەوڵیان لەگەڵدا بدەین و داهاتوویەکی نهێنیان هەبێ.

زۆر بەهێمنی لەدەوری مێزەکەدا کۆبووینەوە، گوێمان بۆ ئەو کەسە گرت، کە بانگێشتمان نەکردبوو، تا خۆی چی لەلایە باس بکات، بەئینگلیزییەکەی تەواو قسەی دەکرد، بەڵام ئاوازی دەنگی بەرز بوو، بۆیە دەنگی جێگەی دڵخۆشی بوو، بەردەوام خەندە لەسەر لێوانی بوو، لە سەرەتادا وامزانی ئەمە ئاماژەیەکە بۆ دڵڕاوکێیەکەی، بەڵام لە دواتردا زانیم خەندەکانی بۆ ئەوەیە وەك کەسێکی دڵخۆش بەدەربکەوێ، ئەمە سروشتی ئەو بوو.

ئەوە وەك خۆبەخشێك نەهاتبوو، بەڵکو وەك پەیامهێنێك هاتبوو، هاوکات باسی لەوە کرد سەرکردەی رێکخستنەکانی کۆمۆنیست نین یان دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان بن، بەڵکو تەنیا دەیانەوێ ئازادی و دادپەروەری دابین بکەن بۆ چەندین کەسی خێڵەکی، کە دەچەوسێندرێنەوە، هەروا سەرکردەکانی نایانەوێ بەهەڵە لێیان تێ بگەن، بەڵکو داوای رێز و یارمەتی دەکەن، من لەپێشتردا ئەو قسانەم گوێ لێ بووبوو، کەسانێك خۆیان وادادەنێن چاکساز و جەنگاوەرانی ئازادین.

بە کاری خراپ؟ ئەوانەش دەتوانن نهێنییەکانت بۆ بخەنە روو، لە کاتێکدا زانیارییەکان بەهایان هەبێ، بەتایبەت نیشانە پێشبینیکراوەکانی کەسانی نێو خزبی ائەللا، چونکە زۆر بەدگمەن ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکان وەڵامیان هەیە بۆ ئەم رووە رەوشتیانە کاتێك سیخوڕێك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، زۆرجار سیخوڕەکە تاقی دەکاتەوە، بەمەش خۆی و سی ئای ئەی تووشی ترسناکی ماددی و سیاسەت و رەوشتزڕاندن دەکات.

ئایا کەسێکی خۆپەرست و نەزان و بێڕەوشت پێویست دەکات ئەم هەموو هەوڵەی بۆ بدەیت و لەپاشاندا تووشی ترسناکی و بەهەدەردانی پارەیەکی زۆرت دەکا، زۆر جار ئەو ئەفسەرەی کەسێك تەجنید دەکات ئەو شتانە نازانێ.

ئایدلۆژیا

چەکدارە چەتە گەنجەکانی ئەفریقیا، هیچ کاتێك بەختی ئەوەیان نەبووە، تا لە کاتێکی دیاریکراودا بجەنگن، یاخود پەیوەندی پێوە بکرێ، لەو پاسەوانە ناوخۆییەی نزیك باڵێۆزخانەی ئەمریکی بۆوە، ئەوەی سەردانی دەکرد، ناسنامەکەی دەرهێنا و پشکنینی بۆ کرا و چووە ناو باڵەخانەی باڵیۆزخانە، چووە نێوە کۆشکی پاسەوانیەتی کە دژە گولەیە، لەم کاتەدا پاسەوانی سەر بە مارینز ئەوی بینی، سەردانیکەرەکە گوتی دەمەوێ پەیامێکی سیاسی هەستیار بگەیەنم، بۆیە جارێکی دیکە چەند لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە ناسنامە و چاوەڕوانییەکی کورت بۆوە، لەپاش ئەوەی رووپێوکرا بە ئامێری پشکنین تا بزانرێ هیچ جۆرە کانزایەك یان ئاسنێکی پێیە، لەپاشاندا بەهاوشانی بردرا بۆ ژوورێکی بچووکی کۆبوونەوە، ئێمە لەوێدا چاوەڕوانمان دەکرد.

جێگری باڵیۆز داوای لێ کردم لەگەڵیدا بم سەبارەت بە هەر ماددەیەکی هەواڵگری، هاوکات هیوام وابوو سەرچاوەیەکی دیکەی نهێنینم دەست کەوێ، ئەوە جگە لەوەی لەماوەی پێشتردا زانیاری وردم سەبارەت بەوانە وەرگرتووە، کە خودی خۆیان دێن، ئەوانە زۆربەیان درۆزنن، هەندێکیان جێگەی گاڵتەجاڕین و هەندێکی دیکەیان پێویستە هاوکاریان بکەین، زۆر بەکەمی کەسانیان تیادایە خۆبەخشی راستەقینە بێ، دەیانەوێ هاوکاریمان بکەن لەبڕی پارە یان وەرگرتنی فیزەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام هەموویان بە بێ هیوایی رۆیشتن، تەنیا بەشێکی کەمیان جێگەی ئەوەیە هەوڵیان لەگەڵدا بدەین و داهاتوویەکی نهێنیان هەبێ.

زۆر بەهێمنی لەدەوری مێزەکەدا کۆبووینەوە، گوێمان بۆ ئەو کەسە گرت، کە بانگێشتمان نەکردبوو، تا خۆی چی لەلایە باس بکات، بەئینگلیزییەکەی تەواو قسەی دەکرد، بەڵام ئاوازی دەنگی بەرز بوو، بۆیە دەنگی جێگەی دڵخۆشی بوو، بەردەوام خەندە لەسەر لێوانی بوو، لە سەرەتادا وامزانی ئەمە ئاماژەیەکە بۆ دڵڕاوکێیەکەی، بەڵام لە دواتردا زانیم خەندەکانی بۆ ئەوەیە وەك کەسێکی دڵخۆش بەدەربکەوێ، ئەمە سروشتی ئەو بوو.

ئەوە وەك خۆبەخشێك نەهاتبوو، بەڵکو وەك پەیامهێنێك هاتبوو، هاوکات باسی لەوە کرد سەرکردەی رێکخستنەکانی کۆمۆنیست نین یان دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان بن، بەڵکو تەنیا دەیانەوێ ئازادی و دادپەروەری دابین بکەن بۆ چەندین کەسی خێڵەکی، کە دەچەوسێندرێنەوە، هەروا سەرکردەکانی نایانەوێ بەهەڵە لێیان تێ بگەن، بەڵکو داوای رێز و یارمەتی دەکەن، من لەپێشتردا ئەو قسانەم گوێ لێ بووبوو، کەسانێك خۆیان وادادەنێن چاکساز و جەنگاوەرانی ئازادین.

لێم پرسی: "بۆچی سەرکردەکانت رازی بوونە لەوەرگرتنی پارە و چەك و راهێنان لەلایەن ئەڵمانییە رۆژهەڵاتییەکان و چەندان شوێنی دیکەی بریکارەکانی سۆفیەت؟".

بەجوانی وەڵامی دایەوە :"چونکە ئەوان ئێمەیان دەوێ و ئێوەش ئەو کارە ناکەن".

له خۆم پرسی ئایا ئەو فێڵبازە، بەڵام ئەگەر منیش بوام هەمان وەڵامم دەدایەوە، یان چیم دەکرد ئەگەر لە هەمان دۆخەدا لەدایك بووبام؟ ئایا رازی دەبووم چەك لە هاوپەیمانی وارشۆ وەربگرم؟ ئایا هەمان ئازایەتیم دەبوو تا بەردەوام وا کارا بم لە کاتێکدا ژینگەکەی زۆر ناخۆشە؟

سەیریم کرد و کەچی ئەو خەندەکانی بەردەوام بوو.

لەتێوەندی لێکۆڵینەوەکان چەندین پرسیارم لێ کرد، لە کاتێکدا ناسنامەکەیم بەدەستەوەیە و ناسنامەکەشی ناسنامەی پەنابەران بوو، دەزانم چ کارەساتێکە تۆ لەنێوەندی جەنگدا بیت، لە کاتێکدا ئەو هەموو شتێکی کۆن و نوێی دەزانی، بەڵام بەگشتی وەڵامەکانی بەئاگاییەوە بوو، هەستم بەوە کرد ئەوە کەسێکی دەگمەنە، دەیزانی جیاوازی لەنێوەندی زانیارییەکان بکات، جگە لەوەی کەسێکی زیرەك و بەهێزە، ئایا ئەمە بەخۆڕسکی سیخوڕ بووە؟

جێگری باڵیۆز سوپاسی کرد و بەڵێنی پێ دا نامەکەی بگەیەندرێتە واشنتن، لەپاش وەرگرتنی وەڵام باڵیۆزخانە پەیوەندی پێوە دەکا.

گومانم لەوە هەبوو حکومەتی ئەمریکی کارێکی زۆریان بۆ بکات، ئەگەر کردی، لە کاتێکدا لەنێوەندی ئەو هەموو ململانێیانەدایە بەتایبەتی لەجەنگی ساردا، کار بۆ کەسانێك بکات دەجەنگن و دەکوژرێن؟ دەبێ ئەجندیان چی بێ؟

لە کاتێکدا ئەو گەنجە لەنێوەندی هەموو جەنگەکانی ناوەڕاستی ئەفریقیا دایە، لەنێوەندی گێژاوەی ململانێی ئایدۆلۆژی جیهانی لەنێوان کۆمۆیست و سەرمایەداریدا، لەتەك ئەوەی هەموو پلانەکانی سوفیەتی و نیەتەکانیان بۆ چەندین دەوڵەت و ئەو بۆمبانەی دانراوەتەوە بۆیان، بۆیە چەندین پرسیار هەیە سەبارەت بەبڕیاردەرانی سیاسەتی ئەمریکی و جەنگ و ململانێیەکان و سەبارەت بەم کەسەش.

پرسیاری شوێنی نیشتەجێبوونەکەی لێ کرد، ئەویش ناوی هوتێلێکی ناخۆشی پێ گوتم کە لەلایەکی ئەو شارەدایە.

لە شەوی دووەمدا داوەتم کرد تا بەیەکەوە ئێوارە نان بخۆین وەك خواردنی گوشتی مانگا، لەلایەکی شوێنەکە لەگەڵ ئەوەی زۆر راقی نەبوو، چونکە تێکەڵ بوو لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە و ئەو گەشتیارانەی جانتاکانیان لەپشتە، شوێنێکی وا نییە تا بەرپرسە حکومییەکان بچنە ئەوێ، من جلوبەرگی ئاسایم پۆشی کە پێکهاتبوو لە جێنز و و تیشێرتێك.

کاتێك باسی داوەتەکەم کرد هەردوو برۆی بەرز بۆوە و خەندەیەکی کرد و سەری لەقاند و گوتی " دەتوانیت مەرجم لەگەڵدا بکەیت".

لەپاش ئەو نانخواردنەی ئەو ئێوارەیە هیچ کاتێك لە شوێنی گشتی کۆنەدەبووینەوە، هەردەم لەناو ئۆتۆمبیلەکەی باسی رێکخستنەکانی دەکرد، لەچاوپێکەوتنی دووەمدا زۆرێك لە زانیاریی دیکەشی گوت، کاتێك دەیویست بڕواتە قووڵایی جەنگەڵەکان پارە و دەرمان و چەند شتێکی دیکەم پێ دا، چونکە دوای سێ مانگی دیکە ناگەڕێتەوە و هیچ ئامرازێکیش نییە تا پەیوەندی پێوە

بکەم، بیرم لەوەکردەوە و هیوام وابوو کارەکانی بەجوانترین شێوە بکات، نەك تەنیا هیوای گۆشتخواردن و وەرگرتنی پارە بێ.

دوای ئەوەی چەند سەد میلێك بەناو خاکی ئەفریقیای ترسناکدا سوڕایەوە، کە خۆی لەسێ وڵاتدا دەنوێنێ، ڕۆژێك پەیوەندیم بەو تەلەفۆنەوە کرد، کە لەمێشکی خۆمدا دامنابوو.

پرسیارم کرد: ئایا دەتوانم قسە لەگەڵ کیماو بکەم.

ئەو ژنەی وەڵامی دایەوە گوتی: "ئەم ژمارەیە هەڵەیە کەس بەو ناوە لێرە نییە"، هێڵەکەی دانایەوە.

مەبەستم لەو پەیوەندییە ئەوە تا لەگەڵ کیماو قسە بکەم و لەپاش دوو ڕۆژی دیکە کۆبوونەوەیەك بکەین، لەو شوێنەی کە پێشتر دانرا بوو، دڵخۆش بووم چونکە لەنێوەندی شارم دا، بەڵام نەدەبوایە ئەفسەرێکی پشتگیری لەوێدا کۆببێتەوە.

هەردەم جەختم لەوە دەکردەوە کە بەهیچ شێوەیەك چاودێریم ناکرێ، چەند جارێك لە ڕێگەکان دەوەستام تا بەنزین لە ئۆتۆمبیلەکە بکەم، یان بتلێك ئاو بخۆمەوە یاخود داوای گۆڤارێکی وەرزشیم دەکرد، لەنێوەندی هەموو ئەو ڕێگایانە دیسان جەختم لەوە دەکردەوە نەوەك چاودێری بکرێم، بەو شێوەیە تا چوومە نێو کۆمەڵگەیەك هەموو باڵەخانە بوو، لەناکاودا سەرچاوە نوێیەکەم هاتە نێو ئۆتۆمبێلەکە، منیش بەخێرایی ڕۆیشتم تا دوور بکەمەوە لەو ناوچەیە.

ئەو نۆ کیلۆ لەکێشی هاتبووە خوارەوە، بەنێو شەقامەکەدا تێپەڕ دەبووین و تیشکیش لەزێی نیلی دەدا، لەژێر پێستە ڕەشە بریسکەدارەکەی ئێسکی ڕوومەتی

بەدیار کەوتبوو، وام دانا ئەگەر چەند کیلۆیەکی دیکە لە کێشی دابـەزێنی تـەنیا وەك پەیکەرێکی ئێسك دەمێنێتەوە.

لێم پرسی : " چۆنی و لەچ دۆخێکدای".

"هە، من باشم، سوپاست دەکەم". بەبێ ئـەوەی هـیچ لاوازی و ناخۆشـی و گاڵتەجارییەکی پێوە دیار بێ.

تەنیا هەناسەی دەدا و دەجولا، هەروا حەزی بە گفتوگۆی جوگرافیای سیاسی و داهاتووی گەلەکەی بوو، وابیرم کـردەوە ئەمــە رازیبوونـە تـەنیا رێژییـە، ئایـا بەراستی ئەو بەو شێوەیە دڵخۆشە؟ یان بەرجەستەی خۆی وایـە؟ باشـە لـەو سـێ مانگە تووشی چی بۆتەوە؟

لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا هەموو شوێنەکان دیاری دەکەم، بەتایبەتی رەشنووسێکی نەخشەیی بۆ سەربازگەی رێکخستنە چەکدارەکانی، زانـیم رێگـەی بەهانەوەچوون و گەیشتنی کەلوپـەل لەکوێـدا دێ، هـەروا تێگەیشـتم پەیوەنـدی ناوخۆیی و دەرەکی رێکخستنە چەکدارییەکە چۆنە بەتایبەتی لـە دۆخـی جـەنگی سارددا، بێگومان ئەوانیش هۆکـاری خۆیـان هەیـە بـۆ شـەڕکردن وەك هۆکـاری خێڵەکی و ناوچـەیی، چـەندین راپـۆرتی هـەواڵگریم نووسـی و چـەند وێنەیـەکی ئاسمانیم بەدەست گەیشت، کاتێك یەکێك لەو وێنانەم بەدەسـت گەیشـت هاوشـانم کرد لەگەڵ پێوەرەکان و لەگەڵ نەخشە و رێگەکانی کەڵك وەرگرتن دام نا هەمووی تەواو بوو.

سەرچاوە نوێیەکەم کارەکانی زۆر بەسوود بوو، پێویست دەکات خۆمان بخەینە ترسناکییەوە هەروا گرنگیشە ئەوان ئێمە بەکاردەهێنن.

داوام لە یەکێك لە پزیشکەکانی سی ئای ئەی کرد پشکنینی بۆ بکات، وەك هەموو ئەوانەی لە دەزگادا ناسیومن، بۆ کەسانێك کە تازا و روونن، کاتێك پشکنینەکانی هاتەوە چەندین نەخۆشی هەبوو، وەك مەلاریا و بەدخۆراکی لەتەك ژیانێکی کولەمەرگی.

خواردن و دەرمانم پێ دا و گوێم بۆ راگرت، باسی جیهانێکی ونبووی دەکرد کە هیچ کاتێك لەپێش چاوی بڕیاردەرانی سیاسەت و سیاسییەکانی واشنتن نەبوو.

لەگەڵیدا باسی بەهای کار و ئاماژە و مەڕ و ئافرەت و تفەنگە هێرشبەرەکان و جەنگەکان و پارە کرد، کە لە جیهانی ئەودا لەکوێدان، هاوکات باسی شکۆی مرۆڤ کرا کە بەپارە ناکڕدرێ، جگە لەوەی باسی هەموو پێوەرەکانی خێڵەکی و کلتوور و سیاسەت بەشێوەیەکی وێنەیی کرد.

ئەو خێڵەی سەر بەرێکخستنەکانی ئەوە هێرشێکیان بۆ سەر مەڕ و ماڵاتی خێڵێکی دیکە کردووە، لە سەرەتادا ئەمە وەك پرۆسەیەکی ساکار سەیر کراوە، بەڵام زۆری نەبردووە بۆتە کارەسات ئەویش بە کوشتنی ژن و منداڵ، هەروا خێڵی بەرامبەر بۆ تۆڵەسەندنەوە چەندین هێرشی کردووە بەتایبەتی رێی هاتنی کەرەستە و کەلوپەلی گرتووە، لەلایەکی دیکەوە خاوەنەکانیان کە هاوپەیمانی وارشۆیە تووشی سەرسوڕمان بوونە و بە هۆی ئەو کارانە بەیەکجاری تووڕە بوونە، پێیان گوتوونە ئەم بێ عەقڵییە دەبێتە هۆی شکاندنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان رێکخستنەکەی و ئەڵمانییە رۆژهەڵاتییەکان تێکچووە، هەموو ئەمانەش بە هۆی ململانێیە خێڵەکییەکان.

سیخوڕەکەم لەمانە تێ دەگەیشت، چونکە لەرۆژئاوا خوێندویەتی، سەرسام بوو بە دیموکراتییەتی جیفرسۆن، گومانی هەبوو لەوڵاتەکەیدا ئەو جۆرە

هینری ا.کرامبتۆن

پێشکەوتنە بێتە ئاراوە، ئەو راست دەکا، چونکە من و ئەو هیچ ئەلتەرناتیفێکمان نییە نە بەهێمنی نە زیاتر، هەروا ئەو هاوکارییەی نێوان من و ئەو نابێتە ئەلتەرناتیف.

بۆ ماوەی سێ ساڵ لەلای من کاری دەکرد دواتر گواستمەوە لای ئەفسەرێکی دیکە، لەپاش دوو ساڵی دیکە گواسترایەوە بۆ ئەفسەرێکی دیکە، ئەو بەدڵسۆزی کاری بۆ سی ئای ئەی دەکرد و بە هۆی ئەوەوە سەدان راپۆرت نووسرا بۆیە مووچەیەکی باشیان پێ دەدا، لەراستیدا هاوکارییەکانی زیاتر بۆ ئەوە بوو تا هاوکاری گەلەکەی بکرێ، دەیویست دەوڵەتێك بۆ گەلەکەی بهێنێتە ئاراوە تا بەسەقامگیری بژین و خاوەن دەزگای لیبرالی و بازاڕی ئازاد و دیموکراتیەت بن، هەردەم دەویست ئەو بۆچوونانە لەنێوەندی ئەفریقیادا بچندرێ.

ئەو بە خەونەکانی نەگەیشت، لە یەکێك لە ئۆپراسیۆنەکانی سی ئای ئەی مرد، کاتێك دەیویست لە سنورێکدا بپەڕێتەوە، سی ئای ئەی دوای رۆژێك ئەمەی زانی و منیش لە کارێکی دیکەدا بووم دوای چەند هەفتەیەك زانیم، بێگومان ئەم پاڵەوانە زۆر لەمێژە لەنێوەندی سی ئای ئەی لەبیر کراوە، تەنیا سێ کەس لەبیریان ماوە کە خێزان و دوو ئەفسەر و من دەزانم، ئەمە سروشتی سیخوڕییە.

ئەگەر ئێستا لەژیاندا بوایە داوەتم دەکرد تا بێتە ماڵەکەم و بە هاوسەر و منداڵەکانم دەناساند بەتایبەتی ئەو کوڕانەم کە لە ئەفریقیا پەروەردە بوونە، ئێستا باسی سیاسەتمان دەکرد، وەکچۆن لەژێر درختەکانی سندیان هەموو شتێکمان باس دەکرد و هەر لەوێدا گوشتم دەبرژاند تا گۆشتەکە بخوا، ئەو زۆر خۆشی لە خواردن دەبینی، وەکچۆن ژیانی وابوو.

ئەو یەکێکە لەو سیخوڕانەی هەردەم دڵخۆش بوو، یەکێك بوو لەباشترین سیخوڕەکانم، ئەو مامۆستام بوو، ئەو کەسێکی بریسکەدار و بەهێز و ئازا بوو، گەلەکەی خۆی خۆش دەویست، ئەو هاوڕێ و سەرچاوەی بەهرەکانم بوو، ئەو هیوایەکی ئەفریقیا بوو، بیری دەکەم.

خۆتووشکردن

لە سندووقی پارەی باڵیۆزخانە، بڕە پارەیەکی دەرهێنا بەو بیانووەی دەیەوێ چەند پێداویستییەك بکڕێ، کەچی لە کارێکی بەڕەڵاییدا هەموو پارەکەی لەدەست دا، بۆیە هیچ ئامرازێکی نەدۆزیەوە تا پارە دزراوەکە بگەڕێنێتەوە، پارەکە زۆر نەبوو، بەڵام بۆ ئەو پارەی وا زۆری نەبوو، لەلایەکی دیکەوە بەوەی زانی لەهەفتەی داهاتوودا باڵیۆزخانە وردبینی لە حیسابی سندووقەکەدا دەکات، ئەگەر زووتر وردبینی نەکەن، چونکە ئەمکارە بە دزی دەژمێردرێ، شکاندنی ئاسایش و ترسناکییە لەسەر حکومەت.

بەرپرسەکەی بەدوای هەلێکدا دەگەڕا تا تۆڵەی لێ بسێنێتەوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی ڕووبەڕووی ترسناکی دەبێتەوە، بۆیە ئەو کەسە بەرپرسیاریەتی دەگرێتە ئەستۆ، هیچ کام لە باڵیۆزخانەکە و سەرۆکەکەی بەزەییان پێ نەهاتەوە، بۆیە پرسیاری ئەوەیان دەکرد چ تاوانێکی دیکەی ئەنجام داوە، ئەگەر تاوانبار کرا، ئەوا چەندین کاری دیکەی کردووە، هەموویان وەك مارێك وابوون تا ڕووبەڕووی هەر ترسناك ببنەوە، چونکە هەموویان لەنێو ترسدان، ئەگەر هەر دەستگیر کرا ئەوا بەرامبەر لێکۆڵینەوەیەکی گەورە دەبێتەوە و سزاکەشی بۆ ماوەیەکی دووردرێژ

له زینداندا دەبێ، ئەمە بە هۆی بەرپرسیاریەتی لە شوێنەكەی و بە هۆی بەرپرسیاریەتیی پیشەگەرییەكەی.

ئەو وەك ئەفسەری گەیاندن ناسراوە، هەروا وەك نووسەری كۆدەكان ناسراوە لە یەكێك لە باڵیۆوخانەكان، تەنیاش نووسەرێكی ئاسایی كۆدەكان نییە، بەڵكو بۆ دەزگای هەواڵگری دەرەوە كار بۆ وڵاتەكەی دەكات، هەردەم كلیلی كۆدەكانی لەلا بوو، هەروا كار لەنێو دۆسییەكان دەكات، جگە لەوەی هەموو شتێك سەبارت بە دەزگای سیخوڕی وڵاتەكەی خۆی دەزانێ.

كەچی دەزگاكەی بەهیچ جۆرێك لێی نابوورێ، كاتێك رێكخستنەكان تێك دەدا، چونكە ئەمكارە تاوانە، لەگەڵ ئەوەی كارێكی پڕووپووچە، لە كاتێكدا هاوسەر و منداڵەكانی تووشی ترسناكی كردەوە، كە لەوڵاتدا لەلای خزمانی خێزانەكەیەتی، بەڵام هەموویان تووشی سزا دەبنەوە، ئەگەر ئەو شەرمەزارییە لەسەری ئاشكرا بوو، هەروا خۆی گوتی: كارێكی گێلانەم كردووە بۆ ئارەزوویەكی گێلانە.

وەك هەر بەرپرسێكی وڵاتەكەی دەیوست هەڵگەڕێتەوە، چونكە ژیانی رۆژئاوا جۆرە ئارەزوویەكی روونە، لەوانەشە لەژێر پەنجەكانی چەندین شت ئاشكرا بووە بەتایبەتی وێنە و چەمكەكانی ئازادی و پارە و ئۆتۆمبێل و فیلم و خانووی گەورە و هەڵەكان، كاتێكیش ئەوانە دەچنە دەرەوە بەتایبەت لە وڵاتانی سێیەم، ئارەزووەكان زیاتر و زیاتر دەبن، لە كاتێكدا ئەو شتی وا ناكا، چونكە خێزانەكەی خۆی خۆش دەوێ، دەبێ بیان پارێزێ.

بەو شێوەیە دەژیا، زۆربەی جارانیش مەی دەخواردەوە و بەكەمیش قوماری دەكرد، بەڵام هەر كاتێك سۆزانییەكی دەست بكوتایە ئەوا لەگەڵ خۆیدا دەی

بردەوە، پێی وابوو ئەم کارانە ئەوەندە چەپەڵ نین، بۆیە زۆرێك لە گوناهی دیکەی دەکرد، بەڵام دەزگاکەی چاودێریان دەکرد و رادەیەکیان بۆ ئەو کارەی دادەنا، لە کاتێکدا خۆی بەپیاوێکی باش و مێردێکی باش و باوکێکی باش لەقەڵەم دەدا، بەڵام بەگێلانە هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەو وڵاتی خۆی خۆش دەویست، بەڵام سیاسی نەبوو، کەچی لەنێوەندی کۆمەڵگە ژیاوە و لەدەزگایەکدا کاری کردووە، کە سیاسەت رێگەی پێ داوە، دژ بە خودا دەجولایەوە، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی خودا بوونی هەیە، لەو کاتەی باپیرەی کتێبی پیرۆزی پێ خوێندۆتەوە، بڕوا مەسیحییەکەی خۆی دەشاردەوە، بەنهێنی نوێژی دەکرد، بۆیەش نوێژی دەکرد تا وەڵامێك بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە.

هەموو بەیانییەکی رۆژی شەممە لەگەڵ خێزانەکەی و چەند کەسێکی باڵیۆزخانەدا سەردانی بازاڕی دەکرد، ئەو نەخشەی ناوچەکەی بەتەواوی ئەزبەرکردبوو، لەپێشتریشدا ناونیشانی هەموو ماڵێکی ئەفسەرەکانی سی ئای ئەی دەزانی لەو شارەدا، چونکە دەزگاکەی چاودێری ئەو ئەفسەرە دژانەی دەکرد، ئەمەش پەیوەستە بە دژە سیخوڕی، بیروهۆشێکی سەیری هەبوو، هەموو ناونیشانەکانی بەبیر دەهاتەوە، کاتێك سەیری نەخشەکەی دەکرد، دەیزانی یەکێك لە ئامانجەکانی سی ئای ئەی چۆنیەتی چوونەژوورەوەی باڵیۆزخانە و دەزگای هەواڵگرییەکەیەتی، بەڵام پێشبینی ئەوەی دەکرد چ بەهایەکی لەناو سی ئای ئەی هەیە.

ئەوەشی دۆزیەوە، کە خۆی مەبەستیەتی، واتە ناونیشانی یەکێك لە ئەفسەرەکانە، ماوەی هاتنوچوونی بیست خولەکە ئەگەر بەناو بازاڕدا بڕوات، بۆیە بەخێرایی دەڕۆیشت لەدەرەوەی بازاڕدا، چونکە هیچ بژاردەیەکی دیکەی نەبوو.

بەپێی دۆسییەی سی ئای ئەی ئەو ئەفسەرێکی گەنج بوو، ئەمەش دووەمجارە دەچێتە نێو خزمەتەوە، هەروا هیچ هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو ئەفسەرە نییە، ئایا ئەو بەتەواوی تێگەیشتنی هەبووە و پێی گەیوە؟ ئایا ئەو کارا بووە؟ تەنیا توانیویەتی بچێتە ناو دەزگای وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی میواندار، کە هەموو زانیارییەکی پێ داوە سەبارەت بە هەموو فەرمانبەرە فەرمییەکانی ئەمریکا، لێرەوە دەزگای سی ئای ئەی دیاری کرد تا بزاندرێ چۆن هەموو زانیاری و ناسنامەکان وا گەیشتۆتە دەستیان، لەتەك ئەوەی هەر هەمووشیان دەناسی، هەروا لەنێو مێشکیدا وێنەی ئەفسەرەکەی کێشاوە، هەتا جۆری ئۆتۆمبیل و مۆدیل و رەنگ و ژمارەکەی دەزانێ.

لە بەیانییەکی زووی رۆژی دواتر یاداشتێکی بە زمانی ئینگلیزی نووسی، کە پێکهاتبوو لە نەخشەیەکی ساکار بەڵام ورد، کارەکە ماوەی دوو کاتژمێری خایاند ئەمەش بە هۆی بەکارهێنانی فەرهەنگی ئینگلیزی، چونکە زمانەکەی زۆر سەرەتایی بوو، مکوڕ بوو لەوەی هیچ هەڵەیەکی تیادا نییە، بیری لەوە کردەوە بەزمانی رەسەنی خۆی یاداشتەکە بنووسێ، بەڵام دەیزانی سی ئای ئەی نایباتە هیچ شوێنێك بۆ وەرگێڕانی، ئەو چاوەڕێی دەکرد لە کاتێکدا وەڵامەکەی پێ بگات، چونکە ئەو قەرزەی لەسەری بوو کاتێکی درەنگی بەسەردا چووە، کاغەزێکی بەکار هێناوە لەنێو ئاودا دەتوێتەوە و بەچەند چرکەیەك شوێنەواری نەمێنێ، هەروا قووتی دەدا ئەگەر پێویست بوو، لەلایەکی دیکەوە کاغەزە بەشێوەیەکی ئەندازیاری ورد دانرابوو، هاوکات زۆر بەشارەزایانی شاردبوویەوە.

لەبازاڕ دوور کەوتەوە، نەوەك خێزانەکەی و کەسانی دیکە ببینن، لێرەوە بەجۆشەوە بەرەو ناونیشانی ئەفسەری سی ئای ئەی رۆیشت، لەپاش دە خولەکدا خۆی لەشوێنکدا بینیوە، تیایدا ئۆتۆمبیلەکەی پارك کردووە، لەدووری چەند

هەنگاوێك لە شوێنی سوڕانەوە لە دڵی خۆیدا گوتی "سوپاس خودایە" تەنیا چەند کەسێك لە نیشتەجێبووانی ئەو شەقامە هێمنە بینیوویانە، لەگەڵ ئەوەی هێشتا زووە، یەکسەر بەرەو دەروازەکە رۆیشت و یاداشتەکەی لەنێوان دەرگا و چوارچێوەکەدا دانا، ئەمە بەپێنج چرکە، بۆ دووبارەش گەڕایەوە شەقامەکە.

نەی دەویست یاداشتەکە بخاتە پارچە پەڕۆکە چوار گۆشەکەی بەردەم دەرگا، چونکە ئەمە لەلایەن زۆر کەسەوە دەبینرێ، هەر لەدەرگادانێکیش کارێکی قورسە، هەروا کاتێکی زۆری دەوێ و ترسناکە، ئەوەی ئێستا کەمێك سەرکەوتنی بەدواوە دێ، لە کۆتاییدا هەلێکی دەست دەکەوێ.

گەڕایەوە بازاڕ و چەند جۆرە گوڵێکی بۆ هاوسەرەکەی کڕی، بەهێمنی گەڕایەوە، لەئێوارەدا داواکاری کرد بچێتە ئەو کوشکەی نزیك باڵێوزخانە تا جگەرە بۆ خۆی بکڕێ، لەگەڵ شکوڵاتە بۆ هاوسەرەکەی، ئەفسەری ئاسایشەکە ڕەزای بوو و گوتی منیش دێم، لەدڵی خۆیدا گوتی "بەنەفرەت بێ، کارەکە لەگەڵ بوونی پاسەوانێك لە تەکەمدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ"، بژاردەی نەبوو و هەردووکیان بەرەو کوشکەکە چوون.

هیچ نیشانەیەك نەبوو ئەفسەرێکی سی ئای ئەی لەوێدا بێ، هەروا نیشانەیەك نەبوو ئەمریکییەك لەوێدا بێ، بەبوونی پاسەوانێك ئەوا ئەفسەری سی ئای ئەی ترسی لە خۆی دەبێ، ئەگەریش بەدەربکەوێ کاتەکە باش نییە، وەك ژیانی باش نییە.

پاسەوانەکە جگەرەی دەکێشا و بەهێمنی دەبڕوانییە گەڕەکە کۆنەکە، ئەو کەسێکی قەڵەو بوو، هیچ جۆرە زیرەکییەکی پێوە دیار نییە، بەڵام دڵسۆزی ئەو ڕژێمە بوو، کە لەخزمەتی دابوو.

نووسەری كۆدەكان پـارەی ئـەو شـتانەی دا كـە كڕیبـووی، لەپاشـاندا دوور لەمێزی كاشێر راوەسـتا و ئـەو ئافرەتـەی خـڕ و پـڕەی لەوێـدا بـوو بەچـاوێكی گومانەوە سەیرێكی كـرد، بـەڵام بـەردەوام بـوو لەڕۆیشـتن، كەچـی پاسـەوانەكە لەدووری دە هەنگاودا وەستا بەبێزارییەوە هیچ بوونێكی بۆ ئەو لە ئاوێنە دانەنا.

سی ئای ئەی وەڵامی یاداشتەكەی دایەوە، هەروا ئەفسەرەكە ئەوەندە پـارەی بۆ دانابوو تا پارە دزراوەكە لە شوێنی خۆی دابنێتەوە، ئەوەشـی زانـی ئـەمكارە بەپێی رێنماییەكانە.

هیچ كاتێك ئەفسەرەكەی سی ئـای ئـەی نـەبینی كـە نامەكـەی بـۆ نـارد، جارێكی دیكە ئەو ئافرەتەشی نەبینی، كە یەكێك لە ئافرەتە بەتواناكانی سی ئای ئەی بوو، رووبەڕوو لەگەڵ هیچ كام لە ئەفسەرانی سی ئای ئەی یەكتریان نـەبینی، لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵێك چەند راپۆرتی مەزنی بۆ هـەواڵگری دەنـارد لەبەرامبەر پارەیەكی كەمدا، ئەمەش لەحیسابێكی نهێنیدا، ئەو بە هۆی چەندین ئامرازی كۆن بابەتەكانی دەنارد، ئەو یەكێك لە گەورە سیخوڕەكانی سی ئای ئەی بوو، هیچ كاتێكیش دەستگیر نەكراوە.

ئالانا

پیاوە باڵابەرزەكە، كاری كاغەزی بـەهێمنی جێبـەجێ دەكـرد، سـێ دانـەی رێكخست و لەنێوانیان كاغەزی مەرەكەبی شینی دانا، بەنەرمی دەسـتێكی لـێ دا، لەپاشاندا دەستی بە نووسین كرد و وشەكانی گەورە و دوور بوون لەیەكتری، بە قەلەمێكی مەرەكەبی وشك، لەپشت چاویلكەیەوە دەیڕوانییە هەموو لایەك.

هەوای پانکەکەی سەرەوە دەنگی دەهات و هەوای گەرمی بەنێوەندی نوسینگەکەدا بڵاوە پێ دەکرد، لەسەر دیواری نووسینگەکەی وێنەی شۆفەلێك هەڵواسرابوو، هەروا لە ساڵنامەکەدا زۆربەی رۆژەکان هێڵی بەسەردا دانرابوو، لەسەر مێزەکە چەند کاغەزێك دوو مۆر دنرابوو، کە زۆر لەیەکتر دوور نەبوون، هیچ شتێکی دیکەی لێ نەبوو، کە ئاماژە بەژیانی ئەو بدا، ئەو تەنیا وەك نووسەرێکی داواکارییەکان لە نووسینگەکەی بەهێمنی کار دەکات.

چاوەڕێم کرد و چاودێریم کرد.

یەکێك لە دانە نووسراوەکانی پێ دام، ناوەڕۆکەکەم خوێندەوە، هەموو شتەکانی بەتەواوی نووسی بوو، سوپاسم کرد.

تەنیا جارێك سەری بڵند کردەوە و بینم یەخەی کراسە سپییەکەی چلکن بووە و بۆینباخە گەورەکەی هاتبووە خوارەوە.

لێم پرسی: " دەتوانم پەیوەندیت پێوە بکەم، ئەگەر هەر پرسیارێکم هەبوو؟".

"بەڵێ، دەتوانیت" بەبێ هیچ جۆشێك و خۆشییەك وەڵامی دایەوە، بەڵام دوژمنانە نەبوو، ئەو کارتی نەبوو، بەڵکو ژمارەی تەلەفۆنەکەی لەسەر پارچە کاغەزێك نووسی.

لەپاش دوو هەفتە پەیوەندیم پێوە کرد، باسی گرفتێکی بیرۆکراتیم بۆ کرد، رازی بوو یەکتر ببینین، بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکە.

زۆر بەخێرایی چەندین باسمان خستە روو، لەنێویاندا جوگرفیای سیاسی و ژیانی تایبەتی خۆی، ئەو فەرمانبەرێکی حکومییە و نە هاوسەری هەیە، نە

هـاوڕێ، ئـەو زانكـۆی تـەواو نـەكردووە، بـەڵام بـەردەوام دەخوێنێتـەوە، چـەند پرسیارێكی سەبارەت بە ویلایەتە یەكگرتووەكان كرد، كە بەهیچ جۆرێك سەرداني نەكردووە، حەزیش بەوە دەكـات نیۆیـۆرك و لـۆس ئـەنجلۆس ببینـێ، پێشـتر لـە تەلـەفزیۆن چـەند دیـەنێكی ئـەو شـارە مەزنـەی بینـووە، باسیشـی لـەوە كـرد بەڕێوەبەرەكەی كەسێكی دادپەروەرە بەڵام زۆر سـەرقاڵە، هـەروا هـیچ پلانێكـی پیشەگەری داهاتووی نییە، هەروا خۆشیی لە كارەكەیدا دەبینـێ، لەتـەك ئـەوەی كارێكی سانایە.

لـەپاش چـەند كۆبوونەیـەك، لەپاشـاندا چـەندین زانیـاری پـێ دام، بـەڵام ئاستەكانی زۆر سەرەتایی بوو، هیچ زانیارییەكی هەستیاری تیـادا نـەبوو، بـەڵام جێگەی متمانەكردن بوو، دوای ئەوەی زۆرێك لە نووسراوی نهێنی خوێندبۆوە، دوو دیاری سانام پێ بەخشی، كە كۆمـەڵێك قەلەمی مەرەكەب و كۆمـەڵێك قەڵـەمی دار، چونكە لای ئەو قورس بوو شتە بەنرخەكان لەیەكتر جیا بكاتەوە، هەروا چەند جارێك پارەم پێ دا بەڵام زۆر نەبوو، ئەمەو لەپاش ماوەیەك چەندین بەڵگەنامـەی نهێنی پێ دام، نەمودەویسـت رازی بكـەم، ناچـاریش نـەبووم، تـەنیا پەیوەنـدی كارمان بەرەو پێشەوە چوو.

پارە و ئایدلۆجیەت زۆر گرنگ بوو، بەڵام ئەم سیخوڕە دەیویست زیاتر گوێی لێ رابگریت، چونكە بەختی نەبوو تا پلەكەی بەرزبكرێتەوە، چونكە بڕوانامەكەی وا نەبوو و هاوكات خێزانداریش نەبوو، ئەو نووسەرێكی زیرەك بوو، بەڵام رێزێكی وای لێ نانرێ، ئەو دەیەوێ بەشداری شتێك بكا، لـەپێناو كەسـێكی دیكـە، زۆر بەروونی سەرسوڕمانی دەربارەی ویلایەتـە یـەكگرتووەكان دەربـڕی، بـەڵام ئەمـە كارێكی لاوەكی بوو، بۆیە دەیویست كارێ بكا، مانایەكی هەبێ.

لەپاش ساڵێك لەپەیوەندیكردنی، لەنێو ئۆتۆمبیلدا لەكۆبوونەوەیەكدا دەستەیەك كاغەزی پێ دام كە بەرگكرابوو، ئەو گوتی ئەم دۆسییە زۆر گرنگە، بەڵام ئێمە باسی دیكەمان هەیە پێویستە باسی بكەین، چونكە دەمویست كۆبوونەوەكان تەنیا ١٥ خولەك بخایەنێ.

دام بەزاند و دەستم بەچاودێری رێگاكە كرد، و ئۆتۆمبیلەكەم گۆڕی، لەكۆتاییدا گەڕامەوە ماڵ، كاغەزەكانم خوێندەوە كاتێك لە ژووری نانخواردندا بووم.

گوتم :ئەی خودای بەخشندە

دەستم بەخوێندنەوە كرد و لە ماوەی چل و هەشت كاتژمێردا ئەو بەڵگانە گەیشتە دەستی سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، كە پرسیاری كرد كێ ئەو زانیارییەی پێ بەخشیوون و داوای سەرچاوەی راپۆرتەكە دەكرد، هەروا لە وەڵامدا پێیان گوتبوو، كەسێكە بەرپرسی ئەو سەرچاوە نهێنییە، سیخوڕێكی بیانییە، نەیدەتوانی زانیاری زیاتر بداتە سەرۆك، هەروا ناسنامەی سیخوڕەكە نازانی، هەروا سەرۆك سوپاسی كرد و داوای كرد بە ناوی ئەوەوە سوپاسی ئەو سیخوڕە بكەن، ئەو كەسەش نامەكەی نارده بەرپرسی نهێنی ئەو ئۆپراسیۆنە.

لە رۆژی دواتردا لە بارەگای سەركردایەتی پێیان راگەیاندم تا بەپێی بروسكەی كۆدەكە فەرمان بكرێ، لەدوای دوو هەفتە سیخوڕەكەم بینی و باسی ئەوەم كرد، كە سەرۆك سوپاسی كردووە، گوێم لە وەڵامەكەی نەبوو چونكە بەخێرایی بەئۆتۆمبێلەكە بەجادەكاندا دەڕۆیشتین، بەڵام گوێم لێ بوو گوتی: سەرۆك ئەو نووسراوانەی خوێندۆتەوە؟

گوتم: بەڵێ خودی سەرۆك.

"تـۆ بـەمن دەڵێـت سـەرۆکی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان ئـەو نووسـراوانەی خوێندۆتەوە".

بەڵێ، بۆ دووبارە جەختم کردەوە.

"نەمدەزانی کارێکی وا روو دەدات، ئایا شتێك دەربارەی من دەزانی؟

هیچ شتێك سەبارەت بەتۆ و ناسنامەکەت نازانیێ، تەنیا ئەوە دەزانیێ تۆ کار بۆ هەواڵگریی ئەمریکا دەکەیت"ئێمەش پشتت پیێ دەبەستین".

ئۆتۆمبیلەکەمان لەژێر رێژنە باراندا کەوتە ناو چاڵێك دوای دەرهێنانی پێـی گوتم: "بەڵێ دەتـوانن پشـتم پـێ ببەسـتن، هـەروا سـەرۆك دەتـوانیێ پشـتم پـێ ببەستیێ".

پێم گوت " وادەکەی، منیش شانازی بـەوەوە دەکـەم، کـە کـارت لەگەڵـدا دەکەم".

سیخوڕەکە گوتی" بەڵی بەیەکەوە کار دەکەین، ئەمە گرنگە".

بەدرێژایی رێگەکە قسەمان دەکرد و لەژێر بارانی ئیستوائیدا بووین، هەموو شتێکمان باس کردبوو، بۆیە شتێکی وا نـەمابوو تـا لەسـەری بـدوێن، رێگەکـەم دەبڕی تا لە شوێنێك دابەزم کە خۆم دەمەویێ.

وەك باوە هیچ کاتێك تەوقە لەگەڵ یەکتردا ناکەین لەو کاتەی دادەبـەزین تـا کات بەهەدەر نەدەین، لەپاشاندا پاداشتێکم لەناو نامەیەکدا پێدا، پارەیـەکی زۆر نەبوو، سوپاسی کردم و من دەمزانی دەیەویێ هەردەم کار بکا، سەرم بۆی لەقانـد، لە ئۆتۆمبیلەکە چـووە دەرەوە، دوور کەوتـەوە تـا گەیشـتە شـەوانی ئـەفریقیا و لەنێوەندی کۆڵانە قوڕاوییەکاندا و هیوای وابوو تاکسییەکی دەست کەویێ.

هونەری سیخوڕی

ماتا\اج

هـەموو ئەوانـەی مـن سـەربازگیر و تەجنیـدی سـیخوڕیم دەكـردن یـان سەرپەرشتیم دەكـردن، ئـەوان دابەشـبوونە بەسـەر چـەندین هۆكـار و جیـاوازی، پێكهاتەكان جیان لەرووی پارە و ئایدۆلۆژیا، وەك تووشبوونی ئالانا (ماتا)، بەڵام هەموو ئەمانە دوای چەند ساڵێك لە ئەفغانستاندا پێكهاتەكەیان بەكاردێنین، كـە تۆڵەسەندنەوە و رۆی حیسـابە، فێری ئەوە بووم ناكرێ هیچ كام لەرەنگەكانی ماتـا كۆپی بكرێ، هەر كارێك بە جۆرێكە، كەچی هیچ پرۆسەیەكی سیخوڕگرتن لـەلای من پێش نەكەوت، زۆربەیان ناتواندرێ بەتەواوی وردبوونەوەی لەبارەیـەوە بكـرێ، لە هەندێكیان شكستهێنانە، كەچی هەندێكی دیكە رووبەڕووی چـەند گرفتێكـت دەكەنەوە كە هیچ كاتێك پێشبینی ناكەی، تەنیا كەمێكیان نەبێ هێـز و بـەهای خۆی هەیە.

تواناكانم لە سەربازگیری و تەجنیدكردنی سیخوڕەكان بەرەو باشی هـەونگاوی نا، چونكە ئـەزموونێكی زۆرم هـەبوو لـە پێكـانی كەسـەكان، بـەڵام بـەهێمنی ئاهەنگم بۆ سـەركەوتنەكانم دەگێڕا، بۆ ماوەی دوو ساڵ دەمویست ببمـە هـاوڕێی نووسەرە هێمنەكەی كۆدەكان، ئەویش خۆشـی دەبینـی كاتێـك چـاومان بەیـەكتر دەكەوت، فێری ئەوە بووم ئەوم و خێزانەكەیم خۆش بـوێ، چـونكە هاوسـەرەكەی بەئاگاتر بوو، راستە كارەكە بەهێمنی بەرەو پێشەوە چوو، لـە كاتێكـدا گەیشـتە قۆناغێك هیچ پێشكەوتنێكی دیكەی بەخۆیەوە نەبینی، هیچ كاتێك كارم بۆ ئەوە نەكرد تا رازی بكەم، چونكە دەمزانی رەتی دەكاتەوە، لەوانەشە هەر لەدەزگاكەی خۆیدا بمێنێتەوە بەسوودترە، لەوانەشە هەر لەسەرەتادا وای كردبێ.

بۆ ماوەی چەند مانگێك وەك خۆبەخشێك كار بەفرتوفێڵ كاری دەكرد، ئەمەو چەندین بابەتی هەواڵگری باشی پێ دام هەر یەكەو چەند بەشێك بوو و نەمتوانی لەیەكتری جیا بكەمەوە، بۆ ماویەك پارەم پێ دەدا بەڵام پارەكە زۆر نەبوو، هەموو ئەوانەش بۆ ئەوە بوو تا زاڵبم بەسەریدا، تا ئەو كاتەی خۆی داوای یارمەتی كرد، داوام لەیەكێك لە شیكارییەكان كرد سەیری هەموو راپۆرتەكانی بكاتەوە، هەروا بخرێتە سەر ئامێری پشكنینی درۆ، هەروا شیكاریكارەكە پێداچوونەوەیەكی وردی كرد و توانیمان سیخوڕەكە بخەینە سەر ئامێری پشكنینی درۆ، هەموو كارەكە دوو كاتژمێری خایاند.

لە ژوورەكەی دیكەی هەمان هوتێل بووم، هوتێلێكی تەسك و بۆنی ناخۆشی مافوورەكان كاسی كردبووم، لەگەڵ ئەوەشدا لە دڵی خۆمدا چەندین پرسیارم دەكرد، ئایا سیخوڕەكە سەركەوتن بەدەست دێنێ لەبەرامبەر ئامێری پشكنینی درۆ، یان شكست دێنێ لەو تاقیكردنەوەیەدا، بەڵام خراپی كارەكە لە كوێ دایە؟

ئامێری پشكنینەكە گەیشتە ئەو بۆچوونەی جۆرێك لە فرتوفێڵ بەكاردێنێ، بەڵام تا ئێستا ناتوانین رادەیەك بۆ درۆودەلەسەكانی دابینێن، هەموو كارەكانی بۆ ئەوە بوو پارە بەدەست بێنێ، كاتێكی بەنرخ و چەندین هەزار دۆلاری بەهەدەر دا، بەڵام دەبێ رادەی ئەو هەموو زیانانە چەند بێ؟ ئایا لەلای كەسانی دیكە باسی كردووە؟ ئایا ئەو ملكەچی دەزگای دوژمنە؟

رووبەڕووی سیخوڕەكە بووینەوە و دانی پیا نا، بۆ ماوەی چەندین كاتژمێر لێكۆڵینەوەمان لەگەڵیدا كرد، دواتر گەیشتینە ئەو رادەیەی تەنیا لەپێناو پارە دەستی بە فرتوفێڵ كردووە، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە بوو رۆشنبیری سیخوڕیم بەرەو زیاتر بڕوات.

ئەو سیخوڕە جێگەی متمانەپێکردن نەبوو، پێم وایە دوای ئەوەی ڕۆیشت ڕووبەڕووی چەندین سزا بۆوە، لەلایەکی دیکەوە یاداشتێکی نارد بەوەی هەموو بارەگاکانی سی ئای ئەی لە کیشوەرەکە دەسووتێنێ.

لەوانەیە نە پێکان هەندێکجار پەسەند بێ ئەگەر تا ڕادەیەك سەرکەوتن بەدەست بێنیت و بەکەمیش لێدانەکە ئازارت بدات، بەڵام کار گەیشتە ئەوەی کاری سووتاندن بەشێوەیەکی کارا و شێوازێك بێ، بۆیە لەپاش ئەمە دەستم کرد بەزیاتر زانین لە هەڵەکانم و هەردەمیش بەرەو باشتر دەڕۆیشتم.

هەڵچوونەکانم لەنێوان توڕەییەکی کوشندە و خوشەویستیی برایانە بوو، بەتایبەتی بۆ هەموو ئەو کارانەی کەسانی دیکەم تیایدا کردۆتە سیخوڕ، لەو هەڵچوونانە فێر بووم ئەگەر تێگەیشتنی تیادا بوو، پێویستە پڕۆسەی شیکاری و دینامیکی تیادا بێ لەتەك ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵ کەسانی دیکە ئەنجامی دەدەم، بەتایبەتی کاتێك کار بۆ ئەوە دەکەم یەکێك بهێنمە ناو تۆڕی سیخوڕی، درکم بەوە کرد ئەو هەڵچوونانەم ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی خۆمە، تا دەگەیتە ئەوەی تۆ بڕوات بە چییە، هەتا ئەو کاتەی ئەفسەر بەشاراوەیی کار دەکات یان بەراوردی بۆچوونەکان دەکات، دەبینی کارەکان زۆر لەیەکتر دوورن، ڕقبوونەم لە ڕژێمەکانی کۆمۆنیست و قاعیدە و ڕێزگرتنم بۆ گەلانی مەکسیك و زیمباوبۆی و ئوستورالیا و تایلەند و ئەفغانستان و ئەمریکا، لەسەرووی هەموو ئەو شتانەوەیە کە سیخوڕی پێشبینیکراو دەیڵێت.

لەوانەیە هەڵچوونەکان هەموو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان لەناو ببات، لەوانەشە ناپاکی و تۆڵەسەندنەوە و دڵپیسی یەکێك لە ئەفسەرەکان لەدەست دەرچێ، لەو کاتەدا هیچ زاڵبوونێکت بەسەردا ناشکێ، بەڵکو دوور لەوانە دەبێ

نەخشەیەکی هەموو رووەکانت کێشایێ بەو پێیەش کارەکانت لە هەواڵگری ئەنجام بدەیت، ئەوە جگە لەوەی هەندێکجار هەست و هەڵچوونەکانت خەڵك لەیەکتر نزیك بکاتەوە، لەو کاتەشدا کاری سیخوڕیکردن دەکرێ ئەنجام بدرێ، هەروا هەڵچوونەکان دەبێتە هۆیەك بۆ زانینی هزرەکان و بتوانیت لە دواتردا زاڵ بیت بەسەر کارەکاندا و پەیوەندی ببەستیت بۆ کار و ئازایەتی کە جۆرێك لە هەواڵگری بەبەها.

صن –تزۆ لە کتێبی هونەری جەنگ جەختی لە خود کردۆتەوە تا دوژمن بناسیت، هەروا فەیلەسووفە کۆنەکانی گریك هەمان کاریان کردووە، لە کاتێکدا من فێر نەبوومە هۆشیاری خودم هەبێ یان لە کتێبی نووسەرێك یان شارەزایەکی هەواڵگری فێر ببم، لەوانەیە لە منداڵێکی ئەفریقی فێر ببم.

ئەو رۆژە پلەی گەرمی شێدار و زۆر بەرز بۆوە، تەنیا هەوایەك لەنێوەندی خۆری ئیستوایی خۆی بەدەر دەخست، بەڵام تیشکەکەی دەی سووتاندی، بەڵام ئێستا هێدی هێدی هەواکە بەرەو ساردی دەڕوا، ئەو رێگەیەی گرتبوومە بەر لەزۆر شوێندا شوێنی گڕکاندا دیار بوو لەنێوەندی کەندو کەندەلانەکان، لەولاوەش شوێنێك هەیە جێگەی گڕکانێکی کۆنە، لەو رۆژەدا وەسفەکان لەپێش چاوم تێکەڵ بەیەکتر بوو بوون و نەمدەزانی ئێرە کوێیە" دەشتاییە، کۆنە، دڕندەیە، جوانە، دڵڕەقییە، یان شوێنێکی سەرەتاییە.

زۆری نەمابوو بگەمە چادرگەکەم، دڵخۆش و ماندوو، چونکە ئەو گەشتەم لە زۆربەی رۆژدا بەپیادەیی بوو، بەراستی دۆڵە دژاوەکانی ئەفریقیا تەلەزگەن، لەدوورەوە چادرێکی بچووکم بینی کە لەسەر ئۆتۆمبیلە سوزوییەکم وەك قوبەك دانرابوو، لەنزیك گڕکانێکی بچووکدا بوو، هەستم بەشانازی کرد، چونکە ئەو

هونەری سیخوڕی

دەوروبەرە وەك دیمەنێکی درامی وابوو، ئەمەو گڕکانە چەند میلێك لەمن دوور بوو، چونکە لە شەوی پێشتردا گەیشتبوومە ئەوێ و چادرم هەڵداوە دوای ئەوەی خەوتووم لەبەیانییەکی زوودا بەڕێکەوتم، ئێستا کارەکان هەموو باشن، چونکە نە مرۆڤ و نە ئاژەڵ و نە هێزێکی سروشتی دەستکاری چادرەکەی نەکردووم.

لەنزیك چادەرکەم خۆم بەناو ئەو خۆڵ و خاشاکەدا دا، هەموو لەشم ئارەقە بوو و ئارەقەکەم لەگەڵ خۆرەکەدا تێکەڵبوون و قوڕ بە سەروچاومدا لکا، لەم کاتەدا چەندین جار بەڵغەمم فڕێ دا.

ئاگادار نیم کوڕێکی بچووکی (ماسای) بەبێ جووله لەبەرامبەردا وەستاوە، لەوانەیە تەمەنی هەشت ساڵان بووبێ، سەیرکردنەکەی هیچ مانایەکی نەدەبەخشی، گوێك لە دەنگی نەبوو، نەشمبینی نزیك ببێتەوە، تەنیا لەو کاتەدا لەوێدا بەدەرکەوت.

ئاماژەم پێدا بێتە نزیکمەوە، کوڕەکە هاتە پێش بەڵام دانەنیشت، ئەو هەموو لەشی خۆڵ و ڕیخی مانگا بوو، سەدان مێش لەدەوری قاچیدا کۆبوو بوونەوە، لەو کاتەدا شکۆلاتەی (کادبۆری) پێدا، کەچی سوپاسی نەکردم و هیچ سۆزێکی دەرنەبڕی، کەچی بەدەوری شوێنی چادرەکەمدا دەسوڕایەوە.

پێم وابوو، هیچ کاتێك ئەو جۆرە شتانەی نەبینیووە، کە هەموو لەئەلمنیۆم دروستکراوە و لەدەوریشیدا بە نایلۆنێك دەور دراوە، سەیرێکی ناو چادرەکەی کرد، پێی سەیر بو لە سەردەمی ئەودا ئەو جۆرە شتانە هەبێ، هەروا منیش پێم وابوو ئەم چاوپێکەوتنە بۆ هەتا هەتایە لەبیرم ناچێ.

هینری ا.کرامبتۆن

لەتەنیشتم دانیشت، تا ئەو کاتەش هەر شکۆلاتەکەی دەخوارد، لەنزیکەوە سەیرم دەکا، کاتێك شکۆلاتەکەی تەواو کرد هەڵسایەوە، هەندێك ئاوم پێ دا، ئەویش کەمێکی خواردەوە، بەڕوویدا پێ دەکەنم، کەچی ئەو پێ ناکەنێ.

ئێستا سەیری قاچە سپییەکانم دەکا، کە تا ئێستا نیشانەی قوڕ و ئارەقەی پێوە دیارە، بەڵام قاچەکانی ئەو وەك چەند چینێك لەسەر یەك وابێ وابوو و بە پێستی خام دەچوو، دەستێکی لە پێڵاوەکانم دا، دواتر بەرزی کردەوە و بۆنی کرد.

برۆیەکانی لەیەکتر نزیککردەوە و هەردوو چاوی نوقاند، گوتم ئێستا دەرشێتەوە، پێڵاوەکەی فڕێ دا و بەتوڕەییەوە سەیرێکی کردم، هەستم بەشەرمەزاری کرد.

جارێکی دیکە سەیرێکی پێڵاوەکەی کردەوە، لەپاشاندا بەگاڵتەوە سەیری دەکردم، دواتر رووی وەرگێڕا و بەتەنیا جێی هێشتم.

پێڵاوەکەی هەڵگرتم و بۆنی کرد، بەڕاستی ئەمە شتێکی ناخۆشە.

لە دڵی خۆمدا گوتم ئای چەند گێلم! وا تێدەگەیشتم ئەم منداڵە سەیری بە هەموو تەکنیکەکانی ئەو چادرە دێ، کاتێکیش رۆیشت رقی لێم هەڵسا بوو.

لەو نێوەندە کە خاڵەتێکی گێژاوەییە، دەبێ بیری لە چی کردبێتەوە؟ لەوانەیە وا بیری کردبێتەوە من کەسێکی لاواز بم.

ناچار بووم بۆ ماوەی دوو شەو بەو کەرەستانە لە جەنگەڵ بمێنمەوە، لەگەڵ ئەوەی گۆچانێکیشم پێ بوو، لەوانەیە من کەسێکی نەزان بم لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، هەر لەوانەیە ئەو منداڵە وا تێگەیشتبێ من کەسێکی تەنیا و هەژارم و هیچ مەڕوماڵاتێکم نییە، هەتا ناتوانێ لەگەڵ ماڵەوە و خێزانەکەیدا

بخەوێ، تەنیاش ئۆتۆمبیلێکم هەیە، لەلای ئەو من "دۆڕۆبۆم" واتە کەسێك مەڕ و ماڵاتی نەبێ، ئەو منداڵە شوانی مێگەلێك بوو، لەوانەیە وا تێگەیشتبێ من ونبوومە، چونکە ئەو دەزانێ خۆی لە کوێدایە، لەوانەیە لەلای ئەو شتێکی سەیر بم.

کاتێك سەیری دەکرم و سەیری ناو پێڵاوەکانی دەکردم، لەو کاتەدا سەیری ئاسمانم دەکرد پێ دەچوو بارانێك بەخوڕ بباریێ، بۆیە پێڵاوەکانم لەدەرەوەی چادرەکەدا جێ هێشت، بۆیە زۆر بەزەحمەت خۆم گەیاندە نزیك گڕکانەکە، لەو کاتەشدا زۆری نەمابوو شەو هەمووی داپۆشێ، لەو کاتەدا لەدڵی خۆمدا بیرم لە مرۆڤایەتی و لەو شوێنە دەکردەوە، ئەدەبم لە پەیمانگە خوێندووە، ژمارەیەکی زۆرم لە کتێبی مرۆڤناسی- ئەنترۆپۆلیژیا و کۆمەڵناسی خوێندۆتەوە، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی باس لەکۆمەڵگە کلاسیکییەکان دەکات، لە کاتێکدا لە چەند ساڵی رابردوو چەندین ئۆپراسیۆنی ئاڵۆزی سیخوڕی ئەنجامداوە، چوومەتە نێوەندی چەندین کلتوور و رۆشنبیری و تێکەڵیان بوومە، زۆرێك لە مامۆستایان هاوکاریان کردووم تا زانیاری زیاتر و رۆشنبیریەکی بەرزم هەبێ، بەڵام لەوانەیە گەورەترین مامۆستام ئەو منداڵە نیمچەرووتە بێ.

لە داهاتوودا لەگەڵ زۆرێك لە پیاوانی جەنگاوەرەکانی ئەفغاندا تێکەڵبوومە و قسەم لەگەڵیاندا کردووە، هاوڕێی زۆرێك لە نەخوێندەوار و تەکنۆکراتە ئەورووپییەکان بوومە، گوێگری زۆرێك لە وتەکانی کەسانی ناوچەکان بوومە، زۆربەیان قسەکانیان جێگەی رێزە، زۆر جار بە هۆی کلتوورەکەم کوێرانە هەڵسوکەوت دەکەم، وەکچۆن لەو ئێوارەیە جوانەدا لە دۆڵی گێژاوەکان تووشی بووم.

هینری ا.کرامبتۆن

ئەوانەی بابەتەکانی هەوالگری کۆدەکەنەوە و شیکار دەکەن، زۆرجاران هەستی بنکۆلیکردنیان نییە، یاخود زیرەکییەکی قوڵیان نییە تا بگەنە دەرئەنجامی دیاریکراو، بەڵکو زیاتر دەگەنە پرۆسەیەکی خراپ و بڕیاری سیاسی کارەساتبار، بۆیە زیاتر ترسناکی دێتە ئاراوە، بەمەش پاداشتەکان زیاتر دەکەن، ئەمەش بە هۆی پێوەرە ناوچەییەکان لە ڕێرەوی تێگەیشتنە مرۆڤایەتییەکان، کار بۆ ئەوە دەکەن تا مەبەستێکی سیاسی هاوبەشیان هەبێ لەگەڵ هاوبەشە ناوچەییەکان.

تێگەیشتنی خود، لەنێوەندی پشکنینی خود، وەك بنەڕەتییەکە بۆ ئەفسەری هەواڵگری سەرکەوتوو، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ لای خۆت رادەکێشیت و تەجنیدیان دەکەی، لە نەبوونەی سەرچاوەیەکی پتەوی ناوەندێك بۆ خود، هەموو هەڵسەنگاندنەکان بەلاڕێدا دەڕوا، لەنێوەندی هەموو ئەو وانانەی بۆ داواکارانی هەواڵگری پێشکەش کرد، بەکارهێنانەکانم بەراوردکردنی سیستەمی بابەتیانەی (جی بی ئاس) بوو، لە سەرەتادا خۆت داتاکان دادەنێیت، لەپاشاندا دەستدەکەی بەدانانی نەخشەیەك بۆ ئەو ناوچەیەی کە دەتەوێ بچیتە ناوی، واتە تۆ لەنێوەندی خاکێکی بیانیت بۆ دەبێ ڕێڕەوی خۆت دیاری بکەیت، هەمان کاریش لەسەر ئەفسەری جوولەیە، واتە چۆن خەڵکی دیکە دەناسێ، ئەگەر خۆی نەناسێ؟ چۆن دەتوانێ پەیوەندییەکی متمانەپێکراوی هەبێ تا بزانێ ئەو پەیوەندییە بەرەو کام لادا هەنگاو دەنێ؟

لەنێوەندی "کێڵگەدا" درکپێکردنی خود ناچێنن، تەنیا تواناکانی ئاشکرا دەکەن، لێرەدا سی ئای ئەی تەنیا کاری بەداواکاران ئەوەیە جۆرێك لە تێکەڵیان هەبێ بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکان تا ببنە سیخوڕی باش، وەکچۆن وەرزشەوانەکان کاتێك لەدایك دەبن دوای ئەوەی ڕاهێنانیان پێ دەکەن، ڕاهێنانی سی ئای ئەی

هونەری سیخوڕی

دەیەوێ سیخوڕەکە پێش بکەوێ بەپێی پێشکەوتنی ڕێڕەوی ژیانی، ئەم ڕێـڕەوەش حەتمی نییە، چونکە ڕێڕەوی پێشکەوتن زۆرجاران بەپێی ئیرادەیـەکی ئـازاد دێتـە ئاراوە، کاتێك دەیەوێ یەکێك بکاتە سیخوڕ چەندین هۆکـار بـەکاردێنێ لـەپێش ئەوەی بیانخاتە ناو سی ئای ئەی، زۆر جار ئەو کارە ترسناکی و ئاستەنگ دەبـێ، تا خۆیان لەنێوەندی ژینگەیەکی دیکەدا ببیننەوە، بۆیە زۆرێـك هەڵـە و چـەوتی دەکەن، کەچی لەدواتردا خۆیان دەدۆزنەوە و گەشە دەکەن.

باسی بابەتی جایمس سی لانگدۆنم کرد، کـە پۆسـتی ئەنـدامی ئەنجوومـەنی ڕاوێژکاری هـەواڵگری لـە سـاڵی ٢٠٠١ -٢٠٠٥ سـەر بەسـەرۆك بـوو، ئەمـەو ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری چوارچێوەیەکی فراوانی گرتبووە خـۆی بـۆ ئـەو بابەتانـەی لەلای سەرۆك گرنگ بوو، هەموو ئەندامەکان مۆڵەتی ئاسایشـی ئاسـت بـەرزیان هەبوو و دەیانتوانی بگەن بە کۆمەڵگەی هەواڵگری، جایمس ئەفسەری هـەواڵگری نەبوو بەڵکو پارێزەرێکی سەرکەوتوو بوو لە واشنتن و لـەرووی ستراتیژیشـەوە زۆر سەرکەوتوو بوو، ڕێگەی پێ درا توێژینەوەیەك سەبارەت بە کۆمەڵگەی هەواڵگری بکات، ئەمەش بە هۆی پۆستەکەی لە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریدا، لە مـاوەی چـوار ساڵدا زنجیرەیەك لە گفتوگـۆی نـاڕێکی خسـتە ڕوو و ئـەو گفتوگۆیانـەی لەتـەك ژمارەیەکی زۆری ڕەگەزەکانی هـەواڵگری بـوو، هـەموو ئەمانـەش بـۆ وتووێـژە فەرمییەکانی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری هەواڵگری بوو، لەوێدا وەك گوێگرێکی باش توانی وێنایەکی جیا بنیات بنێ سەبارەت بەو کۆمەڵگەیە.

جایمس لە زۆر بۆنەدا جەختی لە خاڵی گرنگ دەکردەوە، هەموو ئەو شـتانەی لە ئەفسەری هەواڵگری گوێی لێ بـوو بـوو، وەك پرسـیاری ئـەوەی دەکـرد: ئـەو ئەزموونە نموونەیانە کامـەن بـۆ پێشـکەوتنی ئەفسـەری هـەواڵگری، چ لـەرووی ئۆپراسیۆنەکان یان کاتێك شیکردنەوە دەکات، هەروا دەبێ هەردەم سەیری دۆخـی

ئێستا و گومانەکان بکات، هەندێکجار دەبێ رووبەڕووی ببێتەوە، هەموو درکپێکردن و هەست و رۆشنبیری جیۆسیاسییەکانی دەبێ بەپێی ئەزموونەکانی ژیانی بێ، هەروا دەبێ خۆیان بناسن، جایمس هەتا پێش ١١-٩ جۆرێك لە ترس بوو، لە کاتێکدا زۆر کەس پێیان وابوو، سی ئای ئەی دەیەوێ ئەفسەرێك دابنێ خاوەن لاپەڕەیەکی سپی بێ و خاوێن بێ، جگە لەوانەی خاوەن ئەزموونن و کێشەکانیان گەیشتۆتە سەر چەقۆ، بەشێك لەو ئەفسەرانە لەگەڵ کەسوکاریان چوونەتە وڵاتانی پاکستان و چین، ئەوانە چەندین کێشەیان هەیە بەپێی دۆخەکانیان، چونکە لە کۆتاییدا ئەوانە بیانین، کەچی جایمس ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەشێك لەو ئەفسەرانەی لە سی ئای ئەی دان بەشێکیان وەك سیخورەکانی بیانی هەمان جۆرن.

ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکان کەسانێکن لە خۆیان تێ دەگەن بە شێوەیەك ئایدۆلۆژیای کەسانی دیکەش ئاشکرا دەکەن، لەتەك ئەوەی هەموو خاڵەکانی لاوازی و تورە بوون و ترسەکانیان دەزانن، بە هۆی کارەکانیان باشترین سیخوڕ تەجنید دەکەن و بۆ لای خۆیاندا رای دەکێشن، باشترین جۆری هەواڵگری بەکار دەهێنن، مەبەستمانە بڵێین ئەمە کلیلەکەیە، واتە هەواڵگر و سیخوڕ سەرەتا دەبێ گوێ لە خۆی رابگرێ، بۆیە درك بەوە دەکات کێشەکان لە کوێیە تا چارەسەری بکات؟ ئەگەر گوێ لە خۆی و کەسانی دیکە رانەگرێ یان چوارچێوەیەکی فراوانی نەبێ بۆ ئەزموونەکانی، پرسیارەکە لەوەدایە چۆن سەرچاوەکان بەکرێ دەگرێ و زانیارییەکان کۆدەکاتەوە؟

راستە سەرچاوە مرۆییەکان بەشێکن لە سیستەمەکە، بەڵام ئەگەر سەرچاوەی نوێ هەبێ لەتەك سەرچاوە کۆنەکان ئەوا زانیارییەکی زۆرت بەدەست دەکەوێ، لێرەوە دەزگای هەواڵگری بە هۆی تەکنەلۆژیا و تەکنیکی نوێ قەرەبووی زۆر شت

دەکاتەوە، بەڵام بەبێ سیخوڕیش ئەگەر نەبوو، بەتایبەتی ئەو جۆرەی خزمەتی خودی سەرکردایەتیی دەوڵەت دەکات بەشێوەیەکی تایبەت، ئەوا شێوازەکان خراپن.

ئەو ئەفسەرانەی دەتوانن زۆرێک لە سەرچاوەمرۆییەکان بۆ لای خۆیان رابکێشن، ئەوا بەهایەکی زۆری هەیە، چونکە بەچەند کەسێک دەتوانن فەرمانێک جێبەجێ بکەن، بەو شێوەیە بەهای ئەو ئەفسەرانە بەرەو بەرزی دەڕوا جگە لەوەی چەندین ئالۆزی لەنێوەندی جیهانی جوگرافیای سیاسیدا هەیە، بۆیە هەواڵگری داوای هەموو سەرچاوەکان دەکا، بەڵام لە سیخوڕیکردن جۆری تایبەت.

هەردەم سەربازگیری –تەجنیدی سیخوڕەکان خۆی دووبارە دەکاتەوە، پێویستە لەسەر ئەفسەری جوولەکردن کار لەسەر متمانەپێکردنی هەموو سیخوڕێک بکاتەوە و هەردەم باشتری بکات، هەر کاتێک هەلی بۆ رەخسا، چونکە هیچ شتێك نابێ لە جێگەی خۆیدا بووەستێ، بۆ زیاتر روونکردنەوەش سیخوڕیکردن ئامرازێکە لەپێناو ئامانجێك، زۆربەی هەواڵگرییەکان ئۆپراسیۆنەکان زۆر بەشاراوەیی ئەنجام دەدەن، بۆیە سیخوڕە بیانییەکان پێویستە کارییان هەبێ، وەك تاقیکردنەوە هەندێك ئەفسەر لەم رووەوە بەپێچەوانەی هەندێکی تر زۆر باشترن، چونکە زۆر جار سیخوڕە بیانییەکان دوای ئەوەی دەکرێن بەسیخوڕ زۆر گرنگیان پێ نادرێ، ئەمەش خراپە، پێویستە لەسەر ئەو ئەفسەرانەی چەند کەسێکیان کردۆتە سیخوڕ هەر خۆیان کارگێڕی تۆڕەکانیان بن، باشترین کاریش رێگە خۆش بکرێ بۆ ئەوانەی دەتوانن کارەکان ئەنجام بدەن.

بەشی چوارەم

کۆکردنەوەی زانیاری

کۆکردنەوەی زانیاری، بنەمای سیخوڕیکردنە...

ئالان دالاس-پیشەگەری هەواڵگری

هونەری سیخوڕی

بەسەر پیلکانەکەدا سەرکەوتین تا بچینە شوقەی ئامانجەکەمان، تا ئەو کاتە کەشەکە گەرمایەکی بەتین بوو، لەگەڵ ئەوەی لەنیوە شەو تێپەڕی بوو، هەموو جلوبەرگەکانمان بە ئارەق تەڕ بوو، ئەو کاتەی کەرەستە داپۆشراو بە نایلۆن بەپشتمان دادا، من لایتێکی درێژم لەدەستدا بوو، هەروا چەقۆیەکم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرت، کە درێژەیەکەی چوار ئینچ بوو، زۆرجار وەك کەرەستەیەك بەکار دێ، هەروا لایتەکە وەك چەکێکی فریاکەوتن بوو و سەرچاوەیەك بوو بۆ رووناکی. لە هەڵگرتنی گۆچانێك باشتر بوو، ترس و نیگەرانی دایگرتم بە هۆی سەگ بەرەڵا و رێگر و هەواڵگریی هەڵە، نیگەران بووم لە دەزگە هەواڵگرییەکانی دوژمن، لەو کاتەدا گۆچان و چەقۆ سوودێکی نییە، لەلایەکی دیکەوە لایتێکی بچووکی دیکەم لەلا بوو کە قەبارەکەی بەقەد قەلەمێك بوو، بەڵام توانیمان ئەو ناو رووناك بکەینەوە تا گەیشتینە سەر پلیکانەکان.

هەروا لە پێشتردا هاوبشەکەم کە لە دەزگای خزمەتگوزارییە تەکنیکییەکانە، دەیان کاری لەو جۆرەی ئەنجامداوە تا زانیاری بدەست بکەوێ، هەردەم دەیتوانی بەهێمنی رێ بکات، بەڵام یەکەم بەسەردادانی شاراوەی من بوو، هەستم بەنیگەرانی دەکرد نەوەك ئاشکرا بین، کاتێکیش زیاتر نیگەرانییەکەم زیاتر دەبێ کاتێك کردەیەکی خراپ لەلایەکەوە دەکرێ، هاوکات ئەفسەری جوولەپێکردن هەموو لایەنەکانی بەهێزی و لاوازییەکان دەزانێ، لەو کاتەدا زانیم شتێکی وا لەتەکنیك نازانم.

پێدەچوو رۆڵی من مامەڵەکردن بوو لەگەڵ هەر کار و گۆڕینێك لە پلانەکە، لەوێدا زانیم شوێن و دەوروبەرەکەم و بەرپرسیاریەتی ئۆپراسیۆنەکە لەسەر منە،

هەروا ئەو هاوبەشەم داواکارییە تەکنیکییەکان رایی دەکات، ئەمەو لەپێش چەند رۆژێك چووە ناو شار.

بەشی خزمەتگوزارییەکاتی تەکنیك لەئازاترین ئەفسەرەکانی سی ئای ئەی بوون، ئەوانەی بەشاراوەیی دەیانتوانی بچنە پێش کامێرا و تەلەفۆنی شاراوە گەورەترین ئامانج لەنێو باڵیۆزخانە و ماڵ و تاقیگەکان بپێکن، هەروا هەموو ئەو شتانەیان دروستکردبوو، کە ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکان پێویستی پێیەتی، وەك ئامێری بەلارێدابردنی نەیار.

هاوکارەکەم توانی لەچەند چرکەیەدا کیلۆنی دەرگاکە بکاتەوە و چووینە ژوورەوە، هەروا سەرچاوەکەمان ئەوەی پێ ڕاگەیاندین هیچ کەسێك لەو کاتەدا لە شوقەکە نییە، بەڵام گوێمان راگرت تا گوێمان لە شتێك بێ، لەژێر شوقەکە گوێمان لە دەنگ بوو، کەچی بەهێمنی چووینە ناو ژوورەکە، لە کاتێکدا تاریکی زیاتر دەبوو، تەنیا لەپشت پەردەکانەوە تیشکی رووناکییەکی خامۆشمان دەبینی، بەڵام کەشەکە زۆر گەرم بوو، بەتایبەت لە شوقەیەك لە نهۆمی سەرەوەدابێ، هەر زیاتر ئارەقەمان دەکرد.

لەپێشەوە بووم و زۆر بەهێمنی لەلایەکی تاریکەکە دەڕۆیشتم، لەو شوێنەدا بۆنی میزی پشیلەمان کرد، ئەمەش بەو مانایەی نیشتەجێبووەکان زۆر درەنگ دێنەوە، پێدەچوو پشیلەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردبێ، لەوانەشە لەبن سیسەمەکان بێ، لەو کاتەدا لە دڵی خۆمدا گوتم دیارە زۆر هەستیارم بەرامبەر بە پشیلە، چونکە زۆری نەمابوو بپشمم بۆیە تەنیا لە رێگەی دەمەوە هەناسەم دەدا.

من و ئەفسەری تەکنیکی لەسەر زگ لەسەر زەوییەکە هەنگاومان دەنا، تا بگەینە ئاستی لێواری پەنجەرەکان ئەو شوێنەی دەمان ویست بیگەینێ، کاری

هونەری سیخوڕی

منیش تەنیا هەڵگرتنی ئەو لایتە بچووکە بوو، تا بەتیشکێکی گەمارۆدراو بەرەو ئامانجەکە بڕۆین، هاوبەشەکەم زۆر بەهێمنی لەکاردابوو و هەموو تێلەکانی لێ کردەوە و ڕێکی خستەوە، تا هیچ شوێنەوارێك جێ نەهێڵین و کەس تێ نەگا دۆخەکە یاری پێ کراوە، کارەکە تەواو بوو و هەموو کارەکەش دە خولەکی خایاند، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە شوقە و باڵەخانەکە جێ بهێڵین.

جارێکی دیکە جەختمان لە فەرشەکە کردەوە، لەوێدا پارچە قوماشێکم بینییەوە و ئارەقەکەم پێ سڕی، خۆمان بەرزکردەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتین کەچی ئارەقە لەڕووخسارم دێتە خوارەوە، ئایا ئەو دڵۆپە ئارەقانە وشك دەبێتەوە، کاتێك ئاوڕی لێم دایەوە وەك ئەوە وابوو پێم بڵێ ئاگاداربە ئەمە چییە، من هەر لە تاریکی دەتوانم هەستی پێ بکەم.

ئاوڕدانەوەکەی بەتەواوی سوڕایەوە منیش تا ئەو کاتە دەمەوێ خۆم بەرز بکەمەوە، کەچی خۆم وەرگێڕا و ئارەقەکەم سڕی، کاتێك بەدەستەسڕەکەی دەستم ئارەقەم دەسڕی، نەم دەزانی ئەو چوونە دەرەوەیە زۆر باش نییە.

هەر لەو کاتەدا و لەدەرەوەدا هاوەبەشە راسپێردراوەکەم لەسەر شەقام لەگەڵ پۆلیسەکانی دەوریە کەوتبووە گفتوگۆ، بیرەیەکی پێ دا کە لەناو جلوبەرگەکانی شاردبۆیەوە، باسی جۆرەکانی مەی و ئافرەتیان دەکرد، هەروا ئەو پۆلیسەی لە خوارەوە چاودێری شوقەکانی دەکرد سەر قاڵ بوو بەشتێکەوە، تەنیا بەیانی زانیم ئەگەر ئاشکرا باین کارەسات دەقەوما.

هەروا لە پێشتردا لە پرۆسەیەکدا توانیمان گفتوگۆکانی کەسی ئامانج وەربگرین ئەمە لەپێش شەش مانگدا، بەڵام بەدرێژایی ئەو کاتە نەمانتوانی راپۆرتێکی هەواڵگری ئامادە بکەین، واتە هیچ زانیارییەکی بەسوود نەبوو،

تەنیاش کارەکە بەهەدەردانی کات و هەوڵەکان بوو و خۆشمان تووشی ترسناکی کردەوە.

چوونە ناو شوقەکەشمان تەنیا بۆ ئەوە بوو هەموو کەرەستەکان بهێنینەوە تا رادەیەك بۆ ئەو پرۆسەیە دابنێین.

کەسی ئامانج کەسێکی سەرکەوتوو بوو، زۆر زۆریش باش بوو، لەلای ئەو هەواڵگری بەهای هەبوو، بەڵام هیچ قسەیەکی نەدەکرد لەگەڵ ئەوانەی سەردانی دەکەن، ئەو کەسێکی زۆر پیشەگەر بوو.

هەموو ئەو سیخوڕانەی کە پشتگیریان لەو ئۆپراسیۆنە کرد و ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ گەیشتن بەو باڵەخانەیە، بەتایبەتی پرۆسەی چوونەژوور و چاندنی تەکنیك و پەخش و بنکەی گوێگرتن و کاری کۆپی و وەرگێڕان هەمووی پتەو بوون، لەلایەکی دیکەوە هەڵگرتنی ئامێری گوێگرتن، هەمووی بەپێی پێوەرەکان ئۆپراسیۆنێکی زۆر باش بوو، لەو کاتەی مرۆڤ هیچ زانیارییەکی هەواڵگری دەست ناکەوێ، مەبەستیش لەو کارانە دەستەبەرکردنی باشترین جۆرە لە هەواڵگری، بەتایبەت کاتێك دەتوانین زانیاری بەدەست بێنین، بۆیە هیوامان وابوو قسە بۆ هاوسەرەکەی یان یەکێك لە میوانەکانی بکات.

لەپاش قسەکردن زۆر ئاسانە درك بەجۆری باسەکان بکرێ، بەتایبەت کاتێك پێشینەی کێشەکان دەخەیتە روو، هیچ کاتێك نابێ هۆکارە مرۆییەکان بەکەم بزانین بەرامبەر بە تەکنەلۆژیا، وەك دەبینین ئەو کردەیە سەرکەوتوو نەبوو؟ لێرەوە زانیمان ئەو کەسە دەتوانی خودی خۆی بگرێ هیچ شتێك لەو رووەوە باس نەکات؟ لێرەوە بۆت بەدەردەکەوێ کە هەواڵگری یەکێك لە بابەتە گرنگەکانە بەرامبەر

هونەری سیخوڕی

کەسی مەبەست، هەر کارێك بکرێ ئێمە دەتوانین بیخەینە ژێر رکێفی خۆمان و بکەوێتە دەستمان، بەڵام ئەم ئامانجە هیچ نەگوت و زۆر بڵێ نەبوو.

چەندین هۆکاری مرۆیی دیکە هەن، کێ دەوریەی پۆلیسی ناسی و چۆن توانی مامەڵەیان لەتەك بکات، چۆن زانی ئەو پۆلیسە خۆشی لە مەی و ئەلکهول دەبینێ؟ چۆن زانیمان خاوەنەکەی پشیلەیەکی هەیە؟ ئایا بیرمان لەو باسانە کردبۆوە؟ چۆن وردبینیمان سەبارەت بەو سیخوڕە کردووە، کە ئەو زانیاریانەی پێ بەخشیووین؟ هاوکات بۆ من دەستەسڕێکم لایە، لەکاتی ئارەقەکردندا رووخسارمی پێ دەسڕمەوە؟

لە دواتردا هەموو پرۆسەیەکی تۆماری دەنگی داهاتوو بەدواداچوونی بۆ دەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی ئامانجن و زۆر بڵێن، دەیخەمە بەردەم زانایانی دەروونناسی، چونکە گێلییە نەزانیت ترسناکییەکان چییە لە کاتێکدا پێشبینی سەرکەوتن دەکەی، بۆیە کار لەسەر زۆر شت دەکەم، بەتایبەتی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ئامرازانە دەکەم کە دەزگای هەواڵگری ئەو ناوچەیە پەیڕەوی دەکات، دەبێ بزانم لەو شوێنە ئاژەڵ هەیە، هەروا دەستەسڕێك هەڵدەگرم.

لە کێڵگەی ڕاهێنەرەکانمان هەموو جۆرە سیستەمێکی تەکنیکیان بۆ باس کردین بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان وەك : هەواڵگری بە هێما و هەواڵگری بە شێوەی وێنە و ئەو هەواڵگرییەی پەیوەستە بە پێوەر و شێواز، لە کاتێکدا هەواڵگری لەگەڵ هاتنە کایەوەی زانیارییە دیجتاڵییەکان تەقینەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەو شێوەیە هەواڵگری مرۆیی و دیجتاڵییەکان هاوکاری یەکتر بوون چ لە پرۆسەی تەجنیدکردن، لەپێشتردا زۆر کارم کردووە وەك سیخوڕەکان کە گوێگری تەلەفۆن و تەکنیکی وەرگرتنی زانیاری و راسپاردنی سیخوڕەکان تا

کارێك بکەن، لەلایەکی دیکەوە چۆنیەتی هاککردنی ئەنتەرنێت و ئامێرەکانی دەنگ و بێتەل و خستنە روو وێنەی مانگە دەستکردەکان، هەروا سوودم لەو فرۆکانە وەرگرتووە کە بێ فرۆکەوانن، زۆر جاریش لەوانەیە تووشی کارەسات ببام ئەگەر ئەفسەری نەیار کارێکی پێچەوانەی بکردبوایە، ئەمەو هەواڵگری مرۆیی هاوکاری تەکنیکە و دەیەوێ شتێك بێتە کایەوە و بەپێچەوانەش دەبێ.

پێویستە هەموو زانیارییەکانی هەواڵگری کۆبکرێتەوە، زۆرجاران گرنگترە لە کەسی سیخوڕ و کەسی مەبەست، لە کاتێکدا هەموو ئەمانە بابەتی گرنگن بۆ ساڵانی سەرەتا ئەمەش رێڕەوێکی سەرکەوتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ئەگەر ئەمە لەنێوەندی تەکنیکیشدا بێ، زۆرێك لە سەرچاوەکان سوودیان لە ئەگەر تەکنیکییەکان وەرگرتووە، هەر کاتێکیش پشتگیریت لە سەرچاوەکانی زانیاری کرد چ تەکنیکی یان مرۆیی، ئەوا بەهای زانیارییەکان زۆر زیاتر دەبێ، لێرەوە چەندین نموونە بێنە پێش چاوت چۆن کرپارانی هەواڵگری سی ئای ئەی توانیویانە سوود لە هەواڵگریی مرۆیی و کۆکردنەوەی زانیارییە تەکنیکییەکان وەربگرن.

هەڵسەنگاندنی سەرکردە بیانییەکان

سەرکردە ئەمریکییەکان هەردەم دەیانەوێ هەموو زانیارییەکیان هەبێ بەرامبەر بە نەیارەکانیان، دەیانەوێ سەبارەت بە کەسایەتی و سیاسییەکانیان هەموو شتێك بزانن، بۆیە سی ئای ئەی هەواڵێکی زۆر دەدا بۆ زانینی ئەو داواکاریانە.

سەرکردە بیانییەکان هەردەم خۆشی دەبینن لە مۆتێل و هۆتێلە گەورەکان، ئەمەش وەك پێداویستییەکی کار و بەپێی پێداویستی کەسایەتی و پرۆتۆکۆلە،

زیاتریش هەوڵ دەدەن لەنزیك لەباڵێۆزخانەکانیان بن، ئەمەش ئەو هوتێلە گەورانە دەگرێتەوە کە لە ناوچـەیەکی دیـاریکراودان، لێـرەوەش هەواڵگرییـەکان هـەموو پێشبینییەکیان هەیە.

چەندین زانیاریمان بەخشییە سیخوڕێکی کۆن کە لەیەکێك لە هوتێلەکاندا کار دەکات و ژمارەیەك ناوی سەرکردەکانمان پێ بەخشی گە لەو هوتێلـەدا دادەبـەزن، لێرەوە پەیوەندیمان بە بارەگای سەرکردایەتی کرد تا بزانین تـا چـەند گرنگـی بـەو بابەتە دەدەن و چۆن ترسناکیی وەربەهێنەکان هەڵدەسـەنگێنن، هـەروا بـەهێمنی بیرمان لەبڕی پارەی وەرگێڕانەکان کردەوە لەبەرامبـەر دەسـکەوتێکی هـەواڵگری پێشبینیکراو، بۆیە هیچ کاتێك هەڵەکانم دووبارە نەکردەوە بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە کارم تیادا کردووە.

ئامانجەکەمان دیاری کرد، کە بە ئامێرێکی کۆنترۆلی ئاسایی دوور، هـەموو شتێك سەبارەت بەژووری ئامانجـە بزانـێ، لەتـەك ئەمەشـدا ئامێرێکمـان زیـاتر پێشخست تا بەروونی هەموو دەنگێك وەربگرێ لەنێو ئەو ژوورەدا.

دیارە هەموو ئەو بابەتانەی کە بەهایەکیان هەیە بۆ سەرکردەکان، بەتایبەتی ئەو سەرکردانەی پێشوازی لە میوانەکان دەکەن بۆ گفتۆگۆکردنی سیاسی، زۆرجار کارەکانمـان بەهـەدەر نـاڕوات، بۆیـە زۆر جـار شـتمان دەسـتکەوتووە، چـونکە سیاسییەکان حەز بەزۆر قسەکردن دەکەن، بۆیە هەموو وێنایەکمان سەبارەت بـەو جۆرە سەرکردانە وەرگرتووە.

لە یەکێك لە کارەکانمان تۆمارێکی دەنگیمان زۆر لـەلا گـرنگ بـوو کاتێـك بۆچوونی بەرپرسێکی بیانی وەرگیرا سەبارەت بەهاوتا ئەمریکییەکەی، بۆیـە ئـەو

زانیاریانەمان بۆ بەرپرسێکی ئەمریکی نارد، لێرەوە چەندین پرسیاری کرد سەبارەت بەو راپۆرتە.

لە حاڵەتێکی دیکەدا سەرکردەیەکی بیانی هەموو ستراتیژیەکی سەبارەت بە وڵاتی دەوروبەری خستە روو، ئێمەش ئەو راپۆرتەکان نارده بارەگای سەرەکی و بەتایبەتی بۆ وێستگەکەی من، بەمەش توانیمان لەپێشینەدا زۆر شت بزانین و هەموو ئەو بابەتانەمان ناردە لای بڕیاردانی سیاسەتی ئەمریکی لەتەك ئەوەی ئەو زانیاریانەمان بە وڵاتانی دەوروبەری ئەو وڵاتەدا، چونکە وڵاتێکی دەوربەری یەکێك لە هاوپەیمانەکانمان بوو، ئەمجۆرە هەواڵگرییەش هۆیەکە تا هەماهەنگییەکی هەواڵگری هەبێ لەگەڵ دەرەوەدا.

زۆرجار زانیاری کەسیەتییەکانان زۆر زیاتر لەوەی پێویستمان پێ بووە کۆمان کردۆتەوە، بۆیە هەردەم ناردوومە بۆ وەرگێڕ تا بەئاگاییەوە لێی بڕوانێت و لە کۆتاییدا هەموو ناوەڕۆکێکیان پێ بەخشیووم بۆ راپۆرتی کۆتایی، بۆیە بە هیچ شێوا بەسانایی سەیری سەرکردە بیانییەکانم نەکردووە، بەڵکو لەدوورەوە لە ڕێگەی ئامێری کۆنترۆلی دوور سەیرم کردووە.

سیاسەتی دەرەکی

توانینمان بچینە نێوەندی یەکێك لە باڵیۆزخانە بیانییەکان بە هۆی تەکنیکی لۆکالی، بەمەش توانینمان بگەین بە نووسینگەکانی دەرەکی باڵیۆوخانە، ئەمە دانرا کاتێك خودی سی ئای ئەی سەرپەرشتیی دەکرد، بەتایبەت بەدانانی ئامێری گوێگرن لە دوو ناوچەدا، لە کاتێکدا هێزی پاترییەکانمان زانی، بەشێوەیەك تا بتوانین زۆر لەنزیکەوە بێ.

هونەری سیخوڕی

پلانمان دانا بۆ بەکرێگرتنی شووقەکەی تەنیشتی، بەڵام ئەو پرۆسەیە شکستی هێنا، بۆیە بەدوای ئەلتەرناتیفێك دەگەڕاین، چونکە هیچ شوێنێکمان نەدەدۆزیەوە بۆ وەرگرتنی هێماکان، بۆیە کارەکە قورس بوو، بەوەش نەوەستام چونکە کەرەستەکانی سی ئای ئەی دیاریکراو بوون، وەك بەکرێگرتنی شووقە یان کڕینی تا نزیك ئەو شوێنە بێ؟ لەپێشتریشدا ئامێری گوێگرتنمان لەو شوقەیە دانا بوو، چونکە وامان دەزانی دەتوانین ئەو شوقەیە بۆ خۆمان دابین بکەین، لە کاتێکدا نەمان توانی ئەو شوقەیە بەکرێ بگرین بۆیە پرۆسەکە بەگشتی بەرەو ترسناکی دەچێ، دوای ئەوەی سەرکردایەتیم ئاگادار کردەوە سەبارەت بە بازاڕی عەقارات، لە کاتێکدا کارەکە زۆر ساکار بوو.

لە یەکێك لە شەوەکان ئامێری لەرەلەری بچووك لەنزیك یەکێك لەباڵیۆزخانەکان بەستا، ڕاستە ئامێرەکە هێمای دەدا بەڵام ناگاتە ئەوەی ئێمە شوقەیەك بەکرێ بگرین.

بەدواداچوونمان بۆ ناوچەکە کرد و هەموو شتێکمان لەنێوەندی نەخشەکەدا چەسپاند بەتایبەتی کاتێك بەپیادە دەگەینە ئەوێ، بەڵام نەگەیشتینە هیچ شتێك ئەمەش بەتەواوی بێزاری کردین.

بۆیە لێرەوە لەگەڵ یەکێك لە خاوەن بەلەمەکان ڕێککەوتین، کە کەنارەکە نزیك بە باڵیۆزخانەکە بوو، داوام لێ کرد هاوکاریم بکات تا بەدەوری ئامانجەکەدا بسوڕێتەوە، ئامێرێکی لەرەلەری گەورەمان لەناو بەلەمەکە دانا، لەو کاتەدا دەنگ دەستی پێ کرد بۆ ناو ئامێرەکە و لەوێوەش بۆ وێستگەی دەنگەکان، ئەمکارە چەند هەفتەیەکی خایاند، هێما و دەنگ دەهات، یەکسەریش ئەو دەنگە دەگەیشتە خاڵی دەنگ تۆمارکردن و نووسینەوەی.

بەو شێوەیە هەموو زانیارییەكانی كۆكردنەوەی دەنگ و پەخش ئامادە بـوو، ئەمـەش لـە ڕێگـەی وەرگـرتن و وەرگێڕانـی، لەپاشـاندا خرایـە ڕووی كرپـارانی حكومەتی ئەمریكی و هاوپەیمانەكان، هەموو ئەم كارەمان بۆ دوو ڕۆژ بوو، ئەگەر بۆ چەند كاتژمێرێك یان بۆ چەند خولەكێك بێ كارەكانمان ئەنجام دەدەین.

ئەم ئۆپراسیۆنە دوای چەند مانگێك لە لایەن كۆمپانیایەكی كارەباوە ئاشكرا بوو، لە كاتێكدا سەیری چـەند هێمـا و لەرەلـەرێكیان كـرد كـە لـە ناوچـەیەكی گشتییەوە كاری لەسەر كراوە، ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بوو هـیچ شـتێك بەسـەر ئێمـەدا سـاخ نـەبۆوە، هـەتا ئـەم هەواڵـە لـە ڕۆژنامـەكانی ئـەو ناوچـەیەش بڵاونەكرایەوە، بەڵام ئەوەمان زانی دەوڵەتی میوان بەوەی زانیووە ئێمـە كـارێكی وامان كردووە.

بۆیە هەموو شتەكانمان گواستەوە و تا بیبەینە شوێنێكی دیكـە، شـوێنێكی دیكەمان دۆزیەوە، ئەم پرۆسەیەش لە دواتردا چەندساڵێكی خایاند، چونكە ئـەو باڵیۆزخانەی وڵاتی میوان یەكێك لـە دەوڵەتـە گرنگـەكان بـوو، ئـەمكارەش لـە باشترین ئەو كارانەمە كە بە پرۆسەی سیخوڕی گوێگرتن دەستی پێ كرد.

سیخوڕی پەیوەندیی و گەیاندن

لەگەڵ سیندی هاوسەرەكەم زۆر بەهێمنی قسەم دەكرد سەبارەت بـە پشـووی كۆتایی هەفتە، لـەو كاتـەی ئێمـە لـەریزدابووین لەبەرامبـەر خـاڵی پشـكنینی گومرگ، لە فرۆكەخانەیەكی بچـووك، پێشـتریش چـەندینجار ئـەو ڕێكارانـەمان كردووە، ئەو شوێنە بەزوویی لێی بێزار دەبیت، چونكە گەرم و شێدارە، دەتوانم لە

پەنجەرە پیسەکەوە دارخورمایەکان ببینم کە بەهێمنی لەگەڵ شەماڵی دەریـادا لار دەبێتەوە، هاوکات گوێم لە غەڵبەغەڵبی ڕێگاکانیشە، لەوکاتەی بۆنە ناخۆشەکەی ناو هۆڵی فرۆکەخانەکە گێژت دەکات، هیچ هەوایەکی دیکە نەدەهات، جگـە لـە بۆنی ناخۆشی کەسەکان، بەڵام هێمنی باڵی بەسەر هـەموو شـوێنەکاندا گرتبـوو، کارەکان بەڕێکوپێکی دەڕۆیشت بەبێ ئەوەی هیچ بەرتیلێك بدەی، کەچـی کاتێـك وەڵامەکان تەواو نەبوون لەلای پیاوانی پشکنین، ئەوا لەوانەیە بۆ هەر پرۆسـەیەك چەند کاتژمێرێکی بویّ.

کاتێك گەیشتینە مێزی پشکنین هەردوو جانتای پشتمان دانا لەسـەر مێـزە ئەلمنیۆمە کۆنەکە، لەوێدا جگە لەدوو پشکێنەر هیچ شتێکی دیکـەی لیّ نـەبوو، وەك پشکنین لـە تیشـکی سـینی، چـەند پرسـیارێکیان کـرد و سـەیری هـەردوو جانتاکەی کرد و تەنیا چەند شتێکی بینی بۆ خـواردن بـوو، بـەڵام بـیرەەی تیـادا نەبوو، بۆیە ئاماژەی دا تا تێپەڕین.

جانتاکەم لەسەر پشتم دانا وشتەکانی دیکـە کـە خـواردنی تیـادا بـوو وەك ترمزەکە بۆ تاکسی چاوەڕوانکراو دام نا، من و سیندی هـیچ قسـەیەکمان نـەکرد کاتێك لەنێز تەکسیدا بووین، تەنیا دڵمان خۆشبوو بـەوەی سـەرکەوتین و هـەموو ئەو ئامێرە سیخوڕانەی لەسەر سنوور بوون شکستمان پیّ هێنا، ئەم هەستەش زۆر گەورەیە.

ماوەی گەیشتن بەو موتێلەی کە گرتبوومان لەسەر کەنار زۆر نزیکە، کاتێـك گەیشتین هەندێك ئاومان خواردەوە و هەموو کەرەستەکانمان لە شوێنی باش دانـا، لەپاشاندا بە پلیکانەکە چووینە خوارەوە تا بچینە سەر کەنارەکە.

کاتێك ئەو ئاوە سازگارە بەپێیەکانم کەوت، هەستم بەوە کرد ئاوی ئەو زەریایە هێمنە، لەبەرامبەرمان شارێکی کۆن دیارە بۆیە لەپاشاندا چووینە ناو دارخورماکان کە لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە، بەراستی شوێنێکی خۆشە بۆ ئەوەی کاری سیخوڕی تیادا ئەنجام بدەین.

لە ئێوارەی رۆژی دواتر چووینە ناوشار و چەندین کاتژمێرمان بەپیاسە بەڕێ کرد لە کاتێکدا لەنزیك کۆگا و دوکان و فرۆشیارەکان رادەوەستیان و چایەمان لەو چایخانانە دەخواردەوە کە سەرەکەی قامیش بوو، سیندی چەند وێنەیەکی چرکاند، هەروا خەڵکێکی دیکەش هەمان کاریان کرد، زۆربەیان ئەورووپی بوون تەنیا هەندێك نەبێ خەڵکی ئاسیا بوون، لە شوێنێك دانیشتووانەکەی لە ڕەچەڵکی رەشپێست بوون.

رێگەمان دەبڕی لە کاتێکدا من سەیری یەکێك لە نەخشەکانم دەکرد، لە هەر کۆڵانێك هەندێك دەوەستام نەوەك یەکێك بەدوامانەوە بێ، کاتێکیش لەگەڵ یەکێك دەوەستی و چەند پرسیارێکی لێ دەکەی زیاتر ئاگادار دەبێ لەوەی یەکێك بەدواتەوەیە یان نا، لەو کاتەی ژن و پیاوێك کە لەسەر کەنار دەسوڕێنەوە زیاتر دەتوانین بەبێ ترس کارەکانمان بکەن و ئاوێتەی ئەو خەڵکە بین کاتێك دەمانەوێ پرسیار لە چەند شتێك بکەین.

کاتێك تاریکی دەیویست باڵی بەسەر هەموو شتێکدا بکێشێ گوێمان لێ بوو مەلا بانگی دەدا تا نوێژکەران بەرەو مزگەوت بڕۆن، لەو کاتەدا زۆربەی کۆڵانەکانی شارە کۆنەکەمان بڕی بوو، تا ئەو کاتەش هیچ جۆرە چاودێرییەکمان لەسەر نەبوو، لە گۆشەیەکدا سوڕاینەوە و بینمان دەرگایەك لەدووری چەند مەترێك هەیە، یەکجار لە دەرگام دا، بەخێرایی پیاوێکی کورتەباڵا دەرگاکەی

کردەوە، دوای سڵاو تەوقەی لەگەڵم کردوو و باوەشی بە سینەیدا کرد، زۆر بەجۆشوخرۆشەوە پێشوازی لێ کردین، کەچی تەنیا دوو جار بینوومە یەکێکیان لە ئەورووپا تا چەندین زانیاریم پێ بدا، بەڵام پەیوەندییەکانمان زۆر قووڵ بوو بوو، ئەمەش لەپای ئەنجامدانی کارێکی ترسناك بوو، ئەو یەکێکە لە سەرکەوتووترین سیخوڕەکانی سی ئای ئەی، هاوکات منیش لەدواتردا بۆ ماوەی چەند دەیەیەك لەگەڵیدا کارم کردووە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو لەدواتردا ئێمەی بە هاوسەرەکەی ناساند، ئەو کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا پێشوازییەکی گەرمی لێ کردین و لەپاشاندا دەستی کرد بە گێڕانەوەی نوکتەی ناخۆش، بەڵام من وا سەیرم دەکرد کە هاوبەشێکی دڵسۆز بێ، ئێمەی هێنابووە نێو ماڵە کۆنەکەی خۆی و لەنێو ئەو ماڵەشدا بۆن و بەرامی خواردنی گەرم دەهات.

لەبەرامبەر مێزێکی بچووکدا دانیشتین و خۆشترین خواردنمان خوارد، کە قەد تامی لەژێر ددانم لاناچێ، خواردنێك بوو تێکەڵەی بیبەر و گەڵاکان بوو، بەشێك لە خواردنەکە عەرەبی بوو و بەشەکەی دیکەشی ئەفریقی بوو، بەو شێوەیە برنج و نیسك و سەوزە و نانێك لە ماڵ دورستکرابێ هەردەم لە هەستەکانمان دەمێنێتەوە.

چەندین کاتژمێر قسەمان کرد ئەم نانخواردنە جۆرێك لە هاوتایی پێوە دیار بوو، لەگەڵ ئەوەی چوون بۆ ئەو ماڵە جێگەی ترسناکییەکی گەورە بوو، چونکە بۆ یەکەمجارە بچمە ماڵی یەکێك لە سیخوڕەکان، زیاتر یەکترمان ناسی، بەڵام ئەم سەردانەمان تەنیا بەشێکی لاوەکی بوو، بۆیە پێویست بوو زیاتر بچینە نێوەندی باس کردن و دانانی ئامێری پەیوەندیکردن و گەیاندن.

لەپاش نیوەشەو چەندە پەیوەندییەك هات بەتایبەت کاتێك جەنتای پشت و ترمزەکەم لە شوێنێك دانابوو، کابرای خاوەن ماڵ یەکسەر کەرەستەکانی لێم وەرگرت و سەیری هەموو شتێکی کرد، ئەو کەسێك بوو زۆرێك لە زمانەکانی دەزانی و سەبارەت بەو کەرەستانەش لە من باشتری دەزانی، لەوێدا باسمان لەوە کرد چۆن دەتوانێ پەیوەندی بە سێ ئای ئەیەوە بکات، ئەو وەك کەسێکی دوورەپەرێز لە شارێکی دوورەدەست چۆن رۆژانە پەیوەندی دەکات، چونکە ئەو ئامێرەی لەلای بوو بەتەواوی کاری نەدەکرد، بەڵام دەیویست چاکی بکاتەوە و دەیەوێ بە سیستەمێکی دیکە پشتی پێ ببەستێت، بەڵام ئێمە نەمان دەویست زۆر هاتووچۆ بکات نەوەك تووشی ترسناکییەك ببێتەوە، بۆیە ئێمە دەمانویست ئامێریکی لا بێ بەردەوام بێ.

لە شوێنی لایەکی دیکەوە هەڵسایەوە و بەرەو پلیکانەکە رۆیشت تا بچێتە سەر بان، لەوێشەوە لەتەك ئەو تەلە ئاڵۆزانە بووین کە لەسەر بان و عاموودەکاندا دانرابوو بەتایبەت تەلیمی بەستا بە چەند وارێکی هێڵە تەلەفۆنە کۆنەکاندا، لەسەر ئەو بانە سەری زۆربەی خانووەکانم کرد و گلۆپی زۆربەی ماڵەکان بریسکەیان دەدایەوە، سەیری نزیك کەنارم کرد وا بزانم یەکێك کەرکەندی دەبرژاند، لەنێوەندی کۆڵانەکانیش هیچ دەنگێك نەدەهات تەنیا شەماڵێکی فێنگ بوو لەنێوەندی کۆڵان و دارخورماکاندا دەهات.

سیخوڕەکەم لەو کاتەدا بەخێرایی و بە شێوەی فەرمان گوتی: خێراکە بابڕۆین، لەم کاتەدا سەیرێکی ئەو لاو ئەو لای خۆی کرد و سەری لەقاند و بزەیەکی کرد و لەپاشاندا بەرەو پلیکانەکە رۆیشت و منیش بەدوایدا.

نیوکاتژمێری خایاند تا یەکەم نامەی بۆ بێ لەو ئامێرە نوێیەی، بەو شێوەیە کارەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەپاشان کاتژمێرێکی دیکـە خۆمـان سـەرقاڵ کرد بە چاخواردنەوە، باسی زۆر شتی سیاسـیمان کـرد و هـەروا باسـی چـۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیارییەکانمان کرد و پلانمان دانا تا لەدوای چـەند مـانگێکی دیکـە یەکتر ببینین.

سەیرێکی دەرەوەی کرد و لەپاشاندا باوەشـی بـە هەردووکمانـدا کـرد، بـەو شێوەیە من و سیندی لەو شەوە خوشەدا بەپێ دەڕۆیشتین.

بە هاوسەرەکەم گوت من و تۆ بەپیادە بەرەو ئەو خانووە دەڕۆین کە بەکرێمان گرتووە کە لەدووری دوو میلدا بوو.

ئەو گوتی " بەراستی ئەو دووانە جوان بوون، هەروا تامی خواردنەکان خۆش بوو! کەی دەگەڕێنەوە"؟

پەیوەندیی من و هاوسەرەکەم و سیخوڕەکەمان چەندین ساڵی خایاند.

ئاسمانی ئەلیکترۆنی

ئێستا زۆر بەسانایی باس لە ئۆپراسیۆنەکانم دەکەم، کە پێش بیست و پێـنج ساڵ پێشتر ئەنجامم داوە، کاتێك بیر لە شتێکی نوێ و ڕەنگـاورەنگ دەکەمـەوە، بەتایبەتی ئاڵۆزییەکانی پرۆژە تەکنیکییە نوێـیەکان، کـە وەرچـەرخانی گـەورەی بەخۆیەوە بینیووە لە گرتنی وێنە و پەیوەندییەکان و زانستی ڕۆبۆت، لە کاتێکـدا ئـەم پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیایـە لـە کـۆی گشـتی نـەبووە هـۆی ئاسـانکردنی

کۆکردنـــەوەی زانیارییـــەکان، بەپێچـــەوانەوە کۆکردنـــەوەی زانیارییـــەکان بـــەم تەکنەلۆژیایانە زیاتر تووشـی ترسـناکی جۆراوجـۆرت دەکـات لەتـەك ململانێـی بیرۆکراتـــی و یاســـای کـــۆن و سیاســـەتی پشتبەســـتوو بـــەزانین و بنـــەما کۆمەڵایەتییـــەکان، لەلایـــەکی دیکـــەوە کـــۆکراوە تەکنیکییـــەکان ســـەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە، بەڵام ترسناکییەکانی زیاترن.

ئـەم پێشـکەوتنە کاریگـەر دەبـێ لەسـەر ئاژانسـێك کـە لەسـاڵی ١٩٤٧ دامەزراوە، لەو کاتەی تۆڕێکی جیهانی داناوە بۆ کردنەوەی زانیاری و وێنە، هەروا هەزاران ئەفسەری بەتوانا کۆدەکانیان شکاندووە، ئەمەش وای کـردووە ملیۆنـەها نامە و راپۆرت بەرز بکرێتـەوە، کـە لـە هـیچ سـەردەمێکدا ئەمـەی بەخۆیـەوە نەبینووە، لە هەموو روویەکەوە هـەر ئامـاژە و هێمایـەك هـەبێ وەری گرتـووە، هەزران کیبلی ریشاڵی شووشەیی داناوە بۆ بنەمای داتاکان و لە کاتێکدا سـوودی زمانەکان زۆر کارا بوونە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان زۆر بەهێمنی، بە شێوەیەك ناونراوە "هەواڵگریی هێما و ئاماژەکان لەپشوودان"، بێگومانیش ئاژانس بـەرەو ئەو خۆگونجاندنە رۆیشتووە، بەڵام لە زۆر رووەوە سەرچاوە مرۆییەکان بـەکار دێ، بۆ دزینی زانیارییـەکان لەنێوەندی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتدا، بۆیە سی ئـای ئـەی چەندین زانیاری لە هەواڵگری بیانی دزیووە، هاوکات بەدرێـژایی ژیـانی پیشـەیم هیچ کاتێك دابڕانێك نەبووە لەنێوان تەکنیك و توانای مرۆیی، بـەڵام ئەنتـەرنێت زۆر کات ئەو دابڕانە ئەنجام دەدات.

لە ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن سـی ئـای ئەیـەوە گومـان لـەوە هـەبووە خێرایـی تەکنەلۆژیا تا بێتە هۆی فراوان بوون سەبارەت بەو بوارانەی کە ئامانجمانە، بۆیـە ئاژانس چەندین تیمی دروست کرد بـۆ توێژینـەوەی ئـەو ئاڵنگارییـە، هاوکـات

تیمەکان لە هەموو سەرچاوەکانیان کۆڵییەوە و بەدواداچوونیان بۆ کرد بەتایبەتی لەتەك هاوبەشە بنەڕەتییەکان و کۆمەڵگەی هەواڵگری و کرپارە سیاسییەکان.

بەپێی پوختەی توێژینەوەکە سی ئای ئەی گەیشتە ئەو بۆچوونەی ناگەنە هەلی تەواو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ژینگەیەکی تەکنەلۆژیادا، هەروا راسپاردەیان ئەوە بوو نووسینگەیەکی نوێ دابمەزرێنن بە ناوی "نووسینگەی نهێنیی تەکنەلۆژیای زانیاری" هەموو ئەمانەش بکەونە ژێر رکێفی دەزگای شاراوە و بەڕێوەبەرایەتی زانست و تەکنەلۆژیا.

سی ئای ئەی داوای لە دکتۆر جایمس گوسلەری زانای ماتماتیك كرد كە لە تاقیگەی ساندیای نیشتمانییە، تا ببێتە بەڕێوەبەری یەکەمی نهێنیی نووسینگەی تەکنەلۆژیای زانیاری، ئەوەیش رازی بوو، زۆری نەبرد دکتۆر گوسلر بەهرەی خۆی بەگەڕ خست بۆ ئۆپراسیۆنە شاراوەکان، بەمەش وانەیەکی یەکلاکەرەوەی دا بە ئەفسەرانی هێڵی ئۆپراسیۆنەکانی وەك من، سەرەتا گوسلر بە هەموو لایەنە شاراوەکانی گوت تا کارەکان بەجوانترین شێوە رایی بکەن، وەکخۆم پێم وابوو ئەمکارە بۆ من گونجاو نییە، بەڵام چەند رێنماییەکم بۆ هات تا خولێکی سەرەتا ئەنجام بدەین بەتایبەت بۆ ئەفسەرانی ئۆپراسیۆن، بەڵام زانینی تەکنەلۆژیا مەرجێکی پێشوەختە بوو، بەتایبەت بۆ ئەوانەی هیچ راهێنانێکی تەکنیکیان ئەنجام نەدابوو، کەچی خۆم وا دادەنا من لەوە کاراترم تا بچمە نێو ئەو خولەوە، بۆیە پێویستیم بە راهێمانی راستەوخۆ نەبوو، چونکە کەمێك گەڕانەوە بۆ دواوە سەبارەت بە هەوڵە سیخوڕییەکانم، لەوە گەیشتم سیستەمی دیجیتاڵی زۆر سوودم پێ دەگەیەنێ بۆ دزینی ئەو زانیاریانەی شایەنی دزین، هیچ کاتیش لەو باوەڕە دانەبووین ئۆپراسیۆنی ئەنتەرنێت سوودێکی زۆری بۆ دەزگای شاراوە هەبێ، کەچی گوسلر و چەندانی دیکە بە پێچەوانەوە بیریان دەکردەوە.

لەلایەکی دیکەوە وانەکان زیاتر جەختیان لەوە دەکردەوە نووسینگەی نهێنیی تەکنەلۆژیا و زانیاری و وانەکانی سەبارەت بە سیخوڕی کلیلی هەواڵگری دیجیتاڵییە، هەروا گوسلر سەرنجی ئەوەی دەدا خەڵك هەر هەمووی خاڵی گەیشتنی یەکەمە، وەك پێکهاتەی قفلێکە بۆ گەیشتن بە هۆڵی ئۆپراسیۆنەکان، هەموو ئەو خەڵکە کلیل و کۆدی نهێنی و نامیلەکەن تا بگەین بە هەموو شتێك، چونکە هەر ئەوانن بەرنامەکان دەنووسن و هەموو سیستەمەکانیش لەدەست ئەوانە، بۆیە پێویستە ئەفسەرەکان هاککەرەکان بەکرێ بگرن و بیانکەن بە سیخوڕ، ئەمانەش لە ڕێگەی سیستەم و تەکنیکی ریشاڵی چاو و لە ڕێگەی کیبڵەکانی ریشاڵەکانی بینین.

لەمەوەش گوسلر هاوکاری هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی هەواڵگری دەکات و لەنێو ئەوانەشدا ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی، هەردەم ئەو مزگێنی دەدا، لەگەڵ ئەوەی گوسلر وەك سەرکردە لێهاوتووەکان دەهاتە بەرچاو، چونکە بەجۆشوخرۆش بوو، بە شێوەیەك ئێمەی وا دانابوو کە پێشەنگی هێرشە ئاسمانییە ئەلیکترۆنییەکانین، بەو شێوەیەش ئۆپراسیۆنی ئاسمانی ئەلیکترۆنی فراوان دەبێ، بەتایبەت سی ئای ئەی لەدواتردا سەبارەت بە ژمارە و دیجیتاڵی و فراوانبوونی ئەنتەرنێت وەك پێشەنگ دێتەبەرچاو.

هەردەم گوسلر دڵنیایی پێ دەبەخشین لەگەڵ ئەوەی لایەنێکی نوێی زانستی بوو، جەختی لەوە دەکردەوە ئێمە تەنیا دەبێ بیر لە ئۆپراسیۆنەکان بکەینەوە، هەروا ئێمە پێویستیمان بە مۆڵەتی زانستی کۆمپیوتەر نییە، بەڵکو تەنیا پێویستیمان بە تێگەیشتنی ژمارەیی هەیە لەنێوان هەواڵگرە دەرەکییەکان و سروشتی مرۆڤایەتی، بۆیە ئێمە ئەم پەیوەندییە بەهەل دەزانین و کاری لەسەر دەکەین.

سیخوڕی ئاسمانی زۆر بەزوویی گەشـەی کـرد و کاریگـەری گـەورەی هـەبوو لەسەر ئۆپراسیۆنەکانمان، مـن پێشـبینیم نـەدەکرد بـەو شـێوەیە ئۆپراسـیۆنەکانم سەرکەوتوو بن، زۆرێـك لـە زانیارییـەکانمان لـەو ڕێگەیـەوە دزی ئەمـەش بـووە دەستکەوتێکی هەواڵگری.

لە ساڵی ١٩٩٩ لەو کاتەی پەیوەندیم بە بنکەی دژەتـیرۆر کـرد، ئـەو کـات زۆربەی ئۆپراسیۆنەکانمان تەکنیکی بوون لەنێوەندی ئاسمانێکی ئەلیکترۆنیـدا، بـە شێوەیەك ئۆپراسـیۆنە ئاسـاییە ئەلیکترۆنیـەکانمان کـاری گـەورەی ئـەنجام دا لـە کاتێکدا ئێمە بەدواداچوونمان بۆ تیرۆرستان دەکـرد چـەندین کـەسمان لـە هـەموو جیهاندا لەو تیرۆرستانە دەستگیر کـرد یـان کوشـتمان، لەمـەوە توانیمـان کـاری ئۆپراسیۆنەکانمان بەهێزتر بکەین بە هۆی فرۆکەکانی بریـداتۆر کـە بێفرۆکەوانـە، لەهەمانکاتدا زیاتر ئامانجە دیاریکراوەکان لە هـەموو جیهانـدا دیـاری بکـەین، ئینجا چ لە جیهانی ڕاستەقینەدا یان لە جیهانی ئەلیتکرۆنیی ئاسمانیدا.

بەشی پێنجەم

پەیوەندیکردن

هاوپەیمانیبەستن لەگەڵ دیکتاتۆرەکان سەقامگیری بۆ دەوڵەتە ئازادەکان ناهێنێتەکایەوە.

دیموستینۆس-وتاری فیلیپی دووەم

پەیوەندیکردن لەگەڵ دەرەوەدا بەشێکی هەرە گرنگی کاری هەواڵگری سی ئای ئەیە، پەیوەندییەکانیش بە شێوەی هاوکاری و هەرەوەزی یەکترە لەرووی پرۆژە و کاری هاوبەش، هەروا هاوبەشە بیانییەکان دەتوانن کاری سی ئای ئەی باشتر بکەن، کە هەموو لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوە و کاری شاراوەیە، هەروا ئەم هاوبەشییە دەتوانی هەموو شێوازێك بەخۆیەوە بگرێ وەك ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییە هەواڵگرییەکان تا دەگاتە هەموو لایەنەکانی هەواڵگری تەکنیکی، کە ملیۆنەها دۆلاری تێدەچێ و تیایدا خەرج دەکرێ جگە لە زانیاری کەرەستەش بدەن بەیەکتری بۆ رووماڵکردنی کاری هاوبەش، زۆرجارانیش زانیاری بەجۆشوخرۆش ئاڵوگۆڕ دەکرێ دژ بە یارێکی هاوبەش، جگە کارکردنی هاوبەش سەبارەت بە تەکنەلۆژیا و پیشەگەری و تەکتیکەکان.

هەروا ئەو ئۆپراسیۆنانە زۆرجار دەکرێ ئەفسەر و شارەزای دەزگاکانی ئاسایشی بیانی لەخۆ بگرێ، بۆ نموونە یەکێك لە دەزگاکانی هەواڵگری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین ئەفسەری جوولەکەی لەخزمەت سی ئای ئەی دانا بەتایبەتی بۆ دژەتیرۆر، پێدەچێ هاوکارییەکی قووڵتر هەبێ لەگەڵ هاوپەیمانەکان بۆ جیاوازییەکی فراوان لەرووی بەرنامە و راهێنان و ئۆپراسیۆنەکان، بەتایبەتی ئەو ئۆپراسیۆنە هاوبەشانەی کە پێکەوە ئەنجاممان دەدا.

بەڕێوەبەرانی "کێلگە" لە ساڵی ١٩٨١ زۆر فێری ئەوەیان نەکردین تا زۆرتر مامەڵە و پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا بکەین، تەنیاش کارەکانمان بەتاکلایەنە بێت، ئەمەش وەك ئاوڕدانەوەیەك بۆ دواوە خراپ نییە، بەڵام بەراورد ناکرێ لەگەڵ سەرچاوە تاکلایەنەکان، تەنیاش ئەم کارە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانە، چونکە

کاری یەکەمی ئاژانسی سیخوڕی، سیخوڕیکردنە، بەو واتایەی بەکرێگرتنی سیخوڕەکان و کارپێکردنیان، لە کاتێکدا ڕاهێنەرانی کێڵگە ئەم پەیوەندیکردنەیان لەنێوەندی پرسیارێکدا وا وەڵامدایەوە، بەیەك دەگەینەوە بەتایبەتی ئەوکاتانەی لەڕاهێنان و لەخزمەت دابین.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەم پەیوەندیکردنە تەنیا یەك ئامانجی هەیە ئەویش بەکرێگرتنی تاکەکانیەتی وەك سەرچاوە لەنێو ڕیزەکانیان، ئەمەش ڕێگەیەکی باشە بۆ دژە سیخوڕی، تەنیاش بەوە دەکرێ سیخوڕێکی نەیار دەستگیر بکەی ئەگەر نەتوانی بچیتە ناو دەزگاکەیانەوە، هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە سیخوڕەکان ئاشکرا بوون لەنێو حکومەتی ئەمریکیدا هەمووشی بە هاوکاری سەرچاوەکانی سی ئای ئەی بوون کاتێك لەریزەکانی دەزگا بیانیەکاندا بوون.

چەمکی "پەیوەندیکردن لەبەرامبەر سیخوڕیدا" هەلێکە بۆ سی ئای ئەی تا هەموو ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەدەربخا لە کاتێکدا دەزگایەکی دیکە دەیکا، ئەگەر دەوڵەتێك تۆڕە شاراوەکانی نەبێ ئەوا لە ڕێگەی سی ئای ئەیەوە تۆڕەکانی بەڕێوە دەبرێ، بەمەش دەچێتە نێو خزمەتی هەواڵگریی دەزگایەکی بیانی، دیارە سی ئای ئەی لە ڕێگەی هەواڵگری مرۆییەوە زانیارییەکان کۆ دەکاتەوە، واتە لەنێوەندی دەوڵەتی میواندار یان ئامانج، بەو شێوەیە سی ئای ئەی لە ڕێگەی ئەو سەرچاوانەوە زانیاریەکی زۆری دەبێ، ئەمەش بە هۆی پەیوەندیکردنێکی ئاساییەوە ئەنجام نادرێ.

هاوکات جیاکارییەکانی تاکلایەنە و بێ لایەنە ئەگەر سی ئای ئەی هەوڵی نەدا نەچێتە ناو هیچ دەزگایەکی هاوپەیمانان، لەگەڵ ئەوەی بەهای گشتی

پەیوەندیکردنی دوولایەنە زۆر گرنگە، لە ساڵانی داهاتوو لایەنە باش و خراپەکانت بۆ دەردەکەوێ کاتێك ئۆپراسیۆن کرا لەنێوەندی دژەتیرۆردا.

کاتێك لەنێوەندی کێڵگەدا راهێنانمان دەکرد زیاتر باسیان لەتاکلایەنە دەکرد بەتایبەتی بۆ بەکرێگرتنی سەرچاوەکان، ئەمەش بۆ ئەفسەرێکی بچووك کە لەپشت دیوارێکی ئاسنینەوە کارێکی پێ بسپێردرێ وەك کارکردن لەنێوەندی شوێنی پۆستە مردووەکان لەتەك چەندین ئامرازی سیخوڕیکردنێکی دیکە کە بەتەنیا دەی کات، کارێکی گەورەیە بۆ ئەفسەرێك لە شوێنێکی وەك ئەفریقیا کار بکات، ئەمەش وای کرد بگەمە ئەو بۆچوونەی بۆیە من راناسپێرن بۆ ئەورووپا یان بمنێرنە وێستگەیەکی گەورە تا کاری رۆتینی گەورە ئەنجام بدەم، بۆیە هەردەم وا کارم کردووە کە ئەفسەرێکی ئۆپراسیۆنی شاراوەی تاکلایەن بم.

ئەو ئەفسەرانەی تاکلایەنانە کار دەکەن بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی راسپێردراون بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ بیانیەکان تەنیا لە کاتی رۆژدا لەکاردان، بێگومانیش ئەوانە ئەفسەری بچووکن تەنیا شارەزایەکی دیاریکراویان هەیە، ئەمانەش زۆر بەکەمی تووشی ئاشکرابوون دەبنەوە بەو واتایەی باشتر رووماڵ کراون و پشتیان بەهێزە.

زۆرجاران سیخوڕی بەکرێگیراوە چالاکەکە کارەکان تێك دەدا، دەبێ بەرامبەر ئەفسەرەکە دەبێ خۆی بپارێزی نەوەك ئاشکرا بێ و لەو کاتەشدا هیچ کارێك نەکا، هەر کاتێك ئەفسەر توانی سیخوڕە تاکلایەنەکان بۆ لای خۆی بهێنێ و بیانجوولێنێ، دەتوانێ هاوسەنگییەك لەنێوان رووماڵکردن و ئیدارەی ئۆپراسیۆنی چالاك بکات ئەمەش دوورت دەخاتەوە لە نیگەرانیی رۆژانە.

هینری ا.کرامبتۆن

له سەرەتای کارکردنم توانیومه ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکان وەك سیخوڕ بەکرێ بگرم و جولەم پێ کردووه بەدەیان سەرچاوەی تاکلایەنانه کردووه جگە لە ئەو سەرچاوانەی که لاوەکی بوونه له سێ کیشوەردا ئەو کارەم کردووه، لێرەوه سەدان راپۆرتی هەواڵگریم دەست کەوتووه بەتایبەتی لەنێوەندی سەدان کۆبوونەوه لەگەڵ سەرچاوەکان، وەك چاوپێکەوتنی کورتمان ئەنجام داوه لەنێو ئۆتۆمبیل و ژووری هوتێل و ماڵ و کوخی قامیش و بەلەم و شوێنی کتێبفرۆشتن و کۆڵان و گەرماوه گشتییەکان و سێبەری درختەکان، هاوکات بۆ ماوەی ده ساڵ دوور کەوتوومەتەوه بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هەر حکومەتێکی بیانی.

لەدوا کاتدا که دەست نیشانیان کردم بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەرەکیدا کارەکه زۆر ئاڵۆزکاو بوو، پەیوەندیم بە نوێنەری حکومەتی بیانییەوه نەکرد، بەڵکو پەیوەندیم به سەرکردەی سوپای یاخیبووەکانەوه کرد.

پەیوەندیکردن به جەنگی پارتیزانییەوه...

له سەرەتای رێڕەوه بۆگەنییەکەی هوتێلەکە دەستمان پێ کرد وەك ئەوەی ماوەکەی دووررودرێژ بێ یەکێك لەپێشەوەم و یەکێکی دیکه لەدواوەم دەڕۆیشت، بەڵام بەشێوەیەکی بێدەنگ و هێمن، ئەوان دوو پیاوی لاوازی ماسوولکه توند بوون، لەوانەیه بۆ چەندین ساڵ لەنێوەندی جەنگەڵەکان لە جەنگدا بوو بن، بەخێرایی بەگەڵیان کەوتم و هیچ قسەیەکم نەدەکرد.

پاسەوانێك لەبەردەم دەروازەی ژوورەکه وەستا بوو، کاتێك چوومه ژوورەوه هەردوو کەسەی پێشەوه و دواوەم لەلای پاسەوانەکه وەستان، که چوومه ژوورەوه ژوورەکه زۆر تاریك بوو کاتێك دوو ئاوێنەم بینی لەم لاو لەو لای دیوارەکەوه،

هەنگاوم هاوێشت بۆ ژوورێکی دیکە، ئەو ژوورە زۆر جوان بـوو، وەك ئـەوەی بـۆ یەکێك لە فیلمەکانی جیمس بۆند دانرابێ. چەند کەسێکی تیادا بوو بـەڵام کـەس قسەی نەکرد وەك ئـەوەی بەشـێك بـن لەدیکۆرەکـە، لـەنێو ژوورەکـەدا پیاوێـك کورسییەکی بۆ راکێشان و یەکێکی دیکە دەیویست تەوقەم لەگەڵدا بکات پێم بڵێ دانیشە، لە کاتێکدا دووجار قژەکەی سـەر سـەری بـادا، دیـار بـوو مانـدووبوو، لەوانەیە ماندووبوونەکەی پەیوەندی بەو چەند ساڵەوە هەبێ کاتێك سـەرکردایەتی یاخیبووەکانی دەکرد، لەوانەشە پەیوەندی بە نەخۆشی مەلاریاوە هەبێ، لەوانەشە خۆی وەك جیمس بۆند دانابێ.

پێش ئەوەی ئەو کەسە ببینم سەرۆکی وێستگەکەم پێی راگەیاندم ئەو کەسـە زۆر فێڵبازە، چونکە پێشتر لەگەڵ زۆرێك لەوانە دانیشتووە و گفتوگۆی کردووە کە فێڵبازن، بۆیە لەو کاتەدا نەمویست لە سەرۆکی پارتیزانێك کەم بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆر ماندووە، بەپێچەوانەوە ئەو لە شەڕی زۆر ترسـناك رزگـاری بـووە لـە ئێستاشدا بەرەو پێشەوە چووە، بۆ ئەمەش سی ئای ئەی پێشبینی ئـەوەی دەکـرد سـەربکەوێ، بۆیـە دەبوایـە باشـتری بناسـین، تـا پەیوەندییـەکی قـووڵتر لەگـەڵ رێکخستنەکانی ببەستین.

ئەو گوتی: سوپاست دەکەم کە چاوت بەمن کەوتووە

پرسیاری کرد: ناوت چییە؟

لەوێدا درۆم کرد و گوتم: " فرانك".

"ئا بەڵێ" وەك ئەوەی بزانێ درۆ دەکەم، بەڵام قەیناکا.

هەروەها گوتم: سەرۆکەکەم سڵاوت لێ دەکات.

هینری ا.کرامبتۆن

"سەرۆکەکەت پیاوێکی باشە، هەروا گوتیشی تۆش باشی، هیوام وایە بەردەوام بین، چونکە زۆر شت هەیە دەبێ باسی بکەین".

بەبێ پیشەکی رۆتینی دەستمان پێ کرد، سەرەتا باسمان لە روانینی حکومەتی ئەمریکی کرد سەبارەت بە رێکخستن و ئامانج و داهاتوو، بیروبۆچوونی خۆی دەربڕی و منیش بۆچوونەکانی خۆم دەربڕی، باسیشی لەوە کرد حکومەتی ئەمریکی گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە سەبارەت بە داهاتووی وڵاتەکەی.

بەکورتی باسی پلانەکانی چەند هەفتەی داهاتوو و ساڵانی دواتری کرد، پێدەچێ کەسێك بێ هیوا بێ و ئاواتی زۆر بێ، هەموو شتێکیشی بەجوانی لە شوێنی خۆیدا دانابوو، باسی لە یاخیبوون کرد، هەروا باسمان لە هێزە هەرێمییەکان کرد بەتایبەتی هەوڵەکانی لەوبارەیەوە، باسی لە لیبیەکان و سۆفیەتی و چینییەکان کرد، هەروا ئەو پلانانەی جیاکردەوە دوای ئەوەی سەرکەوتن بەدەست دێنێ، کە لەدواتردا ژێرخانی وڵاتەکەی پتەو دەکات لەرووی پەروەردە و تەندروستی و بازرگانی و مافی ئافرەت، هاوکات باسمان لە بیردۆزە سیاسییەکانیشس کرد.

هیچ تێبینییەکم تۆمار نەکرد، بەڵام هەوڵم دا هەموو ئەو زانیاریانەم لەبیر بێ کاتێك گەڕامەوە وێستگەکە و دەیکەم بە راپۆرتی هەواڵگری، هاوکات لەرووی هەست و نەستەوە هەواڵم دا تێی بگەم، ئەوەی لێی تێگەیشتم ئەو زۆر ئاسوودە بوو.

"دەمەوێ یەکێکیان ببینیت و کاری لەگەڵدا بکەیت، چونکە لەم نزیکانە دەگەڕێمەوە جەنگەڵەکان، ئەو هەموو شتێکی لەلایە کە تۆ پێویستیت پێیەتی".

لە وەڵامدا گوتم" بەڵێ قوربان".

ناوی یەکێکی هێنا و سەیری لایەکی ژوورەکەی کرد، ئەو ئافرەتە نەبوو کە جیمس بۆند بینوویەتی بەڵکو ئافرەتێکی تەمەن گەورەتر و خاوەن لەشێکی پڕ بوو، دەستەکانی گەورە بوو، کەسێکی باش بوو، لەوانەشە پوری یەکێك لەوانە بێ.

زانیاریمان ئاڵوگۆڕ کرد سەبارەت بە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، هەروا شوێنێکم دانا تا لەوێدا چاوم پێی بکەوێ، واتە لە گۆشەی یەکێك لە شەقامەکانی شار یەکتر دەبینین و دواتر سواری ئۆتۆمبێلەکە دەبێ.

بەدرێژایی ساڵێك بەبەردەوامی یەکترمان دەبینی، بەتایبەتی لە شەواندا بە ئۆتۆمبێل پیاسەمان دەکرد، لە هەموو کۆبوونەوەکان ئامادە بوو، هیچ کاتێك لە کارەکانی شکستی نەهێنا، بەردەوام هەموو لایەنەکانی یاخیبوونەکەی بۆم باس دەکرد، هاوکات باسی لایەنەکانی جیۆسیاسی جەنگەکەیانی دەکرد.

لەلایەکی باسی هەموو رێگەکانی یارمەتیدانی چەك و تەقەمەنی و خواردنمان دەکرد لەتەك ئەو سیاسەتانەی کە خێڵەکان پەیڕەوی دەکەن چ لە ئێستادا یان لە رابردوو و داهاتوودا، زیاتر شەڕەکە پەیوەندی بە جوگرافیای سروشتییەوە هەبوو، هەموو ئەمانەش ئاڵنگاری گەورە بوون، زیاتریش جەنگەکان کاری تێکدەرانە بوو، ئەمەش پەیوەندی بە سەرکردایەتی یاخیبوون و حکومەتە پەرشوبڵاوەکە بوو، بەڵام پلانیان چییە؟

ئەوەی تێگەیشتم کارەکە زیاتر پەیوەندی بە سەرکردایەتیەوە هەبوو، بەڵام بۆ ئەو هەموو خەڵکە دەجەنگن؟ لەدوای سەرکەوتن دەیانەوێ چی بکەن؟ زۆر

پرسیاری دیکەشم کرد، هەموو ئەمانەش پرسیاری دیکەی لیّ دەهاتە ئاراوە، وەك ئەوەی کاتێکی زۆرم لەبەردەستدا نییە.

لەلای خۆمەوە وەفادار بووم بۆ ئەو کارە و هەموو هەڵوێستە فەرمییەکانن پێشکەش بە حکەمەتی ئەمریکی کرد بەتایبەتی ئەو شتانەی لەلای ڕێکخستنەکانیان گرنگە، هەروەها بەپێی داواکاری ئەوان خستومەتە ڕوو، هەروا چەندین بۆچوونی خۆشم بۆی زیاد کرد، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان بەردەوام دانی بەو حکومەتە دانا، کە یاخیبووەکان دەیانویست بیڕوخێنن، تەنیا پشتگیرییەکی کەمیان دەکرا، لەگەڵ ئەوەی خۆم وەك نوێنەری سی ئای ئەی خستبووە ڕوو، بۆیە وەزارەتی دەرەوە نەیدەتوانی هیچ لایەنێکی نهێنی بدرکێنیّ، لەپاشاندا درکم بەوە کرد ئەمجۆرە پەیوەندییە هەواڵگرییە پەیوەندی بە کارێکی دیبلۆماسیەوە هەیە، ئێمە ئێستا ڕێگە خۆش دەکەین بۆ پەیوەندییەکی دیبلۆماسی لە کاتێکدا سوپای یاخیبووەکان سەرکەوتن بەدەست دێنن، لەو کاتەش دان بە حکومەتەکەیان دەنێین.

هیچ کاتێك هەوڵم نەدا ئەو بەرامبەرەم بەکریّ بگرم، پێویستم بەوە نەبوو، چونکە زۆرێك لە زانیاریم دەست دەکەوت، هەروا هەوڵم نەدا یەکێك لە سەرکەوتووترین پەیوەندییەکانم تێك بدەم، کە سی ئای ئەی ڕێکیخستووە لەو کیشوەرەدا، سەرۆکی وێستگەم بەدوور بینی، سەیری بەردەوامبوونی ئەو پەیوەندییەی دەکرد وەك کەسێکی سەرەتا لە پەیوەندیکردن بۆیە هەلی بۆرەخساندم، ئەم کارەم بەمتمانە و کارایی ئەنجام دەدا، لەمەوەش چەندین هاوبەشی باش و درێژخایەن بەرهەمی ئەو پەیوەندییە بوو.

بیرم لە ڕێکوپێکی ئەو خاتوونە دەکردەوە، کاتێك بە چاویلکە ئەستوورەکەی دەیڕوانی، لەگەڵ ئەوەی شێوازەکانی زۆر ساکار بوو، هیچ کات لە یاخیبوو نەدەچوو، هەروا دەتوانم وەك یەکەم ڕاهێنەر و هاوبەش سەیری بکەم لە کارەکانی پەیوەندیکردن، بەڵام زۆر زیاتر سەیرم دەکرد.

پەیوەندیکردن بە حکومەتە بیانییەکان.

بۆ یەکەمجار بەرێکەوت پەیوەندیم بە دەزگای پەیوەندیکردنی حکومەتە بیانییەکانەوە کرد، ئەمەش لە ڕێگەی ڕاوونانی ئامانجێکی تاکلایەنە.

ئامانجم بەکرێگرتنی بوو بۆ سیخوڕی، ئافرەتێکی کورتەباڵا بوو، بەڵام جوان نەبوو، تەمەنی بیست ساڵ لە من گەورەتر بوو، سەیری دۆسییەکەیم کرد لەنێوەندی سی ئای ئەی، بەمشێوەیە سەیری دۆسیەی ۲۰۱ کرد، زانیاری زۆری لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی هەبوو، کەچی زانیارییەکانی سەبارەت بە وڵاتەکەی ئەو کەم بوو، هاوکات بەرپرسێکی فەرمی بوو، منیش ئەفسەرێکی بچووکی نێو سی ئای ئەی، زیاتریش لەلای ئەو باسی بواری ئابووریم دەکرد، لە کاتێکدا من زیاتر لەنێوەندی هەواڵگریدا کارم لەسەر جیۆسیاسی بوو، بەتایبەتیش دژەتیرۆر و یاخیبوون، بۆیە بواری هاوبەشمان لەنێواندا کەم بوو، بۆ ماوەی شەش ساڵ هەوڵم دا ئەو سەربازگیر بکەم، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیکردنی ئەم جۆرە هەزاران کیلۆمەتر دوور بوو لە دەزگاکەم، هیچ کاتێکیش ئارەزووم لەوە نەبووە بچمە نێو دەزگایەکی دیکە، یاخود کەسێك هەبێ ڕام بکێشێ بۆ لای خۆی.

ئەو وڵاتەی مـن تیایـدا بـووم شـوێنێکی دیـاری کردبـوو بـۆ کۆنگرەیـەکی نێودەوڵەتیی گەورە، هاوکات هەموو ئەوانەی بەشدار بوون لەو کۆنگرەیە بەرپرسی حکومی بوون و لە هەموو جیهانەوە هاتبوون پێویست بوو هەر هەموویان تەجنید بکەم، بەڵام ئەوانە دوور بوون لە دەستی سی ئای ئەی، بەتایبەتی لەو کاتـەی لـە وڵاتی خۆیاندا دەزگاکانی ئاسایش زۆر بەئاگاییەوە چاودێری ئەفسەرانی سی ئـای ئەی دەکەن، لەلایەکی دیکەوە پێشدەچێ هەر ئەوانە خۆیان ئەفسـەرانی سـی ئـای ئەی بن، وەکچۆن لە وڵاتەکەیان چاودێری هەموو بەرپرسێکی حکـومی دەکـرێ، کاتێك لەگەڵ بیانییەك گفتوگۆ دەکەن یـان دادەنیشـن، لـە کاتێکـدا لـەو جـۆرە کۆنگرانە ژینگەی ئەوە هەیە تەجنید بکرێن.

بەڵام ئەو سەرچاوانە لە ئێستادا لەنێو دەستی هەواڵگری لۆکاڵی و سی ئـای ئەی دان، بێگومان ئەفسەرانی نـاوخۆیی هـەوڵیان داوە لـەنێو ئـەو جەنجاڵییـەدا کەسانێك هەڵبژێرن تا بەشێك لە ئارەزووەکانیان تێـر بکـەن بەتایبـەتی بەرپرسـە بیانییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە وڵاتی نـەیارەوە هـاتوون لەوانەشـە هـەواڵگری میوانیش لەگەڵیان هاتبن، هەروا هەواڵگرە ناوخۆییەکان بـەجۆرێك هـەوڵیان داوە مەبەستەکانیان بپێکن بەتایبەت بە مۆڵەتی فەرمی بۆ سەرکردە سیاسـیەکانیان، بەو شێوەیەش سی ئای ئەی هاوکار بـووە لـە پاراسـتنی وڵاتەکەیـدا تـا بتـوانێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ گەورە پیاوانی سیاسی زیاتر بکات.

لێرەوە هەواڵگری ناوخۆیی ئەو وڵاتە رۆژانە هەواڵگری تەکنیکی رۆژانەی پێ دەدایـن بەتایبـەتی ئـەو سەرچـاوە هەواڵانـەی لـەنێو کۆنگرەکـەدان، بۆیـە بەرژەوەندییەکی هاوبەش هاتە ئارا، لەمەوەش دەزگای ئەو وڵاتـە زانـی هەنـدێك سەرچاوە بۆ لای خۆماندا رابکێشـین، بـەڵام یـەك داواکاریـان هـەبوو تـا بـەهیچ شێوەیەك هەرا دروست نەبێ نەوەك شەرمەزاری یەکێك لەو وڵـات و حکومەتانـە

هونەری سیخوڕی

بن نەوەك لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان ئابڕوویان بچێ، هەروا سەرۆکی یەکێك لەوێستگەکان گوتی " هەر شتێك دەکەن بیکەن، بەڵام کارەکان تێك مەدەن".

وێستگەکە لە چەند ئەفسەرێکی ئۆپراسیۆنەکان پێکهاتبوو، لە کاتێکدا سەرچاوەکان لەسەرووی ئێمەوە بوون بەتەواوی نەمان دەتوانی چارەسەری بکەین بەتایبەتی لە چەند رۆژێکدا، بۆیە هەر یەکێکمان راسپێردرا بۆ ئامانجێك یان دوو ئامانج.

توێژینەوەم لەسەر بەشێم لە دۆسییەکان کرد لەگەڵ دوو ئەفسەری دیکەی بچووك، زانیمان هەڵوێستیان بەرامبەر بە حکومەتەکەیان چۆنە لەتەك باکگراوندی خێزانی و زانستی و بەهای هەواڵگریان، لەگەڵ شیکەرەوەیەك لەوێستگە کارم کرد لەگەڵ راوێژکردن بە سەرکردایەتی، بۆیە چەند بابەتێکم هەڵبژارد و پێم وابوو گرنگە بۆ خێزانەکەیان.

لە رۆژی دووەم چووم بۆ کۆنگرەکە بە سیفەتی چاودێر بەتایبەت کارتێکم لەسەر سینگم دانا، لە یەکێك لەدانیشتنە گشتییەکان دانیشتم و دەمویست ناوەکان لەیەکتر جیا بکەمەوە و سەیری وێنە و ژیاننامەکەیان بکەم، زۆر بێزار بووم چونکە لەکۆنگرەکەدا باسی شتی پڕوپووچیان دەکرد، رقم لەو جۆرە چاودێرییە بۆوە بە شێوەیەك نەم دەتوانی ئامانجەکە ببینم.

لەدوا بەیانی یەکێکم دۆزییەوە ئەو کاتەی قاوەی دەخواردەوە و شەماڵەکەش لاپەڕەکەی رۆژنامەکەی بەردەمی دەجوولاند.

لێی نزیك بوومەوە لە کاتێکدا کات نەمابوو، بەڵام ئەمە دوا بژاردە بوو، خۆم پێ ناساند و داوام لێ کرد کەمێك باس لە وڵاتەکەی خۆی بکات، کاتێك سەیری کردم وام هەست کرد لەبەرامبەر دوکانێك وەستاوە، سەیرێکی کردم منیش

وام هەست کرد سەیری ئەو ئەفسەرانە دەکات کە چاودێری دەکەن، منیش بەهەمان شێوە سەیرێکی ئەولاو ئەولام کرد.

دەمێك بوو سەیری دەکردم، بیرم لەوە کردەوە ئێستا هاوار دەکا سی ئای ئەی سی ئای ئەی!

"بەڵێ باس لەوڵاتەکەم دەکەم" ئینگلیزییەکەی زۆر خراپ نەبوو.

پێم گوت "دەتوانم پیاڵە چایەکت بۆ بانگ بکەم؟".

بەخەندەیەکی ئاگایی سەری جولاند و چووین لەیەکێك لە مێزەکان دانیشتین، لە سەرەتای سی خولەکی دواتر هەستم بەوە کرد جیاکارییەکی گەورە لەنێوانماندا هەیە، بەڵام ئەویش زۆر بێزار بوو بوو لەو کۆنگرەیە، پێی خۆشبوو باس لە وڵاتەکەی بکات، لەوانەیە دژ بەوە بێ هەوالگر بم، بەڵام زۆر بەجۆشوخرۆشەوە باسی لەوڵاتەکەی دەکرد بەتایبەتی سەبارەت بە بۆچوونەکانی خۆی لەرووی سیاسەت و ژیانی خۆی، باسی هیچ بوارێکی هەستیارم نەکرد، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا کارێکم کرد تا متمانە لەنێوانماندا هەبێ.

لە کۆتاییدا دووبارە ناوی خۆم پێ گوتووە، هەروا کارتم پێ نەدا چونکە ئەمە ترسنامە، پێویست ناکات لەوانەشە نەیەوێ کارتێکی بەرپرسێکی ئەمریکی هەڵگرێ، بەڵام ئەو کارتی خۆی پێم دا.

تا چوار ساڵی دیکە نایبینمەوە، لەو کاتەدا دەبوایە کارێکی دیکە لە وڵاتێکی دیکە بکەم، جارێکی دیکە دەزگایەکی بیانی کلیلە، لەو کاتەی چاوی خستە سەر ناوەکەی لەنێوەندی لیستی میوانەکان، کە دەبوایە ئامادەی کۆنگرەیەکی دیکە بێ لەلایەکی دیکەی گۆیی زەوی.

سەرۆکی وێستگە هاتە نووسینگەکەم و چەند ڕێنمایەکی پێ دام و گوتی "جانتاکەت ڕێك بخە".

"بێگومان بەڵام بۆ کوێ".

نامەیەکی لەسەر مێزەکەم دانا و کاتێك چووە دەرەوەش گوتی "خواردنی ئەوێ زۆر خۆشە".

نامەکەم کردەوە هەستم بەوە کرد سی ئای ئەی لێم بێ ئومێد بووە لەوەی دوای چوار ساڵی دیکە دەیبینمەوە، تا هەر بەدوای ئەو گفتوگۆیە بچمەوە کە لەگەڵیدا باسم کردەوە، پێ دەچوو لەوڵاتە سەرچاوەمان زۆر کەم بێ.

لە ڕۆژی دواتردا بەبەرزایی سی هەزارپێ بەخێرایی ڕۆیشتم.

کاتێك گەیشتم ئەفسەری فرۆکەخانە داوای لێ کردم بچمە ئەولاتر، لە چەند چرکەیەکدا یەکێك لە ئەفسەرانی وێستگە بەخێرهاتنێکی گەرمی لێ کردم، مۆر لەسەر پاسەپۆرتەکەم نەدرا وەك ئەوەی هیچ بوونێکم لەنێو ئەو وڵاتەدا نەبێ، لەوانەشە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان حکومەتی میواندار و سی ئای ئەی هەبێ.

لەوێوە بۆ یەکەمجار هەستم بەوە کرد کە بەفەرمی من ئەفسەرێکم لە سی ئای ئەی، هیچ شتێك لەوێدا نەگوترا جگە لە سەرلەقاندنی ئەفسەری فرۆکەخانەکە.

لە هوتێلێکی پێنج ئەستێرە دابەزیم خواردنەکانی زۆر نایاب بوو وەکچۆن سەرۆکی وێستگەکە پێشبینی دەکرد، لەپێشتردا زۆر جار لە هوتێلێکی ساکار دادەبەزیم کاتێك سەفەرم دەکرد، هیوام دەخواست تەنیا پانکەیەکی تیادا بێ.

هەستم بەوە کرد کارەکەم سەرکەوتوو نابێ بە هۆی ئەو خۆشییە پێشبینینەکراوە، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی لۆکاڵی ئەوەی پێ ڕاگەیاندم کە

ئامانجەکە تا ئێستا نەگەیشتووە، بۆیە لەبەیانیان رۆژنامەم دەخوێندەوە و لەدواتریش وەرزشم دەکرد لەیانەی هوتێلەکەدا.

لەرۆژی چوارەم بەدەرکەوت، پەیوەندیی لۆکالّی لەژێر چاودێرییەکی توندی دانابوو، هاوکات ئەو دەزگایە کارەکانی بەباشترین شێوە دەکرد، بۆ ئەمەش زانیاری دابووە سی ئای ئەی و چەندین ئامێر و راهێنانی رێکخستبوو، چاودێری هەموو شتێکیان دەکرد کاریشیان بۆ ئەوە کرد تا بەرێکەوت ببینم.

لە کاتێکدا لەچەند چرکەیەکدا ئەوەم بەبیرهاتەوە سەری بۆم لەقاند و خەندەیەکی کرد.

کاتێك بینیم چەندین بیانووی سەیروسەرمەرەم بۆی هێنایەوە بە هۆی بوونم لەو شارەدا، بەلّام ئەو ئەوەندە متمانەی بەخۆی بوو بەهیچ شێوەیەك نیگەران نەبوو، دووبارە داوەتی منی قبوولّ کرد بۆ کوپێك چای، لەوێدا چووینە چایخانەیەکی نزیك.

لێی پرسیم " چەند رۆژ لەم شارەدا دەمێنیتەوە؟".

لە وەلّامدا گوتم "لەراستیدا تۆ چەند دەمینێیەوە ...منیش ئەوەندە؟"

بەم قسەی من پێکەنی هەتا پێکەنینەکەی زۆر گەورە بوو.

ئەو گوتی " تەنیا دوو رۆژ". لەو کاتەدا بە دەستەسرێك رووخساری خۆی دەسرییەوە، وام بیرکردەوە لەو چەند رۆژەدا خۆشییەك دروست دەکەم.

گفتوگۆکەمان بوو بەسیاسەت دوای ئەوەی باسی چەند خانەوادەیەکمان کرد، بەمشێوەیە قسەکردنمان زیاتر لە چل و پێنج خولەکی خایاند بەپێی پێشبینی قسەی پەیوەندی لۆکالّی، چونکە ئەو کاری دیکەی هەبووە، لەپاش کاتژمێرێك

هونەری سیخوڕی

رازی بوو ناوی خۆی بڵێ و ژمارەی تە لەفۆنەکەی بدات بەتایبەت کاتێک سەفەر بۆ وڵاتێکی دیکە دەکا.

لە ماوەی دوو ساڵدا هیچ پەیوەندییەکی نەکرد.

کەچی لەوڵاتێکی دیکە بەدەرکەوت، کاتێک پەیوەندی لۆکاڵی ناوی لە لیستی میوانان بینبوو، ئەمجارەیان بۆ ماوەی دوو مانگ دەمینێتەوە، بەڵام من لەجیاتی ئەوەی سواری فرۆکە بم نامەیەکم بۆ نارد کە یەکێك لە ئەفسەرەکان دەنێرم، هەر ئەویش کار لەسەر ئەو شتانە دەکات.

هەموویم بۆ روونکردەوە ئەو ئەفسەرە کێیە لەپاشاندا ئەفسەرەکەمان چاوی پێ کەوتبوو و لەدواتر چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجام دابوو.

هەرچۆنێك بێ نەمزانی ئەنجامی ئەمکارە چی بووە، پێویستیش ناکات بیزانم.

بۆ ماوەی چەند ساڵێك پەیوەندییە لۆکاڵییەکان لە سێ کیشوەردا هاوکاریان کردووین، لە کاتێکدا ئەو ئامانجە تاکلایەنە بوو، لەوانەیە لە کۆتاییدا رازی بوو بێ بۆ یارمەتیدانی ئەو دەزگایانە، گومانم لەوەیە وای کردبێ، بەڵام هەر هیوام هەیە.

مایسۆن

پشت و شانەکانی پان و بەهێز بوون، ئەو کاتە تێبینیم کرد کە دەیویست دەرگەی ئۆتۆمبیلەکەی دابخا، یەکەمجار کە بینیم سەیری سینگیم کرد لە یاریزانانی تۆپی پێی ئەمریکی دەچوو، چاوەکانی دەسوڕاند کاتێک دەیویست

تەوقە بکات، منیش تەوقەیەکی خۆشحاڵیم لەگەڵیدا کرد، سەری لەقاند و خەندەیەکی کرد بینیم ددانەکانی زەرد بوو بوون، قژی کورت کردبۆوە تا سەرە گەورەکەی بەتەواوی دیار بێ.

مایسۆن دەبێتە هاوبەشی بنەڕەتیم لە پەیوەندیکردن بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتوو، داوام لێ کرد بچین چایەك بخوێنەوە، پەیوەندیی من و ئەو گەورەترین بەرهەمی هەبوو لەنێو ئەو کیشوەرەدا، زۆرجاریش پەیوەندییەکان سەبارەت بە هەڕەشەی هاوبەش هەبوو کاتێك وڵاتەکەمان رووبەڕووی هەڕەشەی وەك ئێران و کۆریای باکوور و لیبیا و چەند وڵاتێکی دیکە دەبێتەوە، هاوکات کۆمەڵە تیرۆریستییەکان زۆرجاران هەڕەشە بوون بۆ سەر هەردوو وڵاتمان.

سی ئای ئەی و دەزگا لۆکاڵییەکانی بەشێك لەوڵاتان پێویستیان بەیەکتر هەبوو، هەردوولا پێداویستییەکانیان گەورە بوو، لەتەك ئەوەی سی ئای ئەی پەیوەندییەکی بەرفراوانی هەیە لە هەموو جیهاندا، دەزگەی لۆکاڵیش زانیاری تەواوی هەیە لەسەر وڵات و ناوچەکە.

دەزگا لۆکاڵییەکانی وڵاتان کارمەند و ئەفسەری بەهێزیان هەبوو، زۆربەیان لە جەنگەکاندا رزگاریان بوو بوو، کەمێکیان نەبێ کاراییان لاواز بێ، زۆربەی ئەو بەهێزانە وڵاتیان بەڕێوە دەبرد مایسۆن وەك نموونە.

لەپاش گفتوگۆی ئەجنداکەمان لە مایسۆنم پرسی سەبارەت بە ژیاننامەی خۆی، ئەو لە تەمەنێکی بچووکدا بەشداری یاخیبوونی کردووە، ئەمەشم لە دۆسیەکەی خوێندەوە، بەڵام دەمویست خودی خۆی باسی بکات وەك رێزگرتنێك لەلای منەوە، دیار بوو ئەویش خۆشی لەو گفتوگۆیە دەبینی.

لێم پرسی "ئەی ئەو برینانە لەسەر دەستەکانتە؟".

چونکە لەپێشتردا پاڵتۆکەی لەبەرکردەوە و بینیم دەستەکانی زۆر گەورە، لەسەر شانی نووسینکم بینی وەك برین وابوون.

دەستەکانی بەرزکردەوە و سەیرێکی کرد و گوتی " ئەمە ناوی کورتکراوەی سوپاکەمانە".

ئەوەم دەزانی.

"بەڵام ئەو برینانە چین؟"

مایسۆن لێوە ئەستوورەکانی کردەوە سەیرێکی کردم و گوتی " لە کۆمەڵەکەم دوورکەوتمەوە واتە ونبووم، هەندێك لە هاوڕێیەکانم کوژران و هەندێکی دیکەیان بەدیل گیران و بەتەنیا مامەوە، هەستم دەکرد ناتوانم رزگار ببم، بەڵام لەدواتردا دەمویست بزانن من کێم".

لێم پرسی" خۆت ئەو برینانەت هەڵکۆڵیوە و نووسیووتە؟"

"بەڵێ"

"هەروەها ئەگەر بگیرابام یان بکوژرابام، ئەوا هیچ گومانێکیان لە من نەدەکرد".

"بەڵێ".

چ شتێك سەبارەت بەم کارە ناتوانم بیڵێم، هەموو شتەکان پەیوەست بوون بەیەکەوە، لێرەوە مایسۆن دانیشتووە و ناسنامەی جەنگاوەرییەکەی لە گۆشتی دەستەکانی هەڵکوڵێنراوە، کە سەیری من دەکا نە توڕە و نە ئاڵۆز دەبیندرێ، بەڵکو زۆر بە ئاسوودەیی و پشوودانەوە دانیشتووە.

پێم گوت : حەزت بەچایەکی دیکە هەیە؟

بەڵێ سوپاست دەکەم

وێستگەکەمان لە سێ ساڵی رابردوودا بە هاوکاری لەگەڵ تیمی مایسۆندا چەندین ئۆپراسیۆنی چاودێری ئەنجام دا. هەروەها لە زۆربەی کاتەکاندا تەکنیکی زانیارییەکانی کۆدەکردەوە کە توانی چەندین ئامانج بپێکێ، لێرەوە چەندین باری جبەخانە لەتەك پارە و راهێنان پێشکەشکردن، بەشێکیان بەناچاری دەبوایە پەیوەست دەکرا بە مافەکانی مرۆڤ، بەمەش دەگەیشتین بەو شتەی کە دەمانویست، لەلایەکی دیکەوە پیاو و رووماڵی سیاسیان بۆ دابینکردین، بەمەش سەدان راپۆرتی هەواڵگریمان بەرهەم بوو.

هەروەها بەشداریمان کرد لە سەربازگیری هاوبەش بۆ بەشێك لە ئامانجە بیانییەکان، ئەفسەرەکانی ئەوان زیاتر کاریان رازیکردن بوو، هەندێکجاریش ئێمە ئەو کارەمان دەکرد، زۆرجاریش سەرچاوەی بەکرێگیراومان نەبوو، لەتەك ئەمەشدا نەمان دەزانی ئەو زانیاریانە دەچێتە لای سی ئای ئەی یاخود دەزگا لۆکاڵییەکەی ئەو وڵاتە.

زۆرجار ئەو دەوڵەتانەی سەرپەرشتی تیرۆر دەکەن، گەورە نێردراویان دەناردە ناو ئاسیا و ئەفریقیا، لێرەوە بارەگای سەرکردایەتی پەیامێکی نارد بۆ وێستگەکانی تا بگەین بە نێردراوێکی تایبەت کاتێك لەنێو مەراسیمە جۆراوجۆرەکاندا دەبیندرێ، ئەمەش پلانێکی فراوان بوو بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی دیکە و پەکخستنی چالاکییەکانی دەوڵەتی نەیار، هەموو ئەو بروسکانە لەلایەن وێستگەکانەوە بۆمان دەهات، تا بگەین بەئامانجێکی جوولە پێکراو، چونکە تەنیا

بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە وڵاتێکدا دەمایەوە، بۆیە هەلەکان زۆر کەمبوون تا بگەین پێیان.

چاودێریمان کردن و هەر وێستگەیەك دەیویست بەرێگەیەك هەلی خۆی بقۆزێتەوە تا بگات بەو سەرچاوەیە، ئەمەو هاوبەشەکانمان هەموویان لە چاوەڕوانیدا بوون، ئەو شوێنانەیان هەمووی دەکرد بە چاودێر، چەندین پلانمان دانا تا لە شوێنێکی گونجاودا هەڵمان بۆ ڕێکبکەوێ تا لێیان نزیك ببینەوە.

جۆرج، کە یاریدەری مایسۆن بوو تیمی چاودێری بەڕێوە دەبرد و شوێنەکانی دیاری دەکرد، زۆر بەکارایی جیاکاری لەنێوان سەرچاوەکان دەکرد لەنێو هەموو نێردراوەکاندا، وەك ئەوەی تاکە گایەك لەنێو مێگەلێك دیاری بکات.

ڕووبەڕووی ئامانجێك بوومەوە لەو کاتەی جۆرج لەدووری پێنج هەنگاو لەتەنیشتم بوو و دەیڕوانیە هەموو نێردراوەکانی دیکە.

"سڵاو من فرانکم"، دەستم بۆی درێژ کرد تا تەوقەی لەگەڵدا بکەم.

کەمێك کشایەوە و بەخێرایی ناوی خۆی گوت و تەوقەمان کرد.

"من بەرپرسم لەنێو هەواڵگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەمەوێ بەرێزتان هاوکاریمان بکەی، تۆ پیاوێکی باشی، بەڵام هیچ داهاتووت نییە لەگەڵ ئەو ڕژێمەی خزمەتی دەکەی، تۆش ئەمە دەزانیت".

کەمێك زمانی گیرا "تۆ ...تۆ کێیت؟".

"تۆ من دەناسیت، تۆ پێویستیت بە ئێمە دەبێ، بەبێ ئێمە هیچت لە دەستدا نییە، ئەم نامەیە بگرە، بیخوێنەوە و ڕێنمایەکانت لەبیر بێ، لەپاشان

کاغەزەکە بسوتێنە یان پارچە پارچەی بکە، بۆ جارێکی دیکە تۆ پەیوەندیمان پێوە بکە، کاتێك لەدەرەوە وڵاتدا دەبیت".

باوەڕم بەوە نەکرد کاتێك نامەکەی وەرگرت..

لێم پرسی" تێ دەگەی؟".

"من ناتناسم تکات لێ دەکەم لـێم دووربکـەوە"، هـەروا نامەکـەی خسـتە گیرفانییەوە.

"دەتناسم، دەزانم چی دەکەی، هەروا هاوڕێیەکانیشت دەناسین، ئایا دەتـەوێ ببیتە بەشێك لە رژێمێکی نـەگریس و بکـوژ کـە ناویـان نـاوە حکومـەت؟ ئـەو بژاردەیەت هەیە، بژاردەی راستەقینە لەگەڵ ئێمەدایە".

زۆر ترسا و سەری لەقاند، لەوانەیە لەوەترسابێ چۆن ئەومان دیـاری کـردووە بۆ رازیبوون، زۆری نەمابوو هەڵبچێ، منیش کاتم نەبوو، هـەروا پیـاوانی جـۆرج نەیان دەتوانی زیاتر نیردراوەکانی دیکە سەرقاڵ بکەن، تەنیا ئـەومان بەدەسـتەوە بوو.

"پەیوەندیمان پێوە بکە"، ئەمە وەك فەرمانێك وابوو، لەپاشاندا رووم وەرگێڕا و دوورکەوتمەوە.

جۆرج بەخێرایی بۆ لای من هات تا هەموومان ئەو شوێنە جێ بهـێڵین، ئـەو گوێی لە هەموو ئەو شتانە بوو کە گوتمان، هاوکـات ئـەو بـۆ مـاوەی دوو سـاڵە لەگەڵمدا کاردەکا، هەردەم رێزم دەگـرت، هـیچ کاتێـك گـەمارۆی ئامانجێکمـان نەداوە تیایدا شکست بێنین.

جۆرج گوتی: ئەوە چی بوو! با لێرە بچینە دەرەوە.

لەناو ئۆتۆمبێلدا سەیرێکی کردم و دایە قاقای پێکەنین.

"وابزانم لەشی خۆی پیس دەکات".

"لەوانەیە".

لێی پرسیم، ئایا ئەم هەوڵە رێکە بۆ رازیکردن؟ هاوڕێیان پەیوەندیتان پێوە دەکات؟

"نازانم، بەڵام وابزانم زۆر ترسا، برواش ناکەم بەکەس بڵێ، بەڵام پێویستە کارمان لەگەڵدا بکات، ئێستا کارەکە لەلای ئەوە ئەو دەبێ بیر بکاتەوە".

لە هەفتەی داهاتوو لەنێوەندی یەکێك لەدانیشتنەکانمان ئەمەم بە باڵیۆزی ئەمریکی گوت کە ئەو شێوەیە هەوڵم داوە، گوێم بە هیچ رەنگدانەوەیەکی سیاسی نەدا، بەڵام ئەمکارە زیاتر لەلای هاوبەشە پەیوەندیدارەکانمانەوە گرنگ بوو تا پەیوەندی زیاتر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ببەستن.

دەبوایە بۆ دوو ئۆپراسیۆن لەکاردابم بەتایبەتی لە کاتی راپەڕاندنی ئەرکەکانم، سەرەتا بە باڵیۆز بڵێم، چونکە دەبوایە ئاگاداری هەستیاری حکومەتی میوان بکەین، یاخود نەبە هۆیەکی ترسناك بۆ سەر ئەفسەرەکانمان.

لەلایەکی دیکەوە باڵیۆزخانەکەمان باڵیۆزێکی مەزنی بۆ دانرابوو، لەدواتر بووە هاوڕێیەکی گرنگ، زیاتر لەوەی داوای دەکرد جێبەجێم دەکرد، لەگەڵ ئەوەی رێنمایی و راسپاردەکانی زۆر جوان بوون، ئەمەو ئۆپراسیۆنی سی ئای ئەی زیاتر لەنێوەندی سیاسەتدا دەخولێتەوە، سەرەڕایی ئەوەی ئەفسەرانی ئاژانسەکە زیاتر ئەو شتانەیان لەبیر دەکرد، چونکە لە کۆتاییدا هەواڵگری خزمەت بە مەبەستە سیاسییەکان دەکات و پشتگیری لە سیاسەتمەداران دەکات، باڵیۆزخانەکەی

ئێمەش بەبەخت بوو، چونکە بالێۆزەکەی لە کارەکەمان تێگەیشتبوو و ڕێزی دەگرتین، زۆر جاریش بەو شێوە دەرناچێ.

سی ئای ئەی رابەرایەتی تۆڕێکی فراوان دەکا چ لەگەڵ هاوبەشە لۆکالییەکانی زۆربەی وڵاتانی جیهان، لەگەڵ ئەوەی دەزگەی شاراوە زۆربەی کارەکانی بەتواندی ئەنجام دەدرێ، زیاتریش کار لەسەر سەرچاوە تاکلایەنەکان دەکات، بەڵام بەرنامەی هاوبەش ئەو کاتانە دێتە ئاراوە کە هەڕشەکان لەسەر دەولەتان بێ.

لەلایەکی دیکەوە فراوانبوونی ئۆپرۆاسیۆنی هاوبەش لەگەڵ پەیوەندیدارەکانی وڵاتان، هۆیەکە بۆ زۆربوونی دوژمنەکان بە شێوەیەکی پێشکەوتوو، ئەوانەش ترسناکی گەورە دەهێننە ئاراوە زۆرجاران ئالۆزییەکە بەزەحمەت تیایدا دەردەچین، ئەمەو تیرۆر و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و تێکدان و تاوانی تلیاك تا دەگاتە ترسناکییەکانی ژینگە، ئالنگاری گەورەن لەنێوەندی دەزگا هەواڵگرییەکان، تەنیا یەك دەزگاش ناتوانێ چارەسەری هەموو ئەو شتانە بکات، بەڵام سی ئای ئەی رۆڵی سەرکردایەتی وەرگرتووە بە هۆی بوونی لە جیهاندا و پەیوەندییە قووڵەکانی، لە لایەکی دیکەوە تواناکانی زۆرن بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان، هەروا هەماهەنگی بکات لەگەڵ دەزگاکانی دیکە لە کاتی راستەقینەدا، هەندێکجار وەك هەماهەنگ بووە و زۆرجاریش وەك رابەر کارەکانی بەڕێوە بردووە. لەگەڵ ئەوەی ئەم پەیوەندیانە تەنیا هۆیەك نییە بۆ یەکرێزی، چونکە ململانێ دەکەوێتە نێوەندی دەزگاکانی هەواڵگری، تاکە رێگەی سەرکەوتن بۆ ئەمەش سەرچاوە تاکلایەنەکانە لەنێوەندی ئەو دەزگایانە، بەمەش دەتواندرێ ئاگاداری ترسناکی و دەستکەوتەکان ببیت.

گەورەترین ڕەنگدانەوەش ئەوەیە کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هێزێك شکست بێنێ، بەتایبەتی هێزە سروشتییەکەی، کاتێك دەچینە ناو پەیوەندیی هاوبەش؟ دیارە ئەو پەیوەندیانەش بە ڕەزامەندی بڕیاردەری سیاسەتەکانی ئەمریکایە، ئەوانەی هەندێکجار خۆیان بەڕێوە دەبەن، بەڵام سی ئای ئەی چۆن کار دەکات کاتێك ڕەوتەکە گۆڕا بەتایبەتی گۆڕانی سیاسەتی نێودەوڵەتی؟ ئایا بەهای ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرز دەبێتەوە یان پاشەکشە دەکات؟

تاکە کار بۆ بەستنی ئەو پەیوەندیانە تەنیا بۆ کاری دژەتیرۆر سەرکەوتووە.

بەشی شەشەم

بنبڕکردنی تیرۆر...

ئاڵۆزییەك لەنێوەندی پلانەکانمان هەیە لەو کاتەی ناباوەکان و پێشبینینەکراوەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن.

-تۆماس شفین

ئابووریناسێکی هارڤارد، لە ئاماژەیەك بە هێرشی ژاپۆنی بۆ سەر بیرل هاربیۆر.

لە ساڵی ١٩٩٨ بارەگای سەرکردایەتی چەند راسپاردەیەکی ئاراستەم کرد تا لەدەرەوەی وڵاتدا نەمێنم و بگەڕێمەوە تا کار لە لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەفسەران بکەم سەبارەت ریزبەندی مووچە و سەرمووچە و راسپاردە تا بێنە ریزی گەورە ئەفسەرەکانی هەواڵگری، ئەمەش وەرچەخانێکی گەورە بوو بۆ ئەو ئەفسەرانە کە پلەکانیان دەگەیشتە کۆلۆنێلی سوپا تا دەگاتە پلەی عەمید، لە ساڵی پێشتریش منیش پلەم بەرزکرایەوە بۆ ریزی گەورە ئەفسەرانی هەواڵگری، دەزانم گرنگی ئەو لیژنەیە لەچی دایە، تەنیاش بۆ ئەفسەرەکان نا بەڵکو بۆ داهاتووی دەزگای شاراوە و ئاسایشی دەوڵەتەکەمان، دیارە ئەوانەشی کە پلەیان بەرز دەکرێتەوە کۆمەڵەیەکی بچووکن لەو سەکردانەی بەرپرسن لە سیخوڕی ئەمریکی و کاری شاراوە.

لیژنەکە بۆ ماوەی مانگێك لەکاردابوو، ئەمەو لەپاش خوێندنەوە دەیان دۆسییە، بڕیار درا تەنیا شەش ئەفسەر پلەیان بەرزگرایەوە، پێکهێنانی ئەو لیژنەیە جگە لەوەی جۆرێك لە رۆشنبیرییە، هەروا کارێکە بۆ داهاتووی خودی دەزگای شاراو، سەرسام بووم بە فراوانبوونی دەزگاکە، لەگەڵ ئەوەی خۆم کارم لە پێکهێنانی ئۆپراسیۆنەکانی نهێنی کردووە لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەورووپا، زۆربەی ئەو دۆسیانەی دەخرانە پێشمان لەنێوەندی ئۆپراسیۆنەکان چەندین ترسناکی و ئاڵۆزی تیادا بوو، بەتایبەت کاتێك بەرومالی بازرگانییەوە کارێکی قووڵمان لەنێوەندی رژێمە ترسناکەکانی جیهاندا دەکرد، کارەکان گەیشتبووە ئەو رادەیەی هەندێك ئۆپراسیۆن ئەوەندە هەستیار بوون، هەندێکجار بانگ دەکراین و بەزارەکی پرسیاریان لێدەکردین، لەپێشتریشدا وەك باسمان کرد هەندێك لە ئەفسەرەکان دەستیان خستبووە نێو هەولگرییەك کارە نهێنییەکانیان دژ بە

چەندین دەوڵەت و بازرگانی تلیاك و چەك و تیرۆر بوو، بۆیە لەوێدا هەندێك ئامانج بەدەردەکەوت کە لەنێوەندی ئامانجەکانمان بوونی نەبوو.

لێژنەکەمان سەیری هەموو ئەو دۆسیانەی دەکرد کە بە فەرمانی ئەو ئەفسەرانە کار دەکەن، یان فەرمانیان پێ دەکرێ، تا بزانین جۆری هەواڵگرییەکەی چییە و ئاستی کار و سەرکردایەتیان چۆنە، زۆرجاریش کاری هەواڵگری ئاڵۆز دەبێ بە هۆی چوونەناو ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان و چەسپاندنی یاسا و دیبلۆماسیەت، هەروا توانیان چەندە کاتێك لەنێو کێڵگەیەکی چیندراوی مین دەبن، هەروا تا چەند دەتوانن لەگەڵ دەزگای هەواڵگری وڵاتان کار بکەن.

لێرەدا بۆم روون بۆوە تەنیا ئەو دە سەرکەوتووە لەو ئاستەدان، بەڵام ٧٠ لەسەدا پلەیان لە زۆرباشە بۆ پەسەند دەڕوات، تەنیاش بیست لەسەدیان دەکرێ پلەیان بەرز بکرێتەوە، لەوانەیە هەندێکیان پەیوەندییەکی وایان بەسی ئای ئەی نەبوو، بۆیە ئەوانەم بەرزکردەوە بۆ جایمس بافیت، ئەو رازی بوو لەسەر زۆری ئەو شتانەی ئێمە بڕیارمان لەسەردابوو، بەڵام دوو کەسی لابرد و دوو کەسی دیکەی دانا، کە لەلای خۆیەوە تەزکییە کرابوون.

بافێت داوای کرد لە نهۆمی حەوتەم سەردانی بکەم کە لەوێدا بەڕێوەبەر و جێگرەکانی کار دەکەن، زۆرجاریش وا ئاماژە دەکەین، کە نهۆمی حەوتەم سەر بە سی ئای ئەیە، پرسیارم کرد بۆچی بانگم دەکات، بەڵام ئەو دەویست گفتوگۆی کارەکەمان بکات لە لێژنەی پلە بەرزکردنەوە، یان دەیەوێ کارێکی دیکەم پێ بسپێرێ، لەپێشتریش داوام کردبوو کاری مەیدانیم درێژ بکرێتەوە، بەڵام داواکەم رەت کرایەوە، هاوکات لەپاش شانزدە ساڵ لە کاری نهێنی و لەمەیدانی دەرەکی ئێستا کاتی هاتووە بگەڕێمەوە بارەگای سەرکردایەتی.

بافێت وەك پێشتر پێشوازیەکی گەرمی لێ کردم، لە شوێنەکەی خۆی هەڵسایەوە و بەرەو لای من هات، نووسینگەکەی گەورە بوو جێگەی چەندین کورسی و مێزێك دەبۆوە.

بافێت خۆشی لە پۆستەکەی دەبینێ، ئەو بەردەوام جلوبەرگی ڕێك دەپۆشێ لەگەڵ چەندین ڕەنگی جیاجیای بۆینباخ، هەروا زۆر ئاگاداری ژینگەکەیەتی لە واشنتنی پایتەخت، لەپێشتریشدا کاری لە بنبڕکردنی پەرشوبڵاوی چەك کردووە لە بارەگای سەرکردایەتی، لەپێش ئەمەش لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دامەزرێندرا، لەدوا پۆستیشی لەدەرەوەدا تەنیا سەرۆکایەتی وێستگەیەکی بچووك دەکرد لە ئەورووپا.

لەبەرامبەریدا دانیشتبووم و پێنووسەکەی لەدەستدا بوو و چەندین جار پێنووسەکەی سوڕاند پرسیارەکانی سەبارەت بە لێژنەکە و هیوا و ئاواتەکانی من بوو لەرووی پیشەییەوە، منیش پێم ڕاگەیاند دەمەوێ کارێکی دیکە دەکەم و دەمەوێ بیروهزرەکانم بەرەو ئاسۆ هەڵبکشێت، هەروا زۆر گرنگی بەگەڕانەوە بۆ خوێندن دەدەم لە ماوە ساڵێك یان دوو ساڵ.

"ئەی چی سەبارەت بە دامەزراندت لە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی؟ لەوێدا دەبیتە یاریدەری بەشەکەیان کە پەیوەستە بەدژەتیرۆری نێودەوڵەتی، هەروا دەسەڵاتی ئەوەت دەبێ فەرمان دەربکەی، تۆ جێگەی جێف دەگریتەوە.

هیچ شتێکم سەبارەت بەو پۆستە نەدەزانی، بەڵام دەمزانی گرنگی دژەتیرۆر (ساتۆلا) چییە، "سوپاسی ئەو هەلەتان دەکەم کە بۆمنتان رەخساندووە".

"زۆر باشە، کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەین".

کاتێك لە نووسینگەکە چوومە دەرەوە پرسیارم لە خۆم دەکرد، دەبێ تا چەند راست بم لەسەر ئەو بڕیارەم، کە بەناکاوی دام، لەوانەیە ئەو پشتگیری کردبم، لەپاشان زانیم من راسپێردراوم وەك ئەلتەرناتیفێك، ئەمەش نیشانەیەکی باشە، هەروا زانیم کە بافیت و ئەوانی دیکە پێیان وایە من گونجاوێکی باشم، چونکە سەرکردایەتی سی ئای ئەی وا داناوم یەکێك لە دڵسۆزەکانم، " ئەو کوڕەی کە هاوبەشی کەسانی دیکە لە کاتی نانخواردنیدا". یان بە واتایەکی دیکە من لەگەڵ هەمووان دەگونجێم واتە لەگەڵ کارمەندانی "ئیف بی ئای" واشم دانا ئەوان ئەوەی ویستوویانە پێکاویانە.

سی ئای ئەی لەو کاتەدا بەپێی راپۆرتی زانیارییەکانی هەواڵگری بەوردی کاری لەسەر ئوسامە بنلادن و قاعیدە دەکرد، هەروا ئاژانسەکە چەندین کاری پیلانگێری قاعیدەی پەکخستووە، جارێکیان پیلانی هێرشکردنی سەر یەکێك لە دەزگا ئەمریکییەکانیان پوچەڵ کردۆتەوە، لەتەك ئەوەی ئۆپراسیۆن و هەڕەشەکانی دوژمن بەرەو فراوانی دەڕۆیشت، هاوکات لەپێش دوو مانگدا واتە لەشوباتی ۱۹۹۸ ئوسامە بنلادن فەتوایەکی دەرکرد تیایدا جەنگی دژ بەرۆژئاوا راگەیاند، رێڕەوەکە زۆر روون بوو، بەوەی قاعیدە هەڕەشەیەکی بەردەوامە بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانی.

کاتێك لەلیژنەی پلەبەرزکردنەوە بووم، بۆم رەخسا زانیارییەکان کۆ بکەمەوە بەتایبەتی قەبارەی کاری دژەتیرۆر لەتەك ئالۆزییەکانی، وام دانا بەرەو زیاتر بوون هەنگاو دەنێ، ئەمەش گرنگییەکی بەرچاوە، لە کاتێکدا جۆرج تنیتی بەڕێوەبەر جەنگی دژ بەقاعیدە راگەیاند، بەڵام من بیرۆکە ئەوەم نەبوو دژەتیرۆر لەم نزیکانە زاڵ دەبێ بەسەر ئەجندایی ئاسایشی نەتەوەیی.

گەڕانەوە نووسینگەکەم لەدەرەوە، ماوەی ئەرکەکانم بەجێ گەیاند کاتێکیش گەڕامەوە وڵات زانیم دوو هێرش کراوەتە سەر باڵێۆزخانەکەمان لە نایرۆبی و کینیا و دار سەلام لەتەنزاتنیا، ئەم هێرش لە حەوتی ئابی ١٩٩٨ هاتە ئارا.

من و سیندی و منداڵەکان لەڕێڕەوەکە وەستابووین و چاوەڕێی ئەو پاسەمان دەکرد تا بمانگەیەنێتە فرۆکەخانە، کاتێکی زۆرمان بەسەر برد لەنێو ئەو باخچە فراوانانە و هەروا منداڵەکانیشم ئەو شوێنەیان خۆش دەویست، هەروا سەگەکەشیان (لابرادور) بە هەمان شێوە ئەو شوێنەی خۆش دەویست، واتە شوێنی درختە بەرزەکان و بەردە گەورەکان و خۆشاردنەوە لەو شوێنەدا، بێگومان کەشە وەك جاران نیمچە نموونەیی بوو، لەو کاتەدا زانیمان ئێمە بیری ئێرە دەکەین بیری ئەفریقیا دەکەین، من و هاوسەرەکەم لەسەر کەنارێك یەکترمان ناسی، هەروا هەر سێ کوڕەکەم لەوێدا پەروەردە بوون، واتە هەر یەکێکیان لە دەوڵەتێك لەدایکبوونە، ئەوان فێری مەلەوانی و گەشت و تیرهاوێژتن و وەرزشەکان فێر بووبوون، وەك یاری رەکبی، جگە لەمە وانەی زمانەکانی کەنار و فەرەنسی و زمانی خێڵەکان فێر بوو بوون، حەزیان بەوە نەبوو ئەو شوێنە جێ بهێڵن.

لە ماڵەوەدا زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا، کاتێك چوومە ژوورەوە وام دانا ئەوەی پەیوەندی دەکا سەبارەت بە بابەتێکی کارگێڕی قسەم لەگەڵ دەکا کە پەیوەستە بەرۆیشتنمان، چونکە زۆر جاران کێشەیەك هەیە لە کاتی گواستنەوەدا.

پەیوەندی وێستکەکە بوو "لە باڵێۆوخانەی نیرۆبی و دارسەلامان داوە، دوو ئۆتۆمبیلی بۆمبرێژکراو هێرشیان کردووە، کارەکە زۆر خراپە بەراستی خراپە".

"ئایا کەس زانیاری هەیە لەسەر کوژراو و بریندار؟ هیچ رێنمایەك هەیە لە بارەگای سەرکردایەتییەوە هاتبێ؟" لە خۆم پرسی ئایا بمێنمەوە یان وەك

هاوڵاتییەك پشتگیری دابین بكەم، من هاوڵاتیانم بەتەواوی دەناسی و چەندین هاوڕێی ئەمریكی و بیانیمان هەیە، لە هەردوو باڵیۆزخانە، بیرم لە كوژراوەكان دەكردەوە، لە خۆم دەپرسی ئایا هاوڕێیەكانم كوژراون.

" نا تا ئێستا هیچ دیار نییە، ئێستا رووی داوە".

"باشە، لەگەڵ خێزانەكەم دەڕۆم، ئەو كاتە پەیوەندیتان پێوە دەكەم، كاتێك خاڵی تێپەڕبوونی ئەووپام بڕی".

گەڕامەوە رێڕەوەكە، لەو كاتەی چاوەڕوانی پاسەكەمان دەكرد، هەواڵەكەم بۆ خێزانەكەم باسكرد، ئەوان چەندین پرسیاریان كرد: چەند كەس كوژراوە؟ ئایا هاوڕێیەكانی ئێمەی تیادایە؟ ئایا هێرشی دیكە دەكەن؟ بۆچی؟ كێ بەرپرسیارە؟

لە رێگەی فڕۆكەخانە بیرم لە چەند هۆكار و بەرپرسی پێشبینیكراو كردەوە، لەپێشتردا حزبی ئەڵلا چەندین هاوڵاتی ئەمریكیان كوشتووە، كە هیچ رێكخستنێكی دیكە وەك ئەوان وای نەكردووە، بەڵام قاعیدە لە رۆژهەڵاتی ئەفریقیا كار دەكات واتە لە سەرەتای حەفتاكانەوە لە سۆماڵ ئەو كارانە دەكات، هاوكات سی ئای ئەی هەردەم لەدوایانە و چەندین پیلانی نەگریسیان پوچەڵ كردۆتەوە، لە زۆربەی دەوڵەتەكانی جیهان بەتایبەتیش لە ئەفریقیا، بەڵام ئایا قاعیدە گەڕاونەتەوە و خۆیان كۆكردۆتەوە تا ئەو دوو هێرشە بكەن؟

لە ئەمستردامەوە پەیوەندیم بە بارەگای سەركردایەتی كرد، پێشنیارم كرد خێزانەكەم بەردەوام بن لە سەفەرەكەیان بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، منیش بگەڕێمەوە بۆ نایرۆبی، بەڵام سەركردایەتی ئەمەی رەت كردەوە و فەرمانی پێ كردم بگەڕێمەوە بۆ وڵات تا بچمە سەر كارەكەم لە نووسینگەی لێكۆڵینەوەی فیدرالی ئیف بی ئای، ئەمەش جیاوازیەك دروست دەكات بۆ گۆڕەپانی هەردوو

تاوان تا لێکۆڵینەوەی فراوانتر بکەینەوە، چونکە بەشێکی کەمیان سەردانی کینیا یان تەنزانیا یاخود ئەفریقیایان کردووە.

ئێستاش من بەرەو کارێکی قورس و کوشتێنەر دەچم کە کاری دژەتیرۆر و چوار ساڵ دەخایەنێت.

بەشی حەفتەم

نووسینگەی لێکۆڵینەوەی نیشتمانی...

لەو کاتەی لەنێو ئیف بی ئای نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی دەست بەکار دەکەی، راسپاردەکان بۆ ئەوەن چ لە زانیارییەکان دەکەی. یەکسەر دەگۆڕێ بۆ "گیستابو".

-ج.ئەدگار هوفر

هەموو بابەتێکی پەیوەستی هەردوو هێرشەکەم کۆکردەوە، چ باسکردنەکانی ڕۆژنامەگەری و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانم لەگەڵ بارەگای سی ئای ئەی، زۆری پێ نەچوو کە قاعیدە بەرپرسی ئەو هێرشەیە.

لە بەیانی ڕۆژی حەوتی ئابی ١٩٩٨، دوو کەسی قاعیدە دوو بارهەڵگری پڕ لە بۆمبیان لێ دەخوڕی و توانیان دیوارەکانی ئاسایشی هەردوو باڵیۆزخانەی دارسەلام و لە نایرۆبی ببڕن، لە کاتێکدا پاسەوانێکی کینی سەرەڕایی ئەوەی بەچەك هەڕەشەیان لێ کردبوو کەچی ئامێری دانا بۆ ڕێگری، کە ڕێگرییەکی کانزایی بوو لە نهۆمی خوارەوە، ئەوەش ئامانجی تەقینەوەکە بووە، پاسەوانەکە بەشێوەیەکی پاڵەوانانە توانی گیانی زۆر کەس ڕزگار بکات، لەپاشاندا تیرۆرستەکە دوای ئەوەی کشابۆوە بۆ دواوەی باڵەخانەکە لەوێدا خۆی و بارهەڵگرەکەی تەقاندەوە، ئەمەش بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە دووسەد کەس و نزیکەی چوارسەد کەسی دیکەش بریندار بوو، لەنێو قوربانییەکانیش چەندین هاوڕێ و هاوکارم هەبوون.

یەکێك لە بەرپرسانی باڵیۆزخانە هاوڕێم ستیف نولن بوو، کە زۆر ئازایانە کاری کردبوو و بەشێکی زۆری بریندارەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو بۆ دەرەوەی باڵیۆزخانەکە، سەرەڕایی ئەوەی خۆشی بریندار بووبوو، زۆر بەخێرایی توانی بووی ئامادەیی دیبلۆماسی کارا بکاتەوە، هەروا نۆلن پلەی بەرز دەکرێتەوە بۆ پلەکانی وەزارەتی دەرەوە و وەك باڵیۆزێك دادەنرێ و لە ئەفریقیا دادەمەزرێ، واتە ئەو شوێنەی خۆشی دەوێ و بۆ چەند ساڵێکی دیکە تیایدا دەمێنێتەوە.

لەهەمانکاتدا خۆکوژەکە توانی بووی بگاتە دەروازەی باڵیۆزخانەکە لە دارسەلامدا، بەڵام لەلایەن پاسەوانێکی تەنزانی بەرپەچی درایەوە، بەمەش خۆکوژەکە شکستی هێنابوو تا بچێتە نێو کۆمەڵگەی باڵیۆزخانەکە، ئەمەو ئەو تەقینەوە گەورەیە یازدە کەسی کوشت و هەشتاوپێنج کەسیشی بریندار کرد.

بەرپرسێك لەنێو باڵیۆزخانەکە لەسەر کورسییەکی پلاستیکی دانیشتبوو، ماوەی چەند ساڵێکە ئەو دەناسم، کاتێك تەقینەوەکە رووی دابوو بە هۆی توندی تەقینەوەکە لایەکی نووسینگەکە رووخا ئەو زۆر بەسەرسوڕمان رزگای بوو، بەبێ ئەوەی هیچ ئازارێکی پێ بگات، لەپاشاندا هەموو بەرپرسانی باڵیۆزخانەکە کۆبوونەوە هەموو لایەنە نهێنییەکانیان تاوتۆی کرد، هەموو شتێکیان بەوردی دانا و هەر یەك لە شوێنی خۆیدا هەموو تۆڕەکانیان کارا کرد، لەم دوو تەقینەوەیەدا یانزدە ئەمریکی کوژران.

سی ئای ئەی بەخێرایی تیمی نارد بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تا پشتگیری لێکۆڵەرانی ئیف بی ئای بکەن، بۆ ئەوەش جۆف ئۆکونل وەك سەرۆکی دژەتیرۆر دەستنیشان کرا، هەروا گاری برنتسن بەرەو دارسەلام چوو، هاوکات یەکێك لە دەرکراوەکانی ئیف بی ئای نێردرا بۆ نایرۆبی، بەو سیفەتەی سەرۆکی هەردوو تیمە، جۆف درکی بەوە کرد کە گرنگی سەرکردایەتی لەچی دایە، بۆیە کەسە باشەکانی هەڵبژارد تا کارمەندانی ئیف بی ئای کە ژمارەیەکی زۆر بوون بەشداری بکەن.

تەقینەوەکە بۆ ماوەی دوومانگ وەك رووداوێکی گرنگ بەسەر ئەفریقیادا زاڵ بوو، لە مانگی یەکەمەوە ئیف بی ئای کارەکانی بەشێوەیەکی رێکخراو دەکرد و لەوێدا من وەك جێگری سەرۆکی بەشی ئۆپراسیۆنەکانی دژەتیرۆر دامەزرام وەك

بەرپرسێکی دژەتیرۆر لە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەرەوەدا، هەروا بەشێکی دیکە کە مامەڵە لەگەڵ تیرۆرستەکانی نەتەوەی ئاری و توندڕەوەکانی ژینگە.

کارەکەی من لە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی جەختی لەسەر چەمێکی سانا دەکردەوە بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکی گەورەی ئاڵۆز، هەردوو لای ئیف بی ئای و سی ئای ئەی و گەورە ئەفسەرانی هەموو باسەکانیان بۆ یەکتر دەخستە روو تا بیخەینە بەردەم سەرۆکبەشەکانی دژەتیرۆر، ئەمەش وای کرد لێکتێگەیشتن لەلایەن هەردوو لاوە دروست ببێ و هەردوو ئاژانسیش لەرووی کار و تەکنیکەوە، لەمەوەش وەك نوکتەیەك باسیان لێوە دەکرد، کە هەردوو لا بارمەتە ئاڵوگۆڕ دەکەن.

بەشی یەکەم ملکەچی ئاڵوگۆڕییەکان بوون لە ئاستێکی بەرز، وەك ئەفسەرانی سی ئای ئەی کە جۆف ئاوکونل بوو، هەروا لەلایەن ئیف بی ئایەوە دایلی واتسۆن، لەپێش چەند ساڵێکیش بەرنامە دانرابوو، ئەمەو جۆف بوو بە سەرۆکی دژەتیرۆر لە سی ئای ئەی و دایلیش بوو بەجێگری کە بەڕێوەبەری ئیف بی ئای بوو، هەردوو لا پشتگیرییەکی بەهێزی سیاسی بوون بۆ ئاڵوگۆڕکردن و بەمەش تێگەیشتن کە بەهای یەکگرتن چۆنە، بۆ ئەمەش بە هۆی ئاڵوگۆڕکردنەکە هەندێك سوودیان لە پلەبەرزکردنەوە بینی، بۆیە کارمەندانی هەردوو لا درکیان بەوە کرد ئەم هاوکارییە دەبێتە هاندەرێك بۆ رەوڕەوەی پیشەکەیان، لە هەمووشی گرنگتر ئاڵوگۆڕکردن دەرگایەکی دیکەی کردەوە سەبارەت بە زانیاری و شارەزابوون.

ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندانی ئیف بی ئای بەپێی بۆچوونی من نایاب بوون، بەمەش لویس فریەی بەڕێوەبەر بەتوندی پشتگیری لە بەرنامە و کارەکانی دەکردم، بەهەمان شێوەش خاتوو تۆم بیکارد کە پێش چەند ساڵێك کارم لەگەڵدا کردبوو سەبارەت بە کێشەیەکی سیخوڕی پشتگیری کردم، بەو شێوەیە یەکێك بووم گەورەترین پشتگیریم لێ دەکرا لەنێوان هەموویان ئەمەش وای کرد هەموو ڕێگرە بیرۆکراتییەکان لابچێ.

مایك رۆلینس سەرۆکی ئۆپراسیۆنی تیرۆری نێودەوڵەتی وەك کەسێکی نوێ لەناو بارەگای سەکردایەتی ئیف بی ئای بوو، لە کۆتاییدا پاش دوو دەیە من و ئەو لە بارەگای سەکردایەتیدا بووین هەتا لەرووی نووسینگە مەیدانییەکانیشدا، ئەو سەرۆك و منیش جێگر.

مایك وا دەهاتە بەرچاو بەڕێوەبەری جێبەجێکار بێ لەنێو ئیف بی ئای، ئەو کەسێك باڵای مامناوەندی بوو و ماسولکەکانی بەهێز بوون و گەنجێکی قۆز بوو و قژێکی نموونەیی هەبوو، ئەو جلانەی دەپۆشی کە کڵاویان هەبێ، ئەو لە خانەوادەیەکی کاسۆلیکی زەحمەتکێش بوو، ماتماتیکی تەواو کردبوو، کەسێکی زیرەك بوو و دەیتوانی هەموو راستی و رووداوەکان وەك خۆی باس بکات لە کاتی داواکاریدا، دەیتوانی وتاری گشتیی بدات، خۆشی دەبینی کاتێك دەنگی دەگەیشتە جەماوەر، بەو پێیەی کارمەندێکی ئیف بی ئایە جۆشوخرۆشێکی زۆر هەبوو لە خزمەتی نەتەوەکەیدا.

مایك وەك جێگر مامەڵەی لەگەڵمدا دەکرد نەك وەك کەسێك پەیوەندی بە سی ئای ئەیەوە هەبێ، هەموو کارە نوێیەکان بەیەکەوە بەدواداچوونمان بۆی دەکرد، فێری ئەوە بووین هەردووکمان پشت بەیەکتر ببەستین، بەو شێوەیە

بەخێرایی بووین بە هاوڕێ، ئێستاش هەر لێك نـزیكین سـەرەڕایی تێپـەڕبوونی دە ساڵ.

متمانەی مایكم بەدەست هێنا و فەرمانەكانیم جێ بەجێ دەكرد، هەتا ئەگەر ئەو كارە لەسەر حسێبی بیرۆكراتییەتی سی ئای ئەیش بوایـە، ئەمـەش وای كـرد رەنگدانەوەیەكی ئەرێنی هەبێ، چونكە دەبوایە وەك ئیف بی ئای كار بكـەم ئـەو كاتەی پێویست بوو، بە شێوەیەك بیانەوێ متمانەم پێ بكەن.

ئەم متمانە و رێزگرتنـە وای لـە سـەكردایەتی كـرد هـەردەم رێـزم بگـرن و ئامۆژگاریم بكەن، چونكە زیاتر لە سەد كەسی ئیف بی ئای بـەپێی رێنمایەكـەی ئێمە دەجووڵانەوە، ئەمەش وەك وەرچەخانێكی كـارگێڕی وابـوو، چـونكە پێشـتر سەرپەرشتیی ئەو خەڵكە زۆرەم نەدەكرد، بۆیە كارەكـانم ئاڵنگارییـەكی هـزری و رۆشنبیری گەورە بوو.

ئەم كارە یەكێك لە كارە قورسـەكان بـوو، لـەوێ فێـری ئـەوە دەبیـت چـۆن جیاوازی لەنێوان چەسپاندنی یاسا و هەواڵگری دەكەیت ئەو كاتەی لە مەیدانیت، لەو كاتەی چەندین بۆچـوونی هاوبـەشمان هـەبوو و بۆچـوونەكانم لـە نووسـینگەی لێكۆڵینەوەی فیدرالیدا دەخرایە روو، بەڵام ئەوەی قورس بوو چۆن مامەڵە هەندێك دەستخستن و كارە نیوە چلەكان دەكەیت چ لە كار و دەسەلاتەكانی هەردوو دەزگا.

سەرەتا ئارەزووەكانم لە رۆژی یەكەمدا دەستی پـێ كـرد واتـە لـە سـەرەتای ئەیلولی ١٩٩٨، بەتایبەتی ئـەو كاتـەی بروسـكەیەك لەلایـەن بنكـەی زانیـاری ستراتیژی و ئۆپراسیۆنەكان گەیشت بۆ ئەوەی كارمەندانی ئیف بی ئای لە كینیا و تەنزانیا بڵاوە پێ بكرێن.

بنکەی زانیاری ستراتیژی و ئۆپراسیۆنەکان لەژوورێکی بچووك پێکهاتبوو، کە سیستەمەکانی تەلەفۆنی سەرەتایی و تەکنیکی گوێگرتن و بینین بوو، ئەو ژوورە پڕ لەو کەسانە بوون کە هەموویان شانیان بەیەکەوە بوو بەدوای لیستەکان دەگەڕان تا ئەو تۆمەتبارە بدۆزنەوە، کە لەوانەیە ئەو کارەی کردبێ، زیاتریش گفتوگۆکان سەبارەت بە ژمارەی ئەو تەلەفۆنە بوو، کە بەرچاو نەدەوکەت، لە کاتی سەفەری یەکێك لە گومانلێکراوەکان.

ژووری بنکەی زانیاری ستراتیژی زۆر جەنجاڵ بوو وەك ئەوە وابوو ئەکتەرانی فیلمێك هەموویان دەیانەوێ دەستکەوتێك بەدەست بێنن، یەکێك لە نوێنەرانی شیکەرەوەی ئیف بی ئای وتارێکی پێشکەش کرد و پێی وابوو گومانلێکراوەکە رای کردبێ بەرەو رۆژهەڵاتی ئەفریقیا، بەمەش هەموو رێوشوێنەکان دانرا، لەپاشاندا یەکێك لە زانایانی زانیاری نوێی پێ داین سەبارەت بەو کارە دڕندەیە و بەجێهێشتنی شتێك لە گۆڕەپانی تاوانەکەیدا، هەروەها یەکێکی دیکە ستراتیژیەتی ئیف بی ئای واتە لەرووی راگەیاندنەوە خستە روو، وەك ئەوەی دوا بڕیار لەسەر تۆمەتبار بدەین، تاقیگەیەکی دروست کرد؟ راگەیاندن" خستنەرووی تۆمەتەکان؟

بەڕادەیەك لە زارەوەکانی ئیف بی ئای تێ نەدەگەیشتم هەروا زۆرجار کارمەندان وشەیەکیان بەکار دەهێنا وەك جیم برنزانی وەك وەسفێك بۆ هەردوو خۆکوژەکە، هەروا وشەیەك هەبوو تێ نەدەگەیشتم و نەم دەویست خۆم شەرمەزار بکەم، بەڵام سەیرم کرد بەشێك لەوانەش تووشی نیگەرانی بوونەتەوە سەبارەت بەو وشەیە، لەدواتردا بزانی بەشێوەزاری بۆستن گوتی "هەردوو شەهید" لێرەوەش هەموومان دامانە قای قای پێکەنین.

خاتوو جانێت رینۆ داواكاری گشتی، فران ناونستد وەك نوێنەری خۆی نارد بەتایبەتی لە كۆبوونەوەكانی بەیانیان، تاونستج كەسێكی چالاكی باڵاكورت بوو، بەهیچ شێوەیەك شتی پڕوپووچی قبووڵ نەدەكرد، سەرەتای ژیانی پیشەیی لە نیۆریوك دەست پێ كردووە، ئێستاش بەو پێیەی راوێژكاری سیاسی هەواڵگرییە و نوێنەری داواكاری گشتییە سەبارەت بەهەردوو تەقینەوە لە رۆژهەڵاتی ئەفریقیا، هەروا نەوەك بابەتەكان تێكەڵ بكات بەیەكتری واتە لەگەڵ فیترجیرالد بەپرسی راونانی تۆمەتباری تەقینەوەكان بوو تا بیانهێنێتە بەردەم دادگا، هەروا بەڕێوەبەری ئیف بی ئای تۆم بیكاردی نارد وەك نوێنەری خۆی، چونكە ئەو ئافرەتە كەسێكی زۆر بەجۆشوخرۆش و زیرەك بوو، لەلایەكی دیكەوە دایل واتسۆن لەنێو بنكەی زانیاری ستراتیژی و ئۆپراسیۆنەكان بەدەنگی بەرزی فەرمانەكانی دەردەكرد و زنجیرەیەك پرسیاری لەدوای یەكتر دەكرد.

بۆ خۆم لە شوێنێك دانیشتم وەك ئەوەی شتێكی وای لەسەر نەزانم و چاودێری رۆشنبیرییە نوێیەكەم دەكرد، لە كاتێكدا بەشدار بووان لەو ژوورە بچووكە راستی و ژمارە و پێوانەكانیان باس دەكرد، بەشێك لەوانە تێبینییەكانیان تۆمار دەكرد، هەروا ئاماژەیان بە چەندین بەڵگەنامەی كارگێڕیدا بەڵام شتێكی وای لێ پەیدا نەبوو تا ئاماژەكە بەراستی بسەلمێنێ، تەنیاش چەند راپۆرتێكی هەواڵگریان لەبەردستدا بوو، لەوێدا تێگەیشتم كە دایل و مایك و فران و چەندانی دیكە بیرێكی پێشكەوتوویان داناوە بۆ ناوەرۆكەكان، كە زۆرجاران بەرزارەكی دەیان گوت، ئەوانە لەو كۆمەڵەیەن بەها بۆ هەواڵەكانی سەر زارەكی دادەنێن و منیش لە كۆمەڵەیەكەوە هاتووم تیایدا نرخ بۆ راپۆرتی نووسراوی هەواڵگری دادەنێین.

لە چەند هەفتەی داهاتوودا هەموو ئەو شتانە فێردەبم كە بۆتە هۆی بێ ئومێدیم تا لەبەردەم رێڕەوی لێكۆڵینەوەیەكی نێودەوڵەتیدا بین، چونكە رووداوەكە

زۆر بەهێز بوو، هاوکات ئیف بی ئای لەگەڵ سەدان کەسدا لێکۆڵینەوەیان کردووە و زۆر شوێنی قاعیدەیان پشکنیوە، لەنێو ئەمانەشدا ئاوەڕۆییەکی خانوویەک لە دارسەلام، تا بەدوای بەڵگەدا بگەڕێن، هەروا هەردوو شوێنی تاوانەکەیان شی کردەوە، جگە لەوەش بەبێ سڵەمینەوە کاریان کرد تا ناسنامەی کەسانی ناو قاعیدە بزانن و راودویان نێن.

لە سەرەتای ئەیلولدا دوو کەس لەقاعیدە دەستبەسەرکران و یەکسەر گوازرانەوە بۆ نیویۆرك و بەرامبەر بە دادگای فیدرالی کرانەوە، یەکێکیان بە ناوی محەمەد راشد داود ئەلعوهلی و ئەوی دیکەش فەلەستینیەك بوو بەناوی محەمەد سادق عۆدە، هەروا تا کانوونی یەکەم تومەت خرایە پاڵ پێنج کەسی دیکە، کە لە رۆژهەڵاتی ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا و دوورگەکانی قەمەر هاتبوون.

ئیف بی ئای و سی ئای ئەی بەیەکەوە کارێکی باشیان کرد بەتایبەتی لە مەیداندا، بەگشتی ئەو کار و بەڵگانەی زانرا بوونە بەڵگەیەکی باش بۆ نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی و هەواڵگری، هەمووشی بۆ ئاژانسی هەواڵگری ناوەند نێردرا، ئەمەش وای کرد لەدواترد هەموەو ئەوانەی بەو کارە هەڵسابوون دەستبەسەر بکرێن یان بکوژرێن، ئەمەو پۆلیس لە باشووری ئەفریقیا و پاکستان و کینیا لەگەڵ ئیف بی ئای و سی ئای ئەی بەشێك لەراکردووەکانیان دەستگیر کرد، لەپاشاندا سی ئای ئەی و هاوپەیمانەکانی لەم ساڵانەدا چەندین کەسیان لە ئەفغانستان و وڵاتی دیکە کوشت، کە هەڵسابوون بەو پیلانگێڕییە.

لەمەوە زیاتر جەختم لە ئیف بی ئای دەکردەوە بەشێوەیەك تەنیا یاسا بچەسپێ لە کاتێکدا دەستگیری بکەین و ئەو تاوانبارانە دادگایی بکەین،

بەتایبەتی ئەوانەی تاوانی دیاریکراویان هەبووە، ئەمەو نووسینگەی فیدرالی دەیەوێت دادپەروەری بێتەکایەوە نەك خۆپاریزی، هاوکات زانیارییەکانیان دەبوایە بەهەر شێوەیەك بێت بپارێزرێت تا داواکارییە گشتییەکان لە دادگا بەکاری بێنن، لە کاتێکدا ئەوا وادەزانن هەموو شتێك هەر لەلای وەزارەتی دادە، کاتێکیش شتێك بە شێوەی هەواڵگری وەربگیرێت ئەوا لەلای ئەوان قەدەغەیە.

لە کاتێکدا نووسینگەی ئیف بی ئای لە نیۆریوك هیچ هاوکارییەکی هاوبەشی نەدا بە بارەگای سەرکردایەتی، ئەوەی زانیاری بەو شێوەیە بدات ئەوا لە گەڕەکی باشووری وەزارەتی داد لەو شارەدا خۆی دەبینێتەوە، سەرەتا ئەمەم لەلا سەیر بوو و تووشی دڵەڕاوکێی کردم، بەڵام لە کۆتاییدا تێگەیشتم بەچ شێوە پەیڕەوێك کار دەکەن، لەنێوەندی چەسپاندنی یاسادا کاتێك پەیوەست دەبێ بە هەواڵگری، ئەمە نهێنی نییە، هەروا ئیف بی ئای ئاماژەیان بە دیواری چین کرد، بەوە لێ ناگەڕێن بەڵگەکانیان تووشی پیسی ببێتەوە لەتەك کۆمەڵگەی هەواڵگری یان لەگەڵ یەکێك لەدەرەوەی نووسینگەی داواکاری گشتی، ئەمکارە لەلای من جۆرێك لە شێتی بوو، بەڵام ئەوەی زانیم ئەم چەمکە لە بەرد هەڵکەنراوە، بۆیە هیچ شتێکم نەکرد سەبارەت بەو ئاڵنگارییە، چونکە ئەو دیوارە پیرۆزە و نابێ رووبەڕووی ببێتەوە.

هەروا بێ ئومێد بووم لەلایەنی سیاسی نەوەك شکست بێنێ، بەتایبەت لە چارەسەرکردنی راگەیاندنی جەنگ دژ بە قاعیدە، ئەمە و سەرۆك کلینتۆن لە ٢٠ ئابی ١٩٩٨ فەرمانی دا تا بە مووشەکەکانی کرۆز لە شەش شوێنی قاعیدە بدەین لە ئەفغانستاندا، هاوکات هێرش بکەینە سەر کارگەی دەرمان لە خەرتوومی پایتەختی سۆدان، دوژمن بە هۆی ئەو هێراشانە هەندێك زەرەر و زیانی پێ گەیشت لەرووی ژێرخانەوە، هەروا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ

ماوەی چەند هەفتەیەك هیچ هێرشێکی سەربازی نەکرد بەمەش قاعیدە زیاتر متمانەی بەخۆی هەبوو، پێی وابوو شتێکی وای نییە لەدەستی بدات، ئەو راستی دەکرد، چونکە هیچ بەرپەرچدانەوەیەکی سەربازی ئەمریکی نەبوو تا جێی پەنجەی دیار بێ، تەنیا ئەوە نەبێ ئەمریکا راوی ئەوانەی دەنا، کە تێوەگلابوون لە هەردوو تەقینەوەکە تەنیاش چەند جارێك ئۆپراسیۆنی شاراوەی دیاریکراوی ئەنجام دەدا، بۆیە کۆشکی سپی و کۆنگریش پێیان وابوو هەردوو هێرشەکەی سەر باڵیۆزخانەکانمان بابەتێك بوو بە چەسپاندنی یاسا نەك راگەیاندنی جەنگ.

ئەمەم لەگەڵ مایك رۆلینس باس کرد، ئەویش بەگشتی پشتگیری تەواوی لە راگەیاندنی جەنگ کرد، بەڵام نیگەران بوو لە جۆری ئەو ململانێیە، ئەمەو لەلایەن ئیف بی ئای بێ ئومێد بوون، چونکە هیچ بابەتێکی دادگایی لە ئەفغانستان نەهاتە ئارا، هەروا ناتوانن هیچ کارێك بکەن تا ئەم هێرشانە بووەستێنن، راستە یاداشتی گرتنی ئوسامە بنلادن و ئەوانی دیکەیان هەبوو، بەڵام سوودی چییە؟

ئەمە جاری یەکەم بوو درکم بەوە کرد، کە ئەم جەنگە گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێ، هەروا حکومەتی ئەمەریکی ئامادە نییە تا لەدوژمن تێ بگات و بکەوێتە جەنگ لەگەڵیدا بەتایبەت لەو ژینگەیە نوێیەدا، چونکە چەسپاندنی یاسا و کاری شاراوە و هێزی سەربازی وەڵام نییە و بەتەنیا سەرناکەوێ، سزای ئابووریش کاریگەریەکی ساکاری دەبێ، هاوکات دیبلۆماسیەتیش لەگەڵ قاعیدە مەحاڵە.

ئەی رۆڵی هەواڵگری؟ پێویستە پەرەی پێ بدرێ، هەروا هەڕەشەکان دیاری بکات و بزانێ هێزەکانی دوژمن چین بەرامبەر بە هێزی ئەمریکا، بەتایبەتی هێرشکردن بۆ ناو وڵاتەکەمان.

خەونەکانم لەگەڵ هاتنی تشرینی دووەمی ١٩٩٨ پەرشوبڵاوەیان کرد، کاتێك لە سیخوڕێکی تاکلایەنەی سی ئای ئەی بووم بە بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە ئیف بی ئای، هەروا پرسیارم لە یەکێك لە شیکەرەوەکانی نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی کرد و گوتم "دۆخی لێکۆڵینەوەکانی ئێف بی ئای چۆنە سەبارەت بە هێرشی قاعیدە لەناو ئەمریکادا؟".

-نازانم

-ئەی کێ دەزانێ؟

-تەواو دڵنیا نیم یەکێك بزانێ.

-بۆچی دڵنیا نیت؟

-چونکە ئێمە دەزانین هەموو نووسینگە مەیدانییەکان چی دەکەن.

-چۆن بزانین؟

"ساسال" بەبێ دوودڵی وەڵامی دامەوە.

لەپاش هەفتەیەك هاتەوە و گوتی "پێم وایە لەنێو ویلایەتە یەکگرتووەکان پێنج سەرەداومان هەیە، بەڵام دڵنیا نیم".

بەرەو نووسینگەکەی مایك ڕۆیشتین و هەموو شتێکمان پێ ڕاگەیاند، هەروا باسی هەموو هەوڵەکانی ئەو چەند مانگەمان کرد، کە کارەکان زۆر بەلاوازی بەڕێوە دەچێ بەتایبەتی نووسینگەکانی ئیف بی ئای شکستی هێناوە سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بە شێوەیەك ئێف بی ئای بۆتە گاڵتەجاڕێك لە وەڵامدانەوەی هەر تاوانێك، پێویستە ئاژانسەکە کارا بکرێتەوە، هەروا قاعیدە هیچ تاوانێکی لەناو ئەمریکادا ئەنجام نەداوە، واتە گۆڕەپانی تاوان بوونی نییە یان قوربانییەك نییە بۆیە هیچ لێکۆڵینەوەیەك نییە، کاتێکیش لێکۆڵینەوە نەبوو،

هیچ تۆمارێکی نووسراو نییە، واتە شتێك نییە ئیف بی ئای بەشدار بێ لەگەڵیدا، بێگومان ئەمەش جیایە لەگەڵ کۆمەڵگەی هەواڵگریدا.

ئێف بی ئای لە رۆژی یەکەمدا ئەو قسە زارەکیانەی بەرز نرخاند بەتایبەتی لەو کاتەی لە بنکەی زانیاری ستراتیژی و ئۆپراسیۆنەکان بووم، چونکە بەزارەکی قسەم کرد و لەلایان زۆر گرنگتربوو لەوەی بینووسم، هۆکارەکان زۆرن، یەکێك لە کارمەندە تایبەتەکان لاری هەبوو لە نووسین، پێی وابوو بە نووسین لەوانەیە ئاشکرا بێ، لەلایەن هەر پارێزەرێك کە لە داهاتوودا بەرگری دەکات، دەتوانن لێکۆڵینەوەکە نەرمتر بکەن، بەتایبەتی ئەگەر نەنووسێ، واتە هیچ رەشنووسێکی فەرمیان نییە تا بەرزی بکەینەوە بۆ سیستەمی داتاکان، ئەوانە بۆ ئەوە دانەنرابوون راهێنانیان پێ بکرێ بۆ نووسین، ئەو رۆشنبیری کارمەندەکان لەنێوەندی لێکۆڵینەوەکان و پێشبینیەکان بەرزترە لە نووسین و شیکردنەوە، کاتێك باسی نووسینت دەکرد پێیان وابوو ئەمە کاری شیکەرەوەکانە بەشێوەیەکی گشتی بۆیە نووسین با بۆ خەڵکی دیکە بێ.

لەبەرامبەر ئەمەدا بەشێکی کەمی ئەفسەرانی ئۆپراسیۆنی سی ئای ئەی خۆیان دەدزنەوە لە نووسینی راپۆرتەکان، بەڵام زۆربەیان لەسەریانە بەخێرایی بنووسن، چونکە بابەتە پیرۆزەکە ئەوەیە بەسەرۆکی رابگەیەنیت لەتەك گەورە پیاوانی سیاسەت، بەتایبەتیش راپۆرتە شاراوەکان، هەروا کاتێك ئەفسەرانی سی ئەی ئای نووسینەکانیان روون بێ ئەوا بەرز دەنرخێندرێ.

جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان سی ئای ئەی و ئیف بی ئای بەتایبەتی بەپێی سیستەمەکتانیان، هاوکات شیکەرەوەی ئیف بی ئای دەتوانێ هەموو شتێکی کارمەندەکان وەك خۆی وەربگرێ، تەنیا ئەگەر سەفەر بکات بۆ

نووسینگەکەی دیکە و لەگەڵ هاوڕێیەکانی لەکاردا بێ، بۆیە هیچ بژاردەیەکی نییە تەنیا ئەوە نەبێ لەبەرامبەریدا قسە بکات، بۆیە ناکرێ ئیف بی ئای ئاژانسێکی کارا بهێنێتە کایەوە، ئەگەر بەو شێوەیە بێ؟ لەبەرامبەر ئەمەشدا سی ئای ئەی هەموو شتێك دەنووسێ، هیچ شتێك نییە بەبێ راپۆرتی نووسراو، لەپاش ئەوەی دەنێردرێ ئەو کات شیکەرەوەکان کاری لەسەر دەکەن یان دەگاتە دەست یەکێك لە سیاسییەکان، چونکە سی ئای ئەی لەبنەڕەتدا سیستەمی زانیاری خێرای بەخۆیەوە گرتووە، هەردەم ئەو سیستەمەش بەرەو نوێبوونەوەی بەردەوام هەنگاو دەنێ.

جیاوازی سێیەم پەیوەستە بە قەبارەوە، ئەمەو ئیف بێ ئای قەبارەیەکی گەورەی هەیە، کەچی سی ئای ئەی چەندین کەسی ناردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەردوو تەقینەوەکەی ئەفریقیا، ژمارەی ئەفسەرانی ئۆپراسیۆنی سی ئای ئەی زۆر نین لە هەموو کیشوەری ئەفریقیادا، کەچی نووسینگەی ئێف بی ئای لە نیۆریۆرك ژمارەیان زۆر زیاترە لە سی ئای ئەی کەچی ئەمەی دواتریان لە هەموو جیهاندا پەرتوبڵاوەیان لێ کردووە، لەتەك ئەمەدا ئێف بی ئای تەنیا دوو کارمەند دەنێرێ بۆ کارێك ئەمەش وەك هاوبەشی یەکتر، کەچی ئەفسەرانی سی ئای ئەی بەتەنیا خۆیان کار دەکەن و دەتوانن هەموو سەرچاوەکانیان بپارێزن و جوولەیان پێ بکەن.

جیاوازی چوارەم سەبارەت بە گرنگی سەرچاوەکانە و هەڵوێستوەرگرتنە، هەرودوو لایان بەهایەك بۆ سەرچاوەی باش دادەنێن، ئەمەو ئێف بی ئای چاودێری سەرچاوەکانی دەکات بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوە هەبێ و دەیەوێ دەستی بگاتە سەرەداوەکان تا بگات بە شایەد ئەمانەش زۆرجاران هەواڵدەرن و ناچاردەکرێن تا هاوکاری لەگەڵ دەزگاکە بکات زۆرجاریش بەشێوەیەکی خراپ

کارەکـان دەکـەن، بـەڵام گفتوگـۆی بـەردەوام دەکـەن بەشـێوەیەکی درێژخایـەن، زۆرجاریش سەرچاوە و گۆمانلێکراوەکە یەك شتن لەنێو ئێف بی ئای.

کەچی ئەفسەرانی سی ئای ئەی لەلایـەن خۆیانـەوە وەك رۆتینێـك بۆچـوونی خۆیان دەردەبڕن سەبارەت بە دۆزینەوەی سەرچاوەیەك و چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی و لەپاشـاندا جوولـەی پـێ دەکـەن، نـرخیش بـۆ کارەکانیـان دادەنـێن، بـەهیچ شێوەیەکیش سەرچاوە دیاریکراوەکان ئاشکرا ناکرێن، کـاری ئـەو ئەفسـەرانە لـە ئۆپراسیۆنەکانیان هەست بە دەسکەوت دەکەن، بەڵام کارمەندانی ئێـف بـی ئـای بەڵگە و شایەدیان دەوێ، بۆیە زۆرجـار ئـەو شـایەدانە رێگریـان لـێ دەکـرێ تـا کۆنفرانسی رۆژنامەوانی ئەنجام بدەن.

جیاوازی پێنجەم پەیوەستە بە پارەوە، لەلای ئێف بی ئـای کارەکـان قورسـە سەبارەت بەو پارەیەی کە خەرجی دەکەن یان چـۆن خـەرجی دەکـەن، رەزامەنـدی پارەپێدان کارێکی قورسی دەوێ بەتایبەتی ئەگەر هەواڵدەرەکە بیەوێ سـەفەر بـۆ شوێنێك بکات لەپێناو بەدەستکەوتنی زانیاری و یان هەر بابەتێك پەیوەسـت بـێ بە کێشەیەکەوە، من وەك ئەفسەرێك لـە سـی ئـای ئـەی بەشـێوەیەکی رۆتینـی هەزاران دۆلارم لەلایە بەو پێیەی پێویسـتییەکی هەنوکەیـیـە بەتایبـەتی کاتێـك دەمـەوێ ئامـانجێکی پێشـبینکراو تەجنیـد بکـەم، هـەروا قـەرەبووی هـەموو سەرچاوەکان دەکەمەوە وەك کرینی کەرەستە و بەکرێگرتنی ئۆتۆمبێـل و فڕۆکـە، هەروا بەرتیلدان بەبیانییـەکان تـا ئاسـانکاری لەلایـەن بەرپەرسـەکانەوە بکـرێ، کاتێك ئەو شتانەم بە ئێف بی ئای گوت سەیریان پێ هـات بـەوەی ئـەم شـێوازە یاسایی نییە، زۆرجاریشس ناچار دەبووم شیکردنەوە بۆ کارەکانی سـی ئـای ئـەی بکەم بەوە پێشـێلی هـیچ یاسـایەکی ئـەمریکی ناکـات، بـەڵکو پێشـێلی یاسـا بیانییەکان دەکات.

لە جیاوازی شەشەم ئێف بی ئای پێی وایە دەسەڵاتی یاسایی لەدەست دایە زیاترە لەوەی سی ئای ئەی لەدەستی دایە، چونکە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی داد دایە، هەروا هەندێك لە کارمەندانەکانیان لەپاش خواردنەوەی چەند پێکێك کاری سی ئای ئەیان بە نارەوەشتی دادنا بەتایبەتی سەبارەت بەشاراوەیی و فرتوفێڵەکان رەنگدانەوەی دەبێ لەسەر بۆچوونی کۆمەڵگەی ئەمریکی، پێیان وابوو دەبێ سەرۆك رەزامەند بێ و لە کۆنگرس بەشێوەیەکی یاسایی، ئەمەو بیرۆکەی پێشێلی یاسا بیانییەکان لەلای هەندێك لە هاوکارەکانی ئێف بی ئای نموونەیی بوو، هەروا لە گفتوگۆیەکدا باسم لە سوێندخواردنەکەم کرد لە دەستوور، وەك بەهای سوێندخواردنی کارمەندانی نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالییە.

حەوتەم ئێف بی ئای حەزی بە رۆژنامەگەرییە و هەردەم هەوڵ دەدات سۆزی بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەڵام راگەیاندن لەلای سی ئای ئەی قەدەغەیە، بەشێك لە ئەفسەران رقیان لە رۆژنامەگەرییە، چونکە زۆرێك لە کارەکان لە رێگەی رۆژنامەگەرییەوە ئاشکرا بووە، زۆرجار سەرچاوەکان بە هۆی گەمەی رۆژنامەگەری مردوون، پێدەچێ رۆژنامەگەری لەسەرووی ئەمانەوە بێ، هەردەم وێنەیەکی خراپی سەبارەت بە سی ئای ئەی هەیە، ئەمەو ئەفسەرانی ئۆپۆراسیۆن رۆژنامەگەری وەك پەتا دەبینن.

کەچی کارەکان لەلای ئێف بی ئای زۆر جیاوازە، پێیان وایە رۆژنامەگەری لایەنی ئەرێنی هەبێ لە نەهێشتنی تاوان و بەجۆشوخرۆشکردنی بەها و سەرچاوەکان، هەموو نووسینگەیەکی ئێف بی ئای راگەیاندنی هەیە.

هەشتەم بەڵگەکانی ئێف بی ئای بەتایبەت بەکاری دێنێ تا تاوانبارەکە بخاتە بەردەم دادگاوە، کەچی سی ئای ئەی زانیار و بەڵگەکان لەپێناو کەسانی دیکە کۆ

دەکاتەوە، ئەگەر بۆ سیاسییەکان بێ یان بۆ جەنگەوەرانی شەڕ و دیپۆماسییەکان یان بۆ ئەفسەرانی چەسپاندنی یاسا، بۆ ئەمەش ئێف بی ئای رۆشنبیری ئەوەی نییە خزمەت بەکڕیارەکانی بکات تەنیاش هەمووی بۆ وەزارەتی دادە، بەڵام سی ئای ئەی کڕیاری هەیە بۆ هەواڵگرییەکانی.

نۆیەم نووسینگەکانی ئێف بی ئای مەیدانی بەتایبەتی نیۆریوک بەو پێیەی بنکەی دەسەڵاتە تایبەتییەکەیەتی دەست بەسەر بەڵگە و هەواڵگرییە پێشبینیکراوە دادەنێ بە هۆی پەیوەندی بە داواکاری گشتییەوە، بەمەش داواکاری گشتی یاریزانی سیاسین لەو شاردا و کاریگەریەکی زۆریان دەبێ لەسەر لێکۆڵینەوەکان، کەچی وێستگەی سی ئای ئەی هەموو شتەکانی دەنێرێ بۆ بارەگای سەرکردایەتی، چونکە هەموو هاندانەکان لەوێوە دێن بەتایبەتی کۆشکی سپی.

دەیەم ئێف بی ئای کۆنگرس بەکار دێنێ بۆ هەموو نووسینگە مەیدانییەکانیان، ئەمانەش نوێنەری تایبەتیان هەیە بۆ پشتگیری ئەندامانی کۆنگرس، هەروا ئێف بی ئای دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی هەیە بۆ چالاکییەکی نایاسای ئەندامانی کۆنگرس، واتە لە هەردوو لاوە گۆچانەکەی لەدەست دایە لە مامەڵەکردن بەرامبەر نوێنەران و پیران، بەڵام سی ئای ئەی لەبەرامبەردا بەتایبەتی دەزگای شاراوە بەڕادەیەکی کەم دەسەڵاتی هەیە لەناو کۆنگرسدا، زۆرجار ئەفسەران سی ئای ئەی مامەڵەیان لەتەك ناکەن کاتێك بانگ دەکرێن وەك شایەدێك، پێم باش نەبوو ئێف بی ئای ئەم جۆرە هێزە سیاسیەی هەبێ، لەبەرامبەردا سی ئای ئەی زۆر لاوازە.

گەیشتن بەو پوختەیە لە ساڵی ١٩٩٨دا بوو، لەو کاتەی سەفەرم کرد بۆ نووسینگەکانی ئێف بی ئای مەیدانی، بۆیە ناچار بووم خۆم فێر بکەم بەتایبەت

لەرووی لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی تیرۆرستی، بۆیە هیچ روویەکی دیکەم نەبوو لەو کاتەی سیستەمی زانیارییەکانم لەم رووەوە زۆر کەم بوو.

لێکۆڵینەوەکانی ئێف بی ئای پەیوەستە بەو کار و تاوانانەی کە لە رابردوودا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان رووی داوە، ئەمەش کەموکورتییەك نییە لە کاردا بەڵکو جەختکردنەوەیە لە شوێنێکی تەسکی لێکۆڵینەوەکە، بۆ ئەمەش حەماس لە رێگەی دەزگا خێرخوازیەکانەوە پارەی کۆکردوتەوە، بەکاریشی هێناوە بۆ هێرشەکانی دژ بە ئیسرائیل، هەروا حزبی ئەڵڵا هەمان کاری کردووە، کاتێك چوومە یەکێك لە شارۆچکەکانی دیترۆیت شوشەیەکی گەورە نەخشێندرابوو بە دروشمەکانی حزبی ئەڵڵا هەمووی وێنە بوو، باسیش لەوە دەکەن حزبی ئەڵڵا چەندین ئۆپۆراسیۆنی نایاسایی کردوووە لە زۆر شوێنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك فرۆشتنی شیر و بەقاچاخبردنی جگەرە.

تەنیا چەند زانیاریەکی دەگمەن هەیە سەبارەت بە قاعیدە، تەنیاش ئەو زانیاریانەی لە نووسینگەی نیۆریوك کۆکراوەتەوە ئەمەش بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانکاری، ژمارەیەکی کەم لە کارمەندانی ئێف بی ئای سەبارەت بە تیرۆرستی نێودەوڵەتی و چوارچێوەی جیۆسیاسی جیهانی دەزانن.

ئەوانەی ئەم شتانەیان دەزانی بە هۆی ئەوەوە بوو کە بەرپرسیاریەتی ناوچەی باشووری ئەمریکا دەتوانن لەرووی یاساییەوە راوی قاعیدە بنێن، ئەمەش پەیوەندی بەکارمەندی تایبەت جۆن ئۆنیلەوە بوو، چونکە هەتا کۆتایی لەگەڵ ئەو باسانە دابوو ئەو هەردەم حەزی بە زیاتر خەرجکردنی پارە هەبوو لەبەرامبەر ئەو هەڕەشەیەی قاعیدە دەی کرد، بۆیە بەجۆشوخرۆشەوە راوی دوژمنەکانی دەنا بەتایبەتی شێوازە بیرۆکراتییەکانی بۆ دەست بەسەرداگرتن و هێرشبردن دژ

بەدوژمنەکان، بۆیە ئەمە وای کرد جۆن لەنێو حکومەتی ئەمریکیدا بەرامبەر دوژمن ببێتەوە.

لەنێوان دوو هەفتەدا زۆرجار بەرانبەر یەکتر هاوارمان دەکرد سەبارت بەو باسانە، کارەکە پێکەنیناوی بوو کاتێك بەراستی لەیەکتر تورە دەبووین، ئەمەی خوارەوەش گفتوگۆیەکی نموونەییە:

جۆن لە رێگەی تەلەفۆنەوە گوتی : تۆ ئەی کورِی سی ئای ئەی، بەنەفرەت بیت بەڵگەکانمان لێ دەشاریتەوە، دەبێ دەستگیرت بکەم، بەتاوانی رێگریکردن لە دادپەوەری.

"من بۆ ئێف بی ئای کار دەکەم نەك بۆ سی ئای ئەی، ئایا دەتەوێ دەستگیرم بکەی؟ وەرە ئێرە و هەوڵ بدە، ئەو کات نیشانە و دەمانچەکەت لەناو دەمە نەفرەتییەکەت دەکەم".

"بەنەفرەت بیت، من دەزانم تۆ سەرچاوە و ماددەی هەواڵگریت هەیە، کە پەیوەستە بە کێشەکەم".

"هەر زانیاریەکی سی ئای ئەی هەبێ بۆ تۆم ناردووە، تۆش چەندین ئەفسەرت هەیە لە ئاژانسەکەتدا کار دەکەن، بۆچی ئەو شتانەم بۆ نانێریت کە لەلاتە؟ ئەمەش شیکردنەوەیەکی هاوبەش دروست دەکات، لەوانەیە باشتر بێ لە هەواڵگری، زۆر پەیوەندی بەبابەتەکەوە هەبێ و وردتریش بێت".

"ناتوانم ئەو کارە بکەم، ناتوانم رێگە بدەم دادگا لێم بپرسێتەوە، پێویستە پشتگیریم بکەن".

"ئێمە پشتگیریت دەکەیت، ئەی کەرە".

"بەپێی پێویست نییە".

"جۆن، هیچ کاتێك بەتەواوی بەپێی پێویست نییە".

"ئەمە راستە، ئەها لە کۆتاییدا درکی پێ دەکەیت".

"بەراستی تۆ بەڵایەکی گەورەی".

"بەڵێ، ئەوە منم، وەرە نیۆریوك، داوەتی پارچەیەك گۆشتت دەکەم، تەنیا شتێکی بەسوود لەگەڵ خۆتدا بێنیت".

"بە مەرجێك شتێکم پێ ببەخشیت".

"بەڵێ، پارچە گۆشتێکی باش".

ئێف بی ئای چەندین پاشکۆی یاسایان هەیە بەتایبەت لە وڵاتە ئەورووپییەکان، لەوێدا دەتوانن هاوکاری بکەن لەگەڵ ئاژانسەکانی چەسپاندنی یاسا، کە زیاتر ئاراستەیان رۆژئاواییە، بۆ ئەمەش واتسۆن و رۆلینس درکیان بەوە کرد کارەکانیان فراوان بکەن بۆ ناوچەکانی دیکە، هانم دان، چونکە باشترین هەواڵگریان هەیە و باشترین رێبەرمان لەوێدایە، ئەمەش لەلایەن هاوپەیمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیایە، بۆ ئەمەش دەزگای کینی و تەنزانی لەکاتی هەردوو تەقینەوەی ١٩٩٨ خۆیان سەپاند.

لە کاتێکدا ئێف بی ئای هەردەم هەوڵی داوە هاوبەشییەکانی توندتر بکات لەگەڵ دەزگاکانی چەسپاندنی یاسای بیانییەکان، بەڵام دەیویست سەرچاوە تایبەتییەکانی بجولێنێ، هەندێکجار بەشێوەیەکی نهێنی، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە پیشەکەیان، بۆ ئەمەش بەشێوەیەکی رۆتینی هێڵی کراوەی تەلەفۆنیان بەکار هێنا، هاوکات نووسینگە مکوڕ بوو لەوەی هەر باسێك پشتگیری کێشەکەی

کرد، ئەوا بە هیچ شێوەیەك ناکرێ ئۆپراسیۆنێکی هەواڵگری بێت، هەروا ناکرێ هیچ هەماهەنگییەك لەگەڵ کەسدا بکرێ، بەو شێوەیە چارەنووسم بەردەوام بوو، لەنێوەند ئەو قوڕاوەدا.

چەند گرفتێك لەگەڵ هاوبەشەکانمان لەدەرەوە رووی دا، ئەمەش لەلایەن مایکەوە ئاشکرا بوو کاتێك لە ساڵی ١٩٩٩گەشتێکی بۆ ئیسرائیل کرد وەك نوێکردنەوەیەك بۆ زانیارییەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا و هەڵسەنگاندنی هەڕەشە یەك لەدوا یەکەکان کە قاعیدە دەیهێنیتە ئارا بەتایبەتیش لە رۆژهەڵات، زیاتر ئیسرائیلییەکان هەواڵگرییە سەربازییەکانیان دژ بە حزب ئەڵلا بوو، نەوەك قاعیدە، ئەمەش هەڕەشەیەکی راستەقینەیە، مایك ئەمەی بە چاوی خۆی بینیووە کاتێك بەدەوری سنووری باکووری لوبناندا سوڕابۆوە، ئەمەو "شین بت" کە دەزگای هەواڵگری ناوخۆییانە زیاتر ترسی لە حەماس هەبوو، هاوکات قاعیدە زۆر لەلا گرنگ نەبوو.

بەریتانییەکان کارەکانیان بەکوالیتییە، بەڵام ئەو کوالیتییە نییە، کە مامەڵەی پێوە دەکەن، یەکێك لەو کێشانەی هەیانە هەڕەشەی رادیکالییە لەنێو سنوورەکەیان، هەروا ئێستا ناتوانم بیژمێرم کە چەند جار بەریتانییەکان سەبارەت بەدژەتیرۆر وانەیان گوتەوە، ئەوەی کە تیایدا سەرکەوتوون لە ئێرلەندای باکوورە، لەگەڵ مایك گەیشتینە ئەو بۆچوونەی کە ئێف بی ئای مەیدانی نیۆریۆك و بنکەی دژەتیرۆر هاوکارمانە، ئامانجی بەریتانییەکان تەنیا گەیشتنیان بە هەواڵگرییە و گوتنەوەی وانە سەبارەت بە رێگەکانی جێبەجێکردنی ئۆپراسیۆنەکانە، نەك هاوبەشیمان بکەن لە زانیارییەکان، هەروا لەتەك هەوڵی هاوبەش نەبوو، هەروا بە مایکم گوت ئینگلیزەکان تەنیا نەخشەیەکی دانراویان هەیە تا هەرچۆنێك بێ پەیوەندیان لەگەڵ ئەمریکییەکان هەبێ، تەنیاش

توێژینەوەی دۆخی خۆیان باس دەکەن، کـە چـۆن لـە هـەردوو جـەنگی جیهانیـدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، کە چۆن توانیویانە کاریگـەریان لەسـەر کۆشـکی سپیسش هەبێ.

بە مایکم راگەیاند من کارێکی باشت بۆ دەکەم، دۆخم باشـە ئەگـەر لەگـەڵ ئەفریقی و عەرەب و لاتینی و ئاسییەکاندا کار بکەم، ئـەوان زیـاتر گرنگـی بـەو بابەتە دەدەن و لەتەك ئەو باسەن لە زۆر حاڵەتەکاندا و هاوکاریمان دەکەن، هـەروا خواردنی ئەوان خۆشترە.

مایك و چەند کەسێکی دیکە پێیان راگەیاندم تەنیا کارەکە چەسپاندنی یاسا نییە، بەڵکو ئاژانسـەکەم سی ئای ئەیش دەگرێتەوە، چـونکە سـی ئـای ئـەی بـە بۆچوونی ئێف بی ئای کەسانی لووتبەرزن، زۆر بەکەمی ئەفسەرانی سی ئای ئـەی شکست دەهێنێ لە درکپێکردنی بەڵگەیەك، بـۆ ئەمـەش جارێکیـان یـەکێك لـە سەرۆکەکانی وێستگەکان ماددەیەکی بەهاداری دەستکەوتبوو لە یەکێك لـەدەزگا ناوخۆیەکانی وڵاتێك، کەچی فرێی دابووە ناو لۆکەڵێك چەند مانگێك وا مـابۆوە، لەدواتردا شیکەرەوەیەك ئەوەی بۆ ئاشکرا بوو بـوو کـە دانەیـەکی لـەو بابەتـەی ناردووە بۆ ئێف بی ئای، پێیانی راگەیاند بوو کە زانیارییەکی هـەواڵگریمان بـۆت ناردبوو، هەموو ئەمانە کێشەی دروست کرد، بەڵام من خۆم خستە ناوباسـەکەوە، بـەو مانایـەی ئەگـەر بەدروسـتی کارەکـان نەکـەیت، ئـەوا زۆرێـك لـە دەزگـا دەرەکییەکان یاری بەململانێی نێوان ئێف بی ئای و سی ئای ئەی دەکەن هـەموو ئەمانەش بۆ بەرژەوەندی خۆیان، نموونەش لەمبارەیەوە بەریتانی و ئیسـرائیلیەکان ئەم گۆشەیان بەشێوەیەکی رێکخراو وەك هەلێك قۆزتەوە.

هینری ا.کرامبتۆن

ئێف بی ئای زۆر شتی فێر کردم بەتایبەتی ئاوێتە بوون لەگەڵ ئاژانسەکانی دیکە، زۆرجاریش ئەو ئاژانسە کۆمەڵە ئاسایشێکی هەیە بۆ دژەتیرۆر، پشتیشیان هەیە لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەمەو پێکهاتەی کۆمەڵەی ئاسایش بۆ دژەتیرۆر لە بەڕێوەبەرە جێبەجێکارن لە نێو کۆمەڵگەی دژەتیرۆردا، ئەمانەش هەماهەنگی لەمەڕ سیاسەت دەکەن، کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دایدەنێ و جێبەجێی دەکات، هاوکات لەلایەن ریچارد کلارك راوێژکاری سەرۆك بۆ کاروباری دژەتیرۆر سەرۆکایەتی دەکرێ، ئەو هەڕەشەکەی وەکخۆی وەرگرتبوو بۆیە داوای کرد هاوکارییەکی زیاتر لەنێو ئاژانسەکاندا بێتەکایەوە، هەروا دژ بەهەموو ئەوانە بوەستنەوە کە بێ ئومێدتان دەکات، بۆیە کارەکان هەموو جۆرێك لە بێ ئومێدی بەخۆیەوە بینیوە، لەوانەشە هەموو ئەمانە تەنیا لەدروستبوونی هێزێکی لابەلا دێتەکایەوە، هاتنەکایەوەی ئەم بابەتەش بە هۆی هەڕەشەی گەورە و بیرۆکراتیەتیەتە دەبێ گۆڕانکاری بەسەردا بێ.

لە ئێف بی ئای بەوە گەیشتم خۆیان لەسەرووی یاساوە دەزانن چونکە خۆیان بە چەسپاندنی یاسا و سیستەمی سیاسی فراوان دەزانن، ئەمەو دەسەڵاتی یاسا بەردەوامە، بەڵام ئەوەیان لەبیر چووە کە کۆمەڵگەی چەسپاندنی یاسا لە ئێف بی ئای تا دەگاتە پۆلیسی ناوخۆیی، پەیوەستە بە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە لەتەك کۆمەڵگەی هەواڵگری.

پێدەچێ بەکەمی سەیری کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی هەواڵگریم کردبێ، هەروا پەیکەری ئاسایشیی نەتەوەیی و گۆڕانکاریەکانم بەکەم زانیبێ، چونکە ئێمە تەنیا لەنێو سنووری خۆمانین، بەڵام ئایا بەخێرایی خۆمان دەگونجێنین؟ ئایا جارێکی دیکە هێرشێکی دیکە دەکرێتە سەرمان؟ ئایا دەتوانین رێگری بکەین لە کارەساتێکی دیکە لەسەر خاکی ئەمریکادا؟

هونەری سیخوڕی

بە رۆلینسم ڕاگەیاند دوای ئەوەی دوای ساڵێك لە ئێف بی ئای مامەوە، لەو کاتەی من دەچووم بۆ بنکەی دژەتیرۆر، چونکە لەوێدا بە سیفەتی جێگری سەرۆکی بنکەکە کار دەکەم، لەوێدا باسی ئەوەم کرد کە بەرپرسیاریەتی دژەتیرۆر لەئەستۆ دەگرم، هەروا باسی ئەو بەهایەم کرد کە لە داهاتوودا بەدەستی دێنێ لەگەڵ مندا، لەوێدا سوپاسم کرد چونکە ئەو و ئێف بی ئای زۆر بەجوانی مامەڵەیان لەگەڵدا کردووم.

بەشێك لە هاوکارانی ئێف بی ئای باسیان لەوە کرد کە لێرە درێژە بەخزمەتکردن دەدەم، بۆیە زۆر لەوانە ڕاهێنانیان پێ کردم، زۆر بەباشیش گوێیان بۆ ئامۆژگارییەکانم دەگرت، کە زۆربەیان هاندان بوو.

کاتێك ویستم بچم بۆ بنکەی دژەتیرۆر رۆلیسن پێی خۆش نەبوو، پێی وابوو ساڵێکی دیکە لەگەڵیدا دەمێنمەوە، بەڵام کاتێك فەرمانی بەرێکردنم درا لە ئێف بی ئای بەگەرمییەوە ماڵئاواوئاوایان لێ کردم و دیاریەکیان پێشکەش کردم، کە ئێستا لەلام ماوە، هەروا پۆستەرێکی پێکەنیاویان پێ دام، کە باس لە تۆمەتەکان دەکەم و نووسرابوو "پیلانگێڕان بۆ رووخاندنی بیرۆکراتی و کوشتنی هەموو ئەو بۆچوونانەی، کە لەمێژە کۆتاییان پێ هاتووە".

هەر لەنێو ئەو پۆستەرەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە کەسێکی چەتوونم و قژم پڕە و چاوەکانم چاوی شێتەکانە.

هەروا چەندین سەرنجیان نووسی بوو بۆ ئاگادار کردنەوە، کە دەبێتە مایەی توڕەبوون، بۆیە دووبارە مەیلێنەوە، تا ئەو کاتەی وەڵام وەردەگرن.

لەلایەکی دیکەوەش پاداشتی دەستگیرکردنم دەگەیشتە پێنج ملیۆن روپیەی پاکستانی.

بەشی هەشتەم

بنکەی دژەتیرۆر

پێداویستییەکان، هۆیەکە بۆ تووشبوون بە ترسناکییەکان...

-مارتن توین- ژیانی قورس

هونەری سیخوڕی

بنکەی دژەتیرۆر لە کۆتایی نەوەدەکان بەشێك بوو لە سی ئای ئەی، لەپاش دە ساڵ لە بوونی، تەنیا پشتی بە هەواڵگری نەدەبەست بەڵکو بەشێکی زۆری پەیوەندی بە کاری شاراوە بوو، منیش لەو کارەدا شارەزاییەکی باشم هەبوو، بەتایبەت لە کاتی کار و ڕاهێنانم لە ئەفریقیا، چونکە لەو سەردەمەدا ئەمریکا و یەکێتیی سۆفیەت جەنگی گەورەیان لەنێوەندی جەنگی سارد ئەنجام دابوو، کەچی من شارەزایەکی ئەوتۆم لە جەنگی ساردا نەبوو، چونکە لەوێدا ئەفسەری ئۆپۆراسۆنی زانیارییەکان و ئەفسەرێکی نیمچە سەربازی نەبووم.

لە هاوینی ١٩٩٩ لە ئێف بی ئای سەبارەت بە سیاسەتی دژەتیرۆر زانیاریم بەدەستکەوت، زیاتر لەوەی لە سی ئای ئەی فێری بوو بووم، بەتایبەتی سەبارەت بە چەسپاندنی یاسا و کاری شاراوەی نێو دژەتیرۆردا هەروا چۆنیەتی هاوکاریکردن لەنێوان ئاژانسەکان، بەڵام من زیاتر جەختم لە کاری مەیدانی دەکردەوە بەتایبەتی پەیوەندی نێوان هەواڵگری و کاری شاراوەیی، کاتێکیش بەڕێ کرام بۆ کارە نوێیەکەم بە هۆی چڕی توێژینەوە بوو سەبارەت بە مێژووی تیرۆرستی نوێ و کاری شاراوە و بنکەی دژەتیرۆر.

لە ساڵانی نەوەدەکاندا چەندین ڕەوتی چەپی فەلەستنی هاتنەکایەوە، کە لەلایەن لیبیا و سۆفیەت و هەندێك دەوڵەتی هاوپەیمانی وارسۆ پشتگیریان لێ دەکرا، بۆ ئەمەش چەندین فڕۆکەیان ڕفاند و هێرشیان کردە سەر فڕۆکەخانەکان و سەدانیان کوشت، زۆرجاریش هەندێك کۆمەڵەی ئەورووپی ڕادیکالی پشتگیریان لەگەڵ سوپای سووری ژاپۆنی دەکرد، بۆ ئەمەش چەندین پیشەوەری پیشەسازیی

ئەورووپیان رفاند، جگە لەوەی چەندین هاوولاتی ئـەمریکی لەسـەر دەسـتی ئـەو کۆمەڵانە کوژران.

لە ساڵی ١٩٧٩ ئێران تۆمەتبار کرا بـەوەی لـە رێگـەی بـەکرێگیراوی وەك حزبی ئەڵلا تیرۆر دەهێننە ئاراوە، لە نیسانی ١٩٨٣ حزبی ئـەڵلا تۆمـەتبار کـرا بەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە بەیرووت تەقاندۆتەوە و لەوێدا ٦٠ کەس کوژرا، زیاتریش وێستگەی سی ئای ئەی زۆری نـەمابوو بەتـەواوی بڕوخێـت و هـەموان بکوژرێن، بەرکەوتیش یەکێك لە رزگاربووەکان هاوکاری خوێ بوو لـە "کێڵگـە"، پێشتر لە باڵەخانەکە چووبووە دەرەوە، زۆر بەباشـی لەبیرمـە چـۆنی دەگێڕایـەوە، کاتێك بەخێرایی گەڕابۆوە بەدوای تەرمەکاندا دەگەڕا، لەتـەك ئـەوەی دەیویسـت هەموو ئەو شتانە هەڵبگرێتەوە، کە بابەتی نهێنین، لەلایەکی دیکەوە حزبی ئەڵلا لە تشرینی یەکەمدا دەزگایەکی ئەمریکی لـە لوبنـان تەقانـدەوە و لەوێـدا ٢٤١ سەربازی ئەمریکی کوژران و لەنێویاندا ٢٢٠ سەربازی مارێنز.

تیرۆری نێودەوڵەتی بەرەو زیـادبوون هـەنگاوی دەنـا، بـۆ ئەمـەش دەبوایـە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەواڵگرییـەکی باشـتری هـەبێ تـا بەباشـتر بەرپەچیان بدرێتەوە، ئەمەو لە ساڵی ١٩٨٥ سەرۆك رێگـن داوای کـرد کارێـك بکـرێ، بـۆ ئەمەش جێگرەکەی سەرۆك بۆش دەبلیو بۆش بوو، کردی بـە سەرپەشـتیاری سـی ئای ئەی تا هەموو دەستپێشخەرییەکانی لەدەستدا بێ.

بۆش لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی خۆی دامەزراند لەوێـدا ئـەو لیژنـە باڵایـە چۆنیەتی لاوازی هەواڵگریان دەستنیشان نـەکرد، وەك چـۆنیەتیی تێگەیشـتن لـە دوژمن و بەرپەرچدانەوەی، ئەمەش هیچ جیاوازییەکی نەهێنا کایەوە، واتە تـەنیا یەك کیان لەنێو حکومەتێك تا بەرپرس بێ بۆ رووبەرووبوونەوەی تیرۆر، لەپاشاندا

بنکەیـــەکیان دامەزرانـــد بـــۆ کۆکردنـــەوەی زانیارییـــەکان و شـــیکردنەوەی هەواڵگرییەکان، بەڵام کاری شاراوە ڕێگەیەك بوو تا بەهێز وەڵامیان بدرێتەوە.

سی ئای ئەی لەسەر ئەو بنەمایانە مامەڵـەی دەکـرد، ئەمـەو لـە شـوباتی ١٩٨٦ بنکەی دژەتیرۆریـان دامەزرانـد، ئـەویش دەبێتـە تـەوەرێکی بـەهێز بـۆ بنبڕکردنی تیرۆر، بنکەی دژەتیرۆر و کارمەند و شـیکەرەوەکانیان هـەموو تێکـەڵ کرد، تا بەتەواوی لە هەڕەشەکە تێ بگەن، تـا هەرهـەموویان دوژمنەکـە دیـاری بکەن و راودویان بنـێن تـا شکسـت دەهێـنن، دیـارە هـەر هـەموو ئـەو کارانـە مکوڕبوونی وەزارەتی دەرەوە بوو ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ وێستگەکانی سی ئای ئەی، زۆرجارانش لەگەڵ هاوبەشە دەرەکییەکان لە هەموو جیهاندا.

لە سەرەتادا بەشەکانی دەزگـای شـاراوەی جـوگرافی بەرامبـەر بـەم کارانـە بوونەوە، وەك رەتکردنەوەیەك بۆ بیرۆکراتی لەنێو ململانێیەکی لەسەر کەرەستە و کارەکـان، بـەڵام زۆری نـەبرد راهـاتن، چـونکە کەسـانێك هـەبوون شـارەزایان لەمبارەیەوە کەم بوو کەچی دەنێردران بۆ دەرەوە، بۆیە بنکەی دژەتیرۆر تەنیا وەك نووسینگەیەك وابوو و ئەنجامی کەم بوو، بـەڵام لـەدوای سـێ سـاڵدا ئـەو پـەردە ناسنینە لابرا، بۆ ئەمەش جەنگە ساردەکان بەگوڕتر بوون بۆ من و زۆربـەی ئـەو کەسانەی لە سی ئـای ئـەی دابـوون، بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی سـوپای سـوور یـان شۆڕشگێڕە ئێرانییەکان.

لەلایەکی دیکەوە هەموو ئـەو کۆمەڵـە سیاسـانەی مەبەسـتیان تـیرۆر بـوو چەندین پلانی نوێیان داهێنا و لە جیهاندا بـەرەو فراوانـی هـەنگاویان نـا، بۆیـە بنکەی دژەتیرۆریش بەرەو پەرەپێدان رۆیشت بۆ هاوشانبوونی ئەو هەڕەشـەیە، بـۆ ئەمـەش چـەندین پرۆگرامـی دانـا بـۆ ناسـینی کەسـانی تیرۆرسـت و چۆنیەتی

دۆزینەوەیان، لەو ماوەیەدا هەر یەك لەلای خۆیەوە زانیاری کۆدەکردەوە و شی دەکردەوە، لەمەوەش بنکەی کاری شاراوە زیاتر کارەکانی فراوان کرد، بۆیە دەبوایە تیمێکی تایبەت بەشارەزایان هەبێ بۆ تەنگەوەهاتنی هەر رووداوێك، وەك شارەزایانی بۆمب و دانوستکار کاتێك رفێنەران بارمەتە دەستگیر دەکەن، جگە لە شارەزایانی هێرشە تەکتیکەکان، کە بۆ کاتی خۆی بەکار دێ.

نووسینگەی دژەتیرۆر، بەرەو پێشکەوتن هەنگاوی نا بە هۆی هەرەشەکانی تیرۆر، کە پێکهاتەکەی بە هۆی سەرکەوتنی یەکەم بوو، بە شێوەیەك هێدی هێدی پەرەی دەسەند ئەمەش بە هۆی چەندین سەرکردەی شارەزا و پیشەگەر وەك ونستۆن وایلی و جۆف ئاوکونل و چەندین ئەفسەری دیکەی ئەفسەرانی چەسپاندنی یاسا و پارێزەر و پسپۆڕانی ریکلام و زمانزان، بە پەیوەندیکردنیان بە هاوبەشە بیانیەکانیان تا تواناکانیان باشتر بێ.

لەپاشاندا بودجەی دژەتیرۆر بەرەو زیادبوون رۆیشت، بەمەش دژەتیرۆر بە هۆی دەسەڵات و شارەزایی و پارە دەسەڵاتی لەناو سی ئای ئەی پەیدا کرد، بۆ ئەمەش چەندین ئۆپراسیۆن بەقووڵایی بەشە جوگرافییەکان ئەنجام دەدا، زۆرجاریش بنکەی دژەتیرۆر رقی لەوە بوو بە فەرمانی سەرۆکی وێستگەیەك لەکار دابێ، بەڵام ئۆپراسیۆنەکان ئەنجام دەدرا چونکە پێیان وابوو ئامانجێکی تیرۆرە دەبێ لەناوی ببەن.

کەچی بنکەی دژەتیرۆر و کاری شاراوە بەشێك لەئاڵنگارییەکانیان چارەسەر نەکرد، چونکە کاری هەواڵگری و شاراوە نابێت ببێتە ئەلتەرناتیفی سیاسەت، چونکە هەر کاتێك شکست بێنێ دەبێتە بیانوویەك بۆ نەپێکانی سیاسەت.

رۆی گۆدسۆن لە نووسینە جوانەکەی سەبارەت "فرتوفێڵی پیس یان کارتی براوە" باس لەوە کات کە" کاری شاراوە کاریگەری لە دۆخ و شێوازەکان دەکات، بۆیە ناکرێ پیشەوەرانی مامەڵەی پێوە بکەن، لەنێو سیاسەتدا"، هەروا دەڵێت بنەمای سەرەکی بۆ کاری شاراوە چەند خاڵێکە وەك : بەکارایی کار بکات و ببێتە بەشێك لە سیاسەت، بەڵام بە هەماهەنگیەکی باش. هەروا کاری شاراوە وا وەسف دەکات، کە خزمەتکاری سیاسەتە، بەڵام زۆر جاریش ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەلتەرناتفی سیاسەت نییە، زۆر جاریش حکومەت هێشتا بڕیاری نەداوە چی بکات، هەروا کاری شاراوە گولەیەکی سیحری نییە، لەو کاتەی دەیەوێ هەموو شتەکان بەرەو شکست بێنێ، بۆیە دەبێ هەماهەنگ بێ لەگەڵ هەموو رێکارە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکان، لەوشەوە پشتگیری بکرێ".

حکومەتەکان کاتێك لە کاری نهێنی تێوە دەگلێن، تا بەنهێنی کاریگەریان لەسەر خەڵك هەبێ لەنێوەندی رووداوەکانی تەواوکاری سیاسی دەرەکی فراوان، کەچی لەمبارەیەوە شتێکی وا باش نییە، ئەمەو لە سەدەی سێیەمی پ.ز لە فیلپ پاشای دووەمی مەکدۆنی باوکی ئەسکەندەر گێڕدراوەتەوە کە "کەرێك دەتوانێ بارە زێڕێك هەڵگرێ و چیایەکان ببڕێ، بەڵام سوپاکان ناتوانن ئەو چیایانە ببڕن".

بەپێی لێکۆڵینەوە و شارەزایم گەیشتمە ئەو بۆچوونەی کە کاری شاراوە ئەلتەرناتیفی سیاسەت نییە وەك جێگرەوەیەکی درێژخایەن، هەروا نابێ ناکرێ قەرەبووی سیاسەت بکاتەوە، بەڵکو وەك ئەلتەرناتیفێك کارەکە بەگوڕتر بکات، هەروا سەرکردە سیاسییەکان و دانەری ستراتیژیەت وای دانەنێن کاری شاراوە چارسەرێکە سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام ئامێرێکی پێشکەوتووی هونەرییە بۆ

فەرمانڕەوایی، ئەو کاتەی هەماهەنگی دەکرێ لەگەڵ توخمەکانی سیاسەتی دەرەوەدا.

هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان مێژوویەکی درێژخایەنی هەیە لە پەراوێزکردنی کاری شاراوە بەتایبەتی لە دۆخە ئاڵۆزەکاندا، لە هەندێك کاتدا قەیرانەکانی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە بە شێوەیەکی لاواز دەبیندرێ، هاوکات سیاسەتمەدارەکانی نابێ لە هەموو شتێك پشت بە کاری شاراوە ببەستن، چونکە زۆر جار ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە وەك سەرنەکەوتنی ساڵی ١٩٦١ لە دوورگەی بەرازەکانی کوبا یان شکستهێنانی کودەتای ١٩٧٣ لەسەر سەرۆك لەندی لە چیلیدا، لەبەرامبەر ئەمەش سی ئای ئەی لەهەشتاکان کارێکی شکست پێهێنا بەتایبەت لە ئەمریکای ناوەڕاست کە سۆفیت و کوبا زاڵ بوون بەسەر ئەو ناوچانەدا، بەڵام تێوەگلانی کۆشکی سپی لە هەندێك ئۆپراسیۆنی ناشەرعی بووە هۆیەك کە چەندین ئەفسەری سی ئای ئەی رووبەڕووی گرفتی یاسایی ببەنەوە و رووماڵە رۆژنامەگەرییەکانیش لەمبارەیەوە زۆر خراپ بوون.

وەك باوە هەواڵگری و دەزگاکانی ئاسایش سەرۆکایەتی کاری شاراوە دەکەن، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکان سی ئای ئەی ئەو بەرپرسیاریەتییە کەوتۆتە سەرشان، ئەمەش بۆ چەندین هۆ دەگەڕێتەوە بۆ کاری شاراوە کە خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، وەك کاری شاراوە زۆر نهێنییە بەپێی پێناسەکەی هەموو دەزگاکانی نەخشێندراوە بۆ کاری شاراوە، هەروا کاری شاراوە پێویستی بە هەواڵگرییەکی دیاریکراو هەیە، دەزگاکەش لەسەریەتی هەموو شتەکان کۆ بکاتەوە، لەخاڵێکی دیکەدا پێویستە لەسەر دەزگاکانی شاراوە جوولە بە ئەو بیانیانە بکات کە جێگەی متمانەی ئەون و کاریگەریان هەیە بۆ جێبەجێکردنی کاری شاراوە، لەلایەکی دیکەوە لەسەر دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایشە هیچ

کاتێك نەخشەیەکیان نەبێ بۆ کـارە سیاسـیەکانی دەرەکـی (سـەرەڕایی ئـەوەی هەندێکیان ئەو کارە دەکەن)، چونکە هەواڵگری تەنیا بەسیاسـەت رادەگەیـەنێ و دروستی ناکات، هەروا هەواڵگری دەکرێ کارێك جێبەجێ بکـات بگـونجێ لەگـەڵ سیاسەتدا.

بەشێك لە مێژووی دەیان ساڵە لەبیرکراوە، بۆ ئەمەش چەندین نموونەی قورس هەن، بۆ دووبارە من لێی فێر بووم، سی ئـای ئـەی لـە کـاری شـاراوەدا لەپێشـە کاتێك سیاسەت رۆڵێکی لاواز دەبینـێ لـە کاتێکـدا دەیـەوێ رووبـەڕووی تـیرۆر ببێتەوە، ئەوەش لەنێوەندی شەڕە سیاسی و یاساییەکاندا، کـاتێکیش خـەڵکانێك لەنێو هەواڵگریدا دان و شتێکی وای لێ نازانن، ئەوا دەبێتە بارگرانی بەسەر سـی ئای ئەی و حکومەتدا، چونکە زۆرێك لەوانـە تـەنیا کـار بـۆ بەرژەوەندییـەکانی خۆیان دەکەن، بۆ ئەمەش سەرۆك جۆرج بۆش فەرمان دەدا تا بەشێوەیەکی شاراوە کەسانێك دادگایی بکرێن، یان کاتێك جەنگاوەرە تیرۆرستەکان دەستگیر دەکـرێن، کەچی لەپاشاندا سەرۆك ئۆباما دێ باس لەوە دەکا لێکۆڵینەوەکانی سی ئای ئەی بەشێوەیەکی نایاسایی بووە.

لە سەرەتای رۆشنبیری و زانین سەبارەت بەیەکگەیشـتنی سیاسـەت و کـاری شاراوە، ئەمەو لە ئەیلوولی ١٩٩٩ چووم بۆ بنکەی دژەتیرۆر، بەو پێیەی یـەکێك لە نوێنەرەکانی کوفر بلاك بووم، ئەمەو کۆچکردووە بن بۆنك یاریـدەری سـەرەکی بوو، ئەو وەك توێژەر و بەرپرس لە هەموو شیکردنەوەکان و کۆمەڵگەی سیاسـەت بوو، کەچی نوێنەرێکی دیکـەی تایبـەت بـە ئێـف بـی ئـای زیـاتر جـەختی لـە چەسپاندنی یاسا دەکردەوە، ئەو کەسێکی گونجاو بوو، کەچی بەشداریەکی بەهێزی نەکرد لە کاتێکدا دایل واتسۆن لەپێش دوو ساڵ کاری مەزنی ئـەنجام دا، منـیش هەموو بەرپرسیارییەکانی سی ئای ئەیم گرتە ئەستۆ، بەتایبەت ئەو کارانـەی کـە

پەیوەست بوو بە دژەتیرۆر، بۆ ئەمەش کـۆفر هـەموو رێنمـایی و پێداچـوونەوەی ئۆراسیۆنەکانی خستە بەر دەستم منیش بۆچوونە سەرەتاییەکانم خستە روو.

ئەو گوتی: ماوەی هەفتەیەکت لەبەردەستە.

-(بەڵێ گەورەم). زۆرجاریش ئەو وەڵامەم هەبوو بۆ کـۆفر لـە مـاوەی سـێ ساڵی لەدوای یەکدا.

لەلایەکی دیکەوە فەرمانی تینیتی بەرێوەبەرم خوێنـدەوە کـە سـەبارەت بـە ستراتیژیەتی نوێ بوو دژ بەقاعیدە، ئەمەو ساڵێك پێشتر واتـە لـە دوای هـەردوو تەقینەوەکەی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا دەیویست کاراتر بم، لەو کاتەی لەگەڵ کـۆفر و تیمە سەرکردایەتییەکەی بووم لە بنکەی دژەتیرۆردا تا زیـاتر پاڵەپەسـتۆ بخەینـە سەر قاعیدە.

داوی چەندین نەخشـەی جۆراوجـۆی کیشـوەری باشـووری ئاسـیام کـرد وەك نەخشەی دەوڵەتـەکانی سـۆدان و چـەندین شـارێکی دیـاریکراوی ئەفغانسـتان و شاروچکەکانی بەیرووت، هەروا هەموو شوێنە شاراوەکانی سی ئای ئەیم لە جیهان تۆمار کرد، لەپاشاندا وێنەی ئەو شوێنانەم کێشا کە قاعیـدەی لێیـە، لـەدواتردا ئەوەی ویستمان شتێکی روونە و دەمەوێ بنکەی دژەتیرۆر لەهەر شوێنێکدا هـەبێ لەگەڵ ئەوانە بێتە دەست و شەڕ بکات تا دەگاتـە ئـەو شـوێنانەی خۆیـان تیـادا شاردۆتەوە، هەروا شەش شوێنی جوگرافی بنەڕەتیم

تۆمار کرد، تا بنکەی دژەتـیرۆر وەبـەرهێنانی تیـادا بکـات وەك ئەمانـەی خوارەوە:

١- باشووری رۆژهەڵاتی ئاسـیا، بەتایبـەت لەسـەر سـنووری نیـوان مالیزیـا و ئەندەنووسیا و فلیپین.

٢- لوبنان و چەند شوێنێکی دیکە لە ڕۆژهەڵات وەك فەلەستین.

٣- چەند هەرێمێك لەسەر کەنار و ئەفریقیا، بەڵام سۆدان بەشێوەیەکی سەرەکی.

٤- ناوچەی هەر سێ سنووری پاراگوای و بەڕازیل و ئەرجەنتین.

٥- نیمچەدوورگەی عەرەبی بەتایبەتی یەمەن.

٦- ئەفغانستان وەك داڵدەیەکی قاعیدە و بەشێك لە خاکی پاکستان.

لەپاش پێنج ڕۆژ پوختەیەکم دات بە کۆفر و بن، بۆ ئەمەش سەبوورەی سپی و قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگم بەکارهێنا، کارەکەم ئاسان کرد، ئەگەر دژەتیرۆر بیەوێ کارێك بکات لەگەڵ دەزگا شاراوەکانی دیکە، بەو شێوەیەش دەتوانین بگەین بە داڵدەکانی دوژمن و گۆڕەپانێك دروست بکەین بۆ کاری شاراوە، هاوکات ئەفغانستان ئامانجی یەکەمم بوو و زۆریش مکوڕ بووم لەسەری.

ریچ ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکان، کە گەنجێکی باڵابەرز بوو، سەرۆکایەتی یەکەکەی دژ بە قاعیدە گرتە ئەستۆ، لەناو بنکەی دژەتیرۆردا، وێستگەکەی بە ناوی "ئالیك" بوو، بەڵام لەژێر فەرمانی مندا بوون، ریچیش سەرەتای کاری پیشەیی لە ئەفریقیا بووە و زۆربەی کاتەکانی لە کارە ترسناکەکاندا ئەنجام داوە، پێم وابوو کەسێکە شارەزایی زۆرە، بەڵام کەسێکە کەمێك غووری هەیە و وا هەست دەکات کەسانێك بە کاریزمای دادەنێن، هەروا ئەو وای دەزانی منیش کەسێکی کارام بەڵام هیچ حسێبێك بۆ کەسانی دیکە دانانێم.

هەردووکمان درکمان بەوە کرد کارەکە لەدەرەوە هەموو ڕەنگدانەوە خراپەکانە، بۆیە هەردوولامان داوامان لەوانە کرد کە لەژێر فەرمانی ئێمەدان بە سڵکردنەوە کارەکانیان بکەن، چونکە بۆ چەند ساڵێك من و ریچ بە جۆرێك سەیری یەکترمان دەکرد، بەڵام تێم گەیاند بە هۆی جۆشوخرۆشی بەو کارە پاڵەوانییە

کارێکی مەزن ئەنجام دەدەی، بۆ رێزگرتن لەنێوانمان زیاتر بوو، بەشێوەیەك ببین بەدوو برای جەنگاوەر.

بەکورتی لەگەڵ ریچ گفتوگۆم کرد سەبارەت بە ئەفغانستان، ئەویش خۆبەخش بوو تا تیمەکەی بباتە ئەوێ بۆ زیندووکرنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەحمەد شا مەسعوودی سەرۆکی بەرەی یەکگرتوو، هەر ئەویش دەزانێ چۆن هاوپەیمانی لەگەڵ باکوور بکات، خۆزگەشم دەخواست حکومەتی پاکستانی دەربڕینی هاوپەیمانی باکووری بەکار بهێنابوایە، من وام وێنا کرد کە ئەوان رێکخستنێکن لەژێر رکێفی تاجیکییەکانن لە باکووردا گۆشەگیر بوونە، دەستیان ناگاتە هەموو شوێنێکی وڵات، شا مەسعوود کە رەچەڵەکی تاجیکییە، لەراستیدا دەیویست بە هۆی تۆڕەکانی دەست بەسەر هەموو ئەفغانستاندا بگرێ، دەیویست تاڵیبان برووخێنێ و قاعیدەش دەر بکات، چونکە قاعیدە زۆربەیان بیانی بوون و بە شێوەیەکی پیلانگێڕانە کاریان دەکرد.

من و کۆفر و بن پلانی ریچمان خستە بەرباس لەپاش ئەوەی تیمەکەی کۆکردەوە، ریچ درکی بەوە کرد ئەم هەنگاوەی زۆر ئاڵۆزە لەنێوەندی دەستپێشخەری پێکانی داڵدە سەقامگیرەکانی دوژمن، ئەفغانستانیش یەکێکە لەو داڵدانە، جگە لەو شوێنانەی کە تیایدا میوانداری کراون.

کۆفر بە هۆی ترسناکیی سیاسی و سروشتی ئەو کارە، داوای رەزامەندی لە یاریدەری بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆنەکان کرد تا لە هەموو روویەکەوە هاوکاری بکرێن بەتایبەت دەزگای شاراوە، چونکە لە سەرەتادا تیمەکەی ریچ لە تاجیکستانەوە هەنگاو دەنێ ئەمەش بە چاودێری بەشی ئاسیای ناوەڕاست بێ، سەرەڕایی ئەوەی ئەفغانستان لەرووی بیرۆکراتییەوە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بەشی رۆژهەڵاتی

خوارو، بۆ ئەمەش بنکەی دژەتیرۆر کار و پارەی لەدەست دایە و بەڵام بەشە جوگرافییەکانی دیکە شوێن و گۆڕەپانەکانیان لەدەستدا بێت.

من و کفر و یچ چووین بۆ لای جیم بافیتی نووسینگەی یاریدەری بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆنەکان، بۆ ئەمەش گاری شرۆن لە بەشی رۆژهەڵاتی خوارو بەشداری کۆبوونەکانی کرد، گاری لەپێشتردا توانیویەتی هاوکاری هاوپەیمانەکانمان بکات لە ئەفغانستان لە کاتی داگیرکاری سۆفیەتدا، ئەو ئەحمەد شا مەسعوود و زۆر کەسی دیکە لە بەرەکانی ئەفغانستان دەناسیّ، بافیت گوێی لە هەموو پوختەکان گرت، بەڵام گاری وەك شارەزایەکی پشتگیر باسی لەوە کرد کە ترسناکییەکەی گەورە لەرێدایە سەبارەت بە دەستکەوتێك کە دڵنیانین لێی.

بەتوندی هاواری کرد "لە هۆڵدا ئامادە دەبم، لەوێدا ناچار دەبم بەرامبەر خێزانی ئەفسەرە کوژراوەکان ببمەوە".

ریچ گوتی"بێگومان منیش لەنێو کوژراوەکان دەبم، چونکە من سەرکردایەتیان دەکەم".

لەم کاتەدا بێدەنگییەك لەنێو دڵەڕاوکێدا باڵی بەسەر کۆبوونەوەکەدا گرت.

کەچی بۆشاییەك دێتەکایەوە ئەگەر نەچین بۆ ئەفغانستان، ئەمەو بنلادن شەڕی دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان راگەیاندووە، هێشتاش ساڵێك بەسەر هێرشکردنە سەر هەردوو باڵیۆزخانەی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا نەبووە، بۆیە پێدەچیّ تواناکانی زۆر روونە، ئەگەر نەتوانین بە هۆی هەواڵگرییەوە شکستیان پێ نەهێنین، ئەوا هێرشی دیکە دەکات، ئەمەش شکستێکە بۆ سی ئای ئەی، دیارە بافێت مەبەستی لەمە هەموو ترسناکییە بیرۆکراتییەکان بووە.

هاوکات بافێت پرسیاری سەبارەت بە سەرکەوتنی پەیوەندیکردن کرد لەگەڵ هاوپەیمانە ئەفغانییەکان، بەو مانای دەتواندرێ لە ئەفغانستان خۆمان لە ترسناکی بپارێزین.

منیش جەختم لەوە کردەوە "پێویستە بوونمان لەوێدا هەبێ، پێویستە هاوبەشی خۆمان لەگەڵ ئەواندا بسەلمێنین، کارەکەش پەیوەستە بە ڕێزگرتن، تەنیا دەبێ لەگەڵیان دانیشین و نانیان لەگەڵدا بخۆین، پێویستە لەناو خاکەکەیان لەگەڵیاندا بین".

ئێستا کارە بنەڕەتییەکە زۆر روون دیارە، پێشتر لە ئەفریقیادا خزمەتم کردووە هەموو رۆژێك ژیان و مردنم بینیووە، کاتێك پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵ کەسەکان و یاخیبووەکان، دەبوایە بەشداری هەموو ترسناکییەکان بکەین، پێویست ناکات ئەوان بە دوژمن بزانین لەو کاتەی جەخت لە هاوپەیمانەکانمان دەکەینەوە، ئەمەش لە خزمەتی یەکەمدا بۆم روون بۆتەوە.

بافێت بەردەوام بەرگریی لە قسەکانی دەکرد، بەڵام گاری شرۆن ترسناکییەکی وا لە کارەکەدا نەدەبینی، بەڵام خۆی دوور دەخست کاتێك پشتگیری لە بڵاوبوونەوەی تیمەکە دەکرد، لەگەڵ ئەوەی نارازیش نەبوو.

کۆفر یەکسەر سەیرێکی بافێتی کرد و گوتی " گەورەم تۆ هەڵەی، چونکە دەبێ ئێمە بچینە ئەفغانستان".

زۆر بەروونیش باسیان لە ڕێڕەوی کارەکە نەدەکرد، بەتایبەت ترسیان لە هەڕەشە سیاسییەکان هەبوو، بەڵام ئەگەر راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەری دژەتیرۆر هەبێ پێویست بەرەزامەندییەکان ناکات، لەلایەکی دیکەوە کۆفر پەیوەندی بە هەموو تۆڕەکانی ناو پایتەختی کردبوو وەك کۆشکی سپی و گردی

کاپیتۆل، هاوکات بەهایەکی مەزنی هەبوو لە گۆڕەپانی دژەتیرۆردا، هەر ئـەویش بوو توانی کارلۆس رامریز شانسێز بدۆزێتـەوە کـە ناسـرابوو بـە چـەقەڵ، هـەروا بنلادنی لەو وڵاتـە دەر کـرد، بـەو پێیـەی سـەرۆکی نـوێی دژەتـیرۆرە، هـەردەم کارەکـانی کردەیـی و سیاسـی بـوو و هـەردەم لەپێشـڕەوی دابـووە و دەنگیشـی هاوارێکە دوای چاوەڕوانی پێشڕەوی دەکات.

بافێت لەم کاتەدا چەند پرسیارێکی دیکەی کرد، بەڵام تا ئێستا زۆر خۆشحاڵ نییە. کاتێك ریچ کە بەرەو دەرەوە بەهێمنی هەنگاوی دەنا، نەیتوانی خـۆی دوور بخاتەوە لەوەی بڵێت " سەرۆك ئەمە زۆر جوان بوو، کارێکی مەزنە".

لەمکاتەدا کوفر ئاوڕی دایەوە و هـاواری کـردە سـەرمان "جـارێکی دیکـە پێشـبینی ئەمـە مەکەنـەوە، مـن نـاتوانم ئەمـە بـە یاریـدەری بەرێوەبـەری ئۆپراسیۆنەکان بکەم و خۆمی لێ دوور بخەمەوە، من ناتوانم".

بـەهێمنی گەڕاینـەوە بنکـەی دژەتـیرۆر، لـە خەیاڵمانـدا ترسـناکییەکانی ئەفغانستانمان تاوتۆ دەکرد لەنێوەندی حکومەت و ئاژانسەکەمان.

لەپاش دە رۆژ ریچ و تیمەکەی گەیشتنە دۆشەنبێ، شاری دوشەنبێ شارێکی بچووکە و پایتەختی تاجیکستانە، ئـەم شـارە لـەرووی ئەنـدازەیی و سیاسـییەوە دەگەڕێتەوە سەردەمی سۆفیەت، هەردەمیش دەکەوێتە ژێـر توندوتیـژی تـاوان و سیاسەتدا، لەوێدا بەشێوەیەکی ئاشکرا چەتەکان دەیانەوێ زاڵ بن بەسەر بازرگانی تلیاکدا، جگە لە چەندین تاوانکاری، باڵیۆزخانەی ئەمریکای تیادا نییە، چـونکە لە ئەیلوولی ١٩٩٩ بۆچوونی وابوو، تاجیکستان تەنیا شوێنەکە و گـرنگ نییـە، تەنیا خاکێکی چیاییە لەتەك ئەفغانستاندایە و هیچ بەهایەکی وای نییە.

ریچ و هەر پێنج پیاوەکەی لە ماڵێکدا بوون، کە سی ئای ئەی بۆی گرتبوون، هەر لەوێدا پەیوەندیان بە پیاوانی ئەحمەد شا مەسعوود کردبوو، هەر ئەوانیش لەو شارەدا نیشتەجێ بووبوون، ئەوێ کەشێکی زۆر ناخۆشی هەبوو، ئەمەش ئاڵنگارییەکە بۆ ئەوەی بە هەلیکۆپتەر بگوازرێنەوە، بەڵام لە رۆژی دواتردا بە هەلیکۆپتەرێکی سۆڤیەتی لە جۆری می ۱۷ ی سەر بە ئەحمەد شاد مەسعوود رۆیشتن بەرەو باشوور، بەسەر ئەو بەرزاییانە رۆیشتن کە بەرزییەکەی دەگاتە هەشت هەزار پێ، هاوکات بەرامبەر بایەکی توند دەبوونەوە و بەرزاییەکانی دۆڵی تەسکی پنچشیری ئەفغانیان بڕی.

کاتێك دابەزین یەکسەر ئەفغانییەکان بەخێرایی ئەوانیان بردە خانووی میوانداری، کە لە خانوویەکی ساکار و کۆن پێکهاتبوو، دیوارەکانی لەبەردی لایەکیی چیایەکان دورستکرابوون، ئەمەش بە پێوەری ئەمریکی خانوویەکی زۆر سەرەتاییە.

ئەفغانییەکان گرنگیان بە میوانەکانیان دەدا، نایانەوێ کوڕانی سی ئای ئەی بەبێ چاودێریکردنیان بە هیچ لایەکدا بڕۆن، ئەوان چەندین بیرەوەریان هەبوو سەبارەت بە بەزاندنی بەڵێنەکانیان بۆیان، لەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وازیان لێ هێنا، بەتایبەت ئەو کاتەی یەکێتیی سۆڤیەت ئەو وڵاتەی جێ هێشت، بۆیە دۆخی ئەفغانستان بەجارێ تێکچوو، لە نەبوونی پشتگیری نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی دڕاندانە شەڕی ناوخۆیی دەستی پێ کرد، هەموو ئەمانەش کەڵەکەبووی داگیرکاری دەرەکی بوو، بۆیە ئەمجارە پرسیاری ئەوەیان دەکرد، کە سی ئای ئەی چی دەوێ.

ئەحمەد شا مەسعوود پێشوازیکی گەرمی لە ریچ و تیمەکەی کرد، لەپاش ئەوەی چەند قسەیەکی خۆشیان بۆ یەکتر کرد، لەپاشاندا ریچ باسی کارەکەی کرد کە پەیوەستە بە بە قاعیدەوە تەنیاش پەیوەستە بە قاعیدەوە، هەروا هیچ شتێك بۆ بەرەو یەککگرتووە نانێردریٚ و پێشبینی هاوکاری نەکەن بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی تاڵیبان، ئەمەو وەك ریچ باسی لێوە کرد، سەرۆك کلینتۆن رەزامەندی دەربڕیووە تا بەشێوەیەکی دیاریکراو زانیاری هەواڵگری کۆ بکرێتەوە، تا بەردەوام بن لە دەستگیرکردنی بنلادن، ریچ جەختی لەوە کردەوە شتێکی زیاتر نییە.

ئەحمەد شا مەسعوود ئاماژەی بەوە دا کە بەردەوا بن لە قسەکان، ئەمەو ریچ یەکێك لە نەخشەکانی واڵا کرد و پرسیاری سەبارەت بە قاعیدە کرد، لەتەك ئەمەد شا مەسعوود سەیرێکی نەخشەکانی کرد و گوتی بۆ ماوەی کاتژمێرێکی دیکە هەواڵگری سەبارەت بە هەموو شتێکی دوژمن پێتان رادەگەیەندریٚ، لەتەك ئەوەش باسی لە تواناکانی بەرەی یەککگرتوو کرد، ئەوەشی گوت کە بەرەکەیان دەتوانیٚ لە بەرزاییەکانی دەشتاییەکانی باکوورەوە دەتوانیٚ دەست بەسەر پنچشیر دابگریٚ، کە دەکەوێتە باکووری کابوڵ، هەروا ئەو بەرەیە لەململانێدایە لەسەر ناوچەکانی باشووری مەزار شەریف، جەختیشی لەوە کردەوە کە بە هۆی سەرچاوەکانیان دەتوانن هەموو شتێك بزانن تا دەگاتە ناوچەی پاشتۆنییەکان، ئاماژەشی بەوە دا کە پشتگیری ماددی و جەنگیان دیاریکراوە و ئەو جەنگە تەنیا خۆیان دەیکەن.

ریچ و شا مەسعوود باسیان لە گۆڕانکاریی دۆخەکان کرد، لەتەك گرنگیدان بۆ هاوپەیمانییبەستن لەگەڵ سی ئای ئەی و بەرەی یەککگرتووە، بۆیە دەبیٚ هەر لایەنێك هەلەکان بۆ خۆی بقۆزتەوە.

زۆری نەبرد تاکەکانی ئەو تیمە تووشی گرفتی تدروستی جۆراوجۆر بوون و دەستیان بە خواردنی حەبەکانی (سیپرۆ) کرد، کەچی یەکێك لەوانە تووشی نەخۆشییەك بوو لە گەدەیدا وای لیّ کرد نەتوانیّ کار بکات، چونکە چەندین جار دەرشایەوە، لەمکاتەدا ریچ نیگەران بوو بۆیە داوای کرد پزیشکێکی ئەو ناوچەیە چارەسەری بکات، کاتێك پزیشکەکە گەیشت پێخاوس بوو و جانتایەکی لە دەستدابوو، بەڵام ئەفسەرەکەمانی چارەسەر کرد.

ریچ درکی بەوە کرد کە هاوپەیمانەکەی توانایەکی زۆری هەواڵگریان نییە، چونکە ئەفغانییەکان شتێکی وایان نەبوو، بەڵام تەنیا زانیاری ناوچەییان هەبوو، کە جەختی لە بەها و ئازایەتی دەکردەوە.

ریچ و تیمەکەی بۆ ماوەی هەفتەیەك مانەوە تیایدا چەندین زانیاری هەواڵگریان ئاڵوگۆڕ کرد، بەمەش دەرکەوت باشترین ریّگەن بۆ هاوکاریکردن، بەمەش ریچ و تیمەکەی توانیان پەیوەندییەکان بژێننەوە.

ئەمەو شا مەسعود، ئەندازێك بە ناوی عارلفی دامەزراند وەك سەرۆکی هەواڵگری و نوێنەری تایبەتی خۆی تا پەیوەندییەکان فراوانتر بێت، بەڵام ئەو کەسە زۆربلێ و گەندەڵ بوو، کەچی لە بواری هەواڵگریدا کەسێکی باش بوو و پشتی پیّ دەبەسترا.

هەروا ئەمرللا سالّح بە فەرمانی عارف کاری دەکرد، ئەمەش دەبێتە خاڵی سەرەکی پەیوەندیکردن لەگەڵ ریچدا، ئەو گەنجێکی قۆز و راستگۆ بوو، هەردەم دەیویست ئەفغانستان ئازاد بیّ، ئینگلیزیی دەزانی و کارایی تەکنیکی هەبوو و هەردەم وەك سەرۆکێك دیار بوو، کاتێك عارف و شا مەسعود دەسەڵاتی زیاتریان پیّ دا بەخێرایی رۆڵەکانی بەدەرکەوت، زۆریشی نەبرد ریچ و تیمەکەی

پەیوەندییەکی کۆدکراویان لەناو ئەفغانستاندا بەدەست گەیشت، ئەمەش وای کرد هەماهەنگیمان لەگەڵ شا مەسعوود و عارف زیاتر ببێت.

کارەکەمان لەو ساتەوە دژ بە قاعیدە و تالیبان بۆ ماوەی چەند مانگێك بوو، بەمەش جۆشوخرۆشی شا مەسعوود و لایەنگرانی زیاتر بوو، چونکە سی ئای ئەی چەندین ئامێری هەواڵگری و داتای بنەڕەتی و پێداویستییەکانی هەواڵگری پارەیان وەرگرت، بۆیە هەردەم شا مەسعوود و بەرەی یەکگرتووە زیاتر راپۆرتی هەواڵگریان پێ داین، ئەوەش لەپاش پەیوەندی و متمانەوە هاتەکایەوە.

هەموو ئەمانە رێگەخۆشکەر بوون زۆرێك لە هاوکاری و هەواڵگری و تیمەکانی دیکە بڵاوببنەوە، لە ماوەی هەشت مانگدا چوار تیمی دیکە زیاتر بوو، بۆیە چەندین کۆبوونەوەی زیاترمان لەگەڵ هاوبەشە ئەفغانییەکانی وڵاتی دەوروبەر ئەنجام دا.

ئۆپراسیۆنە جیهانییەکان...

تەنیا ریچ و تیمەکەی لە بنکەی دژەتیرۆردا دژ بە قاعیدە و هەوادارانی کاریان نەدەکرد، بەڵکو هەموو جیهانیش لەمکارە بەشدار بوون، ریچ و تیمەکەی بەشێکی بچووکی کەرەستەکانی دژەتیرۆر بوون، هاوکات لەلایەن پیاوان و پارەیان بۆ دەهات، بۆیە من و کۆفر و بن چەندین لقی دیکەمان دانا دژ بە حزبی ئەڵڵا و پڵنگەکانی تامیل، لەتەك بیست رێکخراوی دیکە، کە لەریزبەندی تیرۆریستیدا بوون.[1]

---

[1] - بەپێی ریزبەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەرامبەر بە رێکخراوە تیرۆریستییەکان، ئەمەش لەرێککەوتی ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ بڕیاری لەسەر درا.

بەشێك لە لقەكان دڵەڕاوكێ كەوتە نێوانیان ئەمەش شتێكی سروشتییە، تا هەر لقێك ئەنجامی زیاتر بەدەست بێنن، بۆ نموونە یەكەی تایبەت بە حزبی ئەڵڵا چەندین پاساویان هێنایەوە، بەوە ئەو حزبە بۆ ماوەی چەندین ساڵ سەدان لە ئەمریكی و مارێنز و سەرباز و دیبلۆماسییەكانی كوشتووە، ئەو خۆی بە بریكاری سەرەكی رژێمی ئێران دادنێ وەك سەرپەشتیارێكی گەورەی تیرۆرستی نێودەوڵەتی لە جیهاندا و لەناو ویلایەتە یەكگرتووەكاندا، لەلایەكی دیكەوە هێزی شۆڕشگێڕی كۆلۆمبیا یاخیبوونێكی گەورەی ئەنجام دا زیاتریش پەیوەستبوو بە تلیاك، ئەمەش وای كرد سەقامگیری ناوچەكە بخاتە مەترسییەوە، هەروا پڵنگەكانی تامیل پێشەنگبوون لە تەقینەوە و خۆكوژیدا، بەتایبەتی ئەوانەی بە بۆمبەكانەوە خۆیان دەتەقاندەوە و هێرشی دەریاییان دەكرد، لەلایەكی دیكەوە بنكەی دژەتیرۆر چەندین كاری دیكەشی كەوتبووە ئەستۆ، وەك بڵاوەیان پێ كرد بۆ ئۆپراسیۆنی چاودێرییە هەستیارەكان، هەروا راهێنانیان سەبارەت بە پەرچدانەوەی رووداوەكان.

بەشی هەرە گەورەی كارەكانمان لەنێوەندی ئەو یەكانەدا كار و ململانێ و هەوڵدان بۆ ئەوەی ئاوێتەبوون لەنێوانمان بێتە ئاراوە، ئەمەو كۆكردنەوەی زانیاری و شیكردنەوەی بنەمای هەموو كارەكانی بنكەی دژەتیرۆر بوو، گرنگ نەبوو ئەگەر نەمان توانیایە دوژمن دەستنیشان نەكەین لەوەی چ پیلانێك و مەبەستێكی هەیە و هەردەم هەموو پێشبینیەكانی دەوروبەریمان دەستنیشان دەكرد تا زانیاریی هەواڵگری بدەین بە كڕیارەكانمان.

بە گەیشتنم بە بنكەی دژەتیرۆر، نیوەەی هەواڵگرییەكانمان لە سەرچاوە تاكلایەنەكانەوە دەهات، بۆیە ژمارەیەكی بەرچاومان لە راپۆرت بەدەست كەوت سەبارەت بە چۆنیەتیی دژبوونی تیرۆر، هەموو ئەمانەش لە سەرچاوە دەرەكییەكان بۆمان دەهات، ئەمەش شتێكی پەسەندە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ هاوپەیمانەكان،

تەنیا پشتمان بەسەرچاوە دەرەکییەکان نەدەکرد، چونکە بنکەی دژەتیرۆر پێویستی بە سەرچاوەی زیاتری تاکلایەنە بوو تا هەواڵگرییەکانمان بەهێزتر بێت.

ئەفسەرانی ئۆپراسیۆنەکان راوی زۆرێك لە ئامانجەکانی ناوە لە پانتایی جیهاندا، سەرچاوەکانی دژەتیرۆریش تەنیا وا پۆلین دەکرێ بەکردەیی کارەکانیان ئەنجام بدەن، داوام لە هەموو ئەفسەرانی بەشەکانی جوگرافیا کرد، بتوانم تۆڕەکانی کۆمەڵە تیرۆریستیەکان بشکێنن، ئەمکارەش پێویستی بە پاداشت و هاندانێکی زۆری ئەفسەران هەیە، لەگەڵ ئەوەش بنکە داتای زۆرێك لە ئامانجە گرنگەکانی بۆ ناردن، لێرەش باسەکە دەگۆڕێ، ئێمە چۆن بتوانین یەکێك لە تیرۆرستەکان بکەینە بەرکرێگیراوی خۆمان، ئەمکارەش زۆر جیاوازە لە راوکردنی دیبلۆماسییەکی بیانی یان بەرپرسێکی بازرگانی، لەوانەیە ترسناکییەکەی زۆر گەورەتر بێ، لەوانەیە بە هۆی کێشەیەکی دیبلۆماسی بتوانیت یەکێك لە دیبلۆماسییەکان بکەیتە ئامانج، بەڵام لەوانەیە تیرۆرستێك گولەیەك لە یەکێك لە ئەفسەران بدات کاتێك ئەو باسەی بۆ دەکەیتەوە، شتێکی وا رووی دا، لەو کاتەی ئەفسەرێکمان بەجۆرێك رای کرد، چونکە بۆمبێك لەپشتییەوە تەقییەوە.

تەنیا ژمارەیەکی کەم توانیویەتی یەکێك لە تیرۆرستەکان بەکرێ بگرێ، کارەکە زۆر قورسە و پێویستی بەئازایەتییەکی دەگمەن هەیە، هەروا پێویست دەکات بەشێوەیەکی باشتر ئەو ئەفسەرانە راهێنانیان پێ بکەیت.

گرفتی ئەوەمان هەبوو چۆن ئەوانە لەلای خۆمان دامەزرێنین کە خەڵکیان کوشتووە یان پشتگیری لەوانە دەکەن، کە خەڵکیان کوشتووە، چونکە لە کارەکانمان جۆرێك لە سنووری رەوشت پەیڕەو دەکەین، هیچ کاتێك کەسێك تەجنید ناکەین کە پشتگیری لە کوشتنی خەڵك دەکات، بەڵام چی لەو تیرۆرستانە

بکەین کە لەرابردوودا خەڵکیان کوشتووە، کەچی ئێستا دەیانەوێ هاوکاریمان بکەن؟ هەر حاڵەتێکمان وەکخۆی سەیر کرد، چونکە هەندێکجار ئەو تیرۆرستانەی هاوکاریمان دەکەن کێ دەڵێ بەشدارنەبوونە لە کوشتنی هاووڵاتی ئەمریکی؟ بۆیە ئەمە دەخەینە بەردەم وەزارەتی داد تا رێنماییمان بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی تەنیا پشتگیریی ماددی کردووە بۆ کارێکی تیرۆرستی کەچی خۆی گولەیەکی تەتەقاندووە؟ زۆرجاران ئەو کەسانە تەجنید دەکەین بە مەبەستی جوولاندنیان بۆ گەیشتن بە زانیاری هەواڵگری، بەڵام ئەگەر ئەو سەرچاوەیە رۆڵی سەرەکی بینیبێ بۆ کوشتنی بەرپرسێکی بیانی؟ بۆ ئەمەش یەکێك لەبەرپرسە بیانیەکانمان ئاگادارکردەوە تا ئاگاداری خۆی بێت، تا بتوانین سەرچاوەکەمان بهێڵینەوە و لە داهاتوودا سوودی لێ وەربگرین، ئەگەر ئەو جیاکارنەمان کرد بۆ بەکرێگرتنی کەسانێك بۆ زانیاری کۆکردنەوە، ئەوا کارێکی قورسە، بۆیە تەنیا ئەوانە دەهێڵینەوە کە زۆر باشن بۆ کارەکان.

لە ساڵی ١٩٩٩ زۆرێك لە ئەفسەرانی ئۆپراسیۆنی سی ئای ئەی خۆیان تاقی کردەوە، هەندێکیان بەتەواوی ترسناکییەکانیان نەدەزانی و هەندێکی دیکە پاداشت و هاندانیان کەم بوو تا بتوانن ئەو ئامانجە ترسناکانە چارەسەر بکەن، بۆیە کارەکانمان لە بنکەی دژەتیرۆر دەگۆڕا.

لە هەنگاوی یەکەمدا کارمان لەسەر ئەوە کرد چۆن ئەفسەران فێر بکەین تا تیرۆرستەکان تەجنید بکەین، راهێنانەکە چەندین زانایانی دەروونناسی و سەربازگیری لەخۆ گرتبوو، هەر لە سەرەتادا زانیم کەموکورتییەکمان هەیە، بۆیە پێویستیمان بە شارەزاییەکی قووڵتر هەیە، داوام لە دەزگایەکی عەرەبی کرد راهێنەرێکمان بۆ بنێرێ، هەندێك لە هاورێیەکانمان بەشێوەیەك پێیان ناخۆش بوو، چونکە وا دەزانن گومان لە تواناکانیان دەکرێ، بەڵام بیانووم بەوە هێنایەوە

کە ئێمە چەندین کەسمان لە زۆرلای جیهانەوە راهێنان پێ کردووە، ئەی بۆ ئێستا سوودیان لێ وەرنەگرین؟

ئەمەو هاوپەیانە عەرەبەکەمان یەکێك لە شارەزاترین ئەفسەری دژەتیرۆری بۆمان نارد تا بەپێی ئەزموونەکانی هاوکاریمان بکات لە پێشکەوتنی پەیڕەو و پرۆگرامەکانمان، بۆیە دەیان ئەفسەری ئۆپراسیۆنی فێر کرد، بەتایبەتیش لەنێوەندی دەزگای شاراوەدا، راستە تەجنیدی تیرۆرستەکان قورسە، بەڵام دەکرێ.

لەتەك کۆفر باسی دروستکردنی کادری بەهێزم کرد لەنێو ئەفسەرانی ئۆپراسیۆن تا بەردەوام بن لەنێو بنکەی دژەتیرۆردا، بۆ ئەمەش هەر لقێکی سی ئای ئەی چەندین کەس دابمەزرێندرێ، بەڵام کارەکانیان دیاریکراو بێ بۆ فەرمانەکانی بنکەی سەرکردایەتی، وەك ئەفەسەری دەرچووی "کێڵگە"، بۆ ئەمەش دوای چەند مانگێك لە گفتوگۆ ئینجا توانرا چەند هەلێك دیاری بکرێ بۆ ئەو ئەفسەرانەی دەیانەوێ بێنە ناو دژەتیرۆر، بۆیە بەشێك لەو ئەفسەرانەی لە سەرەتادا دەستیان پێ کرد داوای دامەزراندیان کرد، بەتایبەتیش ئەو کەسانە دەشتنیشان کران کە عەرەبیان دەزانی، لە هەمانکاتدا هەندێك کەسمان ناردە خولێك بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا فێری زمان بن، لەپاشاندا پارەکی زۆر دابین کرا بۆ ئەوەی کەسانی دیکە دابمەزرێنین و ئەفسەری زیاتر هەبێ بۆ کارەکانی دژەتیرۆر.

لەلایەکی دیکەوە کۆفر دەستپێشخەریەکی دیکەی کرد و لەپێشتریشدا باسی ئەو بابەتەمان کردبوو، بەتایبەتی سەبارەت بەو سنوورانەی تیایدا تووشی تەنگوچەڵەمە دەبین، هاوکات من و کۆفر سپیپێست بووین لەگەڵ ئەوەی توانایەکی کەمان هەبوو بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی، زۆرێك لە ئەورووپییەکانیش هەمان کێشەیان هەبوو، بۆیە بنکەکەمان پێویستی بەو کەسانە بوو کە لە

ڕەچەڵەکی عەرەبی و فارسی و پشتۆ و تاجیکی و تورکین، هەروا ئەوانەی زمانی دایك دەزانن و کلتووری ئەو شوێنە بەتەواوی دەزانن، ئەمکارەش قورس بوو بۆ کەسانێك وەربگرین مووسڵمان بن و کارمەندی سی ئای ئەی بن، چونکە ئەفسەری وەك من لەو شوێنانە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەدەهێنا.

کۆفر داوای کرد گاری برنتس ببینێ کە یەکێك لە ئەفسەرە گەورەکانی سی ئای ئەی بوو و دەیتوانی دیواری کۆمەڵە تیرۆرستەکان بشکێنێ، ئەو لەو کاتەدا لە ئامادەیدا بوو تا بۆ کارێك بچێتە دەرەوەی وڵات لەپاش ئەوەی بۆ ماوەیەك کاری لەسەر حزبی ئەڵڵا کردبوو، لەپاشاندا گاری توانی هەڵمەتێکی باش بکات تا بتوانێ کەسانێك دامەزرێنێ کە لە ڕەچەڵەکدا خەڵکی ئەوێن.

لەلایەکی دیکەوە نووسینگەی ئاسایشی سی ئای ئەی ڕووبەڕووی کێشەیەك بۆوە، چونکە زۆربەی کاندیدەکانمان خانەوادەی فراوانیان هەیە لەنێو ئەفریقیا و ئاسیا، هاوکات هەمووشیان دەرچوون لە ئامێری پشکنینی درۆ، بەڵام هەموان داوایان کرد مووچەکەیان ڕێکبخرێ بەپێی کارە نوێیەکەیان، بۆ ئەمەش گاری بە هۆی کێشە ڕۆتینییەکان زۆر توڕە بوو، بەڵام هەر بەردەوام بوو لەکارەکان، بۆیە من و کۆفر دەستمان خستە ناو کارەکان بۆ هەموو کێشە ڕۆتینیەکانی سی ئای ئەی .

هەموو ئەمانە وای کرد بنکەی دژەتیرۆر ژمارەیەك لە ئەفسەرە بەتواناکان لەخۆ بگرێ، کارەکانیش دوای چەند ساڵێکی دیکە بەدیار دەکەوێ، کە چییان کردووە، یەکێك لەوانە سەرەچاوەیەکی سەرەکی تەجنید کردبوو کە لەیەکێك لە مزگەوتەکان کاری دەکرد، یەکێکی دیکە خۆی بە بزنسمان لەقەڵەم دابوو توانی تۆڕێکی لۆجستی تیرۆر دابنێ، لەمەوەش توانی زۆرێك لە پەیوەندییەکانی یەکێك لە خانەکانی قاعیدە بکاتە ئامانج.

بەردەوام مکوڕ بووین لەسەر سەرچاوە تاکلایەنەکان، چونکە گرنگییەکی زۆری هەیە لەنێوەندی پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، بۆیەش هەموو دیاریکراوە دەرەکییەکانمان دەستنیشان کرد لەپاش ئەوەی بەشێك لە بابەتەکانمان هەموار کرد، ئەمەش وەك پاراستنی سەرچاوەکەمان، ئەمەش شتێکی نوێ نییە لەنێوەندی دژەتیرۆردا لەوەتەی دامەزراوە.

یەکێك لە وێستگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست توانی راپۆرتی لەسەر یەکێك لە تیرۆرستەکان کۆبکاتەوە کە دەیویست سەفەر بکات بۆ وڵاتێکی ئەفریقی، تیایدا پیلانی بۆ ئەوە رێکخستبوو بە مووشەك و چەکی رەشاش هێرش بکاتە سەر یەکێك لە دەزگاکانی ئەمریکی، بۆ ئەمە وێستگە بەخێرایی رەوانەی بارەگای سەکردایەتی سی ئای ئەی کرد، لە کاتێکدا هەمان وێستگە لە وڵاتێکی ئەفریقی دابوو، ئەو وڵاتە رێگەیەك بوو بۆ چوونە ناو هەموو وڵاتەکانی دیکە، لە سەرەتادا بنکەی دژەتیرۆر بە شێوەی هێما زانیارییەکانی رەوانە کرد، هەروا کۆمەڵەی شیکەرەوەکان زۆر بەخێرایی کاریان کرد، ئەمەش بە هەماهەنگی وێستگەکانی هەردوو کیشوەر تا وەڵامی هەندێکی پرسیاری سەرەکی بدەنەوە.

ئایا تیرۆرستەکان ناسنامەکانیان دەگۆڕن کاتێك ئەوان لە رێگەدان، ئایا ئەو گۆڕینە لە چوارچێوەیەکی کاتێکی دیاریکراوی وردات دەبێ؟ ئەگەر بۆ ماوەی هەفتەیەك دواکەوت، ئایا تۆڕێکی ئەفریقی هەیە چاوەڕوانیان بکات؟ ئایا ئەو دەوڵەتە تێوەگلاوە لەو بابەتە؟ بەڵێ، ئەگەر دۆزرایەوە کامەیانە؟ هاوکات دەوڵەتەکە دیاری کرا بە هۆی کارێکی نەگونجاوەوە کاتێك دەست بەسەر چەند تیرۆرستێکدا گیرابوو، هەموو ژمارەی پاسەپۆرتەکانیان لێك نزیك بوون، کە لەو ماوەیەدا بڵاوکرایەوە لە کاتی رووداوەکاندا، واتە ئەو دەوڵەتەی تێوەگلاوە لەو

کاره تیرۆرسته باڵیۆزخانەی هەیە لە وڵاتێکی ئەفریقی؟ بەڵێ ئەگەر هەبوو، ئایا پشتگیری لەو ئۆپراسیۆنە دەکات؟ بەڵێ.

وێستگەی سی ئای ئەی هەموو ئەو راپۆرتە هەواڵگریانەی لە دەزگایەکی ئەفریقی ناوخۆیی وەرگرتبوو، بەمەش کاریچکی هاوبەش ئەنجام درا وەك وێستگەی هەواڵگری هەموو پیداویستییە تەکنیکیەکانی پێشکەش کرد، بەمەش دەزگا ئەفریقییەکە بە هۆی کارمەندانی خۆی ئۆپراسیۆنەکەی ئەنجام دا، بەگەیشتنی تیمە تیرۆریستەکەش دەزگا ناوخۆییە چاودێرییەکی توندی کردن لە ماوەی هەفتەیەکدا، بەمەش چاودێری و گوێگرتنی لەسەر تەلەفۆنەکان ئەنجام دا، هەروا هەر شتێك لەژوورەکەیان بجوولێ وێنەی دەگرن، بەمەش سەدان وێنە گیرا.

لەلایەکی دیکەوە دەزگا ناوخۆییەکان لەگەڵ بنکەی دژەتیرۆر چاودێری دەیان ئۆپراسیۆنیان کردووە لە هەموو جیهاندا، هەموو تیمە تیرۆریستییەکان لە زۆر شوێن دەستگیر کران بەتایبەتی ئەوانەی لەنێوەندی باڵیۆزخانەکانی خۆیاندا خۆیان شاردبۆوە، دوای دەرچوونیان دەست بەسەر هەموو چەکەکانیاندا گیرا، بۆ ئەمەش زۆرێك لە وێستگەکان چەندین ئۆپراسیۆنی تیرۆریستیان شکست پێ هێنا چ لە ناو ئەفریقیا یان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم ئۆپۆراسیۆنانەش هۆیەك بوو کەمکردنەوەی بەشێکی زۆری هێرشەکان.

لە زۆر وڵات بەشێوەیەکی دیکە کارمان دەکرد، بەڵام زۆرێك لەو وڵاتانە بنکەیەکیان نەبوو بۆ کۆکردنەوەی داتاکان یان توانای ئەوەیان نەبوو هەموو بابەتەکان شی بکەنەوە بەپێی پێوەری جیهانی، بەڵام رۆڵی دژەتیرۆر رۆژ بەرۆژ بەهاکەی زیاتر دەبوو، بەمەش رۆڵێکی بەرچاوی بینی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوە و بڵاوکردنەوە و چاودێریکردنی تۆڕە فراوانەکان، بۆیە رۆڵی کاری

شـاراوەی بنکـەی دژەتـیرۆر ئەگـەر لەگـەڵ دەزگـا ناوخۆییـەکان یـان سەرچـاوە تاکلایەنەکان بێ ئەوا مەزن و بەنرخە و بەپارە ناکڕدرێ.

پەیوەندی دەرەکی و دەزگا ناوخۆییەکان و تۆڕە تاکلایەنەکان زۆر جار کـاری یەکلاکەرەوەیان ئەنجام دەدا و زۆر جاریش دەکەوتنە ناو چەندین گرفتی ئاڵۆز.

یەکێك لە کارە شـاراوەکان راودونـانی گومـانلێکراوان و دەسـتگیرکردنیان و رەوانەکردنەوەیان بوو بۆ ئەو وڵاتانەی کە دەیویست دەستگیریان بکات و لەپاشاندا دادگایی بکرێن، ئەمکارەش لەلایەن بنکەی دژەتیرۆر لەپێش ساڵێکدا ئەنجام درا، لەگەڵ ئەوەی وڵاتەکە هیچ یاداشتێکی دەستگیرکردنی دەرنەکردبوو، بەڵام هاوکار بووین بۆ راودوونانی تیرۆر، زۆرجاریش زۆرێك لە دەزگاکان هاوکاری یەکتر دەکـەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێك، ئێستا ئەمکارە زۆر پەرەی سەندووە بە هۆی ئەنتەرنێت، کاتێك بنکەکە شوێنی راکردووەکە دەستنیشـان دەکـات وێسـتگە پەیوەنـدی بـە حکومـەتی میوانـدار دەکـات و هەڵوێسـتەکە روون دەکاتـەوە: تیرۆرسـتێك لـە وڵاتەکەتاندایە، هەروا بە هۆی وێستگەکەوە دەتواندرێ بەخێرایی دەستگیر بکـرێ و رەوانەی وڵاتی سێیەم بکرێ کە یاداشتی دەسـتگیرکردنی دەرکـردووە، هەنـدێك وڵاتیش هەیە ترسی لەوە هەیە کاتێك تیرۆرسـتەکەی رادەسـت دەکـرێ بـە هـۆی بڵاوکردنەوە، زۆرێك لە وڵاتانیش خۆیان دوور دەخەنەوە لـە رادەسـتکردن، ئەگـەر ئەو وڵاتانەش هەبوو ئەوا ئامرازەکانی گواستنەوەی نییە.

بنکـەی دژەتـیرۆر بـە هـۆی ئـامراز و دەسـەڵاتەوە لەپێشـەنگدایە، دەزگـا ناوخۆییـەکانیش زۆر بـەهێمنی و ئاسـانی راکردووەکـە رادەسـت دەکـەن و دەنێردرێتەوە ئەو وڵاتەی یاداشتی دەستگیرکردنی دەرکـردووە، ئەمـەش رۆڵێکـی کردەیی و گواستنەوەیە.

لەلایەکی دیکەوە پارێزەرەکانی سەر بە بنکە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی داد هەموو رووە یاساییەکان روون دەکەنەوە، چونکە پێشبینی دەکرێ کەسەکە ئەشکەنجە بدرێ لەلایەن ئەو دەوڵەتەی رادەستی کراوە، بۆ ئەمەش کۆمەڵەی ئاسایشی دژەتیرۆری نیشتمانی هەموو ئۆپراسیۆنەکانی رادەستکردنەوە بە هەماهەنگی کۆشکی سپی دەبێ، جگە لەوەی بنکەی دژەتیرۆر دەیان تیرۆرستی دەستگیر کردوە و بەرامبەری دادگایی کردوونەتەوە، بە هۆی رادەستکردنەوەی ئەو تیرۆرستانەش دەیان هێرش پووچەڵ کراوەتەوە.

رۆڵی سەرکردایەتی بنکەی دژەتیرۆر لە هەموو جیهاندا، بۆتە هۆی پەیوەندی و هاوکاریکردنی زۆرێك لە وڵاتان، چونکە زۆرجاران دەزگاکانی چەسپاندنی یاسا و سوپا و هەواڵگری بۆ زۆرێك لە وڵاتان بردووە ئەمەش هاوکاریەکانی پەرەپێداوە، ئەمەش هەنگاوێکی باشە.

هەرزوو زانیم زۆربەی داڵدەکانی دوژمن بەشێوەیەکی باو لەسەر سنوورە نێودەوڵەتییەکانە، بۆیە هەردەم وێنای ئەوەم دەکرد هاوکارییە هەرێمییەکان کارێکی سەرەکییە بۆ ستراتیژیەتێك بتواندرێ دەست بەسەر ئەو ناوچانە دابگیرێ، زۆرجاریش دەزگای هەواڵگریی شوێنێك وردە هاوکارییەکی هاوسێیەکەی دەکات بەتایبەتی ئەگەر هەڕەشەیەکی تیرۆرستی بێ، بەڵام بنکەی دژەتیرۆر دەتوانێ هاوکارییەکی زیاتر بکات بۆ بنبڕکردنی تیرۆر ئەمەش لەنێوەندی کۆنگرەی هەرێمایەتی تا بتواندرێ متمانەی زیاتر لەلایەن هاوبەشەکانمانەوە دروست بێ.

یەکەم کۆنگرەمان لە باشووری ئاسیا ئەنجام دا، ئەمەو هاوبەشەکانمان هاوکاریان کردین لە پووچەڵکردنەوەی هەڕەشەیەکی حزبی ئەڵڵا، بەڵام نیگەران بووین کاتێك زانیمان قاعیدە پەیوەندی هەیە لە فلیپین و ئەندونیسیا و مالیزیا و

سەنگافورە، ئەمەو خالید شێخ محەمەد سەرپەشتی هێرشەکانی لە مانیلا دەکرد، کۆمەڵی ئیسلامی ئەندونیسا لقێك بوون لە قاعیدە و پەرەی دەسەند، هەروا قاعیدە مالیزیای وەك گۆڕەپانێك دانابوو بۆ تەجنیدکردن و شوێنی بەیەکگەیشتن، هەمان کاریش بانکۆك و تایلندی دەگرتەوە، نیگەرانیش بووین لەوەی سەنگاپوورە کە ناسراوە بەشاری دەوڵەت و دەسەڵاتی باش قاعیدە تیایدا هاتووچۆ بکات.

سەرۆکایەتیی تیمی بنکەی دژەتیرۆرم کرد لەکۆنگرەی یەکەمدا، لەپاشاندا بنکە زۆرێك لە کۆنگرەی بەست لە ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتینی، بەمەش زۆر لایەنمان بەرەو پێشەوە برد لەرووی زانیارییەکانەوە، هەموو ئەمانەش هەستێك بوو لەلایەن زۆرێك لە وڵاتان هەمان هەست هەبوو، بەمەش هاوکاریمان بۆ هەرێمایەتی و هاوپەیمانەکانمان ئاسانتر کرد.

پیلانگێڕی هەزارە

لە بنکەی دژەتیرۆردا رۆژانە راپۆرتی کاری شاراوە و هەواڵگریمان بەدەست دەکەوت ئەمەش ئاسانکاری بوو تا بڕیارەکانم بدەم، دیارە ئەمەش بە هۆی ئاوێتە بوونێکی چڕی راهێنانەکان بوو، لە شوێنی کار و لە سەرکردایەتی جێبەجێکار، گوێم لە هەموو ئەفسەرەکان دەگرت چ لەناو بنکەی سەرکردایەتی دژەتیرۆر یان لەدەرەوەدا، لەوان فێری زۆر شت بووم وەکچۆن لەو هاوبەشە بیانییەکانیش فێر بووم، بۆیە هەر ئەفسەرێکی سی ئای ئەی لە هەر شوێنێکی جیهاندا هەبێ لەلایەن ئێمەوە بەڕێوە دەبرا، شەو و رۆژ کاریان دەکرد بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و جێبەجێکردنی ئۆپراسیۆنی شاراوە دژ بە ئامانجە تیرۆریستیەکان.

لەنێوەندی کارکردنم بنکەی دژەتیرۆر، سی ئای ئەی گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا دژ بە قاعیدە و پیلانگێڕی هەزارە، قاعیدە پیلانی بۆ زۆرێك هێرش دانابوو بۆ کوشتنی هەزاران کەس لە زۆرێك لە وڵاتان، بەتایبەتی کاتێك ساڵی ٢٠٠٠ تەواو دەبێ، بۆیە هەموو کارەکانمان وەستاند لەپێش ئەوەی دەست بەجێبەجێکردنی بکەن.

لە کۆتایی هاوینی ١٩٩٩ زۆرێك لە زانیارییەکانمان بەدەست کەوت سەبارەت بە قاعیدە و نیەتەکانی لە هەموو جیهاندا، بۆیە تیمەکانی شیکردنەوە بە هاوکاری کەسانی کۆکردنەوەی زانیاری بەیەکەوە دانیشاند، تا ئاگاداری هەموو شتێك بن بەیەکەوە بەتایبەتی سەبارەت بەئامانجی هێرشکردن بۆ سەر ئیسرائیل و ئوردن و چەند شوێنێکی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروا چەندین راپۆرتمان بەدەست گەیشت سەبارەت بە وڵاتەکەمان و هەموو ئەمانەشمان پێشکەش بە ئێف بی ئای و کۆشکی سپی کرد.

لە کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٩٩ دەیان کەسمان بۆ نێردرا کە سەر بە زۆرێك لە بەشەکان بووین، کاتێك چوومە کۆگاکە سەیری ئەو هەموو راپۆرتەم کرد، کە بەسەریەکەوەن، لە کاتێکدا ئێمە لە سەردەمی زانیاریدایین، کەچی هەموو بابەتەکان زۆر بەسەرەتاییان پۆلینکرابوون، کەچی ئێمە لە پێشەنگەکانی تەکنەلۆجیا و زانیاریدایین، کەچی زۆرێك لە کاغەزەکان لەسەر زەوی کەوتبوون، هەموو ئەو کارانەش تێکرشانی شەو و رۆژی ویستووە.

کۆفر و ریچم ئاگادار کردەوە، کە پێویستە کارگێڕییەکانمان بەرەو باشتر هەنگاو بنێن، بۆ دووبارە گواستنەوەی هەموو ئەو زانیاریانە، بەڵام ئێستا کاتەکەی بەسەر چووە، چونکە لەنێوەندی قەیرانێکی گەورەداین، بەڵام تیمێکم

کۆکردەوە بۆ پۆلینکردنی راپۆرت و شیکردنەوە، ئەمکارەش بەبێ وەستان ئـەنجام بدرێ.

قەیرانەکە بەردەوام بوو، ئەمـەو بنکـەی دژەتـیرۆر تـا ناوەڕاسـتی کـانوونی یەکەمی ١٩٩٩ بە هاوکاری لەگەڵ هەواڵگری دەرەکی و دەزگاکانی پۆلیس لە چڵ وڵات هێرشمان بردە سەر مۆڵگەی تیرۆرستان، واتە لە چـوار کیشـوەردا، سـەرەتا هاوپەیمانەکانمان دوودڵ بوو بەڵام بە هۆی هاندانمان زۆرێك لە هاوپـەیمانی دیکـەش پەیدا بوو، ئۆردونییەکان لەپێشەنگی ئەمکارە بوون، بەمەش تیتیتـی بەڕێوەبـەر رۆڵێکی بەرچاوی گێڕ کاتێك هانی دان و سوپاسی کردن.

قاعیدە پیلانی دانابوو سەدان کەس بکوژێ بە هـۆی سـازدانی ئاهـەنگێکی ئاینی لە ئوردندا کە نزیك لە یـەکێك لـە خاڵـەکانی ئیسـرائیل بـوو، ئامانجیـان هوتێلی رادیسۆن بوو لە عەمان و چیای نبو، ئەمەش شـوێنێکی مەسـیحییەکانە بەدرێژایی زێی ئوردندا، ئەمەو دەسەڵاتی ئۆردونی لـە سـێزدەی کـانوونی یەکـەم شانە تیرۆریستیەکەی بەتەواوی گرت، لە کۆتاییدا بیست کـەس تۆمـەتبار کـرا و لەنێویانیشدا رائد حجازی بوو، کە لە بۆستندا شوفێری تاکسی بووە.

تووشی رووخان و دڵـەڕاوکێ بـووین کاتێـك چـەندین راپـۆرت گەیشـت بـە هێرشکردنە سەر شوێنە ئەمریکییەکان لەناو ئەمریکادا، بەڵام چۆن و کەی؟ ئایـا هێرش دەکەنە سەر واشتنتۆنی پایتـەخت؟ یـان هێـرش دەکـەن سـەر دەزگاکـانی حکومەتی ئەمریکی؟ یان هێرش دەکەنە سەر شوێنی گواسـتنەوەی گشـتی؟ یـان مۆڵە گەورەکان؟ کێن ئەوانەی بەشدار دەبن؟ چۆن بیانناسین؟

لە١٤ی کانوونی یەکەم ئەفسەری کۆچ و کومرگ لە بۆرت ئەنجلسی واشنتۆن، جەزائیریەك بە ناوی ئەحمەد رەسامی دۆزییەوە، کە لەکەنداوە هاتبووە ناو وڵـات،

هینری ا.کرامبتۆن

لەپاشاندا سەدان تەنی کەرەستەی کیماویی و تەقینەوەیان دۆزییەوە لە یەکێك لە کۆگاکانی تایەی ئۆتۆمبیل، هەروا چوار ئامێری دانانەوەیان دۆزییەوە، کە دەتواندرا کاری پێ بکرێ، رەسامی تاوانکار لەلایەن کەنداوە داواکراوە، هاوکات لە ئەفغانستان راهێنانی لەسەر تەقاندنەوەی بۆمبێکی گەورە کردبوو تا لەفرۆکەخانەی لۆس ئەنجلۆس بیتەقێنێتەوە، بەڵام دەستگیرکردنی لە ئەنجامی ئاگایی دەزگای چەسپاندنی یاساوە بوو، ئەوەك لە ئەنجامی زانیارییەکی هەواڵگرییەوە بێ.

ئەمان دەتوانی لەو حاڵەتانە بزانین قەبارەی پیلانگێڕییەکانی قاعیدە چەندە، بۆیە تیمەکەمان لەنێوەندی جەژنی لەدایکبوون و سەری ساڵدا بیست و چوار کاتژمێر لە رۆژێکدا لەکاردابوون.

لە بنکەی دژەتیرۆردا هەناسەیەکی قووڵمان هەڵکێشا، چونکە لە یەکەم رۆژی کانوونی دووەمی ۲۰۰۰ هیچ هێرشێك نەهاتە ئاراوە، هەروا نەمانزانی چەند هێرشمان شکست پێ هێنا و چەند کەسمان لە کوشتن رزگار کردووە.

لەپاش ماوەیەکی زۆر زانیم قاعیدە هەوڵی داوە هێرش بکاتە سەر کەشتییەکی ئەمریکی بە ناوی (زا سولیفان) لە کەناری عەدەنی یەمەن، وەك بەشێك لە پیلانگێڕی هەزارە، بەڵام بەلەمەکەیان نغرۆ بووە، چونکە بارێکی زۆریان لەناو دانابوو، کاتێك لە ئامانجەکەیان نزیك دەبنەوە، لەپاش دە مانگ قاعیدە ریزەکانی خۆی رێکدەخاتەوە و هێرش دەکاتە سەر کەشی جەنگی کۆلی ئەمریکی لە کەنارەکانی عەدەن.

بە هۆی پیلانگێڕی هەزارە و دەزانم کە هەواڵگری ئێف بی ئای لاوازە لە نێو وڵاتدا هانی ئەوەم دا تا کارمەندەکان ئاڵوگۆڕ بکەین لەنێوان بنکەی دژەتیرۆر و

ئێف بی ئای، تا نووسینگەی ریچ بتوانن هاوکاری نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی بکەن و تێ بگەن لەوەی هەڕەشەکان چەندن بەرامبەر بە وڵاتەکەمان، لە کۆتاییدا ئیف بی ئای لە نیۆریوك کارمەندێکی دانا لە بارەگای ریچ، تا هیچ رێگرییەك نەکرێ لەنێوان ئاژانسەکان لە گۆڕەپانی شەڕی دەرەکی و ناخۆیی.

گریگ...

سەرکەوتنی سی ئای ئەی تەنیا پەیوەست نەبوو بە بنکەی دژەتیرۆر، بەڵکو سەدان کارمەند و پشتگیری و شیکرەوە لەنێو ئاژانس و حکومەتدا هاوکار بوون، هەروا دەزگای کاری شاراوە و بەشەکانی جوگرافی کارمەندی شارەزایی بۆ هات، بەمەش پێداویستی لە ئەفسەر و سەرکردایەتی مەیدانی پڕ کرایەوە، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی باڵێکی بەهێزی نیمچە سەربازیی سی ئای ئەیە.

لەنێو هەموو ئەوانە هیچ کامە لە سەرکردەکان نموونەی گریگ نەبوو، کە لەدوی ١١-٩ رۆڵێکی بەرچاو دەبینێ، بۆ ئەمەش لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ دەستنیشانی دەکەم وەك سەرۆکی تیمی بڵاوپێکردنی ترسناك لەناو خاکی تاڵیباندا ئەمەش هاوکارییەکە بۆ تەجنیدکردنی ملیشیاتە ئەفغانییەکان، تا سەرکردایەتی جەنگێك بکات و سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ.

گریگ هەروا بەئاسانی ناخەوێ، ئەو پەروەردەی قووڵایی باشوو و کوڕی خانەوادەیەکە ریشەیان هەیە لەنێو سەربازیدا و گیانێکی جەنگی لەخۆ دەگرێ، ئەمەش هاوبەشی نێوان من و ئەوە، لە مارێنز خزمەتی کردووە و لەپاشاندا پەیوەندی بە چالاکییە تایبەتییەکان کردووە لە سی ئای ئەی، ئەمەو بۆ ماوەی

بیست ساڵ لەئەفریقیا و بەلکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خزمەتی کردووە، ئەو باشترین کەسە لە ئەفسەرە نیمچەسەربازییەکانی سی ئای ئەی.

زۆرجاران من و گریگ گفتوگۆمان کردووە بەپێی ئەوەی من یاریدەری سەرۆکی دژەتیرۆر و بەرپرسم لە هەواڵە نێودەوڵەتییەکان دژ بە کۆمەڵە تیرۆریستەکان، ئەویش لە بارەگای سەرکردایەتی خزمەت دەکات، هەروا ئەو یەکێکە لەو سەرکردانەی بەشی چالاکییە تایبەتییەکان و بەرپرسی هێزە مەیدانییەکانە، بەمەش بنکەکەمان پێویستی بەوە بوو پەیوەندییەکی توندی هەبێ لەگەڵ بەشی چالاکییە تایبەتییەکان، دیارە هەموو ئەو پەیوەندیانە بنکەمانی بەهێزکردووە لەڕووی ئۆپراسیۆنە هاوبەش و پرۆژە و ڕاهێنان بەتایبەت ئەوەی پەیوەست بوو بە بڵاوەپێکردن لە ئەفغانستان، هەروا ئەو بەشە چەکی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوویی پێ بەخشین، هەردەم خۆشیم دەبینی لە وتەی گریگ چونکە زۆربەی قسەکانی فراوان و گاڵتەیی بەخۆیەوە دەبینی.

ئەو باڵایەکی مامناوەندی هەیە لاوازە بەڵام بەهێزە وەك پۆڵا، هەردەم مۆدیلی قژی دەگۆڕی، ئەو کەسێکە پڕە لە وزە و توانا، هەر کاتێك هەستی بە دڵەڕاوکێ بکردبوایە سەبارەت بەبابەتێك یەکسەر وەرزشی ڕاکردنی دەکرد بۆ ماوەی چەند میلێك، زۆرجاریش وەرزشی ڕاکردنی لە گەرمای نیوەڕۆیان دەکرد.

جارێکیان یەکێك لەپێیەکانی بریندار بووبوو، بەڵام هەر بەردەوام بوو لە ڕاکردن، بەڵام بەشێوەیەك لەشێوەکان چاك بوو بۆوە، بەبیرم دێ جارێکیان هاتە ژوورەکەم واتە دوای ڕووداوەکانی ١١-٩.

-سڵاو سەرۆك، ئایا تۆ سەرقاڵی، (بینیم سەری لەدەرگا هێنا ژوورەوە).

هونەری سیخوڕی

-بێگومان من سەرقاڵم، ئێمە لە هەموو شوێنێکدا راوی ئەو تیرۆریستانە دەنێین، دەمەوێ کاری زیاتر بکەین ئەگەر پێمان کرا.

هاتە ژوورەوە و لەسەر ئەو تاکە کورسییە دانیشت کە لە ژوورەکەمدا هەبوو.

وەك پێشتر جلوبەرگەکانی بەتەواوی ئوتوو کرابوو، ماسولکەکانیشی وەك تەلی نەخشێندراو وابوو، دانیشتنەکەمان لەنهۆمی خوارەوەی ژوورێك بوو بەبێ ئەوەی پەنجەرەی هەبێ.

ئێمە لە کۆتایی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ دابووین، لەو کاتەی توانیمان زۆرێك لە پیلانگێڕییەکان شکست پێ بهێنین هەردەم هەستمان بە شانازی دەکرد، بۆ ئەمەش ساندی برگری راوێژکاری ئاسایشیی نەتەوەیی وا وەسفی کرد کە ئۆپراسیۆنەکانمان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لەنێوەندی مێژوویی بەربەرچدانەوەی تیرۆر و سوپاسی کردین، کەچی کۆشکی سپی و جەماوەر وەك ئەوەی ئاگاداری هیچ نەبن بەرامبەر بە هەوڵەکانی دوژمن، ئێمەش چۆن ئەو پیلانگێڕییە تیرۆریستیەمان شکست پێ هێناوە، دڵتەنگ بووین لەوەی کۆشکی سپی ناتوانێ گەورەیی ئەو هەڕەشەیە حسێب بکات.

گریگ بەو جۆرە بابەتانە دڵتەنگ دەبوو بەتایبەتی دڵتەنگ لەوەی حکومەتی ئەمریکی لەپاش ئەو هەموو بەڵگەیە و دەرخستنی نیەتی قاعیدە وەك ئەوەی هیچ نەبوو بێ، واتە بڕیاردەرەکان بە چاوی رەزامەندییەوە ناڕواننە کارەکانمان.

لێی پرسیم: ئەوانە لەوێدا چی دەکەن؟

-لە وەڵامدا گوتی: لەراستیدا پێویستە ئێمە لەجەنگدا بین، لەو کاتەی سەرۆك و نەتەوەکەمان نازانن ئێمە لەجەنگداین.

هینری ا.کرامبتۆن

" ئەوان خەڵك لە نایرۆبی و دارسەلام دەکوژن، لەپاشاندا پیلانگێڕی هەزارە ڕێکدەخەن، ئەوانە بەگاڵتەوە باس لە دەستگیرکردنی و دۆزینەوەی بنلادەن دەکەن، ئەمە مانای چییە؟ ئایا ناتوانین بیکوژین یان دەستگیری بکەین؟ پێویستە خۆمان گلۆپی سەوز داگیرسێنین، هەروا پشت بە پیاوانی خێڵە ئەفغانییەکان ببەستین، بەڵام ناکرێ زۆربەیان هەتا ناشتوانن بخوێننەوە، ناتوانین زاڵ بین بەسەریاندا، هەتا کەس لەنێو ئەم باڵەخانەیە درك بەو بابەتە ناکات".

-من لەو باڵەخانەیەم.

-تۆ و کۆفر درك بەوە دەکەن، هەروا بەرێوەبەریش، بەڵام نازانم چەندی دیکە درك بەو بابەتە دەکات... بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە تۆش ئاگاداری.

-سوپاس

-سەرچاوان.

"گوێبگرە ئەو کاتە دێ، بەڵام ئەو کاتە زۆر ناخۆش و قورسە، ئەو کات دەبێ لەناو شاردا وەڵامیان بدەینەوە و ئەمەش دەبێتە ڕشتنی خوێنێکی زۆر".

لەپێشتردا ئەم دارشتنە میلودرامیەم لەگەڵ سەرۆك بەشەکانی سی ئای ئەی باس کردووە، هانمدان لە ئامادەباشیدا بن، لەوانەیە بەرپرسانی بەشی جوگرافی وا تێگەیشتوون من بانگەوازی شەڕ دەکەم یان بیرۆکراتیەکی فێڵ زانم، یان وا تێگەیشتبن تا کەرستەیەکی زیاتر بۆ دژەتیرۆر بەدەست بێنم و دەستم بخەمە دەستی دەسەڵاتەکانەوە تا کارەکانمان بکەین، تێگەیشتنی ئەوان لەوانەیە لەجێگەی خۆیدا بێ چونکە بەشێك لە سەرکردەکانی سی ئای ئەی دەستیان خستبووە کاری دەوڵەتەکانی دیکەی نێو ئەفغانستان، لە کاتێکدا کارەبا تەنیا شەش لەسەدا گەیشتۆتە ئەوێ، ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ هەموو جیهان و

هێزە زەبەلاحەکان، ئێمە لە جەنگدابووین، بەڵام لـە زۆر حاڵەتـدا درکمـان بـەوە نەدەکرد، چونکە هیچ کاتێك رووبەڕووی شتی وا نەبووبووینەوە.

زۆر بەبێزاییەوە گوتم" گوێبگرە تۆ لە هەموو کەسێك زیاتر ئـەوە دەزانیـت، تەنیا کۆمەڵێك ئەفسەر هەن ئامادەن بۆ جەنگ لەبەرامبەر قاعیدەدا، ئەو کـارە دەخەینە سەر ئەستۆی خۆمان، تەنیا ئێمە هەین، بەڵام ئەم کارە زۆر قورس دەبێ، زۆر کـەس هـەن نـاتوانن درك بـەوە بکـەن، بـەجۆرێك یاریـدەری بەڕێوەبـەری ئۆپراسـیۆنەکان دەیـەوێ راهێنـانی نیمچەسـەربازی ئەفسـەرەکان بوەسـتێنێ، بەبیانووی ئەوەی پێویست ناکات".

گریگ بەهێواشی گوتی" بەڵێ گوێم لەوە بووە، چۆن بەرگری هەیە، زۆربەیان شێتەکانی پنتاگۆنن".

لەپاش بێدەنگییەك گوتم " پێویست ناکـات خۆمـان لـەو بابەتـە بـەهیلاك بـدەین، ئێمـە نەتەوەیـەکی مـەزنین، هـەروا پیـاو و ئـافرەتی مـەزنمان هەیـە و لەخزمەتدایە، بەڵام ئێمە هەڵەکە دەقۆزینـەوە، پێویسـتە لەئامادەباشـیدا بـین و هانیان بدەین، تەنیاش ئەوەندەمان پێ دەکرێ، نـاتوانین کەرەسـتەی زیـاتر دابـین بکەین، ئێمە سیاسەت دانانێین.

بەو قسانە بێزار بوو و لەپاش چەند چرکەیەك لەسەر کورسییەکە هەڵسـایە و بەرەو دەرگاکە رۆیشت و گوتی "من دەچم کەمێك رادەکەم".

ئەحمەد شا مەسعوود

پیلانگێڕی هەزارە جەخت لەوە دەکاتەوە چۆن تێ بگەین لە پیلانی قاعیـدە، ئەمەش وەك سەرەتایەك بۆ کۆکردنەوەی هەواڵگرییەکان واتە شکاندنی ئاسایشـی سیاسی لە ئەفغانستاندا.

بنکـەی دژەتـیرۆر چـەندین ئۆپراسـیۆنی لـە ئەفغانسـتاندا ئـەنجام دا و دەستکەوتیشی هەبوو، ئەم ئۆپراسـیۆنانەش هـەواڵگری مرۆڤایـەتی و تـەکنیکی بوو، بۆ هەر یەك لە تۆڕەکانی تاکلایەن و دەزگا ناوخۆییەکان، پێویستم بـەو بـوو سەردانی ئەو ناوچەیە بکەم کـە ئەحمـەد شـا مەسـعوود و یـەکێك لـە ئەفسـەرە هاوبەشەکانی دەزگای ناوخۆیی و سەرۆکی بەرەی یەکگرتوو بکـەم، لەپێشتریشـدا تیمێکمان بۆ ئەفغانستان نارد تا پشتگیری لە شا مەسعوود بکات، ئێمـە ئێسـتا پلان دادنێین ئەو هاوکارییە فراوان بکەین.

لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٠ لەگـەڵ مایـك سـەفەرمان کـرد، بـۆ ئاسـیای ناوەڕاست، مایك بەڕێوەبەری بنکەی دووەمە لـە سـەرکردایەتیی بەشـی ئاسـیای ناوەڕاست، لەگەڵ دەزگـا ناوخۆییـەکان دانیشـتین و بەدواداچـوونمان بـۆ بەرنامـە هاوبەشەکانمان کرد بۆ بنبڕکردنـی تـیرۆر، بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژ سـەیری سـتووری ئەفغانستانمان کرد و لەگەڵ بەرپرسی ناوچەکە کۆ بووینەوە، ئەو کاتە لەسەر زێـی ئامۆ داریا بوو و لـەوێوە سـەیری داڵـدەی تیرۆریسـتە ئەفغانییـەکانم کـرد، کـە دوورییەکەی تەنیا چەند مەترێك بوو، بێ ئومێد بووم لەوەی سی ئای ئەی بتوانێ لێرە بەردەوام بێ، بۆیە تاکە بژاردەم بەرەی یەکگرتوو بوو لەگەڵ شا مەسعوود، بۆ ئەمەش من و مایك بۆ لای شا مەسعوود ڕۆیشتین.

هونەری سیخوڕی

ئەفسەرێکی ناوچەیی لەگەڵمان هات ئەو کەسێکی زۆربلێ بوو، بە هیچ شێوەیەك لەناو دەزگای شاراوە جێگەی نابێتەوە، چەندین کاتژمێر بەرێگاوە بووین و دەم نادەم قسەی قۆڕ و بێ مانای دەکرد، هەتا وام بیرکردەوە لە شوێنێکی دوورەدەست جێ بهێڵین، بە مایکم گوت هەر هیچ نەبێ ئەو ئەفسەرە دەربکەین، کەچی مایك گوتی سەرەتا دەبێ کارەکەمان تەواو بکەین.

یەکێك لە سنوورەکانمان تێ پەڕاند و لەپاشاندا سواری فڕۆکەی یاك ٤٠ بووین و چیایەکانمان بڕی و گەیشتینە دۆشنبێی تاجیکستان، شارێکی زۆر ناخۆش و پیس بوو لە هەموو لایەکەوە چیایەکان دەوری دابوو، بەڵام بەفرەکەی دەبریسکایەوە، هەروەها ئەو شوێنە بنکەیەکی زۆر گرنگە بۆ بەرەی یەکگرتووە و بنکەی دژەتیرۆر بەرامبەر بە ئەفغنستان.

لە یەکێك لە بنکە گرنگەکانی چاوەڕوانی شا مەسعوودمان کرد، بە مایکم گوت تەنیا ئێمە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە دەکەین.

ئەحمەد شا مەسعوود جەنگاوەرێکی ئەفغانییە، زۆر جاریش بەزیی بە هیچ نایەتەوە، هاوکات بەدرێژایی دە ساڵ نەی هێشت سۆفیەت بچێتە ناو دۆڵی بنجشێر و وەك پاڵەوانێك نازناوی "شێری بنجشێر"م پێ بەخشیووە، ئەو پێکهاتەیەکە لە حکومەتی ئەفغانی لێکترازاو کە لەپاش پاشەکشەی سۆفیەت دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام زۆری نەبرد شەڕی ناوخۆیی دەستی پێ کرد ئەمەش وای کرد تاڵیبان بەدەربکەوێ، شا مەسعوودیش چووە نیشتمانەکەی خۆی لە بنچشێر و بووە سەرکردەی بەرگریکاری ئەفغانی دژ بە تاڵیبان، ئەم چاوپێکەوتنە یەکەم و دوا چاوپێکەوتن دەبێ لەو کاتەدا.

هینری ا. کرامبتۆن

ئۆتۆمبیلەکەمان بەرەو شەقامێکی تەسک رۆیشت و ئەولا و ئەولای شەقامەکە دارودرەخت بوو، مایك سەیری دەرگاکەی کرد، کەشەکە لەژوورەوە تاریك بوو، بەرەو ژوورێکی بچووك رۆیشتین کە چەندین دار دانراوبوون بۆ سووتاندن و بۆنی سووتانم کرد، لەژوورەوە مێزێکی نزم دانراو بوو لەسەریشیدا چەندین چەرەز و زەڵاتە دانرابوو و چەرەزەکەش لۆز بوو، لەتەکیشدا کتلییەکی چا، کە لەدەوریدا چەندین پیاڵەی نەخشێندراو بەسیرامیك دانرابوو.

شا مەسعوودی باڵابەرز و بەهێز بە خەندەیەکی گەرم پێشوازی لێ کردین، تەوقە کردنەی بەتوندی نەبوو و بەهێمنی جوولەی کرد، هەروا عەبدوڵڵاش پێشوازی لێ کردین، کە وەزیری دەرەوەی بەرەی یەکگرتوو بوو، هاوکات ئەمرلڵا رۆڵی وەرگێڕانی دەبینی، شا مەسعوود بە زمانی تاجیکی قسەی کرد، لەگەڵ کەمێك فەرەنسی.

من و مایك سڵاو و رێزی تینیتی بەڕێوەبەرمان پێ گەیاند، هەروا شا مەسعوود پرسیاری سەبارەت بە ریچ کرد و کەمێك قسەی خۆشمان کرد.

لەپاشاندا گفتوگۆیەکی دوورودرێژمان سەبارەت بە تاڵیبان و خێڵە ئەفغانییەکان کرد لەتەك ئەو دەرزە هەواڵگریانەی کە لەلایەن سی ئای ئەیەوە هاتۆتە کایەوە، هەروا باسی پێداویستە هەواڵگرییەکان و تێکدان و وێرانکردن و سیاسەت کرد، شا مەسعوود چاودێرێکی سیاسی زیرەك بوو، چەندین پرسیاری گرنگی سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد، پرسیاری سەبارەت بە ئێران و پاکستان و ئۆزباکستان کرد، هەروا لە هەموو شتێك زیاتر دەیویست زیاتر سەبارەت بە قاعیدە زانیاری هەبێ، واتە چۆن و کەی دەتوانێ هێرش بکاتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندیەکانمان؟ چۆن دەتوانین بیوەستێنین؟

نزیکەی دوو کاتژمێر قسەمان کرد و بەردەوام چامان دەخواردەوە و لۆزمان دەخوارد و لەبەرامبەر ئاگرەکە دانیشتبووین، لەو کاتەی لەدەرەوەدا بەفر دەباریێ، نزیکەی تەواوبوونی کۆبوونەوەکانمان شا مەسعوود پرسیارێکی دیکەی کرد و زۆر بەهێمنی و بەڕێزەوە و بەدەنگێکی قورس و پڕ لە ناوەڕۆك گوتی:

"ئایا حکومەتی ئەمریکی گرنگی بەبنبڕکردنی قاعیدە دەدا و دەیەوێ بنلادن بکوژێ، زیاتر لەوەی گرنگی بە گەلی ئەفغانستان بدات؟".

سەیرێکیم کرد بە روونی پێم گوت :قاعیدە.

وەڵامێکی ئاساییە چونکە سی ئای ئەی کارەکەی بەپێی فەرمانی کۆشکی سپییە، هیچ گفتوگۆیەك نییە سەبارەت بە هاوکاری مرۆڤایەتی و داهاتووی ئەفغانستان یان کارێك بکرێ سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە، هەردەم شا مەسعوود درکی بەوە دەکرد کە هەردەم دوو رێگە هەیە یەکەمیان شەڕکردن لەگەڵ دوژمن، دووەمیان تێگەیشتن لەگەل و راکێشانی تا دەستکەوت بەدەست بێنێ، ئەوەش هیچ پاساوێك نییە، بەڵکو سەرەتای سیاسەتی هەر سەرکەوتنێکی بەردەوامە.

هەردەم لەبیرمە چۆن وەڵامی دامەوە کاتێك سەر لەقاند و خەندیەکی بێ ئومێدی نواند.

لەپاش ئەمە لەپێش ١٨ مانگ هەروا لەپێش دوو رۆژ لە رووداوەکەی ١١-٩ چەکدارەکانی قاعیدە شا مەسعوودیان کوشت لەپاش ئەوەی بەجلوبەرگی رۆژنامەنووس چووبوونە لای، ئەمەو بۆمبە شاراوەکە لەنێو کامیرای ڤیدیۆیەکەدا تەقییەوە، دوژمن دەیزانی بەهای شا مەسعوود چەندە لەلای ئێمە بۆیە کوشتیان، دەشکرێ هاوپەیمانە ئەفغانییەکان بەبێ سەرۆك بمێننەوە، لەپاش ئەوەی هێرشیان بۆ ناو ئەمریکا کرد.

پێدەچێ دوژمن کەسی وەك شا مەسعوود بەکەمزانبێ، کاتێك بەردەوام هاوبەشمان بوو.

بریداتۆر

سەرەڕایی هەموو سکاڵاکانمان سەبارەت بە وەڵامنەدانەوەی حکومەتەکەمان دەربارەی قاعیدە، دەستپێشخەریەکی نوێ وای کرد پێداویستی بڕیاردەرە سیاسییەکان بهێنێتە پێشەوە، ئیدارەی ئەمریکی دەویست زانیاری کۆبکەینەوە لەمەڕ ئەوەی ئوسامە بنلادن لەوانەیە لە شوێنێکی چەسپاو بێ، بۆ ئەمەش دژەتیرۆر بۆ ماوەی چەند ساڵێك چەندین زانیاریی وردی لە سەرچاوەکانی هەواڵگرییەوە دەستکەوتبوو سەبارەت بە بوونی ئوسامە بنلادن لە شوێنێکی چەسپاو ئەمەش پاساوی دا بەدەستەوە تا کارێکی کوژێنەر ئەنجام بدەین، بەڵام بڕیاردەرە سیاسییەکان گۆمانیان لە تۆڕی هەواڵگریمان هەبوو، بۆیە دەیان ویست چاویی ئەمریکییەکان زیاتر لەسەر ئامانجەکە بێت.

لە کانوونی دووەمی ۲۰۰۰ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی یاداشتێکی دەر کرد تیایدا چەند ڕێنمایەك ئاراستەی سی ئای ئەی کرابوو، ئەویش بە دۆزینەوە ئامرازێك بۆ دۆزینەوەی بنلادن بە بەڵگە، تا ببێتە تاکە بەڵگە، بۆ ئەمەش وەزارەتی بەرگری ڕەتی کردەوە سەربازەکانی بنێرێت بۆ گۆڕەپانی شەڕ، بۆیە پێویستی دەکرد پرۆسەی گەڕان بەردەوام بێ، هاوکات جەختیش لەوە کرایەوە کە بنکەی دژەتیرۆر چەند تیمێکی ناردووە بۆ ئەفغانستان بۆ گەڕان، تا لەدواتردا ئەوەی سوپا پێی دەکرێ بیکا، دیارە ئەمەش ڕەت کرایەوە لە ئێستادا، چونکە پرۆسەی چوونە ژووری سوپا زۆر ئاسانە، بەڵام ترسناکییەکەی قورسترە.

هونەری سیخوڕی

لەپاشاندا قسە لەسەر ئەوە کرا، کە دەتوانین بنکەیەك لەناو ئەفغانستاندا دابنێین، بەتایبەت لە دۆڵی بنجشیر، وەك شوێنێك بۆ ناردنی کارمەندانی سی ئای ئەی کاتێك لە پرۆسەی گەڕاندان، بەڵام ئەمە لەلایەن هاوپەیمانە ئەفغانییەکانمانەوە رەت کرایەوە، لەپاشاندا سەرکردەکانی سی ئای ئەی بەهەمان شێوە ئەمەیان رەت کردەوە، چونکە ئەم پرۆسەیە ترسناکە و خەرجییەکی زۆری دەوێ.

بۆیە دەبوایە ئامرازێکی دیکە بدۆزینەوە.

ئەنجوومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی لە یاداشتەکەی سی ئای ئەی دەستنیشان کرد، بەدیاریکراویش بنکەی دژەتیرۆر، چونکە خودی هەواڵگری ئەو ئۆپراسیۆنە ئەنجام دەدات، لە کاتێکدا کارایی و دەسەڵاتی بەدەستهێناوە بە هۆی ئەو یاداشتەوە فراوانی کردووە، لەمەوەش بنکەی کردەییەکان بەتەنیا دەوامی تەواویان دەکرد بۆ ئەوەی هەموو رووییەکی پلانی قاعیدە بزانن، لە کاتێکدا ئێمە تاکە کیان بووین لە هەموو حکومەتی ئەمریکی کە لەسەر بنلادن و قاعیدە کار دەکەن، ئەمەش بەتایبەتی لە ئۆفیسەکەی ریچدا.

من و ریچ پەیوەندییەکی کاری نوێمان پەیدا کرد، ئەو هەردەم سکاڵای لەوە دەکرد، کە کەرەستە و ماددەکانی کەمن، هەردەمیش داوام لێ دەکرد کاری مەحاڵ بکات، بۆیە نزیکبوونەوەی ئێمە لەیەکتری بووە هۆی پاڵەپەستۆیەکەی زیاتر.

ریچ هیچ کاتێك ماندوو نابێ، ئەو کەسێکی راستگۆ و زیرەکە، هەردەمیش تیمەکەی بەرەو بەهێزتر دەبات، هەردەم سەرۆکەکانی بەدەنگ سەرۆکایەتی ئەوەوە دەهاتن، بەڵام ئەو زیاتری دەویست، هاوکات زۆرێك لەوانەی تەجنید کرد، کە

کەسانی ئازا و هەردەم گرفت دەنێنەوە، هەموو ئەوانەش هەر کاتێك داواکاری زیاتریان هەبوایە بۆی جێ بەجێ دەکردن، هەموو ئەمانەش هۆیەکە تا سەرۆکەکانی باشتر بەدەربکەون.

ریچ لە مانگەکانی داهاتوو بە هۆی ئاستە باشەکانی دەبێتە جێگەی سەرسوڕمان، لەو کاتەی سیستەمی گەڕانی بەهێزتر، ئەمەش وەك شۆڕشێك وابوو لە کۆکردنەوەی هەواڵگریدا، هەروا وەرچەرخانێك دەبێ لە هەموو بوارەکانی جەنگ.

ریچ کاری لەسەر هەموو ئەو گرفتانە کرد، کە ئاڵنگاریین لەپێش تەکنیك و ئەو گرفتانەی لەنێوان ئاژانسەکاندا هەیە، هەموو ئەمانەش لە یاداشتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هاتبوو، لەسەرەتادا رووی لە ئەفسەرێکی گەنج بەتوانا کرد، ئلیك پسپۆڕ بوو لە نێو هەواڵگری پنتاگۆندا و رەوانەی تیمی ری کرابوو، ئەو وەك خۆبەخشێك چوو بووە ناو سووپا و شایستەی ئەوە بوو پلەی بەرز بکرێتەوە لە کاتێکدا لە کۆریا خزمەتی کردبوو، لەپاشاندا هەواڵگری وەك شیکرەوەی پنتاگۆن بەکاری هێنابوو، هاوکات کرابووە سەرۆکی ئۆپراسیۆنەکان لەپاش تەقینەوەکانی خوبەری ١٩٩٦ وەك شانەیەکی ئامانجگیری هاوبەش، ئلیك لەو شانەیە کارکرد تا هەردوو تەقینەوەی ١٩٩٨ لە رۆژهەڵاتی ئەفریقیا، دواتر لەدەستبەکاربوونی من و ریچ لە ئابی ١٩٩٩ هاتە نێو بنکەی دژەتیرۆر.

یاداشتەکەی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ داوایکردبوو لە ماوەی نۆ مانگدا چارسەرێك بدۆزنەوە، ریچ و ئلیك لەو کاتەی گفتوگۆیان لەو بابەتە دەکرد، یاداشتەکەیان لەدەست دا بوو، بۆ ئەمەش بەدوای وەڵامدا دەگەڕان، چەندین تاقیکردنەوەیان لەسەر ئامێری بینینی چەسپاو ئەنجام دا، بیریان لە بەرزکردنەوەی

بالۆنی گەورە کردەوە، بەڵام شارەزایان پێیان ڕاگەیاندن کە بایەکە بالۆنەکە بەرەو چین دەبا، ئەمەش کارێکی باش نییە، لە کۆتاییدا بیرمان لە فرۆکەی بێ فرۆکەوان کردەوە، هەموو لایەك ڕازی بوون بەوەی ئەمکارە سەردەکەوێ.

کۆمەڵەیەکی زۆر لە بەرپرسان ئەم دەستپێشخەریەیان پێ باشبوو بۆیە لەرووی سیاسییەوە جوولەیان پێ کرد، ڕیچارد کلارك ڕۆڵی سەرکردایەتی دەبینی سەبارەت بەو یاداشتەی کە ئەنجوومەنی ئاسایش دەری کردبوو، هەروا چارلی ئالن یاریدەری بەڕێوەبەری کۆکردنەوەی هەواڵگری لەگەڵ ئەمیرال فرای لە ئۆپراسیۆنی پنتاگۆن ڕۆڵێکی بەرچاویان گێرا لەمبارەیەوە، کلارك توانی هەموو گرفتە بیرۆکراتییەکان لابەری لەلایەن ئاژانسەکان و وەزارەتی بەرگری، بەتایبەتیش یەکەی فرۆکەوانی، بەتایبەتی ئەوانەی ڕقیان لەوە بوو فرۆکە بێ فرۆکەوان بفڕێ، لە کاتێکدا لە سی ئای ئەی تینتی بەڕێوەبەر لەوە تێگەیشتبوو کە ئەو کارە پێویستە، بەڵام دڵنیا نەبوو لە ترسناکیی ئەو پرۆسەیە، دیار بوو بافێت لەگەڵ هەموو هەوڵەکاندا بوو، بەڵام من و کوفر هەردووکمان لەرووی تەکنیکییەوە گومانمان هەبوو، پێمان وابوو پێویستە تاقی بکرێتەوە، چونکە پیلانگێڕی هەزارە کارەساتێکە بۆ خۆی، هەردەبێ لەبار ببرێ، قاعیدە دەیەوێ هێرشی زیاتر بکات، بۆ ئەمەش کۆفر پێنج ملیۆن دۆلاری لە بودجەکەی تەرخان کرد بۆ پرۆگرامی فرۆکەی بێ فرۆکەوان، ئەمەش پێکهاتەیەکی گەورە بوو، لەرووی ناوخۆییەوە باسی فرۆکە بەکارێکی گونجاو سەیر دەکرا، لە کاتێکدا بەبێ فرۆکەوان دەفڕێ، هەروا پێویستی بە مانگی دەستکرد نییە، لەلایەکدا سەرۆکی بەش ویستی ئەو بەرنامەیە پەسەند بکات، بەو شێوەیە ڕیچ و ئلیك چوونە دەزگای فرۆکەوانی تا "بریداتۆر"یان دۆزیەوە، ئەو فرۆکەیە بە شێوەیەکی گونجاو کارەکانی لە بەلکان ئەنجام دابوو، بۆیە شێوەیە تەکنەلۆژیایەکی چەسپێندراو بوو، لەپاشاندا ڕیچ و

ئلیك چوونە ناو یەکێك لە دەزگاکانی هێزی ئاسمانی تا ئەو فرۆکەیە لە یەکێك لەمۆڵگەکان بدۆزنەوە، لەوێش بینیان تۆز هەموو لایەکی فرۆکەکەی داگرتبوو.

"بریداتۆر" ئامێرێکی ساکارە وەك فرۆکە شیراعییەکان بوو، دوو مەکینەی هەبوو کە پانکەیەکی پێ دەخولێتەوە، هەردوو لابالی ٥٥ پێ بوو، درێژیەکەشی ٢٧ پێ بوو، بارەکەی ٤٥٠ رەتلە، بەبەرزی ٢٥ هەزار پێ بەرز دەبێتەوە بەشێوەیەکی خێرا دەگاتە ١٣٨ میل لە کاتژمێرێکدا، بۆ ماوەی چل کاتژمێر لە ئاسماندا دەمێنێتەوە، هەموو ئەو تواناییانە لەگەڵ پێویستییەکان هاوشان بوو، بەتایبەتی توانای مانەوەی بۆ چەندین کاتژمێر و زۆریش بەرزدبێتەوە و زۆریش زەحمەتە رادار بیبینێ، ساکارییەکەشی هۆیەکە بۆ دڵنیایی و بەهێزی.

ئێمە لەبنکەکەدا بە شتێکی ساکارمان زانی، بەڵام سیستەمی فڕین بەبێ فرۆکەوان کارێکی ئاڵۆزە، بۆیە سەرکردایەتی پەیوەستی کرد بە کەشتی ئاسمانی، لە سەرەتادا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا، چونکە دەبێ هەموو ئامادەکارییەکانی لۆجیستی دابین بکرێ بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی، لەوانەیە ببێتە ئالنگارییەکی دیکە سەبارەت بەبواری ئاسمانیی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە هاوبەشەکان و ئەو بابەتانەی پەیوەستە بەسەروەری نیشتمانی.

جگە لەوەی ئەم سیستەمە چەندین پرسیار لەخۆی دەگرێ چ لەرووی سروشتی جەنگ، لەوانەشە مووشەکی هلفایەر لە فرۆکەکە بخرێ.

تیمی ریچ پێویستیان بەوە بوو تا فرۆکەی بێ فرۆکەوان پەیوەست بکەن بە سیستەمی فرۆکەوانی، لەدواتریشدا دەچنە ناو سیستەمێکی ئاڵۆزتر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە هەموو سەرچاوەکانەوە، لە سەرەتا ویستمان بنکەیە بۆ بریداتۆر دابنێین، لەپاشاندا لەچ شوێنێك بەکاری بێنین، بۆ ئەمە ئامرازەکانی

بینین چەندین وێنەی شوێنە بەرزەکانی نیشان داین، لەتەک ئەوەی بینین هەر بەتەسکی مایەوە، کارەکە وای لێ هاتبوو لەئاسماندا لولەکی کۆکاکۆلا ببینین، هەروا دەبوایە بە هەموو سەرچاوەکانی هەواڵگری رابگەیەندرێ کە بریداتۆر لە شوێنێکدا دەفڕێ، یاخود چۆن بەرەو چ لایەکی بنێرین.

ریچ و تیمەکەی لە ساڵی ٢٠٠٠ بەبێ وەستان کاریان کرد بۆ دروستکردنی سیستەمێك بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بۆ ئەمەش هەموو هەواڵگرە مرۆڤەکانی سی ئای ئەی چ تاکلایەنە و پەیوەندیدارەکانیان نارد تا بگەڕێن بە دوای سەرکردەکانی قاعیدە لە ئەفغانستان، هەموو ئەمانەش لەتەك تیمی بریداتۆر، ئەم ئۆپراسیۆنە بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەنجام درا، سەرەڕایی ئەوەی ریچ بەرپرسی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بوو لە دژەتیرۆردا، هاوکات هەواڵگریش هاتە ناو ئەم بابەتە وەك پەیوەندییەك لەگەڵ تیمەکەدا، ئەمەش کارەکەی ئاسان کرد ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی هەموو دەسەڵاتەکانی دا بە بنکەی دژەتیرۆر، بەشێوەیەك سەرپەرشتی گەڕانی نیشمانی دەکرد لەرووی وێنەی کەشتییە ئاسمانییەکان، هەروا چارلز یاریدەری بەڕێوەبەری سی ئای ئەی هاوڕێیەکی نارد بۆ هاوکاریکردنمان، چونکە ئەو درکی بە هەڕەشەکان کردبوو، بۆیە هەردەم هاوکاری دەکردین.

یەکێك لە تیمی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان کە سەر بە ریچ بوو لە بنکەی سەرکردایەتی لەتەك شاشە ڤیدیۆیەکاندا، کە لە شوێنێکی بەرزی دیوارەکە دانراو هەروا لەخوارەوەش چەندین وێستگەی کۆمپیوتەریش دانرابوو، واتە ئەو شوێنە هەموو بوو بە ئەلیکترۆن و چالاکی مێشکێکی خام، بەو شێوەیە هەموو هەواڵگرییەکانی جیهان چووە نێوەندی کۆمپیوتەرەکان، هەروا ریچ هەوڵی دا

سیستەمی فرۆکەی بێ فرۆکەوان دروست بکات، لەم نزیکانەش بریدانۆر لە ئامادەباشیدا دەبێ بۆ فڕین و وێنەکێشانی نەخشەیەك لە ئەفغانستاندا.

زۆر بەئاسانی توانیمان پەیکەری فرۆکەکەمان دەست بکەوێ، چونکە کەس نەی دەویست، هەموو لایەکیش چاوەڕوانی ئەوە بوون چۆن بریداتۆر لەسەر ئەفغانستاندا دەبێ تا کارێکی سەرەکی لە ئاسمانی ئەفغانستاندا ئەنجام بدا، کلارك و فرای و کۆفر دەیانویست بەرەو لووتکە هەنگاو بنێن، لەتەك وردە گاڵتەکانی کلارك، لە کاتێکدا رۆجر کریسی جێگری رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا وەك ئاسانکارییەك، لەو کاتەدا ریچ و ئلیك پەیوەندییان بە هاوپەیانەکان سەبارەت بە بۆچوونە لێکچووەکان، سەبارەت بە پلە و سەرمووچەی ئەوانەی خوارەوە، هەروا بۆ ئاستە پێشکەوتووەکان لە ناو هەموو کۆمەڵگەی ئاسایشی نەتەوەیی.

راستە کارەکە لەژێر سەرکردایەتی بنکەی دژەتیرۆر بوو، بەڵام زۆرێك لە ئاژانسەکان رۆڵی سیاسیان دەبینی سەبارەت گرفتی تیمەکە لەرووی پسپۆڕییەوە، چونکە ئلیك و ریچ هیچ یاداشتێکیان مۆر نەکردبوو لەگەڵ هێزی ئاسمانی، بەشێوەیەك تۆڕێکی دانابوو زۆر بە متمانەوە لەنێوەندی دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایشی ئەمریکی دەسوڕایەوە، بۆ ئەمەش وەزارەتی بەرگری لە پشتگیرییەکانی بەردەوام بوو، لە کاتێکدا هێزی ئاسمانی تەکنەلۆژیایەکی فرە پێشکەوتوویی لەدەستدا بوو بۆیە هاوکاری هەواڵگری کرد بە دابینکردنی شیکەرەوەکان، هاوکات ئاژانسی نیشتمانی وێنەگرتن و رووبەر هاوکاریکردین لەرووی جوگرافیای شوێن و وەبەرهێنان تیایدا، هەروا سەرکردایەتی ناوەندی ئەفسەرێکی پەیوەندی بۆ ناردین، جگە لەوەی زۆرێك لە ئاژانسەکان بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆنەکانیان بۆ دابین کردین، بەمەش بنکەی دژەتیرۆر لە هەموو روویەوە بەهێز بوو سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیاری لە هەموو بەشەکانی سی ئای ئەی.

لەلایەکی دیکەوە چەکی کەشتییە ئاسمانییەکان بابەتێکی زۆر ئاڵۆز بوو، چونکە دەگمەنە و نرخەکەشی بەرزە، من و کۆفر زۆربەی کاتەکانمان باسمان لەو بابەتە دەکرد، لەو کاتەی دەبوایە بنکەکەمان لە ئۆزپاکستان چاك بکەینەوە، بۆیە ریچ ئلیك لەو رۆژگارەدا سەرکردایەتی هەموو تیمە جۆراوجۆرەکانیان دەکرد بەتایبەتی ئەو ئاژانسانەی کە گرێبەستی لەگەڵیاندا واژوو کردووە.

تۆڕێکی دینامیکیمان لە هەموو ئەفغانستاندا پێشخست، بەو شێوەیە هەواڵگرە مرۆڤەکان تەواوکەری هەواڵگری ئاماژە و ئەو هەواڵگریانەی پشتی بە وێنە دەبەست، دوژمنمان ناسی و زانیمان بیریداتۆر بۆ کوێ بنێرین، ئەمەش کارێکی یەکلارەوەیە بۆ بینینی تەسکی کامیرا، لە کاتێکدا کە وێنەکانمان گەورە دەکرد شتێکی شاکار بوو، بۆ ئەمەش شیکەرەوەکانی ئاژانسی نیشتمانی وێنەگری و رووبەر توانیان هەموو مارکە و مۆدیلێکی ئۆتۆمبیلەکان و پێوانەی کەسەکان بزانن، وێنەکان زۆر روون بوون، هەردەمیش هاوێنەکان دەسوڕانەوە و بە ئارەزووی خۆمان دوور و نزیکمان دەکرد، فرۆکەکە زۆربەی کاتەکان بەهێمنی بەئاسمانەوە بوو بەتایبەتی لەو بەرزیانەدا، هیچ کەس نەی دەتوانی هەست بەوە بکات کە لەو ئاسمانە شتێك هەیە و دەست بخاتە ناوباسەکانەوە.

بریداتۆر لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا لەسەرووی پێشبینیەکانی ئێمەوە بوو، لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا جوولەی دوژمنمان لەنێو ئەفغانستاندا زانی، سەرچاوەکان زۆر بوون لەتەك پێدانی زانیاری هەواڵگری بە هەواڵگرە مرۆڤەکان، واتە بریداتۆر هەموو پێداویستییەکانی هەواڵگری تەواو کرد و بەرەو باشتری برد.

لە کاتێکدا هەماهەنگییەکان لە یەکێك لە رۆژەکانی هاوین و لەنزیك کێڵگەکانی ترتاکی قەندەهار ئەمەی سەلماند.

هینری ا.کرامبتۆن

هەمووومان لەتەك تیمی بریداتۆر کۆبووینەوە کە سەر بەریچ بوو، هەمووان لە شاشە گەورەکەوە سەیری ڤیدیۆی راستەوخۆمان دەکرد، لەپێشتریشدا هەواڵگرییە مرۆییەکان پێیان راگەیاند بووین بنلادن لەو شوێنانەی تیایدا دەمینێتەوە لە چوارچێوەی چەند رۆژێکدایە، ویستمان تیمێکی کاری شاراوە بڵاوە پێ بکەین تا رووبەرووی بنلادن ببینەوە چ بەکوشتنی یان بەدیلگرتنی، بەڵام گریمانە یاساییەکان بەردەوام بوون، بۆیە نەمان توانی رەزامەندی لە سەرکردایەتییەکەمان وەربگرین، بەڵام ئەمجارە بریداتۆرمان لەدەستدا بوو و دەیتوانی بەبازنەیی بسوڕێتەوە و ئێمەش لەسەر شاشەی ڤیدیۆیەکەدا سەیری بکەین.

هاوکات یەکێك لە مۆڵگەکانی قاعیدەمان دەستنیشان کرد، بە هیوای ئەوە بووین کاتێك یەکێك لە کاروانەکان بەرەو مۆڵگەکە دەچوو، کاتێك دەرگاکە کرایەوە پیاوێکی درێژ جلوبەرگێکی سپی لەبەردا بوو، ئەوە ئوسامە بنلادنە و چاودێریمان کرد کاتێك بەرەو ژوورەوە دەچوو، بەشێك لەوانە لە پێشوازی ئەواندا بوو، کەمێك وەستا و سەیری کردن بەڵام لەدواتردا بەردەوام بوو لە هەنگاوەکانی، ئەو کات ئاسمان ساف و بێگەرد بوو بۆیە وێنەکانیش ساف بوون، لەوێدا هیچ ژن و منداڵێك دیار نەبوو، کەواتە ئەو ئێستا لەژێر دەستماندایە.

یەکێك گوتی: ئەی مەریەمی پیرۆز.

-یەکێکی دیکە گوتی : هێشتا هیچ نەبووە.

سێیەمیش هاواری کرد: ئەمە ئەوە ئەوە ئوسامە بنلادنە.

لە ماوەی چەند چرکەیەکدا لەپێش ئەوەی بچێتە ناو خانووەکە دیوارە ئەستوورەکە وێنەی ئەو لەسەر شاشەکە بوو.

شیکەرەوەکان پێیان باشبوو ئاگاداری کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگری بکرێتەوە، بەڵام مووشەکی کرۆز ماوەی شەش کاتژمێر لەسەر کەشتییە دەریاییەکان دەخایەنێ کاتێك لە زەریای هیندییەوە لە ئامانجەکە دەدەن.

کۆشکی سپی بڕیاری دا ئەو ماوەیە زۆر دوورودرێژە، داوای کرد کە ئایا بنلادن بۆ ماوەی شەش کاتژمێر دەمینێتەوە، ئێمە ئەوەمان نەدەزانی، هەروا جێگەی ڕەزامەندی نەبوو، بەڵام کوا مووشەکی کرۆزمان هەیە لەم کاتەدا.

ئێمە بڕوامان نەکرد.

کوفر و ریچ باسەکەیان بۆ کۆشکی سپی کورت کردەوە، هاوکات کلارك و ئالن زۆر بێزار بوون، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەك لە پێشبینیەکانی کۆشکی سپی ڕووی نەدا، پێویستە لەسەر بنکەی دژەتیرۆر پێشبینی شوێنەکانی دیکەی بنلادن بکان لە داهاتوودا، یان ڕێگەیەك بدۆزنەوە تا لەگەڵ ئامانجەکە بجەنگن ئەمەش لەنێوەندی چەند چرکەیەکدا نەك چەند کاتژمێرێك.

وێنەی بنلادنمان گرت بە هۆی دووربینە کارۆ-بینییەکان، بەڵام سیاسەتێکی واقیعیمان لەدەستدا نەبوو، هەروا کەرەستەی گرنگمان نەبوو بۆ جەنگ تا بەو شێوەیە ورد بێ، هەموو ئەمانە جێگەی دڵخۆشی نەبوون.

لەلایەکی دیکەوە ریچ و تیمەکەی لە ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٠ بۆ ئەوەی بەرهەمی وردی هەواڵگریان هەبێ شەش شوێنی گرنگی قاعیدەیان لە ئەفغانستاندا دیاری کرد، دەکرا بڕیاردەرانی سیاسی گڵۆپی سەوز داگیرسێنن تا بکوژرێن، لەلایەکی دیکەوە تۆڕی هەواڵگری مرۆییەکان توانیان هەواڵگرییەکی زۆر بەدەست بێنن لەناو ئەفغانستان تا بەوردی شوێنی ئوسامە بنلادن دیاری بکرێ، جگە لەوەی بەشێك لەو هەواڵگرییانە لە خەڵکی ئەوێ وەرگیرابوون بۆیە

کۆشکی سپی گومانی هەبوو لێی، ئەمەو یەکەم هەوڵ بۆ دانانی بۆسەیەك بۆ بن مقۆمقۆیەکی گەورەی نایەوە نەوەك هان بدرێن، بۆیە سەرکردایەتیی سی ئای ئەی و کۆشکی سپی داوایان کرد بەشێوەیەکی جەختبوون بتوانن کارەکە ئەنجام بدەن هەروەها ترسناکییەکان کەم بێ، سەرەڕایی ئەو روونییە تا ئێستا ئیدارەی کلینتۆن هیچ کارێك ناکات، زیاتریش لە ترسناکییەکان دەترسان نەوەك لە ئۆپراسیۆنەکە.

دەکرێ کاری شاراوە بکوژ بێ وەکچۆن مێژوو ئەمەی سەلماندووە، لەوانەیە ببێتە کێشەیەکی سیاسی زۆر خراپ، بەڵام ئەمە هەڕەشەیەکی گەورەیە، هەردەم سەرۆك ئاگاداری دەکردینەوە، باسیش لەوە دەکرا ئێمە تەنیا هەوڵ بدەین ئوسامە بنلادن بکوژین، کێشە نییە ئەگەر بە مووشەکێکی کرۆز بکوژرێ، کەچی ئوسامە بنلادن جەنگی راگەیاند دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمەشی بەکردەیی کرد، لە ئابی ۱۹۹۸ لایەکی هەردوو باڵیۆزخانەی لە نایرۆبی و دارسەلام رووخاند، هەروەها لە تشرینی یەکەم هێرشی کردە سەر کۆلی کەشتیی دەریایی، هەروا پلانی بۆ کوشتنی هەزاران کەس دابوو لە کاتی ئاودیوو بوونی سەدەکەدا، بەڵام شکستی هێنا بە هۆی کارەکانی بنکەی دژەتیرۆر و وێستگەکانی سی ئای ئەی و هاوبەشەکانمان لە دەزگا هەواڵگرییە بیانییەکان، بنلادن پشتگیری ئەو کۆمەڵانەی دەکەن کە خۆی دروستی کردبوون و بۆیە نیەتێکی زۆری هەبوو کاری تیرۆری زیاتر بکات، بۆیە تا چەند خەڵك بکوژێ تا هەڕەشەکەی دیار بێ؟

پێ دەچوو سەرۆك کلینتۆن و راوێژکارەکانی وا سەیری کارەکان بکەن ئەمەش تەنیا چەسپاندنی یاسایە و جەنگ نییە، زیاتریش لە بەهای سیاسی خۆیان دەگەڕان نەك بەهای نەتەوە، سەرەڕایی ئەوەی شارەزایەکی وام نییە بە واشنتنی پایتەخت، بۆیە زۆرجار کۆفر پێی ڕاگەیاندووم زیاتر ئەوانە گرنگی بە سیاسەت دەدەن نەك بە ئۆپراسیۆنەکان، گوێم بۆ فەرمانەکانی راگرت بەڵام جۆرێك لە

رووخانم بەدی دەکرد لەنێوەندی سیاسەتیی ستراتیژیدا، لە کاتێکدا ریچ و تیمەکەی جەخت لەسەر قاعیدە دەکەنەوە، بۆیە هەردەم ریچ جەخت لە بەرهەمی زیاتر دەکرد تا کاری زیاتر بکەین.

جارێکی دیکە قسەم لەگەڵ کۆفر کردەوە سەبارەت بە ناردنی تیمی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکانی ئەمریکی و کۆمۆندۆسی سی ئای ئەی بۆ ناو قووڵایی ئەفغانستان تا لەگەڵ قاعیدەدا بجولێنەوە، بۆ ئەمەش هەواڵگرەکانمان زیاتر وردتر دەبن، دیارە ئەو بڵاوەپێکردنە دەبێتە هۆی بەئامانجگرتنی ئوسامە بنلادن بەشێوەیەکی بکوژانە، زۆر بەئاسانیش دەتوانین ئەو بڵاوپێکردنە فراوان بکەین، لەمەوەش شەڕی راستەوخۆ روودەدات، هەروا دەتوانین بڵێین ئێمە بریداتۆرمان هەیە وەك بنکەیەکی هەواڵگری بۆ پشتگیری ئەوانەی لەسەر زەویدان.

کۆفر بەگاڵتەوە باسی ئەمەی بۆ کردم و گوتی ئەمە روونادا ئەگەر ئیدارە بەو شێوەیە سیاسیانە بێ، چونکە ترسناکییەکان زۆر بەرزە بەپێی بۆچوونی سیاسەتی گشتی، سەیری مانشێتەکانی پاش ١١-٩ بکە: باس لەوە دەکەن سی ئای ئەی موجاهیدێکی سعودی لە ئەفغانستان دەکوژێ، بۆیە هیچ زامینێك نییە ئەگەر هەواڵگرییەکانمان بەتەواویش جێگەی بنلادنیش بزانن.

درکم بەوە کرد کە پێویست دەکات بریداتۆر پڕ چەك بکەین، لەوانەیە ئەمە تاکە هەلمان بێ، بۆیە کلارك و ئالن و کۆفرم هاندا بۆ ئەو بۆچوونە.

کەچی شەڕە بیرۆکراتییەکان زۆر خراپ بوون، زۆرێك پێیان باش نەبوو سی ئای ئەی ئەو جۆرە هێزە بکوژە و دەسەڵاتەی هەبێ، بەشێوەیەك وایان دادەنا ئەمە ترسناکییەکی سیاسیی بۆ سەر سی ئای ئەی، هاوکات زۆرێك لە پارێزەرانی کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگری سەبارەت بەمە چەندین پرسیار دەکەن.

لە کۆتاییدا کلارك و تینیت و ئالن و بلاك سەرکەوتن، من و ریچیش ئاسوودە بووین کاتێك چوونە نێوەندی کاری سیاسی شاراوە لە واشنتتندا، بەمەش پارە و دەسەڵات و هێزمان بەدی هێنا، هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە ترسناکییەکانەوە هەبوو، لە کۆتاییدا بڕیاردرا بریدانۆر پڕ چەك بکرێ.

ئێستا کاری ریچ و ئلیك و تیمەکەی بەئامانج گەیشت ئەمەش بۆ پێشخستنی ئامرازێکی دیکەی جەنگ ئایا چ چەکێك لەنێوەندی بریداتۆر بێ؟ چ شتێك هەیە زۆر بەوردی بیهاوێژێت؟ چۆن بتوانین هەموو شتەکان لەیەك سیستەمدا رێك بخەین؟ چۆن دەتواندرێ هەواڵگری و جەنگ بەیەکتر ببەستینەوە؟

ئلیك باسی لە بۆمبێك دەکردەوە هاوشانی مووشەکی کرۆز بێ تا بەوزە و تواناکانی بتوانێ ئەو شوێنانە وێران بکات کە بنکەی دژەتیرۆر دەست نیشانی کردبوو، بەڵام ئەمە لەرووی تەکنیکەوە ناکرێ، لەلایەکی دیکەوە هێزی ئاسمانی سیستەمێکی وای نییە داواکارییەکانی بنکەی دژەتیرۆر دابین بکات، بەتایبەت سەبارەت بە بریداتۆر.

ریچ و ئلیك لەگەڵ پسپۆڕانی سی ئای ئەی گفتوگۆیان کرد، بەتایبەت ئەو خانە بەتەمەنە هێمنە، لەوانەیە داپیرەی یەکێك بێ، ئەو پسپۆڕە لە شێوازی مووشەکەکان کاتێك لە ئامانجە دەکەوێ، زور بەهێمنی باسی پاڵەپەستۆی زۆری دەکرد کاتێك بە پاوەر پۆینت پیی نیشان دەدایەن، وێنەی هەندێك مووشەکی جەنگی نیشان داین، ئەمەو ئلیك و تیمەکەی ناویان لەو وێنانە نابوو کوشتی مێش و مەگەز، ئەمەش لەلای ئەو بیۆژنە رەشە ناونیشانێکی جوان بوو.

هەموو بژاردەکان هاتە سەر مووشەکی "هلفایر" کە لە پێشتردا رێکخرا بوو تا لە هەلیکۆپتەر بخرێ بەتایبەت دژ بە زرێپۆشەکان لەکاتی جەنگدا، هەروا ئەو

مووشەکە خۆی چەسپاندبوو لەماوەی جەنگی پانزدە ساڵەی رابردوودا، کێشەکەی زیاتر لە سەد رەتلە، دەتواندرێ لە هەردوو لا باڵی برایداتۆر دابندرێ، هەروا سەرە جەنگییەکەی کێشەکەی ٢٠ رەتلە زۆر گونجاوە بۆ ئامانجە چەسپاوەکان وەك ژوور و زرێپۆشەکان.

کەچی هلفایر چەکی هێزە ئاسمانییەکان نییە، بەڵکو موڵکی سوپاسە، ئەمەش زۆرێك لە ئالنگاری تووش کردین.

لەو رۆژانەدا لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠ زریانەکانی زستان وای کرد کەمتر فرۆکەکان بتوانن بفڕن، بۆیە چەندین پسپۆڕمان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بانگ کرد تا لەگەڵ مووشەکی هلفایر رێکی بخەن.

ئێستا سوپا ئەو چەکەی هەیە، ریچ و ئلیك چوون بۆ بارەگای ریدستۆن ئەرسنال کە سەر بە سوپایە، لەوێدا ئەندازیارێکی میکانیکیمان دەست کەوت ئارەزووی لە تەقینەوە بوو، ئەو ناوی چالك فملز بوو لەدواتردا ناونرا "بووم بووم" ئەوەش تەنیا جۆشوخرۆشی پێ دەدا، لە زانکۆی تەکنەلۆجی مینیسوتا (ئێم ئەی تی) دەرچووە، هەروا بڕوانامەی ماستەری لە کارگێڕیی زانستی و کارگێڕی کاری وەرگرتوو لەلایەن "سلۆن فیلۆ".

بووم بووم لەگەڵ هێزی ئاسمانی ئەمریکی کاری کردووە زۆر بە ئاسانی باسی ئامادەکردنی هلفایری کرد، پێم وابوو بۆ یەکەمجار ئەو تەکنیکە بەکار دەهێندرێ، بەپێی ئەوەی حەز بە تەقینەوە دەکات، زۆر بە روونی باسی لێوەدەکرد، هەستم کرد لەرووی روشنبیرییەوە زۆر بەرز نییە، بەڵام لەرووی تەکنیکەوە زۆر ورد بوو، هەستم کرد زۆر متمانەی بەخۆ هەیە، بێگومان هلفایر کار دەکات بەتایبەتی ئەو

کاتەی بووم بووم هیچ گرفتێکی وای نەبووە بەڵکو بەهەندێك تەقینەوە چارەسەری دەکات.

لەپێشتردا هێزی ئاسمانی لە ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ پرۆگرامێکی دانا بۆ دانانی مووشەك بۆ ئەو فرۆکانەی بێ فرۆکەوانن، کەچی لە پرۆگرامی سی ئای ئەی زیانر بەرەو پێشەوە برا، بۆ ئەمەش جەنەرال جون جامبر رۆڵی هە بوو لە پشتگیریکردنی ئەو تەکنەلۆژیایە بۆ چەکی ئاسمانی، بۆ ئەمەش رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەکەمان، ئەمەو لە ١٦ و ٢١ی شوباتی ٢٠٠١ هاوێژتنە ئەزموونەکانمان یەکەم ئامانجی گرت بۆ سەر یەکێك لە بنکە نهێنییەکانی هێزی ئاسمانی.

سیستەمی فرۆکەوانی بێ فرۆکەوان لەدەیەی دواتردا پێشکەوت بەو پێیەی هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و زۆرجاریشس وەك ستچێك بوو بۆ چەك، بەهاتنی ساڵی ٢٠١١ بەشێك لە رۆشنبیران بەرگریەکی تەواویان لە بەکارهێنانی سەرۆك ئۆباما دەکرد بەوەی بریداتۆردا، لەپاشاندا هێرشکردن بەو جۆرە فرۆکەیە بووە خاڵێك لە سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، بەشێك لە شارەزایان رایانگەیان بریداتۆری پڕ چەك تاکە چەکە لە مێژووی جەنگدا، لە ٢٠١١ بیرمان لەوەنەکردبۆوە دۆخەکە چی لێ دێ، ئەوەی دەمانویست تەنیا هەواڵگری بوو بە هۆی مرۆڤەکانەوە، تا بەهەر شێوەیەك بێ بنلادن لەناو ببەین.

ریچ و ئلیك و کۆمەڵە بیرۆکراتی و تێکدەران و کارمەندانی دەزگا ئاسایشەکانی ئەمریکی هەستیان بەوە کرد لە ماوەی چەند مانگێکی دی فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوان دروست دەکەن، هەمووان سەرکەوتنەکانیان پەیوەست بوو بە سەرکردایەتی و ئاژانسەکانی جەنەرال رۆیوی لە هێزی ئاسمانی، لەتەك

هونەری سیخوڕی

پاڵەوانی بارەگای دژەتیرۆری کۆشکی سپی و ئەمیرال مناکس لە پنتاگۆن، لەتەك زۆر کەسی دیکەی بەڕێوەبەرانی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی و سەرۆکی دژە تیرۆی سی ئای ئەی. هەمووان چەکێکیان دروست کرد بۆ ڕێکخستنی لەگەڵ فرۆکەی بێ فرۆکەوان، بەشێوەیەك لەژێر سەرکردایەتی سی ئای ئەی بێ.

بەڵام جەنگ بەو خێراییە ناکرێ دوای ئەوەی وەزارەتی بەرگری و سەرکردایەتی سی ئای ئەی درکیان بەوەکرد جەنگ کارێکی قورسە، کەچی کارەکان ئێستا لەلای بنکەی دژەتیرۆرە، هاوکات وەزارەتی بەرگری ویستی خۆی زاڵ بکات، پێیانوابوو شەڕ لەنێوەندی پسپۆڕی ئەواندایە، هەروا بەشێك لە سەکردایەتی سی ئای ئەی وەك بافێت دەیویست وەزارەتی بەرگری دەستی لە کارپێکردنی فرۆکە پڕ چەکەکە بکات. واتە بۆچی سی ئای ئەی ئەو ترسناکییە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی؟ ئەمەو بافێت لە یەکێك لە کۆبوونەوەکان باسی لەوە کرد کاری ئێمە کوشتن نییە و نایەوێ هیچ پەیوەندییەکی بەبریداتۆرەوە هەبێ.

من و ئالن و کۆفر مکوڕ بووین لەسەر ئەوەی مانەوەی ئەم فرۆکەیە لەلای هەواڵگرییەکانمان بێ تا بتوانین سیستەمەکە بپارێزین. بەڕوونی دەمانویست ئێمە قاعیدە لەناو بەین، ئەوە کاری ئێمەیە، کارێك بوو کەس نەی دەویست تەنیا دەمانەوێ ئامرازێکمان هەبێ.

کۆشکی سپی ئەمەی یەکلاکردەوە، ئەمەو سیستەمەکە لەلای بنکەی دژەتیرۆر دەبێ، بەڵام ئەوە مابوو کێ پەنجەی لەسەر پەلاپیتکەکە دادەنێ، بۆ ئەمەش سی ئای ئەی دەسەڵاتی بکوژی هەبوو، لەلایەن سەرۆکەوە ئەو دەسەڵاتەی پێ درابوو، بەڵام وەزارەتی بەرگری رای گەیاند کە ئەوان دەسەڵاتی گەورەتریان هەیە، بۆ ئەمەش مقۆ مقۆ کەوتە نێو پارێزەران، لە کۆتاییدا سەرکردە

سیاسیەکان بڕیاریان دا پێویستە لەسەر ئەفسەرانی سی ئای ئەی بڕیاری پەلاپیتکەکە بدەن، بۆ گەیشتن بەو توانایە ئلیك راهێنانی کرد تا ببێتە ئەفسەری روکن لە سی ئای ئەی، لەتەك چەندین کەسی دیکە لە بنکەی دژەتیرۆردا تا هەموو پرۆتۆکۆلەکانی ئامانجگرتن بزانن، راهێنانەکەش لەسەر مێزی تینتی بەڕێوەبەر بوو، لەوێدا فێر بوون چۆنە باڵاکان دادەگیرسێنن کە مووشەکی هلفایری هەڵگرتووە، ناویان لە لاباڵەکان نابوو کلیلی مەیموون، چونکە مەیموونیش دەیتوانی دای گیرسێنێ.

ململانێیەکە لەسەر کلیلی مەیموونەکە تا ١١-٩ بەردەوام لەو کاتەی سەرۆك بۆش سی ئای ئەی گرتە دەست.

لە کاتێکدا بریداتۆر بەردەوام بوو لە سوڕانەوە لە ئاسمانی ئەفغانستان کەچی لە بەهار و هاوینی ٢٠٠١ بینی ئوسامە بنلادن زۆر روون نەبوو، لەپاشاندا بریداتۆریان زیاتر بەرەو پێشەوە برد بەدانانی چەندین هاوێنە، بۆ ئەمەش هەواڵگریان سەبارەت بە قاعیدە و تالیبان بەردەوام بوو یاخود چۆن بتوانین بجەنگین لەگەڵیاندا و چۆن زاڵ بین بەسەر پەیوەندییەکانیان، هەموو ئەمانەش بە هۆی هەواڵگری مرۆیی بوو، کە زۆر بەفراوانی پەرشوبڵاو بووبوون.

لەگەڵ مانگی ئەیلوولی ٢٠٠١ بنکەی دژەتیرۆر زیاتر لە سەد سەرچاوەی مرۆیی هەبوو و لە ئەفغانستاندا کاریان دەکرد، بەشێوەیەك لەنێو هەموو هەرێم و خێڵێك هەواڵگرێکمان هەبوو، بەو شێوەیەش توانیمان بچینە نێو تۆڕەکانی تالیبان و هێزی پشتگیریی قاعیدە، بۆ ئەمەش چەندین فرۆکەی بریداتۆری پڕ چەك و بێ چەك لە ئاسماندا بوونیان هەبوو، جگە لە تەکنیکی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە شوێنەکاندا، لەو کاتەوە دوژمن و هاوڕێی خۆمان لە ئەفغانستاندا ناسی، بۆ

ئەمەش لە ئامادەباشیداین بە هۆی قەبارەی سەرچاوە تەکنیکی و مرۆییەکانمان، کە هەمووی تەواوکەری یەکترن.

رادەیەك ... بۆ بڵاوبوونەوە

من و کۆفر و ریچ هەر لە ئەیلوولی ١٩٩٩ زنجیرەیەك کارمان لە دۆڵی پنحشیری ئەفغانی ئەنجام دا، لەوێدا نەخشەی هەموو چیایە بەرزەکانمان نەخشاند کە لەلایەن ئەحمەد شا مەسعوودی هاوپەیمانمان دەپارێزرا، ئەمەو دۆڵی پنشیر لەدووری چل میل لەباشووری کابولدا بوو، ریچ یەکەم تیمی بردە پنچشیر، چونکە پێویستمان بەوە بوو تۆڕەکانمان بچنە قووڵایی ئەفغانستان، چونکە هەر بڵاوبوونەوەیەك هۆکارێك بوو بۆ یارمەتیدانمان، ئەمەش لە رێگەی ئۆپراسیۆنی هەواڵگری مرۆیی و هەواڵگری هێما.

گەشتێکم کرد بۆ ناوەڕاستی ئاسیا ئەمەش بەدرێژایی سنووری ئەفغانستان بوو هەر لە باکوور و رۆژهەڵات، بەڵام هیچ کات نەچوومە ناو ئەفغانستان، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لەنێو قەڵەمڕەوەکەیان کۆببینەوە تا تێ بگەین لەوەی هەموومان پێویستیمان بەیەکترە، من لەو کاتە بەرزترین ئەفسەی سی ئای ئەیم سەردانی ئەفغانستان دەکەم، دەمویست گریگ یاوەرم بێ بە هۆی کاراییە نیمچە سەربازییەکانی، ئەمەو لە ئەیلوولی ٢٠٠٠ پلانمان دانا بۆ سەفەرکردن.

گریگ لە سەرەتای ئاب تیمێکی کۆکردەوە دوای ئەوەی هەشت هەفتە راهێنانێکی چڕی تەکتیکیان ئەنجام دا، هەروا هەموو لایەنەکانی راکردن لە دەشتاییەکان فێر بووین لەتەك هەموو فریاکەوتنە سەرەتاییەکان لە کاتی جەنگدا،

هەروا ئاشنایەتیمان لەگەڵ چەکی بیانی پەیدا کـرد، کاتێـك ڕووبـەڕووی جـەنگ دەبینەوە.

زۆربەی ڕاهێنانەکانمان دوورکەوتنەوە بوو لە ململانێیەکان و تـەنیا بـەرگریی لە خۆمان بکەین لەو کاتەی ڕووبەڕووی هێرشێك بووینەوە یـان گـەمارۆ درایـن. زیاتریش جەختمان لـە خۆشـاردنەوە دەکـردەوە کاتێـك شکسـتمان هێنـا و دوور بکەوینەوە لە گرفتەکان، بەشێوەیەك ڕاهێنانمـان کـرد وەك هێزێکـی بکـوژ وابـین ئەمەش بۆ پاراستنی خۆمان و ڕێگەیەك بدۆزینەوە تا رابکەین لەو ناوچەیەی شەڕ لێی دێتە ئاراوە، واتە لەناوچەی ترسناکی بێینە دەرەوە، ئێمە هێرشی کۆماندۆس ناکەین، بەڵکو تەنیا کارمان هەواڵگرییە لە ژینگەیـەکی زۆر ترسـناکدا، ئەگـەر دۆخەکە پێویستی بەوە بوو تەقە بکەین ئەوا خۆمان دوور دەخەینەوە لە گرفـت و تەڵەزگەکان، دروشمان ئەوە بوو: لێ دە و ڕاکە.

هاوکات ڕاهێنمان کرد لەسەر ئەو ئامرازانەی کـە ئامرازێکـە بـۆ ڕاکـردن، بەتایبەتی ئەوکاتەی دەکەوینە نێو ئۆتۆمبیل و ئامرازەکانی دیکەی جەنگ چـۆن بتوانین ڕێگەی خۆمـان بدۆزینـەوە، هـەروەها سـەرکردایەتی و تەکتیکـە چـەکی ئاگرینمان بەرجەستەی یەکتر کرد، هەروا چۆن بتـوانین هـەموو ئامرازەکانمـان بـۆ خۆپاراستن بەکار بێنین، بەتایبەتی ئەو کاتەی لـەناو ئۆتۆمبیلـەکانمان دابـەزین و دەستمان بە تەقەکردن کرد.

لەسەر چەندین جۆر چەکی ئاگرین ڕاهێنانمان کرد بەتایبەتی نموونە بیانییەکان وەکو کلاشینکۆف "ئاك-٤٧" و تفەنگی "ئاس کا ئاس"، بۆ ئەمەش تیمەکانمان لە ئەفغانستان کلاشینکۆفی بەکار دەهێنا بە هۆی زۆری گوللەی کە دەتواندرا لەو ناوچەیە بۆمان دابین بکرێ، چونکە کاتێك پیاوێك لـە ئێمـە تفـەنگی "ئـێم ٤"

بەکار بێنیّ یەکسەر دەزانن ئەو تەقەیە لەلایەن کەسێکی ناوچەکەوە نەتەقێندراوە، ئەمان دەویست لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بپارێزرێن، چونکە ئەوان بزانن واتە زۆر بەئاسانی لەلایەن دوژمنەوە ئاشکرا دەبین.

لەلایەکی دیکەوە ڕاهێنانمان لەسەر چەکە سووکەکان کرد وەك دەمانچە کە زۆر بەکەمی لە ماوەی کارەکەم لەئاژانس هەڵم گرتووە، دەمانچەکەش لە جۆری "براونیگ های —پاوەری ٩ میلم بوو" یان دەمانچەی تایبەت ئەویش براونیگ ٠.٣٨٠ بوو بەڵام بچووکترە، زۆر بەئاسانی لە شوێنێکی جلوبەرگەکەت داینێیت، لەو خولە چەندین دەمانچەم تاقی کردەوە، بەڵام "گلۆکی ٩ ملیم هەڵبژارد، ئەو دەمانچەیەش لە نەمسا دروست کراوە، لەگەڵ ئەوەی دەمانچەکە کانزا زۆر بەکەمی تیادا دارێژرابوو، لە ماوەی پێنج ڕۆژدا سەد گولەم تەقاند، هەموو ئامانجەکانم پیّ کا.

توانیم سەرکردایەتی بکەم و گولە بتەقێنم، ئەمەش شتێکی سەیر نییە چونکە لە هەرزەکارییەوە حەزم بەو کارەیە، هەروا دەمتوانی زۆر بەئاسانی نەخشەکان بخوێنمەوە، بەڵام کارابیەکانمان سەرەتاین بۆیە هەردەم شریتێکی لەزگەی ڕەشم لەلایە تا زۆر بەئاسانی هەموو شتێك چاك بکەمەوە.

ئەم خولە کارێکی مەزن بوو بۆ من، چونکە هەردەم لە دڵەڕاوکێدا بووم سەبارەت ژینگەی ڕاهێنانەکە، تەنیا لەلای سنوبەرەکانەوە ڕاهێنانمان کردووە، واتە بۆچی لە ڕۆژهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕاهێنانمان نەکرد یان لەسەرووی بیابانی ڕۆکی ماونتەر نەبوو، شوێنێك لە ئەفغانستان بچیّ و هەستی پێبکەین؟ ئەم شوێنە واقیعی نییە ئەمەش هاوسەنگی دروست ناکات.

ئەمەم بەکۆفر راگەیاند و ئەویش وەك من رەزامەندی دەربڕی بەوەی شـوێنی راهێنانەکە گونجاو نییە، لەدواتردا دوای لەمن کرد چیتر ئەوەندە سکاڵا نەکات.

لە کۆتایی مانگی ئاب بافێت کارەکانی رەت کردەوە و بڕیاری دا پشکنین بۆ تەکنیکەکان بکرێ، هەروا من گومانم هەبوو لە هەلیکۆپتەرەکانی می -١٧ کـە سـەر بـە هاوپـەیمانی بـاکووری ئەفغانسـتان بـوو، بـۆ ئەمـەش ترسـناکییەکان لەوپەڕیدایە، چونکە ئەو هەلیکۆپتەرانە زۆر کۆنن، زۆریش سەیرە کاتێـك ریـچ و تیمەکەی سواری بوونە ئەو هەلیکۆپتەرە تێك نەشکاوە، بۆیە پێویستە ئامرازێکی دیکە بدۆزینەوە بۆ گواستنەوە لەو کاتەدا.

من هەوڵ بۆ بژاردەی دیکە نادەم، هەروا گوتم دەتوانین یـەکێك لـە ئـامرازە ئاسمانییەکانمان بەکار بێنین، لەجیاتی ئەوەی پشت بە هاوپەیمانی باکوور ببەستین. هەروا بافێت ئـەوەی راگەیانـد: بـەهیچ شـێوەیەك وا ناکـەین دەسـتی ویلایەتـە یەکگرتووەکان ئاشکرا بێ، بۆیە زیاتر جەختی لەوە کردەوە لە رێگەی وشکانییەوە بچنە ناو ئەفغانستان، ئێمە ئێستا لە وەرزی هاویندایین رێڕەوی چیا بەرزەکان بـۆ ماوەی چەند هەفتەیەکی دیکەدا هەر بەکراوەیی دەمێننەوە، هـەروا باسـی لـەوە کرد، کە رێکخراوە ناحکومییەکانی وەك پزیشکانی بێ سـنوور بەرێگـەی خۆڵـدا دەڕۆن کە لە تاجیکستانەوە تا پنجشیرە، بەپێی نەخشەیەکی تۆپـۆگرافی هـەموو لایەنـەکانی شـی کـردەوە بـۆ چـۆنیەتیی چـوونەژوورەوە، هـەروا ئامـاژەی بـە ترسـناکییەکاندا بـۆ سـەر بەرژەوەندییـەکانی ئـەمریکی بۆیـە پێویسـتە ئێمـە لێپرسراوی پاراستنی نەتەوەکەمان بـین، جەختیشـی لـەوە کـردەوە کـە هاوڕێیـە ئەفغانییەکانمان پێشبینی هاتنی ئێمە دەکەن، بۆیە دەبێ پابەند بین بە قسەکانمان. لەلایەکی دیکەوە من زۆر قسەم کرد بەڵام پاساوەکانم گوێی بۆ رانەگیرا و رێگەیان

نەدام من بچم، زۆری نەمابوو بە هـۆی پاسـاوەکانم لـە قسـەکردن تێپـەڕێنم بـە شێوەیەك یاخی ببم، بەڵام هاوسەنگی خۆم بەدەستهێنایەوە و سەلامێکم کرد.

هاوکات من و گریگ و کۆفر و ریچ هەردەم لەنێو خۆماندا پرسیاری ئەوەمان دەکرد، چۆن کارمەندانی فریاکەوتن کەسانێك لەلای خۆیان گل دەدەنەوە، کە سەر بە سی ئای ئەی بێ.

سەفەرکردنمان بـۆ ئەفغانسـتان و نـەبوونی توانایـەك لەمباریـەوە شـتێکی ناپەسەند بوو، لە کۆتاییدا کۆفرم رازی کرد تا هەلیکۆپتەری می -١٧ بکڕێ، ئەو کاتە بە فرۆکەی خۆمان ئەوەی بمانەوێ بەنەرمونیانی دەیکەین، قورس بوو بتوانین نهۆمی حەوتەم رازی بکەین، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتین.

کڕینی می -١٧ قورس نەبوو، بەڵام کارەکانی لۆجیستی هەلیکۆپتەرەکـە و هێنانی بۆ ناو شانۆ کارێکی قورس بـوو و چـەند مـانگێکی خایانـد، کـاتێکیش قاعیدە لە ئەیلوولی ٢٠٠١ هێرشی کردە سـەر ئـەمریکا، ئـەو کـات مـی -١٧ ئامادە بوو، بۆیە لەو کاتەدا ژمارەیەکی نوێمان لە کلکیـدا نووسـی: ١١-٩ ئـەم هەلیکۆپتەرە ئەوا دەگوازێتەوە تا سەرانی یەکەمی ئەفغانستان بشکێنێ.

"کۆل" کەشتی جەنگ

لەپاش دوو مانگ لە رەتکردنەوە چوونمان بۆ ئەفغانستان لەلایـەن بەڕێوەبـەر ئۆپراسیۆنەکان، قاعیدە هێرشی کردە سەر کەشتییەکی ئەمریکی بە نـاوی کـۆل، ئەم هێرشەش لە کەناری عـەدەنی یەمـەن بـوو، زۆری نـەمابوو نغـرۆی بکـات، رێککەوتی ئەم هێرشەش لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠ بوو، لە رۆژێکدا خـۆ بەدەرەوە بوو، دوو کەسی قاعیدە بەهێمنی بە بە لەمێك بەرەو ئامانجەکەیان کرد،

هەردوو تیرۆرست خۆیان ئامادەکردبوو لە کاتێکدا بەلەمە پڕ لە تەقەمەنییەکەیان تەقییەوە، لەتەنیشتەوە لێیان دا، زۆری نەمابوو خۆیان بەناوەندی بتەقێننەوە، بۆ ئەمەش کونێکی لە کەشتییە کرد کە قوولییەکەی چل پێ بوو، بە هۆی پڕوشکی تەقینەوەکە حەڤدە دەریاوان کوژرا، لەتەك بریندار بوونی سی و نۆ کەسی دیکە.

ئەو کاتەی زانیم هێرشەکە کراوە بەرەو نووسینگەی کۆفر چووم و گوتم "تیمێك لەگەڵ خۆم دەبەمە یەمەن"، ئەو لە وەڵامدا گوتی : زۆر باشە چیت پێویستە لەگەڵ خۆتدا بیبە.

لە بنکەی دژەتیرۆردا تیمێکی بچووکی بەرپەرچدانەوەمان ئامادە کرد کە پێکهاتبوو لە پسپۆڕانی سی ئای ئەی و لەنێویاندا یەکێك لەهێزی ئۆپراسیۆنی تایبەتی دەریاوانی بە خوازراو وەرمان گرت، جگە لە کارەکانی، کار لەگەڵ تیمەشدا دەکات، من پاسەوانێکم هەبوو و هەروا تیمەکە دوو ئەفسەری جوولەمان لەگەڵدا بوو کە عەرەبیان دەزانی، یەکەمیان بە رەچەڵەك عەرەب بوو، کارامە بوو لە پەیوەندیبەستن لەگەڵ کەسەکان، ئەوی تر بۆ ماوەیەك کاری کردووە و بەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا عەرەبی فێر بوو بوو. هەر لەپاش دوو ساڵ دەبێتە یاریدەری سەرۆکی دەزگای شاراوە، هەروا لەتەك تیمەکەماندا دوو ئەفسەری تەکنیکی دانرا بوون بۆ بەرپەرچدانەوە لە کاتی قەیرانەکان.

کۆفر پێی ڕاگەیاندم، کە جۆن ئۆنێل سەرۆکایەتی تیمێکی گەورەی ئێف بی ئای دەکات و هەروا داواکاری گشتی ناوچەی باشووری نیۆریۆرکیشیان لەگەڵدایە، لەلایەکی دیکەوە گاری هاریل لە سەرکردایەتیی ئەمریکای ناوەڕاست پەیوەندی دەکات، ئەی دوایی فەرماندەی تیپی "دلتا"بووە لەو کاتەی لەساڵی ۲۰۰۳ چۆتە ناو سۆماڵ.

باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە سەنعایە، هیچ کونسلگەریەکی دیکە یان دەزگایەکی ئەمریکی لە عەدەن نییە، ئەو شارەش ڕێگەوبانەکانی زۆر خراپە و کەنارەکەش دەکەوێتە سەرووی باشووری نیمچەدوورگەی عەرەبی درێژ دەبێتە بۆ کەنداوی عەدەن، بەخێرایی وەزارەتی دەرەوە بنکەیەکی سەرکردایەتی لە هوتێلێکی لۆکاڵی دانا، ئەمەو باربرا بودین باڵیۆز بوو، ئەو دیبلۆماسیەکی بەتوانا بوو و لەچەند سەردەمێك کاری باڵیۆزی کردووە.

هەموومان لەیەککاتدا گەیشتینە سەنعا و لەدوو نهۆمی هوتێلەکەدا بووین، لەگەڵ کارکردنی ئاژانسێکی ئەمریکی بۆ چاودێریکردنی ئەجنداکەی، لەو کاتەدا بەشێك لە دەسەڵاتی یەمەنی سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوو لەگەڵ سەدان لێکۆڵەری ئێف بی ئای، واتە ئەوان زیاتر بە ئێمەوە سەرقاڵ بوون نەوەك بە قاعیدە، زۆری نەبرد بۆمان دەرکەوت یەمەنییەکان ئامێری گوێگرتن و سیخوڕیان لە چواردەوری ئێف بی ئای دانابوو، بە ئۆنێلم ڕاگەیاند زۆر هەستی بە شەرمەزاری کرد، بۆیە داوای کرد هێمن بینەوە، سەرنجی ئەوەشی دا کە ئێف بی ئای هەمان کار دەکات.

لەلایەکی دیکەوە خاتوو بۆدینی باڵیۆز ڕووبەڕووی شەڕێکی سیاسی بۆوە لەگەڵ ئۆنێل سەبارەت بە دەسەڵاتەکان، ئەمەم بۆ ئۆنێل شی کردەوە و پێم گوت ئێرە نیویۆریوك نییە بەئارەزووی خۆت هەڵسوکەوت بکەی، واتە خاتوونی باڵیۆز نوێنەری سەرۆکە و دەتوانێ لە وڵات دەرمان بکات، لەپاشاندا بەئاشکرا ململانێیەکە چووە سەر ڕۆژنامەکان، لە کۆتاییدا خاتوو بۆدین باسی ڕۆڵی ئێف بی ئای کرد لە یەمەندا.

زۆری نەبرد کاری تیمە کردییەکان زۆر بوون بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا لەنێو کەشێکی سیاسی خراپدا کاریان دەکرد و بۆ ئەمەش زانیاریمان دا

بەبەشێك لە یەمەنییەکان، بۆیە زانیان کارکردن بەو جۆرە لە بەرژەوەندی وڵاتەکەیاندایە، زۆربەی باسەکان لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبرا کە بەعەرەبی قسەیان دەکرد، لەنێویاندا کارمەندێکی تایبەتی ئێف بی ئای، بەو شێوەیە هەموو لایەنەکانی هێرشەکانمان زانی و هەموو ئەمانەش پەیوەستکرا بە ئەفغانستان.

لەنێوەندی رووپێوکردنمان بۆ ناوچەی بنکەی چاودێری کە قاعیدە بە ڤیدیۆ وێنەی گرتبوو، کاتێك شوێنەکەمان پشکنی کە ڤیدیۆیەکەی تیادا پەخشکرابوو بینیمان خانوویەکی چەند نهۆمی تەواو نەکراو بوو.

خانووەکە لەبەرد دروستکرابوو، هەموو شیشەکانی بۆگەن بوو بوون، ئەوانەی کارەکەیان کردبوو لە نهۆمی سەرەوە ژەمێکیان خواردبوو، هەموو پاشماوەکانیشیان فڕێدابووە سەر زەوی، بۆنێکی ناخۆشی هەبوو، بینین لەسەر نهۆمی سەرەوە زۆر باش بوو، دوژمنەکان چاودێری ئەو شوێنەیان کردبوو، کە دەڕوانێتە سەر کەنارەکە، لەو کاتەی کە دەریاوانەکانمان دەکوژرێن.

لەپاشاندا بۆ ماوەی دوو رۆژ لەگەڵ کاپتن کێرك لیۆلد لەسەر کەشتییەکە وەستام، کاریگەری بۆمبەکانم بینی کە بەر کەشتییەکە کەوتبوو لەناو ئەو ئاوە شینە جوانەدا، لیبۆلد باسیشی لەوە کرد کە تیمەکەی چۆن وەك پاڵەوان بەرەنگاری هێرشەکە بوونەتەوە، توانیان زۆرێك لە هاوڕێیەکانیان لە خنکان رزگار بکەن و هەموو تەرمەکان لەناو دەریا بهێننە دەرەوە و توانیان کەشتییەکە هاوسەنگ بکەنەوە، هەموو خوێنە رژاوەکان پاکبکەنەوە، هەروا ئێستا چەندین پاسەوانیان داناوە لەسەر کەشتییەکە و چەکی ئۆتۆماتیکیان لەدەستدایە تا ئاگاداری هەموو شتێك بن،

لە رۆژی هێرشەکەدا کەس دانەنرابوو بۆ پاسەوانی ئەمەش بەو واتایەی هیچ جۆرە ئاگادارکردنەوەیەك نەبوو، هەروا بە هیچ شێوەیەك بنەما دانەنرابوو بۆ بەرپەردانەوەی نزیکبوونەوەی دوژمن، لەپێش هێرشەکەدا وایانزانی ئەوانەی ناو بەلەمەکە خەڵکی ناوچەکەن، هیچ جۆرە هێرشێکیان پێوە دیار نەبوو بۆ هێرشبردن بۆ سەر کەشتییەکە.

دوژمن لە هەموو لایەنەکانی جەنگ تێ گەیشتووە، بەڵام ئێمە تێ نەگەیشتبووین.

کاتێك سەیری شوێنەواری بۆمبەکەم کرد، لەوێدا بۆم دەرکەوت ئەو جۆرە کارانە ناچارمان دەکات بە جۆرێکی گونجاو بەرپەچیان بدەینەوە، هاوکات حکومەتی ئەمریکی شکستی هێنابوو لەوەی بەرپەچی هێرشەکانی قاعیدە بداتەوە وەك بەرپەرچدانەوەی هەردوو هێرشی سەر باڵیۆزخانەکەی کینیا و تەنزانیا، بۆ ئەمەش سەرۆك کلینتۆن بڕیاری نەدابوو بە مووشەکی کرۆز لە ئەفغانستان و سۆدان بدات، وەڵامنەدانەوەش هۆیە کە بۆ بەهێزبوونی دوژمن و هاندانیان، ئەی چی بڵێین سەبارەت ئۆپراسیۆنەکانی دیکەی قاعیدە کە حکومەتی ئەمریکی توانی شکستی پێ بێنێ؟ نیەتەکانی دوژمن کەم نەبۆوە بەڵکو ئێستا زۆر بەروونی بەدەردەکەوێ، لەلایەکی دیکەوە بودجەی هەواڵگری بەرزبۆوە، هەروا سەرۆك رێگەی دا هەندێك کاری شاراوە ئەنجام بدرێ، بەڵام لەسەر ئاستی حکومەت بەشێوەیەکی زۆر لاواز بەدەردەکەوت، سەرکردە سیاسییەکان نەیاندەزانی چ کارێك بکەن، ئەمەو جۆرج تینیت لەو یاداشتەی لە ساڵی ١٩٩٨ی دەریکرد، پێی وابوو ئەمجارەیان کارەکە زۆر جیاوازە، بۆ ئەمەش ویلایەتە یەکگرتووەکان هێرشێکی بەرپەچدانەوە دەکات، هاوکات راوی قاعیدە دەنێ لەنێو داڵدەکانی لە ئەفغانستاندا.

له ماوەیەکی دیکەدا ئێوارەیەك گەڕامەوە بنکەی سەرکردایەتی لە عەدەن و بروسکەیەکم بۆ بارەگای سەرکردایەتی سی ئای ئەی نارد، بەو پێیەی ئەفسەرێکی گەورەم، پێم وابوو بەرپرسیاریەتیی داواکردنی پشتگیری هەواڵگری لـە وەزارەتـی دەرەوە و ئێف بی ئای و سووپای ئەمریکی بکەم، هەروا بەراستەوخۆیی بۆ بافێت و کۆفرم نووسی سەبارەت بە کارەساتە سیاسییەکانی ئەو کارە تیرۆریستییە، ئەمە جەنگە، تاکە بژاردە هەیە ئەویش راونانی دوژمنە، هەروا سـی ئـای ئـەی دەبـێ خۆی ئامادە بکات بۆ پشتگیری سەرۆك و سوپا و ئێمەش لە ئامادەباشیدا دەبین بۆ هێرشکردن.

هەڵە نەبووم لەوەی کەسانێك لەناو قاعیدەدان تا ئێستا پەنجەیەکیان برینـدار نەبووە لەنێو ئەفغانستاندا.

ئیدارەی بۆش

ئیدارەی بـۆش لـە کـانوونی دووەمـی ۲۰۰۱ دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، زیاتریش جەختیان لەو هێرشانە کرد، کە دەوڵەتە نەتەوەییـەکان ئـەنجامی دەدەن، ئەمەش وەك دیبلۆماسیەتی جەنگی سارد وابوو، جیـا لـەوەی شـەڕ لەگـەڵ ئـەو یاریزانانە بکـرێ کـە هێـرش دەبـەن، کەچـی بـاس لـە بـەرگریی مووشـەکەکان دەکەنەوە، هاوکات باس لـە سیسـتەمەکانی بـەرگری دەکـەن، لـەجیاتی ئـەوەی بەکلاکەرەوە باس لە بنبڕکردنی تیرۆر بکەنەوە، دەتوانم بڵـێم جیاوازییـەکی وایـان نەبوو لەگەڵ ئیدارەی کلینتۆن، تاکە جیاوازیش ئەوەیە ئیدارەی نوێ لـە کۆشـکی سپی کەمتر گرنگی بە قاعیدە دەدەن.

بەرپرسەکان ئەوەیان ڕاگەیاند بەدواداچوون بەستراتیژییەکانمان دەکەن دژ بە قاعیدە، پێش دەچوو کاری دیکەیان هەبێ، چونکە کەس پرسیاری لێ نەکردم سەبارەت بە بۆچوونەکانم لەمەڕ ستراتیژییە نوێیەکان، تاکە پرسیاریش ئەوە بوو هەموو بابەتەکانی قاعیدەیان بەستەوە بە عێراق، ئەم بۆچوونەش لەلایەن شیکەرەوەی بنکەی دژەتیرۆر لە بەهاری ۲۰۰۱ پێیان ڕاگەیاندم.

گوتی: "نووسینگەی جێگری سەرۆك دەیەوێ بزانێ ئایا هاوپەیمانی هەیە لەنێوان ئوسامە بنلادن و سەدام حسێن".

پرسیم: "چ هاوپەیمانییەك".

"جێگری سەرۆك پرسیاری ئەوەی کردووە ئایا هاوپەیمانی هەیە لەنێوان قاعیدە و عێرقدا، ئایا پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردای هەیە، یان هاوکاری یەکتردەکەن، چی دەبێ ئەگەر هەبێ؟".

"ئەمە پرسیارێکی زۆر گێلانەیە، لەم هەفتەیە گوێم لێ بوو بێ".

"دەتەوێ ئەمە بە جێگری سەرۆك رابگەیەنم؟".

"ئا...لەوانەیە نەخێر".

لە هاوینەدا و لەپاش سێ ساڵ کارکردن لە دژەتیرۆر و ئێف بی ئای، واتە سەرەتا لەوێ و دواتر لە بنکەی دژەتیرۆردا، بێزار بووم لە سیاسەتەکانی واشنتن، کەچی بەجۆشوخرۆش بووم بۆ ئۆپراسیۆنی مەیدانی، رازیبووم بە راسپاردەی یەکێك لە باشترین وێستگەکانی سی ئای ئەی لە جیهان، لەو کاتەشدا گریگ پەیوەندیی بە کارەکانی کرد، لە باشووری ئەفریقیا، کەچری کۆفر و بن و ریچ لە بنکەی دژەتیرۆردا مانەوە.

بەشی نۆیەم

ستراتیژیەتیی ئەفغانی.

لە هەموو جەنگەکاندا، دەتوانیت شێوازی راستەوخۆ بۆ چوونە ناو شەڕە بەکار بێنیت، بەڵام کارەکە پێویستی بە شێوازی ناراستەوخۆ هەیە، بۆ زامینکردنی سەرکەوتن.

-سەن-تزو-هونەری جەنگ

کارە نوێیەکەم، لەسەرووی هەموو پێشبینییەکانەوە بوو، سەبارەت بە کار و خانەوادەکەم.

ماوەیەکی کەمە لەو باڵەخانەیە گواستمانەوە، چووین بۆ خانووە نوێیەکەمان، کە نزیکی قوتابخانەی منداڵەکانم بوو، ئەو خانووە نموونەیی بوو، رووبەرەکەی فراوان بوو و رووناکییەکی زۆور دەهاتە ژوورەوە، باخچەیەکی جوانمان هەبوو لەتەك نافوورەیەکی بچووك، ناندینەکەمان فراوان و سەردەمییانە بوو، لەگەڵ هاوڕێی نوێ بۆ منداڵەکانمان، هەر بەزوویی هەستیان بە باشیی خواردنەکان کرد، جگە لە بوونی دوو سەگە خۆشەویستەکەم.

دوو سەگەکەمان بردە داڵدەی سەگەکان دوای ئەوەی چل رۆژ دەستی بەسەرداگیرابوو، ئەمەو لە پێش شەش ساڵدا لە یەکێك لە گێلگەکانی ئەفریقیا هەر یەکەو بە بیست و پێنج دۆلارم کڕیبوو، کەچی چەندین هەزار دۆلارمدا ئەو لە کاتی سەفەرەکانمدا، ئەوانیش زۆربەی شوێنەکانی دونیایان بینووە، بەڵام شایستە بوو، چونکە کوڕەکانم خۆشیان دەویست.

هەموو پێداویستییەکانی ماڵەکەمان بەدوو رۆژ گەیشت، لەم کاتەدا سندووقەکان لەنێو ماڵەکەمان پەرشوبڵاو بوو بۆوە، تەنیا کەمێکیان بەتاڵ کرابوو، پێشبینی ئەوە دەکەم ئۆتۆمبیلەکانمان لە هەفتەی داهاتوو بگات، لێرەش سەقامگیر دەبین بۆ ماوەی چوار ساڵ.

خەوتبووم ئەو کاتەی برای هاوسەرەکەم لە نیۆییۆرکەوە تەلەفۆنی کرد.

گوتی: تەلەفزیۆنەکە داگیرسێنە.

"باشە، تۆ باشی؟ " کاتێك ئەو پرسیارەم لێ کرد کۆنترۆلی تەلەفزیۆنەکەم لەدەستدابوو، سیندیش لەتەکمدا بوو.

"پێدەچێ کارەکە ناخۆش بێ، ئایا بینیت".

"بەڵێ لەپاشاندا پەیوەندیت پێوە دەکەم".

سیندی گوتی "چی بووە؟"

"براکەت تەلەفۆنی کرد و ئاماژەشم بە تەلەفزیۆنەکە دا".

بینیمان گڕ و دوکەڵ لەسەر یەکێك لە تاوەرەکانی بنکەی بازرگانی جیهانی بەرزدەبێتەوە، ئێمە ئێستا لەلایەکی سیسەمەکە دانیشتووین و چەند هەنگاوێك لە شاشە دوورین، چەند چرکەیەکی دیکەی پێ چوو، فرۆکەی دووەم خۆی بە باڵەخانەکانەکەدا دا.

"ئۆ ..نا نا"

لە وەڵامدا گوتم "قاعیدە".

هەردووکمان سەیرمان دەکرد، سەرمان سوڕ مابوو، لەپاش چەند خولەکێك هەردوو تاوەر رووخان.

هەوڵم دا ژمارەی ئەو کەسانە بزانم کە لە هەردوو باڵەخانەکەدان، چەندیان مردوون، پرسیارم سەبارەت بە جۆن ئۆنێلی یاریدەری بەڕێوەبەر کرد، کە بەرپرسی نیۆیۆرکە، کە لەم ماوەیەدا لە ئێف بی ئای خانەنشینکراوە، ئێستاش سەرۆکی ئاسایشە لە هەردوو باڵەخانەکەدا، لەپاشاندا زانیم ئەو سەرپەرشتیاری رزگاریکردن بووە، لەو کاتەی کە باڵەخانەکە دەڕوخا.

تەلەفزیرن چەندین راپۆرتە هەواڵی دیکەی بڵاوکردەوە سەبارەت بە چەندین هێرشی دیکە بۆ سەر پنتاگۆن و سەبارەت بە فرۆکە رفێندراوەکە، کە لە دێهاتەکانی بنسلفانیا تێك شکا.

چۆن قاعیدە ئەو ئۆپراسیۆنەی ئەنجام دا؟ کەی هێرشی دیکە دەکات؟

هاوسەرەکەم کە لە چەندین خولی دەرەوەی ولاتدا لەگەڵمدا بووە، یەکسەر هەستی بەوە کرد ئەم کارە زۆر جیاوازە، چونکە دیمەنە ترسناکییەکە لەوپەڕی دابوو و لە هەموو دونیا هەستی پێ کرا، کارەکە وەك بوومەلەرزەیەك وابوو، لە کاتێکدا بوو بە شەڕێکی جیۆسیاسی، سیندی لێی پرسیم "تۆ چی دەکەی؟".

سەرکردە سیاسییەکانمان گوێیان بۆ رانەگرتین ئەو کاتەی ئاگادارە ستراتیژییەکانمان لەلایەن سی ئای ئەی خستە روو، ئێستاش تاکە بژاردە ئەوەیە بەرپەرچ بدرێتەوە لەلایەن حکومەتی ئەمریکی، ئەمەو بنکەی بوومەلەرزەکە روونە، کە قاعیدەیە.

لە وەڵامدا گوتم "دەچین بۆ ئەفغانستان".

جلوبەرگم پۆشی و سەیری منداڵەکانم کرد بینیم لە خەوێکی قووڵدان، هەردوو سەگەکە جوولان، منیش بەهێمنییەوە دەستم بەسەریاندا هێنا.

بەئۆتۆمبیل بەرەو وێستگە رۆیشتم، هەروەها سەیری ئەو راپۆرتانەم دەکرد، کە بەخێرایی دەگات، ئەمەو لە پاش دوو کاتژمێردا چەند راپۆرت و سەرچاوە گەیشت، هەروا بنکەی دژەتیرۆر رایسپاردین بۆ کارێك لە وێستگەکە، بۆ ئەمەش ئاگاداری هەموو ئەو لایەنەمان دەکردەوە تا تۆڕەکەنیان بجوولێنین، ئەمەش وای کرد لەرووی هەواڵگرییەوە هەموو جیهان بگرێتەوە، سەبارەت بەوەی لێدانی دووەم

بەکام لا دەکەوێ، چونکە هەموو لایەك جۆرێك لە نەزانیمان هەبوو، لەبارەی ئـەو پیلانگێرییە ترسناکەدا.

لە رۆژی دواتردا بالێۆزی ئەمریکی نوێ هاتە نووسینگەکەم، کە لەپاش چەند رۆژێك بەگەیشتنم ئەو پۆستەی وەرگرتووە.

لێی پرسیێم "کێ لەپشت ئەم کارەوەیە؟".

"قاعیدە، دەیەوێ ئەمریکا هان بدا دژ بە مووسڵمانەکان، دەیـەوێ بمانخاتـە ناو ئەو شەڕە، دەیەوێ رامان کێشێتە ناو جەنگێك دژ بە رژێمـە ئیسـلامییەکان، کە پێیان وایە گەندەڵن، زۆر شتی دیکەش، دەیەوێ خەلافەتی ئیسـلامی زینـدوو بکاتـەوە، کـە لـە مەغریبـەوە دەسـت پـێ بکـات تـا ئەندەنووسـیا، لەوانەشـە فەڵەمڕەوەکەی دوورتر بێ".

لێی پرسیم : "چۆن هێرشەکانی ئێمە دەیانگەیەنێتە ئەو ئامانجە؟".

"کێشمەکێشمێك لەنێوان قاعیـدە و لقەکانیـدا هاتۆتـە ئـارا، بەتایبـەتیش جیهادی ئیسلامی لە میسر، سەبارەت بە هێرشبردنە سـەر "دوژمنێکـی نزیـك" واتە رژێمە ئیسلامییە گەندەڵەکان، یاخود هێرشبردن بۆ سەر "دوژمنە دوورەکان" واتە رۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بـەجۆرێکی تایبـەت، وەك ئامرازێـك بـۆ هێنانە ئارای توندوتیژییەکی توند و راکێشانێکی بەهێز، دەیەوێ ختۆکەمان بـدا، دەیەوێ ویلایەتە یەکگرتووەکان لەناو خاکی ئیسـلامدا بجـەنگێ، بـە نەتـەوەمان دادەنێ، واتە جەماوەری مووسـڵمانان وای دادەنـێن داگیرکـەر ئێمـە هاوپـەیمانی رژێمە ئیسلامییە گەندەڵەکانین، هەروا ئوسامە بنلادن پێی وایە گەلی مووسـڵمان هـەمووی لەدەوریـدا کۆدەبنـەوە، بەپشـتگیرییەکی میللـی دژ بـە رۆژئـاوا و دژ بەحکومەتـەکانی سـعودیە و یەمـەن و میسـر و چـەندین وڵـاتی دیکـە، ئەمـە

ستراتیژییەکی کلاسیکسسە: پێکهێنانی دوژمنێکی دەرەکی، بۆ بنیاتنانی هێز و سیاسەتێکی ناوخۆیی".

تەنیا ویستم وانەکەم تەواو بکەم، چونکە لە ماوەی سێ ساڵدا تووشی رووخان بوومەتەوە "پێویستە دژ بەو ستراتیژیەتە ببینەوە، دەبێ جەخت لە قاعیدە و لقەکانی بکەینەوە، پێویستە دوژمنەکانمان بناسین بەشێوەیەکی دیاریکراو، ئەمە جەنگێك نییە مووسڵمانەکان دەیهێننە ئارا، بەڵکو ئەمە پێچەوانەیە، هاوپەیمانە مووسڵمانەکانمان باشترین هاوپەیمانن، پێویستە دەستی یارمەتیان بۆ رابکێشین و دڵنیایان بکەینەوە لە رێگەی ئاینی ئیسلامەوە، تەنیا کارەکەش حکومەت ئیسلامیەکان نەگرێتەوە، بەڵکو دەزگا ئیسلامی و سەرکردەی هەموو کەرتەکان بگرێتەوە، ململانێیەکە پەیوەستە بە قاعیدە و ئەویش یاریزانێکی ناحکومییە، پێویستە هاوپەیمانی رێکبخەین لەگەڵ یاریزانەکانی دیکەی ناحکومی، پێویستە ئێمە و هاوپەیمانە مووسڵمانەکانمان پێکەوە شکست بە قاعیدە بهێنین".

پرسی : "ئایا ئەمە پیاوانی ئاینی مووسڵمانانیش دەگرێتەوە".

"بەڵێ، قوربان زۆربەی سەرکردە ناحکومییە مووسڵمانەکانیش، پێویستمان بەوانە وەکچۆن ئەوان پێویستیان بە ئێمەیە".

بۆ ماوەی دوو خولەك بێدەنگ بووین.

بەردەوام بووم : "وڵاتەکەمان تووشی هێرش بۆتەوە، وڵاتیان پێشێل کردووە، بەڵام کارەکە تەنیا پەیوەست نییە بە ئێمەوە، هەروا ناتوانین بەتەنیا ئەو کارە بکەین".

بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە دژەتیرۆردا کارم کردووە، هەموو کۆکراوە هەواڵگریی و شاراوەکانمان لەسەر هاوپەیمانە مووسڵمانەکان وەستاوە، هەروا کارە تاکلایەنەکانمان تەواوکەری یەکلاکەرەوەن، کارەکە تەنیا ئەم و ئەو نییە، بەڵکو ئاوێتەی چەندین لایەنە دوو لایەنە و یەکلایەنە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و کار، هەروا پێویستە ئاوێتەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەو جۆرە جەنگە.

باڵیۆز لە جێگەی خۆیدا رەق بۆوە، هەروا بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو، سەیرێکی نووسینگە بچووکەکەی کردم، لەپاشاندا سەیرێکی کردمەوە، یەکسەر تێگەیشتنی هەبوو بۆ بۆچوونەکانم، وەك ئەوەی مێشکم بخوێنێتەوە: " تێگەیشتم، سوپاس".

"بەڵێ، قوربان".

باڵیۆز لە ماوەی دوو رۆژدا لەگەڵ سەرکردە سەرەکییەکانی مووسڵمانانی وڵاتی میوان کۆبۆوە، هەروا لەگەڵ زۆرێك لە سیاسییە نیشتمانییەکان قسەی کردبوو، پەیوەندییەکی پتەوی بۆ پەیوەندیی نەتەوەیی بەستبوو، لەتەك هاوپەیمانەکانمان، کارەکەی سەرکەوتوو بوو بە ئاستێکی باش.

هاوپەیمانەکەمان لە ئەیلوولی ٢٠٠١ سوپای رێکخست و ئێمەش هەموو یارمەتییەکمان دا: هەواڵگری ئاماژە و تۆڕی سەرچاوە مرۆییەکان، پەیوەندییە دەرەکییەکان و سوپا و هێزی تایبەت کە زۆر ئازایانە لە ئەفغانستاندا دەجەنگێ، ئەوان بوونە هاورێیەکی خۆشەویست، هەروا سەرۆکی هەواڵگری رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو زۆر زانیاری پێ دام.

جەماوەری ئەو ناوچەیەی لێی بووین بەجۆشوخرۆش بوو. ئەمەو دیواری باڵیۆزخانەکە داپۆشرا بە گوڵ، کە لەلایەن هاوڵاتیانی هاوپەیمان بۆمان هاتبوو، وەك پێشکەشکردنی پرسە.

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا کاتێك لەگەڵ پەیوەندییەکان کارم دەکرد، پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد، ئایا بارەگای سەرکردایەتی داوای هاوکاریم لێ دەکات، هەروا بیرم لەوە کردەوە خۆبەخشانە بچمەوە بارەگا یان بچمە ئەفغانستان، بەڵام هەستم بەوە کرد ئەمە جۆرێك لە شتێتییە، چونکە زۆر نییە گەیشتوومەتە وێستگەکەم، لەگەڵ یەکێك لە هاوپەیمانە بەهاکان، شوێنی راسپێردرام ئێرەیە، باڵیۆزەکەشم سەرۆکێکی باشە.

هیوای ئەوەم دەخواست کۆفر پەیوەندیم پێوە بکات، هەروا پێم وابوو تینیتی بەرێوەبەر لەنێوەندی مقۆمقۆدا داوای یارمەتی لە بنکەی دژەتیرۆر بکات، چونکە بنکە بەتەواوی قاعیدە دەناسێ زیاتر لە هەموو کەسێك هەر حکومەتێك، رۆڵی یەکلاکەرەوەشی هەبوو.

لە شەودا کاتێك لە ماڵەوە بووم تەلەفۆنێکم بۆ کرا.

ئەو ئەنریکی برادۆ بوو، کە شوێنی منی گرتبۆوە لە بنکەی دژەتیرۆر، ئەو لە ساڵی ١٩٥٧ لە کوباوە هاتبووە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەپاش ماوەیەکی کەم لە هێزی ئاسمانی چووبووە سی ئای ئەی شاراوە، هەروا زۆر ئازایانە بەشداراوەیی لە جەنگدا بووە، کە ئاژانسەکە لە هەشتاکاندا ئەنجامی دابوو بەتایبەت لە ئەمریکای ناوەڕاست، ئەمەو لە ساڵی ١٩٩٦ کاری کردووە دژ بەقاعیدە، ئەو کەسێکی هەڵپەرست نییە، زۆر بەجۆشوخرۆشەوە خزمەتی بە وڵاتەکەی کردووە.

گوتی" من ریکم، برۆ نووسینگەکە لەسەر هێڵی ئەوێ پەیوەندیم پێوە بکە".

پێنج خولەکی ویست تا بە ئۆتۆمبێل گەیشتمە نووسینگە، هەروا پێنج خولەك تا پاسەوانەکانم بڕی، هەروا پەیوەندیکردن لەوێدا زۆر روون بوو.

"کۆفر داوای لێ کردم پەیوەندیت پێوە بکەم، ئەمە فەرمان نییە، بەڵکو داواکارییە، دەچینە ئەفغانستان، ئەو دەیەوێ سەرکردایەتی ئەو جەنگە بکەیت، تینیتی بەڕێوەبەر رازییە، یەکسەر وەڵامم ناوێ، بەڵام با لەو نزیکانە بێ، بیر لەکارەکە بکەوە". ریك بەکورتی و بەروونی باسی لێوە کرد، ئەو وا قسەی کرد کاتێك ئۆپراسیۆنەکانی بەڕێکوپێکی بەڕێوە دەبات.

"کەی دەتەوێ بگەڕێمەوە".

"دەتوانی بیر لە کارەکە بکەیتەوە".

"بیرم کردەوە کەی؟"

"باشە بەخێرایی بگەڕێوە ئێرە، بەڵام سەرەتا گرنگی بە خانەوادەکەت بدە".

"باشە، تکت دەبڕم و پێت راگەدەگەینم، لەلایەن منەوە سوپاسی کۆفر بکە".

"بەڵی هانك... هەموومان دەمانزانی تۆ چۆن وەڵام دەدەیەوە".

نووسینگەکەم داخست و بەرەو دەرەوە رۆیشتم، زۆر سارد بوو، سەیری ئاڵای وڵاتەکەمان کرد چۆن دەشەکێتەوە، بە هۆی رووناکییەکان زۆ بەجوانی دیار بوو، سەیری ئاڵاکەم کرد و لەپاشاندا سەیری ئاسمانی سافم کرد کە ئەستێرەکان تیایدا

دەبریسکێنەوە، سەیری گەردوونم کرد، هەستم کرد لەناکاوێکدا قەبارەی گـەورەتر بووە.

دووبارە سەیری ئاڵاکەم کردەوە، نوێژم کرد و لە دڵی خۆمدا گوتم:

"ئەی خودا، پیرۆزبایی لە قوربانییەکان بکە، کە لەو کارەساتەدا لەناوچوون، داواکارم دانایم پیّ بەخشی، من پێویستم پێتـە، تـۆ رێبـەرم بـە، خانەوادەکـەم بپارێزە، ئەو پیاوانە بپارێزە کە سەرکردایەتیان دەکەم، یارمـەتیمان بـدە دژ بـەو دوژمنە دڕندەیە، ئامین".

تاکە شت کە باوەڕی بۆ هێنامەوە لەو کاتەدا، رقبوونەوەم بوو دژ بە قاعیدە، دەمویست هەموویان بکوژم.

سی ئای ئەی و سەرۆك، ئەم هەلەیان پیّ بەخشم تا لە خزمەت نەتەوەکەمان دابم، تا دژ بە دوژمنان بوەستمەوە، ئەمە خەونی سەردەمی هەرزەکاریم بوو.

بارەگای سەرکردایەتی

دوای چەند رۆژێك لە فرۆکەخانەی داڵاس دابەزیم، ئۆتۆمبیلێکم بەگریّ گرت تا یەکسەر بچمە بارەگای سەرکردایەتی، لەنزیك دەروازەی سەرەکی رام گرت، لـە دەروازەکە خۆم ناساند، یەکسەر بەرەو بنکەی دژەتیرۆر چووم.

ئەو کات بنکەی سەرکردایەتی سی ئەی ئای لە ئەفغانسـتان، لـە ژوورێکـی بچووك پێکهاتبوو، پەنجەرەی نەبوو، بەڵام هەمووی نەخشێندرابوو، بـە نەخشـە و وێنە و چەندین بەند کاغەز نووسراو، بە نووسینگەی یاریدەری قوتابخانەی هونەرە جوانەکان دەچوو، هیچ پارەیەکی بۆ خەرج ناکریّ، کەچی هۆڵێك بوو بـۆ جـەنگی

کاری شاراوە، چوار کەسمان خۆمان خەریك کردبوو و سەیری نەخشەی ئەفغانستانمان دەکرد، فرانك ستراتیژ بوو، جاکیش وەك شیکەرەوە و جۆن جێگر بوو، هەروەها منیش لەوێدا بووم.

لە هەفتەیەك پێشتردا جۆن ماسیم وەك جێگر دەستنیشان کرد، ئەمەش باشترین بڕیارم بوو لە کاتی جەنگدا، داوام لە برادۆ کرد، لەو کاتەی تا ئەو کاتەی لەدەرەوە دابووم، داوام کرد یەکێك لە یاریدەرەکان پێشبینیکراوە، ئەویش ئاماژەی بەوەدا کە جۆن ماسی لەبەردەستدایە.

لە پەیوەندییە روونەکەدا بە برادۆم گوت "جۆن دەناسم گەنجێکی بەتوانایە، تا ئێستا ئەو خانەنشین نەبووە؟".

"ئەو بۆچوونی گۆڕیبوو، گواستنەوەی بارەگای سەرەکی پێشتگوێ خستبوو، بۆیە هات بۆ بنکەی دژەتیرۆر وەك هاوکارییەك، لەو کاتەی لەنێوەندی کەلاوەکان لە نیۆریوکدا پشکنینی دەکرد و بەدوای تەرمەکاندا دەگەڕا".

لەدوای هێرشەکان بەڕێوەبەر فەرمانی دەرکرد تا هەموو شتێکی بارەگای سەرکردایەتی بگوازرێتەوە، کەچی کۆفر رووبەڕووی بۆوە و بەبەڕێوەبەری راگەیاند بنکەی دژەتیرۆر لەمە جیادەکرێتەوە بۆیە هەمووان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە، هەروا جۆنیش فەرمانی بەڕێوەبەری پشتگوێ خست، لەپاشاندا لە خانەنشینەکەی پاشگەزبۆوە و وەك خۆبەخشێك هاتە ناو بنکەی دژەتیرۆر.

لە ماوەی ئەمسالّدا من و جۆن لەپێشتردا گفتوگۆمان کردووە کاتێك لە سی ئای ئەی بووین، ئەو باسی پلانەکانی دەکرد دوای ئەوەی واز لە کاری حکومی دەهێنێ، خۆی و لیندای هاوسەری دەچنە باشووری رۆژئاوا لەوێدا کێلگەیەك دەکڕن، هەروا ئەو لە کاتی گەنجیەتیدا وەك پاسەوانی باخچە ئەمریکییەکان کاری

کـردووە، جگـە لـەوەی هاوسـەرەکەی ئەسپسـوارێکی بـەتوانا بـوو، هـەردەم ویستوویەتی لەسەر ئەسپەکەیەوە ژیانی خۆی دابین بکات.

برادۆ گوتی "هەردەم پشکنین لەنێو باڵەخانە رووخاوەکەدا دەکات ؟".

هەروا برادۆ گوتی "ئەوت دەوێ؟".

لەنێو مێشـك و هەسـتمدا بـەخێرایی سـەیری دۆسـییەی جـۆنم کـرد، ئـەو دەرچووی کۆلیـژی دەریـاوانی بـوو، وەرزشـوان، هـەردەم وەك پاڵـەوان بەشـداری ململانێیەکانی هاوبەندی وەرزشی نیشتمانی کردووە بەتایبەت بـۆ وەرزش لـەنێو زانکۆکانـدا، جگـە لـەوەی ئەفسـەرێکی دەریاوانییـە، ئەنـدازیارێکی بـەتوانای ئەتۆمە، بڕوانامەی ماستەری هەیە لە کارگێڕیدا، لەپێشتردا لە کـەرتی تایبـەت کاری کردووە، لەپاشاندا پەیوەندی بە سی ئای ئەی کـردووە، ئـەو زۆ بەتوانایـە و زۆر بەخێرایی توانی دیواری هەواڵگریی کۆمەڵە تێرۆریستەکان بشـکێنێ، هـەروا هاوڕێیەتی لەگـەڵ خێڵەکییـەکان کـردووە تـا بـەدوای تیرۆریسـتەکاندا بگـەڕێ، بەشێوەیەکی تایبەت ئەو بکوژی تیرۆریستەکانە و سـەرکەوتوو بـووە، لەپاشـاندا ئۆپراسیۆنێکی شاراوەی کردووە، زۆربەی جیهان گەڕاوە و بەرزترین مەدالیای سی ئای ئەییان پێ بەخشیووە، سەرکەوتنەکەی وابووە، بـێ ئـەوەی کـەس بیزانێـت، زۆربەی کارەکانیشی بەتەنیا ئـەنجام داوە، چـونکە کارەکـانی زۆر نهێنـی بوونـە، تەنیاش چەند ئەفسەرێکی پلەبەرز دەزانن دەستکەوتەکانی چین.

جۆن پلەی بەرزکرایەوە تا بێتە ناو شـوێنە مەیدانییـەکان، ئـەو پێکهاتـەی قەبارەیەکی بچـووکی ماسـوولکە بـوو، جگـە لـەوەی کەسـێکی بەڕەوشـت بـوو ئەندازیارێکی وردە لە کارەکانی و ئارەزوویەتی هەموو بابەتەکان بەتەواوی بزانێ،

زۆر بەکەمی تورە دەبێ و گرنگی بە هەموان دەدا، ئەو زۆر خەسڵەتی هەیە، لە مندا نییە، ئەو تەواوکەری نموونەیی و جێگرێکی نموونەییە.

"ئەو گەنجە بەتوانایە، بەڵێ، دەمەوێ".

برادۆ گوتی "باشە، ئەوە بەدەستت هێنا".

تەنیا بە تەلەفۆن گفتوگۆمان کرد لە هەفتەی رابردوودا قسەمان کرد، ئێستاش وا سەیری دەکەم زۆر بەوردی دەڕوانێتە نەخشەکە، هەروا سەیری جاکی هێمن و لەسەرخۆ و ئەکادیمیم کرد، کە لە نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان هاتووە بۆ هاوکاریکردنمان، ئەو لە تۆڕ و شیکردنەوەکان باش تێ دەگات، هەروا ئەو لەتەك ئەوەی کەسێکی بلیمەتە، بەڵام شەرمنە و بێ سڵکردنەوە لەکاردایە.

کاتێك سەیری فرانکم کرد بینیم بەچوارگۆشەیی سەیری کارەکانی دەکات، ئەو زۆر باش لە کاری شاراوە دەزانێ، هەروا لەرووی ستراتیژییەوە لە هەموان باشترە لەنێو ئاژانسەکەدا، ئەوەی سەیریشە بەتوڕەیی کارەکانی دەکات بەڵام زۆر بەوردی دەڕوانێتە شتەکان و زۆر بەئاکادیمیانە لەدوای کارەکانی خۆیەوە، هەردەم وەك منداڵێك وایە، هەموو کاتیش رەتی دەکاتەوە باس لە کارە پیشییەکانی بکات، خۆی و ئەفسەرێکی رزگار کردووە کاتێك لەمارێنز کاری کردووە و لە ئەفریقیا کاتێك دانوساتی کردووە سەبارەت بە خۆبەدەستەوەدانی سوپایەکی گەندەڵ بەرامبەر هێزێکی یاخیبووی داگیرکەر، هەردەم فرانك رێزێکی تایبەتی هەیە لەنێو دەزگای شاراوە، چونکە چەندین کاری پاڵەوانیەتی ئەنجامداوە.

بە هۆی ئەو ئەزموونە فرانك پرۆگرامێکی سەبارەت بە کاری شاراوە داناوە، بەشێوەیەك زۆر ئاڵۆزە و زۆر بەزەحمەت رێك دەخرێ، هەروەها پشکنینی لەنێوان هەواڵگری و سیاسەت کردووە لەنێو کاری شاراوەدا، تاقی کردۆتەوە و لە هەموو

ئەنجامەکانی کۆڵیوەتەوە، لەو کاتەی قوتابی بووە لە کۆلیژی جەنگ لێکۆڵینەوەیەکی کردووە لەبارەی مێژوویی کاری شاراوە ئەمریکی و خەڵاتی ئەکادیمیای وەرگرتووە، ناوی دەکردووە، کە توانا ستراتیژییەکانی زۆر بەرزە.

من و فرانك هەر کاتێك یەکترمان بینی بێ هەردەم سەرنجەکانمان سەبارەت بە هەواڵگری و کاری شاراوە و جەنگ گفتوگۆمان کردووە، بەڵام تا ئێستا کارمان لەگەڵ یەکتردا نەکردووە، ئێستا ئەو راوێژکاری ستراتیژی و رێبەری کاری شاراوە و بەڕێوەبەری هەموو ئۆپراسیۆنەکانە لە ئەفغانستاندا واتە لەدوای ۱۱-۹.

لە فرانکم پرسی : "ئامانجە ستراتیژییەکانمان چین؟".

ئەو گوتی " سێ خاڵ هەیە: یەکەمیان لەناوبردنی هەموو سەرکردەکانی قاعیدەیە، دووەم رێگری بکەین لەوەی داڵدەیەکی سەقامگیریان هەبێ، لە خاڵی سێیەمیشدا لە هەموو ئەو دۆخە سیاسی-کۆمەڵایەتی-ئابووریانە بدەین، کە دوژمن سوودی لێ دەبینێ". ئەمەش شتێکی نموونەییە، بەو واتایەی هەموو بابەتە ئالۆزەکانی لە چەند رستەیەکی ساکاردا کۆکردەوە.

پرسیارم لێ کرد ئەو کاتەی ئاماژەم بە نەخشەکە دا" هاوپەیمانەکانمان لەکوێن؟" بیرۆکەیەکی جوانی هەبوو، من پێش سێ ساڵ کارم لەسەر ئەو گرفتە کردووە، بەڵام من پێویستیم بە داتای نوێ هەبوو، دەمویست بڵێم تیمەکانمان لەکوێدا دابەزێنین و لەکوێدا دەست پێ بکەین، لەپاشاندا بۆ کوێ بچین، دەمویست پلانی ئەفغانییە هاوپەیمانەکانمان بزانم، سەرەڕایی ئەوەی تواناییان دیاریکراوە، لە زۆر کاتیشدا ناتوانن هاوکاری یەکتر بکەن.

لێرەدا فرانك ئاماژە بە دۆڵی پەنجشیر کرد و گوتی "ئێرە، لە باشووری مەزار شەریف، لەوانەیە لە رۆژهەڵاتی هیرات بێ، لەوانەشە شیعە دەستی بەسەر

هەزارەدا گرتبێ لە هەرێمی بامیانی رۆژئاوای کابوول، ئەوان لێرەدان، زۆر رقیان لە تالّیبان دەبێتەوە".

"باشوور زۆر خراپە، ئەی وانییە؟" ئاماژەم بە قەندەهار و دەوروبەرەکەی دا، ئەو ناوچەیەش دڵی تالّیبانە.

"بەڵێ، بەڵام گریگ قسە لەگەڵ کارزای دەکات، کە بە رەچەڵەك خەڵکی ئەوێیە". لەم کاتەدا جۆن سەرنجی دایە شاری تارین کوت کە دەکەوێتە باکووری قەندەهار.

زانیم گریگ لەنێوەندی مقومقۆدایە، پرسیاری ئەوەشم کرد چۆن پەیوەندی هەیە بە کارزای سەرۆکی خێڵی پشتۆنی، لە کاتێکدا تالّیبان باوکیان کوشتووە، ئەو رۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لەبارەی ستراتیژیەتیی باشوور، نەمزانیبوو گریگ و کارزای بەکردەیی ناوەڕۆکی بڵاوپێکردنیان داناوە.

"لەوانەیە هاوپەیمانەکانمان توانیویانە لەلای باکوورەوە بەتەواوی زاڵبوونە، بەڵام ئێمە پێویستیمان بەباشوورە، دەبێ وابکەین جەنگی ناوخۆیی لەنێویاندا روونەدات، لە کاتێکدا تالّیبانەکانی پشتۆن دژ بەوانی دیکەن، واتە ململانێی نێوان باکوور و باشوور".

هاوپەیمانەکانمان توانیبوویان دە لەسەدا دەستی بەسەر رووبەری ئەفغانستاندا بگرن، لەوانەشە بتوانن دە لەسەدایەکی دیکە بەدەست بێنن، کەچی تالّیبان و هاوپەیمانە خێڵەکییەکانیان رۆژ بەرۆژ سەرکەوتن بەدەست دێنن، جەختم لە هاوپەیمانە ئەفغانییەکان کردەوە، هەستم بەوە کرد ئەوان کلیلی سەرکەوتنن، تەنیا ئەوان لە سروشتیی ئەو خاکە دەزانن، هەروا دەتوانن ئەفغانی دیکە بکەن بە هاوڕێی خۆیان و هەر ئەوانیش دەتوانن دیواری ئەستووری تالّیبان بشکێنن،

چونکە تەنیا ئەوان دەتوانن یەکسەر بجوولێن، سووپای ئەمریکی زانیارییەکی کەمیان هەیە سەبارەت بە ئەفغانستان، بە چەند مانگێك دەتوانن سووپاکەیان جوولە پێ بکەن، هەروا فەیلەقی سەربازی سی ئای ئەی کەمێکیان ماون، هەروا هەموویان گونجاو نین بۆ ئەو کارە، بۆیە پێویستە بەخێرایی بجوولێن نەوەك هەڕەشەیەکی دیکە سەر هەڵبداتەوە و هێرش بکەنە ناو ئەمریکا، دیارە جوولە خێراکانمان پەیوەستە بە سەرکەوتنی هاوپەیانە ئەفغانییەکانمان.

پرسیاری ئەوەم کرد "ئێستا شرۆن و تیمی شکاندنی سنەرەکان لەپنچشیرن، ئایا ئەوان پێویستیان بە چییە؟".

جۆن گوتی "بەڵێ ئێستا گەیشتوون، تا ئێستا باشن، بەڵام لەو ماوەیەدا پێویستیان بە پارە و چەك و پیاو هەیە، هەموو شتێك، پێویستە ئێمە لە بارەگای سەرکردایەتی تیمێکی کارگێڕی و پشتگیری دامەزرێنین، بەشێك بۆ ئامانجگترین، بۆ ئەو تیمانەی بڵاوەدەکەن".

"تۆ ئەو کارە بکە، من و جۆن ڕەزامەندی دەردەبڕین بۆ هەر سەرۆکی تیمێك و جێگری تیمەکانی مەیدان یان لە بارەگای سەرکردایەتی، پێویستە تەواوکەری یەکتر بم، هەروا بەخێرایی بتوانن بڕیار بدەن، بڕیارە ڕاستەکان، ئەوەندەی کارەکە پەیوەستە بەخێرایی وردی ئەوەندە پەیوەست نییە بە سەرکردەکان، بۆیە ئەو تۆڕە دەبێ ئاستی بەرز بێ و دینامیکی بێ".

هەستم بەوە کرد تیمەکان شکست دەهێنن ئەگەر ئەفسەر گونجاو دانەنرێ، لەوانەشە تووشی گێژاوە ببنەوە.

لە شەوی یەکەمدا، لەبەیانی ڕۆژی دواتر، لەپاش دوو کاتژمێر لە خەوتن، لە نووسینگەی کۆفر دابووم، ئەوێ گەورە بوو، هەروا کۆفر بە هێزەوە دەستەکانی

دەجوولاند وەك ئەوەی لە هەوادا جەخت لە بیرۆکەیەك بکاتــەوە، چـەند جـارێکی هەردوو دەستی لەسەر مێزەکە دانا.

باسی لەوە کرد کە چۆن خۆی و ریچ لـە تـەمووزدا لـەلای کۆنـدەلیزا رایــس راوێـژکاری ئاسایشــی نەتـەوەیی بـاس لـە هەڕەشـەیەکی دیکـە کـراوە لەلایــەن قاعیدەوە، بەبێ ئەوەی هیچ وەڵامێك لەلای ئەو و کۆشکی سپیدا هـەبێ، هـەروا ئاماژەی بە وتارێکی پوختکراوەی سەرۆك دا کـە لـە٨ ی ئـابی ٢٠٠١ ئامــاژەی بەوە داوە، کە "بنلادن مکوڕە لە لێدانی ویلایەتە یەکگرتووەکان"، ئەمە لەلایەن بنکەی دژەتیرۆر نووسرا و درایە کۆشکی سپی، هەروا ئاماژەی بـەوەدا لـە سـاڵی ١٩٩٣ زۆر بەروونی باس لە هێرشکردن دەکات بۆ سەر بنکەی بازرگانی جیهانی، هەروا بنلادن مکوڕە لەسەر ئەوەی "جەنگ دەگوازێتەوە بۆ ئـەمریکا، لەلایـەکی دیکەوە ئاگادارکردنەوەکە ئەوەشی تیادا بوو، کە بـنلادن دەیـەوێ هێـرش بکاتـە سەر واشنتن، لێرەش پرسیارەکە لەوەدایە دەبێ سـەرۆك فـرانکلین ورۆزفێلـت چـی بکەن لەبارەی پیلانی ژاپۆن لەو کاتەی دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر بـێرل هـالربۆر بەتایبەت لە کانوونی یەکەمی ١٩٤١.

کۆفر باسی لەوە کـرد کـە لـەپاش ١١-٩ پوختـەی سـەرۆك و ئەنجوومـەنی ئاسایشی نەتەوەیی چی تیایدا وتراوە، بەتایبەت ئەو کاتەی داواکرا خودی سەرۆك بۆش سەرکردایەتی سی ئای ئەی بکات تا "سەری بنلادن" بێنێتەوە، لە کاتێکدا سەرۆك هانی سەرۆك ئاسایشەکەی دا، لەو کاتەی هەموو کاغەزەکانی ناو دەستی پەرشوبڵاوە پێ کرد، ئەو زۆر بەرێزە، ئالنگاریان بوو تـا رووبـەڕوو بەرامبـەر بـە دوژمن ببنەوە، هەروەها کۆفر تینیت هەموو شتێکیان داوا کـرد بـۆ بـەرپاکردنی جەنگ، سەرۆکیش هەموو شتێکی پێ بەخشین.

هونەری سیخوڕی

کۆفر ئەوەی بۆ باس کردم کە " جگە لەوانەی بەرامبەر بە مێزەکە دانیشتبوون، کەسی دیکە بیر لە جەنگ نەکردبۆوە لە ئەفغانستان، جگە لە ئێمەش کەسی دیکە لەوێدا نەبوو".

توانیم لەوە تێ بگەم ئازایەتی نییە کۆفر داواکارییەکان پێشکەش بکات، بەڵام دەبێ بە پشتگیری تینیت بێ، تا بەرپرسیاریەتییەکە بگرێتە ئەستۆی، لەلایەکی دیکەوە کلاوسفیتز لە کتێبەکەی بە ناونیشانی "لە جەنگدا" باسی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی کردووە، ئەمەی لەسەرووی ئازایەتی داناوە، هاوکات سەرکردەیەك نییە بەبێ ئەو جۆرە پاڵەوانەتییە، باشترین نموونەش نەم بینیووە بەرامبەرم بێتەوە، بەڵام شەرفمەندم جارێکی کار لەگەڵدا دەکەم.

لەڕاستیدا بەرپەرچدانەوەی ئاسایش بەشێوەیەکی جیا بوو، کۆشکی سپی پەنای بردە ئەفسەری ئۆپراسیۆنی سی ئای ئەی تیایدا داوای کرد ڕێنمایی و سەرکردایەتی بکات لە یەکێك لە قەیرانە نیشتمانییەکان هەر لە بیرل هاربۆرەوە، لێرەدا بیرم لە چۆنیەتی پێشکەوتنی شەڕەکان کرد، واتە یاریزانەکان لە وڵاتانی دیکە دێنە ناو گۆڕەپانی جەنگەکە، بەمەش هەموو چەمکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەراوخوون دەکاتەوە، چونکە هیچ بوونێکی سوپای نیشتمانی بوونی نییە تا پنتاگۆن دژایەتیی بکات، هەروا هیچ دەزگایەکی تاوانکاری نییە تا ئێف بی ئای مامەڵەیان لەتەکدا ئەنجام بدا و بیانوەستێنێ، هیچ وەزارەتێکی دەرەوە نییە هاوشانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بێ تا پەیوەندی پێوە بکات، یان هیچ دەزگایەکی نێودەوڵەتی نییە تا دەسەڵات و هێزێك ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییە ببێتەوە، تەنیا چەند ئەفسەرێکی سی ئای هەیە سەبارەت بەو گرفتە دەزانن و چەند ساڵێکە خۆیان تەرخان کردووە بەرامبەر بەو کێشەیە، بۆ ئەمەش کۆفر ڕۆڵی سەرکردایەتی دەبینێ کاتێك هیچ خۆبەخشێك نییە ئەو کارە بکات.

پرسبارم لە کۆفر "ئایا دەزانن تۆ بەرامبەر چ کێشەیەك بوویتەوە".

"لەوە دلْنیا نیم، لەوانەشە سەرۆك زۆر زیرەك بێ، بەپێی ئەوەی هەندێك پێیان وایە و ئەو دەیەوێ ئێستا هێرش بکرێ، کەچی رامسفێلد کەسێکی گەمژەیە، لە هەموو شتێك زیاتر تەنیا گرنگی بە دەسەڵاتە تایبەتییەکەی دەدا، بەڵام ئێستا ئێمە باشین تا ئەو کاتەی سەرۆك پشتگیرمان دەکات، کەسی دیکەی نییە، تەنیاش ئێمەی هەیە".

"سوپاس بۆ بانگکردنم، من چاوەڕوان بووم". وەك دانپیانانێك وام گوت.

کۆفر بەرقەوە سەیری کردم گوتی "لە دوو ساڵی رابردوودا گوێم بۆ راگرتی، تۆ سکاڵا دەکەی سەبارەت بە داڵدەدانی دوژمنەکان لە ئەفغانستان، ئێستا کارێکت هەیە، دەستکێشەکانم لەدەست کردەوە و بە شرۆنم راگەیاندن من سەری بنلادنم دەوێ، من سەری ئەو دایکسۆزانییەم دەوێ، پێویستە قاعیدە وێران بکەین".

هەموو پلانە ئامادەکراوەکانم پێ ڕاگەیاند، کە لە شەوی رابردوو کارمان لەسەر کردبوو، ئەمەش پەیوەندییەکی تەواوی هەبوو بە کارەکانی پێشترمان، بەتایبەتی ئەو هەوڵانەی ریچ دای بوو لە "وێستگەی ئلیك".

بەترسەوە گوتم " دەبێ بەخێرایی ئەو کارە بکەین، پیاوێکی زۆر لەدەست دەدەین، زۆربەیان".

"دەتوانیت گرەو بکەیت، یان تۆ دەزانیت؟ هەنگاو باوێ و بەردەوام بە، بەرامبەر هیچ کەسێك مەوەستە، ئایا تێ دەگەیت؟ ئایا تۆ ئامادەی بۆ ئەمە؟".

ئەمانە تەنیا پرسیار نەبوو، بەڵکو ئاگادارکردنەوە بوو بەبێ ئەوەی ئارەزووی لێ بێ، زانیشم نابێ قسەکانی پێ ببڕم.

"هەموو ئەو شتانە دەخەمە بەردەستت، یان هەر شتێکمان هەبێ، پێویست جەخت لە جەنگ و پیاوانان بکەیتەوە، بۆ دۆڵی مردن دەچیت و چەند ئەفسەرێکت لەگەڵدا دەبێ، هەموو شتەکانی دیکە لەبیر بکە، تەنیا جەخت لە دوژمن بکەوە، تا پێت دەکرێ بیان کوژە، بە شرۆنم ڕاگەیاند سەری بنلادنم دەوێ، تێ دەگەی؟ لە بووندا ڕەشیان بکەوە، منیش گرنگی بە کردەوەی سیاسییەکان دەدەم"، نەم توانی پێی بڵێم ئەو تەنیا خۆی دووبارە دەکاتەوە.

"هیچ کاتێك گرنگی بە ناوە ڕەمزییەکان مەدە، یان گرنگی بە پەرچەمەکانی جەنگ و ئاهەنگەکان مەدە، ئەمانە شتی ساکارن، ئایا تێ دەگەی؟".

وەك ئەوەی هاوار بکات، بەڵام بەهاتوهاوار نەبوو، ڕووخساری بەتەواوی گۆڕا بوو، ڕەنگی سوور بوو بوو، بەڵام جۆشوخرۆشێکی مەحاڵ لە ڕووخساری دەبیندرا، دەی توانی هاوار بکات و شتەکانی دەوروبەری هەمووی فڕێ بدا، نەمزانی بۆ وادەکا، تا ئێستاش باسی لە مەبەستە ڕاستەقینەکەی نەکردووە، کاتێك لەلای ئەو کارم دەکرد فێری ئەوە بوو بووم بەگرنگییەوە گوێی بۆ ڕاگرم، چونکە هەستونەستە سیاسییەکانی زۆر توند بوون، ئەو ئاوێتەیەکی دەگمەنی هەیە لەنێوان ترس و ئازایەتی، لە کاتێکدا خۆی دوور دەخاتەوە لە ململانێیەکە و لەلایەکی دیکەوە بەسەر دیوار دوژمنی کەوتووە.

"بەڵێ قوربان تێ دەگەم".

بێدەنگ بوو

"پێی ڕاگەیاندم داوا بکە، ئەگەر هەر شتێکت ویست".

"دەتوانیت گرەو لەسەر هەموو ئەمانە بکەیت".

کاتێك رۆیشتم لە نووسینگەکەی بەتەنیا جێم هێشت.

گەڕامەوە نووسینگەکەم، سەیری یەکێك لە نەخشەکانی ئەفغانستانم کرد، ترسم لەوە بوو قاعیدە بۆ جارێکی دیکە هێرشمان بکاتە سەر، لەوانەیە لە هەر کاتێك بێ هێرش بکاتە سەر وڵاتەکەمان، بۆیە پێویستە بەخێرایی بکەوینە جوولە، تا رووبەڕووی دوژمن ببینەوە و تێکی بشکێنین، ئەمەش باشترین بەرگرییە لە خۆمان، واتە بەخێرایی رووبەڕوویان ببینەوە، بەشێوەیەك لەو شوێنانە بدەین کە قاعیدە و تاڵیبانی تیادا کۆبوونەتەوە، دەبێ لە رێگەی تاڵیبانەوە بگەین بە هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بگەن بە قاعیدە.

ئەگەر ئێمە داگیرکەر نەبین بە هیچ شێوەیەك سەرکەوتوو نابین، لە کاتێکدا ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی یاخیبوون بێتە کایەوە، بەمەش دەتوانین بنکەی سەرکردایەتی قاعیدە وێران بکەین و نەتوانن بچنە نێو دڵدە سەقامگیرەکانیان لەناو ئەفغانستان، ئێمەش دەبین بە یاخیبوو و هاوکاری یاخیبووەکان دەکەن، ئامانجی سەرەکیشمان سەرکردایەتی قاعیدە و بنلادنە بەتایبەتی.

کاتێك ماسی هات بەکورتی هەموو ئەو شتانەم بۆ باس کرد، کە لەگەڵ کۆفردا باسمان لێوە کرد، ئەو بابەتە نوێیەکانی پێ ڕاگەیاندم، هەروا بەخێرایش ناوی فەرمانەکانی پێ گوتم کە لە ئەستۆی کێ دایە.

لێم پرسی: "ئایا ئەوانە پیاوانی راستەقینەن بۆ ئەم کارە".

"بەڵێ، پیاوانێکت دەست کەوێ، ناتوانیت بڵێین راستەقینەن".

"ئەمە مانای چییە؟".

"زۆربەیان خۆبەخشن، زۆرن، بەڵام زۆربەیان کارایی تەواویان نییە، بەڵام دەتوانین پێکهاتەیەك لە بەهرەکان لەیەکتر نزیك بکەینەوە بۆ سەرکەوتنی کارەکان، وەك دەزانیت ژمارەیەکی کەم لە ئەفسەران کارایی تەواویان هەیە بۆ ئەو جۆرە کارە، هەر چۆنێك بێ ژمارەیەکی کەم هەیە، ئینجا لە هەر شوێنێك بن".

ئەو راست دەکا، تەنیا لەرووی جیاکردنەوەی شتراتیژییەوە نەبێ، کێ زمانە ئەفغانییەکان دەزانێ و لە سروشتیی خاکەکەی تێ دەگا و رقی لە قاعیدەیە و نارەزووی لە شەڕە؟ بێگومان ئەوانە ئەفغانییەکانن.

"ئەمەش هۆکارە بۆ هاوکاریکردنی هاوپەیمانە ئەفغانییەکان تا بگەین بە ئامانجی کۆتایمان، ئەوان دەزانن ئەمە کاتیانە لەپاش کوژرانی ئەحمەد شا مەسعوود لەپاش ١١-٩، شرۆن باسی لەوە کرد، هاوکات عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا و عارفی ئەندازیار و ئەمرللا وایان گوت، ئێمە ئەفسەری سەکردەمان دەوێ، بتوانن لەگەڵ ئەفغانییەکان بن و هانیان بدەن کە ستراتیژییەکەی گونجاو هەیە بۆ هەماهەنگییەکی گونجاو، ئەوانیش هۆکاری خۆیان هەیە، ئێمەش تەنیا هاوکاری ئەوانمان دەوێ".

چۆن لە کاتی قسەکردندا سەری دەلەقاند، بەڵام نەڕۆیشت.

پرسیم :"ئایا شتێکی دیکە هەیە".

"لەوانەیە هەندێك تیمی هەماهەنگی گرفتیان هەبێ، تینیتی بەڕێوەبەر پشتگیریان دەکات، هەروا رۆب ریچر سەرۆکی کارمەندەکان پشتگیریمان دەکات، بەڵام تیمی هەماهەنگی واز لە خەڵکە باشەکەی ناهێنێ، ئێستا سەرۆکی هەموو وێستگەکانی جیهان پەیوەندیمان پێوەدەکەن، ئەوانە ئەفسەری باشن، ناشکرێ هەموویان بنکەکانی خۆیان جێ بێڵن".

"ئەوانە وەرگرە کە ئێمە پێویستمان پێیانــە، لەگــەڵ رۆب کــار بکــە، هــەر کاتێکیش گرفتی گەورە هاتــە رێــت ئاگــادارم بکــەوە، لــەبارەی ئەوانــەی ئێمــە پێویستمانە، هەموو ئەو باسانەش لەگەڵ کۆفر دەخەمە روو".

ماسی بەگوماناوییەکەوە سەیرێکی کردم.

"جۆن، گــوێ بگــرە، ئەوانــە بەدەســت دێنیــت، کــە پێویســتتە، بــەرێزەوە سیستەمەکە دەخەینە بەردەستمان، بــەڵام تــەنیا بــۆ یــەکجار، ئەگــەر سیســتەم نەیتوانی ئەو کارە بکات، هەوڵ دەدەین بیانکەین بە هاورێی خۆمان".

جۆن بەسەرسوڕمانییەکەوە گوتی "زۆر کەس لێمان وەڕس دەبن".

"لەراستیدا من دەتوانم ئەو کارە بکەم".

"بەڵێ، تۆ دەتوانیت".

کامپ دێڤید

لــە بەیانییــەکی رۆژی شــەممەی کۆتــایی مــانگی ئــەیلوول لەگــەڵ تینیتــی بەڕێوەبەر سواری ئۆتۆمبیلێکی رەش بووین، بەرەو کامپ دێڤید رۆیشتین، پێشــتر نەچوومەتە ئەو شوێنە یان چاوم بە سەرۆك بــۆش کــەوتبێ، کــە مــاوەی هەشــت مانگە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست.

سەرۆك بۆش پێشوازیەکی گەرمی لــێ کــردین، ئــەو جلوبــەرگێکی ئاســایی لەبەردا بوو، تینتی بەڕێوەبەریش بەسەلقەیەکی باشەوە قســەی دەکــرد، هاوکــات ئاندی کارد زۆر بەرێزەوە باسی سیڤی منی کرد، هەر لەوێــدا رایســی راوێــژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئامادەبوو، ئەو زریپۆشێکی هێمنــە بــۆ پاراســتنی ســەرۆك،

چینی جێگری سەرۆك بەخەندەوە پێشوازیەكی گەرمی لێ كردم، ئەوەش بۆ یەكمجارە هەر یەك لەوانە ببینم.

هەموویان زۆر بەڕێزەوە قورسایەكی سیاسیم نەبوو، بەڵام ئەوەم خوێندەوە پێیان وایە بەكردەیی بەرەو سیاسەت هەنگاو دەنێم، ئەمەش پێچەوانەی متمانەبوونە بە تینیت، لە ماوەی چەندین ساڵی رابردوودا خۆم سەلماندووە لەنێو هەواڵگری و كۆكردنەوەی زانیاری و كاری شاراوە، بەڵام ئەو جیهانەی ئێستا لەلای من نوێیە، لەپاش ماوەیەكیش ئەوەم بۆ دەركەوت كە هێڵێكی روون نییە لەنێوان ئەم دووانەدا، تەنیا رووبەرێكی فراوان هەیە لەنێوان ئۆپراسیۆن و سیاسەتدا، دەتوانیت بچیتە نێو سنووره تەماوییەكان، لە كاتێكدا یەكسەر لەپێش چاوت ون دەبێ.

دانیشتنەكە زیاتر گفتوگۆ بوو لەنێوان بەشداربووان، زیاتر لەوەی پوختەیەكی فەرمی بێ، من بە هۆی چەندین نەخشەوە باسم لە پلانەكانمان كرد لە ئەفغانستان، سەرۆك بۆشیش زۆربەی پرسیارەكانی كرد، كەچی ئەوانی دیكە باسیان لەچوارچێوەی كات و زەمەنی پلانەكان كرد، بیرۆكەیەكی وام نەبوو كاتێك جەنگ لە ئەفغانستان دەست پێ دەكات ئەنجامەكەی دەگاتە كوێ، ئینجا بەخێرایی بێ یان بەهێمنی، ئەمەو دەتوانین خێرایی یەكلاكەرەوە ئەنجام بدەین، بەشێوەیەك ئەگەر هەواڵگرییەكی باشترمان هەبێ، بۆ ئەوەی وێنەكە روونتر بێ زیاتر بابەتەكە پەیوەستە بەو بڕیارانەی لە كاری شاراوە دەدرێ، جگە لە لێدانی سەربازی و سیاسی ئاشكرا.

لەپاشاندا ئیمێل نەخلە وەك یەكێك لە باشترین شیكەرەوەكانی سی ئای ئەی دەستی كرد بە شیكردنەوەی ئایدۆلۆژیی قاعیدە لە جیهانی ئیسلامیدا، ئیمێل لە

فەلەستین پەروەردە بووە و لە زانستە سیاسییەکان دوکتۆرای بەدەست هێناوە، لەو کەسانەیە کە سەرچاوەی یەکەمە سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی، مـن و سـەرۆك زۆر بەگرنگییەوە گوێمان لە پوختە سیاسییەکەی گرت.

ئەوەی لـەلام سـەیر بـوو بەشـداری نـەکردنی وەزارەتـی بـەرگری بـوو لـەو کۆبوونەوەیەدا، هیچ شتێکمان لە پنتاگۆن وەرنەگرتووە واتە ئەوەی پەیوەسـتە بـە پلانەکانی، پرسیارەکەشم لەوەدایە دەبێ رامسفیێڵدی وەزیر و ئەوانی دیکـە چ بـە سەرۆك بڵێن، لە کاتێکدا پنتاگۆن هیچ پلانێکی نییە، کۆفر راست دەکات، ئێمـە لە سی ئای ئەی هەنگاو دەنێن و ئێمە فەرماندەین.

لـەپاش کۆبوونەوەکـە سـەرۆك مـن و جـۆرجی بـەڕێ کـرد تـا گەیشـتنینە ئۆتۆمبیلەکە، جۆرج کەمێك لەپێشتر بوو، بۆ چەند ساتێك سەرۆك دەستی لەسەر شانم دانا و بەهێمنی گوتی "بڕۆ لەناویان بەرە".

"بەڵێ، قوربان".

ئەم ئاماژە ساکارە، بۆ من بەشی هەرە گرنگـی کۆبوونەوەکـە بـوو، چـونکە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەراسـتەوخۆیی و کەسـی فـەرمانی پـێ کـردم، ئەمەش وەك خەیاڵ وایە، ئەم ئاماژانە بۆ ئەفسەری ئۆپراسیۆنەکان زۆر گرنگـە و پێویستیەتی یان شایستەیەتی، بۆیە هەستم بە مکوڕبوون کرد.

ئەم دەتوانێ خۆم دووربخەمەوە لـەو هەسـت بەتایبـەتی لـەو کۆبوونەوەیـەدا هەستم بە خەیاڵی جەنگی داهاتوو دەکرد، کە بـەروونی لەبەرامبـەرمان ئاشـکرا بوو.

جۆرج لە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا دەستی بە جگەرەکێشان کرد، بە چرپەوە گـوتی "شتێکی باش بوو".

منیش گوتم :" تەنیا ئێمەیان هەیە، ئەی وانییە؟"، لەوانەشە پلانێکی هاوسەنگ هەبێ، زۆر بەزەحمەتیش لەوە دەگەیشتم کە چۆن سی ئای ئەی ڕۆڵی سەرەکی دەبێ، منیش ڕۆڵی فەرماندەیی و سەرکردایەتی دەبینم.

"بەڵێ ڕاستە". هەروا جۆرج گوتی "کۆفر تۆ و کوڕەکان".

سەیرێکی کردم و هەردوو برۆی بەرز بۆوە و سەری لەقاند، هەروا لە ساڵی رابردوودا لەگەڵ بەڕێوەبەر گەشتێکی دووروودرێژمان بەدەریادا کرد، فێر بوو بووم دەربڕینەکانی چۆنە وەك ئەوەی بڵێت "خۆت گێل مەکە، ئێمە دەتوانین ئەو کارە بکەین".

زۆری نەمابوو جگەرەکە تەواو بێ، بەڵام سۆتەکەی نەکەوت، وامزانی ئەمە بەڵغەم بێ.

گوتم: " بەڵێ، قوربان".

کەچی من لەولاوە بیرم لە ڕۆڵی فەرماندەیی دەکردەوە واتە هەموو شتەکان دەکەوێتە ئەستۆی من و کۆفر، ئێمەش هیچ شارەزاییەکی سەربازیمان نییە، تەنیاش چەند جارێك چووینە باشووری ئاسیا، سەردانی ئەفغانستانمان نەکردووە، ئایا گاڵتە دەکەی؟ بەڵام سەرۆك بە تۆ و کۆفری گوتووە بڕۆن، ئێمەش دەڕۆین، لە کارەکە تێگەیشتم، تا دەتوانن بەخێرایی و بەهێزەوە بڕۆن.

زۆر جار وەڕس دەبووم کاتێك هێرش دەکرایە سەر وڵاتەکەکان، ئێستاش من متمانەم بە خۆمە هەیە، تەنیاش ترسم لە سیاسەت و سنوورەکان هەیە لەنێوان ئۆپراسیۆنی هەواڵگری و سیاسەت، ئەمەش وا دەکات زیاتر مکوڕ بم.

لەم چەند رۆژەدا پێم باش بوو لەگەڵ کۆفر قسە بکەم، چونکە سەرکێشیی سیاسی رەهەندێکی دوورە، دەم ویست گوێ لە بۆچوونەکانی بگرم، هەروا باسی ئاگایم بۆ بکات.

چوومە نووسینگەکەی و دەرگاکەم پێوە دا و لەسەر کورسییەك دانیشتم، ئەو هیچ قسەیەکی نەکرد و چاوەڕێ بوو.

"بیرم لەوە کردەوە کۆفر تۆ لەگەڵ ئێمەی، کەس لەگەڵ تۆ نییە، تۆ لەپشتەوە دەمان پارێزیت، بەڵام کەس نییە، پشتی تۆ بپارێزێت".

پێویست بەوە نەبوو تا ئاماژە بە سەرکێشیی سیاسی بکەم، هەروا هیچ ئاماژەیەکم بەوە نەدا من لە رێزی تینتی بەڕێوەبەر کەم دەکەمەوە، بەپێچەوانەی ئەمە کۆفر گڵۆپی سەوزی داگیرساند و پشتگیرییەکی نادیاریکراوی خستە روو، بەڵام من و کۆفر ئەوەمان دەزانی کە کارەکانی دیکە دەکەوێتە سەر شانی تینیتی بەڕێوەبەر، کە پێشتر فەرمانبەرێك بووە لە کۆنگرس و ئەویش توانایەکی سیاسی جیای هەیە، ئەو پێویستە ئاژانس و کردەوەکە بپارێزێ لەنێوەندی ئەو سیاسەتە قورسەدا، ئەو هیچ کاتێك بەشاراوەیی کاری نەکردووە.

بەردەوام بووم "کۆفر من سکاڵا ناکەم، من لە ئامادەباشیدام، هەموومان لە ئامادەباشیداین، دەزانم بیر لەو شتانە دەکەیتەوە، چونکە مێشکت گەورەیە".

وەك ئەوەی بەزیی پێم بێتەوە سەیرێکی کردم و بەهێمنی گوتی "دەزانیت ئێمە کۆتاییمان هاتووە".

بیرم لەوە نەکردبۆوە دەڕوا، بۆیە بەهێمنی دانیشتبووم، بەڵام هیچی دیکەم نەگوت، بەڵام رووخساری گۆڕا و وا سەیری کردم کە من گەمژە بم.

"ئێمە کۆتاییان هات، ئەگەر شکست بهێنین ئەوا لۆمەمان دەکەن سەبارەت بە هەموو شتێك، ئەگەر سەرکەوتین ئەوانەی لەو باڵەخانەدا هەموویان رقیان لە ئێمە دەبێتەوە، لەپشتەوە گولەمان تێ دەگرن، رقمان لەیەکتر دەبۆوە، چونکە کەرەستە و دەسەڵاتمان نییە، بەشی رۆژهەڵاتی خواروو دەیویست زاڵ بێ بەسەر ئەو جەنگەدا، بەڵام بەرێوەبەر پشتگیری کردین، بۆیە پێویستە ماڵئاوایی لە هەموو داهاتوویەکی پیشەیی بکەیت".

بەتوندی پێم گوت " تۆ پێت وایە من گوێ بە داهاتووی پیشەیی دەدەم؟ هەزاران کەسمان کوژراوە، ئەوەی دەمەوێ کارەکەیە، تۆ بە منت سپارد منیش بە گرنگی دەزانم".

کەمێك گەرم بوو و گوتی "کارەکە لە یەکێتیی سۆفیەت دەچێ کاتێك لە جەنگی جیهانی دووەمدا بوو، ئەو کاتەی شکستیان هێنا بەشێك لە جەنەراڵە سیاسیەکانیان لەسێدارە دا، ئەوان هەردەم دەمانچەکەیان پڕ لە گولە بوو، کارەکە ئاسانە، لە هەردوو حاڵەتەکە گولەیەك بەسەریان دەکەوێ"، وای دانا دەمانچەیەکی لەدەستدایە گولەیەك بەنێو چاوانم دەتەقێنێ، ئەو دەزانێ چۆن بۆچوونەکانی خۆی دەچەسپێنێ.

"دەتوانیت داهاتووت لە دەزگای شاراوە لەبیر بکەیت، ئەگەر دەتوانیت بە هەر شێوەیەك خۆت لەم باڵەخانەیە رزگار بکە، چونکە سیاسییەکان لەناو پایتەختدا خۆیان بۆت ئامادە کردووە، لەمە تێ دەگەیت؟ تۆ تەواو بوویت!".

رازی بووم بە قسەکانی :" بەڵێ، ئەوە دەزانم، کۆتایم هاتووە". لە بیرۆکەکەی گەیشتم ئەمەش وەك ئامۆژگارییەك وابوو کە زۆرجار باش و ناخۆشە،

وای دابنێ کۆتایت پێ هاتووە لەرووی سیاسی و پیشەییەوە، وا تێگەیشتم کارەکە وایە، بەڵام پێم باش بوو گوێ لە کۆفر راگرم، کە هەردەم ژیان دەداتە قسەکانی.

کۆفر هەناسەیەکی هەڵکێشا.

"بە ماسی جێگرەکەتم گوتووە دەبێ باش بێ وەك ئەوەی باسیان کردووە، دەنا با بڕوات"، منش دڵنیام کردەوە کە " ئەو زۆر باشە".

"باشە هیوام وایە، داوات لێ دەکەم بگەڕێتەوە بۆ کار".

ژووری قەیرانەکان

لەپاش چەند رۆژێك من و تینیت ئامادەی ژووری قەیرانەکان بووین لەناو کۆشکی سپیدا، کۆندەلیزا رایش راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکرد، ئەمەش بە ئامادەبوونی رامسفێڵد و کارد و کۆڵن پاول وەزیری دەرەوە و پۆل ولفوفیتر جێگر و جەنەرال مایرز سەرۆکی ئەرکانی هاوبەش، چەندین بەرپرسم لەو ژوورە بچووکەدا بینی، من بۆ یەکەمجارە لەوێ دادەنیشم، من لەتەك جەنەراڵ واین داوینگی بەرپرسی دژەتیرۆری کۆشکی سپی، ئەمەو ئەم جەنەراڵە بۆ ماوەی چەندین ساڵ فەرماندەی هێزی تایبەتی ئەمریکی بووە، بێگومان چەند مانگێکی دیکە لەتەك ئەو جەنەراڵە دادەنیشم، سەرەڕایی ئەوەی ئەو سەرباز بوو، بەڵام من وا نەبوو، هیچمان پەیوەندیمان بەیەکەوە نییە لەرووی کاری شاراوەدا، بەڵام یەك میراتی هاوبەشمان هەیە لەرووی "ئا ئاس ئاس" لەنێوەندی جەنگی جیهانی دووەمدا، کە لەپاشاندا سی ئای ئەی و هێزی تایبەتی ئەمریکی لێ هاتۆتە کایەوە، لە سەرەتادا هەستم بەوە کرد دەتوانم متمانەی پێ بکەم، هەردوو لاشمان لەیەکتر نزیك دەبووینەوە، بەڵام ئەو وەك بەرد وابوو.

رایس داوای لە تینیت کرد زانیارییە نوێیەکان بخاتە روو، لەپاشاندا جەنەراڵ تۆمی فرانك لە رێگەی ڤیدیۆیەکی راستەوخۆ لە بارەگای ناوەندی تامپا قسەی کرد، لەپاشاندا زۆربەیان بۆچوونی خۆیان گوت، چەند پرسیارێك سەبارەت بە ئەفغانستان کرا و چەند وەڵامێکی پوختم دایەوە، بەترسەوە وەڵامم دەدایەوە، چونکە شارەزایی ئەو ژینگەیە نەبوو.

هەموو شتەکان بەپێی دڵی ئێمە بوو، هەر یەك لە کەسەکان رۆڵی خۆیان باس کرد، هەمووشیان هێمن و لەسەرخۆ و ئاقڵانە دەدوان.

لەناکاوێك کارەکە شێوا.

بەبێ پێشەکی یان خستنە رووی خاڵێك ولفۆفتیر دەستی بە قسان کرد.

"عێراق، پێویستە جەخت لە عێراق بکرێتەوە، ئەمە دەوڵەتە لەپشت ١١-٩، بەڵام عێراق بنکەیەکە بۆ ستراتیژیمان لەرووی دژەتیرۆردا"، زۆر بەتوندی قسەی دەکرد، کەمێك وەستا بێ ئەوەی هیچ وەڵامێك وەربگرێ، بۆیە بۆ ماوەی دوو خولەکی دیکە دەستی بە قسەکردن کرد، بەڵام لەناکاوێك وەستا وەکچۆن دەستی پێ کرد.

هەموو لە بێدەنگییەکی قورسدا بوون.

سەیری ناو هەموو ژوورەکەی کرد، بەڵام کەس قسەیەکی نەکرد.

لە خۆم پرسی دەبێ ئەمە چ بکێشێ؟

هەموو ئەو شتانەی لەرووی هەواڵگرییەوە کۆمانکردۆتەوە یان هیچ شیکردنەوەیەك نییە باس لە عێراق بکات کە دەستی لە هێرشەکانی ١١-٩ بێ، بەڵکو سەدام حسێن بەپێچەوانەوە دیکتاتۆرێکی عیلمانی بێ ئومێد بوو، هیچ

هینری ا.کرامبتۆن

کاتێك لەگەڵ ئایدۆلۆژیەتی قاعیدە نەبوو یـان بـە هاوپـەیمانی بزانـێ، سـەرەڕای ئەوەی سەدام کەسێکی تیرۆرست بوو و پشتگیری کۆمەڵە تیرۆریستییەکان دەکات، بەتایبەتی ئەو تۆڕانەی سەر رادیکـاڵی فەلەسـتینین، هـەروا پێـی وایـە قاعیـدە هەڕەشەیە نەك هاوپەیمان لەلایەکی دیکەوە قاعیدە پلانی هێرشەکانی ١١-٩ لـە ئەفغانستاندا داناوە نەك لە عێراق.

بەبێ دانیشتم، کارەکە لەوە سەیرتر بوو تا پێویست بکات وەڵامی بدەمەوە، بەتایبەتی من کوڕە نوێیەکە بووم لەتەك غرووریکی سیاسی و تارمایی مەیدانی، دیار بوو کەس بەرپەچی ولفوفیتزی نەدابۆوە منیش هیچ قسەیەکم بۆی نەبوو، بەو پێیەی بۆچوونێکی لۆژیکی کاتییە و لادانێکـە لەلایـەن سـەرکردەیەکی سیاسـی بەرپرس، نەم دەزانی ئەو بۆچوونانە چی لێ شین دەبێ.

یەکێکی دیکە بووە جێگەی سەرنجی من لەتـەك هـات و هـاواری ولفـۆفیتز کاتێك باسی عێراقی دەکرد، لە کاتێکدا پێویستە جەنەراڵ تۆمی فرانکس ببینی، ئەو جەنگاوەرێکی جەنگە، هەردەم پێویست بەوە بوو ببێتە بڕیـاردەری سیاسـەت لە واشنتن، منیش پێویستیم بە هاوبەشێکی سەربازی هەبوو، وەکچۆن پێویسـتیم بە تیمەکەم هەیە لە ئەفغانستان، بۆیە دەکرێ هێزی تایبـەت و هێـزی سـەربازی ئـەمریکی لەوێـدا بـێ، بەتایبـەتیش هێـزی ئاسمـانی، ئەمـەو باڵـە نیمچـە سەربازییەکانی سی ئای ئەی بچووك و لاواز بوون ئەگەر بەراورد بکـرێ هێزێکـی خامە، ئەوەم دەزانی کارەکەمان شکست دەهێنێ بەبێ هاوکارە سەربازییەکانمان چ لەسـەر ئاسـتی سـتراتیژی لەویلایەتـە یـەکگرتووەکان و ئاسـتی کردەیـی لـە ئەفغانستان، هەروا لەسەر فەرماندەی ناوەندییە ببێتـە هاوبەشـێك لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکان، نەوەك خودی پنتاگۆن بێ.

دوای ئەوەی گەڕامەوە بۆ نووسینگەکەم، داوام لە تیمەکەم کرد، کاتێك دیار بکەن بۆ بینینی جەنەڕاڵ فرانکس لەتامبا، کاتەکە زووتر بێ زۆرباشترە، لەگەڵ خۆشمدا عەقید کلارکی راوێژکاری سەربازی لە فەرماندەی ناوەندی دەبەم.

کەندی کەرویشکەکان

لە ماوەی چەند رۆژێکدا کیانە نوێیەکەمان فراوان بوو، کە ناونراوە بنکەی دژەتیرۆر-ئۆپراسیۆنی تایبەت، زیاتر لە پەنجا ئەفسەری تیایدا بوو، جگە لەوەی پەنجا ئەفسەری دیکە لە خزمەتی بریداتۆر بوو، هەموو ئەمانەش گوازرایەوە ژێر فەرمانی من، دەمانویست هەرچۆنێك بێ تۆڵە بکەینەوە، لە کاتێکدا ئێمە گفتوگۆمان لەسەر هۆکارەکان نەکرد، بەڵام پێویستیمان بەوە نەبوو.

بوارەکەمان فراوان بوو، وای لێ هات ئەو نووسینگەیە بچووکە ببێتە کەندێك بۆ کەروێشکەکان، بەتایبەت بە هۆی چەندین نووسینگە لەتەك یەکەوە و هەموویان یەك سەربانیان هەیە، هەموو لایەکان پڕبوون لە وێستگەی کۆمپیوتەرەکان و لەتك چەندین وایەری بەیەکەوەبەستراو و ئامێری کۆپی و دانانی چەندین نەخشە بەپێی ئەو رووبەرەی لە دیوارەکەدا هەیە.

لە نووسینگەکەم دانەیەك لە بەیانی دۆزەرەوەی بەریتانی گەورە ئارنست شاکلتۆنم هەڵواسی لەو کاتەی هەڵمەتی تەجنید لە ١٩١٤ ئەنجامدرا بۆ نێردراوەکانی جەمسەری باشوور "داوای ئەو ئەفسەرانە دەکەین کە دەیانەوێ خۆبەخش بن بۆ گەشتێك پڕیەتی لە ترسناکی، مووچەی کەم، سەرماوسۆڵە، هەروا چەندین مانگ لە تاریکی، ترسناکیی بەردەوام، گەڕانەوەت زامین نەکراوە، بەڵام کاتێك سەرکەوتووی رێزت لێ دەنرێ".

هینری ا.کرامبتۆن

وام دەبینی باشترین شت ئەوەیە ریکلامێکی راستگۆیانە بکەیت، بەتایبەتی کاتێك ویستمان کەسانی زۆر باش بۆ خۆمان رابکێشین.

ماسی کە شارەزایی رێکخستنەکان بوو، تـا زانیـاری هـەبێ لەسـەر جـۆری کۆمەڵەکەمان، چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردەی تیمەکان ئەنجام دا، لەوەوە زانیمان ئەوانە کلیلی سـەرکەوتنن، ئەمەو تیمە کردەییەکان لە چەندین سەرکردەی تیم و ئەفسـەری بەتوانا پێکهاتبوو هەمووان شـارەزایی تـەواویان هـەبوو لەتـەك زماندا، لەگەڵ ئەوەی جێگری سەرۆك وەم باوە ئەفسەرێکی نیمچە سەربازییە لـە بەشـی چـالاکییە گشـتییەکان، لەگـەڵ هـەر تیمێکـیش ئەفسـەرێکی بێتـەل و پزیشکێك و شارەزایەکی تەکنیکی یان دوانیان لەگەڵدا بوو، زۆرجاریش ئەفەسرێك هەبوو چەندین کارایی هەبوو لە زمان و دژەتیرۆردا، بۆ هەر تیمێکیش لە هەشـت کەس زیاتر نەبوو.

هەموو ئەو کەسانە لەنێوەندی جەنگ گەورە بوونە و زۆربەیان تەمـەنیان لـە چل بەسەرەوە بوو، ئەمەو گاری شرۆن سـەرۆکی تیمـی شـکاندنی سـەرەکان کـە ئێستا لە دۆڵی پنچشـیرە تەمـەنی لـە شەسـت رەتـداوە، ئێسـتاش لـە ناوچـەی بڵاوەپێکردنە، بەڵام کارەکەیان جەنگ نییە، ئەگـەر رووشـی دابـێ ئـەوا کارەکـە پەیوەستە بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و سەرکردایەتیی کاری شاراوە، تیمەکانیش بەپێی پێوەری شارەزایی و هێزە لە دژەتیرۆردا، بۆیە تیمەکـە هـەموویان پلـەیان بەرز بوو، زۆربەشیان پلەکەیان بەرامبەر بە پلەی عـەقیـد بـوو لـە سـووپادا، لـە کاتێکدا شرۆن دانەیەك بوو لە سـی ئـای ئـەی جەنـەراڵێك بـوو سـێ ئەسـتێرەی هەڵگرتبوو و فەرماندەی تیمێکی کۆماندۆس بوو، ئەمـەش مەحاڵە لەنێو سووپادا و نابێ بیری لێ بکەیتەوە.

هونەری سیخوڕی

پلانەکە وابوو بەپێی پێشکەوتنەکان بڕیاری کردەیی بدەن، هەروا جەختمان لەوە کردەوە بەبێ بەزەیی راوی دوژمن بنێین، کاری من دارشتنی ستراتیژیەت و پشتگیری تیمەکان بکەم لە هەموو شتێکدا، دەمویست بڕیاری مەیدانی خێرا بدەم بەڵام ورد و دینامیکی بێ، داوای شارەزایانم دەکرد بەڵام سی ئای ئەی داوای یەکێکی دەستەبژێری دەکرد، واتە لەنێو سەد کەسدا یەکێك هەیە.

یەکێك لە سەرۆکی تیمەکان کە ئەفسەری پێشوو بووە لە سوپا و کارمەندێکی کۆنی سی ئای ئەی بووە قسەی بە فارسی و داری دەکرد (داری شێوەزارێکی فارسییە) ئەو شارەزایی ئەفغانستان بوو، کەسێکی باڵابەرز بوو و لەرووی ئەکادیمیەوەش پسپۆڕی لە مرۆڤناسی هەبوو، ئەو پرسیاری سەبارەت بە کارەکانی من کرد.

منیش بەرەو نەخشەکە رۆیشتم و ئاماژەی بەپێنج هەرێم کرد کە دەکەوێتە بەشی باکوور لەو وڵاتەدا، "ئەمە بۆ تۆیە، تۆ بە پەڕەشووت لە باشووری مەزار دێیەخوارەوە، تۆ بەرەو باکوور دەڕۆیی و مەزار داگیر دەکەی، لەوێوە هەنگاو بنێ تا دەگەیتە باکوور تا سنووری ئۆزپاکستان، دەمانەوێ بگەینە "پردی هاوڕێیەتی"، کە بەستراوەتەوە بە ئەفغانستان و بەشەکانی دیکەی ئاسیای ناوەڕاست، ئەمەش ڕێگەیەکی وشکانییە بۆ دابینکردن، لە لایەکی دیکەوە چەند تیمێکی دیکە ڕێگەکانی باشووری کابول دەبڕن لەلای تونێلی شالانگ، بەمەش دوژمن لەو ناوچانە گۆشەگیر دەبن، لەتەك ئەوەی شرۆن ئێستا دوو کەسی ناردووە بۆ بەرزاییەکانی رۆژهەڵاتی قەندوز، هاوپەیمانە ئەفغانییەکانیش لەوێوە لە ڕێگە چیاوە دێنە خوارەوە واتە بەدرێژایی زێی ئامۆ داریا، لەوێوەش پەیوەندی بە باکووری قندۆز دەکەن بەمەش باشوورەکەی گەمارۆ دەدەین، لەپێشتریشدا هاوپەیمانە ئەفغانییەکان لە ۱۹۹۷ تالیبانیان لەو ناوچانە گەمارۆداوە، بەهەمان

ڕێگە بووە، بەڵام نەیانتوانی بوو کارەکە تەواو بکەن، بەڵام ئێمە ئەو جارە ئەم کارە دەکەین".

لە وەڵامدا گوتی " بەڵێ قوربان".

هەندێك لە ڕۆشنبیرەکان وەك هەندێك لە بنکەی سەکردایەتی سی ئای ئەی باسیان لەوە دەکرد ئەمە هەمان کارەساتی بەریتانییە کە لەساڵی ١٨٤٢ ڕوویدا، جگە لەپاشەکشەی سۆفیەتی شەرمەزار لە ١٩٨٩. بەڵام ئێمە ئەوێ داگیر ناکەین، بەڵکو ئێمە پشتگیری لە یاخیبوونێکی لاواز و بەشبەشکراو دەکەین، جگە لەوەی مێژووی نوێی خێڵەکی و سەربازییە، تەنیا ئەمەش لەسەرمان پراکتیك دەکرێ، نەوەك وانەکانی داگیرکاری ئیمپریالیزم.

لە درێژەی قسەکانم گوتم "هەوڵ بدە هاوڕێیە ئەفغانییەکانمان یەکتر نەکوژن"، لە کاتێکدا تیمەکەی لەگەڵ سێ سەرکردە مامەڵە دەکات وەك: عەبدولرەشید دۆستەم کە ئۆزباکستانییە، محەمەد محەقق ئەو لە هەزارەکانی شیعەیە، لەگەڵ مامۆستا عەتا محەمەدی تاجیکستانە، هەموو ئەوانە لەنێوەندی هاوپەیمانییەکی لەرزۆکدان.

هەموو سەرکردەی تیمەکان ئەوەیان زانی لەژێر فەرمانیان تەنیا چەند پیاوێك هەیە، مەبەستمان داڕشتنی سەرکەوتنێکی ئەفغانی بوو بۆ سەر داگیرکەرە بیانییەکانی وەك "عەرەب و چیچانی و پاکستانی و کەسانی دیکەیە، ئەوانە لە ڕیزەکانی قاعیدەن، حکومەتی تاڵیبانیان بە مەبەستی ئارەزووەکانیان بەکاردەهێنن، ئەو کارەی ئێمەش بنەمای سەرکەوتنە، پێویستە ئەفغانییەکان وا سەیری قاعیدە بکەن کە پێکهاتەیەکی بیانین نەك ئێمە، دەبێ ئەفغانییەکان ڕازی بکەین، کە کێشەکەمان هاوبەشە دژ بە هەموو دوژمنە بیانییەکان، هەروا دەبێ

هاوکاری هاوپەیمانە ئەفغانییەکان بکەین بۆ تەجینیدکردن و هاندان تا بتوانین سەرۆک خێڵەکان بخەینە لای خۆمان.

سەیرێکی سەرۆکی تیمەکەم کرد، ئەو یەکێکە لە شارەزاییە بەتواناکان لەبارەی ئەفغانستان، بۆ ماوەی چەند ساڵێك پەیوەندی نەپچراوە لەگەڵ هاوڕێیە ئەفغانییەکان، ئەوان و وڵاتەکەیانی خۆشویستووە، ئەمەو تیمەکەی و چەند تیمێکی دیکە وەك کۆکەرەوەی زانیارییەکان و جێبەجێکاری کاری شاراوە و راوێژکاری سیاسی و نێوەندگیری سەرکردە نیمچە سەربازییەکانن، هەموو بابەتەکانیش لەلایەن ئەوانە و هەموو شتێك لەسەر ئەوان دەوەستێ.

"هەموو هەواڵگرەکان کۆبکەنەوە، لەنزیکەوە لەتەك سووپاکەمان کار بکەن، پشتگیری هاوپەیمانەکانمان بکەن و هەردەم ڕێنوێنییان بکەن، زیاتر هەوڵ بدەن هاوپەیمانیتان زیاتر بکەن، پێویستیمان بە پیاوانی زۆرترە تا چەك هەڵگرن، هەروا پێویستیمان بەتەجنیدی سووپاکان هەیە تا قاعیدە و تالیبان وێران بکەن، هەر لایەنێك ویستی پەیوەندیمان پێوە بکات بۆ راونانی دوژمن، دەنا گوناهەکە دەکەوێتە سەر خۆیان".

پرسیم "کەی هێزی تایبەت پەیوەندیمان پێوەدەکات".

"هیچ بیرۆکەیەکم نییە، ئەو کاتەی بتوانن پەیوەندیمان پێوە دەکەن، پێویستیمان پێیانە، بەڵام ناتوانین چاوەڕوانیان بکەین، ناتوانین چاوەڕێی کەس بکەین، نازانین ئایا قاعیدە بەیانی دەیەوێ هێرشمان بۆ بکات لەسەر خاکەکەمان، تا ١١-٩ ناتوانین چاوەڕوانین بین، ئایا پرسیاری دیکەتان هەیە؟".

"نەخێر قوربان".

"باشە، تیمی ئەلفا لەلای تۆیە، بەختێکی باش".

ئەم قسەکردنە گفتوگۆیەکی نموونەیی بوو، ئەمەو لە چەند خولەکێکدا چەند فەرمانێکی گرنگمان دا بە سەرکردە و فەرماندەکان، دەبێ وێنای شتەکانی دیکە بکەن و خولەك بە خولەك جێبەجێی بکەن، ئێمە ناتوانین کارێك بکەین کە تا ئێستا لەنێو بارەگای سی ئای ئەین، واتە لە دووری شەش هەزار میلین.

لەپاشاندا لێکۆڵینەوەم سەبارەت بە نەخشەکان کرد، کارێکە رۆژانە چەند جارێك ئەنجامی دەدەم، دەکرێ جوگرافیای سروشتی کاریگەری هەبێ، تا مرۆڤ وا سەیری بکات دیوارێك بێ، ئەگەر بە چاوی یاخیبوونەوە سەیری بکەی، ئەوەی دەیبینین ئەوەیە، کەچی تۆپۆگرافییەکەی سەختە، لەلایەکی دیکەوە داتای جوگرافی هاوپەیمانەکانمان تەواوە، هاوکاتیشە لەگەڵ ستراتیژییە جوگرافییەکانمان.

تیمەکانمان لەو شوێنانە دادەبەزێنین کە هاوپەیمانەکانمان کردوویانەتە ناوچەی ئۆپراسیۆن، ئەو شوێنانە جێگەی دڵنیاین، هۆکارەکەش ئەوەیە شوێنی دیکە نییە تا پیاوەکانمان لێی دابەزن و تا لەوێوە پەیوەندی بە سەرکردەی خێڵەکان بکەن، لە ئێستاشدا بەکردەیی پەیوەندیمان بە زۆربەیان کردووە.

تیمی شکاندنی سەرەکان ئێستا بەکردەیی لە پنچشیرن، لەگەڵ جەنەرال محەمەد فەهیم هێزێکی هاوبەش پێکدەهێنین بۆ هێرشکردن تا بتوانین بگەین بە بەرزاییەکانی باکوور، لەسەرووی ئەو بەرزیانەش وەك زریان بەرەو کابوول دەڕۆن، رێگەی کابوول و قەندوز دەگرنت، لە مۆڵگە چیاییەکان بەرەو دوورترین شوێنی باکوور دەڕۆن بەتایبەتی بەرەو شاری تالقان و قەندوز.

هەروا تیمی ئەلفا کە بەرەو فراوانی دەڕوا و دەبێتە ئەلفا و برافۆ بەرەو باشووری مەزار شەریف دەڕۆن تا دەگەنە باکوور.

تیمی چارلی لەگەڵ ئیسماعیل خان و هێزەکانی یەکتر دەگرنەوە، ئەوان لە بنکەکەیان بەرەو ناوەند و رۆژئاوای ئەفغانستان هێرش دەبەن تا بگەنە هیرات، کە دە دەکەوێتە باشوور و لەنزیک سنووری ئێرانە، ئەمەو رێگە بازنییەکەی باکووری هیرات و باشوورەکەی دەبڕن، تا هیچ یارمەتی و چەکێك لە باکوورەوە بۆ تاڵیبان نەیەت.

تیمی دەلتا لە هەرێمی بامیان دادەبەزێ کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەفغانستان واتە لە رۆژئاوای کابوول، بۆ ئەمەش کەریمی خەلیلی سەرکردەی شیعەی هەزارە بەشێوەیەکی تایبەت دەیەوێ بگاتە تیمەکەمان، تا تۆڵەی هەزارە بکاتەوە دژ بەتاڵیبان، بەڵام ئەوان بێ ئومێد بوون لە هاوکاریکردنمان.

ستراتیژییەکانی ئێمە لە نیوەی باکووری ئەفغانستان دەستی پێ کرد، ئەمەش وەك مکوڕبوونی ئارەزووە سەربازییەکانی هاوپەیمانە ئەفغانییەکان بوو، ئەمەش تاکە بژاردەمانە ئەگەر بمانەوێ لێدانێکی خێرا ئەنجام بدەین، فەهیم دەیویست دەست بەسەر کابوول دابگرێ، کەچی مەبەستی ئێمە رووخاندنی قاعیدە بوو، هەڵبژاردنی ئێمە لەلایەن سەرۆکەوە روونە تا بتوانین بەرگری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەین، کاتێك قاعیدە لەناو دەبەین شێوەی هاوپەیمانییەکەمان دەبێ خێرا بێ بۆ گەیشتن بەو مەبەستە.

ئەمە هاوپەیمانییە زۆر ساکار بوو، سی ئای ئەی دەیویست قاعیدە لەناو ببات، کەچی هاوپەیمانە ئەفغانییەکان دەیانویست وڵات بگەڕێننەوە.

پێدەچێ دارشتنی ئەو پلانە زۆر ئاڵۆز بێ، لە هەندێك کاتدا تێی ناگەی ئەوە جگە لە ئاڵۆزیی هەماهەنگییەکە، واتە تەنیا یەك خاڵ نییە بۆ چوونە ژوورەوە

هینری ا. کرامبتۆن

بەڵکو چەندین خاڵ هەیە لەنێو ئەو وڵاتەدا، هەموو چینەکانی کۆمەڵگەش بەشێوەیەك دەگوترێ بەتایبەتی لە باشووری ئەفغانستانە ئەوێش شوێنی تالیبانە.

هەندێك لەوانەی سی ئای ئەی لەلایەن هەواڵگری پاکستانییەوە هاوکاری دەکرا، بەشێوەیەك چارەسەری بابەتی باشوور بکەن، بەڵام پاکستانییەکان نەیاتوانی چارەسەری بکەن چونکە لە بەرژەوەندی ئەوان نییە و هەر خۆشیان بوونە تالیبانیان هێناوەتە بوون، لەلایەکی دیکەوە پاکستانی و ئەفغانییەکان دەیانویست ستراتیژییەك دابنێن دژ بە هیند، چونکە پاکستان وڵاتێکی تەسکە، هەردەمیش هێرشی هیندییەکان لەلای پەنجابەوە ترسناکییەکەی گەورەیە بۆ سەر پاکستان، بەڵام ئێمە جگە لە تینیت کە نووسینگەمان هەیە لە ئیسلام ئاباد، زانیمان هەواڵگری پاکستان وەڵامێك نییە، بێگومانیش بەپێی بەرژەوەندیەکانە، زۆرجاریش پەیوەندیی بەرژەوەندییەکانی پاکستان و ویلایەتە یەکگرتووەکان لەیەکتر نزیك دەبێتەوە، بەڵام بەردەوام نییە.

ریچارد ئەمیرتاج هەر زوو درکی بەمە کرد، ئەمەو نامەیەکی روون و توندی دا بە نەواز شەریفی سەرۆکی پاکستانی، ئەویش لەلای خۆیەوە هەموو پشتگیرییەکی کردەیی و سیاسی پێشکەش کرد، کەچی هەواڵگری پاکستانی پەسەندی ئەوەیان نەدەکرد کە تالیبان برووخێندرێ چونکە هەندێکیان قاعیدەیان لەلا قبووڵ نییە، وەك ئەوەی هەموو شتێك لەگەڵ کرپارەکاندا لایان پەسەند نەبێ بەو شێوەیە مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێ، بۆیە بەشێوەیەك بەرگرییان لەمە دەکرد، منیش ئەوەم دەزانی هەواڵگریی پاکستانی کارەکەیان بەتەواوی ناکەن، کاتێك ئێمە هەنگاومان نا، ئەوان بەردەوام نابن.

لە ڕۆژانی یەکەمی تشرینی یەکەم سەردانی پنتاگۆنم کرد لەوێدا چاوم کەوت بە ڕامسفێڵد و ولفوفیتر و جەنەراڵ مایرزی سەرۆکی ئەرکانی هاوبەش، لەپاشاندا لە پەیوەندییەکی ڤیدیۆیدا جەنەرال فرانکس لە تامپا بەشدار بوو، جگە لە چەند نوێنەرێکی حکومەتی ئەمریکی لە ئیسلام ئاباد، هەموومان هیوایان هەبوو کە پاکستان هاوکاریمان دەکات، بەتایبەتی ئەو کاتەی هەڵمەتی بۆردمانکردن دەست پێ دەکات و پاڵەپەستۆ دەخرێتە سەر تالیبان بۆ ڕادەستکردنی چەکدارەکانی قاعیدە، تینیت ئەمەی بەدوور نەزانی، بەڵام من بێ ئومێد بووم، پێم وابوو تەنیا بەفیڕۆدانی کاتە، لەوانەشە لەنێو پاکستاندا شەڕی ناوخۆیی بێتە ئارا هەروا جەنگی ناوخۆیی لە باکوور و باشووری ئەفغانستاندا بێتەکایەوە لەنێوان تاجیك و ئۆزبەك هەموو ئەوانەش دژ بە پشتۆن دەبن کە زیاتر تالیبان پشتی پێ بەستوون، لەو کاتەشدا دەبێ خێڵەکانی پشتۆن ڕازی بکەین تا شەڕ دژ بە تالیبان بکەن، بەڵام پاساوی شەڕی ناوخۆیی ئەفغانستانی هۆیەك نییە تا هەواڵگری پاکستان بێتە ناو ئەو جەنگەوە و لەپاشاندا ڕایان کێشین بۆ دانوستاندن، بەو هیوایەی قاعیدە ڕادەست بکەن، دیارە ئەمەش ڕوونادا.

ڕامسفێڵد گوتی پاکستانییەکان ناتوانن تالیبان ڕازی بکەن بۆ ڕادەستکردنی قاعیدە، بۆ ئەمەش وفۆفیتر هەمان بۆچوونی هەبوو، کەچی مایرز زۆر قسەی نەکرد.

ڕامسفێڵد سەبارەت بەو پەیوەندییە ڤیدیۆییە پرسیاری لەبارەی بۆچوونی من کرد و منیش گوتم ئەو ڕاست دەکات، چونکە نوێنەرانی ئەمریکا لە ئیسلام ئاباد هەڵەن، پێدەچوو ڕامسفێلد بڕوا بهێنێ، جگە لەوەش پرسیاری ئەوەم لە خۆم کرد لەدواتردا جیاکارییەك لەنێوان سی ئای ئەی دەبێ.

هەمان بابەتم بە سەرکردایەتیی وەزارەتی بەرگری راگەیاند و گوتم من سەفەر بۆ تامبا دەکەم تا لەنێو دوو رۆژدا جەنەڕاڵ فرانکس ببینم، بەڵام ئەوەی کردم جیا بوو چونکە لە بەیانی رۆژی دواتردا پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم کرد بۆ هاوڕێیەك لـە دەرەوەی وڵاتدا.

کارزای...

پەیوەندییە زۆر روون بوو، چونکە لە بارەگای سـەرکردایەتی سـی ئـای ئـەی بوو، تا دەگاتـە بنکـە بچـووکەکەی پێشـەوە لـە پاکسـتان و لـەنزیك سـنووری ئەفغانستان.

"گریگ ئەوە چی دەکەی؟".

"دەمەوێ کارەکـان بەراسـتدا بـڕۆن لـە واشـنتن، لـێ مەگـەڕێ بچـمە نـاو ئەفغانستان، چی وای کردووە بەشێوەیە درەنگ دەست پێ بکەن؟".

"بەشێوەیەك سەرۆکتە" بەشێك لە ناوەڕۆکەکەم تێ گەیاند.

نوێنـەرانی لـە ئیسـلام ئابـاد هـەموو بەرپرسـیاریەتی سـی ئـای ئـەی و کارمەنـدانی ئـەو وڵاتـە بەرپرسـیارە، لـەنێو ئەوانیشـدا گـریگ، بـۆ ئەمـەش پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ گریگ هـات بـەبێ ئـەوەی هـیچ هەماهەنگییـەکمان هەبێ لە باشترین حاڵەتدا، ئەمەو سەرکردایەتی مەیدانی لە رۆژهـەڵاتی خـواروو دەیەوێ بەدەوری دەسەڵاتەکەیدا بخولێتەوە.

هیچ پرسیارێکم نەکرد سەبارەت بە زنجیرەکـانی سـەرکردایەتی گـریگ ئـەو هەرزوو زانی بەبێ ئەوەی ناچار بێ باس لە ململانێی ناوخۆیی بکات، هەر ویستم بیزانێت سەبارەت بە پلانەکانمان لە باشوور، ئەمەش ستراتیژیەکی سەرەکییە.

"دەتبەمە ناو ئەفغانستان، تەنیا پێویستە لە شوێنی خوت بمێنیتەوە، باشـە چ بابەتێکت لەگەڵ کارزای هەیە؟".

گریگ پوختەیەکی روونی خستە روو، ئەمەو کارزای پێویسـتی بـە هـەموو پشتگیرییەکی سیاسی و ماددی هەبوو، منیش پێم راگەیانـد کـارزای چـی دەوێ بـۆی دابـین بکـە، هـەموو ئەمانـەش بـۆ تینیتـی بەرێوەبـەر روون دەکەمـەوە، هەمووان رازیبوون لەسەر باسەکانی گریگ.

باوکی حەمید کارزایە سەرکردایەتی لقی بۆپلزای لـە خێڵـی پشـتۆنی گرتـە دەست، ئەمەو چەند ساڵێك پێش ئێستا تاڵیبان لەسێدارەیان داوە، کەچی کارزای وەك کەسێکی رۆشنبیر دەیویست جێگەی سیاسی باوکی بگرێتەوە، تـا تۆڵـە لـە تاڵیبان بکاتەوە و وڵاتەکەی رزگار بکات، پێـی وابـوو لـەدوای ١١-٩ ویلایەتـە یەکگرتووەکان هێرشێکی پێچەوانە بکات، ئەویش ئەو هەلـە بقۆزێتـەوە، ئەمـەو گریگ داوای کرد، کە لەلایەن منەوە رێنمایی کرابوو هەموو بۆچوونەکانی کارزای وەربگرێ تا زیاتر زانیاری هەبێ سـەبارەت بـە پلانـەکانمان، بـۆ ئەمـەش گـریگ کارەکەی کورت کردەوە بەوەی پارەیەکی زۆری پێشکەش بەخێڵەکەیان کردبوو.

لەپاش چەند رۆژێکی دیکەدا و لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ کارزای بەخۆی و دوو ملیۆن دۆلار لە پاکستانەوە رۆیشت بەرەو باشووری ئەفغانستان بـۆ ئەمەش مانتۆڕێکی بەکار هێنا بوو، تا هیچ رێگرییـەکی لەپێش نەبێ، کە تاڵیبان

دایان ناوە وەك خاڵی پشکنین، زۆر بەکاریانە گەیشتە شارۆچکەکەی لە تارین کوت.

بە هۆی پارەپێدانی ئەمریکی و سەرکردایەتییەکەی کە جێگەی ڕەزامەندی بوو، توانی پیاوانی خێڵەکەی تەجنید بکات بۆ ئەمەش ملیشایەکی چەکداری پێکهێنا، بەڵێنی پشتگیری ئەمریکای پێ دان، پیاوانی خێڵەکەی زۆر ڕقیان لە تاڵیبان بوو، بەڵام هاندانەکانیان بەس نەبوو چونکە چەکەکانی دەستیان هۆیەك نەبوو تا جەنگێك بەرپا بکەن.

گریگ مکورِ لەوەی پەیوەندی بە کارزایەوە بکات تا بیسەلمێنێ ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیرییەکانی زیاترە لە پارە و بەڵێنەکانی، هەروا ئەوەمان دەزانی ئەفغانییەکان متمانەیان بە ئێمە نییە تا ئەو کاتەی لە شەڕدا بەشداریان لەگەڵدا بکەین، چاوەڕوانی کۆشکی سپی بووین تا تێ بگەن لە پلانەکەمان، کە کاتژمێر دوای کاتژمێر دادەنرێ.

بەڕێوەبەری سی ئای ئەی جۆرج تینیت و من دۆخی سیاسیمان لە ژووری قەیرانەکانی کۆشکی سپی باس کردەوە کە بە سەرۆکایەتی جۆرج دەبلیو بۆش بوو، لەوێدا ئەوەم بۆ سەرۆك و بەرپرسە گەورەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ڕوونکردەوە کە کارزای لەلایەن سەرکردەکانی هاوپەیمانی باکوورەوە پشتگیری لێ دەکرێ، بۆیەش ئەمەم زانی چونکە من پرسیارێکم خستە ڕوو، بۆ ئەمەش ئۆزبەك و تاجیك و تورکمان و هەزارە پێیان وایە کارزای تاکە سەرکردەی سیاسیانە، تا هەمووان لەناوچەی پشتۆن کۆبکاتەوە، ئەگەر پیاوانی کارزای نەتوانن دەست بەسەر قەندەهاردا بگرن ئەوا بەختمان لە ئەفغانستاندا جێگەی بایەخ نابێ، بێگومان سەرۆك و ئەوانی دیکە گوێیان لە ناوی کارزای نەبوو بوو لەپێشتردا،

بۆیە چەندین پرسیاریان کرد و وەڵامم دانەوە، لە کۆتایشدا بەپێی ئامۆژگاریی ئێمە کاریان کرد.

من و بەڕێوەبەر بەخێرایی سواری ئۆتۆمبیلەکانمان بووینەوە بەرەو بارەگای سی ئای ئەی ڕۆیشتین، چونکە ئەوەی دەمان ویست بەدەستمان هێنا، بە بەڕێوەبەرم ڕاگەیاند سەری گریگ لێ دەکەمەوە، ئەویش تەنیا جگەرەکەی داگیرساند و پرتەیەکی لێوەهات.

لەپاش کاتژمێرێك لە گەڕانەوەم لە کۆبوونەوەی کۆشکی سپی چوومە نووسینگەکەم و بروسکەیەکم بۆ گریگ نارد تیایدا تەنیا بۆ ئەو بوو و کەسی دیکە نابێ سەیری بکات، و تیایدا دەم ویست پێی ڕابگەیەنم " سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕازییە، تکایە دەست پێ بکە".

گریگ پێویستی بە فەرمانی ئۆپراسیۆنی تەواو نەبوو، یان پێویستی بەتیمی پلان نەبوو، چونکە لەپێشتردا هەموو کارەکانم بۆی باس کردبوو-بەوردی- تەنیا کارە پێشبینیکراوەکە ڕەزامەندی لەسەر دراوە، ئەو دەیویست ئامانجێکی ڕوونی هەبێ، دەیویست من و کۆفر پشتگیری بکەین لە بارەگای سەرکردایەتی لە واشتندا، بەبێ ئەوەی داوامان لێ بکات ئەو دەیزانی ئەوە ئەرکی ئێمەیە.

برنتسن و بتسی

داوام لە گاری برنتس کرد تا پرۆسەی ڕێکخستنی تیمەکان بگرێتە ئەستۆ و لەلایەن بارەگای سەرەکییەوە پشتگیری لێ دەکرێ، لەپێشتریشدا گاری لەگەڵ مندا لە دژەتیرۆر کاری کردووە، لە ئاداری ٢٠٠٠ ناردومەتە ئەفغانستان، بۆ کارێکی زۆر ترسناك، هەروا ئەویش هەموو هاوپەیمانەکانمان دەناسێ و دەیناسن،

ئەو بەشێوازی داری فارسی قسە دەكات، هەروا ئەو كارمەندێكی دڕندەیە و زۆركاتیش هیچ بەزیەكی نییە لە كاتی دژەتیرۆردا، بۆیە ئەو گەنجەم خۆش ویست.

رۆژێك بەخێرایی هاتە ناو نووسینگەكەم وەك گایەك بیەوێ روو لە شوێنێك بكات، ئەو كاتێك گەڕایەوە سەرۆكی وێستگە بووە لە دەرەوەدا بۆ ئەوەی پەیوەندیان پێوە بكات، بەڵام كۆفری سەرۆك بەشەكەی رازی نەبوو.

"سڵاوت لێ بێ گاری"

ناچار بوو دانیشێ، رووی لێم كرد و دەستەكانی زۆر گەورە دیار بوون.

"ئایا لە پێشتردا قسەت لەگەڵ ماسی كردووە؟"

"بەڵێ قوربان".

"زۆرباشە، تۆ دەزانیت من گرنگی بە هەموو تیمە مەیدانییەكان دەدەم، ئەوەی پێویستیان پێی بێ پێیان دەدەم، بۆیە كاری ئێمە لە بارەگای سەركردایەتی پشتگیری مەیدانە، لەپاش چەند هەفتەیەكی دیكە دەچیتە شوێنی شرۆن لەپنجشیر، من خۆشحاڵم بەبوونت لێرەدا، ئێمە پێویستیمان بەتۆیە".

"تۆ چی دەڵێیت با وابێ"، كاتێك هەستایەوە لە دۆخی ئامادەباشیدا بوو، خۆی توند كرد و بەشێوازی لونگ ئایلند هاواری كرد "سوپاست دەكەم، دەمەوێ هەل وەربگرم تا لەژێر فەرمانی تۆدا بم، هەموو ئەو دایك سۆزانیانە لەناودەبەین".

من و جۆن ویستمان ئەو ئەفسەرانە راسپێرین كە لەلایەن بارەگای سەركردایەتیەوە پشتگیریان دەكرێ، بەڵام زۆری پێ ناچێ رۆڵەكان دەگۆڕێ، هەموو كارەكانیش لەسەرووی هەموویانە سەلامەتی كارەكە و خودی خۆیەتی.

هەموو ئەو شتانەی ئەنجامان دا هەواڵگری ڕۆڵی سەرەکی تیادا بینی بوو وەك داواکارییە هەواڵگرییەکان و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەی ئەو خاتوونە ئەفسەرەی راپۆرتەکانی دەزگای شاراوە دەنووسیٚ هیچ پووچییەك قبووڵ ناکات، ئەو بیست ساڵ لە کاری شاراوەدایە، بۆ ئەمەش زۆرێك لە ئەفسەرانمان کۆکردۆتەوە کە هەموویان کارەکانیان لەوپەڕی ئامادەباشیدان لەرووی هەواڵگرییەوە و هەردەمیش پرسیارەکان لەنێوان تەکتیك و ستراتیژیەتدایە.

دوژمن لە دۆڵێکی دیاریکراودایە؟ سیستەمی شەڕەکە چۆن دەبیٚ؟ چەکەکانیان؟ هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ خێڵە ئەفغانییەکان؟ یان کامە خێڵ پەیوەندییان بە تالیبانەوە کردووە لەپێناو بەرژەوەندییەك؟ پلانی هاوپەیمانەکان چییە؟ یان توانای سەربازی و هەواڵگریان تا چەندە؟ چ بزنسمانێکی ئەفغانی دەکریٚ ببێتە هاوبەشمان؟ بۆچوونی سیۆکراتی پیاوانی ئایینی چییە؟ ئایا بریداتۆر توانیویەتی خۆی بسەلمێنیٚ کاتێك مووشەکی هلفایری بەستراوە پێی؟ ئەو پرسیارە لۆجستیانە چین سوپای ئەمریکی دەیەویٚ وەڵامی بداتەوە؟ پاسەوانی شۆڕشی ئێرانی لە ئەفغانستان چی دەکەن؟ ئەی سەبارەت بە دەزگای هەواڵگری پاکستان؟ کێشە سیاسیەکان چین کاتێك جەنگ دەکەوێتە شوێنێك؟

هەروا بتسی لە کاتی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە مەیداندا چەندین پرسیاری یەك لەدوای یەکتر کردبوو، هەروا تیمەکەی وا لیٚ کرد هەموو زانیارییەك بدەن بە مەیدان وەك شیکردنەوە و ئاراستەی سیاسی، لەوە تیٚ دەگەین تیمە مەیدانییە لە هەمووان زیاتر دەزانن کاریان چییە، بەڵام تیمێکی گۆشەگیر لە دۆڵێکدا پێویستی بە روانینێکی فراوان هەیە، بۆیە بتسی هەموو ئەو روانیانەی خستە روو.

پێویستمان بە تیمەکانی برنتسن و بتسی بوو، تا بەشێوەیەکی روونتر سەبارەت بە دەقە هەواڵگرییە وێنەدارەکان بزانن، پێویستمان بە ئاستێکی بەرزی هەواڵگری جوگرافی هەبوو، تا بەوردی ئامانجەکانمان دژ بەدوژمن بپێکین، پێویستمان بە کەسانی ئەفغانی هەیە تا قاعیدە و تالیبان لەپێستیان دەربێنن، هەروا دەبێ گرنگیدانمان بسەلمێنین بۆ ئەفغانییەکان تا دوژمن بکوژین، بێگومان قاعیدە و هێزە بیانییەکان نایەنە ریزەکانی ئێمە، هەر کاتێکیش هاوڵاتییەکی ئەفغانی کوژرا ئەوا پێشێلی ستراتیژییە، ناکرێ مووشەکبارانی مزگەوت و نەخۆشخانەکان بکەین، دەبێ بەوردی زانیارییەکان کۆبکەینەوە تا بەکاری بێنین بۆ هێزە جەنگاوەرەکانمان.

سندووقی جادوویی

لەگەڵ چۆن رێککەوتین یەکەیەکی ئامانجگیر و پسپۆڕ دابمەزرێنین، بۆ ئەمەش داوامان لە مرۆییەکانی دەزگای شاراوە کرد یارمەتیمان بدەن، ئەوانیش پارێزەرێکیان بۆ ناردین.

"پارێزەرم ناوێ، دەمەوێ کەسێکی شیکەرەوەی بلیمەت بێ کەسێك بێ ئامانجەکان بزانێ و لە تەکنەلۆژیادا شارەزایی هەبێ، کەسێکم دەوێ سیستەمی جوگرافی شوێنەکان دابنێ تا بزانێت چۆن ئامانجەکان بەراستی بپێکێ، پارێزەرم ناوێ لەئانوساتێکدا دوودڵ بێ لە بریارەکانی".

چەند جارێك بەنێو ژوورەکاندا سوڕامەوە لەوانەیە بەدوای کەسێکدا بگەڕێم هیچ بوونێکی نەبێ.

جۆن بەهێمنی گوتی "باشە، با چاومان بەو کەسە بکەوێ".

زۆرجاران جۆن جۆرێك لـە عاقڵمەنـدی پێـوە دیـارە، بەبەرپرسـیارانە شـێتم دەكات، بەڵام زۆر جار خۆمی لێ لادەدەم.

"باشە باشە، نەفرەت... بڕۆ بیهێنە".

دان هاتە ژوورەوە، ئەو كەسـێكی باڵـا مامناوەندییـە، كەسـێكی شـیكە و بەپارێزەرێكی سەركەوتوو دەچێ، دانی بەوەنا كـە پـارێزەرە، بـەڵام ئەفسـەرێكی ئازای ئۆپراسیۆنەكانە، من و جۆن هەموو شتێكمان بۆ شی كردەوە، سەبارەت بـە پێویستیەكانی وەك شێوەی سیستەمەكەی یان شێوەی كارەكەی، باسـی ئـەوەشمان كرد كارەكە پێویستی بە كەسێكە لە جوگرافی شوێن بزانێ.

جۆن وەڵامی دامەوە "دوو ڕۆژ لەسەرم ڕاوەستە".

هیچ بژاردەیەكی دیكەمان نەبوو، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو كـوڕە زۆر متمانـەی بەخۆی بوو، كاتیشمان نییە تا یەكێكی دیكە بانگ بكەین.

"باشە بگەڕێوە لام" لەو كاتەی فەرمانم پێ كرد بیرم لەوە كردەوە ئێمە دوو ڕۆژمان لەبەردەستدا نییە.

دان گوتی "بێگومان" ئەمەش بە خەندەیەكی ساكار، هیوام وابوو ئەو بزانێ ئێمە چیمان دەوێ.

گرفتەكـە جێگـەی سەرسـوڕمانە چـونكە پێویسـتمان بـە هـەزاران داتـای جوگرافیی شوێن هەیە، واتە نموونەكان ببێتە وێنەیەكی بەردەوام، پێویستیمان بـە نەخشە هەبوو نەك هەموو نەخشەیەك، چونكە كارەكـە زۆر ئـاڵۆزە، بەشـێوەیەك بەردەوام نوێی بكەینەوە، تا شێوەیەكی دینامیكی هـەبێ بـۆ هـەموو داتایـەكی دوژمن وەك ڕێگە و فرۆكەخانە و مزگەوت و بازاڕ و قوتابخانە و نەخۆشخانە و چیا

و زێ و سنووری سەرەکی و ناوچەی خێڵەکی، هەموو شتێك، دەمویست چاودێری تیم و سەرچاوەکان بکەم چونکە ئێستا لە هەموو وڵاتدا پەرشوبڵاوەیان پێ کراوە، لەوانەیە تێکەڵی هێزی دوژمنەکان بن، دەم ویست ئەو نەخشەیە ئاگاداری هەموو لایەنەکان بێت هەمووشی بە وێنە بێ بۆ شوێن و کۆکردنەوەی زانیارییەکان.

کاتێك گەنج بووم کارم لەسەر جوگرافیای شوێن کردووە، بەڵام ناوەکە زۆر لەمێژە لەبیرم چووە، نەخشەی سەرەکی هاوکاریکردنی باوکم بوو لەتەم تیمەکەی بۆ رووپێوی زەوییەکان و هەردەمیش باسی درەختەکانی نەخۆشخانە و چوونم بۆ گردەکانی بیدمۆنت بوو، توانیم شوێنەکان وێنا بکەم و لەسەر نەخشە وێنەی بکەم، هەروا دەم توانی نەخشەکانی تۆپۆکرافی بخوێنمەوە لەتەك وێنە ئاسمانییەکان، لەگەڵ ئەوەی لەیەك لە تاقیکردنەوەکان فیرمۆنت و نیوهامشاوم تێکەڵ کردبوو، ئەمە بێزاری کردم بەڵام لێی فێر بووم، لەجیاتی نەخشەیەکی جیهانم لەسەر دیوار دانا بەبێ ئەوەی هیچ ناوێکی لەسەر بێ، دواتر لە زانکۆی نیو مەکسیکۆ بەردەوام بوو، ئەمەو لە شیکردنەوەی وێنەی ئاسمانی زۆر ژیرانە پێ کام، زۆربەی کاتەکانم لە هاویندا پیاسەکردنم بوو لە دۆڵی ریۆ گراندی باشووری لبۆکرك، تا بەراوردی بکەم بە وێنە ئاسمانییەکان و چەندین شتی دیکەی سەر نەخشە، بۆ ئەمەش وێنەی روانینی شوێن لەلای من تەنیا وەك ئامرازێك بوو، چونکە نەخشەکان رەنگدانەوەی بیرکردنەوەکانم بوو، کەچی ئێستا نەخشەیەکم دەوێ هەموو شتێکی تیادابێ.

دان گەڕایەوە و وەڵامێکی پێ بوو.

روونی کردەوە و گوتی "هیچ شتێك سەبارەت بەو جۆرە تەکنەلۆژیایە نازانم کە تۆ دەتەوێ، بەڵام یەکێکم دۆزیوەتەوە".

"کێت دۆزیوەتەوە؟".

کەسێك خاوەنی سندووقێکی جادووییە.

"لەراستیدا دەتوانین هەندێك سیحر و جادوویی بەکاربێنین، باشە ئەو کەسە چ بەو سندووقەکە دەکات".

"ئەو مامەڵە بە سیستەمی زانیاریی جوگرافی دەکات، خودی خۆی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەرییە بۆ کۆکردنەوەی داتا جوگرافییەکان، دەتوانێ لەسەر نەخشە بیخانە روو، دەتوانێ کارگێڕی ئەو زانیاریانە بکات و شی بکاتەوە بە هۆی پێکهاتە جیاوازییەکان، ئەوەی تۆ دەتەوێ".

لێم پرسی: "ئایا دەزانێ ئەو لەژێر تاقیکردنەوەدایە؟".

"کار دەکات، هەموو کاتەکانی بۆ کار بەکاردێنێ".

"باشە، نیشانم بدە".

دان کەمێك سەری لەقاند و بەخێرایی چووە دەرەوە و لەپاش چەند خولەکێك کوڕێکی باڵابەرزی لەگەڵ خۆیدا هێنا و ناوی "کن" بوو.

دان لەپێشتردا باسی ئەوەی کردبوو کە بنکەی دژەتیرۆر-ئۆپراسیۆنی تایبەت ئەنجام دەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە هەموو ناوچەکانی ئەفغانستان، سەبارەت بە هاوڕێ و دوژمنەکان، زۆر نابا ئینکلسۆپیدیا مووشەکباران دەگرێتە دەست، کە سەر بە بنکەی سەرکردایەتیی هێزی ئاسمانی ئەمریکی بوو، هەموو ئەمانە تابلۆیە ئامانجی سەربازی ئەو شوێنانە و سیستەمی هێرشبردن دەگرێتەوە، کن لەو بڕوایە دابوو دوای ئەوەی هەموو سەرەداوەکان دەگرینە دەست دەتواندرێ سیستەمی زانیاری جوگرافی دابنرێ و نەخشەیەك دروست بکەین سەبارەت بە هەموو گۆڕانکارییەکان، ئەمەش لەنێوەندی هێرشێکی دیاریکراوەکان، هەروا دەتواندرێ سوود لە بنکەی نەخشەی سی ئای ئەی وەربگیرێ، بۆ بەدەستهێنانی

هەموو جۆرە نەخشەکان، کاری بنکەی دژەتیرۆریش –ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان هەموو ناوچەکانی ئەفغانستان بخەنە نێو ئەو سیستەمەوە.

کاتێك "لە کن"یان پرسی ئایا دەکرێ کارەکانی بگوازێتەوە بۆ بنکەی دژەتیرۆر-ئۆپراسیۆنی تایبەت، دان ژمارەی ژمارەی تەلەفۆنێکی نووسی و گوتی "بۆ هانك کرامبتۆن کار دەکا، ئەو کات سەرۆکەکەت ئەگەر هەر پرسیارێکی هەبوو، دەتوانێ پەیوەندی بەو ژمارەیەوە بکات، لەپاش دە خولەك دەتبینم".

ئێستا دان و کن لە نووسینگەکەی مندان، کن جلوبەرگی فەرمی نەپۆشیووە، ئەو کەسێکی زۆر بەتوانا بوو، زۆر بەئاستەم چاوەکانی دەتروکاند، ئەمەش پێچەوانەی دانی ساردووسڕە، لەلایەکی دیکەوە کن دەستی بە باسکردنی سیستەمی زانیاریی جوگرافی کرد، نازانم چۆن کار دەکات بەڵام زانیم ئەمە شاکارە، لەوەش گرنگتر دەیزانی چیمان دەوێ، هەستم بەجۆشوخرۆش و متمانەبەخۆبوونی کرد، بۆیە پێم راگەیاند دەست بە کارەکانی بکات، هەروا ئەگەر هەر گرفتێکی هەبوو ئەو بە دان رابگەیەنێ.

لە ماوەی چوار کاتژمێردا کن کۆمپیوتەرەکانی ئامادەکرد، لەتەك مۆڵەت وەرگرتنی پرۆگرامەکانی، بۆ ئەمەش دەستی کرد بەوەرگرتنی زانیاری بۆ ئۆپراسیۆنەکانمان.

لە ماوەی دوو رۆژدا توانی هەموو نەخشەکان بگونجێنێ، لەو کاتەشدا ئامادە بوو وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە، وەڵامەکانیش بەپێی داتا دەییەکان، بەمەش کن و تیمەکەی توانیان پێکهاتەی دەیان پێکهاتە بژمێرن، ئەمەش بەپێی ئەو زانیاریانەیە بۆ پراکتیکردنی سیستەمەکە و ئەوەی دەمانەوێ.

هەموو سەرەداوەکان نیشمانمان دەدات و دەتوانین سەیری بکەین، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بتوانین سەیری نەخشەی ئەلیکترۆنی بکەین، بەمەش هەموو

بڕیارەکانی سەرکردایەتی زۆر ئاسان بوون، من زوو زوو سەیری نەخشە دەکەم واتە هەموو ڕۆژێك زیاتریش لە کاتی بەیانیان و شەواندا.

ئەو سەندووقە سیحر و جادووییەی باسمان لێوە دەکرد لەوە باشتر بوو کە وێنامان دەکرد.

هەڵمەتی مووشەکباران لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێککەوتی حەوتی تشرینی یەکەم بوو سیستەمی دەستنیشانکردن زۆر ڕوون بوو، لەو کاتەدا هیچ ڕووداوێك بە هۆی هەڵمەتەکەوە کەس لە براکانمان نەکوژرا، هەموو تیمەکانمان ڕزگاریان بوو هاوکات سیخوڕە ئەفغانییەکانیش تووشی هیچ نەبوون بەتایبەتی لەو شوێنانەی ئامانجمان بوو.

لەو کاتەی فڕۆکەی بی -٢ لە هەڵمەتێکی مووشەکباران بوو بۆ سەر ئامانجی یەکەمی پەیوەندیمان لەگەڵ سەرچاوە ئەفغانیەکەمان پچڕا، لەوە دڵنیا نەبووین ئەو ناوچەیەی جێ هێشتووە، مایك باز موسلی و تیمەکەی سەرکردایەتی هەڵمەتە ئاسمانییەکانیان دەکرد، پێشتریش لەیەکێك لە وڵاتانی دوورگەی فارس کاریان کردبوو، لەم هەڵمەتەدا کارێکی شاکاریان ئەنجام دا بەتایبەتی هەردوو فڕۆکەوانەکە، زۆر بەوردی لە ئامانجەکانیان دابوو، هەروا خۆیان دوورخستبۆوە لەو شوێنانەی کە ئاگادار کرابوونەوە مووشەکبارانی نەکەن، ئەمەش وای کرد هەموو لایەك بەجۆشوخرۆشەوە حەزیان لە جەنگ بێ.

لە یەکێك لە بۆنەکانی دیکە دان و کن هاوبەش بوون لە پەیوەندیکردنێکدا بۆ بینینی ڤیدیۆ کە لەڕۆژێکدا دووجار سەیرمان دەکرد، ئەمەش لەتەك فەرمانداریەتیی سوپا، بۆ ئەمەش هەموو هاوبەش سەربازییەکانمان لەنێویاندا تیمی سی ئای ئەی ئاگادار کردەوە سەبارەت بە ڕێگەی باشووری بگڵان، کن لەو

ساتەنەدا هەردەم کۆمپیوتەرەکەی لەدەست دا بوو بۆ ئـەوەی پەیوەنـدی بکـات و جەخت بکاتەوە هیچ تیمێك و سـیخوڕێکی ئێمـە لـەو ناوچـەیەدا نییـە، هـەروا ئەمەی بە فەرمانداریەتی ناوەندی گەیاند کە بە سـەرۆکایەتی جەنـەراڵ موسـلی بوو، هاوکات فرۆکەی ئێف -١٦ لەو کاتەدا لەسەرووی کـاروانێکی دوژمنـدابوو، دان و کن پێی ڕاگەیاندن هەموو شتێك باشە، ئەمەو فرۆکـەی ئێـف ١٦ هێرشـی مووشەکبارانی دەست پێ کرد.

لەپێش چەند رۆژێك لەگەڵ یەکـەم هێرشـی سـەربازی ئـەمریکی لەباشـوور لەرێککـەوتی ١٩-٢٠ تشـرینی یەکـەم لـەنزیك قەنـدەهاردا ئەفسـەرێکی پەیوەندیکار لە هێزی تایبەت بە بنکەی دژەتیرۆردا داوای لەکن کرد سەبارەت بەو ناوچەیە، ئەمەو دەزگای نەخشەی سی ئای ئەی هەندێك زانیاری پێـدا سـەبارەت بەزانینی سیستەمی زانیاری جوگرافی تـا بزانـدرێ ئـەو ناوچـەیە مینـی تیـادا نەچێندراوە، لەمەوەش کـن پەیوەنـدی بـە نووسـینگە و خاڵەکانـەکان کـرد، بـۆ ئەمـەش هـەموو لایەنـەکان درا بەکۆماندۆسـی ئـەمریکی داتاکـانیش هـەموو کێڵگەکانی مینی نیشاندا.

داوام لە دان کرد پوختەیەك پێشـکەش بـە تینتـی بەڕێوەبـەر بکـات، ئـەو پوختەیە دەبوایە دە خولەك بخایەنێ، بەڵام کاتژمێرێکی پێ چوو، لێـرەوە کـن بـە هۆی لاپتۆکەیەوە هەموو نموونەکانی خستە روو.

سەرکردەی سوپا و کۆنگریس لەدوای چەند هەفتەیەکدا پوختـەی سـندووقی سـیحری و جادوویەکـەیان داوا دەکـرد، سـەرەڕایی ئـەوەی ئێسـتا مـن نەخشـە چاپکراوەکان بەکار دەهێنم بۆ ئۆپراسیۆنەکانمان.

ئۆپراسیۆنەکان قەبارەیان گەورەتر بوو ئەمەش بووە هۆیەك زیاتر ئاڵۆزی تـێ بکەوێ بۆ ئەمەش تیمی کار لە هۆبەی ئامانجەکان فراوان بوو، هەروا سیسـتەمی

کۆمپیوتەر و لاپتۆپ کە لەلایەن کن و سێ ئەفەسەری دیکە بەکاردەهێندریٚ، هەمووشی بەستراوەتەوە بە کۆمپیوتەرەکانی نووسینگە و پرینتەر و ئامێری کێشانی وێنەی نەخشەکان، تیایدا هەموو پوختەکانی شەوی رابردوو نیشان دەدات، هاوکات هەموو سەرەداو و دۆخەکان لەنێو نەخشە ئەلیکترۆنییەکان بۆ فەرماندە و سەرکردایەتیی ناوەندی سووپا دەنێردریٚ، تا هەموو زانیارییەکی جوگرافیان هەبیٚ.

دان کاری لەسەر ئەوە دەکرد تا کۆمەڵگە هەواڵگرییەکان لەگەڵ ئۆپراسیۆن بۆ سەر ئامانجە بەیەکتر ببەستێتەوە.

بۆ نموونە رۆژانە ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی زانیاری نوێی دەدا بە بنکەی دژەتیرۆر –ئۆپرۆاسیۆنی تایبەت، زانیارییەکانیش لەرووی داتا جوگرافییە دیاریکراوەکان بوو، بۆ ئەمەش تیمەکە چەند کاتژمێرێك کاریان دەکرد تا بەکاری بێنن لەگەڵ سیستەمی زانیاری جوگرافی، هەروا یەکێك لە ئەفسەرەکان داهێنانی لەوە کرد تا بتوانین هەموو زانیارییەکان بە ئارەزووی خۆمان گل بدەینەوە بە مەرجێك ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی شێوە داڕێژاوەکەی بگۆڕیٚ، بۆ ئەمەش کن داوای لە تیمی ئاژانس کرد تا سەردانی بنکە بکەن بۆ ئەوەی هەموو ناساندنەکان ئەنجام بدریٚ، ئەمەو باسی چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئامانج و داتاکان تا بتواندریٚ بچێتە ناو سیستەمی ئێمە، هەروا ئاژانس داڕشتنێك بۆ راپۆرتەکانی بکات تا بگونجێت لەگەڵ پێویستییەکانمان، ئەمەو ئەوانەی سەردانیان کردبووین یەکسەر رازی بوون، لە رۆژی دواتر کن بە چەند خولەکێك نەك بە چەند کاتژمێرێك هەموو داڕێژاروەکانی خستە سیستەمەکەوە.

هینری ا.کرامبتۆن

لەلایەکی دیکەوە بنکەی دژەتیرۆر —ئۆپراسیۆنی تایبەت سیستەمی هاوبەشی داهێنا وەك ئەوەی لە مەیدانی جەنگدا بێ، بەشێوەیەك دانەی تەواوی نەخشەکانمان لە وێستگەی کابوول بێ، لەو کاتەی ئەمریکا زیاتر چووە نێو ئەفغانستان کن سەفەرێکی بۆ ئەفغانستان کرد تا بتوانێ سیستەمی زانیاری جوگرافی بەیەکەوە بلکێنێ، تا سوپا سوودی لێ وەربگرێ.

لە کۆتاییدا کن و تیمەکەی توانیان چەندین ئەفسەری مەیدان فێری کۆمپیوتەر و لاپتۆپ بکەن تا شارەزاییەکی تەواویان هەبێ لەسەر زانیاریی جوگرافی کە ئێستا لەخزمەتدایە، ئەمەو بنکەی دژەتیرۆر —ئۆپراسیۆنی تایبەت هەر کۆمپیوتەرێکی پڕ بوو لە زانیاری و داتاکان، هاوکات لە هەر گۆڕانێکیش زانیاری و داتاکان گۆڕانکاری بەخۆیانەوە دەبینن، ئەم زانیاریانەش لەلای هەموو بنکە و تیمێك و ئەفسەرێك هەبێ، تا روانینی روونی بۆ گۆڕەپانی جەنگ هەبێ، بەمەش کردەکان زیاتر بەیەکتری دەبەسترێتەوە و زیاتر ئاوێتەی یەکتر دەبن.

دان و کن لەپاشتردا دەتوانن پرۆگرامی وێنەی داتای سێ رەهەندی دروست بکەن، بەشێوەیەك هەموو رووەکانی جوگرافی ئەفغانستان لەسەر شاشە نیشان دەدەن، هەروا فرینێکی گریمانی بۆ سەر گۆڕەپانی جەنگ دەکەن، بەو شێوەیە هەموو رووەکان بە هۆی سوڕانەوە دەزانین، بەراستی ئەزموونێکی بەهادار بوو.

ئەو وێنە دینامیکییە، بەبەراورد بە وێنەی ورد، وێنایەکی نوێی بەخشی بە سی ئای ئەی و سوپا و بڕیاردەرانی سیاسەت، ئەمەو سندووقە سیحرییەکە، بۆ بەکارهێنانی تایبەت و بڕیاردەرانی سیاسەت داهێنان بوون.

ئەو جۆرە هۆشیارییە وای کرد سی ئای ئەی لە هەموو ئاژانسەکانی هەواڵگری دیکە جیاواز بێ، بەتایبەت ئەوانەی زانیاری کۆ دەکەنەوە بۆ

جێبەجێکردنی کارەکانیان، بەپێی لێدوانی ئێف بی ئای ئەوان کار دەکەن تا بەڵگەیەك بدۆزنەوە بۆ دادگاییکردنی کەسێك، هاوکات ئاژانسی هەواڵگری بەرگریی پێداویستی سوپا دابین دەکات، کەچی سی ئای ئەی لەلایەکی دیکەوە زانیاری دەخاتە روو بۆ بەشێك لە کرپارەکانی هەر لە سەرۆکەوە بگرە تا سەربازێك.

ئەرك و راژەکانمان ئاوێتەبووی داهێنانە وەك داهێنانەکانی دان و کن، کاتێك بنکەی دژەتیرۆر-ئۆپراسیۆنی تایبەت رادەهێنن بۆ ئەزموون و داهێنان، بەم شێوەیەش هەموو لایەنەکانی جوگرافیای شوێن و شیکردنەوە و جەنگی گرتەوە.

سەرکردایەتییەکی ئاوێتەبووی کارا

هەڵمەتەکەمان لە ئەفغانستان جیا بوو لەگەڵ ئەوەی نائاسایی بوو، تیایدا رۆڵمان کۆکردنەوەی زانیارییەکان بوو بۆ بڕیاردەدانی سیاسەت-کرپارەکان- بەو شێوەیە هەموو کاتی تیمەکان بۆ کاری شاراوە بوو، هەروا هەواڵگری بۆ بەکارهێنانی تایبەت بوو، لەپێشتردا سی ئای ئەی بەو شێوەیە لەرووی کۆکردنەوەی زانیاری و بەرهەمی شیکردنەوە و دانانی ستراتیژیەت بەو شێوەیە نەبوو، لەتەك پراکتیکردنی کاری شاراوە بۆ بەکارهێنانی هونەرەکانی دەسەڵات و جەنگ بەو شێوەیە نەبووە.

هەر زوو زانیمان بڵاوەپێکردنی تیمەکان تەنیا پشتگیری ماددی و سیاسی نییە، بەڵکو پێویستی بە هەواڵگری هەیە، ئێمەش هەموو زانیارییەکمان پێ بەخشین و هانمان دان تا لەنێوان خۆیاندا بەکاربێنن، زۆر جاریش تیمەکانی بە هۆی دینامیکی پەیوەندییە لاوەکییەکان زۆر بە خێرایی بەرپەچی دوژمنیان

داوەتەوە، هەندێکجاریش لەپێش ئەوەی بارەگای سەرکردایەتی خاڵ دابنێ بۆ بەرپەرچدانەوە، من ئەمەم دەویست، بۆ ئەمەش سەرکردە مەیدانییەکان سەلماندیان هاوکارییەکی تەواوی ئالۆزی هەواڵگری هەیە و کاری شاراوەش لەوپەڕی گرنگی دایە.

یەکێك لە نموونەکان فەرمانده‌ی تیمی ئەلفا لەنزیك مەزار شەریف پەیوەندی کرد تا پێمان رابگەیەنێ کە بارەگای سەرکردایەتی ناتوانێ تیمەکانی لەگەڵ خێڵەکانی هەزارەی ناوەندی ئەفغانستان بەیەکتر ببەستێتەوە، بۆ ئەمەش تەنیا پەیوەندییەکمان کرد بە هاوپەیمانە ئەفغانییەکان لە رێگەی ئۆزباکستانەوە، لەوێدا گرفتێکی گەورە هەبوو چونکە نەمان دەزانی لە کوێدا دابەزین بەتایبەت لە هەرێمی بامیان، نەشمان دەزانی چ کاتێك تیمەکانی دیکە پەیوەندیمان پێوە دەکەین، هەروا متمانەی تەواویشمان بە هەزارە نەبوو تا رووبەڕووی تالیبان ببنەوە، لەوکاتەی ئێمە تیمەکەمان دادەبەزێنین، بەو شێوەیە لەو نێوەندە مابووینەوە و نەمان دەزانی چی بکەین.

پێ دەچوو فەرماندەی تیمی ئەلفا دوو کەسی خۆبەخشی دانا بوو تا بەرێگەی وشکانیدا بڕۆن ئەمەش ٣٦ کاتژمێری دەوێ.

داوام لێ کرد ئەو کارە بکات، پێش دەچوو لەگەڵ فەرماندەی تیمەکانی دیکەش پەیوەندی هەبوو، هەستی بەوەش دەکرد دانانی تیمێك لە بامیان بۆ دانانی ستراتیژیەت پێویستە، چونکە دەکەوێتە رۆژئاوایی کابول، تا بتوانین تەجنیدی هاوپەیمانە ناوچەییەکان بکەین و بتوانین بەرەو کابول بجولێین، لەو کاتەی تیمی شکاندنی سەرەکان رێگەی خۆی دەبڕێ لە دەشتاییەکانی باکوور، بۆ ئەوەی لە باکوورەوە هێرش بکاتە سەر کابول، بۆ ئەمەش فەرماندەی تیمەکە

لەوە گەیشت و بەدەم داواکارییەکانماوە هات، لەپێشتریشدا هەموو لایەنەکانی هەواڵگریمان پێ بەخشی بوو بۆ مەبەستە ستراتیژییەکان.

دوو ئەفسەری نارد، یەکێکیان مایك سبانە، کە لەدوای چەند هەفتەیەك لە شەڕێکدا کوژرا، هەردوو ئەفسەر پەیوەندیان بە خەلیلی سەرکردەی هەزارە کرد، ئەمەش دوای بە ئۆتۆمبێلێك بەنێوەندی چیاکاندا تێپەڕین، ڕێگەی خۆیان دەبڕی سەرەڕایی ئەوەی متمانەی تەواویان بە هاوپەیمانە خێڵەکییەکان نەدەکرد، لەدواتردا بەگەرمی پێشوازیان لێ کردن و تیمی پشکنینی ڕێگاکانیان لەگەڵدا ناردن تا بە هەموو شێوەیەك هاوکاریان بکەن، بەمەش هەردوو ئەفسەر شوێنێکیان دۆزییەوە بۆ دابەزین و سیستەمی بەرگری تا ئەو کاتەی تیمەکانی دیکە پەیوەندیان پێوە دەکەن، لەپاش چەند ڕۆژێك تیمی سی ئای ئەی —هێزی تایبەت لەوێدا دابەزین، بەو شێوەیە جێی پێی خۆیان لەناوەڕاستی ئەفغانستان داگیر کرد، بەمەش پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵگری پەرەی سەند.

سەرەتاکانی سەرکەوتن زۆر بەخێرایی بەدەرکەوت و لەسەرووی پێشبینییەکانماوە بوو، هەموو ئەمانە بە مکوڕبوونی سەرکردە و دیزاینکردنی تۆڕەکانەوە بوو، هەموو ئەوانەی چاومان پێیان کەوت دەسەڵاتیان پێ داین، لەتەك ئەوەی توانیمان پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ سوپای ئەمریکی بهێنینە ئارا، بەتایبەتیش لەگەڵ سەرکردایەتی ناوەندی، هاوکات لەتەك هاوپەیمانە ئەفغانییەکان لەو پەڕی هێزدا بووین، هەر کاتێك بیانویستایە بەتەنیا جوولەیان دەکرد یان بە هاوبەشی، گرنگی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆرج تینیت، کە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ سەرۆکە نوێیەکەمان، کە گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانی تینتی بەڕێوبەر و کۆفر بلاك گرت، بۆ ئەمەش سەرۆك بۆش هەموو دەسەڵاتێکی دا بە سی ئای ئەی بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر دوژمن لەو

هینری ا.کرامبتۆن

کاتـــەی پێویســـت بـــوو، زۆرجـــاریش مەبەســـتە ســـتراتیژییەکانمان دەپێکـــا، هەندێکجاریش پەیوەندی بە منەوە دەکرد منـــیش لـــە ڕێگـــەی خۆمـــەوە هـــەموو ڕێنماییەکانم دەدا بە سەرۆکی تیمەکان، زۆرجار لەنێوەندی کاتژمێرێکـدا جوولـەم پـــێ دەکـــردن، ئـــەوە جگـــە لـــەوەی مامەڵـــەکردن لەگـــەڵ هاوپەیمانـــەکان بـــۆ هاوکاریکردنمان تا لە کۆتاییدا بتوانین حکومەتی کابوول بڕووخێنین.

لە کاتێکدا پێداویستییەکانی سی ئای ئەی و دەسەڵاتەکەی هەردەم پێویستی بەوە بوو ئاوێتەی سووپا و جەنگاوەران و جەنەراڵ فرانکس بێ.

سەرکردایەتیی ناوەندی

لە سێی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ بەرەو تامبـا فـڕیم تـا چـاوم بکـەوێ بـە جەنەراڵ تۆمی فرانکس لە بارەگای سەرکردایەتی ناوەندی، بن کلارك یاوەرم بـوو، ئەو سەر بە ئۆپراسیۆنی تایبەتە لە سەرکردایەتی ناوەندی، تـەنیا وەك هاوکارێـك هاتۆتە نێو سی ئای ئەی، لە کۆتایی ئەیلوولدا خۆی بە تیمەکانمان ناسـاند، بۆیـە وەك خۆبەخش و ڕاوێژکارێکی سەربازی دەست بەکار بوو و جگە لەوەی ئەفســەری پەیوەندییەکانە لە سەرکردایەتی ناوەندی، کەسێکی ڕێکوپێکە حەز بەوە ناکـات ببێتـــە جێگـــەی ســـەرنجی خـــەڵك. کەســـێکی گرانـــە، بەشـــێوەیەکی هاوســـەنگ پرسیارەکانی دەخاتە ڕوو بەتایبەتی بۆ تێگەیشـتن لـە بابـەت و گرفتـەکان، ئـەو دەرچووی "سیتادل"ە کە کۆلیژێکی جەنگییە و لە کارۆلینای باشـووردا، لـەپاش گەنجی زۆربەی ژیانی لەناو سووپای ئەمریکادا بەڕێ کردووە، کەسێکی باڵا بـەرزە و هیچ کاتێك ماندوو نابێ، لە یەکەم کۆبوونەوەدا بەسوپاسەوە ڕەزامەندی دەربڕی

بۆ هەر بڕیارێکی سیاسی کە دەیدەین، ئەمەش لای ئێمە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بوو.

بە هاوشانی یەکتر چووینە نووسینگەی جەنەراڵ فرانکس، کە هەموو لا دیوارەکانی نەخشێندرابوو بە وێنە و خەڵاتەکانی زۆربەی وڵاتانی جیهان، ئەو کەسێکی باڵابەرزە و رووخساری لوچی تیایدایە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ماوەیەکی زۆر لەناو سووپادا بووە و تشکی رۆژ بۆ ماوەیەکی زۆر لە رووخساری داوە، زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ کردم و بەتوندی تەوقەی لەگەڵدا کردم.

بۆ ئەو کۆبوونەوەیە هەر یەك لە نوێنەری سی ئای ئەی لەلای سەرکردایەتیی ناوەندی ئامادەبوو، ئەو ئەفسەرێك بوو چەندین خولی راهێنانی لەدەرەوەی وڵاتدا ئەنجام داوە و کەسێکی کارا و بەسوودە، هەروەها ئەمیرال برت کالاند سەرۆکی ئۆپراسیۆنی تایبەت لە سەرکردایەتیی ناوەندی و بەرپرسی سەربازی لەلایەن بن کلارکەوە ئامادە بوون، لەپاشاندا جەنەراڵ جین رینوارد سەرۆکی هۆبەی سێیەمی ئۆپراسیۆنەکانی سەرکردایەتیی ناوەندی هاتە ناو کۆبوونەوەکە، ئەمەش لەتەك گاری هاویل بەرپرسی سەرکردایەتی ناوەندی و سەرکردەی هێزی دەلتا لە سۆماڵ، بەتایبەتی لەو کاتەی فڕۆکەی بلاك هۆك هێندرایە خوارەوە، هەردووکیشمان لە یەمەن خزمەتمان کردووە بەتایبەت ئەو کاتەی هێرشکرایە سەر کەشتیی کۆلی جەنگی، تەوقەم لەگەڵ هەمووان کرد، تەنیا گاری نەبێ کە باوەشمان بەیەکتردا کرد.

جەنەراڵ فرانکس جیا بوو لە هەمووان، چونکە بەتوندی قسەی دەکرد و رێزی بۆ کەس نەبوو، ئەمەشم هەر لە خولەکی یەکەمی کۆبوونەوەکە زانی "ئەوە چییە

له واشنتن هاتۆته كايەوه، ئوسامه بنلادنی كوڕی سۆزانی له كوێدایه؟ ئێـوه چـی دەكەن لەپێناو وڵاتەكەتان".

پێم گوت " ئەوه دەكەين جەنەراڵ"، لەم كاتەدا هەموو نەخشـەكانم لەسـەر مێزەكە دانا، باشترين توانای خۆمان خسته روو بەرامبەر به دوژمن، هەروا باسی داتاكانی تیمەكانم كرد، كه له بنچینەدا لەلايەن هاوپەيمانه ئەفغانییەكانەوه دیاری دەكرێ.

"جەنەراڵ ناتوانین سەركەوین ئەگەر لەگەڵ هاوپەيمانـه ئەفغانییـەكان نـەبین، دەتوانین هەماهەنگیان لەگەڵ تواناكانیان بكەین، ئەوان وڵات و دوژمن دەناسـن، هەروا هاوپەیمانەكانمان دەزانـن چـۆن شـەڕ دەكـەن، وەك هێـزی پیـاده بـەكاريان دەهێـنین، ئـەوان پێویسـتیان بـه پشـتگیری مـاددی و پشـتگیری ئاسمـانی و هەواڵگرییەكانمان هەیه، هەروا تیمەكانی سی ئای ئـەی پێویسـتی بـەپیاوانی تـۆ هەیه، هەر كاتێك زووتر بێ ئەوا باشتره".

فرانكس گوتی " باسی ئەفغانییەكانم بۆ بكه".

"ئێمه دەیان ناسین، له دوو ساڵی رابردوودا تیمەكانمان دەنێرنه ئەفغانسـتان، بۆيه پێویسته بزانين توانای هاوپەيمانەكان تا چـەنده، هـەروا دەبـێ دوژمنـەكانمان بناسین، هەموو شتێك دەخەمه بەردەسـتت وەك ناسـنامەی ئەوانـەی هاوكاريمـان دەكەن، ئەوان كلیلـی شكسـتی قاعیـدەن، ئێمـه و ئـەوان نـەبین ئـەوا شكسـت دەهێنین".

بەڵێنم پێ دا هەرچی كۆكراوەی هەواڵگرییه پێشكەشیان بكەین، هـەتا ئـەو زانیاریانەی لـه برایـداتۆریش وەری دەگـرین، وەك باسمـان كـرد فرۆكەیـەكی بـێ فرۆكەوانه و سیستەمەكەی زایناری جوگرافییه و تیایدا وێنەی دۆسـت و دوژمـن

دەگرێ، هاوکات سندووقە سیحرییەکەمان هەموو کات نەخشەکان نوێ دەکاتەوە، ئەم تەکنەلۆژیایەش لەو پەڕی پێشکەوتندایە لەپێشتردا شتی وانەبووە بۆ پشتگیری هەواڵگری سوپا، کە کاری سەرەکی کۆکرنەوەی هەواڵگرییە، بێگومان بەبێ ئەو هەموو شتێکمان بەرەو رووخان دەڕوا وەك هەوڵەکانی کاری شاراوە و هێرشە سەربازیەکان و دیبلۆماسیەت و چەسپاندنی یاسا و سیاسەت، بۆیە هەواڵگری پشتگیری هەموو کەرەستەکانی هونەری دەسەڵات دەکات.

بۆ ماوەی دوو کاتژمێر قسەمان کرد، لەوێدا پلانمان دانا و نەخشەمان کێشا، هەموو لایەك بەڵێنی دا پشت بە ئاڵوگۆڕییەکان ببەستین.

زۆری نەماوە هێرش بەرین

بن کلارك لەدوای کۆبوونەوەکە گوتی ئێمە کارێکی باشمان کرد، ئەوەی منیش دەم ویست گوێم لێ بێ ئەوە بوو، لەپاشاندا یەکسەر بەرەو سەرکردایەتیی سی ئای ئەی فرێم، ئەوەش دەزانم لە چەند رۆژێکی داهاتوودا هێرشی ئاسمانی دژ بە قاعیدە و تاڵیبان دەکرێ.

کارمان لە ئەفغانستاندا بیست و چوار کاتژمێر بەردەوام بوو بۆ دیاریکردنی هەموو ئامانجەکان، دەبێ کارەکە بەشێوەیەکی راست ئەنجام بدەین، هەموو شتێکیش پەیوەستە بەو زانیاریانەی کە کۆی دەکەینەوە.

ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەم بە تینتی بەڕێوەبەر و کۆفر بلاك و عەمیدێك لە هێزی تایبەتی ئەمریکی گاری مایك جۆنز راگەیاند، جونزیش لە بنکەی دژەتیرۆردایە بەو پێیەی راوێژکارە، ئەو بە هیچ شێوەیەك شتی پڕوپووچ قبوڵ ناکات لەنێوەندی ئەو هێرشەدا هەموو ناوەڕۆکەکەم پوخت کردەوە و پێم

راگەیاندن، ئەمەو تینتی بەڕێوەبەر ئەو پوختەی لە کۆبوونەوەیەکدا بە دژەتیرۆری راگەیاند، لەلایەکی دیکەوە ریچ و تیمەکەی وێنەکانیان گەورە کردەوە بۆ دوا داتای نوێ بەتایبەتی هەوڵدانی دوژمن بۆ بەدەستهێنانی چەك و جبەخانە، بۆ ئەمەش موات لارسۆن دەستپێشخەری خۆی خستە روو سەبارەت بەم بابەتە، هەروا چارلی هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری لەلایەن هەموو سەرچاوەکانی هەواڵگری پوختکردەوە، جگە لەوەی کەسێکی دیکە بە ناوی جۆن ه سۆب کامبل جەنەرالی هێزی ئاسمانی و یاریدەری بەڕێوەبەر لە سی ئای ئەی ئامادە بوو، واتە ئەو بەرپرسی پشتگیری سەربازی بوو، ئەو لەوێدا ئامۆژگارییەکی جوانی پێشکەش کردین.

کۆفر بلاك وەك سەرۆکی بنکەی دژەتیرۆر بەهێمنی لەلایەك دانیشتبوو و هەموو باسەکانی دا بووە دەست ئەفسەرەکانی تا پوختەکانیان پێشکەش بکەن، هەروا زۆر بەچڕی چاودێری دینامیکی سیاسەتی دەکرد بەتایبەت گفتوگۆ بابەتییەکان، هەر لەوێدا نوێنەرانی رۆژهەڵاتی خوارووو و ئاسیای ناوەڕاست و چالاکییە تایبەتییەکان ئامادەی کۆبوونەوەکان بوو، کەچی بنکەی دژەتیرۆر لەوێدا بەبێ دەنگی دانیشتبوون، چونکە بەڕێوەبەر ئەو بەشەی راسپارد بوو بۆ فەرمانداریەتی، کەچی ئاستی پشتگیری لەلایەن بەشەکانی دیکە لەنێوان باش و خراپدا بوو، چونکە لەنێوەندی هەمووماندا بنکەی دژەتیرۆر دەیویست پێشبڕکی لەنێوان هەمواندا بکات، هەموو ئەمانەش وای کرد جۆرێك لە ناخۆشی بێتەکایەوە، هەروەك چۆم کۆفر پێشبینی ئەمەی دەکرد.

چارلی ئالن وەك جێگری ئاژانس سەرچاوەیەکی چەسپاو بوو، هەردەم پشتگیری و هانی هەموو لایەکی دەدا، بەتایبەتی لەرووی پێداویستی گۆڕانی کەشتی ئاسمانی دەستکرد بۆ رووماڵکردنی وێنەیی جۆراوجۆر، چارلی ئەو کارانەی

دەکرد، هەروا هەردەم دەی گـوت ئایـا هاوکاریـت دەویٚ بـۆ بـۆ پشـتگیریکردنی شیکردنەوەکان؟ چارلی وەك کەسێکی ئـازا هـەردەم دەیویسـت گـوێی لەهـەواڵی سەرکەوتنی کاری شاراوە بـێ، بەتایبـەت لـەرووی تێکـدان تـا دەگاتـە ریکـلام لەپاشاندا کار بکریٚ بۆ کوشتن، کاتێك ئاگادارم کردەوە سـەبارەت نزیکبوونـەوەی هەڵمـەتی مووشـەکباران و هەماهـەنگی لەگـەڵ هێرشـی پیـادە و وشـکانی ئەفغانییەکان بەتایبەت بۆ شارە سەرەکییەکان، قۆڵی گرتم بەدەنگێکی نزم گـوتی "ئێستا وانەیەکی شایستەیان پیٚ دەدەین".

هەردەم لە کاتی مۆڵەتەکانی کاتژمێر ١٧٠٠ لەتەك چارلییەوە دادەنیشتم.

لەپاش دوو رۆژ لە سەردانیکردنم بۆ لای جەنەراڵ فرانکس بە سـەرکردایەتیی ناوەندیم راگەیاند هەڵمەتی بۆمبارانکردن داڕێژراو تا ئێسـتا چـۆن دانـراوە هـەر وایە، ئەمەو لە بەرامبەر مێزەکەم لە نووسینگە بچووکەکەم دانیشـتم، گفتوگـۆم لەگەڵ ماسی کرد سەبارەت بە نزیکبوونەوەی هێرشەکان.

هەرچی گوتمان وەك تێبینی لە دەفتەری تێبینیەکان نووسیم و لەپاشـاندا دام بە سکرتێرەکەم تا چاپی بکات، ئەو سەرنجانەش خۆی لەسیٚ لاپەڕەدا دەبینیـەوە، کە رێنمایی بوو بۆ تیمەکان، ناونیشانی باسەکەش بە ناونیشـانی "سـتراتیژییەتی سەربازی"، ئەمەو باسەکە چەند خاڵێکی سەرەکی لـەخۆ گرتبـوو بـەم شـێوەیەی خوارەوە:

١- پێدانی رێنماییەکان بۆ هەموو خێڵە هاوپەیمانەکان، هەر کاتێك ویستیان لە فڕۆکەکانیان بێنە خوارەوە سەرەتا با خۆیان بناسێنن.

٢- پێدانی رێنمایی بۆ هەموو خێڵەکان تا هەموو جوولەیەکی سەربازی گەورە بوەستێنن، با هەر یەکەو لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە.

٣- ئاگادارکردنەوەی هەموو هێزەکانی پیادە و وشکانی کە سەر بە خێڵە هاوپەیمانەکانن خۆیان ئامادە بکەن سەبارەت بە نزیکبوونەوەی هێرشکردن، دووبارە داواشیان لێ کرایەوە لە شوێنی خۆیاندا بن.

٤- پێدانی رێنمایی بۆ هەموو سیخوڕەکان تا لەنێو وڵاتدا دەست بە تێکدان بکەن، هەروا ئۆپراسیۆنی دیاریکراو ئەنجام بدەن ئینجا لە هەر شوێنێکدا بن "ئەمەش خۆی لە کوشتنی سەرکردەکانی دوژمندا دەبینێتەوە، ئەمەش وەك هەماهەنگییەکی نێوان هێزی ئەمریکی لەجەنگدا لەپاش ١١-٩".

٥- هەموولایەك ئاگادار بن لەوەی ئۆپراسیۆنی چوونە ژوور لەلایەن سی ئای ئەیەوە دەکرێ، لەپاشاندا ئۆپراسیۆنی تایبەت و بۆمبارانکردن زۆر بەخێرایی لە باشوور دەست پێ دەکات، ئەمەش لەگەڵ بۆمبارانکردنی ئاسمانی دیاریکراو.

٦- دووبارەکردنەوەی بەردەوام بۆ ئەو ناوچانەی کە نابێ بۆمبارانکردن بیانگرێتەوە "ئەو ناوچانەش شوێنی سیخوڕی تاکلایەنە و نەخۆشخانە و مزگەوتەکان و شوێنە هەستیارەکانە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە چەندین بڵاوکراوەمان لە هەموو ئەفغانستاندا بڵاوە پێ کردووە بەزمانەکانی پشتۆ و داری و ئینگلیزی و تیایدا هاتووە "تالیبان شوێنی مەدەنییەکان بەکار دێنێ بۆ شاردانەوەی جبەخانەکانیان، بۆیە هەموو ناوچەکان تووشی کارەسات دەکات، لەو شوێنانە مەمێنەنەوە جبەخانەی سەربازی و پیاوانی تالیبانی تیادایە".

٧- پێویستە لەسەر هەموو خێڵە هاوپەیمانەکان ئامانجە سەرەتایی و لاوەکانیانیان دیاری بکەن تا هێرشەکانیان لەسەر زەوی بەپلان بێ.

٨- سیخوڕەکان دەبێ ڕێگەی ڕاکردنی پێشبینیکردنی خۆیان دیاری بکەن، لەو کاتەی شەڕ دەست پێ دەکات، لەوانەشە ئوسامە بنلادن و سەرکردەکانی دیکە هەمان شێواز بگرنە بەر، بۆیە دەبێ پشکنین بۆ ڕێگەکان بکەن تا نەتوانن ئەمکارە بکەن "لەرووی مێژووییەوە ئەوە دەزانین بەدیل گرتنی سەرکردەی دوژمن لە جەنگە نانیزامییەکان زۆر گەورە نییە، بۆیە پێویست دەکات پلانی خێرا ئامادە بکەین".

٩- ئامادەکردنی بەندکراوەکان و لێپرسینەوە لەگەڵیان تا .وتەکانیان بقۆزینەوە.

١٠- هەڵسەنگاندنی پێداویستییە مرۆییەکان.

لە کۆتایشدا نووسیم "ئێمە دەجەنگێین لەگۆڕەپانی ئەفغانیدا لە پێناو ئامانجەکانی دژەتیرۆر، سەرەڕایی ئەوەی ئەمە چەند ئامانجێك دیاری دەکات لەسەر زەوییەکی پڕ لە تەماوی و گۆڕاودا، ئێمە دەجەنگێین لە پێناو جەنگی دژەتیرۆری یەکگرتوو کە سی ئای ئەی-وەزارەتی بەرگری ئەنجامی دەدا لە هەموو جیهاندا، سەرەڕایی ئەوەی ئێمە هەڵە دەکەین بەڵام لەمەوە بوارێکی نوێی پەیڕەوکراو دەدۆزینەوە، بۆیە ئامانجەکانمان زۆر روونە بۆ هاوبەشییەکی تەندروست".

هەموو ڕێنماییەکانم دا بە ئەفسەری پەیوەندیکردن لە تامبا تا جەنەراڵ فرانکس و تیمەکەی سەیری هەمووی بکات.

سەرەتا زۆر بەتوڕیی کارم دەکرد، بەشێوەیەك پێم وابوو ئەو هەموو شتانە کۆناکرێتەوە، بۆیە هەڵدەچووم کاتێك یەکێك پێی وابوو پلانەکانم شکست دێنێ، چەند کەسێکم لە بنکەی دژەتیرۆر-ئۆپراسیۆنی تایبەت دەرکرد، لەنێویاندا ئەفسەرێکی کۆنی ئۆپراسیۆنی سی ئای ئەی و ئەفسەرێکی دیکەی پەیوەندی

لەگەڵ سەرکردایەتیی ناوەندی سووپا، بەنهێنی و بەئاشکرا ئاگاداری هەموومانم کردەوە.

تورەبوونەکەم پەیوەندی بە ترس و شەرەف و شانازییەوە هەبوو، ترسم لەوە هەبوو هێرشێکی دیکە بۆ سەر وڵاتەکەمان بکرێ، هەروا لەوە ترسام پیاوانمان تووشی سەربرین ببنەوە، لە هەمووی خراپتر ترسم لە شکستهێنانی هەموو کارەکە هەبوو.

کەچی دەبێ هەموو ئەوانە سزا بدرێن کاتێك پێشێلی هەستەکانت دەکەن، بەڵام من بەسەر ترسدا سەرکەوتم، قاعیدە توانی بێتە کەنارەکانمان و هەزاران کەس بکوژێ لە نیویۆرك، هەروا بۆمبارانی بارەگای سووپای نەتەوەکەمانی کردووە، هەوڵی دا هێرش بکاتە سەر پایتەختی وڵاتەکەمان، تەنیاش سەرنشینەکانی گەشتی ۹۳ی کۆمپانیای یونایتد ئایرلاینزە شکستی بە وان هێنا، هەموو هیوا و ئاواتم ئەوە بووە بتوانم هاوڵاتیانی نەتەوەکەم بپارێزم، ئێستاش کاتی هاتووە؟

کات و هەل لە ئێستادایە، لەوانەیە ئەمە دوور بێ لە سزادان، بەڵکو ئەمە گێڕانەوەی کەرامەتی وڵات و ئاژانسەکەمانە، بە کارمەندانی تیمەکانم گوت: لەپێش ئەوەی ئێوە بڕۆن دەبێ بزانن ئێوە ئەو پێشەنگەن کە وڵاتمان پشتی پێ دەبەستێ، ئێستاش ئەو شەرەفەتان پێ بەخشراوە سزایان بدەن و کەرامەت و پاراستنی وڵاتمان بۆ بگەڕێننەوە، ئێستا لە هەموو کات زیاتر وڵات پێویستی بە ئێوەیە.

زۆر شانازیم پێوە دەکردن، شانازیم بەوانە دەکرد کە لە شوێنەکاندا بڵاوەیان کردووە جگە لەوانەی لە بارەگای سەرکردایەتین، هەر لەدیك هۆڵم کە تەمەنی لە

هونەری سیخوڕی

هەمووان گەورەترە تا دەگاتە ویل هۆرد بچووك، دیك راوێكارێكی گەورەیە سەركردایەتی هاوپەیمانی خێڵەكانی لەتەك سی ئای ئەی دەكرد لە نێوەندی جەنگی ڤێتنام. تووشی سووتانێكی زۆر بۆوە بە هۆی كەوتنە خوارەوەی هیلكۆپتەرەكەی لە كۆنگۆ، بەڵام دوای چەند رۆژێكی دیكە رێگەی خۆی دۆزییەوە بە هۆی جەنگەڵەكانەوە دواتر بۆ ماوەی سی ساڵ پلەی بەرزدەكرێتەوە لەریزەكانی دەزگەی شاراوەدا، دواتر خانەنشین بوو، بەڵام دوای خانەنشین بوونی گەڕایەوە و گرێبەستی كرد وەك راوێژگاری سەرەكی لە بنكەی دژەتیرۆر – ئۆپراسیۆنی تایبەت.

ویل هۆرد كوڕێكی ئەفریقی ئەمریكییە و تەمەنی بیست و دوو ساڵە و خەڵكی سان ئەنتۆنیۆیە، لەمێژ نییە پەیوەندی بە سی ئای ئەی كردووە وەك تێكۆشەرێكی دژەتیرۆر، لە رۆژانی یەكەمی دامەزراندنی بنكەی دژەتیرۆر-ئۆپراسیۆنی تایبەت بەدەركەوت، نەمزانی لە كوێوە هاتووە تا لێرەدا خزمەتگوزاری بكات، ئێستا بەرگری پەیدا كردووە كاتێك ئێمە هەموو كارێكی پێ دەكەین، هەروا دژی ئەوەیە بچێ بخەوێ، ئێستا لە بنكەی دژەتیرۆردا كار دەكات، بۆ ماوەی دە ساڵە لە دەزگەی شاراوە وەك بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆنی دژەتیرۆر و ئەنتەرنێت لە باشووری ئاسیا كار دەكات.

هەردەم بەرامبەر بە رەتكردنەوە بە كۆمەڵ، هەروەها بەشێوەیەكی رێكوپێك لەتەك ئەو ستراتیژییەتدایە كە دامان ناوە، هەر زوو زانیمان بلیمەتە ئەمەش شتێكی نوێ نییە، چونكە سۆسیدیدیس لە پێش هەزار ساڵ باسی گرنگی توڕەبوونەكان و وەڵامدانەوەكانی دەكات لە كاتی جەنگدا.

ئێمە لە بەیانیی رۆژی یەكشەممەی رێكەوتی حەوتی تشرینی یەكەمی ٢٠٠١ ئێستا تەنیا دوو كاتژمێرمان ماوە تا دەست بە هەڵمەتی ئاسمانی بكەین، تیمەكانمان لەوپەڕی ئامادەباشیدان، هەموو پیاوانی نووسینگەی بارەگای

هینری ا.کرامبتۆن

سەرکردایەتی بەخێرایی هەواڵگری و وێنە دەنێرن بۆ پشتگیری تیم و هاوبەشی سەربازی و هاوپەیمانە ئەفغانییەکان، کارەکە لەنێوەندی هەرایەکی رێکخراو و دارێژراودایە.

ماسی لەلایەکی دانیشت و لێی پرسیم :"ئێستا تۆ ئاسوودەی بەم کارە".

من ئاسوودە بۆ ئەم کارە" ئەو پێی وایە چییە؟ کەچی من ساڵانێکە چاوەڕوانی ئەوەم، ئێستا کاتی هاتووە، کاتمان نییە بەفیڕۆی بدەین لە گفتوگۆیەکی دڵەڕاوکێی فەلسەفی.

بەگاڵتەوە پێم گوت "ئێستا لە هەموو کاتێك ئاسوودەترم، جۆن".

قۆڵی گرتم و خەندەیەکی کرد و گوتی "من سەبارەت بە دوژمن پرسیارت لێ ناکەم، بەڵکو باس ل ەتۆ دەکەم، ئایا خۆت ئامادەکردووە تا بەرپرسیاریەتی مردنی هەزاران کەس بگریتە ئەستۆی خۆت؟".

پێم گوت "شایستەن بمرن".

"بەڵێ کاری خۆمان دەزانین، وەك تۆ هەست بەرەزامەندی دەکەم کاتێك سەردەکەوین، بەڵام دەبێ ئەوە بزانیت چەندین پێویستی رەوشت و ئەخلاق هەیە نابێ لەبیری بکەی، دەبێ بیر لە گیانی ئەمری خۆت بکەیتەوە، لەپێشتریشدا چەندین ئۆپراسیۆنی دیکەمان کردووە، کەسانێك ژیانی خۆیان لەدەست دا، بەڵام هیچ کامیان وەك ئەمجارەیان نییە، پێویستە بۆ چەند ساتێك بوەستیت و رابمێنیت و نوێژ بکەیت، هەروا پیاوانیشت پێویستیان بەوەیە، هەموومان پێویستیمان بەوەیە".

با کارەکە بۆ جۆن بەجێ بهێڵین کاتێك ئەم ئاراستە سەرەکییە دەخاتە روو، تەنیا کەسایەتی و پیاوانی باش پێویستی بەوە هەیە، زۆر بەکەمیش ئەوە دەزانین، ئەو جێگر و هاوڕێمە هەروا کەسێکە بابەتە رەوەشتییەکانم زوو بیر دەهێنێتەوە.

"بەڵێ تۆ راست دەکەی".

دەرگەمان بۆ چەند خولەکێك داخست، نوێژمان کرد، جەنگێك چاوەڕێمانە، بەڵام ئێستا ماوەیەکی جیاکەرەوەیە ئەگەر خودا لەتەك ئێمەدا بێ، ئەمەش رزگاریمانە، ئێمە لەنزیك ئەوەین هەزاران کەس لە دوژمنەکان بنێرن بۆ دۆزەخ، ناشمەوێ لەوێدا بیان بینم.

ئەو چەند وشەیەی جۆن بوو بەسەرچاوە بۆ خوێندن بۆیە لە سالانی رابردوو کاتێك وانەم لە زانکۆکان بە قوتابیان گوتەوە یان بە راهێنەرانی سی ئای ئەی و سەربازەکان رادەگەیەنم، لەگەڵ ئەوەی بۆچوونێکی لاهوتی نییە، بەڵکو نموونەیەکە لە کاری جەنگ، پێویستە خۆت بناسیت، هەر کاتێك خۆت و تیم و وڵاتەکەت ناسی ئەوا باشترە، بەو شێوەیە بەباشی دەتوانیت هاوڕێ و دوژمن دیاری بکەیت لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا، هاوکات سن —تزوش ئەوەی دەزانی.

لەپێشتردا ئەو جۆرە نموونە هەڵچوونانەم دەزانی، کە گەدەت گەمارۆ دەدا، لە هەستم ماوە ئەمە زۆر بەهێزترە لە هەموو ئەو وانانەی لە هۆڵ و پۆلی زانکۆکان دەیخوێنین یان ئەو وشانەی لەلاپەڕەیەکدایە، من رێنوێنییەکانی گەورە پیاوان وەرگرتبوو، کەچی کاتێك پراکتیکی دەکەیت مانای گەلێك زیاترە، نموونەکانیشم زۆر قورس بوونە، من زۆری نەماوە شتی زیاتر فێر ببم.

ئەو کاتە لە نووسینگە بووم کاتێك عەقید کلارك سەری لە دەرگاوە هێنا ژوورەوە و پەنجەی بۆ سەرەوە بەرز کردەوە، ئێستا بۆمبەکانی ئەمریکی ئاسمانی ئەفغانی گرتۆتەوە، فڕۆکەوانەکانیش زۆر بەوردی پشت بە ئاراستەکانی هەواڵگرییەکان دەکەن، تا جبەخانەکانیان لە دوژمنێکی نەزان بەتاڵ بکەن، دوژمنەکان بێ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن، خۆیان وەك دڕندە نیشان دەدەن.

بەشی دەیەم

ئۆپراسیۆنەکان لە ئەفغانستان

ناکرێ دە لەسەدی ئەوانەی بۆمان دەنێرن هەموویان لێرە بن، هەشتا لەسەدا تەنیا ئامانجن، هەروا نۆ لە جەنگاوەرەکان لەگەڵمانن، چونکە ئەوانە بۆ شەڕ هاتوونەتە کایەوە، ئای، باشە ئەی سەبارەت بە یەکێك کە ماوە؟ ئەو جەنگاوەرە، ئەو ئەوانی دیکە دەهێنێتەوە.

وتەی کەسێکی نەناسراوە، کەچی بۆ هێرکلیتس نووسراوە.

هێرشی ئاسمانی زۆر وێرانکەر بوو، فڕۆکەوانە ئەمریکییەکان لە نێوەندی سێ ڕۆژدا واتە لە حەوتی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ لە زۆربەی ئامانجەکانی قاعیـدە و تالیبانیان دا، لەنێو ئەو ئامانجانەشدا لە سیستەمی کۆنی بـەرگریی ئاسمانیانـدا، هاوکات هەموو مۆڵگەکانی دوژمن و بنکەی سەرکردایەتی و وێستگە و قـەڵاکان بوونە وێرانەیەك، زۆربەی یەکەکانی پێشەوەی دوژمن بەتەواوی لەناوبرا، زیاتریش بەچڕی جەختمان لـە بنکـەی سـەرکردایەتی و جـەنگاوەرە بیانییـەکانی دوژمـن دەکردەوە، ئەوان سەختییەکی زۆریان بینی.

لە ڕۆژی چـوارەمدا پنتـاگۆن نـاڕازی بـوو لـەوەی هـیچ شـوێنێك نییـە تـا بۆمبارانی بکەن، بۆیە داوایان کرد بەچڕی کاری هەواڵگری زیاد بکەن تا ئامـانجی ئاسایی بگرێتـەوە، ئێمـەش ئـەوەمان ڕوونکـردەوە ئـەمکارە مەحاڵـە، چـونکە هەمووی وێران کراوە، ئەمەش وای کرد وەزارەتی بـەرگری بیانـەوێ مقۆمقۆمـان لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەمەش بنکەی سەرکردایەتی ناوەندی و سەرکردایەتی هاوشـی ئۆپراسیۆنی تایبەت خۆیان لەگەڵ ئەو حاڵەتە بگونجێنن، سـەرکردەکانی پنتـاگۆن هەردەم نموونەی شەڕەکانیان دەهێنایەوە لـەنێوان دوو دەوڵەتـدا، ئـەوان تـەنیا وا سەیری سەیری سەرکەوتنیان دەکـرد، تـەنیا ئامانجـەکان وێـران بکـەن، هـەردەم لەنێوەندی گواستنەوەی جوگرافی گۆڕەپانی جەنگدا دەگەڕان، ئەوان نەیان دەزانـی بنکەی گواستنەوە تەنیا لە هەستونەستی ئەفغانییەکانە.

چوار هۆ هەبوو بۆ ئەو هەڵمەتە خێراییەی ئاسمانی، یەکـەمیان دیـاریکردنی ئامانجە ئاساییەکان، چونکە ئەفغانستان لەنێو وڵاتانـدا پاشـکەوتووترین وڵاتـە، کەچی سیستەمی بەرگری هەیە بەڵام پێشکەوتوو نییە، کاتێك هێرشکرا ژێرخانی

هەموو ئەفغانستان وێران بوو. دووەم سیستەمی بەرگری ئاسمانی دوژمن زۆر کۆن بوو و شایەنی ئەوە نەبوو ببێتە هەڕەشە. سێیەم هەڵمەتی ئاسمانی ئەمریکی وردترین هێرش بوو لە مێژووی جەنگەکاندا ئەمەش بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کارابیەکان. چوارەم خاڵیش فرۆکەوانەکان زۆر بەوردی ئامانجاکانیان دەزانی، هەموو ئەمانەش بە هۆی هەواڵگرییەوە بوو، چونکە ئێمە نەخشەی سیحریان کێشا بۆ سیستەمی زانیاری جوگرافی، ئامانجەکان ئەو یەکە و پێکهاتانەی دوژمن بوون لە بەرەی پێشەوە دابوون بەتایبەتی بەدرێژایی دەشتەکانی باکوور، جگە لە مۆڵگەکانی تالیبان لە قووڵایی شاری قەندەهاردا، هەموو کارە هەواڵگرییەکان بە هۆی لێزەرەوە دەستنیشان کرا، بەمەش ئاستی ئاسمانی و زەوی باش بوو.

هاوپەیمانە خێڵەکانی ئەفغانستان و سیخوڕە تاکلایەنەکان رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجەکان، بەمەش لە هەموو لایەکی وڵاتەوە ئامانجەکانیان دیاری کردبوو، زۆرجاریش لەنێو سەربازگەکانی دوژمندا، ئەوە جگە لەوەی چەند لایەنێکی هونەری خراپ بوون لە هەوڵی هەموو هەواڵگرەکان، پێیان وابوو ئەو ئامێرانەی بەدەست ئەفغانییەکان بوو بەراستی بەکاری ناهێنن، چونکە وێنە و راپۆرتی هەموو شتێکیان دەنارد، ئەمەش تێکەڵییەك بوو لەنێو داتاکان، زۆربەی داتاکانیش پێویست نەبوون کاتێك دیاریان کردبوو سیستەمی شوێنەکان، پەنامان بردەبەر ئەو تەکنیکارانەی سیستەمەکانیان هەموار دەکردەوە، تا سیخوڕەکانمان نەتوانن پل بەهیچ دوگمەیەك دابگرن تا سیستەمی جوگرافیای شوێن داتای جوگرافی ئەو شوێنە بەوردی تۆمار بکات، بەشێوەیەك شوێنی دوژمن جیا بکرێتەوە تا بۆمباران بکرێ، ئەمە سەرکەوتوو بوو، کاتێك سیخوڕ دەچووە ناون دوژمن تەنیا یەك دوگمەی دادەگرت و داتا جوگرافیەکانی تۆمار

دەکرد، دواتر دەچووە شوێنی ئەفسەری سی ئای ئەی تا داتاکان بچەسپێنن و بدرێ بە سیاسەتمەداران لەپاشاندا بدرێ بەو فڕۆکەوانانەی مووشەکەکان دەهاوێژن.

ئەو هێزە تایبەتەی کە پەیوەندی بەسی ئای ئەیەوە کرد ئامارەکانی لێزەری دادەنا بۆ زیاتر ڕووناککردنەوەی درێژایی بەرەی جەنگ، هەروا چاودێرە پێشکەوتووەکان بەراستەوخۆیی پەیوەندییان بە هێزەکانی تایبەت دەکرد تا بتوانن هێرشی ئاسمانی دەست پێ بکەن، هاوکات بریداتۆر کە ئامێری لێزەری بۆ دانرابوو بۆ ڕووناککردنەوەی شوێنەکان هەموو بۆمبارانەکانی بە ڤیدیۆ گرتبوو ئێمەش بۆ هەواڵگریەکان ناردمان بەتایبەتیش بۆ کرپارە سیاسییەکان، کەچی ئەوان دەیانویست هەواڵگری بەهێزتر بێ و زانیاری زیاتر بدەن. هەموویان دەیان ویست هەر لە سەرۆکەوە تا سەربازەکانی نزیك هێرات تا دەگاتە باڵیۆزی ئەمریکی لە ئیسلام ئاباد، هەواڵگری زیاتریان دەویست هەر لە هێرشە تەکتیکییەکانەوە تا دەگاتە یاری سیاسییە ستراتیژییە بچووکەکان.

بریداتۆر ڕۆڵێکی زۆر خێرای بینی لەنێوەندی هەموو هێرشەکاندا، ئەمەو توانیمان تەکتیکی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان باشتر بکەین، بەپێی ئەوەی پێویستمانە، لەلایەکی دیکەوە بنکەی سەرکرداتیمان لەم ڕۆژانە دەست دەکات بە هێرشی مووشەکی، ئەمەش هەمووی بە هۆی بریداتۆر، کە لە سەردەمی سۆفیەتدا توانی بووی زۆر کار بکات، واتە لە حەفتاکانەوە تا ئێستا، ئێستاش ڕادارەکانی تاڵیبان کە زۆر کۆنن، ناتوانن ببینن.

من و ماسی لەگەڵ تیمی بریداتۆر لە بنکەی سەرکردایەتی سەیری شاشە ڕووناکەکەمان دەکرد، کەچی نزیکەی ٢٥ کەسمان لە خۆمان کۆکردبۆوە، بەشێکیان وەك خواستراو لە ئاژانسەکانی حکومی، زیاتریش باسیان لە

شیکردنەوەکان دەکرد، هەروا جەختیان لە وردی هەواڵگری دەکردەوە کە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەم کارەدا، چەندین بابەتیان خستە روو و هەموو سەرچاوەکانیان باس کرد، تا بیدەن بە تیمی برایداۆر، من و جۆن چاودێریمان دەکردن، ئێمەش بەدوای هەلێکی نوێدا دەگەڕێن.

چاودێری رادارەکانمان دەکرد، لەو کاتەی دەسوڕا.

یەکێك لە شیکەرەوەکان گوتی "ئەوە دەیەوێ روو لە باڵندەکەمان بکات".

یەکێك لە سەرۆکی تیمەکانیش هەڵیدایەوە و گوتی" دەبێ بەسیخوڕی خۆمان بشارینەوە دەنا دەیهێننە خواروە".

گوتم : "نا چاودێری بکەن".

"گەورەم فرۆکەکەیەکی مێگ لە شوێنی خۆی، لە فرۆکەخانەی ئەو نزیکانە، دەیەوێ بفڕێ".

دووبارەم کردەوە "چاودێری بکەن".

چاودێری مێگەکەمان کرد کە بەخێرایی بەرەو ئاسمان دەفڕێ و بەرز دەبێتەوە.

یەکێك گوتی "ئەی ئەگەر ئێمەیان هێنا خوارەوە؟".

یەکسەر رێنماییەکانی خۆم دا بە هەواڵگری، تا فرۆکەیەك هەڵبسێنێ، کە بەهاکەی زۆر زۆرترە لە فرۆکەکە بێ فرۆکەوانەکەمان، بەو شێوەیە راستەوخۆ لەسەرووییەوە فڕی.

چاودێری ڕادارەکەمان تا ئەو کاتە دەسوڕێ و دەنگی چریکە چریکەی دێ، کە دەیویست لە بریداتۆر نزیك بێتەوە، لەم کاتەدا فرۆکەی دوژمن زۆر بەخێرایی تێپەڕی بەبێ ئەوەی ڕێگە بدات فرۆکەی ئێمە ڕێگری بێ، جارێکی دیکە هەوڵیدایەوە و هەڵەی کرد، بە هۆی کۆنی فرۆکەکەی نەیتوانی بەدوای فرۆکەی ئێمەوە بێ، بینیمان دوژمن چۆن رووخاوە و دەیەوێ وەڵاممان بداتەوە، لەمەوەش هەموو ئەو ڤیدیۆیانەمان تۆمار کرد کاتێك بریداتۆر و ڕادار و بنکەی سەرکردایەتی و فرۆکەوانەکەی میگ چی دەکات، بەراستی هەواڵگرییەکانمان شاکارن.

گوتم " کارێکی چاکتان کرد، هەموو شتەکانم بۆ بنێرن تا بیدەین بە کرپارە سەربازەکان".

لەدواتردا ماسی گوتی :" دەزانی هیچ فرۆکەوانێك ناتوانێ ئەمە بکات".

لێم پرسی "چی بکات".

"سوڕانی ڕادارەکە، ئەمەش ترسناکییە بۆ فرۆکەکەمان".

"ئەمە سوودی بۆ ئەوە هەیە، بۆ جاری یەکەم بەکاری دەهێنین، ئێمە نازانین چی لەمە باشترە".

ئەمە بۆ جاری یەکەم فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوان تا سیستەمی تۆمارکردن بەدەستبێنێ بۆ بەرپەرچدانەوە، هیچ کاتێك پلان بۆ ئەوە دانەنرابوو، تەنیاش بۆ قۆزتنەوەی هەلی کۆکردنەوەی هەواڵگری بەکارمان هێنا.

بە هۆی بریداتۆر توانیمان پشت بە وزەی جولە ببەستین، تا بە هەموو جۆرێك بزانین کاردانەوی دوژمن چییە، لە ڕێگەی ئەمەوە توانیمان مووشەکی هلفایەر

بهاوێژین بۆ سەر ئۆتۆمبیلێکی پێك ئاپ یان جەنگاوەرێکی دوژمن دەست نیشان بکەین لێی دەین، بەمەش بریداتۆر توانی وەك بنکەیەکی بێ چەك ببێتە بنکەیەك بۆ هەموو هەواڵگرییەکانمان.

ئێوارەی بیست تشرینی یەکەم فرۆکەی بریداتۆری بێ چەك بفڕێنین بەسەر باشووری ئەفغانستاندا، چاودێری فرۆکەکەم کرد کە بێ فرۆکەوانە، کاتێکیش فرۆکەکە دابەزی لەناوەڕاستی ناوچەی تاڵیبان بوو، ئەمەش هەنگاوێکی بوێرانە بوو، هاوکات لەو کاتەدا بەرگریەکی کەمیان مابوو، بۆیە من و سوویا ڤیدیۆیەکەمان بینی.

لەلایەکی دیکەوە تیمێك لە سەرکردایەتیی هاوبەشی ئۆپراسیۆنی تایبەت بەشێوەیەکی هاوسەنگ دەستان بە جوولە کرد، کاتێك لەناو هەلیکۆپتەری تشینۆك ئی ئێچ ٤٧ دابوون، هەروا لە باکووریشەوە هەڵگری فرۆکەکان کیتی هۆك لە زەریای هیندی بوون و ئێستا بیابانی بڕی بەرەو قەندەهار دێ، لەم کاتەدا سەرکردایەتی ناوەندی بەو پێیەی باڵی تاکلایەنی شاراوەیە یان باڵی ئۆپراسیۆنە رەشەکانە، هێرشی کردە سەر بارەگای مەلا عومەری سەرکردەی تاڵیبان، کەچی هەواڵگرییەکانمان ئاماژەیان بەوە دا مەلا عومەر لەو شوێنەدا نییە، لەوانەیە چەند سەرکردەیەکی دیکەی تاڵیبان لەوێدا بن، هەرچۆنێك ئەمە لێدانێکی تووند دژ بە دوژمن.

هاوکات بۆ جارێکی دیکە بریداتۆر لەپێش فرۆکەکانی تیشۆك فڕی، کە کۆماندۆسی تیادا بوو، یەکێك لە شیکەرەوەکان ئەوەی ئاشکرا کرد کە یەکێك لە فرۆکەکانمان لەسەرووی چیایەکی بەرزدایە، هەروا لەو شوێنەدا چەکێکی دوور هاوێژی سۆفیەتی تەقە دەکات و لە دوو لوولەوە ئاگر بارانی ئەو ناوچەیەی کردووە

و کاراشــە دژ بــە فرۆکــەکان بەتایبــەتی ئــەو فرۆکانــەی لەنزمیــدان، هــەموو زانیارییەکانمان ئاراستەی ســەرکردایەتیی هاوبەشــی ئۆپراســیۆنە تایبەتییــەکان و تیمی کۆماندۆس کرد، کە چەند خولەکێك لەو شوێنەوە دوورن.

یەکێك لە ئەفسەرانی پەیوەندی گوتی "لەناوی بەرن"

من لەبەرامبەر شاشەکەدا بووم، لەو کاتەدا مووشــەکێکی هلفایــەر لەســەر بەردێکی گەورەی نزیك ئەمانجەکە تەقیــەوە، ئــەم هاوێشــتنەش هەڵەیــەك بــوو، چونکە دەمان ویست لە خودی ئامانجە بدات.

نەفرەت، کەسێك بەچرپەوە وای گوت، لەپاشاندا هەمووان بێــدەنگ بــووین، ئەگەر ئەمە لەناو نەبەین ئەوا هێرشبەرانی ئاسمانی دەبێ کارێــك بکــەن، کاتێــك سەیری شاشەکەم دەکرد ئەوەم زانی ئەمەو فرۆکەکان ڕێڕەوی خۆیان گۆڕی، بــەڵام لەوانەیە بەرامبەر ترسناکی ببنەوە و ڕێگری بکات لە کاتەکانیان.

ئەو ڤیدیۆیەم بینی کاتێك بریداتۆر پەخشی دەکرد، کاتێك هلفایەر بەهێمنی لە تۆپە دوورهاوێژەکە دەدا، لەو کاتەی مووشەکێکی دیکەی هلفایەر ئامانجەکەی پێ کا، ئەمەش بووە هــۆی ئــەوەی تەقینەوەیــەکی گــەورە بێتەکایــەوە، هەرچــی جبەخانەی ٢٣ ملیم هەبوو تەقییەوە.

بریــداتۆر بەراســتی شــاکار بــوو چــونکە هــەموو ڕووبەڕووبوونــەوەکانی بەشــێوەیەکی تــەکیکی نیشــان دەدایــن، لــەم تەکنەلۆژیایــەش گــرنگتر تیمــی هەواڵگریان بوو کە ئەمەی داهێناوە، ئەگــەر ئــەوان نــەبوون ئــەو فرۆکەیــە بــێ فرۆکەوانە تەنیا لە شوێنێکدا بۆگەنی دەکرد.

سەیری هۆڵەکەم کرد کە دەیان کارمەند و تەکنیکار و شیکەرەوە بە جۆشوخرۆش، بەشێوەیەك ژنان و پیاوانی مەدەنی و سەربازی لە ئێستادا وەرچەرخان بە جەنگەکە دەکەن.

ئەو هەواڵە خۆشەمان بە سەرکردایەتی هاوبەشی ئۆپراسیۆنی تایبەت راگەیاند، لەپاش چەند خولەکێك لە تەقینەوەی تۆپ هاوێژەکە هەموو هێرشبەران بەرەو مۆڵگەی مەلا عومەر دەڕۆن، ئەو شوێنە هیچ بەرگرییەکی تیادا نەما، هیچ هەواڵگرییەکی بەهاداریان پێ نەگەیشت، بەڵام کاتێك ڤیدیۆیە لە هەموو جیهان پەخشکرا و بینیان کۆماندۆسەکان بەرەو قەندەهار و بارەگای مەلا عومەر دەڕۆن، ئەمە بووە شۆك لەلای تالیبان، زۆر بەوە تێکچوون کاتێك سەربازی ئەمریکی دەیەوێ بەو خێراییە بچێتە ناو شوێنی داڵدەکەیان، لەمەوەش تالیبانییەکان پرسیاری ئەوەیان دەکرد: هاوپەیمانەکانیان چیان لە قاعیدە کردووە؟ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دواتردا چی دەکەن؟ کەی و لەکوێ؟

ترسناکییەکانی دوژمن زیاتر دەبوو کاتێك پشتگیری هەواڵگریمان زیاتر دەبوو لەتەك کاری شاراوەی سەرکردایەتی هاوبەشی ئۆپرۆاسیۆنی تایبەت، زۆری نەبرد کۆمانۆس چەندین ئۆپراسیۆنی ئەنجام دا بەبێ ئەوەی هەڕەشەیان لەسەر بێ.

لە زۆربەی سەرچاوە هەواڵگرییە مرۆییەکان زانیمان، کە زۆرێك لە ئەفغانییەکان پێشوازیان بە هێرشە وردەکان کردووە بۆ سەر جەنگاوەرە بیانییەکان، بەبێ ئەوەی زیانی بەلایەکانی دیکە بکەوێت، پێیان وابوو هێرشی ئەمریکی هێزێکی داپڵۆسەر نییە بەرامبەر بەوان، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەلایەن داگیرکاری سۆفیەتییەوە زوڵمیان زۆر لێ کراوە و لەپاشاندا تووشی جەنگی ناوخۆیی هاتوون، لە کاتێکدا ئێستا بینیان بەخێرایی و بەشاراوەیی مووشەکباران

کراون، بۆ ئەمەش زۆرێك لە ئەفغانییەکان پێیان وایە ئەمریکییەکان هاوپەیمانێکن جێگەی متمانەن، چونکە ئێمە ئەوانە لەناو دەبەین کە بیانیین و لەگەڵ تالیبانـدا دەژین، هاوکات هیچ جۆرە بریندار و کوشتنێك لەنێوەندی مەدەنییەکانـدا بـوونی نەبوو، بێگومان ئەفغانییەکان سـەبارەت بـە فرۆکـەی بریـداتۆری بـێ فرۆکـەوان شتێکیان نەزانیووە، هەروا سەبارەت بە سیستەمی دانانی بۆمب نـەیان زانیـووە، جگە لەو جبەخانانەی بە لیزەر ئاراستە دەکرێن، بۆ ئەمەش هەر کاتێك ویلایەتـە یەکگرتووەکان ویستی ئۆتۆمبێلێکی پڕ لەجەنگاوەری قاعیدە دەتەقێنێتەوە.

هەوڵمان دەدا کارەکانمان باشـتر بکـەین، لـەپاش شـیکردنەوە ئـەوەمان پـێ ڕاگەیەندرا کە هەندێك لەو جەنگاوەرانە لەناو پیـك ئەپەکـە دابـوون، بەشـێکیان ڕزگاریان بووە، لە شاشە دەمان بینی زۆربەیان بریندارن و خۆیان دوور دەخەنـەوە، ئەمەش لەلای ئێمە پەسەند نییە، ئێمە دەمان ویست چالاکتر بین کاتێك ئامانجێك دەکەینە خاڵی لێدانەکانمان.

داوای یارمەتیمان لە خانەنشینەکان کرد بەتایبـەتیش لـە تشـاك بـوم بـوم، یەکسەر زانی گرفتەکەمان چییە، بەخێرایی گەڕایەوە وێنەی داتایـەکی پـێ بـوو، ئەمەو دیزاینییەکە زۆر جوان و ساکار بوو، بۆ ئەمـەش وێنـەی سـەرە کانزایـەکی نیشاندایین بە قەبارەی چارەگە دۆلارێك کە لەسەر سەرە بۆمبـەکان دەخـزی، ئـەم هەموارکردنە بەخێرایی و ئاسان ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەمەش بوم بـوم باسـی زیـاتر کاراکردنی ٢٥ لەسەدا کرد، بەمـەش دەتوانـدرێ تیشـەکە کوشـتن لەوانەیـە ٢٥ لەسەر زیاتر بکرێ.

بۆ ماوەی هەفتەیەك توانیمان سەرە کارایی لەسەر بۆمبەکان دابنێین، چـەند لێدانێکمان شیکردەوە و بینیمان قسەی بوم بوم تەواوە و کەس ڕزگاری نەبووە.

چەکەکانمان بەوە جیا دەکرایەوە کە خەرجییەکانی کەمە و جێگەی سەرنج نییەو، بەتایبەتی کاتێك هەواڵگریمان شتێکی نوێ ئاشکرا دەکات و ئێمەش لە ئامانجە چەسپاوەکانمان دەدا بەڵام بەهایەکی زۆری هەبوو، بۆیە جەنگ وەك پێشتر نییە.

لەبڵاوبوونەوەدا

هەڵمەتە ئاسمانییەکە زۆر بەراستی جێگەی خۆی گرت، بۆ ئەمەش ئۆپرۆاسیۆنە مەیدانییەکان بەهێمنی بەڕێوە دەچوو، من پێویستم بەوە بوو سەردانی ئەفغانستان بکەم تا راوێژ لەگەڵ هاوپەیمانە ئەفغانییەکان بکەم.

شەش هەفتەی بەسەرچووە شرۆن لە پنچشیرە، ئەو ئێستا بنەمای هێرشێك بۆ سەر کابوول و ناوچەکانی دەوروبەری دادەنێ، هەروا هێزەکانی بەرەی یەکگرتوو لە باشوور هاوبەشن بۆ چوونە ناو قندۆز لە رێگەی چیاکانی رۆژهەڵاتەوە، ئەمەو تیمەکەی ئامادەکردووە، ئەو تیمەش ناوی نراوە شکێنەری سەرەکان، تا رێگە خۆش بکەن بەرامبەر تیمی بژاردەی هێزی تایبەتی ئەمریکی کە ژمارەکەی ٥٥٥، کە ناونراوە بە سێ شکێنەرەکە، هەروا پیاوانی تیمی پێنجەم لە بنکەی کارشیخان ئاباد و لە قووڵایی پنچشیر، هەردوو تیمەکە ئێستا زیاتر بەچڕی وەکە تیمی گەڕان لە دەوروبەری دەشتەکانی باکوورن.

تیمی شکێنەری سەرەکان پێویستیان بە جبەخانەی سی ئای ئەی هەیە، هەروا شێوەی فەرماندەیی بگۆڕن، بۆ ئەوەش شرۆن پێکهاتەیەکی دانا وەك دانانی ئەفسەری ئۆپۆاسیۆنی کە شارەزا بێ لە باشووری ئاسیا، ئەمەش تاکە بژاردەیەکە تا ئەو یەکەم کەس بێ بچێتە ناو ئەفغانستان لە پاش ١١-٩، دیارە بۆ تێگەیشتن

لە ڕێگەکە پێویستیان بە یارمەتیی سی ئای ئەی هەیە. لەم ڕووەوە هاوکاریان کردین تا هەڵمەتەکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان دەست پێ بکەن. یارمەتیی سی ئای ئەی کە من یەکێك بووم لەوان، متمانە و پێشبینی ئەوەمان دەکرد تاڵیبان بڕووخێت، ئەگەر هاتوو بە هەماهەنگی هێرشی ئاسمانی چڕ هێرش بەرین، لە پیادەشدا هێزی بەرەی یەکگرتوو هەنگاو بهاوێن، بۆ ئەمەش شرۆم هانی هاوپەیمانە ئەفغانییەکانی دەدا، هەروا کاری بۆ چارەسەرکردنی هەموو ترسەکانیان کرد، وەك فەهیم و زۆری دیکەی سەرکردەکانی بەرەی یەکگرتوو کە بەهێمنی لەتەك هەموو تیمەکانی سی ئای ئەی و هێزی تایبەت مامەڵە بکەن، کە لە ڕێگەی پنچشیرەوە هاتوونەتە نێو ئەفغانستان، چونکە ئەوەی دەبیندرێ بەرەی یەکگرتوو وەك کیانێك مامەڵەی دەکرد واتە دەوڵەتێکی نەتەوەیی، دەبوایە ڕازی بوایە لە هەر چوونەژوورێك، دەیان ویست بنکەکانیان لەپنچشیر وەك خاڵی پشکنین و سنووری لێ بکەن، کاتێك لە هەر جێیەك بمان ویستبایە بڵاوە بکەین، ئەم هەوڵەشیان پڕوپووچە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان.

شرۆن لە پەیوەندییەکدا ئەمەی پێ ڕاگەیاندم، منیش پێم گوت نابی بوار بەم شتە بدرێ چونکە هیچ مانایەکی نییە لەرووی کردەیی و لوجیستی و سیاسی، شرۆن ئەمەی دەزانی، بەڵام ئەمە هاوپەیمانەکان دڵخۆش ناکات، دەکرێ ئەم بابە زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بەڵام ئەوان دەیانەوێ چی بکەن؟ ئایا داوامان لێ دەکەن نەچینە ژوورەوە؟ ئایا دەیانەوێ بمان وەستێنن؟ ئەوان چەندین ساڵە لەگەڵ تاڵیبان دەجەنگن، ئێستاش کاتی هاتووە تا سەرکەوتن بەدەست بێنن، لەمەوەش زانیم هاوپەیمانەکانمان دەیانەوێ دەستیان بە هەموو شتێك بگات، بەڵام ئەم هەواڵدانە تەنیا گەمژەیەکی پەسەندکراوە، لەگەڵ شرۆن بۆچوونەکانمان ئاڵوگۆڕ

کرد، ئەویش لە ڕێگەی خۆیەوە زۆر بەرپێزەوە بۆ هاوپەیمانـەکانمانی شـی کـردەوە، وەك ئەوەی پێویست بوو.

ئێستا ئێمە پێویستیمان بە برنتسن هەیە تا بەگیانێکی سەگانە بجەنگێ، ئەو سەرکردایەتی شکێنەری سەرەکان دەکات، دەم ویست سەرکردایەتیمان بکـات بـۆ کابوول و دوورتر، ئەو کاتەی برنتس دەچـێتە نـاو هاوپەیمانـە ئەفغانییـەکان ئـەو ناوەستێ.

تیمی ئەلفا لەو کاتەدا لە باشووری مەزار شەریفدا بوو، هاوکات پێویستی بە چەند ئەفسەرێکی سی ئای ئەی و کەسانی دیکە بوو، ئەوە جگە لە تیمـی هێـزی تایبەت، چونکە لەم چەندە هەفتەی رابردوودا بە هۆی سەرماسـۆڵەوە رێگـەکانمان گیرا بوو، رامسفێڵد بەمە شێت بوو، لە کاتێکدا پیاوانی سی ئای ئەی لە مەیدانن بەبێ پیاوانی ئەو، ئەمەم لە هاورێیەکانم زانی کە لەتامبا بوو، بەوەی رامسـفێڵد پەیوەندی بە سەرۆکی کۆمەڵەی پێنجەم کرد کە لـەنێو هێـزی تایبـەت بـوون لـە ئۆزپاکستان، هەروا پەیوەندی بە جۆن موهۆند کرد تا ئاگاداری بکاتەوە کـە ئـەو بەرپرسە لە حاڵەتی کەشەکە.

لەپاش مانگێك لە بوونم لە بارەگای سەرکردایەتی سی ئای ئەی تا سەیرێکی بڵاوبوونەوەکە بکەم، هەروا پێویستم بەوە بـوو تـا کۆبوونـەوە لەگـەڵ هاوپەیمانـە ئەفغانییەکان بکەم، هەروا پیاوانمان لەسەر زەوی ببینم، هەروا بیرم لەوە دەکردەوە بە ماوەی سێ ساڵ چۆن قاعیدە لە ئەفغانستان دەڕوخێ.

جەنەرال فرانکس پلانی دانا بۆ گەشتێك تا چاوی بکـەوێ بـە سـەرکردەکانی بەرەی یەکگرتوو بەتایبەتیش جەنەرال محەمەد فەهیم لە دوشـەنبێی تاجیکسـتان، هەردووکمان رێگە باشـەکانمان هەڵبـژارد تـا لەگـەڵ ئەفغانییـەکان چـۆن بتـوانین

ئامانجەکانمان بپێکین، پێم ڕاگەیاند من پێویستە بچمە ناو ئەفغانستان، هەروا لە کۆبوونەوەکەدا لەگەڵ فەهیم باسم لەوە کرد کە ئێمە هەواڵگری و پارە و وەرگێڕ بۆ کۆبوونەوەکە دەهێنین، هەروا سەرکردایەتی ناوەندی شتەکانی دیکە بهێنێ، وەك ئامرازی گواستنەوەم بۆ ئەفغانستان.

جەنەراڵ فرانکس داوای لە یەکێك لە پیاوە گەورەکانی ئەرکان کرد تا یاوەری بێ بۆ ئەفغانستان، منیش جەنەراڵ گاری هاریلم دەستنیشان کرد، کە لە ساڵی رابردوودا لە یەمەن کارم لەگەڵ کردووە، بۆ ئەمەش فرانکس ئەمیراڵ برت کالاندی دەستنیشان کرد ئەو یەکێکە لە بەرزترین پیاوانی مغاویری دەریایی و لە هەمووان پلەی بەرزترە، تەنیا جارێکی دیکە بینیوومە ئەو کاتەی سەردانی تامبام کرد، ئەوەش سەلماندی ئەم دەسنیشانکردنە زۆر باشە.

پێویستمان بە تیمی برنتس و جبەخانە و تیمی شکێنەری سەر و تیمی ئەلفا بوو، باشترین ڕێگەش بەکارهێنانی فرۆکەی گۆلفستریم کە تا دۆشنبێ دەمانبا.

سیندی بە ئۆتۆمبیلەکەی منی بردە فرۆکەخانە، تا ئەو شوێنەی تیایدا سواری فرۆکە تایبەتییەکە بووین، فرمێسکی لە چاوانی قەتیس مابوو و نەیدەزانی چی بڵێت تەنیا باوەشی پیاکردم و ماچی کردم، پێم ڕاگەیاند دوو هەفتەم پێ دەچێ، لەپێشتریشدا بە کوڕەکانم گوت من دەچمە ئەفغانستان، ئێستا هەموویان چوونەتەوە قوتابخانە دوای ئەوەی بەخێرایی لەدەرەوەدا گەڕاینەوە، دەم ویست ئەوەیان لێ بشارمەوە، بەڵام ئەوان لە کۆتاییدا زیرەکن، بینیان جلوبەرگەکانم کۆدەکەمەوە تا بچمە سەرووی چیایە بەرزەکان، پیم ڕاگەیاندن پێویستە لەگەڵ کێشەکانتان مامەڵە بکەن، هەروا باسی هیچ نەکەن چونکە پێویستە نهێنییەکان بپارێزن وەك بوونی ئاسایشێك، باسیش لەوە بکەنەوە کە بۆ

جارێکی دیکە داماندەمەزرێنن لە یەکێك لەوڵاتەکان، سیندی بینی کاتێـك دوور دەکەوتەوە، هەستم بەوە کرد کە ژنێکی بەهێزە و منیش ئەوم خۆش دەوێ.

چوومە لای پیاوەکانی سی ئای ئەی کە هەموویان لەسەر پلیکانەکـە کۆبـوو بوونەوە، هەموو شتەکان باش بوو تەنیا دوو گەنج نەبێ چـۆرێك لـە دڵـەڕاوکێیان پێوە دیار بوو، یەکەمیان وای کرد دڵەراوکێ لای ئەوی دیکە زیاتر بـێ، ئەمـەش شتێکی ئاساییە چونکە ئەمانە هێزێکی نیمچە سـەربازین و سـەر بـە سـی ئـای ئەین، هەردەم شانازی بەوە دەکەن کە گوێ نادەنە هیچ.

لە هەردووکیانم پرسی "گرفت هەیە؟".

"پزیشکەکەمان ئەوەی لە وەزارەتی بەرگری دەرکراوە هاتۆتە نـاو سـی ئـای ئەی بەدرەنگ کەوتووە و چاوەڕێی ڕێپێدانین تا پەیوەندی بکات".

"چ ڕێگەپێدانێك؟ ئەو لەگەڵ سی ئای ئەیە با بڕۆین".

"نەخێر قوربان کارەکە وا ئاسان نییە، پێویسـتە وەزیـر ڕەزامەنـدی لەسـەر دەربڕێ".

"وەزیر، وەزیری بەرگری"، ئەمەم زۆر پێ ناخۆش بوو.

"بەڵێ قوربان، هەرنا نووسینگەکەی دەبێ ڕەزامەند بێ".

"کەواتە تەلەفۆنیان بۆ بکەن".

"قوربان پەیوەنـدیمان کـرد، ئێمـە بـۆ مـاوەی دوو هەفتەیـە کـاری لەسـەر دەکەین".

لەو ماوەیەدا زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا و گفتوگۆیەکی ناخۆشمان ئەنجام دا.

"قوربان، نەمانتوانی ڕەزامەندی وەربگرین".

"پێدەچێ ئێوە گاڵتەم لەگەڵدا دەکەن".

"نەخێر قوربان، نووسینگەی وەزیر ڕێگەپێدانی ڕەت کردەوە تا پەیوەندیمان پێوە بکات".

پرسیم " بۆچی؟"

"نازانم قوربان".

هەموومان پێمان ناخۆش بوو بەتایبەتیش پزیشکەکە، بەڵام نەم دەزانی چی بکەم، بۆیە هەموومان چووینە ناو فڕۆکەکە و پزیشکەکەمان بەجێما.

لە کورسی خۆم دانیشتم و خۆم بەستایەوە، فڕۆکەکە دەستی بە جوولە کرد، لەوێدا پرسیارم لە خۆم کرد خوایە چۆن ئەو شەڕە دەبەینەوە، کە وەزارەتی بەرگری ئەو جۆرە بن، لە هەمووی سەیری ئەو گێلانە زیاتر گرنگی بە پلەکانیان دەدەن، نەك گرنگی بەو پیاوانە بدەن کە لەگۆڕەپانی جەنگدان، مەبەستیش لەمە ئێمە پێویستیمان بە پزیشکێکە.

کاپتنی فڕۆکەکە، فڕۆکەکەی لە هەوایەکی سافی فێرجینیا بەرەو ئاسمان بەرز بۆوە- بەرەو ڕۆژهەڵات و بۆ لای تاجیکستان، وا بیرم دەکردەوە هەرچەند لە واشنتن دوور بکەوینەوە کارەکان ئاسان دەبێ، هەتا ئەگەر ئەفغانستانیش بێ، بەجۆشوخرۆش بووم تا چاوم بکەوێ بە جەنەراڵ فرانکس و هاوڕێیە ئەفغانییەکانی و پیاوانی ئەمریکی لە مەیداندا.

سەیری ناو فڕۆکەکەم کرد هەموو ئەوانەی دانیشتبوون سیخوڕی ناودار بوون و لەشیان وەك وەرزشەوان بەدەردەکەوت و ماسوولکەکانیان بەدەرکەوتبوو لە تەك

ریشە درێژەکانیان، هەموویان خاوەنی کارایی کردەین، هەندێکیان چەند زمانیان دەزانی و قسەیان پێ دەکرد، بەشێکیان هەر خەڵکی وڵات بوون، دوانیش لەوانە مووسڵمان بوون، هەندێکی دیکەیان شارەزایان هەبوو لە کاری شاراوە، هەندێکی دیکەیان چەند شەڕیان بینبوو، بەبێ ئەوەی ئەوانی دیکەیان لەگەڵدا بێ.

هەموویان کابۆی پیسی جینزیان پۆشی بوو، وەك ئەوەی بۆ کار بچن، هاوکات پێڵاوەکانیان بە نرخێکی گران کڕدرابوو، لەتەك گولەبەندی دروستکراو لە جۆری فۆر تکس، سەیری خۆم کرد هەمان جلوبەرگم پۆشیووە، هەموومان وەك ئەوەی ریکلام بۆ جلوبەرگێك بکەین.

دەستمان بە گفتوگۆیەکی هێمن کرد، هیچ کەس خەوی لێ نەکەوت، چونکە دەنگی فرۆکەکە لە بەرزایی چل هەزار پێ هۆیەکە بۆ پشوودان، لەم کاتەدا نە تەلەفۆنێك زەنگی دەهات نە باسی سیاسەتیش دەکرا.

گەشتەکەمان بەسەلامەت دەڕۆیشت، بۆیە لەشم بۆ دواوە برد و سەرەخەوێکم شکاند، وەك ئەوەی لە هەفتەکانی رابردوودا وا بکەم.

کاتێك فرۆکەکە دابەزی، ئێمە دابەزین و رۆنی هاوڕێمان کە گەنجێکی کارایە و زمانی رووسی دەزانێ بەرەو نووسینگەکەی بردین، نووسینگەکەش جێگەی هەندێکمان بۆوە، رووبەرکەی کەمبوو، کەچی نووسینگەکە پاسەوانێکی پتەوی هەبوو، وەکچۆن پارێزەری هەموو پەیوەندییەکانمانە، ئەو گەنجە کار لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری دەکات، هەروا رۆڵی پەیوەندیی لۆجیستی دەبینێ لەنێوان تیمی شکێنەری سەرەکان و تیمەکانی دیکەمان لە باکووری ئەفغانستان.

ئەمە دوا جارە سەردانی دۆشنەبیم کرد، واتە لەپاش ١٨ مانگ، ئەو کات هیچ بوونێکی حکومەتی ئەمریکی لێ نەبوو، من و کۆفر و بن و ریچ زیاتر پاند بووین، چونکە ناکرێ تۆ نەچییە دۆشەنبێ و تەشقەند لە ئۆزباکستان.

لەگەڵ شرۆن بە بێتەل قسەم کرد و پێم راگەیاند کە لەپاش دوو رۆژی دیکەدا کۆبوونەوە لەگەڵ فرانکس و فەهیم، هەروا باسی ئەوەمان کرد ئەم چەند رۆژە بۆمبارانکردن کەمتر دەکەینەوە، چونکە ئێستا لەمبارەیەوە زۆر کارا نین، ئەو جگە لەوەی هاوبەشە ئەفغانییەکانمان هەردەم باسیان لە جبەخانەکان دەکرد تا ئامانجەکان بپێکین، سوورپای خێڵە ئەفغانییەکان دەیان ویست دەست بە شەڕ بکەن، بەڵام نەك بەبێ رووماڵکردنی ئاسمانی.

دۆشەنبێ تا ئەو کاتەش هیچ نەگۆڕابوو تەنیا مۆڵگەیەکی خانوو بوو و لەسەر شێوەی سوفیەتی دروستکرابوو، تەنیا ئەو خەڵکانە تیایدا نیشتەجێ بوو بوون کە بێ ئومێد بوونە و لەلایەن بەرپرسە گەندەڵەکان دەقۆزرێنەوە، هەروا چەتەکانی تلیاك لەنێوخۆیاندا شەڕیان بوو، کاتێك بەرەو پیاسە چووین دوای چەند خانوویەك چایخانەیەکمان دۆزییەوە تیایدا هەندێك نان و چای گەرممان خوارد، هەموو خەڵکەکە سەیری ئێمەیان دەکرد، بەبێ ئەوەی شتێك بڵێن.

دواتر چووینە بارەگاکەمان دوا شت باسی رەهەندە سیاسییەکانمان دەکرد، باسی شتێکمان دەکرد هیچ پەیوەندی بە کارەکەمانەوە نەبوو، چونکە یەکێك لە ترسناکییەکانی کاری هەواڵگری کاتێك تۆ لەشوێنێکی هەڵەدا بیت، یاخود لە کاتێکی هەڵەدابیت، ئەمەش هیچ سوودێکی نییە ئەوا کارێکی گێلانەیە، بۆیە زۆر دوور دەبین لە شەقامەکانی دوشەنبێ.

هەر لەو شەوەدا لەنێو فرۆکەکەی جەنەراڵ فرانکس کۆبووینەوە کـە فرۆکـەی سی -١٧ بوو لەسەر گۆڕەپانی فرۆکەخانەی دۆشەنبێ راوەستابوو، تەوقەم لەگـەڵ جەنەراڵ فەهیم کرد پێشتر نەمبینیبوو، هەروا باوەشم بە عارفی ئەندازیار کرد کە سەرۆکی هەواڵگری بەرەی یەکگرتووە بوو، بۆ مـاوەی دوو سـاڵ لەگـەڵ یـەکتردا کارمان کردووە و بەردەوامیش پەیوەندیمان هەبووە.

ئەمـەو جەنـەراڵ فـرانکس و عـەمیـد کیمـۆنز هـەردووکیان لـە هـەواڵگری سەربازی بوون، هەروا ئەمیراڵ کالاند و عەقید موهولاند بە برنتسم ناساندن، ئەوە لەوەی حەمید کاری وەرگێڕانی دەکرد، ئەویش یەکێك لـە ئەفسـەرە کردەییـەکان بوو.

جەنەراڵ فرانکس کارەکانی گرتە دەست، نەخشەکەمان دانا، ئەمەو جەنـەراڵ ئاماژەی بەو شوێنەدا تا هێزی ئاسمانی ئاراستەی بکرێ، داوا لـە فـەهیم کـرا تـا باس لەو ناوچانە بکات، تا بزانین یەکەمجار هێرش بکەینە کوێ؟ پێ دەچوو فەهیم جەختی لەوە دەکردەوە هێزی ئاسمانی لە هەموو شوێنێك بدات، ئـەمـەش مەحاڵـە، بەو شێوەیە قسە دەکرا و وەڵام دەدرایەوە، هەروا جەنەراڵ فرانکس باسی لەوە کرد کە پێشتگیری لە سەرکەوتن بکەین، تا ئێمە لەسەر زەویدا بـەهێز بـین، دەتـوانین یەکەم شوێن بۆ بچین مەزار شەریفە؟ یاخود دەشتایەکانی باکوورە؟ یان تالْقانە؟

لەو کاتەدا فەهیم گوتی کابوول بنکەی سەرەکییە، بەڵام نەیتوانی خشتەیەك دابنێ، هێزەکانی ئامادەنین تا بەرەو باشوور بڕوات، واتە لـە رێگـەی بـەرزایی و دەشتاییەکانی باکوور، ئەو مکوڕ بوو لەوەی جبەخانە و پارە و هێزی ئاسمانی بۆی دابین بکرێ، لەتەك ئەمـەشدا دەسکەوتی سیاسی و سەربازی دەویست، وەك ئەوەی ئەو گفتوگۆیە ببێتە دانوستاندن.

حەمید زۆر بەئاسانی و متمانەوە وەرگێڕانی ئەنجام دەدا، بۆیە من و بـرنتس هەستمان دەکرد خەومان دێ، لێـرەدا هەسـتمان بەشـەرمەزاری دەکـرد، چـونکە هاوپەیمانـە ئەفغانییـەکانمان دەیـان ویسـت سـازش بکـەن، لـە هەنـدێك کاتـدا دەپاڕانەوە، لەپێشتریشدا بە فـرانکس راگەیانـد کـە فـەهیم و عـارف دەیانـەوێ هەندێك خاڵی دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام هیچ کـام لـە دەسـەڵاتەکانی نییـە، پێشم وابوو بەزوویی هەموو خاڵەکانمان جێبەجێ دەکەن.

هاوکات فەهیم زۆر گرنگی دەدا بە کابوول، بەڵام فرانکس باسی لە گرنگیـی مەزار شەریف دەکرد، چونکە رێگەیەکە بۆ هێنانی هـەموو پێداویسـتییەکان لـە رێگەی پیادە لە ئۆزبەکستانەوە، بۆیە زیاتر جەختی لە باکووری خواروو دەکردەوە.

لەوێدا باسی ئەوەم کرد، کە پێویستە هەماهەنگی هەبێ لەنێوان هێرشـەکان لە ئاسمان و زەویدا، فەهیمیش ئـەوەی راگەیانـد لـە نـەبوونی هێرشـی ئاسمـانیی هێزەکـانی سـەرکەوتن بەدەسـت نـاهێنن، لـەو کاتـەی هێزەکـانی فـەهیم لـە دەشتاییەکانی باکوور رووبەڕووی پەنجا هەزار کەسی دوژمن دەبێتەوە، لەریزەکانی ئەویشدا چارەگێك لەو ژمارەیە بوونی هەیە، بۆیە ئەگەرەکان لـە مـەزار شـەریف لاوازە، چونکە دوژمنی هاوپەیمانەکانمان زۆر زیاترە لەنێو هەموو وڵاتدا.

فەهیم هیچ بژاردەیەکی نەبوو، لە کۆتاییدا درکـی بـەوە کـرد کـە جەنـەراڵ فرانکس جەخت لە مەزار شەریف دەکات، بۆیە دەبـێ پشـتگیری لێ بکـرێ، تـا بەخێرایی هێرشەکان بەرەو تالەقان و دەشتاییەکانی باکوور بکەن.

فەهیم لەسەر ئەمانە رازی بوو، دواتر ئاستی گفتوگۆکەی بەرەو نزمـی بـرد، داوای پارەیەکی زۆری کرد وەك پێدانی مانگانە، ئەمەش وای کرد بێدەنگییـەکی ناخۆش بەسەر ئەم کۆمەڵە بچووکەدا زاڵ بێ.

لەمکاتەدا فرانکس هاواری کرد "قسەی پڕووپووچ"، لە مێزەکە دوورکەوتەوە.

هاوکات فەهیم ڕەنگی گۆڕا و کەوتە دڵەڕاوکێ، سەیرێکی عارفی کرد، کە لە قسەکە گەیشت، ئەویش چاوەکانی بەولاوئەولادا دەبرد.

لەلایەکی دیکەوە برنتس سەیری فەهیم و عارفی کرد و بە شێوەزاری داریش شەرمەزاری کردن.

دووبارە هەمووان بێدەنگ بوونەوە، جەنەڕال فرانکس چووە دەرەوە تا جگەرەیەك بکێشێ، منیش هەڵسامەوە خۆم لە مێزەکە دوور خستەوە.

لەپاش ماوەیەکی کەم و لەدوای چەند خولەکێك دووبارە کۆبووینەوە، بە فەهیم و عارفم ڕاگەیاند کە مووچەیەکی مانگانە دابین دەکەین، بەڵام تەنیا بۆ چەند پێداویستییەکی دیاریکراو ئەوە جگە لە یارمەتیدانی هەموو ئەوانەی لە تاڵیبان رادەکەن، ئەو ژمارەی من دیاریم کرد زۆر کەمتر لەوەی ئەوان داوایان کردبوو، بەڵام ئەم ژمارەیە بەس بوو، هیچ بوارێکیش نییە تا ئەو هەموو پارەیە بدەین بەوان، بۆیە دەبێ نرخێکی کەم بدەین بە هاوپەیمانەکانمان تا گفتوگۆکان بەردەوام بن، دیارە ئەمە زۆر باشترە لەوەی چەندین ملیار دۆلار لە هێزی وشکانی و پیادەی ئەمریکی خەرج بکەین، لە کاتێکدا دوژمن زۆرێك لە ئامانجی ئەمریکی دەبێ، تەنیاش کات بەفیڕۆ دەدەین.

لەو کاتەدا شوێنەکانی دۆست و دوژمنمان دیاری کرد، هەروا گفتوگۆمان لەسەر چەندین بژاردە کرد، هەروا باسی بڵاوەپێکردنی هێزە تایبەتییەکان کرد، بۆ ئەمەش عەقید موهولاند باسی ئەو ڕێگایەنەی کرد، کە پیاوەکانی دەتوانن بەشداری بکەن.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکە، جەنەڕاڵ فرانکس بەڵێنی دا بە فەهیم کە لە ئەفغانستان یەکتر دەبیننەوە، بەتایبەتی لەنزیك ڕۆژانی جەژنی سەری ساڵ و لەدایکبوون، هەروا باسی داهاتوویەکی گەشی کرد لەنێوان هاوپەیمانەکاندا، لەو کاتەشدا هاوپەیمانەکانمان پێویستیان بەوە حەبێکی ئازارشکێن هەبوو، لەپاش ئەو دانوستانە پڕ لە دڵەڕاوکێیەدا.

جەنەڕاڵ فرانکس زۆر بەکارایی دەجوولایەوە، ئەمەش پەیوەست بوو بە هەڵسەنگاندنە کەسایەتییەکان بەپێی ستراتیژیەتی ئەو دانوستاندنەی گفتوگۆمان لەسەری کرد، هیچ بوارێکی باشتی نییە بۆ هاوپەیمانی باشتر نییە بۆ کاری شاراوە تا ڕێکی بخرێ لەگەڵ هەڵمەتی سەربازی.

بەفەهیم و عارفم ڕاگەیاند لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا لە پنجشیردا دەتانبینم، ئەگەر دۆخی کەش و هەوا ڕێگر نەبوو، هەروا ئەمیرال کالاند یاوەرم دەبێ، لەگەڵ فەهیم ڕێککەوتم کە لەوێدا گفتوگۆکانمان بەردەوام دەبێ.

لە ڕۆژی دواتردا من و برنتس لە ڕێگەی ڕادیۆیی کەشتی ئاسمانی پەیوەندیمان بە تیمی ئەلفا کرد، کە لە باشووری مەزار شەریفدان، ئەو تیمە بەرەو پێشەوە دەچوون، لەو کاتەی هێزەکانی دۆستەم دەستی بەسەر گوندێکدا گرت، لەپێشتردا تالیبان زاڵبوون بەسەریدا، هەروا گوێمان لە تەقەی ئەو شەڕە بوون سەبارەت بە تەقەی کۆتایی شەڕەکە، پیاوانی ئێمە ئازا بوون و متمانەیان بە خۆیان بوو، بەڵام پێویستیان بە پشتگیرییەکی زیاتری هێزی ئاسمانی هەبوو، ئێستاش پێویستیانە.

لەگەڵ شرۆنی تەمەن شەست ساڵە قسەمان کرد، ئەو لەتەك گەدەی خۆیدا یاخی بووە، ئەمەش بە هۆی ئەو خواردنانە بووە کە لە شوێنە سەختەکاندا خواردوویەتی.

لەمەش خراپتر پێی ڕاگەیاندین سەربازە نەخۆشەکەی هێزی تایبەتی ٥٥٥ دۆخی باشتر نەبووە، پێ دەچێ تووشی هەوکردنێکی زۆر بووبێ لە هەناویدا و لە دۆخێکی خراپدایە، ئەمەو دوو هێلیکۆپتەر نێردرا بۆ گواستنەوەی، یەکەمیان بەناچار دابەزیوە لە ناو خاکی دوژمنەکاندا، ئەوەی دووەمیش پارێزەری لە تیمی گەمارۆدراو دەکرد، لەپاش ئەوەی فڕۆکەکەی تێکچوو، لە کاتێکدا فڕۆکەی ئێف ١٦ بۆمبی بەسەر هەلیکۆپتەرەکە دادا تا دوژمن سوودی لێ نەبینێ، لەو کاتەی فڕین لەسەر چیایە بەرزەکانی ئەفغانستان ئاسان نییە بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی زستاندا.

لەو شەوە گەڕاینەوە فڕۆکەخانە دوای ئەوەی دوو خاڵی چەکدارمان بڕی، ئەمەش لە دۆشەنبێ شتێکی ئاساییە، بینیمان دوو هەلیکۆپتەری سی ئاچ -٤٧ دەنیشنەوە، هەر لەو کاتەی هەلیکۆپتەرەکان گەیشتنە سەر زەوی برنتس و پیاوانی هەموو شتێکی خۆیان لەگەڵ جبەخانە کۆکردەوە، سوپاسی ڕۆنم کرد، ئەو هەر لە دۆشەنبێ دەمێنێتەوە و وەك یەکێك لەکاردایە ئەگەر ئێمە ڕزگارمان بوو، پشتگیریمان پێشکەش دەکا، هاوکات ڕۆن لە ماوەیەکی دیکەدا پلەی بەرز دەکرێتەوە و دەبێتە سەرۆکی بەشی دەزگای شاراوە.

سەیری هەموو جولەی هەردوو کۆپتەرەکەم دەکرد، کە دەمبینی پانکەکانی دەسوڕێتەوە، لەم کاتەدا ڕێنمایم دا بە تیمەکە، هەروا لاسایی جوولەی ئەمیرال کالاندم کردەوە لەو کاتەی بەرەو کۆپتەرەکە دەڕۆیشت، لەلایەکی دیکەوە ئەو چەندین جار سواری کۆپتەری سی ئیچ -٤٧ بووە.

لەلای من سواربوونی کۆپتەر وەك سەرکێشییەکی دیکەیە، چونکە ئەوە یەکەمجارە سواری ئەو جۆرە فڕۆکەیە دەبم، یان لە ڕاستیدا سواری هیچ فڕۆکەیەکی دیکە نەبووم.

سواری کۆپتەرەکە بووم بەبێ ئەوەی رووبەڕووی هیچ ناخۆشییەك ببمەوە، من دەمانچەیەك لە جۆری گلۆك و ٩ ملیمیم پێ بوو لەتەك جانتایەکی پشت، لە یەکێك لە کورسییەکان دانیشتم و خۆم بەستایەوە، دووبارە وردبوونەوەم بۆ هەموو شتێك دەکرد، هەروا پێویست بوو تەکتیکی خێرا ئەنجام بدەم کە پەیوەستە بە پلانی ستراتیژی، ئەمکارەش ناوێتەی کارا هەردوو لایە، لەگەڵ رێکخستێکی تەواو بەمکوڕبوون لەسەر چی و چۆن.

سەیری تەنیشتم کرد بینیم برت لەتەکم دانیشتووە، ئەو وەك پیاوی ریکلامی "میشلن" وابوو، جلوبەرگەکەی چەندین کونی لەسەر بوو، گاڵتەم بە پۆشاکەکەی کرد، ئەویش بە خەندەیەك وەڵامی دامەوە، لەپاشاندا دەرگەی پێشەوە و دواوە کرایەوە تا کارپێکەری تۆپهاوێژی رەشاش بواری هەبێ لە هەر شوێنێك تەقە بکات، لەو کاتەدا با بەپەیکەرەکە کەوت بەتایبەت کاتی دووسەد پێ بەرزبووینەوە، لەپاش سی خولەك سنووری ئەفغانستانمان بڕی.

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا کاتێك هەستم بە بەرپرسیارەیەتییەکە کرد، بیرم لە هێرشەکانی ١١-٩ و کەشتی کۆل و هەردوو باڵیۆزخانەی دار سەلام و نایرۆبی دەکردەوە.

چ گەورەیەکە من وەك ئەو پیاوانە دەچینە ناوەڕاستی ناوچەی قاعیدە و تالیبان، هیچ کاتێك بەو شێوەیە شانازیم بە وڵاتەکەمەوە نەکردووە، لەو کاتەی سەرکردایەتییەکەم ئەم هەلەی پێ بەخشیووم بۆ خزمەتکردن، هیچ کاتێکیش بەو شێوەیە هەستم بە متمانەبەخۆبوون نەکردووە.

کۆپتەرەکە زیاتر بەرز دەبۆوە کاتێك نزیکی زنجیرە چیایەکانی باکووری هندۆکۆش دەبووینەوە، زۆری نەبرد هەستم بە سەرمایەك کرد، هیچ کات هەستم بەو سەرما و ساردییە نەکردووە.

بارێکی گرانمان لەناو کۆپتەرەکە دانابوو، کاتێك لەبەرزیی ١٦ هەزار پێدا بوو، دەمبینی بورغییەکانی کۆپتەرەکە هەر یەك بەلایەکدا دەڕوا، لە پەنجەرەکەوە سەیرم کرد بینیم برنتس و ئەوانی دیکە لەناو کۆپیتەرێکی دیکەدان، لەو کاتەدا برت هیدفۆنێکی لە گوێ کردەوە تا هیچیتر گوێی لە گرفتی فرۆکەکە نەبێ، بیرم لەوە کردەوە هەست بە فێنکی دەکا، کەچی من جلوبەرگێکی زۆرم نەپۆشیووە، پلەی گەرمی لەو کاتەدا دە پلەی ژێر سفر بوو بە پێوەری فهرنایت (نزیکەی ٢٣ پلە لەژێر سفر) لەو کاتەدا هەوای سەرماوسۆڵە لە دەرگە کراوەکاندا دەهات هەتا دەهات ساردتر دەبوو، لەسەر کورسییەکە خۆم کۆکردەوە تا بتوانم پلەی گەرمیم بپارێزم، بەردەوام بووین لە سوڕان لەو کاتەی سووتەمەنی تەواو بوو.

بیرم کردەوە: زۆر گرنگە، قاعیدە ناتوانێ بمکوژێ، بۆیە لێرەدا سەرما دەمبەستێ تا مردن، کەچی کۆفر ئەمەی زۆر پێ ناخۆش دەبێ.

لە کۆتاییدا بەرەو بەرزی دەڕۆیشت هەر بەرز دەبۆوە، لەدواتردا بەنێو چیایەکاندا تێپەڕ دەبووین، لە پەنجەرەوە سەیری کرد دیواری چیایەکان چەند پێیەك لێمانەوە دوورە، فرۆکەوانە زۆر بەکارایی لەنێو دۆڵەکاندا بەرەو دۆڵی پنچشیر ڕۆیشت.

لەنزیکی کاتژمێر ٣:٠٠ لەنزیك کەناڵی زێیەدا نیشتینەوە، لەوێدا چەکدارە ئەفغانییەکان پێشوازیان لێ کردین، لەو کاتەدا ئافرەتێك بەرەو رووم هات تا شتێکی پێ بدەم بەڵام پیاوە ئەفغانییەکان بە قژ دووریان خستەوە، لەوکاتەدا

پانکەی کۆپتەرەکە بەردەوام بوو لە سوڕان ئێمە کەلوپەل و جبەخانەکانمان دەهێنا خوارەوە، کاتێك شرۆن هات لەگەڵ تیمەکەی تەوقەی لەگەڵ کردین و سواری کۆپتەرەکە بوون، لەنێویاندا سەربازێك هەبوو لەسەر داری سیسەمی فریاکەوتن بوو، لەدواتردا ئەو رزگاری بوو.

هەردوو کۆپتەرەکە بۆ ماوەی چەند خولەکێك مانەوە، لەدواتردا بەرزبۆوە تا بگەڕێتەوە بۆ دوشەنبێ، ئێمەش بەرەو ئۆتۆمبیلەکان دەڕۆیشتین، تا لەنێو ئەو دۆڵە سەخت و سەرماوسۆڵەدا بڕۆین، چەند پیاوێکی ئەفغانی میوانداری ئێمەیان کرد، هەروا لەگەڵ برنتس باسم لەو باسانە کرد کە پەیوەستە بە ئاسایشمان، لەپاشاندا بە بێتەل پەیوەندیمان بە بارەگای سەرکردایەتی و دۆشەنبێ کرد تا پێیان رابگەیەنێن گەیشتووینە شوێنی خۆمان، لەپاشاندا خەوم لێکەوت وەك مردوویەك.

لەپاش چوار کاتژمێر لە خەو هەڵسایین، لەوێدا ئاسۆی بەیانیام بینی و هەوای ساردم هەڵ مژی و سەیرێکی دۆڵی پنچشیری تەسك کرد، لەم لاو ئەو لا چەند خانوویەك هەیە، بەتایبەت لەسەر ئەو زێیە بەستراوەدا، کە لە هندوکۆشەوە بەرەو دەشتاییەکانی باکوور دێ، ئەوە دەبینن من ئێستا لە ئەفغانستانم.

برنتس بەکردەیی دەستی بەکار کرد، ژماردنەکانی ملیۆنەها دۆلار بوو کاتێك باسی لە کڕینی ئۆتۆمبیل و ئامرازەکانی تیمی چاودێری دەکرد، هەروا لەگەڵ گەورە پیاوانی هاوپەیانە ئەفغانییەکان کۆدەبێتەوە، جگە لەوەی پەیوەندی لەگەڵ سێ جەنگاوەرەکە دەکرد، پلانی بۆ ئەوە دادەنا تا هەشت لە موژدەبەر رزگار بکات کە سەر بە شلتەرناو و ئەنتەرناشیونالن، دوای لەمانە دوو ئافرەتی ئەمریکین و لەلایەن تالیبانەوە دەستگیر کراون، ئێمەش توانیبوومان یەکێك

هینری ا.کرامبتۆن

بکەینە سیخور لەو شوێنەی موژدەبەرەکانی تیایدایە و ڕۆژانەش ڕاپۆرتمان بۆ دەهات، دەمان ویست بە بەرتیل ڕزگاریان بکەین، پێش ئەوەی هێرش بکەینە سەر کابوول.

بەیانییەکەی لەگەڵ تیمەکەمان و هاوپەیمانە ئەفغانییەکان پێداچوونەوەمان بە هەواڵگری و پلانە سەربازییەکان دەکرد، لەگەڵ مایکل هاس ئەفسەری گەورەی هێزی تایبەت کۆبووینەوە، لە پاشاندا هەموومان کۆبووینەوە تا لەنزیک گردێک وێنەیەکی بەکۆمەڵ بگرین.

سازشەکانی برنتس لەگەڵ عارف و ئەوانی دیکە بەردەوام بوو سەبارەت بە پارە و هەواڵگری و بارمەتەکانی شلتەر ناو ئینتەرناشیونالّ، هاوکات لەگەڵ برت و حەمید لە کاتێکی درەنگدا بە ئۆتۆمبێل چووین بۆ بنکەی چاودێری و سەرکردایەتی هاوکات ئەو قەڵایە سەر بە بیسمئەڵڵا خان بوو، کە سەرکردایەتی چەکدارەکانی ئەفغانی دەکرد، ئەوانەی ڕاسپێردرابوون بۆ هێرشکردنە سەر کابوول.

بنکەی سەرکردایەتی لەلایەکی بوو با بەتەواوی لێی دەدا و دەڕوانێتە سەر گۆشەی باکووری ڕۆژئاوای دەشتاییەکانی باکوور، هەموو لایەکی بە بەردی گەورە داپۆشراوە، هاوکات خانوویەکی بەبەرد لەسەر لووتکەی چیایەکەدا دروستکراوە، لەوێوە دەتوانیت بڕوانیتە دەوروبەر، کاتێك ڕۆژهەڵات لەپشت هەورەکانەوە تیشکی دیار بوو، لە ئاسمانیش مەلەکان لەسەرووی چیایەکانی دەفڕین، جەنگاوەرەکان لەخوارەوە چەندین جلوبەرگی ڕەنگاورەنگیان لەبەردایە، بە چەکەکانیان لەدەوری قەڵا بچووکەکەدان، ئەگەر چەکی تیا نەبوایە دیمەنەکانی وەك ڕۆمانی کۆتانی بەربەری وابوو.

خان پێشوازی لێ کردین لەو کاتەی دەچووینە نێو هۆڵە فراوانەکە، کە فێنکییەکی خۆشی هەیە، چونکە دیوارە ئەستوورەکان رێگرە لە با و گەرمیی خۆر، بنمچەکەش لە چەند دارێك پێکهاتبوو و زۆربەی دارەکانیش بە دەست نەخشێندرابوون، کاتێك خان دانیشت و ئێمە دانیشتین رۆژ یەکسەر بوو بە شەو، چاوەکانی گەورە و گەش بوون و لووتیشی لەدوورەو دیار بوو، لەبەرامبەر مێزەکەش دانیشت، دەستمان بە گفتوگۆ کرد.

هاوپەیمانە ئەفغانییەکان چەندین بابەتیان خستە روو سەبارەت بە هەواڵگری و توانا سەربازییەکانمان، من پرسیارم سەبارەت بە روانینەکانیانیان کرد لەبارەی ئەفغانستان، ئەوان باسی چیرۆکی داگیرکەری سۆفیەتیان کرد، هەروا پرسیارم سەبارەت بەوە کرد کێ باشە بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی، هەموومان لەسەر ئەوە رێککەوتن باشترە یەکێکی پشتۆن بێ، چونکە ناکرێ بشوور بەشدار نەبێ لە حکومەت، پێشتریش هەمان پرسیارم لە عەبدوڵا عەبدوڵا کرد، ئەو نیوە پشتۆن و نیوە تاجیکە، پێی وایە ئەگەر سەرۆك پشتۆن بێ ئەوا کێشەیەکی زۆری دەبێ، هەروا بەدیاریکراوی وەڵامی دامەوە: کارزای تاکە بژاردەیە، چونکە ئەو پشتۆنییە و بڕوای بە چەمکی نەتەوەییە، لەپاشاندا عەبدوڵا عەبدوڵا دەبێتە وەزیری دەرەوە و بەتایبەتیش لە سەردەمی کارزای، دواتر نارەزایی دەردەبڕێ و لەپاشاندا کاندید دەکرێ بۆ سەرۆکایەتی، بەڵام هەڵبژاردنی ۲۰۰۹ بەتەزویر دەدۆڕێنێ.

لەنێوەندی کاتژمێرێکدا چوونە ناو بابەتەکە، لەدواتر پرسیارێك بەرێزەوە کرا: ئایا دەتوانن پشت بە ویلایەتە یەکگرتووەکان ببەستن، وەفادارە بە بەڵێنەکانی؟ ئەوان باسیان لەوە کرد کە چۆن دژ بە سۆفیەت جەنگاون، بەڵام بڕوایان بەوە بوو ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاریان دەبن لە بنیاتنانەوەی وڵاتەکەیان، تا حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی دابمەزرێنن، ئەمە ناکرێ ئەگەر

بەڵێنیش هەبێ، ئێمە گوتمان ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمجارەش درۆی کرد، ئەمجارە چی دەگۆڕێ؟

باسی کارەساتەکانی ۱۱-۹ کرد کە چۆن مەسیحی و جوو و مووسڵمان لەسەر دەستی قاعیدە مردوون، هەروا باسی ئەوەم کرد کە وەك یەك خوێن پێویستە تۆڵەی خۆمان بکەینەوە، جەختیش لەوە بکرێتەوە بۆ جارێکی دیکە قاعیدە لە ئەفغانستان داڵدەیەکی نەبێ، بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانە بوونی ئەفغانستان بە شێوەیەکی سەقامگیر ببینێ، تا دوژمنان نەتوانن خۆیان دروست بکەونەوە بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتەکەمان، هەموو بیانووەکانم پەیوەست بوون بە تۆڵەکردنەوە و دادپەروەری، لە کاتێکدا لە ئەفغانستاندا چەندین جار بەڵێنیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرگرتووە بەڵام بەڵێنەکانیان جێگەی باوەڕ نەبووە.

لەنیوە شەودا داوامان کرد بڕۆین، توانیمان ڕێگە چیاییەکە بگرینە بەر تا بگەڕێینەوە بۆ باکوور لەوێوەوەش بچین بۆ دۆڵی پنچشیر و بنکەکەمان، من و برنتس پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بارەگای سەرکردایەتی و وێستگە نزیکەکان بوو، هیچ گرفتێك نەبوو، کاتێ گەیشتین وەك مردوو خەوتم.

من و برت لە ڕۆژهەڵاتدا خواردنی بەیانیمان خوارد کە پێکهاتبوو لە چا و نانی گەرم، لەپاشاندا لەگەڵ ئەمرڵا کۆبووینەوە، هەموومان بەیەکەوە دانیشتین ئەمەو حەمید و کەسانی دیکەش لەوێدا بوون، لەپاشاندا سواری سێ ئۆتۆمبێل رووسی بووین ، بۆ ماوەی کاتژمێرێك لە ڕێگەی ئەو دۆڵە تەسکەدا بووین تا گەیشتینە سەرەتای دۆڵی پنچشیر لەوێدا جەنەراڵ بسمەڵڵا خان پێشوازییەکی گەرمی لێ کردین، لەوێوەوەش ئێمەی بردە هێڵەکانی پێشەوە.

دیمەنەکە بە گۆڕەپانی جەنگی جیهانی یەکەم دەچوو، لە رۆژێکی پایزی سافدا، تیایدا سەربازی هەردوو لا لە پشوودان، خەندەق و مۆڵگەکان لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا بوو، هەردوو لاش لە ئامادەباشی جەنگدا بوون، هەمووش دەزانن لەم نزیکانە روودەدات.

دەمان توانی لەدووری چەند سەد یاردەیەکەوە سەربازانی دوژمن ببینین، کە بەئەسپایی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کەلوپەلەکانیان دەگوازنەوە، بە دووربینەکەم هەموو رەبییەکانم سەیر کرد، کە زۆربەیان رووخاوە، بەپێی قسەی خان زۆربەی بینایە و تونێل وەکخۆی ماوەتەوە.

لە رێگەی ئەو پوختەیەی کە ئەمرڵا و بسو ئەڵلا خان خستبوویانە روو، هێڵەکانی شەڕ لەزۆر رووەوە دەکرێ بێنە ناو ئێمە، چونکە زۆرێك لەوانەی سەردانیان کردوون تا دڵنیا بن لە خێزانەکانیان، چەند سیخورێکی تیادا بووە، هەروا ئەمرڵا باسی ئەو تۆڕانەی کرد کە بەدرێژایی بەرەکە کەسانێکیان هەن تا رووماڵی ئەو شوێنە بکەن.

خان بەشانازیەوە باسی لە سوپاکەی دەکرد، کە زیاترە لە دە هەزار پیاوی چەکداری، ئەوە جگە لە هەندێك زرێپۆش و تۆپهاوێژ، باسی ئەوەشی کرد کە چەندین پیاوی هەیە لەسەر ئاستی فەوج لە کاتی شەڕدا چەندین فرتوفێڵ بەکار دەهێنن تا تۆپهاوێژەکە زۆر بەخێرایی بۆمبارانیان بکات، کەچی زۆر بە بێ ئومێدییەوە باسیان لەوە کرد کە پێویستیان بە هێزی ئاسمانی ئێمە هەیە، لەبەرامبەر هێزێکی گەورە کە یەکێك بەرامبەر بە پێنجە.

لەپاش کۆبوونەوەمان لەگەڵ خان بەرەو رۆژهەڵات رۆیشتین، تا بەتەواوی هێڵەکان ببینین، دوو جاریش وەستاین تا چا لەگەڵ سەرکردەی چەکدارە

ناوخۆییەکان بخوێنەوە، ئەوان پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین، لەسەر چەندین مافووری رەنگاورەنگ دانیشتین، خانووەکان قوڕ بوون، زۆرجاریش رووبەڕووی بۆمبارانکردن بوونەتەوە، هەموو بەراوردێکمان کرد سەبارەت بەبەرپرسیارەتیان، ئەوان بەدووروودرێژی باسیان لە توانای خۆیان و توانای دوژمن کرد، هەروا باسیان لە روانگە سیاسییەکانیان کرد، هاوپەیمانە ئەفغانییەکان زۆر بەوردی باسیان لە دوژمن کرد، هەروا سەرکردەی تاڵیبانیشیان دەناسی و ناوەکانیان هێنا، زۆرجاریش پەیوەندیان هەبووە، بۆیە زۆر بەرۆتینی تیمی چاودێریان بۆ سەر هێڵەکان دەنارد، هەموو جەنگاوەرەکان وەك پیرێك دیار بوون، زۆربەشیان نەخوێندەوارن، بەڵام زۆر متمانەیان بە خۆیان بوو.

گەیشتینە فرۆکەخانەی باگرام دوای ئەوەی لەپشت رۆژنامەنووسەکانەوە رۆیشتین، ئەمرڵا وەك گاڵتەیەك گوتی دەکرێ رۆژنامەنووسەکان ترسناکتر بن لە تاڵیبان، پێم گوت ئەمە تەنیا نووکتە نییە، هەروا دەبێ بزانین چۆن وێنەی تیمەکەمان لە یەکێك لەرۆژنامەکان بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش بە هۆی گوێپێنەدانی پیشەکەمان.

فرۆکەخانەی باگرام نیمچە وێرانەیەك بوو، ئەوە جگە لە تاوەری چاوێری کە بەشێوەیەك لە شێوەکان نەرووخابوو، لەلایەکی دیکەوە دار و شووشە بە هۆی بۆمبارانەوە هەموو لایەکی گرتبۆوە، هەروا پارچەی بۆمبەکان لەنزیك تاوەرکە بەچاو دەبیندرا، هیچ پەنجەرەیەکی پێوە نەمابوو، لەسەرەوە بەرەو باشوور چاودێری دوژمنمان کرد.

ئەمرڵا باسی بۆمبارانی فرۆکە ئەمریکییەکانی کرد، کە دوژمنەکان چۆن تووشی شپرزەیی بوونە، پێ دەچێ، ئەمە تەنیا بەس نییە، بۆیە هاوپەیمانەکانمان

باسی ئەوەیان کرد بۆچی بۆمبارانکردن وەستاوە، لە کاتێکدا ئاسمان سافە و دوژمنیش لەدووری سەدان یاردەوە بەچاو دەبیندرێن.

لە شەودا لە خانوویەکدا خەوتین کە دیوارەکانی بەقوڕ سواق درابوو، بەڵام گەرم بوو، برت بۆ ڕۆژی دواتر گەڕایەوە پنجشیر، چونکە پێویست بوو پەیوەندی بکات لەگەڵ سەرکردایەتیی ناوەندی سوپا، ئێمەش لەگەڵ ئەمرڵا بەردەوام بووین، چووینە بەرەکانی ڕۆژهەڵاتی خواوو، ئۆتۆمبیلەکەمان بەرەو شوێنێکی چیایی بردین کە ڕێگەکەی زۆر تەسك بوو، ئەو شوێنەش هەزار پێ لەسەرووی دۆڵەکەوە بوو.

دیمەنێکی جوان بوو، توانیم سەیری باشوور و ڕۆژئاوا بکەم، لە کاتێکدا نیوەی باکوور و دەشتاییەکانی باکوورم بینی، هەمووی زنجیرەیەك چیای بچووك کە لەنێوان ئێمە و کابوول بوو، واتە لەدووری تەنیا سی میل، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەوێدا گفتوگۆمان کرد.

سەبارەت بە سەرکەوتنی کۆتایی پرسیارم لە ئەمرڵا کرد، ئەویش گوتی: "بەڵێنەکانت بەجێ بگەیەنن، ئەگەر سەرکەوتن یان شکستتان هێنا هەر دەبێ بجەنگن، چونکە هیچ بژاردەیەکی دیکە نییە".

ئەو هێز و متمانەی بە خۆی هەبوو، ئەو ڕاست دەکات، هیچ بژاردەیەکی دیکە نییە، ئێمەش هەروا.

لەپاش چەند ڕۆژێك ئەفغانستانم بەجێ هێشت ئەویش بە فڕۆکەیەك کە باڵەکانی چەسپاو بوون و مەکینەکەی تۆربینی بوو، ئەمەو لەنزیك گوندی شاریکار لە دەشتاییەکانی باکوور فڕۆکە بەرز بۆوە، ئەمەش بۆ یەکەمجارە لەدوای چەند ساڵێکدا فڕۆکەیەك باڵەکانی چەسپاو بن لەوێدا لەسەر ئەو ڕێگەیە

خولاوییەوە بفڕێ، هەواڵەکە بڵاو بۆوە، لەپاشاندا ئەمرڵا پێی ڕاگەیاندم پێویستە متمانەی باشترتان هەبێ تا هاوبەشی یەکتر بن، هەموو دەیان زانی ئەمریکییەکان بەڕێوەن.

گفتوگۆیەکی نەزۆک

لەپاش دوو ڕۆژ لەگەڕانەوەم، لەگەڵ تینتی بەڕێوەبەر چووینە ژووری قەیرانەکانی کۆشکی سپی، سەرۆك بۆش لەسەرووی مێزەکەوە دانیشتبوو، هەروا چینی جێگرەکەی و کۆندەلیزا رایسی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی یاوەری بوون، هەروا مایەرزی سەرۆکی دەستەی ئەرکان و ریچارد ئەرمیتاج و جەنەراڵ واین داننینگ بەشداری ئەو کۆبوونەوەیان کرد.

بەرپرسە باڵاکان پوختەکانیان پێشکەش بە سەرۆك کرد، بێ ئومێدییەکیان پێوە دیار بوو، رامسفێڵد بەشێوەیەك قسەی دەکرد کە کێ بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرێ، ئەوە جگە لەوەی جەخت لەوە دەکرایەوە کە وەزارەتی بەرگری جەنگەکە لەئەستۆ دەگرێ، لە چەند مانگێکی پێشتردا گوێم لە رامسفێڵدا راگرت کە خۆی ناچار کردبوو لە جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی سی ئای ئەی لەلای ئەوە بە واتای کۆمەڵەکان هەموویان یەکسانە بە سفر، هەروا ئەرمیتاج لەو بۆنەیەدا باسی لەوە کرد، کە هەموو ئەو گفتوگۆیەی لەوێدا کرا تەنیا گفتوگۆیەکی نەزۆك بووە هیچی تر نەبووە، لەلایەکی دیکەوە گفتوگۆیەکی تێروتەسەل کرا سەبارەت بە پشتبەستنمان بە هاوپەیمانە ئەفغانییەکان، سەرۆك بۆش و رایس گوێیان لە هەموو ئەو بەرپرسانە بوو کە قسەی خراپ بە یەکتر دەڵێن سەبارەت بە بۆچوون و لێداوانەکان، لەپێشتریشدا رامسفێڵد هەڵسەنگاندنێکی هەواڵگری وەزارەتی

بەرگری دابەش کرد، تیایدا باسی دوورکەوتنـەوە دەکـات لـە جـەنگ لـە کـاتی زستاندا بەتایبەتی بۆ هێرشکردنە سەر کابوول و مەزار شـەریف، قسـەکانی ئـەو تەنیا سیاسی بوو، ئەگەر راسـت بکـات دەیتـوانی بـۆ راگەیاندنـەکان ئاشـکرای بکات، لە کاتێکدا هەموو سەرکەوتنە سەربازییەکان بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە.

ئەوەتا بەرپرسە گەورەکان لەنێوەندی گفتوگۆیەکی نەزۆکـدان، لـە کۆتاییـدا تینیت قسەکانی پێ بڕین و زۆر بەمتمانەوە باسی لە پلانەکانمان کرد و رێگـەی دا من قسە بکەم، منیش لەلای خۆمـەوە هـەموو زانیارییـە نوێیـەکانم خسـتە روو بەتایبەت لەرووی روونیی تۆڕە هەواڵگرییەکان و سەرکەوتنە بەردەوامـەکانمان تـا پلانی سەرکردەکانی تاڵیبان تێك بدەین لە کۆتاییدا قسەکانم کورت کردەوە و گوتم "ئەگەر هێزی ئاسمانی دابین بکرێ، ئەوا هاوپەیمانە ئەفغانییەکان لەسەر زەویدان و هێرش دەبەن، هەروای دەتوانین سەربکەوین".

سەرۆك سەری رەزامەندی لەقاند، بەڵام چینی جێگری سەرۆك هیچ کاریگـەر نەبوو بە قسەکانم، رامسفێڵدیش برۆیەکانی لەیەکتر نزیك کردەوە.

لەم کەشی گومانە ئاماژە بە ئەنجامی سـەرکەوتنەکان نـەکرا، یـان گفتوگـۆ بکـەین سـەبارەت بـە پابەنـدبوونی سـەربازەکان بـۆ هاوپەیمانـە ئەفغانییـەکان و دەسکەوتی ئاشتی، تا ئێسـتا جـەخت لـە قاعیـدە و هێرشـە پێشـبینیکراوەکان دەکەین بۆ سەر وڵاتەکەمان.

لەلایەکی دیکەوە ئەوەم لەبیر چوو کە رامسفێڵد و ولفوفیتز و چەندانی دیکە رێنمایی تەواویان دابووە بە جەنەراڵ فرانکس تا خۆی ئامادە بکات بۆ داگیرکردنی عێراق.

کاتێك گەڕامەوە بارەگای سەرکردایەتی باسەکانی کۆشکی سپیم بە ماسی و کۆفر راگەیاند، ئێمە لەلایەن سەرکردەکانەوە جێگەی متمانە بووین، ئەوە جگە لە سەرۆك بۆش کە دوودڵییەکی پێوە دیار بوو، لەوانەیە بەنهێنی ئەو دوودڵییەی خستبێتە روو، بەڵام من لەوێدا هەستم بەوە نەکرد، وەکچۆن ئەوانی دیکەش وایان بینی.

لە ماوەی چل و هەشت کاتژمێردا، لە شەشی تشرینی دووەم، هێزەکانی ئەفغانی هاوپەیمان بە هاوکاری تیمی ئەلفا و برافۆ و هێزی تایبەت دەستیان بەسەر مەزار شەریفدا گرت، خەڵکی ئەو شارە بەگوڕوتین و دروشمەوە پێشوازیان لێ کردین، لەپاش رۆژێکدا هێزەکانی ئیسماعیل خان و تیمێکی بچووکی سی ئای ئەی و هێزی تایبەت هیراتیان گرت، بەو شێوەیە سووپای بسم ئەڵڵا خان بەپشتگیری هێزی ئاسمانی بەرەو دەشتەکانی باکوور رۆیشتن، وەکچۆن لەپێشتردا ئەمەی بۆ کورتکردینەوە، بۆ ئەمەش دەستیان بەسەر کابوڵدا گرت و لەپاشاندا هێزەکان چوونە ناو بامیان، لەمەوەش میلشیایەکانی هەزارەی سەر بەخەلیلی بەرەو شارۆچکەکەیان رۆیشتن.

زیانەکانی قاعیدە و تاڵیبان بە هەزاران کوژراو و بەمەش تەرمەکان لە هەموو گۆڕەپانەکانی جەنگ لە باکووری ئەفغانستان پڕ بوون.

لە ١٢ی تشرینی دووەم چوومەوە ژووری دۆخەکانی کۆشکی سپی، بۆ ئەمەش روونکردنەوەی نوێم پێشکەش بە گەورە بەرپرسەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دا، بەکورتی باسی ئەوەم کرد کە هێزەکانی دوژمن لە ئەفغانستان ورەیان بەرداوە، وەکچۆن لەپێش چەندە هەفتەیەکدا بەکورتی لەگەڵ تینتی بەڕێوەبەر باسم لێوە کرد، باسی هەواڵگری مرۆیی و ئەو رومالەی بریداتۆر

و هێزەکانی تایبەت کردوویانە، لەتەك سیخوڕەکانی سی ئای ئەی، کە لەلایەن ئەوانەوە فەرمان دەردەکرا و گرتنی کابولیش لە هەمووان گرنگترە، وێنەکانیشم نیشان دان.

هاوپەمانە ئەفغانییەکان لە چەند ڕۆژێکدا گەمارۆی جەنگاوەرێکی زۆری دوژمنان دا بەتایبەت لە پاشماوەکانی قندوز، لەلایەن بارەگای سەرکردایەتی پەیوەندییەکم وەرگرت لەلایەن بیل هاریۆ ئەفسەری کاروباری گشتی بوو.

گوتی "داواکارییەکم هەیە".

"باشە".

"دوو ڕۆژنامەنووس سەر بە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی گەمارۆدراون، لەوانەشە ون بووبن، لەنزیك قەندوز، زۆری نەماوە پیلی تەلەفۆنەکەیان تەواو بێ تا پەیوەندی بە کەشتییە ئاسمانییەکان بکەن".

"دەتەوێ بیاندۆزمەوە؟ ڕزگاریان بکەم؟".

"بەڵێ".

"زانیاری لەسەر شوێنەکەیان بڵێ، ئەگەر ژمارەی تەلەفۆنەکانیان دەزانی".

چوومە بارەگای ماسی و پێم ڕاگەیاند، ئەو ڕۆژنامەیەی هێرش دەکاتە سەر سی ئای ئەی بەشێوەیەکی ڕۆتینی.

جۆن گوتی "دەتەوێ هاوکاری ئەو ڕۆژنامەیە بکەم؟" پێدەکەنی.

"بەڵێ".

"لەڕاستیدا کارەکە جێگەی گاڵتە نییە".

"بەڵێ".

"باشە کاری بۆ دەکەین".

لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا تیمی سی ئای ئەی و کۆماندۆس ئەفغانی شوێنی رۆژنامەنووسەکانی دیاری کرد.

لە رۆژی دواتر هارلۆ پەیوەندی کردەوە.

"ئەوان زۆر سوپاستان دەکەن، داوایان کرد من سوپاستان بکەم".

"ئەمە دەگەنە پیاوەکانمان".

هەر لەو کاتەدا سیخوڕێکی ئەفغانی کە بۆ سی ئای ئەی کار دەکات، کە کۆمەڵەیەکی تاڵیبانی سەربازی دەستیان بەسەر بارمەتەکانی شلتەرناو و ئەنتەرناشیونال گرتووە، هەڵاتوون بەرەو باشووری کابوول، ئێستا شوێنیان دیار نییە، بەڵام توانیویەتی زۆرێك لە بارمەتەکان بدۆزێتەوە، کە تاڵیبان وازیان لێیان هێناوە، ئێستا رادەکەن بەرەو سنووری پاکستان، بۆ ئەمەش سی ئای ئەی زانیاری هەواڵگری ناردووە بۆ هاوبەشە سەربازییەکانمان لە سەرکردایەتیی هاوبەشی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان، بۆیە زۆر بەخێرایی چوون بۆ رزگارکردنی هەشت بارمەتەکە، ئەمەو لەپاش دوو رۆژ بە خێزانەکانیان شاد بوونەوە.

قەڵای جانجی

بەندکراوەکان بوونە هۆکاری گرفتێك لەکاتی هێرشی ئاسمانی و وشکانی، لەو کاتەی شارە ئەفغانییەکان یەك لەدوای یەك لەباکوور خۆیان دەدەنە دەست هێزی ئەمریکی و ئەفغانی، هاوپەیمانە ئەفغانییەکان سەدان کەسیان لە دوژمن گرت، بەڵام بە هۆی نەزانینیان لە سیستەمی بەندینخانە، لەلایەکی دیکەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان هیچ پرۆتۆکۆلێکیان دانەنا بوو کە پەیوەست بێ بە دیلی جەنگ و

یان کەرەستەکان دابین بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیلە دوژمنەکان، هەروا سی ئای ئەی هیچ شتێکی داوا نەکردبوو سەبارەت بە دیلەکان، چونکە ژمارەیەکی کەم لە سەربازانی ئەمریکی لەسەر زەویدا هەبوون، بۆیە بژاردەکە کەوتە دەست هاوپەیمانە ئەفغانییەکان، ئەوان نووسراویان نەبوو تەنیا بە زار هەموو شتێکیان چارەسەر دەکرد، وەکچۆن هەر وان.

زۆرترین ژمارە لە جەنگاوەرانی دوژمن لە پاشماوەکانی قەندوز خۆیان رادەست کرد، چونکە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوون لەپاشاندا هێزی ئاسمانی بۆمبارانی دەکردن، لەلایەکی دیکەوە جەنەراڵ دۆستەم یەکێك لە هاوپەیمانەکانمان لەو ناوچەیەدا بەرپرسیاریەتی زیندانیکردنی گرتە ئەستۆ، بەندکراوەکان زۆربەیان ئەفغانی و جەنگاوەری بیانی بوون، لەنێویاند ناپاکی ئەمریکی جۆن وکرلبند، دۆستم ئەوانەی گواستەوە بۆ قەڵای جانجی شوێنەوار، کەچەند میلێك لە مەزارشەریفەوە دوور بوو، بەو شێوەیە رووخساری بەندکراوەکان وەك دیواری قەڵاکە وابوو، لە کاتێکدا ئەو شوێنە بۆ جیاکردنەوەی بەندکراوەکان رێك نەخرابوو، هەروا پیاوانی دۆستەم هیچ شارەزایەکیان لە پرۆسەی سزادان نەبوو، ئەوان تەنیا سەرباز و سوارچاکی خێڵەکان بوون، نەك پاسەوانی بەندینخانەکان، بۆیە نەیاتوانی بەتەواو بەندکراوەکان بپشکنن.

لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠١ بەندکراوەکان یاخیبوون، ئەمەش لە کاتی پرۆسەی جیاکردنەوەی یەکێك لە هۆڵەکان، ئەوان چەکیان شاردبۆوە، هێرشیان کرد و بەخێرایی زاڵبوون بەسەر پاسەوانە ئەفغانییەکان و هێرشیان کردە سەر دوو ئەفسەری سی ئای ئەی، مایك سیان یەکێکە لە ئەفسەرەکان یەکسەر کەوت، هەروا دیڤید شەڕێکی زۆری کردبوو لەناو هۆڵەکەدا و لە رێگەی پلیکانەی ناوەوەدا، توانی بووی بەسەر پلیکانەدا سەربکەوێ لەو کاتەی تفەنگە

کلاشینکۆفەکەی ك-٤٧ بەتاڵ کردبوو لێیان، ژمارییەکی لێ کوشتن، کاتێك گەیشتبووە سەرەوەی دیوارەکە پاسەوانە ئەفغانییەکان گەیشتبوون، بۆیە لێ نەگەڕان بچنە دەرەوە، بەڵام دەنگە دەنگ هەر بەردەوام بوو، هەروا شەڕێکی زۆر توند بوو.

دیڤید گەیشتنە شوێنی دڵنیایی و لەوێدا تیمێکی هەواڵی ئەڵمانی بینی بوو و تەلەفۆنی لێ وەربگرتبوون، کە بەستراوەتەوە بە کەشتییە ئاسمانییەکان، تا پەیوەندی بە سی ئای ئەوە بکات لە تەشقەند، لە ڕێگەی خۆیەوە بە تیمی ئەلفای ڕاگەیاند، هەروا دیڤید رای گەیاند کە مایك کوژراوە.

لەپاش کاتژمێرێکدا پەیوەندیم پێوە کرا، ئەو کاتە لەماڵەوە بووم، واتە لە پاش نیوەڕۆ ڕۆژی یەکشەممە، بەخێرایی بەرەو نووسینگە ڕۆیشتم لە لانگلی کە بیست خولەك دوورە، یەکەم راپۆرت وەك راپۆرتەکانی دیکە نێردرابوو، زۆر پرسیاری تیادا بوو بەبێ وەڵامدانەوە، ئایا مایك زیندووە یان مردووە؟ ئایا بریندارە یان لەهۆش خۆی چووە؟ ئایا بەدیل گیراوە یان توانیویەتی رابکات، ئایا لە شوێنێك خۆی حەشارداوە؟

مایکم بەباشی نەدەناسی، بەڵام ئەو خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوو، ئەو سەر بە بەشی چالاکییە تایبەتیەکان بوو، لەپێش دوو ساڵ لە مارێنزەوە هاتووە و پەیوەندی بە سی ئای ئەی کردووە، ئەو گەنجێکی پتەو بوو و فرتوفێڵی زۆر بوو، کەسێکی پیشەگەرە بەڵام نایەوێ تیشك بخرێتە سەری، کەسێکی هێمن بوو، لەم ماوەیەدا شانونی خواستووە ئەویش ئەفسەری سی ئای ئەی بوو، لە کاتی ڕاهێناندا ناسیوویەتی، بەتایبەت ئەو کاتەی لە بنکەی دژەتیرۆردا کاری دەکرد، ئەو مامۆستای یاسا بوو و پەیوەندی بە سی ئای ئەی کردووە. تا بەشدار بێ لە

دژەتیرۆردا)، کچێکی جوان و ژیر بوو، ئەفسەرێکی زۆر باش بوو، خۆی مایك دووانەیەکیان دورست کردبوو، هەروا مایك دوو کچی هەبوو لە هاوسەرەکەی پێشوویی، لە شانۆنیش کوڕێکی هەبوو بە ناوی جاك.

لە مانگی رابردوو پێش ئەوەی بچمە ئەفغانستان لە شانۆنم پرسی دەتەوێ شتێك بە مایك بڵێم، ئەویش وێنەیەکی نوێی جاکی پێ دام، من مایکم نەبینیبوو کە من لە ئەفغانستان بووم، بەڵام لە رێگەی ئەفسەرێکی دیکەوە وێنەکەم پێ گەیاند، ئەمەش دوا وێنەی بوو مایك تیایدا وێنەی کوڕەکەی دەبینێ.

من و بلاك و ماسی باسی ئەوەمان کرد، چۆن هەواڵەکە بگەیەنین بە شانۆن، بۆ ئەمەش کۆفر بە جێگرەکەی راگەیاند تا بچنە کالیفۆڕنیا چونکە شانون سەردانی خێزانەکەی دەکات، ماسیم بۆ ئەلاباما نارد چونکە کەسەکانی مایك لەوێدا دەژین، نیگەرانین بووین نەوەك هەواڵەکە بگاتە دەست رۆژنامەنووسان، بۆیە بە هەموو خێزانەکانمان راگەیاند کوڕ و پیاوەکانیان لەوپەڕی باشیدان.

لە ژووره بچووکەکەم دانیشتم و تینیت بەرامبەرمە، نەمان دەزانی چی بەیەکتر بڵێین، ماوەیەکی زۆر دانیشتین، پەیوەندییەکم پێوە کرا، دیار بوو دۆخەکە خراپ بوو، ئەمەم بە تینیت راگەیاند، بۆیە چاوەڕێ بووین هەواڵی زیاترمان پێ بگا.

لەپێشتردا هەڤاڵی دیکەم لەدەست دا لەنێوەندی سی ئای ئەی، هەندێکیان بە هۆی توندوتیژییەوە و هەندێکی دیکەیان لەنێو رووداوەکاندا، بەشێکیان بە هۆی نەخۆشییەوە مردوون، پیاوەری یەکێك لەو ئەفسەرانە بووم لەتەك هاوسەرەکەی، ئەو تەمەنی سی ساڵە بوو، لەناکاو کۆچی دوایی کرد، موویەکم لە

قژی هاوسەرەکەی کردەوە و زۆربەی وێستگەکانی ترانزێتی جیهانم پێ کردووە، ئەو پیاوێکی باشبوو بەشانازییەوە خزمەتی وڵاتەکەی کردووە.

مایکیش بەو شێوەیە بوو، بەڵام دۆخەکەی زۆر جیایە، مایك لەژێر فەرمانی مندایە و ئێمەش لە جەنگداین.

دەزگاکانی راگەیاندن لەرۆژی دواتردا بەشێك لە چیرۆکەکەی بڵاوکردەوە، کوژرانی یەکەك ئەمریکی لە شەڕ لەپاش ۱۱-۹، بەڵام ناوەرۆکێکی وای تیا نەبوو، ماسی لەو کاتەدا گەیشتە ئەلاباما، کەچی بۆنك تا ئێستا لە رێگەی کالیفۆڕنیایە، لەلایەکی دیکەوە پنتاگۆن بەیانێکی رۆژنامەوانی دەرکرد، باس لەوە دەکات ئەوەی کوژراوە سەر بەوەزارەتی بەرگری نییە، بۆ ئەمەش هیچ هەماهەنگییەك لەگەڵ بەیانی سی ئای ئەی نەکردبوو.

بیل هارلۆ ئەفسەری کاروباری گشتی سی ئای ئەی پەیوەندی پێوە کردم، زۆر توڕە بووم ئایا نەیان دەتوانی بوەستن تا هەواڵەکە بەشانۆن رادەگەیەنن؟ پنتاگون لەمە چی دەستکەوت؟ لەوانەیە بۆنك توانی بێ گەیشتبێتە کالیفۆڕنیا لەپێش ئەوەی شانۆن گوێی لە هەواڵەکە بێ.

شانۆن ئۆتۆمبیلی لێ دەخوڕی کاتێك گوێی لە رادیۆ دەگرت، ئەو گوێی لە هەواڵەکە بوو، بۆیە لە رێگە لای داوە و پەیوەندی پێوە کردم.

"هەواڵەکەم ئێستا لە رادیۆ گوێ لێ بوو، باس لە کوژرانی یەکێك لە ئەفسەران دەکات، پنتاگۆن دەڵێ ئەو سەر بەوان نییە، واتە ئەمە یەکێکە لە ئێمە، ئەوە مایکە، ئەی وا نییە".

"بەڵێ شانۆن ئەو شەڕی دەکرد کاتێك پێکراوە، ناتوانین دڵنیا بین لەوەی مردووە، بەڵام دوور نییە، ئەمەش بە هۆی یاخیبوونێك بووە لە زیندان، کاتێك بانگی زیندانییەکانی کردووە".

"زانیم".

هەستم پێ کرد، ئەو لە یەکێك لە ڕێگەکانی کالیفۆڕنیایە و مۆبایلەکەی لە دەستدایە، لەو کاتەی ئۆتۆمبیلەکان بەتەنیشتیدا بەخێرایی تێپەڕ دەبن، ئەویش بووە ئافرەتێکی بێوەژن لەگەڵ سێ منداڵدا.

"بن بۆنك لە ڕێگەیە بۆ لای تۆ، لە ماوەی دوو کاتژمێری دیکە دەگاتە لات، هەموو ناوەڕۆکەکەت پێ ڕادەگەیەنێ، هێشتا ئێمە زۆر نازانین، هەروا تیمێك لەوێدایە تا بیدۆزنەوە، بەڵام شەڕ تا ئێستا بەردەوامە".

"تێدەگەم، سوپاست دەکەم".

بە هیدفۆنەکەم بەهێمنی دانا، لەو کاتەدا تا ئەو پەڕی ڕقم لە تالیبان و قاعیدە بۆوە، هەروا پڕوپووچی ڕاگەیاندنی پنتاگۆنیش لەولاوە بوەستێ.

پێنج ڕۆژ بەسەرچوو دوای داپلۆسینی ئەو یاخیبوونە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە فەرمان بدرێ لەلایەن پیاوانی دۆستەم و سی ئای ئەی و هێزی تایبەتی ئەمریکی و هێزی دەریایی تایبەتی بەریتانی هێرش بکرێ، نزیکەی سەد بەندکراوی هەڵهاتوو گەڕێندرایەوە، لەپاشاندا تەرمی مایك لەوێدا دۆزرایەوە، کە تیایدا تەقەی لێ کرابوو.

لەپاش چەند هەفتەیەك لە کاتی ناشتنی لە گۆڕستانی ئارلینگتۆن، شانۆن هاتە لام لە نووسینگەکەم، خۆمان ئامادە کرد و زۆر بەهێمنی پرسە و

سەرەخۆشیم لێ کرد و هانم دا، دەبێ تێی بگەیەنین کە مایکل وەك پاڵەوانێك کۆچی دوایی کرد، لەتەك ئەمەشدا دەستەیەك کلێنسم بۆی دانا.

جلوبەرگێکی زۆر شیاوی پۆشی بوو، پرسە و سەرەخۆشیم لێ کرد، ئەویش بەهێمنی فرمێسکەکانی دەکاتە خوارەوە.

"مایك لەو کاتە ژیانی لەدەست دا کە لەنێوەندی جەنگدا بوو، ئەو کاتە مرد کە دەبوایە لەو کارەدابێ، من زۆر شانازی پێوە دەکەم، ئەم کارەش بە پلەیەکی گەورە گرنگی خۆی هەیە، بۆیە دوو دڵی ناوێ و پێویستە کارەکەت ئەنجام بدەیت، مایك خۆی بە شتی دیکەوە سەرقاڵ ناکات".

بۆ هەموو شتێك خۆم ئامادەکردبوو، تەنیا بۆ ئەمە نا، بۆیە بەردەوام بووم لە هاندانی، هیچ کات خۆم بەو شێوەیە نەبینی بوو، یان چۆن ئەو دەتوانێ ئەم هێزەی هەبێ؟ لەو کاتەدا خۆشەویستیم بۆ مایك هەبوو، کە لەپێناو وڵاتەکەیدا ژیانی خۆی لەدەست دا، نووسینگەکەم زۆر بچووکتر لەوەی، کە هەبوو، ئەمەش هێزێکی سروشتییە، ئەو ئافرەتێکی زۆر جوان بوو، لەتەك پەرۆشییەکەی، پابەند بوو.

بەڵێنم پێ دا بەراستی لە جەنگ بەردەوام دەبین، هەروا باسی نوێترین کارەکانم کرد لە ئەفغانستان، لەو کاتەدا قەندەهار خۆی بەدەستەوە دابوو، هاوکات سەرکردایەتی تاڵیبان و قاعیدە بەرەو پاکستان رایان دەکرد.

سوپاسی کردم کە دوا پێشهاتم پێشکەش کرد، سوپاسی سەرکردایەتیی کردم، ئەو کاتەی رۆیشتیش هیچ فرمێسکێك لە چاوانی نەدەهاتەخوار، ئەو بۆ پرسە و سەرەخۆشی نەهاتبوو، بەڵکو هاتبوو هانم بدات.

بۆ ماوەیەکی زۆر بەتەنیا دانیشتم، هەستم بەوە کرد توانام زۆر نییە و گۆمانم لە تواناکانم هەبوو، چونکە ئەو جۆرە هێزە هەبوو، ناتوانم هیچ کەسێکی دیکە وەك ئەو نموونەی ئازایەتی نییە، قسەکانیشی هەمووی هاندان بوو.

ماسی حەز بەوە دەکات، لە کاتی سەردانی شانۆن چی رووی داوە، هەموو قسەکانم پێ گەیاند ئەویش لە رێگەوە خۆیەوە بە کۆفری گوت و دواتر هەمان بابەت گەیشتە تینیت.

تۆڵەکردنەوە

هێشتا هەوڵەکانمان لە باشوور روونـاك نییـە، وەکچـۆن ئـەوەی لـە بـاکوور کردوومانە بەتەواوی دیـارە، هاوکـات هاوبەشـەکانمان لـە بـەرەی یـەکگرتوو بـۆ چەندینجار کارزایان دانـا وەك تـا هـەلی بـاش، لەوانەشـە تاکـە کـەس بـێ بـۆ سەرکردایەتیی نیشتمانی، پێویستە سەرکردایەتی بدرێ بە یەکێك لە پشتۆنەکان، ئەمەمان لەسەرەتاوە زانی، هەروا زانیمـان تاکـە هیـوای کـارزای پەیوەسـتە بـە گریگ، کە لە ماوەی سالی رابردوودا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵیدا ئەنجام دا.

لەلایـەکی دیکـەوە هەڵمەتـەکانی سـەرکردایەتیکردنی سـی ئـای ئـەی لـە ئەفغانستان پەیوەسـتە بـە هـەواڵگری و تەجنیـد، هـەروا مامەڵـەکردن لەگـەڵ سیخوڕەکانی سی ئای ئەی لەپێناو پـارە و بـاوەڕ و چەسـپاندنی خـود، هاوکـات شێوەیەك لە تۆڵەکردنەوە، کە لەلایەن کەسانی دیکەوە هەیە.

لە بنکەی سەرکردایەتی چاودێری گریگ و تیمەکەیم کـرد کاتێـك بـە شـەو ئۆپراسـیۆن دەکـەن، ئـەو کاتـەش نهێنیـی شـەوانە ئـایکۆ بـوو لـە پەخشـێکی

ڕاستەوخۆی بریداتۆردا، ئەم تیمە هاوبەشە پێکهاتبوو لە سی ئای ئەی و یەکێکی حەوت کەسی هێزی تایبەت.

کۆپتەری سی ئێچ-٤٧ بەشێوەیەکی نزم لەسەرووی چیایەکانەوە و تۆزوبایەکی زۆری بەرامبەر بە فرۆکەوانەکان دروست کردبوو، بەڵام یەکێك لە فرۆکەوانەکان چاوانی دەگێڕا بۆ ئەوەی ئاسۆیەك ببینێت، لەو کاتەدا گولەیەکی ئار بی جی بەرەو ڕوویی دەهات، کە لەلایەن تالیبانەوە تەقیندرابوو، کەمێك لەنزیك کۆپتەرەکەی دیکەوە، ئەمەم زۆر بەڕوونی لەنێوەندی شاشەکەوە دەبینی.

بیرم لەوە کردەوە کوڕەکان کۆتاییان پێ دێ لەپێش ئەوەی کۆپتەرەکانیان بهێننە خوارەوە، لەو کاتەدا هیچ ڕێگەیەك نەبوو تا ڕزگاریان بکەین، یان چۆن لەو کاتەدا بیانگۆڕین بە کەسانی دیکە؟

باشترین تیمی نیمچە سەربازی بوو، پێکهاتەکەیان نموونەیی بوو لەگەڵ سیخوڕەکانی سی ئای ئەی و سەرکردایەتیی هاوبەشی ئۆپراسیۆنی تایبەت، پێشتریش گریگ لە تیمی چاودێری مارێنز کاری کردووە لەپێش ئەوەی بێتە ناو چالاکییە تایبەتیەکان، هەروا جیمی کوڕێکی بچووك و ڕێکوپێك و زمانشیرین، ئەو کۆلۆنێلی یەکەم بوو لە هێزی دەلتا، لەپێش ئەوەی پەیوەندی بە سی ئای ئەیەوە، لەپێش چەند ساڵێکەوە لە پێشبڕکێی ڕم هاوێشتن پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، ئەو ئێستا باشترین سیخوڕە لە هاوپەیمانی ئەتڵەسی و لەنێوەندی تیمێکدایە هەموویان پێشبڕکێ دەکەن.

هەردوو کۆپتەر لەو کاتەدا مانۆڕیان دەکرد هەر یەك بەلایەکدا، لەم کاتەدا هەردوو تیم لە دەرگاکانەوە خۆیان فڕێدایە خوارەوە و هەردوو تیمیش یەکتریان ون

کرد و بەدوای یەکتردا دەگەڕان، دوای پەیوەندیکردن یەکتریان دۆزییەوە چوونە ناو دالّدەیەکی هاوپەیمانەکانی ناوچەکە.

کۆپتەرەکان لەدەوروبەر و نزیکی دوژمنەکان نیشتنەوە، بەڵام کارزای بە هۆی هێز و چۆنیەتیی فەرمانداریەتی، توانی زامنی هاوکاری خێڵەکەی لەو ناوچەیەدا، پێشوازیان لە تیمی سی ئای ئەی کرد و هێزێك ئەوانیان پاراست، کارزای تا ئەو کاتە بێ ئومێد بوو و پێویستی بە هاوکاری هەبوو، هەروا خێڵەکەی تا ئەو کاتە دوودڵ بوون نەوەك پابەندبوونەکانیان درێژخایەن بێ، بۆ ئەمەش کارزای داوای لە گریگ کرد قسە بۆ ئەنجومەنی خێڵەکەی بکات، کە ناسراوە بە "جیرگا" کە لە گوندی تارین کوت بچووکی دوورە دەستە.

هەموو دەنگی بەشداربووەکان لە جێرگا تەنیا دەنگی پیاوە، ئافرەتان ناتوانێ دەنگی بەرزبکاتەوە ئەوان وەك کۆیلەیەك وان، هەروا جەنگاوەرە خێڵەکییەکان پابەندن بە پاراستنی هەموو ئەوانەی سەردانیان کردوون، هەروا تیمی ئایکۆش بە هەمان شێوە، تا ئەو کاتەی لەوە تێ دەگەن کە ئەو بیانیانە چیان دەوێ، لەپێشتردا کارزای شیکردنەوەی خۆی پێشکەش کرد، بەڵام بیانییەکان چی دەڵێن؟ ئایا ئەوان پارێزگاری لە خۆیان و خانەوادەکانیان دەکەن؟ ئەمەو تالیبان و بیانییە هاوپەیمانەکانیان لە قاعیدە ژمارەیان زۆر زیاترە، کەچی دەبێ ئەو پلانە جێبەجێ بکەن تاوەکو قەندەهار بڕۆن؟ ئەمەش شەست میلی ترسناکە تا دەگەنە باشوور، لەپاشاندا دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرن؟ ئەمە چۆن روودەدا؟

ئامادەبووانی جیرگا بە ریشە درێژەکانیان دانیشتن، رووخساریان ئەوەندە خۆر لێی داوە هەمووی بۆتە لۆچ، کەچی جامانەکانی سەریان رەنگاورەنگن، زۆربەشیان ددانیان لە دەمدا نییە، هاوکات هەر هەموویان چەکدارن، زۆر

بەهێمنی گوێیان بۆ کارزای گرت کاتێك گریگ وەك میوانێـك پێشـكەش كـردن، گریگ سەری سوڕما لەو جەنگاوەرانە قژیان درێژە و ریشیان پان و درێژە، هـەروا بیری لەوە کردەوە چۆن ئەوانە رازی بکات تـا بێنـە ریـزی چـەکدارییەوە، گـریگ سوپاسی ئەو میواندارییەی کرد. باسی لە ئازایەتی کـارزای و سـەرۆکایەتییەکەی کرد، باسیشی لەوە کرد کە قاعیـدە بـە هاوکـاری تالیبـانی ئـەفغانی هێرشـیان کردۆتە سەر خاکی ئەمریکی، هەروا باسی لەو کارەساتە کرد کە ژنان و پیـاوان و منداڵان چۆن مردوون، بۆیە ویلایەتە یـەکگرتووەکان بـەڵێنی داوە تۆڵـەی ئەمـە کارەساتە بکاتەوە، باسیشی لەوە کرد جەنگاوەرە ئەفغانییەکان باجی خوێنی داوە چونکە بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانیان بەدەستی ئەوان کوژراون، وەك ئەحمەد شـا مەسعوودیان پارچە پارچە کردووە، لەپاش ئەوەی قاعیدە بۆمبێکیان هاوێشـتووە بۆی، لەو کاتەی بە بیانووی کامیرای ڤیدیۆیی خۆیان حەشارداوە، هـەروا تالیبـان عەبدولحەقیان بەدیل گرتووە، لە کاتێکدا ئەو جەنگاوەرە دژ بە سۆفیەتیش شەڕی کردووە، لەپاش ماوەیەك لـە ئەشـکەنجەدان، لەسـێدارەیان داوە، بۆیـە پێویسـتە جەنگاوەرە ئەفغانییەکان بەشدار بن لە جەنگی پیرۆزدا؟ ئەی چـی دەڵـێن لـەوەی گەلی ئەفغانی بەدەست ئەو کۆمەڵە چەوسـێنەرە ناڵاندویـەتی؟ پێویسـتە لەسـەر ئەفغانییەکانە دژ بە قاعیدە بجەنگێن ئایا ئەمە بەرپرسیاریەتی و ئەرك و شەڕەفی جەنگاوەر نییە؟ ئا پیاوانی راستەقینەی ئەفغانسـتان رێگـە دەدەن کەسـانی وەك عەرەب و چیچان و ئۆزبەك و پاکستانی لەژێر ئاڵای قاعیدە داهاتووی ئەفغانستان دیـاری بکـرێ؟ وەکچـۆن نـاتوانن بێنـە نـاو ئـایکۆ، بـەو شـێوەیە ویلایەتـە یەکگرتووەکان دژ بەو دوژمنە هاوبەشـەمانە؟ قاعیـدە داگیرکـەرێکی بیانییـە و وڵاتی ئێوەی کردۆتەماڵی خۆی، بۆیە ئێستا کاتی ئـەوە هـاتووە تۆڵـەی خۆتـان بسێننەوە.

جێرگا بەو قسانە زۆر کاریگەر بوون لەم کاتەدا گریگ هەموو رووەکانی بەجوانی دەبینی لە سەرلەقاندن، پرسیاری ئەوەی دەکرد دەبێ ئەنجامەکەی چی بێ، بەڵام هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نەبوو، تاکە باسیش ئەوەیە بەرەو قووڵایی ئەفغانستان بەلای باشووردا بڕۆن، ئەم شوێنەش دڵی خاکی تاڵیبانە، بۆیە پێویستە سوپایەکی تایبەت دروست بکرێ تابتوانن شکست بە دوژمن بگەیەندرێ و قەندەهار داگیر بکرێ، هەروا دەبێ کارزای بەزیندوویی بمێنێتەوە.

ئەنجوومەنی جێرگا چەندین پرسیاریان کرد بە هۆی کەمی ژمارەیان بەرامبەر بەو ژمارە زۆرە تاڵیبان و قاعیدە؟ ئەی سەبارەت بە چەك؟ پشتگیری ئاسمانی؟ چی روودەدا ئەگەر شکستیان هێنا؟

گریگ و کارزای کارێکی زۆر باشیان کرد، گریگ لەوێدا سەبارەت بە تۆڵەکردنەوە شەرەف و ناسنامە و پیاوەتی ئەوانی خستە روو.

لە کاتێکی دیکەدا کاتێك گریگ لە خەوێکی قووڵدا بوو، نێردراوێك کاتژمێر ٢:٠٠ بەهێمنی بانگی کرد:

"حەمید حەمید" گریگ لەم کاتەدا بیری لەوە کردەوە کارزای لەو کاتەدا چی دەوێ؟

گریگ لەدوای نێردراوەکە چوونە بارەگای کارزای، ئەو باڵەخانەیەش پێشتر سەر بەسوپای تاڵیبان بووە لە تارین کوت، کارزای لە گۆشەیەك دانیشتبوو، خۆی لەنێو پاڵتۆکەی نابوو، تووشی کۆکەش بوو بوو، بە چاوێکی ماندووە و سەیری ژوورەکەی دەکرد، کە چەندین پیاوماقووڵ دەوری دابوو، لە کاتێکدا هەموویان سەیری گریگیان کرد.

کارزای گوتی "ئەوان دەیانەوێ بزانن ویلایەتە یەکگرتووەکان دانوستاندن لەگەڵ مەلا عومەر دەکەن".

گریگ لەم کاتەدا بەئاگاییەوە سەیری هەمووانی کرد و گوتی "سەرۆکەکەم گوتوویەتی یان ئەوەتا لەگەڵ ئێمە دەبن، یان دژی ئێمە دەبن، ئێمە چۆن بتوانین دانوستاندن لەگەڵ مەلا عومەردا بکەین، تەنیاش ناخۆشی و مردن و کارەسان بۆ ئێوە دەهێنێ؟ ئێمە دانوستاندن لەگەڵ ئەو ناکەین، ئێمە لەگەڵ ئێوەدا دەجەنگین تا سەرکەوتن".

کارزایش هەموو قسەکانی بە زمانی خۆیان بۆیان وەرگێڕا.

هەموو پیاوەکانی ئەو ژوورە سەریان بۆ لەقاند، لەپاشاندا هەموو بەیەك دەنگ گوتیان " ئاوف و ئاوف ئاوف" بەو واتایەی هەموویان ڕەزامەندن، ئەوانیش دەجەنگن، بۆیە کارزای و گریگ سوپایەکیان پێکهێنا، کارزای سوپاسی گریگی کرد و زۆر بەرێزەوە داوای لێ کرد دەتوانێ بڕوا، گریگ بیری لەوە کردەوە کە یەکسەر بچێ بخەوێ، هەر تازە بە ناوی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ سەرکردە خێڵەکییەکان قسەی کردووە، ئایا دەسەڵاتی خۆی بەزاندووە؟ بۆیە لە دڵی خۆی رازی بوو کە لە هەمانکاتدا دەبێ بڕیار بدەی، ئەفرەت ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندی بە سی ئای ئەیەوە بکەم، لەوانەیە بەیانی بروسکەیەك بۆ فرانك بنێرم، یەکسەر خەوی لێ کەوتەوە.

لە هەژدەی تشرینی یەکەمی ۲۰۰۱ لەدووری چەند میلێك لە باشووری تارین کوت و لەسەر ڕێگەی قەندەهار، ئایکۆ و هاوپەیمانەکانیان ڕووبەڕووی تاڵیبان و قاعیدە بوونەوە، دژمن کاروانێکی لە قەندەهارەوە نارد، هەندێك لە پیاوانی کارزای تووشی دڵەڕاوکێ بوون لەو ژمارە زۆرە و رایان کرد، کەچی گریگ

هەندێکی دیکەی راهێنابوو تا بەرەو پێشەوە بچن، داوای لە پیاوانی ئایکۆش کرد هەمان کار بکەن، ئەگەر نەتوانن یەکگرتوو بن ئەوا لەوانەیە هەموو لەناوبچن، لەمەش خراپتر شکست دەهێنن، ئەگەر قاعیدە توانی لە باشووری ئەفغانستان بمێنێتەوە ئەوا ئەمریکا هەردەم لەژێر هەڕەشەدا دەبێ، بە نەبوونی کارزای تا زاڵبن بەسەر قەندەهاردا، ئەوا خێڵە پشتۆنییەکان لەگەڵ کەسانی دیکەی جگە لە پشتۆن دەبنە هاوپەیمان، بەو شێوەیە بەختی ئەفغانستان کەم دەبێتەوە تا ببێتە دەوڵەتێکی نەتەوەیی، ئەوەش خاڵی وەرچەرخانە لە جەنگ.

ئایکۆ و هاوپەیمانە ئەفغانییەکان دوای ئەوەی هەموو کۆبوونەوە توانیان جەنگێکی مەزن ساز بدەن، هاوکات چاودێری هێزە ئاسمانییەکان زۆر بەوردی لە ئامانجەکانیان دەدا، دەیان بۆمبی گەورەیان خستە سەر بارەگاکانی دوژمن، بۆ ئەمەش ئایکۆ و ئەفغانییەکان لەسەر هێڵەکانی ئاگر نوێژیان کرد، هەردەم بە کلاشینکۆفەکەیان لە هێڵی بەرامبەری دوژمندا بوون، زۆرێك لە کاروانەکانی دوژمنیان کردە خۆڵەمێش، هەروا سەدان لە دوژمنەکان لەوێدا کوژران.

ئایکۆ و ئەفغانییەکان هێرشی بەرامبەریان بەرپەچ دایەوە، ئەوانەی لە قاعیدە و تالیبان مابوونەوە هەموویان رایان کرد بەرەو قەندەهار، هیچ کاتێکیش ئەو جۆرە ئۆپراسیۆنەیان نەبینی بوو.

هاوکات بۆ هاوپەیمانە ئەفغانییەکانیش هەمان شت بوو، لەو کاتەی هێرشی ئاسمانی بەو جۆرە وردبینیە بوو، لەگەڵ ئەوەی کارایی کارزای و تیمی ئایکۆ و ئازایەتییان سەرچاوەی جۆشوخرۆش بوو بۆیان، لەپێشتردا ئەو جۆرە سەرکەوتنە خێرایەیان بەخۆیەوە نەبینی بوو، لە هەمووشی گرنگتر ئەمریکییەکان وەفادار بوون بەرامبەر بە بەڵێنەکانیان.

کارزای سووپایەکی بچووکی پێکهێنابوو، لە یەکەم شەڕەدا زۆر گرنگ بوو سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، هەروا لە چەند هەفتەیەکی دیکە هەمان سوپا بە سەکردایەتیی ئەو بەرەو جەنگ دەڕۆن، ئەمەو کارزای و گریگ هاوبەشییەکی قووڵیان ڕێکخست تا بەرەو باشوور هەنگاو بنێن واتە بەرەو قەندەهار، بۆ ئەمەش گریگ و ئایکۆی هاوڕێیی لەسەر هێڵی جەنگدا بوون، هەردەم ئاڵنگاری ئاگری دوژمن بوون، هەردەمیش لەئامادەیدا بوون، لەلایەکی دیکەوە چەکە تێکچووەکانیان چاك دەکردەوە و هێزشیان دەبرد و مردووەکانیان دەشاردەوە.

هەروەها ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگی ناروون بوونەوە، لەو کاتەی هاوپەیانە ئەفغانییەکان چایان دەخوارده و لەپاشاندا نوێژیان دەکرد، ئەمەش بەرنامەی پشتگیریی سەربازیی ئەمریکیان دوا دەخست، گریگ ئەمەی بەنیگەرانیەوە بۆ هاوکارە سەربازە ئەمریکییەکانی باس دەکرد، کە ئەمە جۆرێکە لە سانایی جەنگی ئەفغانی، هەروا دەتوانن ڕاهێنانیان پێ بکەن تا لە هێڵەکانی پێشەوە ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە، بەڵام ناکرێ ئەوەیان لەبیر بچێ لەو کاتەی نوێژ دەکەن یان چا دەخۆنەوە.

ئایکۆ توانی پەیوەندییەکی قووڵ ببەستێ بە هۆی کارە ڕۆژانەکانی بەتایبەت میلیشیا خێڵەکییەکان بەسترابوونەوە بەنوێترین هێزی ئاسمانی لە جیهاندا، هەموو ئەمانە لە هەموو ئەفغانستاندا دووبارە دەبوونەوە، بۆ ئەمەش تیمەکانی سی ئای ئەی توانیان جەنگاوەرە دێرینەکانی پێشتری سەردەمی پیشەسازی و فڕۆکەوانە نەبیندراوەکانی سەردەمی ئاسمانی بەیەکتر ببەستنەوە، لەو جەگانەی لەناکاو دەست پێ دەکەن و ئەنجامی باش بدەنە دەست، دیارە جەنگ و دڵنیایی خاکی ئەمریکی پەیوەست بوون بەیەکتریەوە.

لە یەکێك لـەڕووداوەکان دەورییـەکی بچـووکی چیچـانی توانیـان بەرپەچـی پیاوانی کارزای بدەنەوە، لەدواتردا رایان کرد بۆ ناو چیایەکان و لەوێشـدا گـریگ چاوەڕوانیان بوو، لەوێدا ئەو پیاوانە داوایان کرد هێرشی راستەوخۆ ئـەنجام بـدرێ، گریگ لەو کاتەدا ئاماژەی بە شوێنێك کرد لەو کاتەدا بۆمبێك لە ئاسماندا هاتـە خوار زریەیانی پارچە پارچە کرد.

ناخۆشترین رووداویش کـە ئـایکۆ رووبـەڕووی بوونـەوە کاتێـك لـە رێگـەی قەندەهار بوو کەچی لەلایەن هاوڕێکانیانەوە ئاگرباران کرا، لەو کاتەدا یەکێك لـە پیاوانی ئایکۆ پیلەکانی ئـامێری سیسـتەمی دیـاریکردنی شـوێنەکانی دەگـۆڕی لەجیاتی شوێنی دوژمن دەستنیشان بکات، شوێنی خۆیانی دەستنیشان کرد، لەو کاتەدا فرۆکەی ئەمریکی بۆمبێکی هاوێشتە ناویان، گـریگ هـەر زوو خـۆی بـە کارزای دادا تا بیپارێزێ، هاوکات چەند کەسێك لە تیمی ئـایکو و هاوپەیمانـەکان کوژران یان بریندار بوون.

هەموویان تووشی شۆك بوون، لەمکاتەدا تالیبان پالەپەسـتۆی خسـتە سـەر هێرشـەکە، بـەڵام پیـاوانی ئـایکۆ هـەر زوو خۆیـان کـۆکردەوە و گرنگیـان بـە بریندارەکان دا لە هەمانکاتدا شەڕیان دژ بە دوژمن دەکرد، ئەوانەی رزگاریان بوو بەرەو باشوور هەنگاویان نا واتە بەرەو قەندەهار.

لە هەمانکاتدا تیمی فۆرکس تروت و ملیشیا پشتۆنییەکان کە سەر بە غۆل ئاغای شیرازی بوون شەڕیان لە سـنووری پاکسـتان ئـەنجام دا و بـەرەو قەنـدەهار دەچوون، بەو شێوەیە هەردوو ملیشیای هاوپەیمان دوژمنیان گەمارۆ دا.

قەندەهار کەوتە دەستی هێزەکانی ئایکۆ و لەو رۆژی شەرمەزرای کارزای کە دەکاتە ١٩٤١ چووە ناو قەندەهار واتە لە رۆژی حەوتی کانوونی یەکـەمی ٢٠٠١

ئەو رۆژەش ناونرا بە رۆژی سەرکەوتن لەجیاتی رۆژی شەرمەزاریی. فۆکس تروت لەلای رۆژهەڵاتەوە چوونە پێش بەمەش تالیبان پایتەختە رووحییەکەیان لەدەست دا، ئەمەش دوا قەڵای مەدەنی دوژمن بوو لە ئەفغانستان، ئەمە لێدانێکی گەورە بوو لە مەلا عومەر و کۆمەڵەکەی، کە لەپاشاندا بەرەو سنووری پاکستان رایان کرد.

گریگ و تیمی ئایکۆ گەورەترین پرۆسەی تەجنیدکردنیان ئەنجام دا لە رێگەی کاری شاراوە، ئەمەش تۆمارێکە لە مێژووی سی ئای ئەی، بۆ ئەمەش ئاژانسەکە نیشانەی "ئەستێرەی هەواڵگری" بەخشی بەگریگ کە هاوتای مەدالیای شەرەفە، وەکە رێزلێنانێك بۆ سەرکردایەتییە جیایەکەی.

رقلێبوونەوە

دەکرێ رقلێبوونەوە، لە ئۆپراسیۆنی دژەتیرۆر و جەنگ رۆڵێکی بەرچاو ببینێ لە کۆکردنەوەی هەواڵگریدا.

تۆنی جێگری سەرکردەی تیمی دەلتای هاوبەش لەنێوان سی ئای ئەی و هێزی تایبەت، لە تشرینی یەکەمی ۲۰۰۱ تیمەکەی لە چیاکانی ناوەڕاستی ئەفغانستان دابەش کرد، ئەمەو تیمەکەی پەیوەندی بە میلشیا هەزارە سەر بەکەریم خەلیلی کرد، هەزارە پێشوازی لێ کردن، ئەوان ژمارەیەکی کەمی شیعەن لە ئەفغانستان، ئەوانیش چەوساندنەوەیەکی زۆریان بەدەست تالیبانەوە بینی بوو.

ویلایەتە یەکگرتووەکان رازیبوونی خۆی و پابەند بوونی قووڵی هەبوو بۆ جەنگەکە، بۆ ئەمەس دەلتا لە هەفتەکانی یەکەمدا ئامانجە سەرەتاییەکانی پێ

کا: لە کۆکردنەوەی هەواڵگری و قووڵبوونەوەی هاوپەیمانی و هاوکاریکردنی هاوپەیمانە ئەفغانییەکان لەو کاتەی تالیبانی شکست پێ هێنا لە هەرێمی بامیان، هەروا زاڵبوو بەسەر ئەو ڕێکانەی دەڕوانێتە ڕۆژهەڵات کە بەرەو کابوڵ دەڕوات.

هەروا دەی ویست کارێکی دیکە بکات.

تۆنی وەك گەنجێك درێژەیەکەی لە مامناوەندی کەمتر بوو، هەردوو شانی زۆر دیار بوو و قژیشی رەش، زۆر بەئاسانی خەندەی بڵاودەکردەوە، پێدەچوو رەزامەند بێ، هەردەم وەك بۆیەك سەیرم دەکرد کێکی باستا پێشکەش دەکرد لە یەکێك لە کافییەکان، وەك ئەوەی هەموو رێبواران رازی بکات هەردەم خەندە لە لێوانیدا بوو، پێشتر تەنیا لە رێگەی کارەکانیەوە ناسیم.

ئەو بە هۆی راهێنانە سەختەکان، وەك ئەوە وابوو بەرد بتوێنێتەوە، کاتێك رای دەکرد دەی توانی هەموو هێزی خۆی تیادا بەکاربێنێ تا دەگاتە شوێنی خۆی.

لەنێوەندی کانوونی دووەم هاوپەیمانە ئەفغانییەکان بەرەو فراوانی دەڕۆیشتن، رۆژ بەرۆژ دەسەڵاتیان زیاتر دەبوو، ئەوە جگە لە زاڵبوونیان لەسەر زۆربەی لاکانی وڵاتدا، بەو شێوەیە تالیبان و قاعیدە لە ترس و دڵەڕاوکێدا بوون، زانیمان ئوسامە بنلادن هەوڵدەدەن رابکەن، بەتایبەتی لە شکستیان لە تۆرا بۆرا.

لە کۆبوونەوەی ئەرکاندا فەرمانێکم دا کە " پێویستە هەواڵی زیاتر بدەین تا هەواڵگریان زانیاری لەسەر بنلادن و سەرکردەکانی دیکە پەیدا بکەن، ئێمە توانیمان ژمارە سێیان بکوژین، کە محەمەد عاتف و چەندانی دیکە بوو، بەڵام دەمەوێ هەموویان بکوژین".

یەکێك لە شیکەرەوەکان لـە بارەگـای سـەرکردایەتی لـە وەڵامـدا گـوتی " عیمادئەڵلا سەرۆکی هەواڵگری تاڵیبان نامەیەکی بە هۆی نێوەندەکانەوە ناردووە، دەیەوێ قسەی لەگەڵ بکەین، چ وەڵامێکی بدەینەوە؟".

پـێم گـوت "قسـە دەکـەین، پرۆتۆکۆلێـك ئـەنجام دەدەیـن، ئەگـەر تـوانی سەرکردەکانی قاعیدەمان رادەست بکات"، هیچ گومانم نەبوو قاعیـدە دوژمنـی ئەمریکایە، تاڵیبانیش تەنیا لە خزمەتیاندان، ئەگەر دەیانەوێ با نەبنە ئاستەنگ تا ببینە ئامرازێك بۆ لەناوبردنی قاعیدە.

لەپێشتریشدا عمادئەڵلا و لە زۆر کاتی جیـاواز ئـارەزووی لـەوە بـووە قسـە بکەین، وەك لە تەموززدا چەند مەرجێکی دیاری کرد، ویستیان بـەردەوام خۆیـان شایستە بن، لەوەش گرنگتر زیاتری دەویست لـەوەی بەرژەوەندییـەکانی ئـەمریکا پاساوی بۆ دەهێنێتەوە، ئەو جێگەی متمانە نییە، بەڵام هەلێکی پێ دەدەم، تەنیا بژاردەیەکی ساکاری دەخەمە پێش.

پرسیارم کرد" کێ کار لەسەر ئەو پەیوەندییە دەکات".

"تۆنی".

"باشە".

لەگەڵ تیمەکەم لە بارەگای سەرکردایەتی هـەموو وەرچـەرخانە کردەییـەکانم تاوتۆ کرد، رەزامەند بووم تا تۆنی لەگەڵ عمادئـەڵلا کۆبوونەوەیـەکی راسـتەوخۆ ئەنجام بدەن، دەبێ لـە کۆبوونـەوەی یەکـەم بۆمـان بسـەلمێنێ، ئەگـەر زانیمـان بیجوولێنین، ئەوا دەکەین بە سیخوڕێکی ئاراستەکراو، بۆیە ئەو کارە بکەن، هەروا پاداشتی ئەوانە دەکەین ئەگەر ئوسامە بنلادن و کەسانی دیکەمان رادەست بکەن.

بژاردەی دووەم: بەدیلگرتن و لێکۆڵینەوە کردن لەگەڵیدا.

"سێیەم، ئەگەر نەمان توانی دەستگیری بکەین بە هۆی بەرگریکردنی، ئەوا داوا لە تۆنی دەکەین هەموو ئەو شتانە بەکار بێنێ بۆ خۆپارێزی خۆی و تیمەکەی، بە شێوەیەکی دیکە بابیکوژن ئەگەر کات لواو بوو".

لە رۆژی پاشتر پوختەیەکم دا بە کۆفر و تینتی بەڕێوەبەر و هەموو بەشداربووانی کۆبوونەوەی کاتژمێر ۱۷:۰۰ کە لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی نهۆمی حەوتەم داوای رەزامەندیم نەکرد، بەڵام پێیانم راگەیاند وەکچۆن هەمان شتم لەگەڵ تیکەمدا کردووە، هەموو رووەکانم خستە روو هاوکات بلی ئەنجامە پێشبینیکراوەکانم کرد، کۆفر هیچ هەڵچوونێکی پێوە دیار نەبوو، چونکە تەنیا بەهاتنی ئەو واتە ئەوانی دیکە لێی دەترسن، ئەو هیچی نەگوت و ناچاریش نەبوو هیچ بڵێ، لەم کاتەدا تینیت جگەرەکەی خستە دەمی، کەس دژی نەبوو و کەسیش گفتوگۆی نەکرد.

هیچ کاتێك ئاماژەم بە ئەنجامەکانی نەکرد، وەك ئەوەی تۆنی و تیمەکەی بەدیل دەگرن و لەپاشاندا رووبەڕووی ئەشکەنجە و کوشتن دەبنەوە، لەدواتر قاعیدە وێنەیان بە ڤیدیۆ دەگرن و لە ئەنتەرنێت بڵاوی دەکەنەوە، ئەمەش بەزیەکی دیکەیە لەجیاتی ئەوەی لە شەڕدا بکوژرێن.

شوێنی کۆبوونەوەکەیان لە ناوچەی غازنی کێشە لەسەر دیاری کرد، کە زەوی حەرامە، ئەمەو تۆنی و سێ لە سیخوڕە ئەمریکییەکان و ژمارەیەك لە ئەفغانییەکان بەڕێ کەوتن سەرەتا بە ئۆتۆمبێل چوون لەپاشان بە پیادەیی تا بگەنە شوێنەکە، لە ماڵێك هیچ کات جیا نەبوو، ئەوەی سەیرە بریداتۆر بە هیچ

شێوەیەك وێنەی ئەو شوێنەی نەگرتووە، هیچ یارمەتییەکی ئاسمانیمان پێ نـەدان، ئەوان بەتەنیا بوو.

عمادئەڵڵا نەهاتە کۆبوونەوەکە بەڵکو یەکێکی لەجیاتی خۆی نارد، ئـەویش هەموو شتێکی دەزانی، بەڵام شکستی هێنابوو لەوەی هەواڵگری بۆ سوودوەرگرتن بەکار بێنێ، بە شێوەیەکی دیکـە هـیچ دەسـەڵاتێکی نـەبوو تـا لەگەڵیـدا رێـك بکەوین، هەروا ئارەزووی لەوە نەبوو خزمەت بەسی ئای ئـەی بکـات تـا بتـوانێ هەواڵی تاڵیبانمان بۆ بنێرێ، ئەو تەنیا فەرمانی سەرۆکەکەی جێبەجێ دەکا، هـیچ پێشبینیەك نییە تا لەو کۆبوونەوەدا لەسەری رێکبکەوین.

تۆنی پەیوەندی نەکرد تا رێنماییەکانی پێ بدەین، ئەو کاری خـۆی دەزانـێ، وەك دانایی لە کارەکان لەو کاتەی سەرکردایەتی دەوێ بەرپرسیاریەتییەکە بگرێتە ئەستۆ.

لەو کاتەدا ئاماژەیەکی دا تا تیمەکەی زاڵ بێت بەسەر مەفرزەکەی تاڵیباندا، هەموویان بەستانەوە و لەنزیك خانووەکە بەجێیان هێشتن، نوێنـەری عمادەڵـا لـە مافوورێك لوولدا، ئەمەو لەو دۆخەدا مافوورەکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد، تـا ئـەو شوێنەی کۆپتەرەکە دەنیشێتەوە بۆ هەڵگرتنیان.

بەندکراوە تاڵیبانییەکە لە ماوەی بیست و چوار کاتـژمێردا هـەموو شـوێنی سەرکردایەتی قاعیدە و تاڵیبانی ئاشکرا کـرد، ئـەوە جگـە لـەو شـوێنانەی کـە جبەخانەکان لە سنووری پاکستانەوە دێ، لەپاشان بە هۆی هەواڵگرییەوە جەختمان لەسەرچاوەکان کردەوە، داوامان لە فرۆکە بۆ بێ فرۆکەوانـەکان کـرد تـا هێرشـی بۆمب دەست پێبکەنەوە.

فرۆکە ئەمریکییەکان شوێنەکانی دوژمنیان خاپوور کرد، تەنیا گۆشت و ئێسك مایەوە، دەیان کەس لە تالیبان و قاعیدە لەناوبران، بریداتۆر لە کاتی هێرشدا وێنەی یەکێکی نیشاندایین کە بەپێیەکانی رای دەکرد، تا گەیشتە ماتۆڕسکلێك، ویستی رابکات، زۆر دوور نەکەوتەوە لەناو تەقینەوەیەکدا ون بوو، لە شاشەی ڤیدیۆ چاودێریمان کرد، لەدواتردا زانیمان ئەو عمادەللای سەرۆکی هەواڵگری تالیبانە.

ئەو رازی نەبوو بە خستنە رووەکەی ئێمە.

هەستکردن و کەسایەتی و شەرەف

باشترە لێك نزیککردنەوەکان گشتی بێ لە بەکارهێنانی کاری شاراوە وەك هەموو بابەتەکانی دیکەی کۆکردنەوەی هەواڵگری، کە پێویستی بە گۆچان وەشاندن دەکات، هەروا پێویستە جێبەجێکارانی کاری شاراوە ئارەزوومەندبن، بەڵام زۆر جار پێویستیان بە هاندان هەیە.

لەگەڵ هاوپەیمانە ئەفغانییەکان بەشداربوون لە تەجیندکردن و سەربازگیری تا سەرکردە خێڵەکییەکان بۆ لای خۆمان رابکێشین بۆ بەرژەوەندی کێشەکەمان، ئەوان بەردەوام پەیوەندییان هەیە لەگەڵ رۆڵەی وڵاتەکەیان هەتا لەگەڵ ئەوانەی نیشتەجێی ئەو شوێنانەن کە تالیبان زاڵە بەسەریاندا.

هێرشی ئاسمانی بەو شێوە وردییە وای کرد زۆرێك لە سەرکردەی خێڵە ئەفغانییەکان لایەنگری ئێمە بن، هەندێکیان باوەڕی تەواویان بە کێشەکەمان نەبوو، بەتایبەتی ئەوانەی خستنەرووەکانی ئێمەیان رەت کردەوە، هەروا

پرسیارمان لە سەرکردەی خێڵەکانی لاکانیی دیکە دەکرد بەتایبەتی ئەوانەی وازیان لە هاوڕێیەتی دەهێنا بەوەی ئایا ئارەزووتانە بمرن یاخود پاداشت وەربگرن؟ ئەمەو بە شێوەیەکی نیمچە گشتی ئارەزوویان لە پاداشت بوو، داوامان لێ کردن نیەتی تەواویان دژ بە قاعیدە بێت، بۆیە پێویستە سیخوڕیمان بۆ بکەن، هەروا تفەنگەکانیان دژ بەهاوڕێیەکانی ناو قاعیدە بەرز بکەنەوە، بەشێك لەوانەی سەرکردەی تالیبان بوون هاوشان بوون لەگەڵمان دژ بە قاعیدە دەجەنگان، هاوکات سوودی ماددیشی هەبوو بۆیان.

بە هۆی ئەو زنجیرە لەدوایی یەکە لە هێرشبردن و ترساندن و سەرکەوتن و پاداشت، لە کۆتایی ۲۰۰۱ رێژەیەکی گەورە بەرەو پێشەوە چووین.

لە کاتێکدا شەرف و هەستکردن و کەسایەتیی زۆر جار جۆرە ترسێك بوو لە گۆڕەپانی جەنگدا، بۆ ئەمەش سیوسیدیدیس ئەو بۆچوونە دەخاتە روو بەتایبەتی لە دەقە کلاسیکییەکەی بە ناوی "مێژووی جەنگی بیلۆبۆنیسیە" باسی لێوە دەکات.

بەدرێژایی هەوڵەکانمان کارەکە بەروونی بەدەرکەوت لەو کاتەی توانیمان سووپای خێڵەکییەکان سەربازگیر بکەین، ئەمەو بەهێنانی ۱.٦۹ ملیۆن رەتڵ چەك و جبەخانە و جلوبەرگ و خواردن و کەلوپەلی پزیشکیمان هێنا، هەموو ئەمانە بە پەڕەشووت هاتنە خوارەوە، ئەمەو لەنێوەندی ۱۱۰ باڵەی گەورە لە چل و یەك شوێندا وەرگرت، ئەمەش لەنێوان رێکەوتی ناوەندی تشرینی یەکەم و ناوەندی کانوونی یەکەمی ۲۰۰۱ بوو، سی ئای ئەی هێزی ئاسمانی رادەست کرابوو، بۆیە بەپێی پێویستی هاوبەشە ئەفغانییەکانمان پابەندبووین بە کارەکانمان.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی زستان سەرکردە خێڵەکییە ئەفغانییەکان پێویستیان بە داڵدە و جلوبەرگ هەبوو، هەروا بەبێ ئەوەش ناکرێ جێیان بێڵین و لەپاشاندا بجەنگن؟ لە ماوەی چل و هەشت کاتژمێردا هەموو پێویستییەکیان بە پەرشووت لە ئاسمانەوە بۆ هات، ئەمەش وای کرد ئەو سەرکردانە جێگەی متمانەی هاوڕێیەکانیان بن، لەتەك هەموو پێداویستییەکان چەکمان پێ دان و هەردەم هێزی ئاسمانیش لەلای خۆیەوە جۆشوخرۆشی پێ دان تا بەردەوام بجەنگن دژ بە قاعیدەی داگیرکەر، کە حکومەتەکەیان لەبن دەست دەرهێنابوو.

سی ئای ئەی ڕێزی هەبوو بۆ هاوپەیمانە ئەفغانییەکان و وەفادار بوو بەرامبەر بە هەموو بەڵێنەکانی، بۆ ئەمەش متمانە دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکردەی هاوپەیمانەکان بەجۆشتر کاریان لەسەر کەسایەتی و شەرفی خۆیان دەکرد، وایان سەلماند ئەوان بەهێزن لە بوونی زۆری جبەخانەکانیان.

هێزی ڕقلێبوونەوە وای کرد هێزی تاڵیبان بەرەو لاوازی بڕوات، هاوکات ڕۆژبەڕۆژ هاوپەیمانییەکانی تاڵیبان پارچە پارچە دەبوون، بەمەش قاعیدە هێدی هێدی لاواز دەبوو.

تۆرا بۆرا

لە کۆتایی تشرینی دووەم ئەوەمان زانی کە ئوسامە بنلادن و سەرکردەکانی دیکە لە جەلال ئابادەوە رایان کردووە بۆ سنووری پاکستان، لەوانەشە چوو بن بەرەو تاکە داڵدەیان لە چیایەکانی تۆرا بۆرا.

برنتس کە لەکابولدا بوو ڕۆژبەڕۆژ پێشکەوتنەکانی شکێنەری سەرەکانی دەخستە ڕوو، هەروا جۆنی جێگرەکەی نارد تا بنکەیەك لە جەلال ئاباد دابنێ، بۆ

ئەمەش جۆنی تکساسی باڵابەرز هەموو تیمەکەی لەگەڵ سیخوڕەکانی سی ئای ئەی و کۆماندۆسی سووپای ئەمریکی کۆکردەوە تا بەدوای جێی پێی بنلادن و پیاوەکانیدا بڕۆن، ستراتیژیەت و ئامانجمان ئەوە بوو هەر سەرکردەیەکی قاعیدە بکوژین، برنتس ئەمەی دەزانی بۆیە تیمە نوێیەکەی ناو نا جۆلێت تا ئەو بەرپرسیاریەتییە بگرێتە ئەستۆ.

پێشبینی ئەوەمان دەکرد ئەگەر زۆر پاڵەپەستۆ بکەین ئەوا بنلادن رادەکاتە پاکستان، ئەو سەرەڕایی ئەم هەموو ئاستەنگانەی خۆی کەسێکی جەنگاوەر نەبوو، هیچ کات نەوەستاوە تا بجەنگێ، ئەو کەسێکی ترسنۆکە، ئەگەر نەی کوژین یان بەدیلی نەگرین ئەوا رادەکا.

هەموو ئەوانەی لە دانانی نەخشەکان بەشداربوونە رایانم سپاردبوو، تا وێنەیەکی تۆبۆگرافی دورست بکەن بۆ هەموو رێڕەوەکان کە بەکار دێ بۆ چوونە پاکستان، سەرەتا وێنەی باراشیار وێنەی کێشرا، کە ناوچەیەکی بچووکی خاکی ئەفغانستانە و دەچێتە ناو پاکستان، ئەو ناوچەبە لە باشووری تۆرا بۆرایە، باشترین شوێنە تا دوژمن لەوێدا خۆی بشارێتەوە، چونکە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك قاخچییەکان ئەو رێگەیان بەکارهێناوە و رێگەکە سەدان کیلۆمەترە لەسەر سنووردا، بەم رێگەیە دوژمن دەتوانێ بچێتە ناو پاکستان. نەخشەکە دانرا، کە بەشێوەیەکی جوانی سیستماتیك نەخشێندرابوو وەك تابلۆیەك وابوو، هەموو وێناکانی زەوی و شوێنەکانی دوژمنی تیایدا دانرا بوو، لەگەڵ ئەو رێگایانەی کە پێشبینیکرابوو دوژمن لەوێوە رابکات، ئەم وێنەیە بەشێوەیەکی سێ رەهەندی بوو.

جارێکی دیکە چوومەوە نووسینگەی سپی و نەخشەکانم بەدەستمەوە بوو، واتە بۆ سەرۆك بۆش شی بکەمەوە کە رووبەڕووی چ ئالنگاریەك دەبینەوە لەسەر سنووری پاکستان، وەك پێشبینیکردن بۆ راکردنی ئوسامە بنلادن و بەشێکی دیکەی سەرکردەکان، هاوکات نووسینگەی سپی لەگەڵ ئەوەی جێگەی ئەوە نییە نەخشەی تیادا دەربێنیت، چونکە کورسی و مێزەکانی جوان و رازاوەن، لەنێوان سەرۆك بۆش و چینی دانیشتبووم، هەموو رووەکانم خستە روو.

سەرۆك پرسیاری کرد "ئایا رێگەیەك هەیە تا ئەو سنوورانە دابخەین؟".

"نەخێر گەورەم، هیچ سووپایەك لە جیهان ناتوانێ ئەو جۆرە سنوورانە دابخا کە زۆر دووورودرێژە هاوکات چیایە بەرزەکانی ئەو ناوچەیە، دەتوانین یەکەی چاودێری دابنێین، تا چاودێری هەموو پاشەکشەیەکی دوژمن بکەین، بەڵام لەوانەیە لەو زەوییە فراوانەدا ئاگادار نەبین ئەوانە رابکەن".

"بنلادن دەتوانێ بۆ کوێ رابکات؟"

ئاماژەم بە نەخشەکە کرد " لێرە لە نتو باراشینار".

سەرۆك پرسی "ئەی چی هەیە سەبارەت بە هاوپەیمانە پاکستانییەکانمان".

"من زاڵ نیم بەسەر ئەو بەشەی پاکستان".

"بنلادن ئێستا لە کوێیە".

"پێمان وایە بەرەو تۆرا بۆرا رۆیشتووین، ئەگەر ئێستا لەوێدا نەبێ".

سەرۆك "سوپاس".

لەپاش چەند رۆژێك، ئێستا ئێمە لە سەرەتای کانوونی یەکەمدایِن، برنتس پەیوەندی پێوە کردم و گوتی "ئێستا جۆن تیمەکانی لە بنکەی تۆرا بۆرا بڵاوکردۆتەوە، بنلادن لەوێدایە، کارەکە سەختە، جۆن داوا دەکات پیاوانی زیاتر بۆ بنێرین، ئەمجارەیان هاوپەیمانە ئەفغانییەکان ئەمکارەیان پێ ناکرێ، پێویستمان بە سووپای ئەمریکی یان ماترێنزە، پێویستە ٨٠٠ سەرباز بنێردرێ".

لێم پرسی " تۆ دڵنیایی؟ ".

وەك ئەوەی هاوار بکات : "بەڵێ دڵنیام".

"باشە".

"بروسکەیەك دەنێرم، ئەمە پوخت دەکەمەوە، با جۆن پەیوەندیت پێوە بکات، ئەو دەتوانێ ناوەڕۆکی زیاترت پێشکەش بکات".

"باشە، لە چاوەڕوانیدام".

زۆر جار وام لە پیاوەکانم کردووە لە مەیدان هەر کاتێك ویستیان دەتوانن قسەم لەگەڵدا بکەن، راستە ئەوان لەژێر فەرمانی مندان، بەڵام ئەوان لە گۆڕەپانی جەنگدان، کاری من دابینکردنی سەرکردایەتی و ئاراستەی ستراتیژی و پشتگیرییە.

لەپاش چەند کاتژمێرێك جۆن لە بنکەی تۆرا بۆرا بەو تەلەفۆنە قسەی کرد کە بەستراوەتەوە بە کەشتیی ئاسمانی.

"سڵاو سەرۆك، پێویستیمان بە پشتگیرییە"، بە دەنگێکی توند قسەی کرد، پێشتر بەو شێوەیە قسەی نەکردووە.

"بەڵێ برنتس پێی ڕاگەیاندم".

"دەتوانین ئەو حەرامزادەیە دەستگیر بکەین، بەڵام پێویستیمان بە پیاوانی دیکە هەیە، ئێستا پێویستمانە، هەندێك لە پیاوانی سوپامان بۆ بنێرە".

جۆن بەدووروودرێژەی باسی دۆخەکەی کرد، منیش هەموو تێبینیەکانم نووسی، لە کۆبوونەوەی کاتژمێر ١٧:٠٠ هەموویم بە کۆفر و بە بەڕێوەبەر نیشان دا لە رۆژی پاشتر پەیوەندیم بە جەنەراڵ تۆمی فرانکس کرد لە تامبا، بۆم باس کرد کە پێویستیمان بە چییە، ئەو نیگەرانیی خۆی دەربڕی لە نەبوونی پلان و ماوەی بڵاوەپێکردنی ئەم پشتگیرییە گەورەیە، منیش مکوڕ بووم لەوەی پیاوانی ئەمریکی لەتۆرا بۆرا ئازان، بەڵام نەم توانی جەنەراڵ فرانکس و هیچ کەسێکی دیکە رازی بکەم.

پەیوەندیم بە برنتس کرد و گوتم "بە نهۆمی حەوتەمم راگەیاند، هەروا بە جەنەراڵ فرانکسم راگەیاندووە، داواکارییەکەتم گەیاندووە، کەچی جەنەراڵ فرانکس جەخت لەوە دەکاتەوە لەوەی تیایدا سەرکەوتووین، واتە کارەکانتان لەگەڵ ئەو تیمە بچووکە و هاوپەیمانە ئەفغانییەکان بێ، هەروا باس لەوە دەکات کارەکە پێویستی بە پلان و کاتە تا ئەوانە بڵاوە پێ بکەین".

"نەفرەت"، برنتس زۆر وەڕس بوو، ئەو دووبارەی کردەوە منیش دووبارە بۆم باس کردووە چیم کردووە.

"گاری دەبێ بەردەوام لەوەی هەمانە، ناتوانین چاوەڕێ بکەین، هەر درەنگبوونێك کات دەداتە بنلادن تا رابکات، هەروا کاتی زۆر دەبێ تا هێرش بکاتە سەرمان، نازانین کەی هێرش دەکرێتە سەر وڵاتەکەمان، لەوانەیە ئێستا خۆیان بۆ ئامادە بکەن، نابێ بەنەرمی لەگەڵ دوژمن بجوولێینەوە، پشت

بەشاراوەیی و خێرایی ببەستە، بەوەی هەتە هێرش بەرە، هەروا لەوانەیە بتوانین لە ئاسمانەوە جبەخانەت بۆ بنێرین".

"بەڵێ قوربان".

برنتس و جۆن تیمێکی لە چوار سیخوڕ لەقووڵایی چیایی تۆرابۆرا پێکهێنا، هەروا چەند سەد یاردەیەك لە دوژمن نزیکبوونەوە، بنکەیەکی چاوێریان لەلای بەردەکان دانا، تا بڕوانێتە دۆڵەکە، ئەمەو دوژمن سەد لە سەد زیاتر بوون، چونکە لە هەموو چەکدارەکانیان لەوێدا کۆبوونەتەوە، ئێستا پشوو دەدەن، بۆ ماوەی سێ رۆژە بەردەوام فڕۆکەکان بۆردومانیان دەکات، لەپاشاندا دەست بە بۆمبارانکردن کرایەوە و زۆرێك لە پیاوانیان کوژراوە، لەوەش گرنگتر بنکەی قاعیدە خاپوور کرا.

ئەمە پرۆسەیە زۆر گرنگ بوو بەشێکی زۆری سەرکردەکانی قاعیدە تیاچوون، هەروا هیچ کام لە ئەمریکییەکان نەکوژران و بریندار نەبوون، بەڵام ئەم سەرکەوتنە تەواو نەبوون، چونکە ئوسامە بنلادن بەرتیلی دابووە بەشێك لە هاوپەیمانە ئەفغانییەکان، بۆیە رایکردۆتە پاکستان، واتە نتو باراشینار.

لەو کاتەی ئوسامە بنلادن رای کرد بۆ پاکستان، بەشێك لە رۆژنامەنووسە بیانییەکان لە تۆرا بۆرا بینی، ژمارەی ئەو رۆژنامەنووسانە لە ژمارەی سی ئای ئەی و سوپای ئەمریکی زیاتر بوون.

بۆ ماوەی دە ساڵ بەدوای دوژمنە سەرەکییەکەمانەوەین، بەڵام راکردنی بنلادن بووە بەشێك لە شەرمەزاریی سەرکەوتنەکانمان لە ئەفغانستان.

لەگەڵ ئەوەی ئێمە زیاتر لە دە هەزار کەسمان لە دوژمن کوشتووە، لەوانەشە زۆریش زیاتر بێ، توانیمان ژێرخانی سەرکردایەتیان بڕوخێنین، ئەوەی ماوە لە

قاعیدە و تاڵیبان رایان کردە ئەفغانستان، هەروا دەستمان گرت بەسەر زیاتر لە بیست بنکەی قاعیدە، بۆ ئەمەش لەرووی هەواڵگرییەوە بەکارمان هێنا، هەروا دەستمان گرت بەسەر تاقیگەی ئەنتراکس، هەروا رێگر بووین لە زۆرێک لە هێرشەکان بۆ سەر وڵاتەکەمان، لەلایەکی دیکەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ چەندینساڵ کاریگەری دەبێ چونکە دەستمان گرت بەسەر مۆڵگەیەکی هەواڵگری و رێگربووین تا دوژمن داڵدەیەکی هەبێ لەناو ئەفغانستان، ئەوە جگە لەوەی توانیمان زۆرێك لە سیخورەکانیان لە زۆربەی وڵاتانی دونیا بکوژین، هەروا ئێمە هاوکاری گەلی ئەفغانیمان دا تا خۆی رزگار بکات لە رژێمی تاڵیبانی چەوسێنەر، هەموو ئەمانە لە ماوەی سێ مانگدا ئەنجام درا، ئەمەش بە هۆی ١١٠ سیخوڕی سی ئای ئەی و لەوانەشە ٣٠٠ سەربازی هێزی تایبەتی ئەمریکیمان لە گۆڕەپانی جەنگدا لەگەڵدا بوو.

ئۆپراسیۆنی ئەناکۆندا

تیمە سەربەخۆییەکان کە لەپاش ١١-٩ بڵاوەمان پێ کرد، هاوکات هەموو هێزە سیاسییە خێڵەکانمان وەك کەرەستەیەك بەکار هێنا، بۆیە لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ لەگەڵ نەتەوەیەك بەدەرکەوت کە لەژێر سایەی تاڵیباندا خۆی رزگار کرد، هەروا لەگەڵ ئامادەیی بوون بۆ دانپیانان بە حکومەتی ئەفغانی، دانانی وێستگەیەك لە کابول، دەمان ویست سەرۆکی وێستگەکە کەسێکی بەتوانا بێ و کارایی دیبلۆماسی هەبێ تا بتوانێ بنکەی چەسپاو دابنێ، هەروەها پشتگیریی حکومەتی ئەمریکی بکات لە هەموو رووییەکەوە، یەکێك لە هەستم دابوو وەك دانانی ریچ لە جێگەی برنتس، بۆ ئەمە گاری کارێکی زۆر شاکارانەی

کرد، بەڵام ریچ زۆر باشترە بۆ ئەو کارە، چونکە ریچ کاری لەسەر کێشەی ئەفغانستان لە ماوەی دوو ساڵ و نیوێکدا کردووە، هەروا وەك سەرۆکی ویستگە لە سەرکردایەتیی مەیدانی کاری کردووە.

کۆفر رازی بوو لەوکاتەی بیرۆکەکەم بۆی باس کرد، ئەمەو ریچ یەکەم سەرۆکی ویستگەی ئەفغانستانی نوێ بوو، ئەمەو لە پێش جەژنی سەری ساڵی ٢٠٠١ بنکەکەی رادەست کرا.

لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ٢٠٠١ بەوەمان زانی کە بەشێك لە پاشماوەکانی قاعیدە و تاڵیبان لەپاش ئەوەی پاشەکشەیان کردووە، دواتر لەسەرووی دۆڵی شامای کۆت لە رۆژهەڵاتی باکتیا کۆبوونەتەوە، ئەم شوێنەش دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەفغانستان، ئەو شوێنە لە بەرزی دەهەزار پێ دایە، جگە لەوەی ناوچەکە زۆر سەختە، هاوکات ئەو شوێنە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك جێگەی شۆڕشگێران بووە، وەك تۆرا بۆرا خەڵکی ناوچەکە زۆر بەئاسانی دەتوانیت بیانکەیتە تۆڕی سەرچاوەکان، هەموو ئەوانەی لەو شوێنەدان، تەنیا بۆ هۆیەك لەوێدان یان بۆ خۆشاردنەوە یان بۆ شەڕ.

تیمێك لە سێ کەسی سی ئای ئەی و سێ کەسی دیکە لە ئۆپراسیۆنی تایبەتی یەکەی پسپۆڕییەکان رێکخست بۆ کۆکردنەوەی هەواڵگری سەبارەت بە دوژمن لەم دۆڵەدا، لەلایەکی دیکەوە شانزدە کەسی دیکە دانرا بۆ هەواڵگری ئاماژە و چاودێری و ئەفسەر و قەناس بەدەست و دانوستکار.

لە پێنجی شوباتدا لە نزیك کردبز لەتەك بەردە گەورەکاندا کۆبوونەوە، ئەمەش وەك شوێنەوارێکی بنکەی بازرگانی جیهانی لە نیۆریوك، لە کاتێکدا

ئاڵای ئەمریکی لەنێوەندی ئەو بایە ساردەدا دەشەکایەوە، لەولاتر و کەمێك دوورتر چیایەکان و لە دۆڵی شا –ئای کوت بەفر دەبریسکایەوە.

نوێژ بکەن:

سوپاسی خودا دەکەین، کە ئەم هەلەی پێ بەخشیووین، تا رێز لەو برایە ئەمریکیانە بگرین، لێرەدا گیانیان لەدەست دا، ئێستاش لەم شوێنەداین تا تۆڵەی مردووەکانمان بکەینەوە، کە بێ مانا لەناوبران، ئێستاش لێرە یادیان دەکەینەوە. خوا سەبووری بدات بە خانەوادەکانیان، ئەی خودا داوای بەرەکەتت لێ دەکەین، تا بتوانین بەرپرسانی ئەو کارە بدۆزینەوە، ئێستاش کار دەکەین بۆ لەناوبردنیان، تکات لێ دەکەین هەر یەك لە ئێمە بپارێزیت، بە ناوی یەسوع نوێژ دەکەین، ئامین.

لەپاشاندا بەڵێنیان دا:

ئەم شوێنە وەك یادەوەرییەك بۆ ئەمریکییە ئازایەکان دادەنێن، کە لە ١١ی ئەیلوولدا مردن، تا هەموو ئەوانەی دەیانەوێ ئازاری ئەمریکا بدەن، ئەوا ئێمە دەستەوەستان نین تا سەیری تیرۆر بکەین، لە هەموو پارچەیەکی دونیادا ئێمە بەتوندی وەڵامیان دەدەینەوە، تا بەرگری لە نەتەوە مەزنەکەمان بکەین.

هاوکات هەمووان کۆبوونەوە تا وێنەیەك بگرن، لەپاش دوو هەفتە دەقی نوێژەکە و وێنەکە لە نووسینگەکەم بوو.

سەیری وێنەکەم کرد کە پێکهاتبوو لە تیمێکی رەنگاورەنگ و لە ١٦ کەسی نیشتمانپەوەر بوون، ئەوان لەسەر پاشماوەی شارێکی ئەمریکی بەشانازییەوە وەستاون، وشەکانم خوێندەوە، دووبارە خوێندمەوە، بیرم لەوە کردەوە ئێمە سەردەکەوین بە هۆی ئەو پیاوانەوە، کە هەردەم لە خزمەتی وڵاتەکەمانن. ئەوان

لەخواترسن و عەشقی ئەو کارە ترسناکەشن، هەموویان سەرکردەن، گوێ بەوە نادەن ئەگەر لە سی ئای ئەی یان ئۆپراسیۆنی تایبەت بن، گرنگ نییە ئەگەر ئەفسەر بن یان سەرباز، گوێ بە هیچ کەسێکی واشنتن نادەن تا لێیان بپرسنەوە، تەنیا داوا لە خوا دەکەن، تەنیا دەیانەوێ ئاراستەیەکی ستراتیژی و کەرەستە و پشتگیری سیاسیان دەوێ، ئێمەش ئەوەی بتوانین بۆیان دابین دەکەین.

داوام لە یەکێك لە یاریدەرەکان کرد پێنج دانەی کۆپی بکەین، کە وێنە و دەقە دەگرێتەوە، دانەیەکم پێشکەش بە کۆفر و تینت و ماسی کرد، تەنیا دانەیەکم بۆ خۆم هێشتەوە، لە دیواری نووسینگەم هەڵواسی، دانەیەکیشم وەکە یەدەگ هێشتەوە.

لە سەرەتای مانگی ئازاری ۲۰۰۲ پوختەیەکم بۆ سەرۆك بۆش باس کرد، لەو کاتەی دەمان ویست هێرش بکەینە سەر دۆڵی شا-ئای -کوت لە ئەفغانستان، سووپای ئەمریکیش ناوێکی رەمزی بۆ ئەم هێرشە دانا بە ناوی "ئۆپراسیۆنی ئاناکۆندا" سەرکردایەتی ناوەندی سووپام گرتە دەست، لەپێشتریشدا جەنەرال فرانکس پوختەیەکی پێشکەش بە سەرۆك کرد، ئەو دەیویست گوێی لەسی ئای ئەی بێ.

جۆن ماکلافلین جێگری بەرێوەبەری سی ئای ئەی لەجیاتی تیبت هاتبوو، داوای لێ کردم پوختەیەك بۆ سەرۆك و چینی جێگری و رایسی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، پێشکەش بکەم، من نەخشەم لەگەڵ خۆم هێنا، سەرۆك و جێگرەکەی لەسەر دوو کورسی دانیشتن، وەك پێشتر کاتێك بچمە کۆشکی سپی بەگرمۆڵە دادەنیشم.

کاتێك دەستم بە ڕوونکردنەوە کرد نەخشـەکەم بـەکارهێنا، تـا شـوێنەکانی دوژمن لـە دۆڵ و چـیاییەکان دەسـت نیشـان بکـەم، هـەروا ڕێگـەکانی ڕاکـردنم دەستنیشان کرد، کاتێك دەیانەوێ بەرگری بکەن و ڕابکەن، ژمارەی ڕاسـتەقینەی جەنگاوەرەکانی دوژمنمان نەدەزانی، ئێستاش ئەو شوێنە گەورەترین شـوێنە کـە قاعیدە و تالیبانی تیادا کۆبۆتەوە، پێشبینی شەڕێکی سەختمان کرد، لەپاشـاندا پاشەکشە بۆ پاکستان دەکـەن، پێشـبینی کوشـتنی هـەموویان ناکـەین، یـاخود بەشێکی زۆریان بکوژین، یان بـەدیلیان بگـرین، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو کەشـە نالەبارەیە کە تیایداین، هاوکات تەم هـەموو لایـەکی گرتۆتـەوە بەمـەش هێـزە ئاسمانیەکان بەتەواوی هەموو شتێك نابینن، لەلایەکی دیکـەوە تـوڕی ڕاکردنیـان گەلێك زۆرە، لەوانەیە بچنە ناو خەڵك یان بەرەو پاکستان بڕۆن، وەکچۆن لە تـۆرا بۆرا هەمان شتیان کرد.

لە پێشکەشکردنی پوختەکەدا باسی کاری هەواڵگریم کرد، باسیشم لەوە کرد کە هێزێکـی هاوبـەشمان لـە سـی ئـای ئـەی و ئۆپراسـیۆنی تایبـەت هەیـە کـە پشکێنەرانی ئەفغانی هاوشانیانە، ئەوە جگە لەوەی بریداتۆر توانیویەتی هـەموو دۆڵەکە رووماڵ بکات، چونکە تا ئێستا ئێمە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بەکاردەهێنین، تەنیا یەکێکیان چەکی پێوە کراوە.

لە کۆتایی پوختەکەمدا سەرۆك لێی پرسیم "جۆشوخرۆشی پیاوەکانمان چۆنە، هانك؟".

"زۆرباشە بەڕێز سەرۆك".

سەرێکی لەقاند و گوتی : سوپاس.

کاتێك کۆشکی سپیم بەجێ هێشت هەستم کرد نارێکییەك لە وەڵامەکانم هەیە، راستگۆیانە بوو بەڵام تەواوکاری نەبوو، چونکە سەرۆك پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر هەیە، نەك ئاماژەیەك مانایەکی هەبێ، هەروا پیاوانمان زۆر شایستەن.

بۆ رۆژی دواتر لەگەڵ جێگری بەرێوەبەر چووینەوە کۆشکی سپی، ئەمەو دوا پێشهات و پێشکەوتنەکانم پێشکەش بە سەرۆك و تیمەکەی کردەوە، بەتایبەت دوا پێشکەوتن لە دژی تیرۆردا لە ئەفغانستان و ناوچەکە، لەدواتردا وێنەیەك و چەند کاغەزێك لە جانتاکەم دەرهێنا.

"سەرۆك دەتوان وەڵامێکی باشترت بدەمەوە سەبارەت بەو پرسیارەی دوێنێ کردت".

"بێگومان" ئەو دەستی درێژ کرد و هانی دام.

وێنەیەکی هەر شانزدە کەسم نیشان دا، هەندێکیان چەکدار بوون، لەبەرامبەر چەند بەردێك و ئاڵای ئەمریکادا بوون.

"سەرۆك ئەوانە بەشێك لەو پیاوانەن کە تۆ دوێنێ سەبارەت بەوان لێت پرسیم، باسی جۆشوخرۆشی ئەوانت دەکرد، ئەم تیمە تێکەڵەی سی ئای ئەی و ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکانن، وەك چاودێر لە ئۆپراسیۆنی ئەناکۆندا کار دەکەن، ئەم پارچە بەردانەش پارچەیەکی دەگەڕێتەوە بۆ بنکەی بازرگانی جیهانی لە نیۆریۆرك، ئەوان بەڵێنیان داوە، ناتوانیت پیاوانی سی ئای ئەی و ئۆپراسیۆنی تایبەت جیا بکەیتەوە، بەو واتایەی پشتی یەکتریان گرتووە، تکا دەکەم، گوێم لێ بگریت تا بزانیت ئەوان چیان گوتووە.

بەڵێنەکەم خوێندەوە تا ئەو کاتەی قورگم گیرا.

"بەڕێز سەرۆك، ئەو وێنە و وشانە وەڵامی ئەو پرسیارەتە کە دوێنێ کردت".

بۆ ماوەی چەند چرکەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا گرت.

ئەو کاغەزەی بەڵێن و نوێژەکانی تیادا نووسرا بوو، دام بە سەرۆك، لەدواتردا زانیم لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لەتەك کۆشکی سپی هەڵیواسیووە.

هەموو ئەو باسانەی پێشتر خستمە روو، مانای ئەوە نییە کەسێك لە ئەمریکییەکان نەکوژراوە، یان هاوپەیمانەکان تووشی زیان نەبوونەتەوە، لە کاتێکدا بە هۆی ئاگری هاوڕێیەکانەوە زۆرێك لە ئەفغانییەکان کوژراون، هەروا بەشێك لە مغاویرە ئەمریکییەکان لەنزیك لێواری رۆبرتس کوژراون، ناوەکەشی وا لێ نرا وەك رێزلێنانێك بۆ نیل رۆبرتس.

چاودێری پەخشی زیندووی ڤیدیۆیی بریداتۆرمان دەکرد، لەو کاتەی کۆپتەرەکان دەنیشنەوە، لەگەڵ ئەوەی شەڕ لە لێواری رۆبرتس بەردەوامە، ڤیدیۆیەکەمان بۆ سەربازەکانی تامبا نارد، بەتایبەتی ئەو کاتەی مەغاویرە لە شوێنێکدا گۆشەگیر بوو بوون، کاتێك ئێمە ویستمان پشتگیریان بکەین، بریداتۆر مووشەکی هلفایر لە دوژمن وەشاند لەدووری سەد یاردە لە مغاویرەکان، هێرشی دوژمنی دانەمرکاندەوە، ئەمە جاری یەکەمە تیایدا فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوان بەسترابێتەوە بە چەك، تیایدا پشتگیری ئاسمان و زەوی دەکات، کاتێك لەگەڵ هێزی نەیاردا لە جەنگداین.

لەپاش چەند هەفتەیەك لە ئۆپراسیۆنی ئەناکۆندا، یەکێك لە سەرچاوەکانی سی ئای ئەی رای گەیاند کە چەند جەنگاوەرێکی بیانی لە یەکێك لە گوندە ئەفغانییەکانە، سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند ئەو جەنگاوەرانە رزگابووەکانی ئۆپراسیۆنی ئەناکۆندان، ئێستاش پلان دادەنێن بۆ راکردن، ئەمەو دەریاوانی

ئەمریکی بەپێی ئەم سەرچاوەیە دەستی بە جوولە کرد، کە سەرچاوەیەکی مرۆیی ئەو هەواڵەی گەیاندووە، لەم کاتەدا فرۆکەی ئاورایۆن بی -٣ وەك چاودێرێك بەسەر گوندەکەدا هاتوچوو، تاقمەکە ئاسمانییەکە بینیان سێ ئۆتۆمبێلی دوژمن گوندەکە جێ دەهێڵن و بەرەو باشووری رۆژهەڵاتی پاکستان دەڕۆیشتن، بۆ ئەمەش بۆ بی -٣ کاتێك دانرا تا هێرش بکات، بریداتۆر بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك چاوێریەکی وردی دەکردن، وێنەکان ئەوەی نیشان دەدا هەموو کەسەکان پیاون، کاتێك وەستان بۆ میزکردن تیمێکی مەغاویری سەربازی لە فرۆکەخانە باگرام لەئامادەیدا بوون تا بە هیچ شێوەیەك نەهێڵن کاروانەکە سنووری پاکستان ببڕێ، لەپێش ئەوەی بگەن بە سنوور تیمێکی بچووکی سی ئای ئەی و ئەفغانییەکان گەیشتنە ناوچەکە تا رێگری بکەن لەو کاروانە، ئەمەو تیمەکە بە خۆیان و ئۆتۆمبیلەکانیان گەیشتنە ئەو شوێنەی بۆیان دیاریکرابوو، لەپاشاندا دوژمن رێگەکەی خۆی گۆڕ کاتێك تیمەکەمان رێگربوون تا لە سنووری پاکستان بپەڕنەوە، ئەمەش وای کرد ەربازان و مغاویری دەریایی کاتێکی زۆریان بەدەستەوە بێ.

بە نزیکبوونەوەی کۆپتەرەکانی مغاویری دەریایی لە دوژمن، توانیمان بە کامیراکانی بریداتۆر زیاتر زاڵ بین، لەو کاتەدا کۆپتەرەکە نزم بۆوە و مەغاویرەکان شێوەی هێرشەکەیان بە جۆری (ا) پێکهێنا، شەڕ دەستی پێ کرد، هەموو پیاوانی دوژمن لەوێدا کوژران، لە ریزەکانی ئەمریکیش هیچ کەسێك نەپێکرا.

هەموو کوژراوەکان چیچانی بوون، جبەخانەیەکی سەربازی ئەمریکیان پێ بوو، ئەوان لە ئۆپراسیۆنی ئەناکۆندا دەستیان بەسەردا گرتبوو.

سی ئای ئەی لەنێوەندی چل و هەشت کاتژمێردا چەندین سەرچاوەیەکی دیکەی دەست کەوت، پێشهات و پێشکەوتنەکان دەخرایە روو، هەردەمیش هەموو بابەتەکانمان بە مغاویری دەریایی رادەگەیاند، ئەمەش نموونەیەکی دینامیکییە بۆ هەوالگری و شیکردنەوە و سەرکەوتنی کۆتایی بۆ بەکارهێنەر.

ماڵئاوایی

لە حوزەیرانی ٢٠٠٢ دوا گەشتم بۆ ئەفغانستان کرد وەك سەرۆکی بنکەی دژەتیرۆر-ئۆپراسیۆنی تایبەت، سەردانی مەزار شەریف و کابوول و قەندەهالار و خۆست کرد، هەروا چووم بۆ قەڵای جانجی کە لەوێدا مایك سبان گیانی لەدەست دا، بەرێز و ستایشەوە لەوێدا وەستام بۆ هەمووان و ئەو ئەفغانیانەی کە لەو یاخیبوونەدا کوژران.

کاتێك چووم بۆ خۆست و قەندەهار ریچ لەگەڵمدا بوو، ئەو وەك سەرۆکی وێستگە کارێکی مەزنی کردبوو، کاتێك گەیشتبووە لەژێر فەرمانی خۆیدا لە کابوول ئەوەیٚ تۆڕێکی پەرتوبڵاوی کۆکردبۆوە، هەروا هاوکاری ئەفغانییەکانی کردبوو لە پێشخستنی بەرێوەبەری ئاسایشیان دژ دەرکەوتنەوەی تالیبان لە وڵاتەکەیان، لەتەك ئەمەشدا کاری لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و بەرگری کردبوو، ئەو دوو وەزارەتە بەخێرایی لە ململانێدا بوون لە وڵاتێکی هەژار و حکومەتێکی دڵسۆز و کارا.

لەنێوەندی گەڕانەکانم سەرم سوڕما بووم بەو ئاشتییە رێژییە لەتەك پێشبینییەکانی گەلی ئەفغانی لەمەڕ پشتگیریی ئەمریکی و نێودەوڵەتی، ئەوان پێویستیان بە پشتگیری ئێمە هەبوو، چونکە دوای چەند ساڵێك لە جەنگ

ئەفغانستان شوێنێکی بێ ئومێد دەبێ، کەمێك کارەبا هەبوو، زۆر بێ ئومێد بووم لە درەنگ بەدەنگەوە هاتنی پەرەپێدانی وڵات، ئەمەو بەپێی سیستەمی ئێمە ناکرێ ئاژانسە نا سەربازییەکان ئامادە بن، لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی دەرەوە و ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی زۆربەی فەرمانبەرانی لە کابوول دانابوو، بەڵام لەمەیدان نا، لە کاتێکدا حکومەتی خۆجێی و پەرەپێدان هەمان گرنگیان هەیە یان زیاترە.

لە مانگی پێشوودا سەرۆك بۆش پرۆژەی مارشالی بۆ ئەفغانستان دانا، بەڵام لەم گەشتەمدا شتێکی وام نەبینی جێگەی رێزی ئەو بەڵێنە بێت.

لەگەڵ ریچ گفتوگۆی ئەوەم کرد کە چۆن کاری شاراوە شێوەیەکی پەراوێزخراو بێ، لە کاتێکدا تەواوکاری سیاسەتە لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی دیکە، تەنیاش کوڕانی سی ئای ئەی ژمارەیەکی دیاریکراوی پەرشوبڵاویان لە سووپا هەیە لەناو ئەفغانستاندا، تا ئەو دەستکەوتانە بپارێزن کە بەدەستمان هێناوە.

لەگەڵ ریچدا چووینە لای کارزای و کۆبووینەوە ئەو رێزێکی زۆری هەبوو، هاوکات پرسیاری ئەوەی کرد کە ئایا ئەمریکا چ پلانێکی هەیە بۆ ئەفغانستان، باسی چەند هەڕەشە کرد کوە بە هۆی فراوانی وڵاتەوە قاعیدە دالدەیەکی لە پاکستاندا هەیە، هاوکات باسی ئێران و رووسیا و چین و هیندمان کرد، گفتوگۆکەمان زۆر درێژتر بوو لە وەڵامەکان.

لە رۆژی کۆتایدا هاوبەشە ئەفغانییەکانمان داوەت کرد لەنێویاندا ئەندازیار عارف و ئەمرڵڵا، ئەمەش لەدوای نیوەڕۆیەکدا و لەژێر درختەکاندا و لەوێشدا جووگەیەك لەئاوی ساف و سارد کە دەشتاییەکانی باکوور دەهات دانیشتین، بۆ

ماوەی چەند کاتژمێرێك باسی هەوڵە هاوبەشەکانمان کرد و پرسیارمان سەبارەت بە داهاتوو دەکرد.

ئەوان زانیان کارەکەم لە کۆتاییدایە، هەندێك وێنەمان گرت، هەروا مافوورێکی جوانیان پێ بەخشیم و لەپاشاندا ماڵئاوایمان لەیەکتر کرد.

عارف لە پۆستەکەی لادەبرێ بەو پێیەی تۆمەتبار کرا بەگەندەڵی ئەمەو لەپاش چەند ساڵێك لە پەلەرماندا هەڵدەبژێردرێ، ئەمڕۆ پۆستی بەرز دەکرێتەوە دەبێتە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی نیشتمانی، ئەو بەئازایەتی خزمەت بەوڵاتەکەی دەگەیەنێ، لەپاش چەند ساڵێك دەست لەکار دەکشێنێتەوە دژ بە کارزای و لاوازی سەرکردایەتییەکەی.

ریچ نیشانەی ئازایەتی پێ دەبەخشرێ لە ئەفغانستان بۆ دووبارە دامەزرێنەوە وەك سەرۆکی وێستگە، ئەو تا خانەنشین بوونی خزمەتی کرد واتە تا ساڵی ۲۰۰۷، ئەو بەوە جیا دەکرێتەوە کە سەرۆکی وێستگەی پێنج وڵاتی توند و تیژ بووە.

بەشی یانزدەیەم

دوورتر لە ئەفغانستان

زیاتر لە شەڕ دەزانین نەك لە ئاشتی، زیاتر لە كوشتن دەزانـین، نـەك لـە ژیان...

عومەر.ن. برادلی

زۆربەی ئەوانەی بەزیندوویی مانەوە لە پاش تۆرا بۆرا بەرەو پاکستان ڕۆیشتن، هاوپەیمانە پاکستانییەکان بەشێك لەوانەی دەستگیر کرد، بەڵام نەیانتوانی ئوسامە بنلادن دەستگیر بکەن.

لە مانگەکانی دی و ساڵانی دواتر چەندین سەرکردە و پیاوانی قاعیدەیان دەستگیر کرد، لەنێویاندا ئەبو زوبێدە ئەو لە ئازاری ٢٠٠٢ لە فەیسەڵ ئاباد دەستگیر کرا، لە دواتر چەند کەسێکی دیکە دەستگیر کران وەك ڕەمزی بن شیبە کە لە کراتشی لە ئەیلولی ٢٠٠٢ گیرا، هەروا هاوپەیمانە پاکستانییەکان پلانگێڕی هێرشەکانی ١١-٩ بە ناوی شێخ خالید محەمەد لە هێرشی ڕەوالبندی لە ئازاری ٢٠٠٣ دەستگیر کرا.

سەرکەوتنەکان لە ئەفغانستان لەڕووی خاپوورکردنی داڵدەکانی قاعیدە دەستمان بەسەر گەنجینەیەکی هەواڵگری داگرت، لە لێکۆڵینەوەیەکی بەبەردەوامی و فراوانی ئەنجام درا، ئەمەو سی ئای ئەی و دەزگا هاوپەیمانەکان لە ساڵانی دواتردا سەدان کەسیان لە دەوڵەتدا گرت، بەمەش کاری هەواڵگری و شاراوە پەیوەستە بە سوویا و دەزگای چەسپاندنی یاسا، بەبێ سەرهەڵدانی هێرشە تیرۆریستیەکان، ئەمەش زۆرێك لە گیانەکان دەپارێزیت و ناژمێردرێ.

بەڵام ئەم دوژمنە نەرمە و گونجاون هەردەم هەوڵدەدات داڵدەی دیکە بۆ خۆی پەیدا بکات، هەروا کارەکانی پێش دەخا سەبارەت بە ئەجندا و خستنەڕووی، ئەمەش تەنیا لە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەگەڵ کۆفر بەردەوام بووم تا سەرەتای کانوونی دووەمی ۲۰۰۲ هەردەم گفتوگۆمان دەکرد سەبارەت بڕیاری سەرکردایەتی پەیوەست بە راودونانی سەرکردەکانی قاعیدە، هەر تەنیا لە ئەفغانستاندا نا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا، هەموو بڕیارەکانی سەرۆك پراکتیك دەکرێ ئینجا لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێ، بۆ ئەمەش پارێزەری کۆشکی سپی و سی ئای ئەی باسیان لەوە دەکرد کە بڕیاری سەرۆك تەنیا پەیوەندی نییە بە کاری شاراوە، بەڵکو ئەمە ڕێگەپێدانێکی جیهانییە.

لەپێشتردا کارلمان دەست نیشان کرد وەك سەرۆکی تیم لە یەکێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەویش ئەفسەرێکی پێشووە لە هێزی تایبەتی سووپا ئەمریکی و شارەزایی کردەیی هەیە هەر یەك لە ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو یەکێکە لە سەرکردەی لقەکانی دژەتیرۆر کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا لە لقەکانی دژ بە قاعیدە کاری کردووە.

کارل یەکسەر دەستبەکار بوو، هەر بەزوویی چەندین کەسی تەجنید کرد و تیمێکی بچووکی لە سیخوڕەکان دانا، هەروا کاری لەگەڵ رۆژهەڵاتی خوارروو کرد، تا دڵنیایان بکاتەوە ئەوان هاتوون تا کار و هەوڵەکانی ئەوان تەواو بکەن، نەك رووبەڕووبوونەوەی سیخورە مەیدانی و سەرکردەکانیان، بنکەی دژەتیرۆر ویستی کارەکانی باشتر و بەجۆشتر بکات بەتایبەتی سەبارەت بە ئۆپراسیۆنەکانیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەمەش کارل چووە ناو بەراوردکارییەکی هاوبەشس لەگەڵ ئۆپراسیۆنی تایبەتی ئەمریکی، پارەیەکی پێویست دەستنیشان کرا و یەکەیەك لە بارەگای سەرکردایەتی دانرا کە ببێتە پاشکۆی بنکەی دژەتیرۆر-ئۆپراسیۆنی تایبەت، هەروا چەندین ستیچی چاودێریمان لەدەرەوە دانا، بەڵام ئەمە بەس نەبوو بۆ رووماڵکردنی بەردەوام.

بۆ کارلم روونکردەوە کە ستراتیژییەکانمان بۆ لەناوبردنی سەرکردایەتیی دوژمن و شوێنی دالدەکانیانە، کە هەردەم بەو ئامرازانە دەتوانن دانیشتووان لە خۆیان نزیک بکەنەوە، کارل پێویستی بە زۆرێك لە رێنماییەکان نەبوو بە هۆی ئەزموونی لە دژەتیرۆردا، هەروا بەخێرایی پلانی پێشکەوتنی کردەیی رێکخست، واتە هەموو شتێك سەبارەت بە کۆکردنەوەی هەواڵگری تاکلایەنە بۆ ئەمەش بەرنامەی راهێنانی دانا بەتایبەت بۆ هاوتا ناوچەییەکان، لەتەك ئەمەشدا تیمەکەی، تیمێکی پزیشکی لەگەلدابوو تا بتوانن بچنە ناو ناوچە خێلەکییەکان تا نیەتە باشەکانی دانیشتوانی ناوچەکان وەربگرن.

ئامانجی یەکەممان سەرکردایەتیی قاعیدە بوو بەتایبەتی ئەو سەرکردانەی بەرپرسن لە کوشتنی ئەمریکییەکان، دواتر مکوڕ بووم لە لەناوبردنیان، لەو کاتەی چەند کتێبێکم بینی سەبارەت بەو کارەساتە.

لە کۆتایی ۲۰۰۲ دوای چەند مانگێك لە رۆیشتنم لە بنکەی دژەتیرۆر، کارل هەموو تیمەکانی هەواڵگری یەکخست کە هۆیەکن بۆ سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری، زۆربەی کارە شاراوەکانیان زۆر بەوردی ئەنجام دەدا.

بەوشێوەیە تواناکانمان زیاتر دەبوو بۆ دۆزینەوەی دوژمن و بەگژداهاتنیان، لە هەندێك شوێن شەڕەکە گەورە دەبوو، بەتایبەتی ئەو شەڕانەی لەناو خەلکیدا روو دەدەن نەك لەنێوان سوپاکان، منیش ئەمەم بۆ هەموو جیهان سەلماندووە، پێویستمان زۆرتر بە خەلکییە تا لەتەکماندا بن، تەنیا ئەوەندە بەس نییە تا یەکێك دەستنیشان بکەیت و بیکوژیت، ئەو کاتە لەوە تێگەیشتم کاتێك لە ئەفغانستان جەنگاین، تیایدا بنەما و ستراتیژیەتمان تێکەل بەیەکتر کرد، لە هەموو ئەمانەشدا تەنیا شتێك هەیە پێویستی بە توێژینەوە و تێگەیشتن هەیە و هەردەم پرسیار دەکەم: ململانێی مرۆڤایەتی بەرەو کوێ دەچێ.

بەشی دوانزدەیەم

تافل

لە نیشانەکانی هەستیی رۆشنبیر، وەرگرتنی بیرۆکەیە، بەبێ ئەوەی پەسەندی بکات.

ئەرستۆ

لەنێوەندی حوزەیرانی ٢٠٠٢ شێوە کردەیی و سیاسی لە ئەفغانستان کەوتە نێو قەیرانێکی ناسایشی نیشتمانی ئەمەش گوازرایەوە کاری نیشتمانی، تەنیا نۆ مانگ لەپاش هێرشەکانی ١١-٩ لەتەك قورسایی سیاسەتی ئەفغانی و ئۆپراسیۆنەکانمان، کەچی هێزی سیاسیمان بەرەو عێراق هەنگاوی نا.

دەبێ بژاردەی پیشەیی لەم ژینگە دیاریکراوە نوێیە چۆن بێ؟

رۆب رینچەر سەرۆکی بەشی داهاتە مرۆییەکان لەپێش چەند هەفتەیەك لە چوونم بۆ ئەفغانستان بانگی کردم.

گوتی " هانك وەزارەتی بەرگری دەڵێت دەتوانیت لە بنکەی دژەتیرۆر-ئۆپراسیۆنی تایبەت بێنتەوە، یان کارێکی دیکە بگریتە دەست، تۆ کارێکی زۆر باشت کردووە، تەنیا دەتوانیت پێم بڵێت چیت دەوێ".

"سوپاش رۆب، دەگەڕێمەوە لات".

رۆب رۆڵێکی سەرەکی بینی بە گرنگیدان بە کارمەندانی بنکەی دژەتیرۆر-ئۆپراسیۆنی تایبەت، لەگەڵ ئەوەی بەشەکانی دیکە رێگەیان نەدەدا ئەفسەرەکانیان بگوازرێنەوە بۆ یەکەکەمان، ئەمەش هاوکارێك بوو لە ساڵی رابردوودا لەناکاو بگەڕێمەوە بۆ ناو خانەوادەکەم، تا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نیشتەجێ بم.

زۆر بەدڵفراوانییەوە هەموو بابەتەکانیان بۆم خستە روو، من سوپاسیان دەکەم، لەمەوەش زۆر وەڕس بووم لەوەی سەردانی ئەفغانستان بکەمەوە، مانەوە و رۆیشتنم بەندە بە نهۆمی حەوتەم، پێشبینی ئەوەم دەکرد، شتێکی زیاترە لە ئەفغانستان، لەوانەشە داهاتووم تێکەڵ بووبێ بە ئەفغانستان، چونکە تا ئێستا جەنگ کۆتایی نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەی درکم بەوە کردووە ئەمجۆرە شەڕە هیچ

کاتێك کۆنایی نایەت، ئەمە جەنگی جیهانی دووەم نییە سەرکەوتن تیایـدا بـەدی بێت، تا لە رۆژی سەرکەوتندا لە ئەورووپا ئاهەنگ بگێڕیت، یان رۆژی سەرکەوتن بەسەر ژاپۆندا یاد بکەینەوە، ئەمە وەك ئەوە وایە لەگەڵ پەتایەك بجەنگیت، یـان ئەوەتا پەتاکە لە رەگەوە دەربهێنیت یان تا رووبەڕووی یـەکێکی دیکـە ببیتـەوە، ئیجا بەهەر شێوەیەك بێ دەبێ لە جەنگدا بیت.

زۆرێك لـە سـەرکردەکانی قاعیـدەمان لـەناوبرد، بـەڵام ئوسـامە بـنلادن و جێگرەکەی ئەیمەن زەوهیری، تا ئێستا زینـدوون و زاڵ بەسـەر رێکخسـتنەکەیان، هەواڵگرییەکان باسیان لەوە کرد کـە قاعیـدە بـەرەو پاکسـتان رۆیشـتووە، لـەو شوێنانەشن کە تا ئەو پـەڕی خێڵـەکین بەمـەش دالدەکـەیان سـەقامگیرە و ئـەو ناوچەیەش تا ئێستا لە سەرەتادان، بۆیە قاعیدە و تالیبان ئەو هەلەیان قۆستۆتەوە تا لەکۆمەڵگە هەژارەکاندابن، چونکە دوورە لە زاڵبوونی یاسا، ئێمەە نـەمانتوانی ئەم بابەت چارەسەر بکەین، بەڵام ئەوە دەزانین قاعیدە تا ئێسـتا توانـای هەیـە، سەرەڕایی ناتوانێ پلان دابنێ بۆ هێرشی دیکە، زۆر لقوپۆپی دیکەی قاعیـدەمان لە مەغریب تا فلیپین هەڵوەشاندەوە، بەڵام تا ئێستا کارەکـە کۆتـایی نـەهاتووە، بەتایبەتی لە ئەفغانستاندا، ئەمەش پێویستی بە چارەسەری بەردەوام هەیە، جگە لەوەی سەرکەوتن چەند ساڵێکی دیکەی دەوێ.

نـەمان تـوانی ئامانجـە سـتراتیژییەکان بەتـەواوی بپـێکین بـۆ نەهێشـتنی یـاخیبوون، ئەمـەمان لەگـەڵ فـرانکس لـە ئـەیلوولی ۲۰۰۱ بـاس کـرد: بـۆ رەشـکردنەوەی سـەرکردایەتیی دوژمـن و بێبەشـکردنی لـە دالدالـەکانی و ئـەو دۆخانەی کە دەیقۆزنەوە.

کەچی مکوڕبوون سـەبارەت بـە ئەفغانسـتان هێـدی هێـدی ون دەبـوو، لـە هەمانکاتدا بابەتی عێراق خۆی دەهێنا پێش، کەس نەی پرسی لەبارەی بۆچـوونی

من، هەروا منیش شتێکی وام سەبارەت بە عێراق نەدەزانی، ئەم دەویست بەشدار بم لەو ململانێیە، کە بەرەو بۆگەنی بوون دەڕوات، بەڵکو خۆم لەنێوەندی خۆمدا خۆم بخومەوە.

تووشی گومان بووم سەبارەت بە سیاسەت و داهاتووی رۆڵی سی ئای ئەی لە ئەفغانستان، هەوڵم دا تێبگەم سەبارەت بە ئاستی سیاسەتی گەورەکان، بەڵام تۆڕە دینامیکییەکان لەلایەن کۆماندۆسی کاری شاراوە بارێکی گرانی کەوتبووە سەرشانی، هێزەکان گۆڕ بۆیە ئەگەر بمێنمەوە ناتوانم کارێکی زۆر بکەم، ئەم کارەی منیش بۆ هەڵوێستی سیاسی زیاتر داناییە، لەم کاتەدا دیار بوو رەخنە و گلەیی لە کاری سی ئای ئەی دەکرا، دەتوانین لە پاش ١١-٩ رووەکان دەربخەین دوای ئەوەی کارەکانمان زۆر بەروونی دەبیندرا بەڵام ئێستا وا نابیندرێ.

لەپێشتردا لەگەڵ گریگ ئەم باسەم خستە روو، تا نموونەکەمان بۆ داهاتوو نموونەیەکی بەردەوام بێ، پێم گوت بەشێك لە رووەکانی سەرکەوتنەکانمان لە ئۆپراسیۆنەکانی داهاتوو سوودی لێ وەردەگیرێ لەرووی کردەیی و تەکتیکییەوە. تینیت و کۆفر ئەو هەلانەیان قۆستەوە کاتێك حکومەت زللەیەکی گەورەی بەرکەوت، لە کاتێکدا کاری شاراوە لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەیدا زانیارییەکی زۆری کۆکردبۆوە هەمان کاتیش پلان و ئاگادارییەکانی دەخستە روو، ئەوەشم بۆ گریگ باس کرد کە بەشێك لە سەرکردە نیشتمانییەکان نایانەوێ چارەسەرنووس بدەنە دەست ئێمە، ئەوان پێیان وایە ئێمە کەسانی کلاسیکین و نایەنەوێ بکەونە ترسناکییەوە، چونکە ئەمە گونجاو نییە بۆ هەندێك سیاسەتمەدارانی واشنتن، گریگ یەکسەر لە کارەکە تێگەیشت بۆیە بێ ئومێد بوو، ئەو سیخوڕە کاتی ئەوەی نییە باس لە سیاسەت بکات، ئەو وەك کوڕێ لادێیە زۆر زوو توڕ دەبێ، بەڵام زۆر زیرەکە و روانینی بۆ کارەکان بەدانایی چارەسەر دەکات.

گفتوگۆکانمان زۆر باش نەبوو بۆ سی ئای ئەی و حکومەتەکەمان، تەنیا بەو دۆخە رازی بووین، ئەمەش لە خزمەت و راژەکانمانی کەم نەکردەوە، لەم کاتەدا بیرم لە کارەکانم دەکردەوە بەتایبەتی چوار کارکردنم لە دژەتیرۆردا، بەبێ سڵمینەوە هەوڵمان دەدا، بۆ ئەمەش زیاتر بەقووڵی تێدەگەیشتم، لەوانەیە بە هۆی ماندووبوونمەوە کەمێك لە درکپێکردنەکانم بەتەواوی نەبن، ئەی چۆن بتوانم هەمووی لە بۆنەیەکدا کۆبکەمەوە؟ ئەی چی روویدا لە دوای کارەساتی ١١-٩؟ ئەمە مانای چییە؟

ئێستاش بیری خاوخێزان دەکەم

لەپاش دوو رۆژ پەیوەندیم بە رۆب کردەوە.

گوتم "دەمەوێ بچمەوە زانکۆ بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر".

لە وەڵامدا گوتی "شاکارە، ئێمەش خەرجییەکانت بۆ دابین دەکەین، تۆ بەردەوام مووچەی خۆت وەردەگریت".

"سوپاس، داواکاریەك پێشکەش بە کۆلیژی توێژینەوەی نێودەڵەتی دەکەم، لە زانکۆی جونز هۆپکنز، ئوان بەرنامەی ماستەریان هەیە بۆ ماوەی ساڵێك سەبارەت بە سیاسەتی گشتی، بەدواداچوون بۆ بابەتەکە دەکەم، هەموو ناوەڕۆکێکت دەخەمە روو بۆ کارەکان".

پاداشتەکانم زۆر سانا بوون وەك هاوسەر و باوك، تا هەموو کاتە لەدەستچووەکان قەرەبوو بکەمەوە، ئەوە جگە لە ماندبوونی لەشم، وام هەست دەکرد من دارەکان دەکەمە دوو کەرت کەچی دارەکان تەواو نابن، بەردەوام داری دیکەم بۆ دێنن، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە واز لە دار برین بێنم، هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشم و تەورەکەش فڕێ بدەم.

بیرم لە ئاگاداری کۆفر کردەوە سەبارەت بە ترسناکییەکانی سیاسەت و شکست و سەرکەوتن، بیرم لەوە کردەوە واباشترە لە هەموو شتێکی سەرکردایەتی بێمە دەرەوە، هەرنا بۆ ماوەیەك.

لەپاش پشووی تەمووز دووبارە چالاك بوومەوە ئەو رۆژانەم لەگەڵ خێزانەکەمدا بەسەر برد بەتایبەت لە لوتکەی چیایەکانی رۆکی، چوومە کۆلیژ، ئەمجارەیان پانتۆڵێکی جینز و نیشێرتێکم پۆشی، ئەمجارەیان دوور لە بۆینباخ و گولەبەند.

کاتەکانم دابەش کرد یەکەم کارم بەدواداچوون بوو بۆ دووبارە سەیرکردنی نووسینەکانی دوای هێرشەکانی ١١-٩، شتێکی وا نەبوو تا لەسەری بوەستم.

لە زۆر کەسم پرسی سەبارەت بە ئەنجامی ئەمریکا لە ئەفغانستان، زۆربەیان باسی ئەوەیان کرد کە سۆفیەت و بەریتانییەکان نەیان توانیوە بەتەواوی کارەکانیان بپێکن، ئەمەش بە نەپێکانی ئیمپریالەیەت ناودەبرێ، زۆرێکیش لە شارەزایانی سەربازی باسیان لە جەنگی کەنداو دەکرد، بەشێوەیەك وشکییەك هەیە لە سیاسەتی ئەو ناوچەیە، بەشێکیش لە شارەزایانی دژەتیرۆر باسیان لە رووخان و خاپوورکردنی ئاسیای ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاکی ئەمریکا نەکردەوە. زۆر بەکەمی باسیان لە ئایدۆلۆژیای گەندەڵی قاعیدە یان گەلی ئەفغانستانیان دەکرد، بیرم لەو گفتوگۆیانە کردەوە لەگەڵ شا مەسعوود کە لە سەرەتای ٢٠٠٠ باسی گرنگی گەلی ئەفغانستانمان دەکرد لە هەر ململانێیەك، بەڵام ئایا هیچ کاتێك لە ئەفغانییەکی پرسیوە بۆچوونی چییە.

گفتوگۆکانمان زۆری نەخایاند لە بارەی رۆڵی هەواڵگری لە ئەفغانستان، تەنیا نەمان توانی پێشبینی لە هێرشەکانی ١١-٩ بکەین تا بیوەستێنین، لەجیاتی

مردنی مایك سبان رووماڵەكە لە كۆتـایی تشـرینی دووەمـی ۲۰۰۱ بـوو زیـاتر تیشكخرایە سەر سی ئای ئەی لەتەك ئەوەی زیاتر جەختكرایە سـەر رۆڵـی كـاری شاراوەی ئاژانسەكە و هەواڵگری كە خودی هەڵمەتەكـەی بەتـەواوی گرتبـووە ئـە ستۆ، هەموو ئەمانە هەراسانیان كردم، چۆن لە جەنگی دیكە سەركەوتوو دەبـین، ئەگەر تێگەیشتنێك نەبێ لەم رووە سەرەكییە؟

پێشبینییەكانم زۆر روون بوو هاوكـات سـەركەوتنەكان لەلایـەن مامۆسـتای توێژینەوەی نێودەوڵەتی پێشكەوتوو بەجوانی بەدەردەكـەوت، بەتایبـەت لەلایـەن فوئاد عەجەمی مامۆستا لە زانكۆی جونز هۆپكنز كە باسی پاڵەپەستۆی قاعیدە و تاڵیبانی دەكرد، ئەو پێشبینی رووخانی ئەوانی دەكرد لـەو كاتـەی هێرشـێكی رێكخراو و مكورِ بوون بەسەریاندا بكرێ.

هەروا ئایلیۆت كۆهین چەند سەرنجێكی خستە روو لە وتارێـك لـە ناشـیوناڵ ئەنترست لە تشرینی دووەمـی ۲۰۰۱ بڵاوكرایـەوە، كـە ناونیشـانەكەی جـەنگی رۆژئاوا بوو ئەو نووسیوویەتی " لە ۱۱-۹ جەنگێكی تارمایی دەستی پـێ كـرد، كەچی هەر ئەمەش جەنگە، لەگەڵ ئەوەی هەندێك بڕوایان بە زمانی جەنگ نەبوو بەتایبـەت لـەدیاریكردنی جـەنگ لەنێوەنـدێكی تەسـك، كەچـی ویلایەتـە یەكگرتووەكان لە ۱۹۹۱ زیاتر دەیەوێ جەنگ لەگەڵ عێراقدا یەكلاكـەرەوە بـێ، بەو مانایەی دیاریكردنی جەنگە، كە سەرەتایەكی روونی هەیە، دژ بە دەوڵـەتێك یـان دژ بـە هێزێكـی چـەكداری، ئەمـەش بـەروونی لـە مەرجـەكانی كۆتـایی و ستراتیژییەكانی پاشەكشە بەدەردەكەوێ".

ئێستا لە سەردەمی جەنگداین لەنێوەندی سنوورێكی ئاسایی، بەمەش كۆهین گوتی "جەنگەكان پۆلینێكی روونی هەیە، بەتایبـەت ئەوانـەی لـەبارەی بـاوەڕی

سەربازی دەزانن، واتە لە کۆلیژەکانی سەربازی یان سیاسی و جەنەراڵەکان دەزانن ئەمە تەنیا تاریکی و دڵەڕاوکێیە"، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی " دەکرێ ئەم جەنگە شێوەیەکی دیکەی هەبێ بەشێوەیەك ترسناکییەکانی زۆر خێرا بن، چونکە ئاگادارییەکان تیایدا کەمترە"، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە هەواڵگرییەکی یەکلاکەرەوە هەیە، بەشێوەیەك هاوکارمان دەبێ لە کەمکردنەوەی تاریکی و دڵەڕاوکێ، سەبارەت بە تێگەیشتن لە شێوەی نوێ و ترسناك، کۆهین بەسانایی گوتی" سیخوڕەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن و زۆر زیاترە لە ڕۆڵی سەرباز و فڕۆکەوانەکان".

عەجەمی و کۆهین بەتەواوی ناوەڕاستی باسەکەیان پێ کا، بۆیە پەیمانگەی توێژینەوە پێشکەوتووەکان ئەو شوێنەیە، کە دەبێ لەوێدا بم.

زۆر بەکەمی دووربینیم بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو هەبوو، بەدواداچووننمان سەبارەت بە پرۆژەی مارشاڵ بۆ ئەفغانستان بەپێی بەڵێنەکانمان نەبوو لە ئەفغانستان، بۆیە ڕێگە بە تاڵیبان لە پاکستان دەدەین تا بتوانن ریزەکانیان ڕێکبخەنەوە و بڵاوەی لێ بکەن، چونکە عێراق زۆرێك لە گەنجینەی ئەمریکی دەبات، لەوانەیە بگاتە دوو ترلیۆن دۆلار، هاوکات رامسفێڵدا ناوانێ خۆی ڕێکبخا لەگەڵ سەردەمی نوێ، کە ئاسۆکانی هێدی هێدی وا بەدەردەکەوێ، لە کاتێکدا یاریزانەکانی دەوڵەتانی دیکە ڕۆڵی تیادا دەبینن، هەندێکیان هاوڕێن لەتەك نەیارەکانمان، هەمووان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

خۆم بە پرۆفیسۆر کۆهین ناساند، کە سەرپەرشتی بەشی توێژینەوە ستراتیژییەکان دەکات، لەلایەکی نووسینگەکەی دانیشتین باسی ئاستەنگەکانی

ئەکادیمیمان کرد، ئەم زۆر بەروونی تێگەیشت و بیری کردەوە، بۆیە بەخێرایی وەڵامم دایەوە.

ئەو زانیی ئەفسەرێکی سی ئای ئەیم ئێستاش لە مۆڵەتی توێژینەوەی ئەکادیمی دام، تا ئەو کاتە ژیانم ئاستەنگ بوو لەجیاتی ئەوەی یاریدەر بێ، ئەمەو لەپاش چوار ساڵ لە کارکردن لە دژەتیرۆردا، وای لێ هات هەموو دەزگاکانی پەیوەندی ناسنامەی من دەزانن، هەروا بەشێك لە کۆمەڵە تیرۆریستیەکانیش دەیانزانی، بۆ ئەمەش قاعیدە خەڵاتێکی تەرخانکردبوو بۆ ئەوانەی بتوانن ئەفسەرێکی سی ئای ئەی بپێکن، منیش لەنێویاندا بووم.

کۆمەڵگەی ئەکادیمی هەڕەشەکانی بەکەمترزانی، منیش بەو هیوایە بووم، پێویست ناکات چونکە مامۆستا و تیمەکەیان دەزانن رۆڵی من لە ئەفغانستان چی بووە، دەمویست کەمتر تیشك بخرێتە سەر من، بۆیە زۆر بەکەمی باسی ئەفغانستانم دەکرد، زیاتریش باسم لە سیستەمی جەنگ و هەواڵگرییەکان دەکرد، زۆر بەکەمی گفتوگۆم سەبارەت بە ستراتیژیەت و سیاسەت دەکرد.

لە خوێندنەکەمدا بۆ دووبارە هونەری جەنگی سەن-تزۆ خوێندەوە، لەتەك چەند بەشێکی کتێبی سوسیدیس سەبارەت بە مێژووی جەنگی بیلۆبۆنیسیەم خوێندەوە لەگەڵ چەندین کتێبی دیکە سەبارەت بە جەنگ و گۆڕانکاری سیاسەت و ئابووری چین خوێندەوە لەرووی بەرەوپێشچوونیان، ئێستاش هەمان چاکسازی لەنێو ئیسلامدا سەرهەڵدەدا، لەلایەکی دیکەوە خوێندنەوەی پێشکەوتنە دیموکراتییەکانی ئەمریکای لاتینی و چەکی کۆکوژ، لەتەك گۆڕەپانی ئەنتەرنێت کە هۆکارێکی نوێیە بۆ هەواڵگری و کوشتن.

کۆرسی یەکەمی خوێندنم هۆکارێك بوو بۆ بۆچوونی فراوان سەبارەت بە سیاسەت و ستراتیژیەت، بەدرێژایی سەردەمەکان باسیان لێوە کردووە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو باوەڕە هەڵانەی سەرکردەکانە بەتایبەت ئەوانەی بڕوایان بە شێوازی سەربازیی کۆن هەیە، بۆ نموونە کارەساتەکانی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکی و جەنگی یەکەمی جیهانی، تیایدا جەنەراڵەکان پشتیان بە ئاگربارانی خێرا کردووە؟ لەپاشاندا ئەوانی سەرکردایەتی ملیۆنەها پیاوانیان کردووە، هەروا تفەنگی کۆنیان لەدەست دایە، لە کاتێکدا یەك گوڵە دەتەقێنێ یان شمشێریان لەدەست دایە؟ سوپای ئەمریکی چۆن بەرگری لە هاتنی فڕۆکە و تانکێك بکات بەو پێیەی دوو چەکن گۆڕانکاری بەسەر جەنگەوە دەهێنن؟ ویلایەتە یەکگرتووەکان چۆن بەو شێوە خراپە لە ڤێتنام جەنگاوە؟ خوێندنەوەکانم سەبارەت بەو جەنەراڵانە بوو تواناوە شەڕ بکرێ لەو کاتەی توانیویانە سەرکردە سیاسییەکانیان رازی بکەن، لەو کاتەی راستیی ترسناکی دوژمنە ڤێتنامییەکانیان شاردۆتەوە، بۆیە سەرکردە سیاسییەکان درۆیان لەگەڵ گەلی ئەمریکادا کردووە، بۆیە سەردەمی جەنگی ڤێتنام متمانە جێگەی نابێتەوە، لەنێوان سەرباز و دەوڵەت و نەتەوەدا.

ویلایەتە یەکگرتووەکان چۆن دەتوانێ هاوشانی ئەو گۆڕانکاریانە بێ، بەتایبەت رووبەڕووی دوژمنێك دەبێتەوە، دەوڵەت نییە، وەك قاعیدە؟ چۆن دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ دوژمنێکی دڕندە بکات، کە خۆی پڕ چەك کردووە هاوشان نییە و بێ تەکتیکە، کەچی کار بۆ ئەوە دەکات لە گۆڕەپانی جیهانێکی لەرزۆکدا بجەنگێ؟

مێژووی نوێی دژەتیرۆر پەیوەستە بە هێزی توێژینەوە نێودەوڵەتییە پێشکەوتووەکان، کە جەخت لە وەرچەرخانی سەرەکی جەنگەکان دەکاتەوە

بەدرێژایی سەردەمەکان تا ئێستا، بۆ ئەمەش سێ روو خۆی دەهێنێتە پێش یەکەمیان پلەی هاوشانەبوون لە کارە جەنگییەکان، کە ئێستا لە ئاستێکی نوێدایە، کەم نابێتەوە بەڵکو بەشێوەیەکی سەیر بەخێرایی دەڕوا، ئەمەش بە هۆی زیاتر کوشتن و کاولکردنە، ئێستا چەکەکان هێزیان زیاترە، کەچی ژێرخانی دانیشتووان بەرەو لەرزۆکی هەنگاو دەنێ، ئێستاش وای لێ هاتووە بە هۆی هەڵچوونێك ڤایرۆسێکی کۆمپیوتەریت بۆ رەوانە بکەن، ئێستا ئەمە واقیعێکی جیهانی لەناکاوە.

دووەم رۆڵی کۆمەڵە تیرۆریستییەکان بەرەو زۆر بوون دەڕوان وەك قاعیدە و ئەوانی دیکە بەبێ ئەوەی رۆڵی دەوڵەت بن، وەك خێڵە ئەفغانییەکان کە هاوپەیمانییەکی بەهێزیان دروست کردووە وەك هاوپەیمانی ئەتڵەسی وان لە شوێنی خۆیان، دیارە ئەمانە دەوڵەت نین بەڵام رۆڵیان زیاتر لە دەوڵەتەکان وەك رێکخراوە ناحکومییەکان بەرەو زۆر بوون دەڕۆن، وەك راگەیاندن و بزنسمان و زانکۆ و کۆمەڵە ئاینییەکان بەرەو زۆر بوون دەڕۆن، لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی ئەوانە بۆتە بەشێك لە روانینی ستراتیژیەت، بەڵام تا ئێستا بۆچوونە ناو پلانێکی ستراتیژی بەدەگمەن دەبیندرێ.

سێیەم ئێستا گۆڕەپانی جەنگ بۆتە جیهانی، بەتایبەت لەرووی کردەیی و تەکتیکییەوە، کۆمەڵەیەکی نەیار دەتوانن پلان دابنێن لەلایەکی ئەم هەسارەیە، نەك بە چەند رۆژێك بەڵکو بە چەند کاتژمێرێك لە رێگەی ئەنتەرنێتەوە پلان دابنێن.

لێرەدا رۆڵی هەواڵگری چییە، ئەگەر ئەم هۆکارانە هاتنە پێش، ئێستا سروشتی جەنگەکان بەرەو گۆڕانکاری دەچێ؟ چۆن بتوانین ئەو یاریزانە بچووکانە

دیاری بکەین، کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی گۆڕەپانەکە هاتووچۆ دەکەن، ئەوە جگە لە چەندین تەکنیك و مکوڕبوونیان؟ واتە ئێستا هەواڵگری بەرەو قورساییەکی زۆر ڕۆیشتووە، کەچی لەم کاتانەدا زۆر پێویستە.

زۆر توێژەری بەڕێزی وەك جۆن کیڤان ڕەتی ئەوەیان کردەوە کە هەواڵگری بەهایەکی هەبێ لە جەنگدا، هەندێك لە داڕێژەرانی سیاسەتیش هەمان بۆچوونیان هەیە، بەڵام ئایا ئەو جەنگە دەگۆڕێ بەپێی بۆچوونی ئەوان؟ ئایا ئەکادیمیا هەواڵگری بەبابەتێکی شیاو دەزانێ، بێگومان پێی وانییە شایەنی بێ، بەڵکو پسپۆڕییەکی دەگمەن و جیایە؟ ئایا سەرکردە سیاسیەکان پێداچوونەوە بە بەهای هەواڵگری دەکەنەوە؟

پێویستم بە توێژینەوە هەبوو سەبارەت بەو بابەتانە، واتە سەبارەت بە هێزی هەواڵگری خاتوونی پرۆفیسۆر جنیفەر سیمس کە کتێبەکەی بە ناونیشانی "هونەری هەواڵگری و دروستکردن"ە.

خاتوونی پرۆفیسۆر تیۆرەکەی لەسەر بنەما مێژووە بەردەوامەکان داناوە، کە پەیوەستە بە دینامیکی تێکەڵاو کردنی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوە و بۆچوونی کڕیارە سیاسییەکە، دەبێ دان بەوەدا بنێم کە ئەمزانی کۆمەڵگەی ئەکادیمی چەند بەخراپی چارەسەری ئەم بابەتەیان کردووە، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی حکومەتی ئەمریکی بێ کە باس لەوە دەکات کۆمەڵگەی هەواڵگری وەك تیمێك پێویستە، بەڵام کەس حەز بەوە ناکات باسی بکات، وەك ئەوەی سەرابێك بێ، تیایدا ڕوانینێکی ڕۆمانسی و پاڵەوانییەتی لەخۆی بگرێ، یاری دەکات بەڵام ناتوانێ بە کەس ڕابگەیەنێ، کە یاری دەکات.

ئـەکادیمیای هـەواڵگری لـە زۆر رووەوە وەك بابەتـەکانی ئێـف بـی ئـای و وانەکانی وەزارەتی بەرگری وایە زۆر جیا نییە، کێن ئەوانەی سەرکردەی ئێـف بـی ئای و وەزارەتی بەرگرین یان هەر وەزارەتێکی دیکە هێڵێکی سیاسـی بگرنەبـەر، ئەوانەی لە ریزەکانی سی ئای ئەی دان دواتـر شـوێنی سـەرۆکایەتی دەبیـنن لـە ئاژانسەکانیان؟ واتە کـێن سـەرکردە ئەکادیمییـەکان کـە سـەرکەوتنی گـەورەیان بەدەست هێناوە لەنێوەندی توێژینەوە هەواڵگرییـەکاندا؟

من و پرۆفیسۆر سیمس لە کۆتاییدا بۆچوونێکی ئـەکادیمی لـەلامان هاتـە کایەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە زانکۆی جۆرجتـاون بـە ناونیشـانی "وەرچـەرخانی هەواڵگری ئەمریکی" چاپکرا، من لە دوو بەشەدا بەشداریم کرد.

ئەو شتانەی لە کۆلیژی توێژینەوە نێودەوڵەتییە پێشـکەوتووەکان فێـر بـووم سـێ خـاڵی سـەرەکی بـوون کـە پەیوەسـتە بـە هـەواڵگری. یەکـەمیان ئاسـتی تێگەیشـتنی جـەماوەی ئـەمریکی و بەشـی هـەرە زۆری سیاسـەتمەداران بـۆ هەواڵگری، بۆ ئەمەش لە جەنگی عێراقدا نەیانتوانی بەتەواوی بابەتەکان بپێکن، باسی ئەوەیانە کـرد بەشـێك لـە سیاسـەتمەداران و هـەواڵگرەکان هەڵـەیان کـرد سەبارەت بە چەکی کۆکوژ لە عێراقدا، کەچی ئەو وڵاتەیان داگـیر کـرد. لـەدوای چەند ساڵێکی دیکەش سەرکردە سیاسیەکان هەموو بۆچـوونێکی سـی ئـای ئـەی رەت دەکەنەوە، وەك یاخیبوونی عێراقییەکان لەو کاتەی ئەمریکییەکان هەستیان بەوە کردووە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بۆ ئەمـەش بۆچـوونەکانی ولفـۆفیتزم بـەبیر هاتـەوە کاتێـك لـە ئـەیلوولی ٢٠٠١ لـە کۆشـکی سـپی خسـتییە روو، سیاسەتمەداران هەوڵیان دا بەپێی دەرئەنجامی هەواڵگری هەنگاو بنێن، کەچی لـێ نەگەڕان خودی هەواڵگری، هەواڵگرییەکان کۆ بکاتـەوە، لەپاشـاندا سیاسـییەکان شی بکەنەوە.

دووەم سەرسام بووم بە وەرچەخانی جەنگ لەو کاتەی پێویستە زیاتر بە هەواڵگری بدرێ لەرووی پێشبڕکێی ستراتیژی، بەپێچەوانەی ئەوەی لە ئەفغانستان کردمان لە عێراقدا کردمان، بەو پێیەی گەورەترین هاوپەیمانیمان لەبیرکرد کە گەلی عێراقە، عێراقییەکانیش کۆمەڵەیەکی نارێکخراو بوون کەچی هەوڵیان دەدا کەسایەتی بۆ خۆیان بگەڕێننەوە، ئەم جەنگەش جەنگی نێوان دوو دەوڵەت نەبوو، ئەمە جەنگێك بوو هەندێك خەڵك دەیانویست بێتە ئاراوە، بۆ ئەمەش سەرکردەکانمان هەر یەکەو بەلایەکدا پەرت بووبوون، بۆیە پێویستی بە زۆرترین کاری هەواڵگری هەبوو، بۆ ئەمەش دەبوایە چەندین ئاژانسی هەواڵگری بڵاوە پێ بکەین تا کاری هەواڵگری بکەن، بەڵام زۆر بەکەمی روونی و ستراتیژییەت لەئارادابوو، لە کۆتاییدا سیاسەتمەداران شکستیان لە ئاراستە و داواکارییەکان هێنا، کە دەبوایە ئەوان کڕیاری سەرەکی هەواڵگرییەکان بن.

سێیەم دینامیکی سیاسەت لەوەدایە کە ١١-٩ پێویستی بە بەرپەرچدانەوەی واشنتن هەیە، لەو کاتەدا ئێمە بەبێ لایەنانە لە مەیداندا بووین، وەك حکومەت توانیمان بە چەمکی هێز و زاڵبوون بزانین هێزە نەیارە بچووکەکان لەکوێ دان، لەگەڵیان دەستەویەخە ببینەوە لە گۆڕەپانێکی جیهانی، کە دەبوایە بەهەمان شێوە بەرپەرچیان بدەینەوە، بۆیە کارەکانمان سەرکەوت و پشتمان بە مانۆڕ بەست لەنێوەندی نیوئینجێکدا، بەڵام ئەو کارە لە واشنتنی پایتەخت نەدەکرا.

ساڵی ئەکادیمیم لە کۆلیژی توێژینەوە نێودەوڵەتییە پێشکەوتووەکان، ساڵێکی خۆش بوو، چونکە ئێستا چوارچێوەیەکی فراوانتر لەبەردەمم دایە، بۆیە نیگەران بووم لەو رێوشوێنەی کە سیاسەتی دەرەکی گرتویەتیەبەر، لەپاش داگیرکردنی عێراق خۆیان جەختیان لەوە کردەوە، کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێنەوە بۆ سی ئای ئەی.

بەشی سێزدەیەم

ئەمریکا

لەسەر هەموو هاووڵاتییەکە کە وەك سەرباز بێت، ئەمە دۆخی گریگ و رۆمان بوو، هەروا ئەمە دەبێ دۆخی هەموو دەوڵەتێکی ئازاد بێت.

-تۆماس جیفرسۆن

نەمدەزانی چۆنیەتی کاری من چییە، بەڵام ستیڤن کایس، ئەو لە ریزبەندیەکاندا پلەی بەرز بۆوە، ئێستاش ئەو جێگری بەڕێوەبەری سی ئای ئەی بۆ ئۆپراسیۆنەکان، ئەو بەرپرسی دووەمە لە دەزگەی شاراوە، ئەو لە نهۆمی حەوتەم داوای کرد بمبینێ.

بە هۆی زگە گەورەکەی و شانە پانەکانی نەیدەتوانی ئەو چاکەت و پانتۆڵەی لەبەریدابوو بەتەواوی رێکبخا، تا لەگەڵ لەشیدا بگونجێ، پێدەچوو هەردوو پێڵاوەکانی بە تف سڕیبێتەوە، رووخساری بە پەنجا ساڵ دەچوو، سەری رووتابۆوە، لەتەك ئەمەشدا ریشی بەتەواوی پیربوونی پێوە دیار بوو، لۆچی سەر هەردوو چاویشی دیار بوو، چونکە ساڵانێك بوو لەژێر تیشکی خۆردا لە رۆژهەڵاتیی ناوەڕاست کاری کردووە، هەروا پێ دەچوو سەدان جوولە بزانێ بە هۆی راهێنە بەردەوامەکانی.

"بەخێربێت هێنری" بەدەنگێکی قورس وای گوت، هەردووکمانیش لەپێشتردا لە "کێڵگە" وەك راهێنەر یەکترمان ناسیووە.

"ستیڤ پێ دەچێ تا ئێستا توانایەکی باشت مابێ".

"هێنری هەوڵ دەدەم، ئێستا گوێم لێ بگرە، دەمەوێ بیر لە شتێك بکەیتەوە".

هەردەم بە ناوی هێنری بانگی کردووم، هیچ کاتێك پێی نەگوتووم فرانك، ئێستا ئەو سەرۆکمە، من زۆر بەباشی دەیناسم، کاتێك داوا لە یەکێك دەکات "بیربکاتەوە"، لە شتێك، ئەو دەیەوێ لەئامادەباشیدا بیت، ئەو ئەفسەر بووە لە مارێنزی ئەمریکی، ئێستاش هەروا بە هۆی ئەو رێگەیانەی گرتوویەتیەبەر.

"بەڵێ، من گوێ دەگرم".

"بنکەی سەرۆکایەتی سەرچاوە نیشتمانییەکان لەم هاوینەدا هەمووی دەکرێتە کۆد، بەشێکی باشە بەهایەکی زۆری هەیە، دەمەوێ تۆ سەرکردایەتی ئەو بەشە بکەیت کاری تیادا بکەیت بەتایبەت لەگەڵ سەرکردەکانی ئەمیرکی و دەزگەی چەسپاندنی یاسای ناوخۆیی، ئێستاش تۆ ئەفسەرێکی گەورەیت، بەڵام دەزانم گوێ نادەیتە دەربڕینە سیاسییەکان، وەکچۆن کەسانی دیکە بیر دەکەنەوە، بەخێرایی جوولە دەکەیت، هەموو شتێك لەدوای خۆت بەجێ دەهێڵیت، ئەمەش گرفت دەنێتەوە، پێویستیمان بە سەرۆکی سەرچاوە مرۆییەکانە، تا کار بکەیت بابەتەکان چاك بکەیتەوە، پێویستیمان بە هاوبەشی نوێ هەیە، ئەمەش هەلێکی دەگمەنە بۆ خزمەتکردن".

ئەو وەك پێشتر راست دەکا.

"پێدەچێ بۆمن کارێکی باش بێ، بەڵام لێم گەڕێ زیاتر بیر بکەمەوە، لەم نزیکانە پەیوەندیت پێوە دەکەم".

"بەڵێ، هەر لەم نزیکانە، هێنری".

لەو رۆژەدا توێژینەوەم لە مێژووی سەرچاوە نیشتمانییەکان کرد، وەك خوێنەر و وتەبێژ، هەروا راوێژم بەو هاورێیانە کرد، کە لەو بەشەدا خزمەتیان کردووە.

چووم بەرەو "ئا ئێس ئێس" کە پێشتر دەزگەی شاراوە بوو، لەووڵ ستریتە؟، لەلایەن کۆلۆنێل ولیام "وایڵد بێل" دۆنۆڤان بۆ تەجیندکردن دامەزراوە، ئەمەو ئا ئێس ئێس بەوە ناسراوە کاری تێکدەرانە و شەڕی دەستەویەخەی کردووە لەپشت هێڵەکانی نازی، لەتەك ئەوەی چەندین پاڵەوانییەتیان هەیە لە رۆژهەڵاتی ئاسیا، هاوکات کاری لەسەر کۆکردنەوەی هەواڵگری یەکلاکەرەوەی کردووە، بەتایبەت

لەلایەن پیاوانی کار و ئەکادیمی و زانا و قوتابییەکان، ئەوانەی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ گەیشتوون بە هەواڵگری لە هەموو بەشێکی جیهاندا، بۆیە کەرتی ئەمریکی گۆشەیەکی سەرەکی هەواڵگری لەلایەن ئای ئێس ئێس کۆکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی سەرچاوە مرۆییەکان بەپێی هەمان بنەما لەنێو وڵاتدا کاری کردووە، بەڵام بە ناوی جیا جیا.

سەرچاوە نیشتمانییەکان بریتییە لە تێکەڵکردنی ئێستا لەنێوان دوو کیاندا، یەکێکیان بە ناوی "کۆکردنەوەی هەواڵگری نیشتمانی" ناسراوە، ئەوی دیکەش بە ناوی "سەرچاوە بیانییەکان" ناسراوە، یەکەمیان جەخت لە کۆکردنەوەیەکی هێمنانە دەکات بۆ زانیارییەکان، بەتایبەت بۆ ئەوانەی دەتوانن بگەن بە هەواڵگریی دەرەکی، هاوکات ئەفسەرانی هەواڵگری نیشتمانی زیاتر کاریان لەسەر ئەو ئەمریکیانە کردووە، کە دەڕواننە بابەتی هەواڵگری بیانی، هەر لە پێشکەوتنی چین، لە نانۆدا، تا دەگاتە تەندروستیی دیکتاتۆرێکی ئەفریقییەك، بۆیە ئەفسەری کۆکردنەوەی هەواڵگری نیشتمانی ئەوان شارەزایەکی فراوانیان هەیە، کارەکەیان پەیوەست نییە بە سیخوڕی، بەڵکو پەیوەستە بە پوختەی نهێنیی زانیارییەکان دیارە ئەمەش ترسناکییەکی زۆری لەدوایە، بەڵام پاداشتەکانی زۆرە.

کەچی ئەفسەری سەرچاوە بیانییەکان، کەسانی خاوەن ڕەچەڵەکانی دیکەی دەرەوەی ناو ویلایەتە یەکگرتووەکانن. بەتایبەت ئەوانەی پابەندکراون بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان، باشترە خەڵکی مۆسکۆ و بیۆنگ یانگ بن، بەهێمنی کاریان لەگەڵ هێزەکانی چەسپاندنی یاسای ئەمریکی کردووە، بەتایبەتیش لەگەڵ ئێف بی ئای، کاتێك حاڵەتەکە پەیوەست بێ بە بنڕکردنی سیخوڕی و دژەتیرۆر، ئێف بی ئای گرنگییەکی زۆری پێ نەداوە، کەچی هەواڵگری گرنگیی بە هەواڵگریی دەرەوە

داوە وەك دینامیکی سیاسەتی ناوخۆیی چینی و سیاسەتی نەوتی فەنزیۆلی، یان هەلی هەواڵگری ئاماژە لە ڕێگەی تۆڕەکانی گەیاندن لە ئەمریکای لاتینی.

سەرچاوە نیشتمانییەکان هۆکارێك بوو بۆ یەکگرتنی هەردوو دەزگەکە، ئەم تێکەڵکردنەکەش هۆکاری خۆی هەبوو، چونکە زۆرجار، ئەمریکییەکان پوختەیەك لە هاووڵاتییەکی بیانی وەردەگرن بەمەش دەتوانن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بکەن بە سیخوڕێکی بیانی، کەسێك سەلماندیووتی دەتوانێ بگات بە هەواڵگری و ئامادەیە ئاشکرای بکات، هەروا ئەفسەری بەشی کۆکردنەوەی هەواڵگری نیشتمانی جەخت لە ناوەڕۆکی زانیارییەکان دەکاتەوە، نەك تەنیا لەسەر تەجینیدکردنی بیانییەك، بەڵکو پێشکەوتنی متمانە لەکەڵ کەسی بیانی بەمەش دەتوانێ کەسێکی بیانی بکاتە سیخوڕ، دیارە هەموو ئەمانە پەیوەندی بە کەمبوونی سەرچاوەکانی سی ئای ئەی لەپاش ئەوەی لە شەڕی سارد سەرکەوتنین، کاتێك بوودجەکان کەمکرایەوە هەردوو هۆبە جیا لەیەکتر کرا بەیەك.

لەلایەکی دیکەوە بەشی سەرچاوە نیشتمانییەکان شێوەیەك لە شێوەکان و سەرەڕایی سەرکەوتنی ئۆپراسیۆنەکانی بوو بە پشتی دەزگەی شاراوە، بەڵام ئەفسەرانی سەرچاوە نیشتمانییەکان زۆر بەکەمی لە دەرەوەدا خزمەتیان کردووە، ئەمەش وەك میراتێك بۆ کۆکردنەوەی هەواڵگری نیشتمانییە، هاوکات لە دەزگەی شاراوەدا زیاتر هان و پشتی ئەوانەن لە شوێنە سەختەکاندا خزمەت دەکەن، هەروا پوختەکەی بۆ بەڕێوەبەر ئەمریکییەکە نانێردرێ، من ئەوە دەزانم لەگەڵ ئەوەی هەندێکجار بۆچوونەکانم بەلایەکدا دەشکێتەوە و بێ لایەنانە نییە، دەکرێ پوختەی کارەکان لەو کاتەوە بێ کاتێك کارێکی سەخت و دژوار ئەنجام دەدرێ، یاخود زانیارییەکان پێویستیان بە پێداچوونەوە بێ، بەتایبەت ئەو سیخوڕانەی لەدەرەوە کار دەکەن، لەگەڵ ئەوە پوختەی زانیارییەکان پێویستی بە کاراییەکی گەورە

هەیە، لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتیی هەواڵگرییەکە و کارایی کارەکە، نەك پەیوەست بێ بە پرۆسەیەکی مەترسیدار، کە زۆرجار بە هۆی هەڵچوونەوە هاتۆتە ئاراوە.

بەشی سەرچاوە نیشتمانییەکان بە دەربڕینێك سەرچاوەکانی داراییە، ئەگەر بەراورد بکرێ بە بەشە جوگرافییەکانی دیکەی دەزگەی شاراوە، لەپێش چەند ساڵێك بوودجەی کردەیی لە بنکەی دژەتیرۆر بە شێوەیەکی گەورە لەسەر پێدانی بەشی سەرچاوە نیشتمانییەکان بوو، لەوەش خراپتر بەشێك لە ئەفسەرەکان بەبێ ئاست بوون، هەندێکیان شکستیان هینا تا باوەڕی کێڵگە بەدەست بێنن تا کار لەدەرەوەدا بکەن، بۆیە زۆربەیان چوونە بەشی سەرچاوە نیشتمانییەکان، لەوێدا کاریان دەستدەکەوت لەنێو ژینگەیەکی سەقامگیر. پێدەچێ یەکێك لەوانە زۆر باش بێ، چونکە بەشێك لەوانە وەك سیخوڕ نێردرانە دەرەوەی وڵات و کاری باشیان کرد، کاتێك گەڕانەوە بۆ کارەکانیان لە ئەمریکا ئەفسەری بەتوانا بوون، هاوکات زۆر لە بەشەکانی دیکە بوون بە وێستگەی سەرچاوە نیشتمانییەکان، لەپێشتردا لەدەرەوەدا کاریان کردووە ئێستاش گەڕاونەتەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتریش هۆکارەکان خێزانی بوو، هەروا هەندێك لە ئەفسەرانی سەرچاوە نیشتمانییەکان زۆر بە هێزەوە ڕۆڵی خۆیان گێڕا، بەڵام ئەو بەشە زۆر لاوازە لەرووی سەرکردایەتیی مەیدانییەوە، بۆیە پێویستە بەشێك لە سەرکردەی وێستگەکان بگۆڕدرێ، چونکە ئاستەکانیان زۆر نزم بوو لەرووی تەجنیدکردنەوە، هەروا دوو وێستگە کەسیان پێ تەجنید نەکرا.

سێ بوار سەرنجی ڕاکێشام لەو کاتەی پێداچوونەوەم بە بەشی یەکەمدا کرد، یەکەمیان بەشێك لە بەرهەمەکانی هەواڵگرییەکان بەراستی شاکار و دەگمەنن، لەراستیدا کەرتی تایبەتیی ئەمریکی زۆر پێشکەوتووترە لە حکومەتی ئەمریکی

لـە زۆر بـواری تەکنـەلۆژیای بـەرز، ئەمــەش بـۆ پێداویســتییەکانی هــەواڵگری لەوپەڕیدایە، زۆر لام گرنگ بوو کاتێك سەرمایەی هزریان بـەرەو پێشـەوە دەبـرد وەك بنەمایەك بۆ هەواڵگری باشتر، بۆیە هەواڵگری ئەمریکی زیاتر بەرەو پێشەوە دەچوو، بەبێ ئەوەی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە هاوکاری بکرێـت، بۆیـە سەرچـاوە نیشتمانییەکان روویەکی سیخوڕی بوو بۆ تەکنەلۆژیایە بەرزەکان.

دووەم هاوبەشەکانی سەرچاوە نیشتمانییەکان لە کەرتی تایبەت توانیان بگەن بە هەواڵگری بیانی و ستێچی تەکنەلۆژی بۆ هێنانەکایەوەی هەواڵگری بیانی، یان بەرامبەر هاووڵاتی بیانی کە دەتوانن بگەن بە نهێنییەکان، هەنـدێکی دیکـە لـە هاوبەشەکان بەکردەیی توانیان هاووڵاتی بیانی بۆ بەرژەوەندییەکانمان کـار بکـەن، ئەوان بەشـێوەیەك کوالیتیـان بـەرز بـوو، دیـارە ئەمــە بـوارێکی تارماییــە بـۆ کۆکردنەوەی هەواڵگری. نموونە پیـاوێکی ئـەمریکی لـە ڕەچـەڵەك ئـەفغانی بـۆ وڵاتەکەی خۆی گەڕایەوە، بۆ ئەمەش تۆڕێکی لە پیـاوانی خێڵەکـەی دانـا دژ بـە تالیبان، ئەوان رۆڵێکی بەرچاوی بینی لە کاری شاراوەی پێش ١١-٩ و لەدواتردا، لەلایەکی دیکەوە زانایەکی ئەمریکی لـە گفتۆگۆیەکـدا لەگـەڵ ئەکادیمییـەك لـە کۆتایی توانی بیانییەکە بکاتە سەرچاوە، ئەمەو بەهاوکاری یەکێك لەئەفسەرەکان توانیدرا زانیاری تەکنیکی دەگمەن سەبارەت بە بەرنامەی چەکی وڵـاتێکی بیـانی وەربگرێ، بۆیە نەدەتواندرا بە هۆی ئەفسەرێك خێلێکی ئەفغانی بکەیتە سەرچاوە یان بگەیتە جیهانی ئەو بیانییە، هاوکات کەرتی تایبەت رۆڵێکی بەرچاوی بینـی سەبارەت بە بوارە زانستییەکان، زۆر بەکەمیش لەلایەن ئەفســەرانی ئۆپراسـیۆنی پێشبینی تەکنەلۆژیا کوارك و تەکنیکی نانۆ بکەن، ئەمەش زنجیرەیەکی داخـراوی هاوسەنگە لە زانستیی جوولە "رۆبۆت".

لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری ئامێری هەواڵگری بیانی، تواندرا زۆرێك ئەفسەرانی سی ئای ئەی بە ناسنامەی جۆراوجۆر سەفەریان دەکرد، بۆیە وێنای ئەوە دەکرێ کە هاوبەشەکانمان لە کەرتی تایبەت کە بەناو راستەقینەکانیان سەفەر دەکەن، دەیانتوانی زیاتر پشتی سی ئای ئەی بگرن لەدەرەوەدا، راستە ترسناکییەکی گەورەی تیادا بوو، بەڵام پاداشتەکەشی بەرز بوو.

سێیەم باشترین ئەفەسەرانی هەواڵگری بیانی و دیبلۆماسی و بەرپرسە بازرگان و زان و پیاوانی کاری ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بەزۆری گەشتیان بۆ وڵاتان کردووە، ئەوانە سیخوڕی پێشبینیکراون، بەڵام هەر دەوڵەتێك جۆرێك لە نوێنەرایەتی هەیە وەکچۆن لە نەتەوەیەکگرتووەکان بە هەمان جۆرە، ئەمانە بەشێوەیەکی بەرچاو توانیویانە سەرچاوەی نوێ پەیدا بکەن، چونکە لە خودی وڵاتەکە باشترە راهێنان بکەن نەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەراستیدا باشترین سیخوڕ لەنێوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئەنجامدراوە، هەندێکیان خۆیان هاتوونەتە ناو کارەکەوە.

ماری مارگرێت گراهام کە سەرۆکایەتیی سەرچاوە نیشتمانییەکانی دەکرد لەپێش دوو ساڵدا یەکێك بوو لەوانەی زۆرتر لە گفتۆگۆکانم ناویم دەهێنا بۆ وەرگرتنی کارە نوێیەکە، مکوڕ بووم لەوەی زیاتر پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرۆکەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی بێ بەو پێیەی کلیلی سەرکەوتنەن هەروا بەشی سەرچاوە نیشتمانییەکان دەتوانێ لە رێگەی تێگەیشتن و متمانەوە بۆ بەرەو پێشبردنی کەرەستەی کۆمپانیا تا وابکەین تواناکانی بگەیەنینە ئاستی جیهانی.

ئەو گوتی "بیر لەوە بکەوە تا کار لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورە بکەیت کە زیاتر چەند رەچەڵەکی تیادایە".

لێم پرسی "بەڵێ، چۆن بڕوات بەوەیە من دەگونجێم لەگەڵ ئەو دەرەبەگ و سیخوڕی کۆمۆنیست و بکوژە دڕندەکان و دیبلۆماسییە خراپکارەکان یان لەگەڵ فڕۆکەوان و شێتەکان، یاخود هەندێك لە جەنگاوەرە پاڵەوان و بیرۆکراتییە گەندەڵەکان، لە کاتێکدا هەندێك لە جوتیارەکان شانازی بەوە دەکەن کە بە دەستەکانی خۆیان کار دەکەن، ئەوە جگە لەگەڵ کارمەندانی فریاکەوتن و پزیشکە جادووکەرەکان، ئەمە کارێکی جیایە، بیرم نایە چاوم کەوتبێ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی لەو پێنجسەد کەسەی لەسەر ئاستی دونیا دەوڵەمەندن، یان لەتەك سەرۆکی زانکۆیەك و زانایەك لەسەر ئاستی جیهانی دانیشتبم، بۆیە من بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری کارەکانی وڵاتی خۆم نیم کاری من لە مەیدانی دەرەکیدا بووە، تەنیا جەختم لە کاروباری دەرەکی کردۆتەوە، کاتێك لە ئەمریکاش بوومە وام هەست کردووە کوڕی ئەم وڵاتە نیم، هەستم بەوە دەکرد ئاستەنگە بگەڕێمەوە بۆ نیشتمانی خۆم.

ماری مارگرێت چاوەکانی داخست و پێکەنی.

"باسی کارەکانی ناو ئەفغانستان بکە، کتێبی "جەنگی بۆش"یان پێ بدە، باس لەوە بکە تۆ هانکی، شەرم مەکە تۆیان خۆش دەوێ".

لە ماوەی ساڵێکدا بە داواکاریی سی ئای ئەی چاوم کەوت بە بۆب وودوود، لەو چاوپێکەوتنە باسی رۆڵی سی ئای ئەیم کرد لە ئەفغانستان واتە پاش کارەساتەکانی ١١-٩، بیل هارلۆ وەك بەرپرسێك لە کاروباری گشتی یاوەرم بوو تا چووینە ماڵی وودورد لە جۆرجتاون، گفتوگۆکان دوو کاتژمێری خایاند، وودورد

دەیان پرسیاری کرد، ئەو زۆر بەڕێز و کەسێکی رۆشنبیر بوو، وەك هاولۆ ئەو وەڵامانەم دەدایەوە کە پێم دەکرا، من بوارێکی باشیان بۆ رەخساندم، ووروورد رۆمانێکی ورد و هاوسەنگی نووسی، کە زیاتر جەختی لە چەندین بۆچوونی جیا جیا دەکردەوە.

ئەوەی روونە، هاوکارەکانم لە سی ئای ئەی و هەندێك کەس لە حکومەتی ئەمریکی زۆربەیان ئەوەیان زانی ناوی من لەو کتێبەدا ئاماژەی پێ دراوە، ئەوەی جێگەی سەیرە زۆرێك لە قسەی نەشیاو لە راگەیاندنەکان بڵاوکرایەوە، هاوکات بەشێك لە هاورێ و خزمەکانیشم هەمان قسەیان هەبوو، بەو شێوەیە خەڵکێکی دیکەش ئەوەی زانی، وەك هاورێیەکانم لە کۆلیژی توێژینەوەی نێودەوڵەتی پێشکەوتوو یان بڕوایان وابوو من وام.

ماری مارگرێت جەختی لەوە کردەوە کە زۆربەی ئەمریکییەکان دەیانەوێ هاوکاری سی ئای ئەی بکەن، ئەگەر بەرادەیەکی کەمیش بێت، ئەوەی جێگەی سەرنجیش بوو زۆرێك لە راگەیاندن و قسەی خەڵکی بەخراپی وێنای ئەفسەری سی ئای ئەیان دەکرد، وەك دەیان گوت کەسانێك ماسولکەیان بەهێزە، بەڵام بێ مێشکن، یان هەردووکیانن، ئەمەش پێشێلکردنە لە پاش ١١-٩، چۆن بەو شێوەیە بەردەوام بێ؟

ماری وەك کەسێکی راستگۆ و متمانەپێکراو داوای لێ کردم کارەکە پەسەند بکەم، باسی ئەوەشی کرد هەندێك بابەت هەڵە، لەوەش گرنگتر ئەرکە.

توێژینەوەم سەبارەت بە سەرچاوە نیشتمانییەکان کرد بەهێمنی روانیم لەگەڵ بم یان دژ، کەچی ئەوەی باوەڕی گۆڕیم، دوو رۆژ مانەوەیە لە ساندیاگۆ نەك لە سۆماڵ، هەروا پرسیارم لە خۆم کرد، کە ئێستا بەرەو پیری دەڕۆم، دەزانم دەکەومە

بەر قسەی برادەرانم لە بەشی ئەفریقی و بەشی چالاکییە تایبەتییەکان، زیاتریش گریك هیچ کاتێك بێدەنگ نابێ.

لە دوای دوو رۆژ تەلەفۆنم بۆ کایس کرد.

"سەرۆکی بەشی سەرچاوە نیشتمانییەکان، کارەکە خۆش دەبێ، کارەکە دەکەم، سوپاس".

گوتی " بەخێرهاتننت دەکەین".

لەدوایدا بیرم لەوە کردەوە کە داوای لقی نووسینگەیەك بکەم لە فایل یان ئەسین بۆ بەردەوامبوونم"..

تەلەفۆنم بۆ زۆرێك لەو گەورە ئەفسەرانە کرد کە لەژێر فەرمانی مندا کاریان کردووە بەتایبەتی لەدەرەوە و لە بنکەی دژەتیرۆردا، پێویستم بەیارمەتیی ئەوانە، بۆ خستنەرووی سەرۆکایەتی هەندێك وێستگە، کە لەم ماوەیەدا بەشی سەرچاوە نیشتمانییەکان دابینی دەکات.

کاتێك چووم بۆ سەرچاوە نیشئتمانییەکان چەندین دەسکەوتم بەدەست هێنا ئەمەو بەشە بچووکەکانی وێستگە و بنکە لە هەموو وڵاتدا بڵاوبۆوە، بەڵام بەرووماڵێکی بازرگانی، هەندێك وێستگە باشتر کاریان کرد واتە بەرهەمیان زیاتر بوو لە دژەتیرۆر، هەندێکی دیکە جەختیان لە هەواڵگریی سیاسی و ئابووری و زانستی کردەوە، دوو نووسینگە زۆربەی شتەکانیان رووماڵ کرد، بەو شێوەیە کارەکە فراوان بوو، چونکە شانۆی بەشی سەرچاوە نیشتمانییەکان دەستی کرد بە سەربازگیری و تەجنیدکردن و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ دەزگەی شاراوە، هەروا هاوبەشەکانی بەش لە کەرتی تایبەت وەك هێزێکی خۆبەخشی هاوڵاتییان بوون- ئەو سیخورە ئەمریکیانەی سەردانی وڵاتان دەکەن.

بەهای هەواڵگری یەکلاکەرەوە بوو، لەو کاتەی سی ئای ئـەی سـەبارەت بـە چەکی کۆکوژی عێراق کارەکانی نـەپێکابوون بـۆ ئەمـەش ئەفسـەرانی سەرچـاوە نیشتمانییەکان بە هۆی سووپای ئەمریکی چەندین راپـۆرتی بـەهاداریان بەرهـەم هێنا. لەپاش جەنگی عێراق و ئێرانیش بەشێکی زۆری بەلێندەرە ئەمریکییـەکان گەڕانەوە عێـراق، هەنـدێك لەوانـە زانیاریـان دا بـە سەرچـاوە نیشـتمانییەکان، هاوکـات ئێمـە زۆر پێویسـتیمان بەخشـی بـە سـووپای ئـەمریکی بـۆ ئەمـەش تۆڕەکانمان لە هەموو وڵاتدا بڵاوکردەوە، ئەمەش ئەنجامی خێرایی دا بەدەسـتەوە، وەك یەکێك سەرچاوەکانی بەش توانی ئامانجێکی عێراقی دەستنیشان بکـات کـە نزیکبوو لە داینگە و چێشتخانەیەك، سێ جـار سەرچـاوە نیشـتمانییەکان داتـای وردی جوگرافییان پێشکەش کرد لەپاشاندا ئەمە درا بە سووپای ئەمریکی تا کار لەسەر ئەو راپۆرتە بکات، هەروا ئەفسەرێکی بەش لە رۆژی دواتردا هەواڵی دا بە تۆڕەکانی کێبڵی ئەمریکی دا کە بۆمبارانکردنەکەیان زۆر ورد بووە، داینگەکەش هیچی بەرنەکەوتووە.

سەرچاوە نیشتمانییەکان بـە هاوکـاریی ئێـف بـی ئـای چـەندین بەرپرسـی عێراقیان بۆ لای خۆیان راکێشا بەتایبەتی ئەوانـەی لـە ویلایەتـە یـەکگرتووەکان نیشتەجێبوونە، ئەوانە زانیاری یەکلاکەرەوە وردیان پێ داین، بۆ ئەمەش چـەندین سەرچاوە کەسانی نێو خێزان و هۆزەکانیان سەربازگیر کردبوو بۆ ئەمـەش سـەدان راپۆرتیاندا بەسەرچاوە نیشتمانییەکان، هەموو ئەمانـەش بـۆ کرێـارە سیاسـی و سەربازییەکان خرایە روو.

یەکێك لە دەستکەوتەکانی سەرچاوە نیشتمانییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لـە بوارەکانی زانست و ژیری پیشەسازی رۆبـۆت و تـەکنیکی نـانۆ بـوو کاریگـەری هەبوو لەسەر هەواڵگری و جەنگ، بە هۆی زۆرێك لە ئەندازیاران تواندرا زۆرێك لە

مرۆڤەکان بکەن بە ئامرازی جەنگێکی پێشکەوتوو، هەروا دانانی رۆبۆتی جەنگاوەر کە رێگرە لەوەی ملیۆنەها کەس کاریگەر بن بە نەخۆشییەکان.

هەروا ئەندازیاری رۆبۆتە وردەکان لەرووی دینامیکییەوە هەوا و مێش و مەگەز کۆپی دەکەن، بکات بە فرۆکەی زۆر بچووکی بێ فرۆکەوان و دەتوانێ سیخوڕی بەسەر ئەو کەسانەوە بکات کە جێگەی گومانن، ئەمەش لەلایەن سی ئای ئەیەوە کەرەستەی نوێن بۆ کاراییکردنی هەموو بابەتەکانیان، دیارە یەکێك لە دەزگە هەواڵگرییەکانی دوژمن توانی بەشێك زۆری ئەو زانستە تێکەڵ بکات لە هەمان پرۆگرام، بۆ ئەمەش هەموو لایەنەکانیان شی کردەوە، هاوکات سی ئای ئەی و هەواڵگرییەکانی دیکە توانیا تەکنەلۆژیای زانیاریی بازرگانی پراکتیك بکەن.

زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە لە داهاتوودا بەهای کەرتی تایبەتی هەواڵگری ئەمریکی بەرز دەبێتەوە، بەتایبەت لەرووی خێرایی و تەکنەلۆژیاوە، بۆیە چەند بەشێکی دیکە بە نوێیی لە سی ئای ئەی دانرا وەك بەشی بەڕێوەبەرایەتیی زانست و تەکنەلۆژیا، بۆ پراکتیکی راستەوخۆ لە کۆمەڵگەی ئاسایشی نەتەوەیدا، دیارە ئەمەش چەند پێداویستی نوێ دەخاتە روو بۆ کۆکردنەوەی هەواڵگری بیانی؟ بەڵام چۆن سەرچاوە نیشتمانییەکان ئەو شێوە هەواڵگرییە لە بیانییەکان وەربگرێ بە هۆی ئەو پێشکەوتنەوە؟ ئەوە جگە لەوەی کاریگەری گۆڕانکارییەکان دەبێ لەسەر کەرتی تایبەت یان بەپێچەوانەوە؟ هەروا بەو پێیەی من سەرۆکی نوێی سەرچاوە نیشتمانییەکانم لە سەرەتای تێگەیشتنم دەبێ لە سەرەتادا چ دەسکەوتنێك بهێنینە ئارا.

وەڵامی ئەو پرسیارانە کلیلی سەرکەوتنی سەرچاوە نیشتمانییەکانە، وەك چۆن ماری مارگرێت گراهام وای گوت، لەپێش هەموو شتێکدا ئێستا چەندین سەرکردەم لەنێوەندی کەرتی تایبەتی ئەمریکیدا هەیە.

سەرۆکی جێبەجێکار

سەرۆکی جێبەجێکار، کەسێکی دیارە و خاوەن ملیۆنەهایە و یەکێك لە سەرکردەکانی کارەکەیەتی لە بەشی سەرچاوە نیشتمانییەکان لە بارەگای سەرکردایەتی سی ئای ئەی، پێشتر مۆڵەتی ئاسایشمان پێ داوە تا سەردانمان بکات، ئێستا ئەو سەرچاوەیەکی گرنگە و هاوکاری سی ئای ئەیە و ماوەی چەند ساڵێکە ئەو کارە دەکات، ئەو ماوەی دوو هەفتەیە وەك کارمەند لێرە کار دەکات، یەکێکە لەوانەی هەر لەزووەوە سەردانی کردووین.

ئەو کەسێکی باڵابەرزە و بیروبۆچوونی عاقڵمەندانەیە، هەردەم پێی ناخۆشە لە شوێنێکدا بمێنێتەوە، نەم دەتوانی بەتەواو ئاشکرای بکەم چۆن بەو جۆشوخرۆشییەوە هاوکاریمان دەکات بۆ سیخوڕیکردن بەسەر بیانییەوە، کاتێك هاتە ژوورەکەم لە دڵی خۆمدا گوتم ئێستا بەخێرایی هەموو هێڵە سوورەکان دەبەزێنێ، بەڵام بەهێمنی لەژوورەکە دانیشت، منیش بەشداریم لەگەڵدا کرد سەبارەت بە هەواڵە هاوبەشییەکانمان.

بەهێمنی باسی ژێرخانی پرۆسەکانی سی ئای ئەی کرد، مەبەستیشی لەمەدا پێشکەشکردنی هەندێك هاوکاری بۆ رووماڵکردنی پراکتیکە دیاریکراوەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە بیانییە مرۆییەکان وەك تەکنیك و پشتگیری کارگێڕی بۆ ئۆپراسیۆنی تایبەت، ئایا شتێك هەیە نەمان کردبێ؟

بەسەرسوڕمانییەوە وەڵامی زۆرێك لە پرسیارەکانی دامەوە و هەموو تێبینیەکانیشم نووسی، لە کۆتاییدا ویستی زیاتر بمێنێتەوە و گفتوگۆ بکەین سەبارەت بە بەدواچوونی پراکتیکەکان.

پرسی "ئەی چ هەیە سەبارەت بە قاعیدە؟ بۆ ئەوەندە رقیان لە ئێمەیە؟".

"لە ئێمە دەترسن، ترسیان لە جیهانگەرایی هەیە، بەپێی روانینە دواکەوتووەکانیان، پێیان وایە دەبێ کۆمەڵگە وا بژیت، ترسیان لەوەیە جیهانگەرایی بەتەواوی ونیان بکات بەتایبەت لەگەڵ هاتنی بازاڕی ئازاد و بەها لیبرالییەکان، پێویستە ئەوان بترسن، چونکە جیهانگەرایی زۆر خێرایە و هیچ رێگرییەك نییە لەبەرامبەری، بێگومان ئەوان جیان لە بیرۆبچوونی سیاسی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست".

ئەو گوتی "بەڵام زۆرجاران جیهانگەرایی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبرێ".

"دەتوانیت وا بڵێت، بۆیە کەرتی تایبەت بە چاوخشاندنێك بە دەوڵەتان، رۆڵی بەرچاو دەگێڕێ، وەك قاعیدە تەنیا چەند یاریزانێکن تۆڕەکە بەڕێوەدەبەن، ئەم تۆڕە هەر هەڕەشەیەك لەسەر دەوڵەت هەبێ بەرپەچی دەداتەوە".

"ئەمە مانای چییە؟ نموونەیەکم بدێ".

"باشە بیر لە بەرپەچی ۱۱-۹ بکەوە، بەرپەچەکەمان تاکە کاردانەوە بوو، ئەو رۆژە هیچ فرۆکەیەکی ئەمریکی هەڵنەفڕی، تەنیا چەندین هاوڵاتی ئاسایی هەبوو لە گەشتیی ۹۳ کۆمپانیای یۆنایتدە، ئەو هاووڵاتییانە توانیان زانیارییەکی زۆر کۆ بکەنەوە تەنیا لە ناسیار و هاوڕێیەکانیان ئەمەش هەمووی بە هۆی مۆبایلەکانیانەوە، هەر لە رێگەی ئەوانەوە دەمانزانی فرۆکەیەك بەرەو واشنتن

دەڕوا، بۆیە بەرپەچمان دایەوە، ئەو سەرنشینانە لە هەمان تۆڕی یاریزانن، بەبێ ئەوەی دەوڵەت بەوانی گوتبێ، ئەمانە سەدان و هەزاران کەسیان رزگار کردووە، کەچی حکومەتی ئەمریکی لەو رۆژەدا هیچ کەسێکی رزگار نەکردووە.

"ئەفغانستانیش نموونەیی دیکەیە، هاوپەیمانەکانمان تۆڕێکیان لە یاریزانەکان پێکهێنا بوو بەبێ ئەوەی دەوڵەت بن، تەنیا ملیشیا بوون لەنێو وڵاتدا پەرشوبڵاوەیان کردبوو، هاوکات پیاوانی ئاینی و کار رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا".

" بیرمە لە قاعیدە کردەوە کە چۆن کەرتی تایبەتیان بەکارهێناوە، بە هۆی کۆکردنەوەی هەواڵگریان لە ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت، ئەوان لە شوێنە هەستەوەرەکانی گەشتیاریدا دەگەڕێن، بۆ ئەمەش کۆمپانیاکان بۆ ئەوە بەکاردەهێنن، بۆ پارەوەرگرتن بە هۆی پەیوەندییەکان زنجیرەیەك پەیوەندیان پەیدا کردووە بەمەش ئامانجەکانیان زۆر ئاسان دەبێ بەتایبەت بە هاوکاریکردنی کۆمپانیا بازرگانەکانی فرۆکەوانی، نووسینگە و وێستگەی شەمەندەفەر و هوتێلەکان، هەندێکجار پەیوەندییان بە کەشتیی گەشتیارییەوەش هەیە، بۆیە کەرتی تایبەت لەنێوەندی جەنگەکاندایە، پێت خۆش بێ یان پێت ناخۆش بێ".

هاوڕێیە نوێیەکەم "ئەمەی بە ترسناك زانی".

"راستە کەرتی رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە بۆ هاوکاریکردنمان لە دیاریکردنی تۆڕەکانی تیرۆیستی، لەوانەیە من کەرتی تایبەتم هەبێ، ئەگەر کۆمپانیایەکە ژێرخانێکی جیهانی هەیە، چ بۆ کۆمپانیا یان خاوەنی کۆگایەکی لە وەزیرستان، واتە ئەو هەواڵگریانەی کە شوێنەکانی دوژمن دیاری دەکەن یان رێگری بکەن لە هێرشبردن، ئەمە بەهای ئەو هاوکارییە کە تۆ دەیکەیت".

ئەو کۆمپانییەکی هەیە و لقی نووسینگەکانی لـە هـەموو جیهانـدا بڵـاوە، هـەروا کارمەنـدانی هاتووچـۆی هـەموو شـوێنێك دەکـەن، هـەموو کەسـێك بەجۆشوخرۆشەوە دەیانەوێ چاویان بـە نوێنـەرانی کۆمپانیـا و لقـەکانی بکـەوێ ئەمەش بە هۆی ناوداریان لە هێزی دارایيدا، راستە ئەو کارانە ترسناکی تیادایە، بەڵام ئەو کارمەندە سەرەڕایی کارەکانی دەیەوێ خزمەت بە وڵاتەکەی بگەیەنێت، ئەو سوپاسی سی ئای ئەی دەکات چونکە ئەو هەلەی پێی بەخشیوە، پێشتر هیچ سەرۆکێکی جێبەجێکار بەو شـێوەیە هاوکـار نـەبووە، ئەمـەو بـازاڕی بازرگـانی جیهانی مەیدانی جەنگە، زۆربەیان بەشەرەفەوە خزمـەتی وڵاتیـان کـردووە، ئـەم جۆرە هاوکارییە لە هـەردوو سـاڵی سـەرۆکایەتی هۆکارێـك بـوو تـا سـەرکەوتن بەدەست بێنم لە سەرچاوە نیشتمانییەکان.

بۆ ماوەی سێ کاتژمێر گفتوگۆمـان کـرد، زانـیم لـەدواتردا بـەرەو کـەناری رۆژئاوا دەڕوات، بۆیە نازانم بۆ هیچ هەستی بەکات نەکرد؟

بەرێزەوە گوتم " ئەمە گفتوگۆیەکی باش بوو، بەڵام نامـەوێ زۆر بمێنیتـەوە، نەوەك گەشتەکەت دوا بکەوێ".

"گەشـتەکەم دوا ناکـەوێ" بەشـێوەی پرسـیار وای گـوت، بۆیـە بەهەڵـە لێکدانەوەکەم کرد، ئەویش پێدەکەنی.

"نیگەران مەبە هانك، چونکە فرۆکەکەم بەبێ من نافڕێ".

لە وەڵامدا گوتم " ئا وایە" بێگومان ئەو خۆی خاوەنی فرۆکەی "لیرجت یان گۆلف ستریم ڤی" یان هەر ناوێکی دیکە، ئێستا زۆر شت هەیـە لێـی فێـر بـبم بەتایبەت لەرووی کەرتی تایبەتی ئەمریکی.

"سەردانم بکە" " دەمەوێ لە یانە داوەتی خواردنت بکەم".

لە وەڵامدا گوتی " بەڵێ قوربان دەتوانیت" لەدواتردا خواردنمان لە یانەکە جوانەکەدا خوارد.

سەرۆکی زانکۆ

چاوم کەوت بە سەرۆکی لەلایەکی ئەو هوتێلەی بەکرێم گرتبوو، بەڵام بە ناوێکی خوازراو، وەك ئەفسەرێکی ناوخۆیی لە سەرچاوە نیشتمانییەکان واتە لە شارێك بووم زانکۆی تیادا بێت، زانکۆکەش چەند میلێك لێی دوورە، سەیری ڕێگەکەمان کرد نەوەك کەس چاودێریمان بکات، لە کاتێکدا لە کارەکانم لەسەرچاوە نیشتمانییەکان جەخت لەوە کردۆتەوە کە پیشەکەمان تەنیا لەنێوەندی سنووری ویلایەتە یەکگرتووەکان ناوەستێ.

بە هۆی قۆزی و قژە درێژەکەی و کۆتە شینەکەی کە لەسەر قەمیسەکەدایە ئەو وەك کەسێك وابوو لە گۆڤاری "جنتلمانز کوارترلی" کاری جوانپۆشی بکات، بەڵام ئەو سەرۆکی زانکۆیە، بەڵام تەوقەکردنە بەهێزەکەی لەگەڵمدا و چۆنیەتی ڕوانینەکانی زانی ئەوە کاری منە، هەر زوو زانیم ئەمە کەسێك نییە لە شتەکان ببورێ بۆیە نابێ بە نالۆژیکانە قسە بکەم.

لەپاش یەکترناسینێکی کورت، لەپاش ئەوەی سوپاسم کرد سەبارەت بەوەی مامۆستا و هاوبەشی سی ئای ئەیە، واتە یەکسەر بێینە سەر بابەتەکە و گوتی "نامەوێ قاعیدە و کۆمەڵە تیرۆیستیەکان لەنێو زانکۆدا بوونی هەبێ، چونکە سەلامەتی قوتابی و فەرمانبەرانی یەکێك لە ئەرکەکانمە، دەمەوێ وەك هاووڵاتییەك هاوکاری سی ئای ئەی بکەم، ئێمە چەندین قوتابی رادیکالی مووسڵمان لە زانکۆکەمان هەیە، بەڵام نازانین تا چەند رادیکالن، یان نازانین تا

چەند پەیوەندی فراوانیان هەیە لەگەڵ دەرەوەدا، ئایا تۆ دەزانیت؟ پێویستە ئەمە بزانین".

باسی دوو قوتابی بیانیمان کرد، جەختمان لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیان کردەوە هاوکات باسی دەزگەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بیانییەکان کرد، کە هەردەم رۆڵی سەرەکییەکان هەبووە، بەتایبەتی لەوەی هەر بەرهەڵستکارێك تیرۆیستە، بۆیە ناکرێ هەموو بابەتەکان وەکخۆی بچەسپێندرێ، بۆیە پێویستە بگەین بە دوو مامۆستا تا ئەو دوو قوتابییە بەتەواوی بناسن.

"لەوانەیە، گرنگی پێ بدەین، ئەمەش پەیوەستە بە هەڵسەنگاندن، بۆ بەسیخوڕکردنی ئەو دوو قوتابییە تا بگەڕێنەوە سیخوڕیمان بۆ بکەن، ئێمە پێویستیمان بەو جۆرە سەرچاوە هەیە، بەتایبەتی چەندین داڵدەی دوژمن سەقامگیرە، هاوکات پرسم ئەمانە هاوکاریمان دەکەن؟".

"بێگومان، ئەو مامۆستایە کێن؟".

دوو ناومان پێ بدە، لەوانەیە کەسێکی ئاسانتر هەبێ ئێمە نازانین.

"هاوکاری ئێف بی ئای بۆ هەموو هەواڵگرییە ئەمەش تەواوکەری کارەکەیانە، بێگومان ناوی تۆ ناڵێن یان ناوی هیچ مامۆستایەك ناهێنین کە سەرچاوەی ئێمەن، ئەمە هەر بەنهێنی دەمێنێتەوە".

" تۆ راست دەکەی ئێف بی ئای ناتوانێ نهێنییەکان بپارێزێ، لەوانەیە رۆژێك دابێت دەزگەکانی راگەیاندن رووماڵی کارەکانیان بکات، لەو کاتەی ئەوان کارا نین لەنێو زانکۆدا، کاتێك دەجوولێنەوە نیشانەکانیان پیشان دەدەن، هەڕەشەکانیان هیچ سوودی نییە، ئەگەر بابەتەکانیان پەیوەستیش بێت بە چەسپاندنی یاساش، بەڵام نەم بینیووە پێشێلی یاسا بکرێ، تەنیا ئەوەی دەبینم

هەڕەشەیەك هەیە بۆ سەر زانكۆ، بەڵام بە هۆی ئەژنـدای هـەواڵگری پشـتگیریت دەكات".

لێرەدا زانیم جیاوازییەك هەیە لەنێوان هەواڵگری و بەڵگەكان لـەنێوان سـی ئای ئەی و ئێف بی ئای، بۆ ئەمەش ئێف بی ئای پێچـەوانە بـوو، زۆرجـار داوام كردووە تا بـزانم ناسـنامەی بەشـی سەرچـاوە نیشـتمانییەكان بـزانم، ئەمــەم بـۆ روونكردنەوە ئەمە ناكرێ، بێگومان لەگەڵ هاووڵاتییـانی ئـەمریكی نـاكرێ، بـە هەموو شێوەیەك رەتی ئەوەیان كردەوە تا چاویان بە ئێف بی ئای بكەوێ، چـونكە هاووڵاتییانی ئەمریكی مافی خۆی هەیە، هەروا مـافی ئـەوەیان هەیـە بـەنهێنی هاریكاری لەگەڵ سی ئای بكەن بۆ پاراستنی ویلایەتە یەكگرتووەكان.

سەرۆكی زانكۆ رازی بـوو بـە ئەركـەكانی لەنێوەنـدی زانكـۆ و وڵاتەكـەی، بەشێك لە سەرۆكی زانكۆكان ئەركەكانیان پەراوێز خست، چونكە ترسیان لە سـی ئای ئەی هەبوو، هەروا وەك بۆنی گازی ئۆرویۆلی ترسناكە، هاوكات سی ئای ئەی هیچ ئامرازێكی یاسای نەدۆزیەوە بۆ چەسپاندنی یاسا، تەنیا دەتوانێ كار لەگـەڵ ئەو هاووڵاتییانە بكات دەیانەوێ هاوكاری بكـەن، بـۆ ئەمـەش ناتوانـدرێ هـیچ ترسێك بخرێتە روو نـە لـەرووی نیشـتمانییەوە نـەك لـەرووی خـودەوە، باشـترین هاوبەشی سەرچاوەكان ئەوانەن بڕوایان بە كارەكە هەیە، بۆیە كەس ناچـار نـاكرێ تا هاوكاری بكات، ئەمەش جوانییەكی ئازادیـیەكانی مەدەنی ئەمریكییە، لەتەك ئەمەش هێزێكی پتەوی هەیە لە جیهانی سیخوڕیدا، ئەمە راستە لەگـەڵ ئـەوەی هەندێك پێیان وایە ئەم جیاكردنەوەیە پەسەند نییە، بەپێی ئەو بابەتانـەی رۆژانـە لە سەرچاوە نیشـتمانییەكان بینیوومـە، بۆیـە ئازادییـە مەدەنییـە هـەردەم لـە وڵاتەكەمان بەهێز دەمینێتەوە، بەشێوەیەك مافی هـەموو هاووڵاتییـە تـا هـەوڵ بدەن وڵاتی خۆیان بپارێزن، راستە ئەو كەسانە هاوكاریمان دەكەن لە سـیخوڕیكردن

بەسەر هاووڵاتییانی بیانی، بەڵام لە چوارچێوەی سنووری مافەکان، هەروا پێم وایە لە چوارچێوەی ئەرکی هاووڵاتییە بەپێی دەقی دەستوورەکەمان.

بۆیە بەئاگاییەوە لەگەڵ ئێف بی ئای مامەڵەم دەکرد، کە دەسەڵاتی گەڕان و دەستبەسەرداگرتن هەیە، بەپێی ئەو رۆڵە سیخوڕەی کە هەیەتی لەنێو سنوورەکەمان، پێدەچێ ئەم دەسەڵاتە چەوسێنەرە بەهەمان شێوە لەلایەن سوپای ئەمریکییەوە بەدی دەکرێ لەو کاتەی سەرکردایەتی باکوور دامەزرا، بۆیە نەمبینی هەواڵگری و چەسپاندنی یاسا لە یەك ئاژانسی خۆماڵیدا بەدی بکرێ، هەروا هیچ کاتێك نەم ویستووە هەواڵگری و چەسپاندنی یاسا تێکەڵ بەیەکتری بکرێ لەتەك هێزێکی سەربازی لەنێو وڵاتەکەماندا، ئێستا ترسم لە قاعیدە هەیە لەو کاتەی دژ بەیەکتر دەبین لەنێو دەزگەکانمدا ئەو کاتەی لەبایەتێکدا بەرپەچی یەکتر دەدەینەوە، بەو شێوەیە ئەو دەتوانێ هەڕەشە لە ئازادییەکانمان بکات.

لەلایەکی دیکەوە توانامان لە کۆکردنەوەی هەواڵگری سەبارەت بە هەڕەشەکانی نێو سنوورەکەمان و شیکردنەوەیەتی لە سەرەتادا، بۆیە رێککەوتنی سی ئای ئەی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆیەك بۆ سیخوڕیکردن چەندین مانای دەگەیەنێ.

لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ بۆ ماوەی سی خولەك قسەمان کرد، دووبارە سوپاسم کردەوە، کەچی سەیرکردنی ئەو جۆرێك لە کینە بوو، لە کاتێکدا ئەو هەستە پێویست نەبوو، ئەو بەخێرایی لەنێو هوتێلەکەدا ون بوو.

پرسیارەکە لەوەدایە چۆن هەندێك لە دەسەڵاتەکاتی زانکۆی رێگە دەدات تا کەسێك هەبێ و قاعیدە بێ لەنێو زانکۆدا، چونکە ئەوان بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێ دووربکەونەوە لە هەواڵگری ئەمریکی، لەو کاتەی هەڕەشەیەك لەلایەن

قوتابییەکانیانەوە سەرچاوەی گرتووە؟ یان ئەوەتا جۆرێك لە نەزانینی سی ئای ئەی هەیە؟ یان پێکهاتەکە لە هەردوو لاوە سەرچاوەی گرتووە؟

بەشی سەرچاوە نیشتمانییەکان و ئێف بی ئای لە ساڵی داهاتوودا بەشدار دەبن لە کۆکردنەوەی سەرۆکی زانکۆکان تا گفتوگۆ بکەین سەبارەت بە باسەکانی هاوکاریکرن لە هەواڵگری و چەسپاندنی یاسا.

چەکە بایۆلۆژییەکان

تووشی نیگەرانییەکی زۆر بووم لە بوونی چەکی بایۆلۆژی، نەك زانستە بایۆلۆژییەکان وەك پیشەسازی، بەڵام کەسێك کە خاوەنی بەرژەوەندییەکی فراوان داوای کرد زیاتر بزانێت لەوبارەوە، بەو پێیەی هاووڵاتییەکی بەرپرسە، ئەرکە دەبێ بزانێ چۆن بەشداری هاوکارییەکان بکات، ئەو هاوبەشێکی باشە و دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، پەیوەندی بە تیمی شارەزایانی سی ئای ئەی کرد، چووم بۆ ماڵە گەورەکەی و لەوێدا پوختەیەکم پێشکەش کرد، هەر لەوێدا باسمان لە هێرشی "ئاوم سینریکیۆ" کرد، کە لە ساڵی ١٩٩٥ لە تونێلی میترۆی مۆسکۆدا پەرشوبڵاویان کرد، ئەمەش بە پەرشکردنی غازە و کاریگەری لەسەر مێشك دەکات، لەدواتردا بووە هۆی کوشتنی دوانزدە کەس و شێواندن و پێکانی سەدان کەس، هەروا باسی ئەو تاقیکردنەوانەم کرد کە قاعیدە لە جەنگی بایۆلۆژیدا ئەنجامی داوە، ئەمەشمان لە تاقیگەکانی ئەنتراکس زانی کاتێك دەستمان بەسەردا گرت، زۆرێك لە پوختەکانمان خستە روو، ئەمەش وای کرد گفتوگۆیەکی دووورودرێژ بکەین، بە هۆی پرسیارەکانییەوە زانیم حکومەتی ئەمریکی تا چەند ئاگاداری چەکی بایۆلۆژی نییە، ئەمەش تەنیا کەموکورتی نییە لە هەواڵگری بەڵکو

بەئاگانەهاتنی سیاسەتە، کاتێ وەك پێداویستی دەیدا بە هەواڵگری، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە گفتوگۆمان کرد.

بەرگریی نیشتمانی دژ بە چەکی بایۆلۆژی تا ئەو کاتە پێ نەگەیشتووە، هاوکات لاواز بووین لەوەی کۆکردنەوەی هەواڵگریان هەبێ سەبارەت بە چەکی بایۆلۆژی، هەتا هیچ سیاسەتێك سەبارەت بەو بابەتە نەبوو، ئەمەش وای کرد هەموومان ئاگادار نەبین.

لەنێوەندی هاتنەکایەوەی کۆبوونەوەمان لەگەڵ هاوبەشەکەمان کە سەرۆکی جێبەجێکار بوو، ترسمان هەبوو، چونکە هەواڵگرییەکان سەبارەت بە چەکی بایۆلۆژی وەك ئەوە وابوو بەدوای کونە ڕەشەکانی ئاسماندا بگەڕێن کە بەردەوام گەورە دەبێ.

ئەفسەری هەواڵگریی باش درککردنەکانی ئەگەر بیکات یان نەیزانێ، لەو کاتەدا پێویستە دان بە نەزانینەکانمان بنێین، هەروا دەبێ بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێن کە نایزانێ، دیارە هەموو ئەمانە پێویستی بە مکوڕبوونێکی متمانەپێکراو هەیە.

سەرچاوە نیشتمانییەکان ناتوانێ سیاسەت دابنێ، بەڵام دەتوانێ پێداویستییە سەرەتاکانی دیاری بکات، هەروا پێویستیمان بە بڕیاردەرانی سیاسەت نییە تا پێمان رابگەیەنن چ شتێك گرنگە، لەگەڵ ئەوەی ئەمە لە چوارچێوەی بەرپرسیاریەتییەکانیانە.

گەڕامەوە بنکەی سەرکردایەتی لەگەڵ دۆنا دانیشتم لە نووسینگە پەرشوبڵاوەکەیدا، ئەو بەرپرسە سەبارەت بە پێداویستیەکانی سەرچاوە نیشتمانییەکان، ئەو دیاری دەکات چ شتێك پێویستی بە هەواڵگرییەوە هەیە تا

بەرەو مەیدان بڕۆین و هاوکاری بین بۆ کۆکردنـەوی زانیارییـەکان، دۆنـا خـەڵکی شارۆچکەیەکی بچووکی بە نسلڤانیایە لەپێش پێنچ ساڵدا پەیوەندی بە سـی ئـای ئەی کردووە، لە سەرەتادا وەك کارمەندێکی بچووك بـوو بـە مووچـەیەکی کـەم، هەروا بە هۆی خزمەتی لە ئەورووپا و ئەمریکای لاتینی پلەی یەك لـەدوای یـەك بەرز بۆوە، ئێستاش سەرۆکی بەشە بە مووچەیەکی باش لە جۆری ١٥، کەسێکی زیرەك و سەررەقە، کەسێکە نازانی تا چەند توانای سەرکردایەتی هەیە، بـە هـۆی زۆری پرسیارەکانی رووبەڕووی چەندین گرفت بۆتەوە لەو دانیشتنەدا باسی خراپیی سیاسەتەکەمان کرد لەبارەی چەکی بـایۆلۆژی و هەوڵـە هەواڵگرییـەکانمان، ئـەو ئەمە دەزانێ بەڵام دووبارەم کردەوە.

لە دڵی خۆمدا گوتم " ئەمە خراپە ئێمە سیاسەتمان هەیە سەبارەت بە چەکی ئەتۆمی و کیمیاوی، کەچـی شـتێکی وا نـازانین لـەرووی بایۆلۆژییـەوە، دەکـرێ خراپەکاران و دڕندەکان شتێك دابنێن تا نەخۆش بکەویت، کەچی دەتوانین سـەرنج بدەینە کارگەیەکی ئەتۆمی".

ئەو گوتی " کەمێك ماوەم پێ بدە تا بیر لەو بابەتە دەکەمەوە".

لەو نێوەندەدا بۆ ئەتلانتا چوو و لەوێـدا لەگـەڵ کۆمـەڵێك شـارەزا کۆبـۆوە زیاتریش سەبارەت بـە هەنـدێك نەخۆشـی و چـۆنیەتی خۆپاراسـتنی تـا بتـوانێ شیکردنەوەیەك وەربگرێ، کاتێکیش گەڕایەوە منی زیاتر تووشی نیگەرانی کرد.

دەکرێ بڵاوبوونەوەی پەتاکان بە دەستی خودی مرۆڤـەکان بـێ، لـە سـەرەتا کەس ئەمە نازانێ کە هۆکارەکانی نەخۆشییەکە چییە، لـە هـەموو حاڵەتەکانـدا بەکارهێنانی دوولایی هەیە بـۆ ئەمـە، زاناکـان پێویسـتیان بـە بەرهـەمهێنانی نەخۆشی هەیە تا تاقی بکەنەوە و لەپاشاندا چارەسەرێکی بۆ بدۆزنـەوە، لێرەشـدا گرنگە بزانین کێ یاریزانی ڕێگەپێدراوە بۆ ئەمە.

سەرچاوە نیشتمانییەکان و سی ئای ئەی دەتوانن لەو پێشبڕکێیەدا بن تا رواودووی سەدان بەڵگە بنێن، بەڵام هیچ سوودی نییە، کەچی چۆن بتوانین جەخت لە یەکێك بکەینەوە؟ چی گونجاوە؟

لەپاش دوو هەفتە دۆنا شیکردنەوەکانی بۆ روونکردمەوە دوای ئەوەی لەگەڵ شارەزایان قسەی کردبوو، ئەمەی بەراورد کرد بە چەند شتێك.

ئەو گوتی " چەکە".

"چەکی چییە؟".

"هۆکارەکانی نەخۆشی، ئەمەش جیاکارییەکە لە کۆکراوەی هەواڵگرییەکان، ئێمە دەبێ چاودێری هۆکارەکانی نەخۆشی بکەین، لەدواتردا دەبێتە چەك، قسەم لەگەڵ زانای بایۆلۆژی کرد، باسی چەندین بەرجەستەی کرد، بۆ نموونە ڤایرۆسێك لەلای کەسێك بەدیار دەکەوێ، لەوانەیە ئەو تەنیا دەرچووی زانکۆیەك بێ و توێژینەوەیەك ئەنجام دەدا، بەڵام ئەگەر کەسێکمان دۆزیەوە ئامرازەکانی بەرجەستەی لەلایە، ئەو کات چەندین ئامانجی هەواڵگریمان دەبێ".

"ئەمە لۆیکییە، ئەی چی تر؟".

ئەو گوتی " یان ئەوەتا زۆر خراپ دەبێ یان باشتر"، هەروا "زانای بایۆلۆژی باسی توێژینەوە نوێیەکانی کرد لەرووی نەخۆشی زەهایەر، کە کەمێك پێشکەوتووە، زاناکانیش ئێستا دەیانەوێ نەخۆشییەکە نوێ بکەنەوە، وەك هەنگاوی یەکەم، تا بزانن چۆن چارەسەری بکەن".

گوتم "ئەمە باشە".

"باش نییە، ئەگەر توێژینەوەکە لەدوای گەڕان بووە هۆی بەرهەمهێنانی ئامرازی هێرشی سووپاکان و دانیشتووان، تا وابکات هزرەکان بروخێنێ".

پێم گوت " رووخانی هزر؟ سووپاکان؟ ئەی دواتر چی بکەین؟".

دونا بەکورتی گوتی "هاوڕێیەکەمان کە زانای بایۆلۆژییە، لەگەڵمانە دەیەوێ نامیلەکەیەك بنووسێ سەبارەت بە بنەماکانی مەیدانی گەڕان، تا کۆکەرەوانی زانیاری جەخت لە بابەتی دروستکردنی چەکی بایۆلۆژی دەکەن، هەروا دەتوانین کار لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری و بەشەکانی دیکە بکەین، بۆ هاتنەکایەوەی پێداویستییەکان لە چەند وڵاتێك، لەو کاتەدا دەبینین چ دەدۆزینەوە".

بۆ ئەوەی منیش سوودم هەبێ گوتم "ئەمە دەنێرین بۆ هاوبەشەکانمان لە دەزگەی پەیوەندییە دەرەکییەکان، تا ئەوانیش بتوانن بگەڕێن".

شتێك فێر بووین لەو کاتەی راوەدووی بەڵگەی چەکی بایۆلۆژیمان دەکرد، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ زانین و مەبەست، ئەمەو چەکی بایۆلۆژی پشت بە چەکی کۆکوژ دەبەستێ، بە هۆی بوونی ژەهرێکی زۆر وەك دەنکەکانی خەردەل بۆ بەرمهێنانی ریسین، چونکە زۆربەی ئەوانەی زیرەکن لەو بوارەدا دەتوانن بە هۆی هەستی بکوژیان چەکی بایۆلۆژی بەرهەم بهێنن و زۆریش بەئاسانی دەتوانن بیشارنەوە، بۆیە دەبێ زیاتر بەدوای ئەوانەدا بگەڕێن کە دەبنە هەڕەشە، رەهەندی مرۆڤایەتیان وەلاناوە، دیارە ئەمەش بنەمای سەرەکی سیخوڕیکردنە.

چەندین ناوی وڵاتانمان نووسی کە تێکەڵ بە کاری هەوڵەکانی دروستکردنی چەکی بایۆلۆژین، بۆ ئەمەش گەڕانمان کرد سەبارەت بەو قوتابیانەی کە پەیوەندارن بەو دەزگەیانەوە.

سەرچاوە نیشتمانییەکان نەی توانی هێزێکی سەرنجراکێشی هەبێ بۆ وەدەستهێنانی سەرچاوەکان، بە هۆی سەرقاڵبوونی بەشەکانی دیکە بەکاری دیکە، دۆنا دەستی بەو کارە کرد، بەڵام لە سەرەتادا لە مەیدان زۆر لاواز بوو، بەڵام کارکردنمان لەگەڵ شیکەرەوەکان و ئەو هاوبەشەی زانای بایۆلۆژی و هەندێك لە تاقیگە حکومییەکان توانیمان بەشێك لە زانیارییەکانمان دەست بکەوێ و دووبارە

جەختکردنەوە و پێشکەشکردنی بۆ وەدەستهێنانی کۆمەڵەیەکی متمانەپێکراو بۆ هەواڵگری، هەروا بۆ شیکەرەوەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ هەڕەشەکان دەکرد و هاوکارمان بوون تا زیاتر پێداویستەکانمان نیشان بدەن.

بۆ ئەمەش وەك زنیەك بەخۆڕ چەندین راپۆرت و پرۆسە بەردەوام بوون.

سەرچاوە نیشتمانییەکان گەیشتنە لایەنەکانی دوای ۱۱-۹ وەك توانای شیکردنەوە لە نێوەندی کۆمەڵگەی هەواڵگری، تا هەموو ئەوانە جیا بکەینەوە کە لەنێو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا و پەیوەندییان بە چەکی بایۆلۆژییەوە هەیە، تیمی یەکەمان وەك شێوازی شیکردنەوە ئاگاداری هەموو ئەو قوتابیانە بوون کە رێگەی فیزەوە دێنە ناو وڵات، بۆ ئەمەش چەندین پرسیاری روون خرایە روو، بەتایبەتی ئەوانەی بە هۆی فیزەوە هاتوون بۆ خوێندن، واتە لێرەدا پرسیارێك دێتەکایەوە چەندن ئەوانەی بۆ خوێندن هاتوون و ناخوێنن و پەیوەندیان بە قوتابخانەکانەوە نەکردووە؟ یان کێن ئەوانەی بڕوانامەی دەرچوونیان وەرگرتووە و پەیوەندییان بە زانکۆکانەوە هەیە و بەرنامەی زانستی بایۆلۆژی تاوتۆ دەکات و پەیوندییان بە چەکی بایۆلۆژییەوە هەیە؟ ئایا هیچ قوتابییەك هەیە پەیوەندی بە ئەفسەرێکی هەواڵگری بیانی هەیە؟

کارەکەمان پێ کا، کاتێك قوتابییەکمان پەیوەست کرد بە دەزگەیەکی وڵاتێك، لەوێدا بینمان زۆرێك لە قوتابیان پەیوەندییان بەو دەزگەیەوە هەیە، لەم رادەیەدا لەنێوان سەرچاوە نیشتمانییەکان و دژە سیخوڕی گەیشتینە ئەو زانیاریەی هەڕەشەیەکی تاوانکاری هەیە لە گواستنەوەی تەکنەلۆژیای چەکی بایۆلۆژی بۆ شوێنێکی دیکە، داوامان لە ئێف بی ئای کرد ئەوانیش پەراوی لێکۆڵینەوەیان کردەوە، بەڵام نەمزانی چییان دۆزۆیەوە.

زۆر بەئاگایانەوە دەم ڕوانییە هەواڵگری پەیوەندیدار، بۆ ئـەوەش وێـستگەی سەرچاوە نیشتمانییەکان وەك نموونە کۆمەڵێك سیستەمی تەکنـەلۆژیای کـوالیتی بـەزر کـرێ، زیـاتریش ئەمانـە بـۆ چارەسـەرکردنی هۆکـارە بایۆلۆژییـەکان بەکاردەهێندرێ، دیارە ئەمە بۆ ئاشکراکردنی لێکۆڵینەوەکانە لـەڕووی پەیوەنـدی ژمـارەی تەلەفۆنـەکان و ناونیشـانی پۆسـتی ئـەلیکترۆنی. دواتـر گەیشـتین بـە کۆمەڵەیەکی تیرۆریستی ناسراو، هەموو ئەمانەش درا بە سەرچاوە نیشتمانییەکان و لەدواتر نێردرا بۆ بنکەی دژەتیرۆر و ئێف بی ئای تا لەدەرەوە ڕاودوویان بنێن.

زۆرجار وەڵامەکانی کاری هەواڵگری وەڵامی زۆری بەدەست ناکـەوێ لەتـەك ئەوەی دەرئەنجامەکانیشی دیاریکراوە، هیچ کاتێك تابلۆکە تەواو نابێ، زۆرجاریش شت زیاد دەکرێ یان ون دەبێ و هەندێك شتی دیکەش گۆڕانکـاری بەسـەردا دێ، بەتایبەتی لەڕووی بەرنامەی هەواڵگریمان کە پەیوەستە بە چەکی بایۆلۆژییەوە.

ئەو هیوام بەتەواوی نەگەیشتە ئـەنجام تـا حکومـەتی ئـەمریکی بـەهێزەوە بڕوانێتـە چـەکی بـایۆلۆژی، تـا زیـاتر کـار بکـەین بـۆ کۆکردنـەوەی زانیارییـە هەواڵگرییەکان، هەردەم بەخوڕ ڕاپۆرت دەهات، کەچی ئەو بەخوڕییە هیچ کاتێك کۆتایی نەدەهات، بەڵام لەگەڵ سیاسەتمەداران باسی ئەوەمان دەکـرد، کـە ئەمـە بابەتە پەیوەستیشە بە قاعیدەوە، چونکە بەردەوام هەوڵ دەدات تا چەکی بایۆلۆژی بەدەست بێنێت.

بە هۆی گەڕانەکانم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر تۆڕم بینـی بـۆ سەرچـاوە نیشتمانییەکان زۆرێك لە هاووڵاتییانیش ئامـادە بـوون بـۆ هاوکـاری، هـەموان دەیانویسـت بـزانن ئێمـە چـیمان دەوێ، بەشـێکی زۆر هاوکارمـان بـوون، بۆیـە بەهێمنی لەگەڵ پارێزەرانی کۆمپانیاکان دواین، تـا تیمـە یاسـاییەکانمان هـەموو

بنەما یاساییەکان بگرنە ئەستۆ، ئەمەش زۆر گرنگە لە پیشەسازی گەیاندن و سەرەتاکان.

لە هەموو حاڵەتەکان پشتمان بە پرۆسە هاوبەشەکان دەبەست لەنێوان سەرچاوە نیشتمانییەکان و کەرتی تایبەت لەدەرەوەدا، بەچڕی کارمان لەسەر پاراستنی هاوبەشییەکان دەکردەوە، زۆر کەس ڕووبەڕووی نزمبوونەوەی کەسایەتییان بوونەوە، هەروا زیان کەوت بە بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیانی کۆمپانییەکانیان، زۆرێك لەو کۆمپانیانە باسیان لەوە کرد لەگەڵ هەستکردن بە قازانجی کۆمپانیاکانیان هەروا لەسەریانە هاوبەش بن و یارمەتی سی ئای ئەی بدەن، پێیان وایە بەرژەوەندیی سەلامەتیی کۆمپانیاکانیان پەیوەستە بە سەلامەتیی وڵاتەکەیان.

وەك یەکێکیان گوتی "ڕاستە ئەگەر پەیوەندییەکانمان ئاشکرا بێ ئەوا ئاژاوەیەك دێتە ئاراوە، بۆ ئەمەش بەشێك لە وەبەرهێن و پارێزەرەکانیان بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەخەنە نێوەندی دادگاوە، بەڵام کارەکە لەوە گەورەترە کاتێك ١١-٩ یەکێکی دیکە هاتە ئاراوە ئەو کات خەڵك و کەسانی من دەمرن، واتە هیچم نەکردووە بۆ وەستاندنی ئەمە".

تەنیا سەرۆکێکی جێبەجێکاری ڕەتی ئەوەی کردەوە تا لەگەڵمان دابنیشێ، بە پاساوی ئەوەی دەترسێ، منیش پرسیم ئایا بە سۆندە لێی دەدەن؟ ئایا کەسایەتی لەکەدار دەبێ کاتێك بێتە ناو ئەم نووسینگەیەوە؟

لەم کاتەدا ئەفسەرێکی گەنج گوتی "دەبێ چی بکەین؟".

"هیچ مەکە ئێمە لە وڵاتێکی ئازادین، بەڵام سەیری ژیان لەلای ئەو کەسە بکە، ئەو هەموو بەیانییەك سەیری خۆی دەکات، ئایا ئەو هەر وەك پیاو ماوە".

لەلایەکی دیکەوە سەرۆکێکی جێبەجێکار لە تێکساس پرسیاری ئەوەی دەکرد، چۆن دەتوانێ هاوکاریمان بکات، بۆ کوشتنی تیرۆریستەکان، واتە خۆی بچێ بیانکوژێ، پێم گوت کەسانی دیکە هەیە ئەو کارە دەکات، هەرچۆنێك بوو سوپاسم کرد.

تەکنیکی نانۆ

هاوکارییەکانی کەرتی تایبەت هەموو ئەمریکای گرتەوە، هەر لە دۆڵی سیلیکۆن تا وول ستریت، هەر لە دەزگە جیاجیاکانی کەسانی سەر بەرچەڵەکانی دیکە تا دەزگە بچووکەکان، هەر لە بانکەکانەوە تا دەگاتە پیاوانی بزنسی درندە و لیبرالییەکان، دیارە هەموو ئەمانە لەژێر سایەی ئاو ئاس بوو کە سەرپەرشتیی زانستە نوێیەکان دەکات، بۆ باشترین نموونەش لەمبارەیەوە چاودێریکردنی تەکنیکی نانۆ بوو.

بۆ ماوەی چەند ساڵێك زۆرێك هەبوون بەرگریان لە تەکنەلۆژیای نانۆ دەکرد، لەم رووەوەش وەبەرهێنەرەکان هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ گەیشتن بەو تەکنیکە، بەڵام بەپێی رۆژگار دەرکەوت کە بەهاکەی چەندە، ئەمەش بەپێەی قسەی هەموو ئەو زانا و دانایانەی لەگەڵیان دواین، هەندێکیان پێیان وابوو ئەو پیشەسازییە لە ماوەی دە ساڵدا تریلیۆنێك دۆلار بەدەست دەهێنێ.

نانۆ بەو مانایە دێ یەك لە ملیارێك بەمەش دەگوترێ نانۆمەتر یەك لە ملیارێك مەتر، نانۆ جەخت لە گەردیلە دەکاتەوە لە پێوانەدا، واتە گەردیلەیەکی بچووکە تا دەگاتە ئاستی گەردێك.

پێدەچوو کارەکە پەیوەندی بە قەبارەوە نەبێ، بەڵکو پەیوەستە بە گۆڕانی خەسڵەتەکانی ماددە، کە کار لە وەرچەخانی ئاستی نانۆ دەکاتن هەروا گەردیلەکانی تێکەڵی پێکهاتەیەکی نوێیە لە خەسڵەتەکانی ماددە، فراوانی پراکتیکی ئەم تەکنەلۆژیایە بچووکە زۆر سەیروسەمەرەیە.

لە سەرەتادا ئەو بابەتەم بە هەواڵگریی بەرگریی سەرچاوە نیشتمانییەکان ناساند، دۆنا کارەکەی گرتە دەست، چونکە بابەتێکی زۆر ئاڵۆزوە، ئەو وەك قوتابییەکی زیرەك هەموو شتە نوێیەکان لەخۆ دەگرێ و تێی دەگات، ئەو دەروونناسی خوێندووە دەزانێ سروشت و هەڵچوونەکانی چین، ئێمەش لەرووی هەواڵگرییەوە ئەوەمان نیشان دان، کە تەکنیکی نانۆ تا گۆڕانکاری دەخاتە نێو کاری ئاسایشی نەتەوەیی، لەنێو ئەوانەشدا سیخوڕی.

کاتێك نانۆ بە قوماشێك دەنێیت بە هیچ شێوەیەك ناتواندرێ بدۆزرێتەوە لە کاتێکدا هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە بۆ سەر ئۆپراسیۆنەکانی سی ئای ئەی، بۆ ئەمەش دەکرێ ئەفسەرەکان گولەبەندی لەو شێوەیە بپۆشن کە لەلایەن ئاسیایەکەوە دووراوە، بۆ ئەمەش دەتوانی چاوێرێك لەسەر گولەبەندە دابنێیت، بۆیە هەموو کارابیەکان بەبێ سوود دەمێنێتەوە.

ئەگەر ژوورێك ژێرخانەکەی نانۆ بێ بە هیچ شێوە سەرە چەکێکی پێشکەوتوو نابڕدرێ، هەروا بۆ هۆکارێکە بۆ هەواڵگری ئاماژە بۆ ئەمەش ماددەی نانۆ لە سیستەمی گەیاندن بەکار دێ تا چەند کەرەستەیەکی بچووکتر بەرهەم بهێنن. هەروا هەر ئامرازێك بە نانۆ دروستکرابێ ئەوا دەتوانێ دژ بە مووشەکەکان ببێتەوە. ئەمەش پەیوەستە بە گۆڕانی دینامیکی خێرایی مووشەکەکە یان ڕێڕەوەکەی، بۆ ئەمەش قوماشی نانۆ دەتوانێ هەموو چالاکییەکان بکاتە تارمایی

واتــە رەنگــەکانی دەگــۆڕێ و لەتــەك ژینگەکــەی دەگــۆڕێ بــۆ ئالنگــاری و رووبەڕووبوونەوەکان.

وەزارەتی بەرگری هەر زوو وشیار بوو سەبارەت بە تەکنیکی نانۆ، ئەمەو لــە ساڵی ۲۰۰۲ پەیمانگەی تەکنیکی نانۆی دامەزرانـد، ئەمــەش لەلایـەن زانکـۆی ماساسوستس تەکنەلۆژیا پــەرەی پــێ درا، هــەموو ئەمانــەش بـۆ چالاککردنی سەربازە لە گۆڕەپــانی جەنگـدا، بـۆ ئەمــەش وەزارەت پــەنجا ملیـۆن دۆلاری لــە سەرەتادا بۆ ئەو بابەتە تەرخان کرد.

پرسیارەکە لەوەدایە نەیارانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم کاتەدا چی دەکەن؟ چ گۆڕانکارییەك دێتەکایەوە لەرووی ئاسایشی نەتەوەیی؟ دەبێ هەڕەشـەکان چـی بن؟ ئەم پرسیارانەیە پێویستە سەرچاوە نیشتمانییەکان وەڵامی بداتەوە.

دۆنا و تۆڕەکانی رووپێوێکیان بۆ بەرنامەی نانۆ هەبوو لە وڵاتە بیانییــەکان، کە پەیوەست بوو بە پراکتیکەکانی ئاسایشی نیشـتمانی، بـۆ ئەمــەش سەرچـاوە نیشتمانییەکان زانیاری لەسەر چەندین دەزگەی بیانی هەبوو، بۆ ئــەوەی بـزانن چ سیناریۆیەکی پراکتیکی لەمبارەیەوە ئەنجام دەدەن.

کاتێك گەیشتینە ئەنجامێك سەرچاوەکانی نیشتمانی لەتەك سـی ئـای ئــەی لەدەرەوە پلانیان دانا ئەمەش بەهاوکاری دەزگایەکی بیانی، سیخوڕەکانمان هەر لە سەرەتاوە و لە یەکەم نموونەدا پارەیەکی باشیان وەرگرت.

یەکێك لە ئەفسەرانی نموونەی نانۆ گەیشتە نووسـینگەکەم، تـا ئـەو کـارەم نیشان بدات سەبارەت بەو ماددەیەی چەندین لە پیاوانمان کاریان لەسەر کـردووە و پارەیەکی زۆریان لێ خەرجکردوون بەتەنیا سەیری ماددەکـەم کـرد، ئــەو کاتــەی سەیرم دەکرد بزیەك گرتمی زۆری نەمابوو بیدەمە قاقای پێکەنین.

کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد ئەم ماددەیە ملیۆنـەها دۆلار بـۆ وەزارەتـی بەرگری دابـین دەکـات، کاتێـک بـەکاری دەهێـنن بـۆ توێژینـەوە و پێشـکەوتن؟ لەوانەشە ژیانی ئەمریکییەکان رزگار بکات؟

جێگرەکەم، کە زۆر بەباشی خزمەتی کردم، لە ساڵی یەکـەم بـەرەو کـارێکی دیکە چوو، هەروا توانیم جینا رازی بکەم تا ببێتە جێگـرم، ئـەو چـەندین مـاوە لەدەرەوە خزمەتی کردووە، لەو نێوەندەشدا وەك سەرۆکی وێستگە کاری کـردووە. هەروا بەرپرسی نووسینگەیەکی دژەتیرۆر بووە، بـەڵام لـەپێش ماوەیـەك لـەپێش ئەوەی بێتە ئێرە، خۆسی رودرینگیز جێگـری بەڕێوەبـەری نـوێی ئۆپراسـیۆنەکان داوای کرد بچێتە نهۆمەکەی دیکە تا ببێتە سەرۆکی ئەرکان، بۆیە پێویستم بـەوە بوو جێگرێك بدۆزمەوە.

پێم ناخۆش جینـا ئـەو نووسـینگەیە جـێ دەهێڵـێ بۆیـە لـێم پرسـی ئایـا بیرۆکەیەکی هەیە تا یەکێکی دیکە لە شوێنی خۆیدا دابنێین.

"بێگومان هەیە هەر لـە سەرچـاوە مرۆڤایەتییەکانـدا، تیمێکـی زۆر باشـم کۆکردۆتەوە بەتایبەتی لە ئەفسەرە گەنجەکان، کە هەمووان خۆشـیان دەوێ، واتـە ئەو خاتوونی سەرکردە دۆنایە".

"بێگومان، ئەوە کارێکی باشە، بەڵام بۆچی بیرم لێ نەکردۆتەوە؟" من دەزانم هۆکارەکە چییە، ئەو ئەفسەری ئۆپراسـیۆنەکان نییـە، بـەڵکو ئەفسـەری ئیفـادە وەرگرتنە، من کەسێکی بێ لایەنم وەك هەموو ئەفسەرەکانی ئۆپراسیۆن، بەڵام ئەم بۆچوونەم هەڵەیە، چونکە دۆنا لەدەرەوە زۆر ئۆپراسیۆنی سازداوە، ئـەو وەك هـەر کەسێك بەشەکە دەناسێ، لەتەك ئـەوەی بەشـە بـە هـۆی ئـەوەوە جۆشوخرۆشـی کەوتۆتە نێویی، چـونکە دەستپێشـخەرییەکانی بۆتـە هـۆی زیـاتر کۆکردنـەوەی زانیاری. هەواڵگرییەکانیشی لە ماوەی ساڵێکدا بوو بە دوو هەندە، بۆیـە دەکـرێ سەرکردایەتی بکات، نەك تەنیا سەرکردایەتی بەڵکو زۆر کەسیش لەژێر فەرمانیدا

دەکرێ کار بکەن، ئەو دەتوانێ سەرکردایەتی تۆڕە کاراکانی ناو ئاژانسەکە بکات، لەلایەکی دیکەوە ئەو بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ قسەی پڕوپووچ نییە، بینیومە ڕووبەڕووی زۆرێك لە ئەفسەرە کوڕەکان بۆتەوە.

یەکسەر هاتە سەرم و بە سکرتێرەکەم وت: بزانە دۆنا لە شوێنی خۆیەتی؟

دۆنا بۆ ماوەی چەند چرکەیەك گەیشتمە ژوورەکەی، یەکسەر دانیشتم، ئەو تابلۆ و قەلەمێکی لەدەستدا بوو، جینا لەو کاتەدا چووە پشتەوەی مێزی نووسینگەکەی.

"باشە چیتان دەوێ؟" دونا بەبێدەنگیش بزەیەکی کرد.

جینا گوتی : "هانك بڕیارێکی دیکە داوە سەبارەت بە جێگرەکەی".

"ئا زۆر باشە، کێیە؟".

"تۆ"

دۆنا گوتی "لەوانەیە گاڵتە بکەیت".

گوتم "نەخێر".

جینا گوتی "تۆ باشترینی، لەراستیدا تۆ تاکە کاندیدی".

"جینا دەتوانیت باسی کارەکەی بۆ بکەیت" ئەو قسەیەم کرد و چەند ڕێنمایەکم پێ دا و چوومە دەرەوە تا دەست بە کاری گواستنەوە بکەن.

ئەمە یەکێکە لە باشترین بڕیارە کارگێڕییەکان کە داومانە.

بۆ ئەمەش دۆنا بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە دەبێ وەك جێگری سەرۆکی سەرچاوە نیشتمانیەکانە، لەدوای ئەوەی پلەکەی بەرزدەبێتە بۆ گەورە هەواڵگرییەکان، لەپاشاندا کارەکەی گوازرایەوە وەك بەرپرسی هەموو سەرچاوە نیشتمانییەکانی دەزگەی شاراوە، سەرەڕای ئەوەی بە زۆرێك پلە و

پۆستدا تێپەڕی، لەدواتردا لە خانەنشیندا بوو بە هەواڵگری پێنجەم، واتە لە سەربازێکی ئاسایی بوو بە جەنەراڵی خاوەن چوار ئەستێرە، چونکە هاوکار بووە لە پێشکەوتنی هەواڵگری یەکلاکەرەوە، هەروا کارگێڕیی سەرچاوەکان بووە لەپاش ١١-٩.

توانیم بگەڕێمەوە رێگەی خۆم ئەمەش بە بوونی جێگرێکی باش، بۆیە زۆربەی کاتەکانم بۆ ئەوەە بوو تا لە زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکا بگەڕێم، ئەمەش هەوڵدان بوو بۆ فێر بوون و سەرکرداتیکردن، لە مەیداندا، تا هاوکاری سەرچاوە مرۆییەکان بکەم تا پەیوەندییەکانیان بەهێز بکەن لەنێوەندی کارەکانیان.

هەموو کارەکانمان بووە جۆرێك بۆ هەڵچوونی بەرپرسانی ئێف بی ئای، ئەوان وایان دەبینی سەرکەوتنی ئێمە واتە شکستی ئەوان، ئەوان هەوڵی ئەوەیان دەدا کەسایەتیی ئێمە بشێوێنن، بۆ ئەمەش چەندین راپۆرتیان بۆ کۆشکی سپی بەرز کردەوە، لەم کاتەدا من چەندین زانیاریم دا بە فران تاونسند راوێژکاری سەرۆك بۆ کاروباری ئاسایشی ناوخۆیی تا بەراوردێك بکات لە نێوان کارەکانی سەرچاوە نیشتمانییەکان و ئێف بی ئای سەبارەت بە دژەتیرۆر، ئەمەش بووە هۆی دڵەڕاوکێی ئێف بی ئای، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەوان زیاتر هەڵبچن.

وەك سەرۆکی سەرچاوە نیشتمانییەکان نیگەران بووم لە سنووری کارەکانمان، چونکە قاعیدە و حزبی ئەڵلا و حەماس بەهەر شێوەیەك بێ ئەندامانی هاتوونەتە نێو وڵاتەکەمان، من وام هەست لە رێگەی وشکانیەوە دێنە ناو وڵات بەتایبەت لەو شوێنانەی بەکەمی دەوریاتەکانی پشکنین تیایدا دەسوڕێنەوە.

زۆر گرنگیم بە کۆچی ناشەرعی نەدەدا، بەو پێیەی هەموو ئەوانەی هاتوونەتە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکان شەرعی نین و بەدوای کاردا دەگەڕێن، بەڵام ئەگەر بمانەوێ دەریان بکەین دەبێ سەرەتا سزای ئەوانە بدەین کە کاریان پێ دەدەن؟

بەپێی شارەزایی خۆم هەتا لەدەرەوەی ئۆپراسیۆنە شاراوەکان، سنوورەکان بەهەر شێوەیەك بێ خەڵکێك هەیە دەتوانن لێی بێنە ژوورەوە، چونکە لەپێش چەند ساڵێکدا من و باوکم توانیمان تەنیا بە جانتایەکی پشتمان سنوورەکان ببڕین هەر لە باخچەی بیگ بەندی نیشتمانییەوە بچین بۆ ریۆ گراندی، ئەمەش دوای سێ رۆژ لە خەوتن لەسەر بەردەکانی چیا بەرزەکانی شیزۆس، ئەو کاتە زستان بوو، باوکم بێزار بوو لەو خواردنانەی من لێم دەنا لەو کاتەی خیوەتمان هەڵدەدا.

گوتی : "کوڕم دەبێ خواردنێکی باش بخوێن".

" باوکە هیچ شتێك لێرەدا نییە، زیاتریش لەم لای زێیەکەوە"، لەو کاتەی ئێمە لەتەك زێیەکەدا هەنگاومان دەنا، ئەو کاتە دوای نیوەڕۆ بوو، خۆرەکە زۆر گەرم نەبوو، بۆیە هەستێکی خۆشمان هەبوو.

دووبارە گوتییەوە "هیچ نییە؟".

کاتێك سەیری نەخشەکەم کرد لەدووری میلێك گوندێکی مەکسیکی لێیە.

"دەتوانین خۆمان لەو گوندە مەکسیکییە تاقیی بکەینەوە، بەڵام دڵنیا نیم لە پەڕینەوەمان لەزێیەکە".

بۆ ماوەی چەند سەد یاردەیەکی دیکە رۆیشتین کەسێکمان بینی بە بەلەمێکە، لێی نزیك بوینەوە و گوتم " بە چەند؟".

گوتی "یەك دۆلار بۆ پەڕینەوە و دوو دۆلاری بۆ گەڕانەوە بۆ ئەستادۆس ئاونیدوس".

گوتم "رازیم" بۆیە بەرەو مەکسیك رۆیشتین.

بەپێ گەڕاینەوە بۆ لای زێیەکە، لەپاش خواردنی تاکۆسی مەکسیکی، کاپتنی بەلەمەکەمان ئێمەی گەڕاندەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان، هیچ کاتێك سی ئای ئەی بەو جۆرە کەسێکە نەناردووە بۆ وڵاتێکی بیانی.

چیرۆكەكەم پیێ راگەیاند، لەو كاتەی من سەرۆكی سەرچاوە نیشتمانییەكانم، سەبارەت بە چەند كارمەندی گومرگ و دەوریاتە سنوورییەكان لەسەر سنووری ئەمریكی و كەندەی لەو كاتەی سەردانم كردن.

كارەكە لە كاتێكی سەرماوسۆڵەدا لە ماین بووم، لەو كاتەی سەردانی كارمەندانی چەسپاندنی یاسام كرد، تا ئەو كەسانە زیاتر لە هەواڵگری تێبگەن لە ئۆپراسیۆنە سنوورییەكاندا، چەندین چیرۆكی سەیروسەمەرەم بیست سەبارەت بەچۆنیەتیی چوونەژوورەوە كەسانێك بۆ ناو سنوورەكان، پێشتریش بە چەندین ناسنامەی جیاوە سنورەكانم بڕیووە، بەڵام كاتێك باسی سەفەرەكەم كرد بۆ مەكسیك لەگەڵ باوكمدا ئەوان زۆر پێكەنین.

پێشتر هیچ دەورییەكی سنوورم نەبینووە، واتە لە سنوور لەگەڵ كەندا، سواری گالیسكەكانی بەفر زۆر بەخێرایی تا گەیشتینە سەر سنوور، لەوێدا دەورییەكی پۆلیسی كەندیم بینی كە سواری گالیسكەی پاشایی دەبن، ئەو سنوورە هەمووی داپۆشرابوو بە بەفرێكی زۆر، لەتەك ئەوەی زۆرێك لە گالیسكەكانی بەفر، زۆر شوێنیشم بینی كە جێی پێی قاچاخچییەكان بوو كە كەلوپەل لە كەنەداوە دەگوازنەوە بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكان، پێم سەیر بوو بەو جۆرە جوولە دەكەن، پێدەچوو لە ماوەیەكی كەمدا ڕێیەكەیان بڕیبێ، چونكە زۆری نەبردووە بەفرێكی زۆر باریووە.

"چۆن سنورەكان دەبڕن بەبێ ئەوەی ببیندرێن؟".

یەكێك لە گەورەكان ئەو شوێنە گوتی" ئا، هەندێكجار هەندێكیان دەستگیر دەكرێن، بەڵام كارەكە زۆر جار بەپێی ژمارەیەكی سەرەكییە، چونكە ئەم سنوورە زۆر درێژە"، لەو كاتەدا نەخشەكەی دەرهێنا تا بزانێ ئێمە لەكوێن و چەندمان بڕیووە، ئێمە چەند میلێكمان بڕیبوو، ئەمەش ناوچەیەكی كەمە لەرووی ئۆپراسیۆنە فراوانەكانیان.

هەروا گوتی" با بەشێوەیەکی دیکە باسی بکەم".

بە فرۆکەیەکی بچووکی سستا لەسەر سنوور سوڕاینەوە، ئەو بەفرەی تازە دای کردبوو تابلۆیەکی نواندبوو، هەروا شوێنەواری قاچاخچی و ئەفسەرانی چەسپاندنی یاسا دیار بوو، لەوکاتەی چای گەرمان دەخواردەوە باسی توانا هەواڵگرییەکانیانم کرد لەتەك دەورییەکانی وشکانی و ئاسمانی، ئایا هەواڵگری وێنەیتان هەیە؟ یان هەواڵگریی ئاماژە؟ هەواڵگری مرۆیی؟

بە سەر ئاماژەیان بەوە کرد کە توانای وایان نییە و گوتیان"سەرەڕایی ئەوەی خەڵکی ناوچەکە هەندێکجار سوودیان هەیە سەبارەت بە هەر چالاکییەکی گومانلێکراو، بەڵام هیچ چاودێرییەکی تایبەتمان نییە".

پرسیم "چی لە واشنتنی پایتەخت بەدەست دێنن بەتایبەت بۆ هەواڵگرییە بەسوودەکانتان؟".

هەموو پێکەنین و گوتیان "هیچ شتێك".

"ئەی سەبارەت بە هاوپەیمانە کەندەییەکانمان؟".

لە وەڵامدا گوتیان " ئا، ئەوانیش هەمان گرفتی بوودجە و توانای کەمتریان هەیە".

کاتێك ڕۆیشتم کووپێك بەرەنگی داراستانێکی سەوزم پێ بوو، کە دەورییەکی سنووری ئەمریکی پێیان دام، ئەو کووپە لە پۆڵا دروست کرابوو، بە هیچ شێوەیەك ناشکێ، ئەمەش ڕێزێکی دیکە بوو لە قەبارەی ئاڵنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە.

بەشی چواردەیەم

سیاسەت

پیاوی دەوڵەت و سەرکردە بە پلەی یەکەم دەبێ بڕیاری ئەوە بدات چۆن جەنگەکە، دەستنیشان دەکات، کە تیایدا دەجەنگێت، بۆیە ناکرێ هەڵە بکات لە تێگەیشتن یان بیگۆڕێ و لە سروشتی خۆی لای بدات، ئەمەش سەرەتای ستراتیژییەت و گشتگیرییەکەیە.

-کارل فۆن کلاوسفیتر-لە جەنگدا

لە شوباتی ٢٠٠٥ فلیپ زیلیکۆف وەزیری دەرەوە داوای کـردم تـا سـەردانی بکەم، لەپێش دوو ساڵدا یـەکترمان بینـی بـوو، ئـەو بەڕێوەبـەری جێبـەجێکاری لیژنەی ١١-٩، چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ ئەودا بۆ دانانی راپۆرتێك بوو تا پشتگیرم بکات بۆ هێرشکردنە سەر قاعیدە لە ئەفغانستان، بۆ ئەمەش لە تەمووزی ٢٠٠٤ لیژنەکە راپۆرتەکەی بڵاوکردەوە.

بەشی یەکەمی دەقەکە کـە لیژنەکـە دای نـابوو، مـن نووسـیبووم و خـودی زیلیکۆف و تیمەکەی کارەکانی گرتبـووە ئەسـتۆ، هـەموو رووداوە مێژوویـەکانم بەشێوەیەکی روون باس کردبوو، بەشی دووەمی راپۆرتەکە راسپاردەی لیژنەکە بوو کە بەشێکی زۆر پڕوپووچانە نووسراو بوو، بۆیە لەسـەر کۆنگرێسـە بـۆ دووبـارە سەرپەرشتی کۆمەڵگەی هەواڵگری بکات، هاوکـات زۆرێـك لـە هەواڵگرییـەکان تێکەڵ بەیەکتر بکات، بەڵام مەبەست چییە لە دانانی بیرۆکراتییەکی دیکە لەگەڵ نوێکردنەوەی بەڕێوەبەری هەواڵگری نەتەوەیی؟ بۆچی دەستەکانی ئێـف بـی ئـای بکرێتەوە دوای ئەوەی ئەو هەموو هەڵەیان کردووە؟ بۆچی رێگە بە سی ئای ئـەی دەدەن بەپێی خودی ئەو راپۆرتە، لەوێدا هەستم بەوە کرد، کە هەڕەشـەی قاعیـدە زۆر بەرزە و هیچ حکومەتێکی دیکە بەو جۆرە نەبووە؟ یـان بۆچـی راسـپاردەکان جەخت لە لەلابردنی باڵی نیمچە سەربازی سی ئای ئەی دەکات، کە پێکهاتەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەو کاتەی لە ٢٠٠١-٢٠٠٢ زەبری لە دوژمن دا؟

بۆچی لیژنەکە سەیری شکستەکانی هەواڵگری نەکردووە؟ یان بۆچی باس لـە شکستە سیاسییەکان ناکـات؟ پـێم وابـوو خـودی سیاسـییەکان خۆیـان هـەموو لیژنەکەیان پێکهێناوە و دیاریان کردووە، هـەروا هـیچ خاڵێـك تیایـدا نـەبوو تـا سیاسیەکان گلەیی لە خۆیـان بکـەن، لـە کاتێکـدا هـیچ کـام لـە پیشـەگەرانی

هەواڵگری کورسییەکیان لەو لێژنەیە نییە، کارەکە بەو دەچوو لێژنەیەکی سەربەخۆ بێت بۆ پێداچوونەوە بە چاودێری تەندروستی بەڵام هیچ پزیشکێکیش لەم لێژنەیە بەشدار نەبێ.

لەوەش خراپتر لێژنە و جەماوەرەکە سی ئای ئەیان وەك تەکتیك دانابوو نابێ لە پێشبڕکێی پێکانە سیاسییەکان دابندرێ، لە کاتێکدا سی ئای ئەی هەڵەی کردووە، چونکە لەنێو هەوڵەکانی مرۆڤ کامڵبوون لە سیخوڕی و شەڕدا نییە، بەڵام سی ئای ئەی ئاگادارییەکی ستراتیژی خستبووە روو: قاعیدە دەیەوێ ئەمریکییەکان بە هەر شێوەیەك بێ بیانکوژێ هەر چەند ژمارەیان زۆر بێ، دوژمن چەندین جار ئەمەی دووبارە کردۆتەوە، هەواڵگری سی ئای ئەی زیاتر دژ بە تیرۆر بوون، کەچی بڕیاردەرانی سیاسەت پارەیەکی زۆریان خەرج کرد لە سەرکەوتنەکانی جەنگی سارد، لەپاشاندا دەسەڵاتێکی کەمیان بە سی ئای ئەی دا، لە کاتێکدا کەسێکی وەك بافێت بەرپرسیاریەتی زیاتری نەدەویست، بەڵام کۆفر وەك سەرکردەی دژەتیرۆر لەپێش ۱۱-۹ زۆر سکاڵای دەکرد لەوەی ئیمکانییەکی وایان نییە بۆ لەناوبردنی دوژمن، ریچمان وەڕس کردبوو بەوەی پێویستی بە کۆفرە تا کەرەستە و خەرجی زیاتر وەربگرین، ئەمەو ریچ و تیمەکەی ترسناکی ئەوەیان خستە روو تا بە فڕۆکەیەکی کۆنی شا مەسعوود بڕۆن، چونکە ئێمە فڕۆکەکان نەبوو.

بیرم لەو شتانە دەکردەوە لەو کاتەی سەیری زیلیکۆفم دەکرد، کارەکە نێوانێکی زۆر هەبوو بەتایبەت لەنێوان کردەیەکی شاراوە و ئەکادیمیەك بۆتە راوێژکاری سیاسی، بەڵام بە هیچ شێوەیەك رقم لە زیلیکۆف و ئەندامانی لێژنەکە نەبوو، بەڵکو من ریزیانم دەگرت بە هۆی کارەکەیان، بەڵام نەك لەسەر دەرئەنجامەکانیان.

زیلیکۆف دەستی بەقسە کرد لەو نووسینگەیەی نزیك نووسینگەی کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوە، ئێستاش ئەوە دەیەوێ بە هاوکاریی زیلیکۆف تیمێکی نوێ دابنێ.

ئەو پرۆفیسۆرێك بوو هزرێکی شیکردنەوەی شاکاری هەبوو، بەڵام کارا نەبوو لە پەیوەندییە کەسییەکان، لەپێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆکان بکەین باسی جوگرافیای سیاسیمان کرد، نەی دەتوانی سەیرم بکات، ئەو دەی ویست بەڕێز بێ و پەیوەندییەکان بهێنێتە ئاراوە، ئەو بۆچوونی منی دەویست منیش پوختەیەك لە بیرۆکەکانی خۆم پێ دا، لەوێدا هەستم بەوە کرد ئامادەیە گوێ بۆ رەخنەکانم بگرێ، پێم خۆشبوو ئەو دەویست بۆچوونەکانی من بزانێ.

تێبینی ئەوەم کرد بەراوردکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دژەتیرۆر زۆر تەسك و کلاسیکییە، بۆیە جەخت لە چەند خاڵێك کردەوە:

" یەکەم سەرەڕایی ئەوەی دەوڵەتە نیشتمانییەکان، وەك بنەمایەکی رێکخستن دەمێنێتەوە لە کاروباری نێودەوڵەتی، ئێستا یاریزانەکان لە دەوڵەتەکانی دیکەن، وەك قاعیدە زۆر گرنگە، بۆیە پێویست بوو چەند یاریزانێکی دیکە بهێنینە ئارا، چ لە دوژمن و هاوپەیمانەکانمان، ئەمەش وەك هۆکارێك لە هزری ستراتیژیمان، چونکە سەرکردایەتیکردنەکانیان یەکلاکەرەوەیە، هەروا دەبێ خۆمان ئامادە بکەین بۆ لەناوبردنی چەند سەرکردەیەکی دیکە یان بۆ هەڵسەنگاندن بێ، پێویستە نەخشەیەکی نوێ دابنێین بۆ خاکی مرۆڤایەتی، ئەمەش لە هەموو کات زیاتر بەشێکە لە دیمەنی ستراتیژی، ئەمەش پێویستی بە هەواڵگرییەکی زیاتر و باشتر هەیە".

"دووەم دەبێ هێرش بکەینە سەر دوژمن لەنێوەندی داڵدە سەقامگیرەکانی، ئەمەش بەپێی بۆچوونی سیاسی نەك وەك هەواڵگری و ئۆپراسیۆنی سەربازی،

بەڵام لەناوبردنی داڵدەکانیان وەك ئامانجێکی ستراتیژی بێت، پێویستە هێزی خۆمان نیشان بدەین، بەنەرمی و بەرەقی، پێویستە داڵدە سەقامگیرەکانیان بدۆزینەوە؟ ئەم قسانەم دەکرد کاتێك نەخشەکەم نیشاندان.

"ئێرە و ئێرە و ئێرە، هەر لەسەر نەخشەکەدا ئاماژەی بە هێڵی "دوراند" و ئەفغانستان- پاکستان و کشمیر (پاکستان-هیندستان) و کەناری دەریای سولاویزی (مالیزیا-فلیپین-ئەندەنوسیا) لەتەك کەنار و ئەفریقیا و یەمەن لە دەریای سووردا تا دەگاتە رۆژهەڵات (لوبنان – سوریا. لوبنان-ئیسرائیل. ئیسراتیل –غەزە) کرد لەگەڵ ئەوەی زۆر شوێنی دیکە هەیە، بەڵام ئەوانی دیکە لە لیستی مندا نەبوون.

خاڵی هاوبەشی هەموو ئەوانە؟ هەموویان لەناوچە سنوورییەکاند بوونیان هەیە، دوژمن بەپێی جوگرافی سروشتی وسیاسی پەنا دەباتە ئەو شوێنانە، هەروا قاعیدە و حزبی ئەڵلا دەزانن سنووری نێودەوڵەتی چۆنە بۆیە بۆ بەرژەوەندییەکانیان دەیقۆزنەوە، کەچی ئێمە وا سەیری جیهان دەکەین کە تەنیا دەوڵەتی نەتەوەین، بەڵام دوژمن بەو شێوەیە سەیری ناکات، هەروا بەو شێوەیە لە جەنگدا نییە، کە ئێمە بەستراوینتەوە بە کەلەبچەی بیرۆکراتی.

"کەی باڵیۆزەکانی باشووری ئاسیا کۆبوونەوە-واتە شانۆی دژەتیرۆر پێداچوونەوە بە دژەتیرۆر دەکەن؟ تەنیا سەیرێکی ناوچەکە بکەن، نەك تەنیا باس لە وڵاتە بەرپرسەکان بکەن؟" لێم پرسی "بۆچی تا ئێستا کۆنەبوونەتەوە".

ئەوەی بەپوختەیی خستمە بەردەستیان پێشتر لە ئەیلوولی ١٩٩٩ بە کۆفرم راگەیاندووە، تەنیا لە ئەفغانستان داڵدەکانی دوژمن کوژراوە، ئێستاش پاکستان گرفتی سەرەکییە، کەچی سۆماڵ و یەمەن زۆر خراپتر بووە، جەختمان لە ١٩٩٩ نەکردۆتەوە، تا بچینە ئەو ناوچانە هەواڵگری کۆبکەینەوە و کاری شاراوە بکەین،

کەچی لەپاش ٢٠٠٥ خۆمان ئامادە کرد بۆ داڕشتنەوەی ئامانجە سیاسییەکانمان ئەمەش بۆ لەناوبردنی داڵدەکانی دوژمن بوو، کەچی باسی ئەشکەوتێکیشمان نەکرد، کە ستراتیژی بێ.

تەنیا کێشەکە هەرێمایەتی نییە، بەڵکو پێویستە بیربکەینەوە و کار بکەین لەسەر چوار ئاستی سیاسی: ناوخۆیی و نیشتمانی و هەرێمایەتی و جیهانی.

لەو کاتەدا نەم دەزانی چۆن وەسفی کارەساتی عێراق بکەم، کە خودی ئەو وڵاتە لەنێوەندی کەڵەکەبووی ململانێییەکانە، لەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەپێشبڕکیدا دژ بە قاعیدە، کەچی پەراوێزدەخرێ.

"سێیەم، پێویستە هەموو کەرەستەکان بقۆزینەوە بۆ هونەری فەرمانڕەوایی، ئێمە باس لە بەراوردی حکومەتێکی تەواوکار دەکەین، بەڵام نەمان کردووە، هیچ پلانێکمان نییە بۆ هێز و هەڵمەتێك زیاتر بێ لە سی ئای ئەی و سووپا، ئەمەش وا دەکا هەموو بارگرانییەکان بگرینە ئەستۆ، چی رووددەدا لەپاش بڕینی ئەو هەموو گوندە و دۆڵانە؟ کارەبا و گەیاندن و چاودێری تەندروستی و پەروەردە و پەرەپێدانی ئابووری و هیوا لە کوێدا بێنین؟ ئێمە بەبێ ئەوانە ناتوانین سەرکەوتنێکی بەردەوام بەدەست بێنین، هێزە سەختەکەمان بوار و کاتمان بۆ دەڕەخسێنێ، ئەی دواتر؟

"ئێمە دوژمن و هاوپەیمانەکانمان بەتەواوی دەستنیشان نەکردووە، هیچ جیاکارییەکی تەواو لە نێو سیاسەتەکانمان دانییە، زۆر جار قاعیدە و بزاڤە ئیسلامییەکان لێك جیا ناکەینەوە، هەموو ئەمانە بەو سیفەتەی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسییە و نەیاری دیموکراتی لیبرالیین، ئەگەر وانەبێ ئێمە لە شوێنی راستەقینەدا رووبەڕووی دوژمن نابینەوە، واتە لەناو داڵدەکەی، هەروا هەموو کەرەستەکانی

دەسەڵاتەکان تێکەڵ بەیەکتری ناکەین، شکست دەهێـنین لـە هـەر سێ ئامانجـە ستراتیژییەکان و ناتوانین بەدەستی بێنین"، لـە کۆتاییـدا گـوتم "جگـە لەوانـەش بەباشی کار دەکەین".

زیلیکۆف سەری لەقاند و خەندەیەکی کرد و گوتی " با باسێکی دیکە بخەینە روو".

"بێگومان، دەزانی لەکۆیدا بدۆزیەوە".

وامزانی ئەمە دوا گفتوگۆمان بێ لەگەڵ یەکتردا.

لەپاش دوو مـانگ پەیوەنـدی پـێ کردمـەوە، دووبـارە لـە نووسـینگەکەی دەستمان بە گفتوگۆ کردەوە، زۆرێك لە رەخنە خرایە روو سەبارەت بە نەپێکانەکان لە عێراق لەوێـدا هـەوڵمان دا سـتراتیژیەتی خۆمـان بچەسـپێنین لـە جـەنگێکی کلاسیکیدا، بەوردتر بەرانبەر بوونەوە بە ململانێیە کەڵەکەبووەکان، ئێمـە دژ بـە هەڵمەتی تیرۆری قاعیدەین، کە پشت بە سەربازانی هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت دەبەسـتێ، هـەمووان پەیوەنـدیان بـە یـاخیبوونی سـوونییەکان هەیـە، لەتـەك شۆڕشێکی شیعە، کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری لێ دەکرێ، ئـەوان تـورێکن بـێ ئومێد بوونە لە کەسانی سەر بەرژێمی پێشوو، هەروا ئەمەش پەیوەستە بە چـەتە تاوانبارەکان، کە هەموو وڵاتیان بەتاڵان برد، ئێمە بەداگیرکردنی عێـراق خـەڵکی عێراق پێی خۆشبوو، بەڵام هەموو هاوپەیمانە عەرەبییەکانمان لە خۆمان تورە کرد.

لەو چاوپێکەوتنەدا پێم وابوو زیلیکۆف داوای شتێکی دیاریکراوم لێ بکات، دواتر لە دوو هاورێ گوێبیستی ئەوە بووم، ئەو لەجیاتی رایسی وەزیرە دەیەوێ لە پۆستی هەماهەنگی دژەتیرۆرم دابنێ، من کاندیدی یەکەمم، لەپێشتریشـدا کـۆفر رێبەر و سەرۆکم لە سەردەمی پاولی وەزیر ئەو پۆستەی بینیـووە، بۆیـە یەکسـەر

پەیوەندیم پێوە کردوو داوای ئامۆژگاریم لێ کرد، باسی ئەوەم کرد تا ئێستا پۆستە نەخراوەتە رووم، بەڵام ویستم خۆم ئامادە بکەم، لەو کاتەی رایس ویستی ئەو هەلەم پێ بدا.

کۆفر هاواری کرد "رازی بە"، "بیرت دێ کاتێك لە ئاژانس بووم چیم گوت؟ شوێنێکی شاکارە، بەڵام کاتم تەواو دەبێ بڕۆم، تەنیا جەخت لەوە بکەوە، کە تۆ تەنیا لەگەڵ رایسدا کار دەکەیت، نەك لەگەڵ کەسانی دیکە، بێگومان کار بۆ زیلیکۆفیش مەکە، تەنیا لەگەڵ رایس کار بکە، ئەو سەرچاوەی هێزتە، ئەمەو کار و پلەکەت وەك باڵیۆزێکی جولاو وایە، ئەمەش وەك نوێنەری سەرۆك وای، بۆ کوێ بڕوا تۆ لەوێت لەهەر شوێنێکی جیهاندا، تۆ نێردراوی ئەوی.

"هەروا چەند لایەنێکی خراپیشی هەیە، وەزارەتی دەرەوە دەزگەیەکە تووشی نەخۆشی وەزیفە بووە، ئاسایشی لاوازە، کارگێڕییەکەی خراپە، هەروا تیمەکەت بچووك و لاوازە، بوودجەکەت خراپە، تێگەیشتی؟".

بەروونی پێم گوت چی روونە "ئەی چی لەبارەی رووماڵکردن؟ ناگەڕێنەوە ئەمە".

"بێگومان رووماڵێکی رۆژنامەوانی دەبێ، لەوەی زیاتر بیری لێ دەکەیتەوە، ئەوە جگە لە دیبلۆماسییەتی گشتی، خۆت ئامادە بکە، بۆ ئەمە، هەروا خۆت ئامادە بکە وەك ئەوەی لە سی ئای ئەی لەدەرەوەدا، ئەوە زۆرجیاوازە، بەردەوام خۆش نییە، دەزگەی شاراوەش تەوەری هەموو گەردوون نییە".

لەپێش دوو ساڵ لەدەرەوە سەیری سی ئای ئەیم کرد، لەو کاتەی من لە کۆلیژی توێژینەوەی نێودەوڵەتی پێشکەوتوو بووم، لە دیبلۆماسیەتی گشتیدا پرسیارم کرد، بەڵام هیچ کاتێك لە خەیاڵمدا نەبووە.

لە كۆفرم پرسی "كەواتە بابەتی رۆژنامەوانی شتێكی نامۆیە وانییە؟".

"بەڵێ زۆر نامۆیە، بەڵام دەتوانی مامەڵەی لەتەكدا بكەی، ئەوان دەتوانن پرسیارێكت لێ بكەن، بەڵام دەتوانی بە ئارەزووی خۆت وەڵام بدەیتەوە، بەساكاری تۆ زاڵی بەسەر چاوپێكەوتنەكەدا".

دوودڵ بووم، كۆفر هەستی بە دڵەڕاوكێم كرد.

"هانك تۆ كەسێكی زیرەكی، تۆ زیرەكترین كەسی لەناو دژەتیرۆری حكومەتدا، هیچ كەس لەتۆ باشتر نازانێ، تۆ لە ماوەی چەند هەفتەیەكدا قاعیدە و تالیبانت لەناو برد، چەندین ئۆپراسیۆنت لە ئەفریقیا بەڕێوەبردووە، بەرامبەری كەسانی زۆر هیچوپووچ بوویتەوە، ئێستا تۆ نیگەرانی بەرامبەر بە رۆژنامەوانی؟ ترسنۆك مەبە، ئەو كارە نەفرتییە وەربگرە، بەڵام ئاگاداری رامسفێلد بە، ئەو كوڕی سۆزانییە، هیچ بەزەییەك نازانێ".

"بەڵێ، ئەمە دەزانم".

"تا دیدار"زۆر توڕە بوو و تەلەفۆنەكەی لەسەرمدا داگرت.

كارەكە پەیوەست نەبوو بە رووماڵكردن و رۆیشتنم لە ئاژانس، بەڵكو پەیوەستە بەپاشەكشە لە خەونەكانم، لەگەڵ ئەوەی رێبازی سیخوڕی زیاتر جەخت لە شاردنەوەی ناسنامەی دەوێ، كەچی هەموو شتێك بەرەو ئاشكرا بوون دەڕوا، بۆیە پرۆسەی ئاشكرابوون لە ئەنجوومەنی پیران بەدیار دەكەوێ، ئەگەر كارەكە خرایە رووم، كارێك پێشتر نەخراوەتە روو.

پێم وابوو "لەوانەیە لەو كاتەدا زۆر باش دەبم" بەبێ ئەوە رەنگدانەوەی هەبێ لەسەر گوێگرانم.

لەپێشتردا دڵخۆشیم داوەتە سەدان هاووڵاتی بیانی لە خانووە جیا جیاکانـدا، چ لە دانیشتن و خواردنەکان تا دەگاتە ئاهەنگە گەورەکانی نێو باخچە، کـارم لـە پرۆسەی چاودێری کردووە، نـاوی دەیـان کەسـی زانیـووە، هـەروا فێـری لێنـانی خواردنی "تاکۆ"ی گۆشتی بەراز بوومە، لەتەك لێنان و سـوورکردنەوەی گۆشـتی مامز "ئالامبالا"، ئاوم گەرم کردووە تا بەیانی ساردبێتەوە بیخۆمەوە، بۆ چـەند ساڵێك دژ بە میش و مەگەزی مەلاریا بوومەتەوە، سێ کوڕم پەروەردە کردوە لەو کاتـەی تووشـی نەخۆشـییە خراپـەکان بوونەتـەوە، کـە لـەبیانی ئـەفریقی ئـەو نەخۆشییانە باوە، لەلایەکی دیکەوە لە یەکێك لـە شـەقامەکانی ئـەفریقیا شـەڕم کردووە، لەگەڵ یەکێك ئەوانەی جانتاکان دەرفێنن، لەو کاتەی دەسـتی منـداڵێکم گرتبوو، هەروا گریاوم بۆ لایبرۆدۆی سـەگ، لـەپاش ئـەوەی لەلایـەن یـەکێك لـە دزەکان دەرمانخواردوو کرابوو.

کارم کردووە بەبێ ئەوەی هیچ کرێیەك لەپای کارە سـیخوڕییەکانم وەربگـرم، بەتایبەت ئەو کاتانەی لە وڵـاتی بیانییـەکان بـووم، لـەو کاتـەی هاوسـەرەکەم و هاوبەشە سیخوڕەکەم پیاوەکەی ئێستا بۆتە بەرپرسێکی حکومی، هەموو ئەمانەم کردووە تا ورچەرخانێك لە ژیانم بێتە ئاراوە.

لەپاش چەند هەفتەیەك رایسی وەزیرە داوای کرد لە نهۆمی حەوتەم ببینـێ، لەوێدا چەندین کەس بوونە یاوەرم لەو کاتەی بەسەر مافوورە کۆنەکاندا تێپەڕیم تا گەیشتمە نووسینگە تایبەتییەکەی کە نەخشێندرابوو بـە داری تاریـك و مـۆبیلی پێست، لەوێدا بۆنی دەسەڵات دەهات.

بە هۆی شێوازە راسـتەقینەکەم پێشـوازی لـێ کـردم، دوو کورسـی لـەولاتر لەدوور دانیشتم، لەپێشتردا بە زیلیکۆفم راگەیاندبوو کە رازیم بە کارەکە، کەچـی ئەو زۆر ئاسـوودە نـەبوو، زۆر جـار لـە ٢٠٠١-٢٠٠٢ ئـەو کاتـەی راوێـژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بوو زۆر جار یەکترمان بینی بوو و چـەندین جـار گفتوگۆمـان کردووە، لەوێدا زانیم بۆچوونی لەبارەی سی ئای ئەی ئەرێنی نییە.

لەو کاتەی دەستمان بە قسە کرد بیرم لەوە کردەوە ئەو دەیەوێ کارەکان هەنگاو بە هەنگاو بکرێ، لەوانەیە بەئاگاییەوە لەگەڵم بدوێ، چونکە زۆر باش نامناسێ.

بەدواداچوونم بۆ چەند خاڵێك کرد، کە لەگەڵ زیلیکۆف باسمان کرد، کەچی ئەمجارەیان پاوەرپۆینتم هێناو تا بەروونی شوێنی داڵدەکانی دوژمنی لە هەموو جیهاندت نیشان بدەم، چونکە پێویستیمان بە کەرەستەکانی فەرمانڕەوایی هەیە بۆ بەراوردکردنی هەرێمایەتی، لەدواتر لەرایس نزیك بوومەوە تا پوختەکەی نیشان بدەم.

ئەو گوتی "رازیم ئێمە پێویستیمان بە بەراوردکاریی هەرێمایەتی هەیە".

"دەتەوێ پراکتیکی بکەم"

"بەڵێ"

پرسیم" لەکوێدا بەراستەوخۆیی کارت لەگەڵدا بکەم؟"

"بەڵێ، راستەوخۆ بۆ بەرژەوەندی من لە کاردای"، هەروا "پێویستە لەگەڵ کەسانی دیکەی وەزارەتیش کار بکەی".

بەکورتی گوتم " بێگومان، سوپاسی تۆ دەکەم کە ئەو هەلەت بۆ رەخساندووم بۆ خزمەتکردن".

تەوقەمان کرد، کاتێك لە ژوورەکەی دەرچووم، زانیم وەك کاری سیخوڕ، کۆتایی هاتووە.

تا ئێستا پرۆسەی وردبینیی سیاسی، کە لەلایەن سەرۆك بۆش بەرێوەجەبرێ، تا لە ئەنجوومەنی پیران بیچەسپێنێ، ئێستاش چاوەڕوانی کاری نوێم.

لەپێشتردا بە کایس و تینیتم راگەیاندووە لەبارەی جێهێشتم لە سی ئای ئەی، بۆ ئەمەش ئەوان پشتگیریان کردووم، لەو بیرکردنەوەدا بووم گەیشتمەوە ماڵ و بە سیندی هاوسەرم راگەیاند.

لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانـەوە وەك هەماهـەنگی دژەتـیرۆر دانـرام، کارەکـە هـەمووی بیسـت خولـەکی خایانـد، هـیچ پرسـیار و مقۆمقۆیەك دروست نەبوو، هەر لەوێدا سوێندم خـوارد، ئەمـەش لەیـەکی ئـابی ٢٠٠٥ بوو.

ئێستا لەتەك لایەنی سیاسیم، بەکاربەری هەواڵگریم، ئێستا هیچ شتێك نەما بە ناوی کارە شاراوەکان.

ئەم ساڵانە ئێستا وەك خەیاڵی لێ هاتووە، کاتێك چوومە نێو سی ئای ئـەی لەوێدا فێری سیخوڕی بووم، تۆڕێك لە سیخوڕم بەڕێوە بردووە، هەواڵگری بەهادارم کۆکردۆتەوە، لـەرووی جیهانییـەوە کـاری شـاراوەم ئـەنجام داوە، فەرماندارییـەتی پیاوانم کردووە بۆ شەڕ، هاوکار بوومە لە پاتراسـتنی وڵاتەکـەم، وەك منـداڵێکی بچووك بە خەونی گەورە ژیاوم.

بە چەند ڕێگەیـەکی راسـتەقینەدا ڕۆیشـتم، بـۆ زۆر کـەس گریـاوم کاتێـك لەدەستمان داوە، لەگەڵ زۆرێك لە ترسـناکییەکانی سـیخوڕی و کـاری شـاراوە و جەنگ ژیاوم، هەروا توانیوومە هەڵەی سیاسەت لە دەرەوەم هەڵگرم.

بەڵام کاری خۆم خۆشویستووە کاتێك بە سی ئـای ئـەی دابـووم، لەوێشـەوە چەندین سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، شـانازیم بـەوە کـردووە بوومـە پـارێزەی دەستوور و نەتەوە مەزنەکەمان.

خـودا ئـەمریکا و سـیخوڕەکانی بپارێزێـت، چـونکە لـە هـەموو کاتێـك پێویستمان پێیەتی.

کۆتایی

لە کاتژمێر ٢٢:٢٣ بە کاتی رۆژهەڵات و لە یەکی ئەیاری ٢٠١١ ریچ نامەیەکی بۆ هات و تیایدا هاتووە "بنلادن مرد"، لەو کاتێکدا ریچ لە ساڵی ٢٠٠٧ وازی لە کارکردنی حکومی هێناوە، هاوکات هەڵساوە بە دامەزراندنی دەزگەیەکی راوێژکاری ستراتیژی جیهانی، لەدواتردا دۆنا لەپاش ساڵێك پەیوەندی کرد.

سەیری نامەکەی ریچم کرد، لەپاش چەند چرکەیەك بزەیەك گرتمی و سەرم لەقاند، لەپاش سیندی لە فلۆریدا، بۆ سەردانی دایکی چووبوو، منیش لە جۆرجیا بووم و سەردانی کەسانی خۆم دەکرد، هەروا سەردانی باوکم کرد، زۆر دڵخۆش بوو، هەروا لە بەیانیی یەکشەممەدا پێکەوە چووینە کڵێسا، هەر ئەو کاتەی سەیری نامەکەی ریچم کرد، دوای چەند خولەکێك سیندی تەلەفۆنی بۆ کردم؟

سیندی لێی پرسیم : "سەیری تەلەفزیۆن دەکەی؟".

"بەڵێ لەپاش ئەوەندە... لە کۆتاییدا سەیری دەکەم".

من و باوکم پێکەوە سەیری تەلەفزیۆنمان کرد، تیایدا چەندین هەواڵ باس دەکرا، لەو کاتەدا زۆرێك لە رۆژنامەوانەکان بە مۆبایل تەلەفۆنیان بۆ دەکردم، بۆیە مۆبایلەکەم کوژاندەوە.

لەپێش چەند کاتژمێرێك لەلایەکی دیکەی جیهانەوە، مغاویرەکانی دەریایی ئەمریکی بە کۆپتەرە تارماییەکان لە شاری ئابوت ئاباد دابەزیوون و چوونەتە نێو ئەو خانووەی کە ئوسامە بنلادن تیایدابووە بۆ ماوەی چەند ساڵێك، تەقەیان لێ

کردووە و کۆماندۆسێك کوڕی ئوسامەی کوشتووە و برای خزمەتکارەکەشی کوژراوە، هەروا مغاویر دەستی بەسەر تۆمارێکی زۆردا گرتووە و چەندین لەتەك چەندین فلاشی پڕ لە زانیاری و کۆمپیوتەر بۆ ماوەی ٤٥ خولەك لەسەر زەوی کەوتبوو، هیچ کام لەو شتانە تێکچووبوو، هەروا حکومەتی پاکستانی بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەو هێرشە نەبووە، تەنیا کۆمەڵە سەرکردەیەکی ئەمریکی زانیوویانە، بۆیە نهێنی هۆیەك بووە بۆ سەرکەوتن.

سی ئای ئەی ئوسامە بنلادنیان دۆزییەوە لەپاش سەدان بەڵگە و تەجنیدکردنی سەرچاوەکان و کارگێڕیکردنی تیمی یەکلایەنە و سوودوەرگرتن لە هەموو دەزگەکانی پەیوەندی بیانی، هەورا کارپێکردنی بنەمای چاودێری و شیکردنەوەی هەر کەرەستەیەك، شیکەرەوەکانی سی ئای ئەی هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو لە بوونی ئوسامە بنلادن، کەچی لیۆن بانیتا سەرۆکی ئاژانسەکە متمانەیەکی زۆری بەخۆ هەبوو، بۆیە هەموو بابەتەکانی بە سەرۆك ئۆباما و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ماوەی چەند مانگێك هەموو خاڵێکی بۆ روونکردۆتەوە، بۆیە رەنگەکانی هەواڵگری بۆ جارێکی دیکە بەدەرکەوتەوە، بۆ ئەمەش وەزارەتی بەرگری مغاویرە دەریاوانی ئەمریکی راسپارد لەتەك سی ئای ئەی، سەرۆك ئۆباماش رازی بووە، بۆ ئەمەش متمانەی سی ئای ئەی بەرزبۆوە، تا هەر هێرشێك بکات.

مغاویری دەریاوانی بە پێی بەندی پەنجا لە یاسای دەسەڵاتی سی ئای ئەی بەو پێیەی هێزێکە بە کاری شاراوەوە دەتوانێ بگاتە ئامانج.

بۆ ئەمەش لەناوبردنی سەرکردایەتیی قاعیدە ئامانجێکی ستراتیژییە، ئەم هێرشە بوێرە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ئەمەش لەلای

هەموو قوربانیانی قاعیدە و کەسەکانیان هەنگاوێکی بەهێز بوو، ئەوە جگە لەوەی هەواڵێکی زۆر خۆشبوو بۆ هەموو پەیڕەوکارانی ئایینەکان، لەو کاتەی دادپەروەری تیایدا هاتە ئارا.

لە لایەکی دیکە داڵدەی سەقامگیر ئامانجێکی دیکە بوو، لە کاتێکدا ئاستەنگ بوو بەرامبەر بە هەموو هەوڵەکانمان بەتایبەت لە ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٢، تواندرا تواناکانی قاعیدە لاواز بکەن، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شکستی هێنا لەو سەرکەوتنە، کە لە یەکم جار بەدەست هات.

ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٧ هەستم بەو شکستە کرد، لەو کاتەی باڵیۆز و هەماهەنگی دژەتیرۆر بووم، بۆ ئەمەش قاعیدە لە هەموو روویەکەوە بەرەو پێشەوە چوو و فراوان بوو، بۆ جارێکی تالیبان کۆبوونەوە لەتەك یەکتری بۆ جارێکی دیکە نەخۆشییەکانیان بڵاوکردەوە، ئەمەش لە رێگەی هاوپەیمانە رادیکالییەکانیان لە هەموو پاکستاندا، لە ساڵی ٢٠٠٦ کاتێك چوومە پاکستان لەگەڵ ئەحمەد شرباوی وەزیری ناوخۆیی قسەم کرد، ئەو ترسی لەوە بووە تالیبانییەکان هەموو پاکستان بگرێتەوە، ئەو هەستی بە هەڕشەکە کرد، ئەو پشتۆنییەکە لە رەچەڵەك خەڵکی بیشاورە، بۆ ئەمەش چەندین جار لە کوشتن رزگاری بووە، کەچی لەپاڵ ئەودا چەندین پاکستانی ئازا و پاڵەوان کوژراون. وەك بە نازیر بۆتۆ کاندیدی سەرۆکایەتی بە دەستی قاعیدە و تالیبان و هاوپەیمانەکانیان کوژرا.

ئەو ئەفغانیانەی چوونە پاکستان ئێستا گەڕاونەتەوە و تا ٢٠٠٦ تواتنیان دەست بەسەر زۆرێك لە خاکی ئەفغانستان دابگرن، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکان سوپایەکی زیاتری برد، تالیبانی لە ٢٠١١ بەرەو لاوازی برد، لەو کاتەی سەد

هەزار سەربازی ئەمریکی بڵاوەیان پێ کرا لەو وڵاتـەدا، بـەڵام تاکـەی ئـەمریکا ئاسایشیی ئەفغانستان بکرێتە ئەستۆ؟ تا کەی؟ هەروا سەرۆك ئۆباما لـە ٢٠٠٩ ڕێگەی دا زیاتر هێرش بکرێتە سەر بەتایبەت بۆ ناوچە خێڵەکییەکانی پاکستان، بۆ ئەمەش سەدان لە چـەکدارەکان کـوژران، بۆیـە زۆربـەی چـەکدارەکان بـەدوای داڵدەیەکی سەقامگیردا دەگەڕان و بەشێکیان چوونە یەمەن و سـۆماڵ، بەشـێکی زۆریش چوونە پاکستان.

بەردەوامیش تاڵیبان و کۆمەڵە تیرۆریستییەکان هـەر لـە پاکسـتان بەشـێك بوون لە هەڕەشەی بەردەوام، وەك قاعیدە دەیان ویست ئەجنداکانیان بگوازنەوە بۆ سەر شانۆی ئەفغانی و پاکستانی، لەلایەکی دیکەوە چەکداری شـەباب لـە سـاڵی ٢٠١٠ لە سۆماڵ هێرشێکیان لە کامبالا کرد و ئەمەش بووە هۆی کوشـتنی ٧٤ کەس، هەروا لە حاڵەتێکدا قاعیـدە لـە یەمـەن هـەوڵیان دا نـاوی قاعیـدە لـە دوورگەی عەرەبی بەرزبکەنەوە، تا ئەو فڕۆکانـە بسـووتێنن کـە بـەرەو ویلایەتـە یەکگرتووەکان دەڕوات، وەکە دانانی تەقینەوە لەناو پاکەتی مەرەکەبی پرینتەردا.

دەکرێ دوژمنێك بەو شێوە مکوڕ جەنگێکی جیهانی بهێنێتە ئاراوە، چونکە جیهان بۆ ئەو تیرۆیستانە کراوەیـە، بەتایبـەتی ئەوانـەی خاکیـان بەدەسـتەوەیە، دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ هەموو شوێنەکانی جیهان.

کاتێك تاڵیبان و قاعیدە لە فەرمانڕەوایدا بن، چاودێری و خوێندن لەو ئاستە دانییـە، بـەڵام کاتێـك ئێمـە لـە ئەفغانسـتاندا بـووین دە لـە سـەدا چـاودێری تەندروسـتیی بـۆ خـەڵکی ئەفغانسـتان هـەبوو، لەتـەك ئـەوەی فـەرمانڕەوایی ئەفغانستان و پەرەپێدانە ئابوورییەکەی هێدی هێدی بەرەو لاوازی دەڕوا، بۆ نموونە هاوکاری ئەمریکی شکستی هێنا بەوەی لـە مـاوەی دە سـاڵ ١٥ ملیـۆن دۆلاری

تەرخان کردووە بۆ هاوکاری ئەفغانییەکان تا دەسەڵات بتوانێ یاسا جێبەجێ بکات، بۆ ئەمەش بانکی نێودەوڵەتی رای گەیاند کە ٩٧ لە سەدا بەرهەمی ناوخۆیی بە هۆی یارمەتیی دەرەکییەوەیە، ئەمەش بە هۆی گەندەڵی و ناکارایی بوونە، لەوانەیە نیوەکەی دیکە بە هۆی بازرگانی تلیاکەوە بێ، بۆیە زۆرێك لە گەلی ئەفغانی نەیان ویست بگەڕێنەوە ئەفغانستان، چونکە دەیان ویست ئاسایش و فەرمانی یاسا بگەڕێتەوە بۆیە نایانەوێ قاعیدە لە وڵاتەکەیان بوونی هەبێ، لەلایەکی دیکەوە زۆرێك لە چەکدارەکانی تاڵیبان نایانەوێ لە دەرەوی سنووری وڵاتەکەیان بجەنگن.

هەمووان دەزانن زۆرێك لە کۆمەڵە رادیکاڵییەکان لە جیهاندا پەیوەندیان بە قاعیدەوە هەیە، لە زۆر شوێنی وەك رۆژهەڵاتی ئاسیا و عێراق سەرکەوتن بەدەست هاتووە، سەبارەت بە پەیوەندیی کۆمەڵەکانی دیکە بە قاعیدەوە ئەوا رۆژ بە رۆژ ئەمە پەرەدەسێنێ، کاتێك بۆم دەرکەوت کە لە یەکێك لە کارەکانم بووم و لەو کاتەی پۆستی هەماهەنگی دژ بە تیرۆرم وەرگرت.

نەتواندرا وەك بەهاری عەرەبی دژ بە قاعیدە بجوولێنەوە، چونکە ئەم راپەڕینانە هیچ پەیوەندی بە قاعیدە نەبوو، لەساڵی ٢٠١١ بەهاری عەرەبی هاتەکایەوە، بەمەش زۆرێك لە حکومەتی داپڵۆسێنەری وەك تونس و لیبیا و میسر رووخا، هەروا گەلی یەمەن و سووریا هاتنە سەر جادە، ئەم شۆڕانەش هەمووی بۆ گەڕاندنەوەی کەرامەت و دادپەروەری بوو، دیارە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی رۆڵی هەبوو لە گردبوونەوەی ئەو هەموو خەڵکە، گەلەکان لێ نەگەڕان قاعیدە ئەو هەلە بقۆزێتەوە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە ئەو هاووڵاتییە یاخیبووانە دەتوانن دەزگای لیبرالی دابمەزرێنن، یان ئیخوان موسلمین ئەو شۆڕشەیان لێ دەدزێ؟ ئایا قاعیدە روویەکی فراوانی دیکەی دەستکەوێ تا مانۆڕ

بکات؟ ئایا هێرشێکی دیکە بۆ سەر خاکی ئەمریکی دەکرێ، لە کاتێکدا تیرۆیستە پێگەیشتووەکان خۆیان بە رادیکالی دەزانن؟

بەهاری عەرەبی بە هۆی رێڕەوی قەیرانی ئابووری لە رۆژئاوا هاتەئاراوە بەتایبەتیش لە باشووری ئەوروپا، لە کاتێکدا گەشەسەندنەکان لە چین و هیندا بەرەو پێش دەچوو، هەروا هێزەکانی وەك بەرازیل و ئەندونسیا هەلێکی جیایان وەرگرت بۆ پەرەپێدانی ئابووری.

لەلایەکی دیکەوە تەکنەلۆژیا دەسەڵات دەگرێتە ئەستۆ و یاریزانی دیکە دەوڵەتیش نین هەندێکیان باشن و هەندێکیش دڕندە لەو دۆخەدا سەر دەردێنن، ئەگەر کارەکە پەیوەست بێ بە عەرەبانچییەکی توونسی کاتێك تووشی خراپەکاری بۆوە، لەو کاتەدا خۆی سووتاند هۆیەك بێ بۆ هەڵگیرسانی بەهاری عەرەبی، یان پەیوەست بێ بە هەندێك ئاژاوەگێڕی ویکیلیکس، کە هۆیەك بوو بۆ شکاندنی دیبلۆماسیەتی ئەمریکی، بەڵام هەموو ئەمانە بوونەتە هێزێکی جیهانی ناهاوتا.

ئێستا جیهان بەتایبەت لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك زیاتر بەرەو ئاستەنگ و رووبەڕووبوونەوە دەچێ، پرسیارەکە لێرەدایە ئایا یەکێك لە کۆمەڵەکان دەبێتە قاعیدەیەکی دیکە؟ ئایا خاکی ئەمریکا رووبەڕووی هێرشی دیکە دەبێتەوە، لەو کاتەدا چۆن بەرپەچیان بدەینەوە؟ ئایا ئێران چەکی ئەتۆم بەدەست دێنێت و رادەستی بریکارەکانی وەك حزبی ئەڵڵا دەکات؟ ئایا لە عێراق حکومەتێکی دیموکراتی دێتە کایەوە و لەپاشاندا ئەو حکومەتە بۆی تا پێداویستی هاوڵاتییانی دابین بکات؟ ئایا مەکسیك بەرەو گەشانەوە دەڕوا تا ببێتە کۆمەڵگەیەکی دینامیکی لیبرالی و خاوەن بازاڕێکی ئازاد؟ یان ئەوەتا ئەوانەی بازرگانی بە تلیاکەوە دەکەن بە ناوی دەوڵەت قسە دەکەن؟ ئایا ئاسمانیی

ئەنتەرنێت سەقامگیر دەبـێ؟ ئایـات رووسـیا گەنـدەڵی لـەناو دەبـات و دەبێتـە هێزێکی ئابووری بەردەوام.

کاریگەری تەکنەلۆژیا زانست و زیرەکی دەستکردی رۆبۆتی و نانۆ بەرەو کوێ دەڕوا لە کاتێکدا ئێمە لە جیهـانی ئـابووری و بازرگـانی جیۆسیاسـیداین؟ واتـە داهێنەر و پیاوانی کار وەرچـەرخانێ تەکنـەلۆژیا دەکـەن، تـا وزەی نـەرمان پـێ ببەخشێ بە پشـتگیرییەکی نوێکـار؟ هـەروا ویلایەتـە یـەکگرتووەکان چ کارێـك دەکات لەرووی ئاسایشی نیشتمانی: ئابووری و فێرکردنی هاووڵاتییەکانی؟

زۆر جار هەمەڕەکی و ناباوەڕی دەبێتە هۆیەك بۆ گۆڕانکاری خێرا، بەمـەش نیگەرانی و تـرس دێنێتـە کایـەوە، بـەڵام هـەر گۆڕانکارییـەك لـە بەرژەوەنـدی ئەمریکادایە، چونکە نەخشەی دەستوور و دەزگەکانمان بـۆ خۆگونجانـدن دانـراوە، زۆری دیکەمان لەپێشە لەوانەیە ئەمەش بە بوونی هاووڵاتی بـەهێز دێتەکایـەوە، چونکە ئەوان لـە مامەڵـەدا نـەرمونیانن و دەبنـە سـەرۆکێکی شایسـتە، ئێمـە پێویستیمان بەو سەرۆکانە هەیە راستی لەنێوەندی هزر و وتاری سیاسیاندا هـەبێ تـا حکومـەتێکی واقیعـی دابنـێن، ئەمـەش هـەموو لایـەك دوور بخاتـەوە لـە خۆبەگەورەزانین و نەزانین و ئایدۆلۆژیای پێچەوانە چ لەلای چـەپەکان یـان لـە لای راستڕەوەکان، ئێمە پێویستیمان بە سەرکردەی وەك واشنتن و لینکۆلن هەیە، تا لە هەواڵگری تێ بگەن و بەرپرسیاریەتییەکە بگرنە ئەستۆ.

پێویستە سەرکردەکانمان ئاگاداری هەموو شتێکی ئەو جیهانە بن، کە رۆژ بە رۆژ بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، ئەو کات پێویستیان بـەو زانیاریانـە دەبـێ، کـە لـەو کاتەدا پێویستە، واتە ئەو زانیاریانەی شی کراوەتەوە، دەبێ ئامانجی سەرکردەکان دیاریکراو بێ تا ببێتە کردەیی، بەکاربێت، بۆ ئەمـەش پێویسـتمان بـە زانیـاری

هەواڵگری باش هەیـە، کـە شـێوەی لـە هونـەرە جوانـەکان بچـێت، کـە تـەنیا خاوەنەکەی تیَ دەگات و بەهاکەی دەزانیَ.

چەند وتەیەك لکێنراوە بە ئەرستۆ، کە دەڵێـت: "هونـەر، ئامـانجی نوانـدنی رووە دەرەکییەکەی نییە، بەڵکو پەیوەستە بەو مەبەستانەی دەیەویَ بیخاتە روو"، بە هەمان شێوە هەواڵگریش بەو جۆرەیە.